# ئەزموون و ژیان
# بەرگی ١ تا ٥

نووسین و ئامادەکردنی
محەمەد پشدەری
ئوستراليا
٢٠٢٣

# ئەزموون و ژیان
# بەرگی یەکەم

**بەناوی کەسی بێکەسان**

خوێنەرانی ئازیز!

دوای پێداچوونەوەیەکی ورد، هەروەها بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و ڕێکخســـتنەوەی زیاتری وشە و ڕستەکان بەپێی توانا، هەوڵمدا هەر پێنج بەرگی (ئەزموون و ژیان)، لە یەک بەرگدا کۆ بکەمەوە. ئەوەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە، بەرهەمەکان بە شێوەیەکی ئاسانتر بگەنە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست...

ئەگەرچی هیچ شتێک بێ کەموکووڕتی نابێ، بەڵام زۆر

دڵخۆشم کە لە ڕابردوودا توانیم چەند بەرهەمێک کە لەسەر ئەرکی خۆم چاپ بکەم و بەبێ بەرانبەر، پێشکەش بە

خوێنەرانی خۆشەویستی نیشتمانەکەمیان بکەم.

فەرموون، ئەوە ئێوە و (ئەزموون و ژیان)، لە (بەرگی یەکەمەوە تا بەرگی پێنجەم).

بەو هیوایە، توانیبێتم ئەوەی کە ویژدان داوای لێکردووم و لە توانــامــدا بووە، دڵسۆزانە ئەنجامدابێت.

**تێبینی:**

خۆشەویستان! بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە و دووبارەکان، من ئەوەی توانیم کردم. تکایە ئێوەش بە لوتفی خۆتان لەوەی کە نەمبینیوە، لێم ببوورن.

١٠-٠٨-٢٠٢٢

محەمەد پشدەری

وە زۆر سوپاسی ڕێکخراوی (کوردیپیێدیا /kurdipedia) و هاوکارانی دەکەم، کە پێداچوونەوەی هەر پێنج بەرگی پەڕتووکەکەیان کرد. بەتایبەتیی کاک (زریان سەرچناری)

٢٧-٠٣-٢٠٢٣

**ڕاست-هەڵە:**

ژیانی هەرکەسێک بریتییە لە دوو شت:

یەکەم: ڕاست.

دووەم: هەڵە.

واتا ڕاست و ناڕاست، ڕێگەی ڕاست و ڕێگەی چەوت. هەرکەسێک، هەرکامێک لەو دوو شتانە بکات بە بەرنامەی ژیانی خۆی، ئەنجامەکە وەکخۆی دەبینێت. لەگرتنەبەری ڕێگەی ڕاستدا، مرۆڤ ئەگەر زیانیشی لێبکەوێت، دواتر هەر دەگات بەو مەبەستە کە هەوڵی بۆداوە. بە پێچەوانەوە؛ لەگرتنەبەری ڕێگەی چەوت و هەڵەشدا، ئەگەر سوود و قازانجێکی زۆریش بکات، دەرئەنجام هەر تێک دەشکێ.

هەر بۆیە لە پەڕتووکی (ئەزموون و ژیان)دا، زۆر ئاماژە بە (هەڵە) کراوە. چونکە بناغەی بینای ژیان، کە بەهەڵە و بەبێ بیرکردنەوە دانرا و بەرز کرایەوە، زوو یان درەنگ، ئەو بینایە دادەڕمێت و چاککردنەوەشی ئەستەم و مەحاڵە...!

**پێشەکی**

ژیان، پڕە لە خۆشـــی و ناخۆشـــی. ئەگەر ناخۆشـــی نەبینین، بێگومان، چێژ لە خۆشـــییەکانیش نابینین. بۆیە زۆر ئاســـاییە کە لەژیاندا (هەڵە) بکەین، بەڵام بەو مەرجە، کە هەرگیز دووبارەی نەکەینەوە. بۆ ئەوەی ئەزموون وەربگرین، پێویســـتە هەژاری و زەرەر و زیـان ببینین، نـاخۆشـــییەکـانی ژیـان ببینین، دەربەدەری و ئـاوارەیی ببینین. ئەگەر ئەوانە نەبینین، نرخی ژیـان نـازانین. نرخی خەڵـک و نیشـــتمانیش نازانین. هەروەها پێویســـتە، هاوڕێی باش و خراپمان هەبێ، تا زیاتر خۆمان بناســین و لە مانای هاوڕێیەتیش تێبگەین. زۆر بگەڕێین و ســەفەر بکەین و خەڵکی جۆراوجۆر ببینین، تا لەناویاندا خۆمان بدۆزینەوە و ئەوەی کە نەمانزانیوە و فێری نەبووین، بە کردەوە فێری بین و بۆ باش ژیان و خۆش ژیان، لە داهاتوودا، ســوودی لێوەربگرین. مەبەســت لە نووســین و هەروەها وەرگێڕانی هەندێکیش لەو پەندانەی کە لە دووتوێی ئەو پەڕتووکەدا کۆکراونەتەوە، تەنیا بۆ ئەوەیە کە، لە هەڵە و کەموکوورتییەکانمان ئاگاداربینەوە و ئەوەی کە جارێک کردومانە و زیانمان لێی بینیوە، جـارێکی دیکە دووبـارەی نەکەینەوە. من نـامەوێ بەهۆی خۆشـــی و ناخۆشییەکانی ژیانم، مێشک و دڵی ئێوەی خۆشەویست، داگیر بکەم و لە مەبەستی ســـەرەکی کە خوێنـدنەوەی بـابەتەکـانی نـاو دووتوێی پەڕتووکەکەیە، دوورتـان بکەمەوە. بەڵام ئەوەی کە بەلای بەنـدەوە گرنـگ ئەوەیە کە زۆر بخوێنینەوە، زۆر گوێ بگرین، تا لە مانای ژیان تێبگەین و زیاد لە پێویست، ئەزموون وەربگرین.

محەمەد پشدەری

ئوستراليا

٢٠١٩

**سوپاسنامە**

بۆ چاپکردنی نامیلکەی ئەزموون و ژیان، بەرگی یەکەم، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، کە لە ناخی دڵمەوە سوپاسی مامۆستا دڵشاد باجەلانی و مامۆستا سازانی هاوسەری بکەم. کە ئەرکی کۆکردنەوەی بابەتەکانی ئەزموون و ژیانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەئەستۆگرت. هەروەها سوپاسی وڵاتی ئوستراليا دەکەم کە لە ژێر سێبەری خۆیدا، ئارامی و ئاسوودەیی بە من بەخشیوە و دەرفەتی ئەوەی پێداوم کە بە ئازادی بیر بکەمەوە و بە ئازادیش لەناو باوەشیدا، وەک مرۆڤ بژیم. نابێت ئەوەش لەبیر بکەم کە هەست و سۆز و خۆشەویستیم بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم دەرببڕم، کە مندیان بەوە ڕاهێناوە؛ تا بتوانم، بیر لە چاکەکردن بکەمەوە و بۆ خزمەتکردنی هاوزمانەکانیشم، بەدوای وشەی گونجاودا بگەڕێم و هەروەها، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە، ئەوەندە فێربم، کە ویژدانم ئاسوودە بێت. ئەو لوتفەش پەیوەندی بە میهرەبانی خوای گەورە وە هەیە، کە وەک بارانی ڕەحمەت بەسەریدا باراندووم و لانیکەم دەتوانم وەک مرۆڤ بژیم و هەر وەک مرۆڤیش بیر بکەمەوە. هەروەها بەوەش دڵخۆش بم کە هەمە و ئەوەی کە هەشمە، هەر بە هی خۆمی نەزانم و هاوخەم و هاودەردی ئەوانە بم کە وەک من تام و چێژی تاڵی و نەهامەتی ڕووداوەکانی ڕۆژگاریان زۆر چەشتووە. بۆیە گوتراوە: کەسێک لە خەم و مەینەتییەکانی خەڵک تێدەگات، کە خۆی لە ناویاندا، توابێتەوە. هەروەها سوپاسی ئەوانە دەکەم کە تەنانەت بە تاکە وشەیەکیش، دڵیان خۆش کردووم و ژیانیان لەلام، جوانتر و شیرینتر کردووە. بە هەمان شێوە. سوپاسی ئەوانەش دەکەم کە جاروبار بە وتەیەک، دڵیان ڕەنجاندووم. چونکە ئەوانیش بوون بە هاندەر بۆ ئەوەی لانیکەم لە ڕێگەی وتەکانیانەوە، دوو وشەی زیاتر بخەمە سەر خەرمانی بیرکردنەوەکانم و بە نووسین قورسایی خەمەکانیان لەسەر دڵ و مێشکم لاببەم. وێڕای هەموو ئەوانەیش، داوای لێبووردن لە ماڵ و منداڵەکەم دەکەم، چونکە بەو شێوەیەی کە پێویستە، لەوانەیە کاتم لەگەڵیاندا بەسەر نەبردبێت و مافیانم وەک خۆی لەبەرچاو نەگرتبێ. هۆیەکەش زیاتر ئەوە بووە کە هەموو کەسێکم وەک ئەوان لە لا خۆشەویست بووە و ئەوانیشم جیا نەکردۆتەوە لە مرۆڤ بوونم بۆ هەر مرۆڤێک.

محەمەد پشدەری

ئوستراليا

٢٠١٩

**دەستخۆشی:**

سـەرەتا سـوپاسـی برای ئازیزمان کاک محەمەد پشـدەری دەکەم، کە ئەوەندە متمانەی بەم برایەی خۆی هەبووە، بەرهەمەکەی " ئەزموون و ژیان "م بۆ بنێرێت، تا هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکەم.!!

بەداخەوە بەهۆی سـەرقاڵی زۆرەوە، نەمتوانی بەتەواویی پەڕتووکەکە بخوێنمەوە و وەک پێویست شەن و کەوی بکەم. بەڵام دە لاپەڕەیەکم لێ خوێندەوە دەتوانم بڵێم:" ئەزموون و ژیان" بەرهەمێکی نایاب و بەسـوودە، پەروەردەیی و مەبەسـتدارە، ناوەکەی لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا سـەد لە سـەد گونجاو و شـیاوە. ئەڵبەت وەک هەر بەرهەمێکی مرۆیی، لە هەڵەوپەڵە، خاڵی نییە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، بەرهەمێکی نایابە.

لەڕاسـتیدا ئەم نووسـینە شـیاوی ئەوەیە ناو بنرێت، وشـە زێڕینەکان.. چونکە ئامۆژگارییەکانی زۆر بەنرخن، بابەتەکانی کوورتن، ناوەرۆکیان دەوڵەمەندکردنی پەندی کوردیە.

هیوادارم لە پەڕتووکخانەی کوردیدا جێی شـیاوی خۆی بگرێت و خوێنەری کورد سـوودی لێوەربگرێت. لە کۆتاییدا دەسـت خۆشـی لە کاک محەمەد دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمە جوانەی و هیوادارین بەرهەمی نایابتری بەدوادا بێت.

د. حەسەن پێنجوێنی

بریزبن- ئوستراليا

٠١-١١-٢٠١٩

**'چەند پەیڤێک سەبارەت بە ناوەرۆکی 'ئەزموون و ژیان'**

پیرێکی دانا ڕوخسەتی دیدارێکی یەک کاتژمێری لە موفتی مەملەکەت دەخوازێت. پیرەی دانا ڕوو لەموفتی دەکات و دەڵێت: زانای پایەبەرز! حەزدەکەم لەماوەی ئەم کاتژمێرەدا تێمبگەیەنیت کە ئەو هەزاران پەڕتووکەی لە پەڕتووکخانەکەتدان، باسی چی دەکەن؟ جەنابی موفتی، ئاماژە بۆ سەر و ڕیشی چەرمووی بەفرئاسای خۆی دەکات و بێژێت: من تاڵبەتاڵی سەر و ڕیشم لەناو دێڕ و لاپەرەکانی ئەو هەزاران پەڕتووکەمدا سپی کردووە و تا گەیشتومەتە ئەم قۆناغە لە تێگەیشتن. ئێستا چۆن دەتوانم تەواویی ئەزموونی ژیانم لەیەک کاتژمێردا کوورت بکەمەوە و لەو ماوە کەمەدا تۆ تێبگەیەنم کە ئەو پەڕتووکانە باسی چی دەکەن.

پیرەی دانا بە هێمنی دەڵێت: زانای پایەبەرزم! ئەگەر ئیجازەم بدەیت من بە کەمتر لە یەک خولەک و بەیەک ڕستە ناوەرۆکی هەر هەموو پەڕتووکەکانت پێدەڵێم.

موفتی مەملەکەت بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: فەرموو:

پیری دانا دەڵێت: قوربان ناوەرۆکی هەموو پەڕتووکەکان یەک پەیامە. ئەویش "چاکە بکە و خەراپە مەکە".

چاکە بکە و خەراپە مەکە،" کوورتکردنەوە و ئاسانکردنی ڕێگە دوور و سەختەکەی ژیانە. جا ئەو ڕێگەیە بەقەد سەدان هەزار دێڕی ناو لاپەڕەکانی ئەو پەڕتووکانە درێژ بێت کە بەشێک لە تەمەنی خۆمانی پێدەبەخشین، یان بەقەد ئەو هەموو هەوراز و نشێوییانەی ژیان، سەخت بێت کە بەشەکەی تری تەمەنمان دەبات.

گرنگ نییە لە کام دەروازەی ژیانەوە هاتووین و لە چ سوچێکی کۆمەڵگەدا جێگەمان گرتووە، ئێمە هەموومان پێویستیمان بە دانایەکە، ڕێگە درێژەکەی ژیانمان بۆ کوورت و پێویستیمان بە وانەیەکە، کە بە پەیامی "چاکە بکە و خراپە مەکە،" گۆشمان بکات. 'ئەزموون و ژیان"ی مامۆستا محەمەد پشدەری، یەکێکە لەو هەوڵە ناوازانەی کە هەم ئەو ڕێگە کوورتانەمان پیشان دەدات کە دەمانگەیەننە مەنزڵی چاکە و هەم وانە دانسقەکانی کردەی پەشیمانیمان پێدەڵێت.

ئەزموون و ژیان ملوانکەیەکە لە گەوهەرەوشە. ئەو گەوهەرەوشانەی ڕۆح و مانا دەدەنەوە بەژیان. گەوهەرەوشەیەک کە تەنیا مرۆڤی دانا و بەسەلیقە دەتوانێت یەک یەک لەناو قوڵاییەکانی دەریای ژیاندا دەریان بێنێت و تەنیا مرۆڤە بەخشندەکانیش دەتوانن لەو گەوهەرەوشانە ملوانکە ئامۆژگاریەک بچنن و بیخەنە سەر سنگی پەڕتووکێکی خنجیلانە و بیکەنە دیاری ڕۆڵە بێنازەکانی نەتەوەکەی.

تاکبەتاکی ئێمەی مرۆڤ، بەرەو چارەنووســـە ئەزەلیەکەی خۆمان و بە چارۆگە کەشتی زەمەن ئەو دەریایە تەی دەکەین کە پێی دەڵێن ژیان. هەندێکمان لە تەنکاوی دەریاکەی ژیاندا، وچانێک بە تەمەن دەدەین و هەندێکیشـــمان دەســـت بە شـــەپۆلە ســـــەرشـــێتەکانییەوە دەگرین. بەڵام کەممان ڕێمان دەکەوێتە ناو قوڵاییەکانی ئەو دەریایە. تەنیا کەمێکی ناو ئەو کەمەیەش کە دەگەنە قوڵایی دەریاکە، وێڵ و شەیدای گەوهەرەوشەن.

مامۆســـــتا پشـــــدەری یەکێکە لەوانە. ئەو تەمەنی خۆی بە گەڕان بەناو کەناڵ و ڕێڕەرەوە قووڵەکانی نهێنی و حیکمەتەکانی دەریای ژیان بەخشـــیوە و بەرهەمێکی ئەم گەشـــتە دوور و پڕ لە پەنا و پێچ و هەوراز و نشـــێوەی ئەم ڕشـــتە مواریە بەنرخەیە کە لەبەردەستان دایە. ڕشتەیەک، لە مرواری وشە.

وشـــە لە ئینجیلی کریســـتیانەکاندا دەســـپێکی بوونە. یۆحەننا لە دەمی مەســـیحەوە دەڵێت: لە دەســـپێکدا وشـــە هەبوو، ئەو وشـــەیەش لەگەڵ خودا دابوو. وشـــە لەم بەرهەمەی مامۆستا پشدەریدا، دەسپێکی ئەزموونە. ئەو وشەیەش لەگەڵ ژیاندایە. وشـــە لەم ئەزموونە نایابەدا ئەو مانایانە دەبەخشـــێت، کە جوانی دەدات بە ژیان. "ئەزموون و ژیان" پێمان دەڵێت: " کاتێک قســـەبکە، کە وشـــەکانت جوانتربن لە بێدەنگی" و " شـــتێک بنووســـە، کە ڕابردووت جوانتر بکات." کاتێک خوێنەر چێژی شـیرینی وشـەکانی 'ئەزموون و ژیان" دەکات، هەسـت دەکات کە چەندە قسـەکانی مامۆستا پشدەری، لە بێدەنگیەکەی جوانترە و چەندە گەوهەرەوشەکانی ڕابردووی خۆی و داهاتووی خوێنەرەکەی، جوانتردەکات.

ئەگەر لای مامۆسـتا پشـدەری وشـە ئەزموون بێت و ئەو وشـەیەش لەگەڵ ژیاندا بێت، ئەوا موورادیفێکی بەردەوامی وشە لە "ئەزموون و ژیان"ـــە کەیدا "جوانی"یە و ئەو جوانییەش لەگەڵ "ژن"دایە.

ئەزموون و ژیان پێمان دەڵێت " ژن،... جوانترین وشـەیە". وشـە لێرەدا لێوانلێوە لە ڕۆح و جوانی. ئەو کە هەودای جوانییەکانی ژیانە لە جوانی ژندا ڕۆح دەکاتە بەر وشـــە و جارێکی تریش هەر بە وشـــە جوانییەکانی ژیان لە ئاوێنەی ژندا وێنا دەکاتەوە. لەم ئاوێنەیەدا، " ژنان" دەبنە "هۆی ڕازاندنەوەی ژیان و جیهان." ژن لە "ئەزموون و ژیان"دا سنووری جوانییەکانی ژیان تێدەپەڕێنێت و دەبێتە"مانای ژیان" و "ژیان بەبێ ژن، هیچ مانەیەک نابەخشێ". مامۆستا پشدەری لێرەشدا ناوەستێت و دەیەوێت پێمان بڵێت: کە ژن، خودی ژیانە بە هەموو جوانییەکانییەوە. چونکە "

کاتێک کە ڕۆح دەخرێتە ناو جەستەی تۆ، لەناو(سکی) ژنێکدای، کاتێک کە دەگریەی، لەناو (باوەشی) ژنێکدای، کاتێک کە ئاشق دەبی، لەناو(دڵی) ژنێکدای."
پێدەچێت مامۆســـتا هێشـــتا پێی وانەبێت مافی خۆی دابێتە ژن. بۆ ئەوەی ژن لەو مەقامە باڵایە دابنێت کە شایستەیەتی. ژن سنووری دنیای مەجازی تێدەپەڕێنێت و دەگاتە پلەی فریشتەیەک لە فریشتەکانی سەرزەوی. بەڵام ئایا لەناو فریشتەکانیشدا کێیان شاجوانن، فریشتە ژن، یان فریشتە مەجازیەکان؟ وەڵامی مامۆستا پشدەری ئەوەیە کە لەناو هەموو فریشتەکانی سەر زەویدا دانەیەکیان لە هەموویان جوانترە و ئەو فریشـــتەیەش "دایک"ە. دایک لای ئەو "جوانترین فریشـــتەی ســـەرزەوی"ە.
ئەزموون و ژیان، دەکرێت وەک مەملەکەتی یۆتۆبیای جوانی و چاکە وێنا بکرێت. ئەگەر لەو مەملەکەتەدا ژن شافریشتەی جوانی و چاکە بێت، ئەوا لەبەر تیشکی ئەو جوانییەدا، هەموو کـایەکـانی ژیـان جوان و ڕەنگین دەردەکەون و بە دیتنی ئەو جوانییانە، تابلۆ ڕەنگینەکەی ئەزموون و ژیان جوانتر دەبینرێن.
ئەم مەملەکەتە بریتییە لە جوانی و لە چاکە، (هاوڕێ، ئەخلاق، هەڵوێست، ئاڵا، وەفا، ئەرک، یەکڕوویی، ناخی جوان، بەرپرســـیارێتی، ئارامی... هتد) تەنیا چەند ئادگار و ڕەفتاری مرۆڤن لەو دەیان ئاکار و ڕەفتارە جوانانەی مرۆڤ. با بەیەکەوە تەختی شـافریشـتە جێبێڵین و لەو ئاکار و ڕەفتارانەی مرۆڤدا چێژی شـیلەی هەزار و یەک تامی جوانی دەکەین.
لەو مەملەکەتەی "ئەزموون و ژیان"دا هاوڕێبوون بەســـە بۆ جوانی و "هاوڕێ، هەر لەبەرگی خۆیدا جوانە و هەر جوانتریش دەبێ." هاوڕێ چاکەکان دەبنە "تیشـــکی خۆر"و خۆریش "تا زیاتر بەرز بێتەوە، جوانتر دیارە و، گەرمی زۆرتر دەبێ." لەم مەملەکەتەدا، ئەخلاقی بەرز" دەبێتە جوانترین بەهـای" مرۆڤ و وەفـاش دەبێتە "جوانترین جلوبەرگ بۆ ڕازاندنەوەی مرۆڤ." لێرەدا لە سـیما و ڕوخسـاردا بەدوای جوانیدا ناگەڕێین و بۆ لەمســی جوانی، دەبێت شـۆڕبینەوە بۆ ناو ناخی مرۆڤەکان. لێرە لە قوڵای نـاخی مرۆڤـدا پەی بەوە دەبەین کە "بۆ مرۆڤ تەنیـا، جوانی بەس نییە." لێرەدا جوانی لە ڕوخسار دادەماڵرێت و "جوانی، ناخ" دەبێتە "هەموو شتێک" و "بەبێ جوانی ئەو، هیچ شتێ هیچ نییە.
لەم مەملەکەتەدا چێژ لە "جوانترین ســـاتەکـانی ژیـان"یش وەردەگرین. جوانترین ســـاتەکان "ئەو ســـاتانەیە، کە تۆ لەنێو دڵی خەڵکیدا دەژیت." لێرەدا جارێکی تر لەبەردەم سـیحری "وشـە" بەسـەرسـوڕماوی ئیسـتێک دەکەین و دەبینین کە وشـە

پەنجەمۆرئاسا دەبێتە ناسنامەی کەسیمان بۆ تێپەڕبوون بە دەروازەی دڵدا و هەر بە وشەش مافی نیشتەجێبوون لەو هەوارەدا بەدەستدێنین. ئەزموون و ژیان پێمان دەڵێت: "ئەگەر مۆری پەنجە، باری کەسێتی بسەلمێنێ، ئەوا مۆری زمان، بەرهەمی پەروەردەکردن و بەرزی ڕەفتار، دەسەلمێنێ، کەوابوو: با وشەکان، ئاسەوارێکی جوان بخولقێنن لەناو دڵی مرۆڤەکاندا."
ژیان لەم ئەزموونەدا نەک هەر لێوانلێوە لە خۆشەویستی بەڵکوو "خۆشەویستی، ژیان درووست دەکاتت." لە مەملەکەتی ئەزموون و ژیاندا، خۆشەویستی ڕۆح دەداتە بەر مرۆڤ و جیهان و هەموو شتێک و ئەگەر "خۆشەویستی نەبێت، نەژیان، نەمرۆڤ، نەجیهان، هیچ بایەخی نابێت.". خۆشەویستی لەم مەملەکەتەدا "کڕین و فرۆشتنی لەسەر نییە." ئەزموون و ژیان، پێمان دەڵێت نەهەرگیز خۆشەویستی "بفرۆشە، نە هەرگیز بیکڕە." مادام "بەهۆی خۆشەویستی، هەموو شتێک بەدەست دێنیت. بەڵام... هیچ شتێک ناتوانێ خۆشەویستی بەدەست بێنێ،" ئیتر چۆن کڕین و فرۆشتن بەخۆشەویستییە وە دەکەین؟! خۆشەویستی لەمەملەکەتی ئەزموون و ژیاندا "کلیلێکی گەورەیە، بۆ کردنەوەی دەرگای خۆشبەختی" و جوانیش دەدات بە شێوەی مرۆڤ. لەم مەملەکەتەدا ئەگەر "ویست شێوەت جوان بکەی، دڵت پڕکە لەخۆشەویستی.". لەم مەملەکەتی خۆشەویستییەدا، خۆشەویستی و عەشق نەمرن و مرۆڤ دوای کۆچە ئەبەدییەکەی لەڕێگەی عەشق و خۆشەویستیدا لەم دارولفەنایەدا لەگەڵماندا دەمێنێتەوە. پەیامی عەشق و خۆشەویستی دەبێتە پەیامێکی ئەزەلی و "دوای مەرگ" ئەگەر مرۆڤ ئاسەوارێک دوای خۆی بەجێ بێڵێت تەنیا "عەشق و خۆشەویستییە دواتر هیچ."
لێرەدا، ناچارم بگەڕێمەوە بۆ ئەو وانەیەی ئەزموون و ژیان، کە لەسەرەتای ئەم پێشەکیەدا ئاماژەم پێدا. ئەو وانەیەی کە پێمان دەڵێت: "کاتێک قسەبکە، کە وشەکانت جوانتر بن لە بێدەنگی." پێموایە چیتر قسەکردنی من لە بێدەنگیەکەم جوانتر نابێ. بۆیە باشترە بێدەنگ بم و چیتر لێرە گیرتان ناکەم و دەروازەی ئەزموون و ژیان، بۆ ئێوەی خوێنەری بەڕێز ئاواڵە دەکەم و خۆتان گوێ لە ئاوازی هەزار و یەک نەغمەی مامۆستا پشدەری بگرن.

د. ئارام ڕەفعەت
ئەدەلاید- ئوستralیا
٢٠١٩-١١-٠٨

خۆزگە هەموو کەسێک، بەتایبەت ئەوانەی ئەزموونی ژیانێکی پڕ ڕووداو و کێشمەکێشیان هەیە، یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە دیدی خوێنەران ئاشنا دەکرد. مامۆستا مەحەمەد پشدەری، بە گوێرەی توانای خۆی، بەو بەرپرسیارێتییە هەڵساوە و تەجروبەی ژیانی خۆی، لە دووتوێی پەڕتووکێکدا، خستۆتە ڕوو کە پێکهاتووە لە چەندین ئامۆژگاری کوورتی خۆی و هەروەها وتەی زانا و پیتۆڵەکانی دونیا. من ساڵانێکە، لە دەورانی منداڵیمەوە تا حاڵی حازر، لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی مامۆستا پشدەریم و گەواهیدەری زۆربەی چەرمەسەری و خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەو جوامێرە و بنەماڵەکەیانم.
مامۆستا پشدەری، شەرەفی ئەوەی پێدام پێداچونەوەیەک بە پەڕتووکەکەیدا بکەم و هەندێ چاکسازی و پاکسازی لە هەڵەی ڕێنووسی کوردی (ئەگەر هەبێ) ناو پەڕتووکەکە بکەم. لەوانەیە لەگەڵ هەندێ دەربڕین و بوواری تری زمانەوانی ناو پەڕتووکەکەدا هاوتەریب و هاوڕا نەبم، بەڵام بە گشتی مامۆستا پشدەری کۆششێکی زۆری کردووە، بۆ ئەوەی ئەزموونی ژیانی خۆی بە خوێنەری کورد بگەیەنێ، ئەمەش لای من کرۆکی مەسەلەکەیە. هەوڵی زۆرم داوە، نووسینەکەی مامۆستا پشدەری، لە بوواری ڕێنووسی کوردی پاک بکەمەوە و کەمترین هەڵەی تێدا بێت. بەڵام ئێمەش مرۆڤین و شایانی هەڵەکردنین، خوداش داوای شتێکمان لێ ناکات کە لە توانای خۆماندا نەبێت.

د. موراد حەسەن خدر
ئادیلاید – ئوسترالیا
٢٦-١١-٢٠١٦

**هەمیشە وریای ئەم سێ شتە بە:**

بریندارکردن، دووڕوویی، خیانەتکردن!

**هەمیشە بیر لەم سێ شتە بکەرەوە:**

خۆشەویستی، بەخشین، لێبوردن!

**ئەم سێ شتە ببەخشە بە مرۆڤ:**

سۆز، وەفا، ووشەی شیرین!

**بۆ خاوێن ڕاگرتن:**

- بۆ خاوێن ڕاگرتنی پەڕتووکەکان، ئەوە بەسە، کە نەیانکەینەوە. مرۆڤەکانیش هەر بە هەمان شێوە. بۆ تواندنەوەیان، بەسە کە هەرگیز قسەیان لەگەڵدا نەکەین.

**بێدەنگ مەبە:**

- هەرگیز بێدەنگ مەبە. تەنیا لەبەرئەوەی، کە کەسێکی تر ئەوەی لە تۆ دەوێت.

**زانیاری:**

- زانیاری، هێزت پێدەبەخشێ. بەڵام کەسێتی، ڕێز.

**ڕێزگرتن:**

- ڕێزگرتن بۆ ئەو کەسانەیە، کە شیاون. نەک بۆ ئەوانەی کە داوای دەکەن.

**هەڵبژاردن:**

- هەڵبژاردنت ژیرانە بێ، تا ئاشقانە بژیت. چونکە ئەگەر هەڵبژاردنت ئاشقانەبێ، خەمۆکییانە دەژیت.

**کۆیلەی:**

- کۆیلەیی هەر بەوانەناڵێن کە ستەمیان لێکراوە و دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵکوو کۆیلە، خۆی لە چەند مانای جیاوازدا دەبینێتەوە: یەکێک لەوانە ڕازیبوونە بە هەموو شتێک، لە پێناو هەموو شتێکدا.

**بەخشین:**

- بەخشین باشترین تۆڵەیە. هەڵەکردن تایبەتمەندییەکی مرۆڤە، هەروەک بەخشین، تایبەتمەندییەکی خودایە.

**ڕێگە بە خۆت بدە:**

- ڕێگە بە خۆت بدە کە هیوات هەبێ، بڕوات هەبێ و متمانەت هەبێ. دووبارە، لێمەگەڕێ هەندێک بیرەوەری ناخۆش ڕاتبگرن لە ژیانێکی خۆشی ئێستا.

**بێڕێز:**

- بێڕێز، بە ڕێزلێگرتن هار دەبێ. بەڕێز، بە ڕێزلێگرتن شەرمەزار دەبێ.

**ژیان:**

- ژیان ئەوەیە، کە دەیبینی. تەنیا سەیروسەمەرەیە و هەر دەبێ تێیڕابمێنی.

**هەرگیز:**

- هەرگیز ئەو کەسەی خۆشیدەوێی، بۆ مەبەستی خۆتی بەکار مەهێنە. هەرگیز بەو کەسەی پێویستی پێتە، مەڵێ: سەرقاڵم. هەرگیز فێڵ لەو کەسە مەکە، کە بەڕاستی باوەڕی پێت هەیە. هەرگیز ئەو کەسە لە بیر مەکە، کە هەمیشە تۆی لە بیرە.

**خۆزگە:**

- خۆزگە هەمووومان لە ناوەرۆکی متمانە دەگەیشـــتین، بۆ ئەوەی زیاتر لە چاو و دڵ، پارێزگاریمان لێکردبایە.

**وریابە:**

- وریابە لە زانیاری بە درۆ. چونکە زۆر مەترسیدارترە لە نەزانین.

**بیرکردنەوە لە عەیبەی خەڵک:**

- هەر کەسێک عەیبەکانی خۆی ببینێ، بیر لە عەیبی هیچ کەس ناکاتەوە.

**گلەیی:**

- گلەیی لە کەس مەکە، کە وەک تۆ نەبێت. چونکە سرووشت ناگۆڕدرێت و ناکرێت هەموو وەک یەک بین. هێلکە لە دەرەوە ســـپییە و زۆر جاریش لە ناودا، ڕەش دەردەچێت.

**وەک گوڵبە:**

- وەک گوڵ بی و بە ڕووی هەموو کەسێکدا پێبکەنی، باشترە لەوە، کە دڕک بی و ناخی هەموو کەسێک بریندار بکەی.

**خاوەن بوون:**

- کەسێک نەتوانێ خاوەنی بیروباوەڕی خۆی بێ، بێگومان ناتوانێ خاوەنی خۆشی بێ.

**هەر دڵێک:**

- هەر دڵێک تا پاک و بێگەردە، ڕێچکەیەکی ڕاســـت و ڕەوانی هەیە و بە بێ ترس، لێی نزیک ببەوە. بەڵام هەرکاتێک پێچ و پەنای لێکەوتە وە، تۆش وریابە و هەرگیز بیری لێمەکەوە.

**دوو شت:**

- دوو شت بە بێ دوو شت، نامۆن بۆ یەکتر. یەکەم: قسەکردنی زۆر، بە بێ کردار. دووەم: کرداری زۆر، بەبێ قسەکردن.

**وەرزەکان:**

- وەرزەکانن کە سرووشت دەگۆڕن. نە دەرکەوتنی گوڵێک نیشانەی بەهارە، نە زەردهەڵگەڕانی گەڵایەکیش نیشانەی پایزە.

**باشترین کەس:**

- باشترین کەس ئەو کەسەیە کە گومان لەسەر خۆی دەڕەوێنێتەوە و متمانە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە.

**باوەڕکردن:**

- هەرگیز باوەڕ بە ئامۆژگاری مرۆڤی نەگونجاو مەکە.

**هەر ئەوە بکە:**

- هەر ئەوە بکە کە دەتوانی. ژیان کوورتە، ئەوە ناهێنێ کە تۆ، ئەو بارە قورسە لە خۆت بار بکەی.

**ناوازە:**

- هیچ کەسێک بە تەنیا لە هەموو ڕوویەکەوە ناوازە نییە. بەڵام هەموو کەسێک لە ڕوویەکەوە، ناوازەیە.

**کانگای خەم:**

- کە بووی بە کانگەی خەمی کەسێک، خەم مەخۆ. هەوڵبدە هیچ کەسێک نەبێە سەرچاوەی خەمی تۆ.

**بەڵێن:**

- بەڵێن، واتە هەموو شتێک. بەڵام دوای ئەوەی کە شکا، داوای لێبووردن، واتا، هیچ.

**ئەگەر:**

- ئەگەر ئاشتیمان نییە، لەبەر ئەوەیە، لە بیرمان چووە کە بەشێکین لە یەکتر.

**ڕێزگرتن:**

- ئەگەر کەسێک ڕێزی لە ئامادە بوونت نەگرت، تۆ ڕێزی لێبگرە بە ئامادە نەبوونت.

**کێشە:**

- ئەگەر کەسێک کێشەی لەگەڵتدا هەبوو، هەمیشە بیرت بێتەوە، کە خۆی کێشەی هەیە.

**خوازیار:**

- ئەگەر خوازیاری هەست بکەی دەوڵەمەندی، تەنیا ئەو شتانە بژمێرە، کە هەتە و بە پارە ناکڕدرێت.

**هیوا:**

- بێ هیوا مەبە ئەگەر خەڵک نایەوێت یارمەتیت بدات؛ وشەکانی ئەنیشتاین بیرخۆت بێنەوە کە وتی: من سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە وتیان (نا) چونکە لە ئەوان من خۆمم درووستکرد.

**برا بوون:**

- برا بوون، هەمیشە لە یەک دایکبوون نییە. جاری وا هەیە لە هاوڕێیەتیدا برایانێک لە دایک دەبن، کە هیچ دایکێک توانای لە دایکبوونیانی نییە.

**توڕەیی:**

- توڕەیی هەستێکە، دەبێتە هۆی ئەوە، کە زمانتان بە پەلەتر لە بیرکردنەوەتان کار بکات.

**تەمەن:**

- تەمەن ئەوەنییە کە تۆ چەند ساڵی تەواوی، بەڵکوو ئەوەیە، کە چەند ساڵ خۆش ژیاوی.

**خاڵە سەرەکییەکانی ژیان:**

- خۆشەویستی، ئازادی، ئاشتی و بەیەکەوە ژیان، لە یەکتر تێگەشتن، یەکتر قبوڵکردن، لەگەڵ یەکتردا ڕاست بوون، ڕێز لە یەکترگرتن.

**بیرت نەچێت:**

- لە بیرت بێ، داهاتوو پەڕتووکێکە کە ئەمڕۆ دەینووسی. کەوابوو شتێک بنووسە کە بەیاتی چێژی لێوەربگری.

**وتەکان:**

- وتەکانت بە کەم مەگرە و لای ئەو کەسە دایانبنێ کە بە جوانی گوێت لێدەگرێت و وەکوو دیاریش بۆت هەڵدەگرێ.

**ئاشتی:**

– ئاشتی ناتوانرێ بە زۆر بپارێزرێ، بەڵکوو تەنیا بە تێگەیشتن بە دەست دەهێنرێ.

**هەڵسوکەوتت:**

لەگەڵ کەسـێکدا کە لە دۆخێکی ناجێگیر دایە، وریای هەڵسـوکەوتت بە. ئینجا ئەو ناجێگیرییە؛ جەستەیی بێت، یان ڕۆحی.

**یاریکردن بە هەست:**

– هەرگیز یاری بە هەستی کەسانی تر مەکە. چونکە ڕەنگە یاریەکە ببەیتەوە، بەڵام بۆ هەمیشە ئەو مرۆڤە لەدەست دەدەیت.

**لۆمەکردن:**

– کاتێک لۆمەی خەڵک دەکەی دەستبەرداری توانای خۆت دەبیت بۆ گەورەبوون.

**دوو هێز:**

– لە دونیادا دوو هێز هەیە: (ئەقڵ و چەک) بەڵام بەداخەوە، چەک بەسەر ئەقڵدا زاڵە.

**سرووشت نەگۆڕە:**

– لەهەر شوێنێک گوڵێک هەبێ، لە نزیک ئەو، دڕکێک دەبینرێ.

**سەرکەوتن:**

– سێ ڕستە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن:

١. زانین، زیاتر لە خەڵک

٢. کارکردن، زیاتر لە خەڵک

٣. چاوەڕوانی، کەمتر لە خەڵک

**دەستکەوت:**

– دەستکەوت هەمیشە بۆ کەسێک دێت کە بەدوایدا دەگەڕێت. نەک بۆ کەسێک کە تەنیا چاوەڕێی دەکات.

**پێش ئەوەی:**

– پێش ئەوەی قسەبکەیت، گوێ بگرە

– پێش ئەوەی کاربکەیت، بیربکەوە

– پێش ئەوەی ڕەخنە بگریت، بوەستە

– پێش ئەوەی نزا بکەیت، ببەخشە

– پێش ئەوەی وازبهێنیت، هەوڵ بدە.

**پشت بەستن و متمانە پێکردن:**

- پشت بە کێ ببەستی ئەو دەبێتە هۆی گۆڕینی ژیانت بە چاک یان بە خراپ.

**کەسە چاکەکان:**

- کەسە چاکەکان وەک گەڵای بەهار وان، هەمیشە سەوزن لە ناو دڵەکاندا.

**سووتاندن:**

- سووتاندنی دەنکە شقارتەیەک، بەسە بۆ سووتاندنی دارستانێک.

**ڕازیکردن:**

- هەر کەسێک نەیارەکانی ڕازی بکات، نزیکەکانی لە دەست دەدات.

**وێرانکاری:**

- یەکێک چاک دەکات و یەکێکیش وێران.

**پەروەردە:**

- پەروەردە بەهێزترین چەکە، کە تۆ دەتوانی ســــوودی لێوەربگریت بۆ گۆڕینی جیهان.

**ڕاستکردنەوە:**

- هەر کەسێک هەڵەیەکم بۆ ڕاستکاتەوە ژیانێکی تازەم پێدەداتەوە.

**هەڵەکانی ڕابردوو:**

– هەڵەکانی ڕابردوو، مامۆستای ئێستامانن.

**متمانە:**

– متمانە پلیکانی هەموو سەرکەوتنێکە. ژیانێکی ئاسوودە لە ویژدانێکی ئارام دایە.

**بیرکردنەوە لە هەڵەکانی خۆت:**

– هەر کەســێک بیر لە هەڵەکانی خۆی بکاتەوە، نابێت بیر لە هەڵەی هیچ کەســێک بکاتەوە. چونکە هیچمان بێهەڵە نین.

**هەڵەکانم:**

– هەڵەکانم فێریانکردم، چۆن هەڵسوکەوت بکەم. سـەختییەکانی ژیان، فێریانکردم، کە چۆن بژیم، دژەکانم فێریانکردم، کە چۆن ڕێز لە دۆستەکانم بگرم.

**ڕووخۆشی:**

– ڕووخۆشــی، زمانێکی ڕەوانە، هەموو کەســێک تێیدەگات، بەڵام... ڕووناخۆشــی، ژەهرێکە نەک هەر ژیانی مرۆڤ، بەڵکوو ژینگەش تێکدەدات.

**ژیان دوو بەشە:**

– خۆشی و ناخۆشی، لە خۆشییەکاندا مەگۆڕێ، لە ناخۆشییەکانیشدا، مەدۆڕێ.

**نوقم بوون و خنکان:**

– هەموو مرۆڤێک بەشـــی خۆی هەر نوقم دەبێت و دەخنکێت. ئیتر لە ئاودابێت یان لە خەیاڵدا.

**سەردەمی منداڵی:**

– ســـەردەمی منداڵی خۆشـــترین کاتی ژیانی مرۆڤە. هەرکەســێک ئەو بەشـــەی لەدەست بچێت، لە بەشەکانی دیکەش چێژ نابینێت.

**وەفا:**

– وەفا جوانترین جلوبەرگە، بۆ ڕازاندنەوەی مرۆڤ. چونکە هەر کەســێک وەفای هەبێت، هەموو سیفەتە جوانەکانی تێدا کۆدەبێتەوە.

**سادەیی:**

– بە سادەیی هاتنە دنیاوە، بە سادەیی ژیان، بە سادەیی مردن، خۆشترە لە ژیانی ئەوانەی کە بە هیچ شتێک ڕازی نین.

**بەدەستهێنانی متمانە:**

– بەدەستهێنانی متمانە، لە بەدەستهێنانی سامان و دەسەڵات زۆر ئەستەمترە.

**زۆرن ئەو مرۆڤانەی:**

زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە هەمیشـــە ڕووی ڕاســـتەقینەی خۆیان شـــاردۆتەوە و هەرجارە و بە ڕوخسارێکەوە دەردەکەون.

**چێژ وەرگرتن لە داهاتوو:**

– ئەگەر نەتوانین ئەزموون لە ڕابردوو وەربگرین، هەرگیز ناتوانین چێژ لە داهاتوو وەربگرین...

**نووسین و وتە:**

– نووسین و وتەی بێناوەرۆک، لە بەهای مرۆڤەکان، کەمدەکاتەوە.

**مرۆڤی تەواو:**

– کەسێک نەتوانێت سبەی لەمڕۆ باشتربێت، ناکرێ پێی بگوترێت مرۆڤێکی تەواو.

**پەنجەی بوختان:**

– هەرگیز پەنجەی بوختـان بۆ کەس درێژ مەکە، چونکە ســـێ پەنجەکەی ترت ڕوویان لە خۆتە. (وتەی ناوداران)

**چاوپۆشیکردن:**

– ئەوانەی چاوپۆشی لە ستەم دەکەن، شەرمەزاری گەل و نیشتمانەکەیان دەبن و مێژوویەکی ڕەش بۆ خۆیان تۆمار دەکەن.

**خەباتکردن:**

– مرۆڤ خەبات دەکات لە پێناو ژیاندا، بڕوانامەی ژیانیش، متمانەیە و بەس.

**نیشتمان:**

– نیشتمان بەستەزمانێکە هەندێک دەیفرۆشن، هەندێک خیانەتی لێ دەکەن، هەندێک خوێنیان دەڕژێت لە پێناویدا، هەندێکیش بەبرسێتی لەسەر پشتی ڕێدەکەن! لە کۆتاییشدا نیشتمان هی ئەوانەیە کە دەیفرۆشن (وتەی ناوداران)

**دۆزینەوە:**

– کاتێک تۆ هەتاو نادۆزیتەوە، خۆت ببە هەتاو. (وتەی ناوداران)

**جوانترین شت:**

– جوانترین شت بۆ مرۆڤ، هەڵوێستە. بەمەرجێک، خۆت خاوەنی بیت.

**ئازادی:**

– تاکوو فێر نەبین ڕێز لە ئازادی بگرین، هەرگیز ناتوانین چێژ لە ژیان وەربگرین.

**هاوڕێی چاک:**

– هاوڕێی چاک، وەک مۆم وایە، تەنیا لەکاتی تاریکیدا، ڕووناکی دەردەکەوێت.

**پلەوپایە:**

– خەم بخۆی بۆ پلە و پایە، ویژدانت دەچێ بە زایە.

**شوێنکەوتن:**

– هاوڕێکەم تکایە شوێن خەڵکی مەکەوە، چونکە تۆ نازانیت بۆ کوێ دەچن... لەوانەیە، ئەوان هەڵە بن؟!

**باش کێیە؟**

– باش ئەو کەسە نییە کە هەموو کەس لێی ڕازی بێ، بەڵکوو باش ئەو کەسەیە کە، باش لێی ڕازی بێت و خراپ لەدژی بێ.

**بێدەنگ بوون:**

– ژیانی ئێمە لەو ڕۆژەوە کۆتایی پێدێت، کە بێدەنگ دەبین، سەبارەت بەو شتانەوە کە گرنگن.

**لەبیر مەکە:**

– هەرگیز لەبیر مەکە جۆرەکانی خەڵک لە ژیانتدا:

کێ یارمەتی داوییت، لە کاتە سەختەکاندا؟

کێ دەستبەردارت بوو، لە کاتە سەختەکاندا؟

کێ تۆی خستە ناو کاتە سەختەکان؟

**بەهێز و لاواز:**

– خەڵکی لاواز، تۆڵە دەکاتەوە، خەڵکی بەهێز، دەبەخشێت، خەڵکی زانا، خۆی لێدەبوێرێت.

**مەگری:**

– مەگری، چونکە کۆتایی پێهات، پێبکەنە، چونکە ڕوویدا.

**بەهۆش:**

– ئەوانەی بە هۆشن، گرنگ نین، ئەوانەی گرنگن، بە هۆش نین. (وتەی ناوداران)

**مۆڵەت پێدان و ڕاگرتن:**

– پرسیار ئەوە نییە کێ مۆڵەتم پێ دەدات؟ بەڵکوو ئەوەیە کێ ڕامدەگرێت؟

**ویژدان:**

– ئەوەی کە مرۆڤ جوان دەکات، ویژدانە، ئەوەی کە ناشیرینیشی دەکات، نەبوونی ویژدانە.

**دوورخستنەوە:**

– بە دوو شێوە دەتوانی مرۆڤی خراپ لە خۆت دوور بکەیەوە: یەکەم، پارەی بە قەرز بدەیە، دووەم، داوای قەرزی لێبکە، هەرکاتێک ئەوەت کرد، جارێکیتر نایبینییەوە.

**خۆت بە:**

– بۆ ئەوەی خۆت بی، لە جیهاندا، هەمیشە هەوڵ بدە خۆت بکەی بە شتێکی دیکە. ئەوە باشترین ئەنجامە.

**تەواویی:**

– ئەگەر تۆ بەدوای تەواویدا بگەڕێی، هەرگیز ئاسوودە نابی.

**پەشیمانی:**

– لە هیچ شتێک پەشیمان نیم لە ژیانمدا. تەنانەت ئەگەر ڕابردووم پڕیش بووبێت لە ئازار، هەر ئاوڕ دەدەمەوە و زەردەخەنە دەکەم. چونکە ڕابردوو منی درووست کرد، کە کێم ئەمڕۆ.

**زمان ڕاهێنان:**

– زمان ڕابێنە لەسەر قسەی حەق بە ئەدەب، نەوەک بە شێوازی ڕەق. ئەو پارچە گۆشتەی لەناو دەمدایە کلیلی دەرگای خێر و بەڵایە. هەر وەکوو دەرگای خێر دەکاتەوە، سەری زۆر بەڵاش هەڵدەداتەوە.

**مار و مرۆڤ:**

– جیاوازیی لە نێوان مار و مرۆڤد چییە؟ مرۆڤ بە زمان، دڵ بریندار دەکات، هەر بۆیە بێچارەسەرە. بەڵام مار، بە جەستە وە دەدات و دەتوانرێت چارەسەر بکرێت.

**هەست لەبەرچاو نەگرتن:**

کەسێک کە هەستی بەرانبەر لەبەرچاو نەگرێ بۆ ئەوە باشە بۆ هەمیشە دووری لێ بکرێ

**بێهیوا مەبە:**

– هەرگیز بێ هیوا مەبە. چونکە ژیان بەردەوامە و دەرگاکان دەکرێنەوە و بۆ هەمیشە داناخرێن.

**ڕێباز:**

– ڕێبازی خۆت خۆشبوێت، بەڵام دژی ڕێبازی کەس مەبە.

**بێدەنگ مەبە:**

– هەرگیز بێدەنگ مەبە، تەنیا لەبەر ئەوەی کەسێکی تر دەیەوێت بێدەنگ بیت...

**ڕێزگرتن:**

– ڕێزگرتن بۆ ئەو کەسانەیە کە شایانی ڕێزلێگرتنن، نەک بۆ ئەو کەسانە، کە داخوازن بۆی...

**ئامۆژگاری:**

– باشترین ئامۆژگاری لە دوو هێڵدا:

بێدەنگی، باشترین وەڵامە بۆ هەموو پرسیارێک

٢ – زەردەخەنە، باشترین وەڵامە لە هەموو دۆخێکدا.

**وشەکان:**

– کاتێک قسەبکە، کە وشەکانت جوانتر بن لە بێدەنگی.

**خەڵکی بەهێز:**

– خەڵکی بەهێز، خەڵکی تر دانابەزێنێت، ئەوان، بەرزیان دەکەنەوە بۆ سەرەوە.

**کە لەدایکبووی:**

– کە لەدایک بووی، وەک خۆر وابووی کە گەورەش بووی، زوو ئاوابووی!

**سواڵی نان:**

– لە دونیایەک، کە مەرد لە نامەرد سـوالّی نان بکات، خواردنی نانی لەشـفرۆش حەڵاڵترە. چونکە ئەمان خۆیان دەفرۆشن نەک میللەت. (وتەی ناوداران)

**ماف و خاک:**

هەرکاتێک ماف و خاک و ئاو و ئازادیتان بۆ کوردەکان گەڕاندەوە، ئەودەم تەواوی چەکی دەستی پێشمەرگە و گەریلاکانی کورد، خۆیان بێدەنگ دەبن. (نێڵسن ماندیلا)

**شکۆ:**

– شکۆ بەنرخترە لە خۆشەویستی، ئەگەر شکۆت ڕووبەڕووی بێڕێزی بۆوە، باشتر وایە دڵی خۆت دەربێنی و بیخەیتە ژێر پێییەکانتەوە.

**خۆکەمکردنەوە:**

– خۆت کەم مەکەرەوە، هیچ کەسێک شایانی ئەوە نییە.

**هەڵە:**

– هەڵە. یەک لاپەڕەیە لە بەشێکی ژیاندا، بەڵام پەیوەندی یەک پەڕتووکی فەرهەنگە. کەوابوو پەڕتووکێکی تەواو لە دەست مەدە بۆ لاپەڕەیەک. (وتەی ناوداران)

**هەڵەکردن:**

– هەموو کەسـێک هەڵە دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئەو هەڵەیە، دوو جار دووبارە نەکرێتەوە.

**درۆکردن لەگەڵ خۆدا:**

– هیچ بەندەیەک بەقەد ئەوانە نائومێد نییە کە بەدرۆ، باوەڕیان بەوە هەیە کە ئازادن...!

**ئازاری جیهان:**

– جیهان زۆر ئازار دەکێشـێت، نەک لەبەر توندوتیژی و خەڵکی خراپ، بەڵکوو لەبەر بێدەنگی خەڵکی باش. (وتەی ناوداران)

**ڕەخنە:**

– بۆ پێشگیری کردن لە ڕەخنە، هیچ شتێک مەکە، هیچ شتێک مەڵێ، هیچ شتێک مەبە.

**چاکە:**

– کە چاکەت کرد، لە بیری بکە و باسی مەکە. چونکە کەسێک هەیە کە دەزانێت چیت کردووە. کە خودایە.

**مرۆڤەکان:**

– مرۆڤەکان، وەک یەک جەستەن، هەر هەموویان، ئامرازێکن بۆ هاوکاری و یاری یەکتر.

**ڕووی شاراوە:**

– ڕۆژگار، زۆر بە ئارامی، ڕووی شاراوەی هەموو کەسێک پیشان دەدات.

**ڕەنگدانەوە:**

– بەرەوپێشچوونەکان، ڕەنگدانەوەی کردارەکانن، کردارەکانیش ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەکانن، هەرکاتێک بیرکردنەوە باش بوو، کرداریش باش دەبێ، کە کردار باش بوو، بێگومان بەرەوپێشچوونیش دەبێ. بە پێچەوانەوە، هەرچی بکرێ، هیچ سوودێکی نییە. کەوابوو بەرەوپێشچوون و گەڕانەوە بەرەو دوا، پەیوەندی بە نییەتی تاکەکانەوە هەیە. نییەتپاکی و دڵپاکی و یەکڕوویی، گەورەترین ئامانجی سەرکەوتنە. تاکوو خوێن دەرچێ لەپێنووسەکان، بەرەوپێشچوون بەدیناکرێ.

**تیشکی خۆر:**

– ئەوانەی لەگەڵ شەو ڕادێن، حەز لە تیشکی خۆر ناکەن.

**هەڵسوکەوتت:**

– شێوەی هەڵسوکەوت، هەموو شتێکە.

**ماسک؛ دەمامک:**

– بۆ ئەوەی ناخمان تەواو دەرکەوێ، با سوود لە ماسک وەرنەگرین. چونکە ئەگەر ناخ شاراوە بێ، ناتوانین بە ئاسوودەیی بیر بکەینەوە و بەدڵخۆشیش، بژین.

**ماڵاوایی:**

– جوانی سەرکردەکان لەوەدا دەردەکەوێ، پێش ئەوەی خەڵک ماڵاواییان لێبکات، ئەوان ماڵاوایی لە خەڵک بکەن.

**وتەی نەشیاو:**

– وتەی نەشیاو، کۆشکی دڵ و خۆشەویستی تێکدەڕوخێنێ.

**هەرکەسێک کە پێتوایە:**

– هەر کەسێک کە پێتوایە نەزانە، زۆر شت هەیە کە ئەو دەیزانێت و تۆ نایزانی.

**لەدەستدان:**

– کاتێک تۆ سەرزەنشتی خەڵکی تر دەکەی، هێزی گەورەی خۆت لە دەست دەدەی.

**لۆمەکردن:**

– مرۆڤی ژیر، لۆمەی خۆی دەکات، مرۆڤی نزمیش، لۆمەی خەڵکی تر.

**زمان:**

– پێش ئەوەی زمانت بخەیتە گەڕ، پرس بە عەقڵ و ویژدانت بکە.

**خۆپاراستن:**

– لە سێ شت خۆت بپارێزە

أ- بەڵێن لە کاتی دڵخۆشیدا،

ب- وەڵام دانەوە لەکاتی تووڕەبوندا،

ج- بڕیاردان لەکاتی خەفەت و بێاقەتیدا.

**چاوپۆشی:**

– ئەگەر خۆشەویستی و سۆزی ڕاستەقینە نەبێت، بەردەوام منداڵ لەباوەش ناکرێت و کە گەورەش بوو، چاوپۆشی لە هەڵەکانی ناکرێ. ئەگەر ڕێزگرتنیش لە ڕابردوو و خۆشەویستی بۆ نیشتمان نەبێت، هەرگیز چاوپۆشی لە بێوەفایی، بەناو هاوسۆز و هاوبیرەکان ناکرێ...

**جیاوازیی:**

– دوو شتی لەیەکتر جیاواز! یەکێک هەستی نیشتمانپەروەری لاواز بێ، بەڵام کوردایەتی بێ سنوور بێ!

**تێگەیشتن:**

– مرۆڤ ئەگەر بەکەم لە زۆر تێنەگات، ناتوانێت بە زۆریش، لە کەم تێبگات.

**وریایی:**

– زانایەک دەڵێ: وریای سێ شت بە: یەکەم: بیرکردنەوە کاتی تەنیایی، دووەم: ڕەوشت لەناو خێزاندا، سێیەم: زمان لەناو خەڵکدا. (وتەی ناوداران)

**ئیرەیی:**

– ئیرەی بردن ئاگرێکە، ئەگەر پێشی لێنەگیرێ، دەوروبەر هەمووی دەسووتێنێت.

**نەزان:**

– ئەوەی دۆســت و کەســی نەزان پێت دەکات، دوژمن بە خەیاڵیدا نایە! هەر بۆیە هەزار دوژمنی زانات هەبێت، باشترە لە یەک هاوڕێ و کەسی نەزان.

**خراپە:**

– ســەد جار خراپەت کرد و بەرهەمەکەت بینی، چاکە چ خراپەیەکی هەبوو، کە جارێک نەتکرد؟ (فارسی)

**داهێنان:**

– کەسێک خوازیاری داهێنان بێت، پێش هەموو شتێک پێویستە، داهێنان لە خۆیدا بکات. هەر ئەوەندە بەس نییە، کە بڵێی: چونکە فڵان کەس ئەو شــتەی کردووە، منیش دەیکەم.

**هەوڵبدە خراپ نەبی:**

– ئەگەر نەشتوانی چاک بی، هەوڵبدە خراپ نەبی.

**زمان لووسی:**

– لەناو هەر نەتەوەیەکدا زمان لووسی و خۆتێهەڵسوون هەبوو، هەرگیز چاوەڕێی کردار مەبە.

**دڵخۆشی:**

– هەر شتێک دڵت پێی خۆشنەبێت، مەیکە.

**کات:**

– کات زۆر لەوە بەنرخترە، کە بە شتی بێبایەخ بەفیڕۆ بدرێت.

**کەسانی نەگونجاو:**

– هەرگیز لەگەڵ کەســانی نەگونجاودا، مشــتومڕ مەکە. ئەوان دەتهێننە خوار بۆ ئاستی خۆیان. (وتەی ناوداران)

**پاراستن:**

– ئارامی بپارێزە و سوود لە وتە جوانەکانت وەربگرە.

– ئەگەر هاوڕێیەکت هەڵەیەکی کرد بەرانبەرت، هەموو چاکەکانی لەبیر مەکە، کە بۆتۆی کردووە.

**ڕاستی:**

– ڕاستی، بۆ ماوەیەکی کەم ئازارت دەدات، بەڵام درۆ، بۆ هەمیشە...

**هاندان:**

– متمانەت بەخۆت هەبێ. تۆ زۆر لەوە زیاتر دەزانی کە خۆت بیری لێدەکەیتەوە و دەیکەی.

**نزمکردن:**

– کەس ناتوانێ تۆ نزم بکات، بەبێ ڕازیبوونی خۆت. (وتەی ناوداران)

**هاوڕێیەتی دوو کەس ئاسان نییە:**

– یەکەم، ئەو کەسە کە خۆی پێ زۆرە، دووەم، ئەو کەسە کە زۆر بیانوو دەگرێ.

**یەکگرتن:**

– ئیتر کاتی ئەوەیە، چیتر دڵی دوژمنان خۆشنەکەین و بڕیاری یەکگرتن بدەین.

**نزیک کەوتنەوە:**

– هەرگیز نزیک مەبەوە لە (گا)، لە پێشەوە، لە (ئەسپ)، لە دواوە، لە(گەمژە)، لە هیچ لاوە. (وتەی ناوداران)

**چالاکبوون:**

– مەرج نییە، هەرکەسێک لە گفتوگۆدا چالاک بێ، لە هەڵسوکەوتیشدا هەر باشبێت. (سەعدی)

**تینوێتی:**

– سێ جۆر تینوێتی لەناو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە: تینووی دەسەڵات، تینووی سامان، تینووی زانست. تینووی دەسەڵات، بە نائارامی دەژیت و بە ناشرینیش دەمرێ. تینووی سامان، بە ماندوی دەژیت و بە هەژاریش دەمرێ. تینووی زانست، بە هەژاری دەژیت، بەڵام بە دەوڵەمەندی دەمرێ.

**دیاری:**

– هەموو ڕۆژێک، دیاریەکە. بیکەوە و، ئاهەنگ بگێڕە، چێژ وەربگرە.

**باوەڕ:**

– باوەڕ، چەند ساڵێک دەگرێ تا درووست دەبێ، چەند چرکەیەک دەگرێ تا لەدەست بچێ. بۆ چاکبوونەوەش، هەرگیز... (وتەی ناوداران)

**ئینتەرنێت:**

– لەسەر ئینتەرنێت تۆ دەتوانی ببی بە هەرشتێک کە گەرەکتە. بەڵام زۆر سەیرە، کە زۆر کەس ئەوەیان هەڵبژاردووە، ببن بە گەمژە! (وتەی ناوداران)

**باسکردن:**

– بەرلەوەی باس لە کەموکوورتییەکانی خەڵک بکەی، بیرێک لە هەڵەکانی خۆت بکەوە.

**ئاگر:**

– ئاگر، دەسووتێنێ، ئاو، دەخنکێنێت، هاوڕێ و کەسی خراپیش، کەسایەتی دەشێوێنێت.

**خزمەتکردن:**

– باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە، ئەوەیە کە خۆت بزر کەی لە خزمەتی خەڵکدا. (وتەی ناوداران)

**دڵ:**

– دوای دڵت بکەوە، بەڵام مێشکت لەلای خۆت بهێڵەوە. (وتەی ناوداران)

**کرداری ناشیرین:**

– قسەی خۆش، کرداری ناشیرین، ناشارێتەوە.

**بێهیوا مەبە:**

– بێ هیوا مەبە، کاتێک خەمێک ڕووت تێدەکاتت، ئەی نازانی کە هەموو ئێوارەیەک خۆراوا دەبێ و دنیا دەبێتە شەوەزەنگ و تاریک دەبێ، بەڵام ڕۆژی دواتر، هەروەک ڕابردوو دەردەکەوێتەوە و دنیا ڕووناک دەبێتەوە؟ کەوابوو، تۆش دڵنیابە، ئەوەی کە ئەمڕۆ بێزارت دەکات، بەیانی لە بیرت دەچێتەوە.

**لەدەستدان:**

– لەدەستدانی هەر خۆشەویستێک، لەدەستدانی بەشێکە لە ژیان.

**سێبەری کوند:**

– کەس نایەتە ژێر سێبەری کوند، ئەگەر باز لە دنیاشدا نەمێنێ. (سەعدی)

**هەڵە و ڕاستی:**

– هەڵە، هەر هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر هەموو کەسیش بیکات! ڕاستی، ڕاستییە، تەنانەت ئەگەر کەسیش نەیکات.

**مرۆڤ:**

– مرۆڤ ئەگەر نرخی خۆی زانیبایە، هەرگیز زیانی بە هیچ بوونەوەرێک نەدەگەیاند، جگە لە خۆشەویستی و هاوکاری و جوانکاری، بیری لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە.

**وێرانی:**

– لەهەر وڵاتێکدا زوڵم و ستەم سەریهەڵدا، وێرانی و کاول بوونیش، سەرهەڵدەدات.

**ڕاهاتن:**

– دەبێ ڕابێم بەتەنیایی کە هەر ئەوە، هاوڕێی منە
هەر هاودەمێک جگە لە ئەو، هۆی تەنیای ژینی منە.

**ئاشتی:**

– خۆشبەختی، لە ئاشتی دایە، ئاشتی، لە یەکڕیزی دایە، یەکڕیزیش، لە دڵسۆزی و میهرەبانی دایە.

**ڕەخنە:**

– ڕەخنە، مرۆڤ تەواو دەکات، ژیان بەرەو پێش دەبات، خۆشەویستی زیاد دەکات، ڕەخنە، ئەزموون، زیادتر دەکات، هەڵەو کەموکوڕی لادەبات و وریات دەکاتەوە و داهاتوو، جوان دەکات.

**سرووشت:**

– جوانییەکانی سرووشت، تێکەڵ بە هەست و ڕۆحت بکە، تا زیاتر چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەربگری.

**تێگەیشتن:**

– نابیناکان، هەرچەندە نابینن، بەڵام دەبیستن، لاڵەکان، گەرچی باش ناتوانن بدوێن، بەڵام تێدەگەن، کەڕەکان، گەرچی نابیستن، بەڵام بە ئاماژە تێدەگەن. بەڵام... زۆر بەداخەوە، بێوەفاکان هەرگیز تێناگەن...!

**شین گێڕان:**

– زۆرن لەو کەسانە، لەگەڵ تۆدا شین دەگێڕن و لەگەڵ نەیارەکانیشدا، خەنجەر دەوەشێنن.

**کێشە گەورەکان:**

– هەوڵبدە کێشە گەورەکان بچووک بکەیتەوە. کە بچووک کرانەوە، بەئاسانی چارەسەر دەکرێن.

**گەشبین و ڕەشبین:**

– گەشـــبینەکان وادەزانن، ژیان تەنیا بۆ ئەوانە، بەڵام... ڕەشـــبینەکان وادەزانن، هەموو جیهان، دژ بە ئەوانە!

**زمان:**

– زمان، مارێکی ترسناکە، ئەگەر زۆر وریای نەبین، یەکسەر بە خۆمانەوە دەدات.

**ڕاستکردنەوەی هەڵە:**

– ئەوانەی کە هەڵە دەکەن، ڕێگە بزر دەکەن. ئەوانەیش کە هەڵەکـان ڕاســـت دەکەنەوە، کەسە بزر بووەکان دەدۆزنەوە. بۆیە دەبێ سوپاسی هەر کەسێک بکرێت کە هەڵە بۆ کەسێک ڕاست دەکاتەوە...

**ئازاری هەڵە:**

– چەندە بە ئازارە، کاتێک مرۆڤ هەڵە دەکات! بەڵام... لەوەش بە ئازارتر، ئەوەیە کە هەمان هەڵە، دووبارە بکرێتەوە!

**پشیلە:**

– پشـــیلە ئەگەرچی ئاژەڵیشـــە، بەڵام عەقڵی ئەوەی هەیە کە پیســـایی خۆی بشـــارێتەوە. بەڵام بەداخەوە، زۆرێـک لە مرۆڤەکـان، ئـامـادە نین، تەنـانەت کەموکوورِییەکانی ڕابردووی خۆشییان بشارنەوە!

**هێرش:**

هێرشی ناحەزان کارم لێناکات
بانگەشەی ئەوان، لە من کەم ناکات
ئەوەی کە دەیکات، کەسی خراپە
ئەوەی ئەو دەیکات دوژمن پێمناکات

**یەکێک لە خۆشییەکانی ژیان:**

– یەکێک لە خۆشـییەکانی ژیان، ئەو کاتەیە کە، خۆشـەویسـتێک سـەردانت دەکات، بەڕێزەوە پێشـــوازی لێدەکەیت، بەدڵخۆشـــییەوە خزمەتی دەکەیت، بەدڵێکی خۆش ماڵاوایی دەکات، لە کۆتاییدا، هەم میوان و هەم خانەخوێ، بەدڵێکی ئاســـوودەوە، درێژە بە ژیانێکی پڕ لە ئارامی و شانازی دەدەن.

**خۆناسین و خەڵک ناسین:**

– کاتێک هەموو کەسێک، دۆستی کەسێکە، تۆ دژی مەبە، کاتێکیش هەموو کەسێک، دژی کەسێکە، تۆ دۆستی مەبە.

**پلەوپایە:**

– پلەوپایە، سەرمایەی زۆر، پیشەی جۆراوجۆر، بڕوانامەی بەرز، جوانی شێوە و ڕوخسار، ئەگەر کەسایەتیان لەگەڵدا نەبێت، هیچن، پووچن، بێنرخن، وەک خاشاکی بن دیوارن.

**نرخی ژیان:**

– ژیان بەنرخە. من لەبەر تۆ، دژی کەس نابم، بەڵام... تۆ لەبەر من، دۆستی هەموو کەسێک بە.

**ناخۆشی:**

تا ناخۆشی نەبینی، نرخی خۆشی نازانی
تا زیندان نەبینی، نرخی ئازادی نازانی
تا شەڕ و کێشە نەبینی، نرخی ئاشتی نازانی
تا دابڕان نەبینی، نرخی خۆشەویستی نازانی
تا خەڵکی خراپ نەبینی، نرخی خەڵکی باش نازانی
تا دەربەدەری نەبینی، نرخی نیشتمان نازانی
تا سەرکردەی گەندەڵ نەبینی، نرخی پاکی و بێگەردی نازانی،
تا خەڵکی داماو و لاواز نەبینی، هەرگیز دڕندەیی دیکتاتۆر نابینی.

**چاوەڕوانی:**

– باشترین ڕێگە بۆ خۆلادان لە نائومێدی، ئەوەیە کە چاوەڕوانی هیچ شتێکت نەبێت لە هیچ کەسێک.

**وتەکانی خۆتان:**

– وتەکانی خۆتان بەبێ سوود خەرجی کەسانێک مەکەن، کە شایستەی بێدەنگیتانن. هەندێکجار بەهێزترین وتە، کە خوازیاریت بیڵێی: ئەوەیە کە هیچ نەڵێی.

**ژیان بەنرخە:**

– کەوابوو، ژیان بخە سەر تەمەنت و تەمەنیشت بخە سەر ژیان.

**بڕیاردان:**

– بڕیار لەسەر ئەوە بدە کە چیت دەوێت؟ باوەڕت بەوە هەبێ، کە دەتوانی ئەو شتەت هەبێت؟ باوەڕت بەوە هەبێ کە تۆ شیاوی بۆ ئەو شتە؟ باوەڕت بەوە هەبێت، کە ئەو شتە گونجاوە بۆ تۆ؟

**وشەی شیاو:**

– ئەوەی دەبێتە هۆی درووستبوونی پەیوەندی بەهێز، وشەی شیاوە، ئەوەیش کە دەبێتە هۆی ئازاری دەروون، وشـــەی نەشـــیاوە. کەوابوو، با وریای دەربڕینی وشەکانمان بین.

**باوەڕپێکراو:**

١. خۆکۆنترۆڵکردن
٢. ڕاستگۆیی و دەستپاکی
٣. زۆر باش و نایاب
٤. بەرپرسیارێتی
٥. ڕەوشت بەرزی
٦. ڕێزگرتن.

**خۆ بەرزکردنەوە:**

– ئەگەر دەتەوێت خۆت بەرزبکەیەوە، کەسێکی دیکە بەرزبکەوە. (وتەی ناوداران)

**میهرەبانی:**

– میهرەبانی زمانێکە، کە کەڕەکان دەتوانن بیبیستن و کوێرەکانیش، ببینن.

**نیگەران مەبە:**

– نیگەران مەبە ســـەبارەت بەوانەی کە لەدواوەی تۆ قســـە دەکەن، ئەوان لەدوا تۆوەن بە هۆیەک. (وتەی ناوداران)

**هەموو شتێک بە کاتی خۆی:**

گەر کاتژمێری ژیان تێپەڕ بوو، هەرچی بیکەی تۆ ڕەنجەڕۆی.

**خۆزگە:**

– خۆزگە ئەو شــتە گرانبەهایە کە (ڕێز)ە، وەک خۆی بپارێزرێت و بە ئاســانی لە دەســـت نەدرێت. بەداخەوە، زۆر کەس هەیە لە پێناو بەرژەوەندییەکی بچووکی تایبەتیدا، یان بە تاکە وشـــەیەکی نەشـیاو، لە دەســتی دەدات و جارێکی دیکە، بۆی ناگەڕێتەوە.

**دڵ:**

– دڵ، پارچە گۆشتێکی زۆر جوان و نەرم و نیانە، بەڵام کاتێک کە ڕەش دەبێ، لە ناو سـینەی هەندێک کەسـدا، دەبێتە پارچەیەک لە بەرد! هەر ئەوەشـە کە، سـۆز و خۆشەویستی و وەفا، کەمدەبێتەوە.

**باشترین هاوڕێ:**

١. پارێزگاریت لێبکات (شـــەڕت بۆ بکات)٢. ڕێزت لێبگرێت ٣. تێکەڵ بە تۆ بێ ٤. هانت بدات ٥. شیاوی تۆ بێ

٦. لەگەڵتدا بوەستێ.

**گەشبین و ڕەشبین:**

– ئەوانەی کە گەشبینن و دڵیان گەورەیە، لە ناخۆشترین شوێن و لە ناخۆشترین ژیاندا، بە خۆشـترین شـێوە ژیان بەسـەردەبەن. بەڵام... ئەوانەی کە ڕەشـبینن و بە نائومێدییەوە ســـەیری ژیان دەکەن، ئەگەر هەموو ســـەروەتی دنیاش، لە دەســـت ئەواندا بێ، هەر بە هەژاری و خەمناکی دەژین.

**باوەڕ:**

– هەرشتێک کە دەیڵێیت: سەرەتا دەبێ خۆت باوەڕت پێی هەبێ.

**لافاوی گەل:**

– لافاوی گەل، ئەو لافاوە ترســناکەیە، کە عەرشــی زۆرداران، دەلەرزێنێ و تێکی دەڕوخێنێ.

**خۆشەویستی:**

– خۆشـەویستی، ژیان درووسـت دەکات، ژیان، مرۆڤ درووسـت دەکات، مرۆڤیش جیهان دەڕازێنێتەوە. بەڵام ئەگەر خۆشـــەویســـتی نەبێت، نە ژیان، نە مرۆڤ، نە جیهان، هیچ بایەخی نابێت.

**درووستکردن:**

– درووســـتکردنییەک ملیۆن هاوڕێ، جێی ســـەرســـوڕمان نییە، (معجزە) جێی سـەرسـوڕمان ئەوەیە کە یەک هاوڕێت هەبێت و لەگەڵتدا بوەسـتێ، لە بەرانبەر یەک ملیۆن کەسدا کە دژی تۆن.

**ڕاستگۆیی:**

١–ڕاست بوون لەگەڵ خەڵکدا

٢–ڕاست بوون لەگەڵ خۆتدا

٣– بوونی هەر شـــتێکی بـاش بۆ دەوروبەر، بەبێ چـاوەڕوانی کردن بۆ هیچ پاداشتێک.

**به دنیا هاتن:**

– هەموومان یەکجار بە دنیا دێین و یەکجار ژیان بەسەردەبەین. کەوابوو هەر کارێک کە خۆشحاڵمان دەکات و بۆ خەڵکی دیکە زیانی نییە، پێویستە ئەنجامی بدەین. هەروەها، لەگەڵ کەسانێکدا بین، کە دەبنە هۆی خۆشحاڵیمان.

**بێدەنگی:**

– هەندێک جار بێدەنگی باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی کەسێک تێبگەیەنیت کە هەڵەی کردووە.

**وشە:**

– وشە، بۆ دڵی بەرانبەر، وەک تیشکی خۆر وایە، کە بەخۆشی لە دەم دەردەچێ، وەک خۆر دەردەکەوێت و ڕووناکی دەبەخشێ بەدڵ. کە بەناخۆشیش دەردەچێ، خۆری دڵ ئاوادەبێ و شەوەزەنگی بەدوادادێ.

**توندوتیژی:**

– تا ستەم و توندوتیژی زیاتر بێ، تەمەنی دەسەڵات کەمتر دەبێتەوە.

**دڵسۆزی:**

– درووستکاری و دڵسۆزی، دیاریەکی گرانبەهایە. لە کەسانی کەم بەهادا، چاوەڕێی مەکە.

**ئەگەر:**

– ئەگەر دەتەوێ جێی متمانە بی، دڵسۆز بە، ئەگەر دەتەوێ دڵسۆز بی، ڕاست بە، ئەگەر دەتەوێ ڕاست بی، خۆت بە. (وتەی ناوداران)

**دەستپاکی:**

– کەسی دڵسۆز و دەست پاک، هیچ کەسێک ئازار نادات، کەسی درۆزن، تەنیا خۆی ئازار دەدات.

**پۆلیس:**

– جوانییەکانی پۆلیس ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە خۆی لە خوشک و براکانی، جیا ناکاتەوە و دەیانپارێزێ.

**وەفا:**

– وەفا! چونکە پێگەت زۆر بەرزە، بۆیە لە هەموو کەسێکدا بوونت نییە.

**جۆرەکانی مرۆڤ:**

– مرۆڤ، چوار جۆری هەیە: جۆرێکیان دەزانێ، دەشـزانێ کە دەزانێ. پرسـیاری لێبکە. جۆرێکیان دەزانێ، بەڵام نازانێ کە دەزانێ. بیری بخەرەوە. جۆرێکیان نازانێ، وە دەشزانێ کە نازانێ. فێری بکە. جۆرێکیان نازانێ، وە نازانێ کە نازانێ. لێی دوور بکەوە. (عەرەبی)

**ڕاوێژ نەکردن:**

– چارەنووس بەبێ ڕاوێژکردن، وتەی ناودارانە. ئەنجامەکەشـی تێداچوونە. یان پەشیمانییەکی زۆر.

**بەخشندەیی:**

– بەخشـندەبە، بەڵام ڕێگە مەدە بەکاربهێنرێی، ئاشـقبە، بەڵام ڕێگە بە دڵت مەدە، ناشـرینت بکات. ڕاسـتگۆبە، بەڵام سـاویلکە مەبە. گوێ لە خەڵک بگرە، بەڵام دەنگی خۆت لەدەست مەدە.

**نیشتمان:**

– نیشتمانەکەم، کێ بە گیان دەتپارێزێت و کێش بازرگانیت پێوەدەکات؟!

**درۆکردن:**

– خەمی ئەوەم نییە کە درۆت لەگەڵدا کردووم، خەمی ئەوەمە کە لە ئێستاوە ناتوانم بڕوات پێبکەم.

**ژن:**

– (ژن) بۆیە دەوترێ ژیـان، چونکە وەک خۆر، لە بەرزایی ئـاسـمـانەوە، وزە دەبەخشـێ بە زەوی و، مرۆڤ و مرۆڤایەتیش، بەرهەم دێنێ. کەوابوو، (ژن)، تەنیا هەر ژیان نییە، بەڵکوو لە سەرووی ژیانیشەوەیە...

**بڕیار لەسەر کەس مەدە:**

– هەر تاکێک لە ژیانی ڕابردووی خۆیدا، چیرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەیە. کەوابوو پێش ئەوەی کە چاک بیناسـی، تاکلایەنە، بڕیار لەسـەر هیچ کەسـێک، مەدە. دوای ئەوەی کە ڕاستییەکەت بۆ دەرکەوت، لەوانەیە تووشی سەرسوڕمان بی.

**فێرکردن:**

– هیچ شـتێک لە ژیاندا، دەسـتبەردارمان نابێ تا ئەو شـتەی کە پێویسـتە، فێرمان دەکـات. بۆ نموونە: هەر هەڵەیەک، فێرمـان دەکـات کە جـارێکی تر دووبـارەی نەکەینەوە. یان زیانمان لە هەرکەسێک بینی، جارێکی تر متمانەی پێنەکەیتەوە.

**وریای زمان بە:**

– پێش ئەوەی قسەبکەی، تکایە زمانت بە مێشکتەوە ببەستەوە. (وتەی ناوداران)

**ژیان:**

– ژیان بریتییە لە خۆڕاگرتن و بەرەنگار بوونەوە، بچووک کردنەوەی کێشـــەکان، بڕوابەخۆبوون و هەوڵدان و کۆڵنەدان، گەشـــبینی و دڵخۆشـــی، بۆ مانەوە و چێژ وەرگرتن لە ژیان.

**ئامۆژگاری:**

– ســـێ کەس ئامۆژگاری وەرناگرن: یەکەم: گەنجێکی تازە پێگەیشـــتوو، دووەم: ڕۆشنبیری لەخۆبایی. سێیەم: کچی جوان. (وتەی ناوداران)

**پێکەنین:**

– تاکوو خۆت پێنەکەنی، چاوەڕوانی پێکەنین، لە هیچ کەسێک مەکە.

**هەڵەکانم:**

– هەڵەم زۆر کردووە، ئێستاش هەڵە دەکەم، چونکە ژیان، بەبێ هەڵە نابێت. بەڵام... بەڵێنمداوە، هەڵە دووبارە نەکەمەوە.

**چاوەڕێ مەبە:**

– ئەوەی تۆ بۆ کەست نەکرد، چاوەڕێش مەبە، کەس بۆت بکات.

**ئەوەی تۆی فرۆشت:**

– ئەو کەسەی تۆی فرۆشت، تۆ مەیفرۆشە... چونکە هیچ ناکات...!

**چێژی بەخشین:**

– ئەگەر خێرخواز بزانێت ئەو ئەو شـــتەی کە دەیبەخشـــێ، دەکەوێتە ناو دەســـتی خوا پێش دەســـــتی هەژار، ئەوکـات دەیزانی چێژی بەخشـــین زیـاترە لە چێژی وەرگرتن.

**پەیامی دڵ:**

– نیگەران مەبە کاتێک، کەسـێک وتەیەکی نەشـیاوی لە دەم دەردەچێت. چونکە ئەو کەسە، وەک جامی ئاو، دەمێکە پڕبووە و ناکرێ لێی نەڕژێت.

**پەڵەی ڕەش:**

– هەرکەســـێک پەند لە هەڵەوپەڵەی ڕەشـــی ســـەر ناوچاوانی خەڵک وەرنەگرێ، ڕۆژێک دێ، دەبێتە پەند بۆ هەموو ئەوانەی کە ناوچەوانیان داپۆشـــراوە بە پەڵەی ڕەش...

**خۆشی و ناخۆشی:**

– چەند خۆشـــە کە نەیارەکان، نزیک دەبنەوە و دەبن بە دۆســـت، بەڵام لە هەموو شتێکیش ناخۆشتر ئەوەیە کە، دۆستەکان جێی نەیارەکان دەگرنەوە.

**بینای ماڵ:**

– بینای ماڵ چەندە بەرزبێ، کە ئاستی ڕۆشنبیری لەخوارەوە بێ، هەر نزمە.

**هاوڕێیەتی:**

– هاوڕێیەتی، مێشکێکە لە دوو جەستەدا.

**دڵگران مەبە:**

– هەمیشە کەسێک هەیە ئاگای لە تۆیە، بێ ئەوەی تۆ بزانی.

**وریای هەستبە:**

– هەرگیز هەستی هەمیشەییت، مەبەخشە بە کەسێکی کاتی.

**ژنێکی بەهێزبە:**

– مەبە بە ژنێک کە پێویســـتی بە پیاو هەبێ، ببە بە ژنێک کە پیاو پێویســـتی پێی هەبێ.

**هاوڕێ باشەکان:**

– هاوڕێ باشەکان وەک ئەستێرە وان، تۆ هەمیشە نایانبینی، بەڵام دەزانی کە هەر لەوێن.

**زمان:**

– زمان، وەک مارێکی دەســـــتەمۆ وایە، ئەگەر وریای نەبین، پێش ئەوەی زیان بە دەوروبەر بگەیەنێت، بەخۆمان دەگەیەنێت.

**وتەی زل:**

– هاوڕێکانت بناسە بەکردار، نەک بە وتەی زل و بریقەدار.

**دەسەڵات:**

– دەسەڵات کە پشتی لە خەڵک کرد، بەرەو ڕووخان هەنگاو دەنێت.

**دابڕان و بەیەک گەیشتن:**

– هیچ بەیەک گەیشتنێک، بەبێ هۆ نییە و هیچ دابڕانێکیش، بەبێ هۆ نییە.

**سێ شت تێکەڵ بە بەرنامەی ژیانت بکە:**

– یەکەم: پێنووس، دووەم: دەفتەر، سـێیەم: پەڕتووک، ئەوانە، کلیلی خۆشـبەختین، ئەگەر بە جوانی سوودیان لێوەربگیرێت و بۆ خزمەتی گشتی بەکاربهێنرێن.

**شەڕخواز:**

– ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا ئاژاوەگێڕ و شەڕخواز بێت، مرۆڤایەتی لەدەستدەچێت.

**ناسنامە:**

– ئەوانەی ناسنامەی ڕاستی خۆیان پیشان دەدەن، شایانی باشترین سوپاسنامەن.

**تووڕەیی:**

– ئەوەی نەتوانێ تووڕە بێ، ئاقڵ نییە، بەڵکوو ئاقڵ ئەوەیە، کە نایەوێت تووڕەبێ. (وتەی ناوداران)

**ژیری:**

– ئەوەی تەنیا لە بیری تێرکردنی سکییەتی، مێشکی بە برسێتی دەمێنێتەوە. (پەندی چینی)

**ژنان:**

– ژنان، هۆی ڕازاندنەوەی ژیان و جیهانن. گەورەیی پیاوان، لە نرخ و بەهای ژناندایە.

**هاوڕێ دڵسۆزەکان:**

– هاوڕێ دڵسۆزەکان، برا ڕاستەقینەکانن، بەڵام لە دایک و باوکی خۆمان نین. برای دایک و باوکیش، کاتێک دەبێتە برا، کە هاوڕێ بێ.

**متمانە:**

– هەرکاتێک متمانە لەدەست چوو، پەیوەندیش لە دەست دەچێت...

**خۆپاراستن:**

– خۆت بپارێزە لە برینی دڵانی بریندار، چونکە برینی دڵ سەرەنجام سەرهەڵدەدات، تا دەتوانی، دڵی هیچ کەسێک تێکمەدە چونکە هەناسەیەک دنیایەک تێکدەدات. (سەعدی)

**چوار شت مەشکێنە:**

– لەژیانتدا، چوار شت مەشکێنە: یەکەم، متمانە، دووەم، بەڵێن، سێیەم، پەیوەندی، چوارەم، دڵ. شکاندنی ئەوانە، دەنگی نییە، بەڵام ئازاری زۆرە. (وتەی ناوداران)

**سواڵکەر:**

– سواڵکەر، بە مانای تەماحکارە، تەماحکاریش، بە مانای تێرنەخۆر، بۆیە هەرگیز لەکاتی پێویستیدا، لە دەرگای تەماحکار مەدە و چاوەڕێی یارمەتی لێمەکە. تەماحکار چەندە دەوڵەمەند بێ، هەر هەژارە.

**جوانترین وشە:**

– ژن، کە جوانترین وشـــەیە و بە مانای ژیانە و خوێندنگەی مرۆڤایەتییە، زۆر جێگەی داخە کە بەڕێزەوە ناوی نەهێنرێت و لەبری ئەو وشـــە پیرۆزەیە، وشـــەی ئـافرەت بەکـاربێ...! بە بڕوای من ئـافرەت، لە عیفریتەوە هـاتووە و عیفریتیش بە مانای ناشرین...

**کاڵفامی:**

– یەکێک لە نیشـــانەکانی کاڵفامی مرۆڤ، ئەوەیە کە شـــتێک پەیوەندی بە ئەوەوە نەبێت و خۆی پێوە خەریک بکات.

**ڕێزگرتن:**

– مرۆڤ کاتێک دەبێ ڕێزی لێبگیرێت، کە خۆی ڕێز لە خۆی بگرێت.خۆشحاڵی:

– یەکەم پێکهاتەی خۆشحاڵی، خۆلادانە لە بیرکردنەوەی درێژخایەن لە ڕابردوو.

**خۆشەویستی:**

– خۆشەویستی، کلیلێکی گەورەیە، بۆ کردنەوەی دەرگای خۆشبەختی.

**خۆشحاڵترین خەڵک:**

– خۆشـحاڵترین خەڵک، پێویسـت نییە هەموو شـتێکی باشـترینیان هەبێ. چونکە لە هەموو شتێکدا ئەوان دەتوانن باشترین شت درووست بکەن، لە هەموو شتێکدا کە هەیانە.

**پەندەکانی پیرەمێرد:**

- کە تۆ بەخشیت و جنێویان پێدای!

ئینجا بزانە کە تۆ مەردی خودای

- ئەگەر پیاوخراپ هات مەدحی کردی!

ئەوسا بزانە کە تۆ نامەردی...

**خۆشحاڵ بە:**

– خۆشحاڵبە، نەک لەبەر ئەوە هەموو شتێک باشە، بەڵکوو لەبەر ئەوە، تۆ دەتوانی باش لە هەموو شتێکدا ببینی.

– هەر کە زانیت هاوڕێکەت دەبێ بە ســـێبەرت و کاتی نزیکبوونەوەت، لێت دوور دەکەوێتەوە، تۆ لێی دوور مەکەوە، بەڵام لە جێی خۆت بوەستە.

**پەیوەندی تەواو:**

– پەیوەنـدی تەواو ئەوە نییە کە تۆ هەرگیز تورە نەبی، نـارەحەت نەبی، وەرەز نەبی لەگەڵ یەکتردا. گرنگ ئەوەیە بە پەلە کێشـەکان چارەسـەر بکەن و بگەڕێنەوە بەرەو دۆخی ئاسایی.

**کەسی ناکەس:**

– من هەرگیز ناڵێم بە ناکەسم کەس

بێکەسی باشترە لە کەسی ناکەس.

**ڕووبەڕوو بوونەوە:**

– هەرگیز ڕووبەڕووی مار مەبەوە، چونکە ئەگەر گازیشـت لێنەگرێت، لە دوورەوە ژەهرت بۆ فڕێدەدات.

**دەربڕینی هەست:**

– کاتێک نازانی چۆن هەستت دەرببڕی، یان بەرگری لە خۆت بکەی، لە ساتێکدا، یا حاڵەتێک، ئەوە بزانە دڵێکی بێتاوانت هەیە، کە فێری خراپە نەبووە لە ژیاندا.

**سیاسەت:**

– سیاسەتی درووست، مەدالیایەکی گرانبەهایە، زۆر لەوە بەنرخترە، کە بە بەرۆکی هەموو کەسێکەوە هەڵواسرێ.

**بیرکردنەوەی ناڕوون:**

– بیرکردنەوەی ناڕوون بەشێک لە سیاسییەکان، هەم سیاسەت و هەم نیشتمان، ناحەز دەکات.

**قبووڵکردن:**

– ئەو کەسـەی کە دڵ قبووڵی دەکات، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسـەدا کە چاو قبووڵی دەکات.

**پێشلێگرتن:**

– خۆشـەویسـتی زۆر و تورەیی زۆر، وەک ئاگر وان، ئەگەر زوو پێشـیان لێنەگیرێت، ژیانی مرۆڤ دەسووتێنن.

**چۆن خۆت دەبینی:**

– گرنگ ئەوە نییە کە خەڵک چۆنت دەبینێ، گرنگ ئەوەیە، چۆن خۆت دەبینی.

**فێڵکردن:**

– مەهێڵە هەرگیز، هیچ کەسێک فێڵت لێبکات، هەروەها ڕێگە بە خۆشت مەدە، کە فێڵ لە هیچ کەسێک بکەی.

**بیرەوەری ناخۆش:**

– هەرگیز هەوڵ مەدە تۆویی بیرەوەری ناخۆش، لەناو دڵی هیچ کەسێکدا بچێنی، چونکە زۆر جار، بیرەوەری، دەبێتە پێناسەی مرۆڤ، بیرەوەرییەکان، چێژ دەبەخشن بە دڵ و مێشک، هەروەک زۆر جاریش، دەبنە هۆی خەم و بێزاری...

**ڕاوێژ:**

– ئەوانەی ڕاوێژ بەکەس ناکەن، چێژ لە ژیانیان وەرناگرن، چونکە سەرکەوتوو نابن.

**پشتگوێخستن:**

– هەرگیز کەسێک پشتگوێ مەخە کە بەڕاستی تۆی خۆشدەوێ، لەبەرئەوە ڕۆژێک بیرت دێتەوە کە مانگت بزر کردووە، کاتێک ئەستێرەکان دەژمێریت. (وتەی ناوداران)

**خەم:**

– دوای هەر بزەیەک، خەمێک هەیە.

**باوەڕکردن:**

– خەڵک پرسیارم لێدەکات، بۆ ئەوەندە سەختە کە باوەڕ بکەی؟ منیش پرسیاریان لێدەکەم، بۆ ئەوەندە سەختە کە بەڵێن بپارێزی؟ (وتەی ناوداران)

**فریشتە و ئاژەڵ و مرۆڤ:**

– خودا فریشتەی درووست کردووە و ئاژەڵیشی درووست کردووە، ئەقڵی بە فریشتە داوە، بەڵام ئارەزووی پێنەداوە، ئارەزووشی بە ئاژەڵ داوە، بەڵام ئەقڵی پێنەداوە. بەهەمان شێوە، مرۆڤیشی درووست کردووە، هەم ئەقڵی پێداوە و هەمیش ئارەزوو، جا ئەگەر ئەقڵی بەسەر ئارەزووەکانیدا زاڵ بوو، ئەوە لە فریشتە چاکترە، بەڵام ئەگەر ئارەزووەکانی بەسەر ئەقڵیدا زاڵ بوو ئەوە لە ئاژەڵ خراپترە. (وتەی ناوداران)

**سەرلێشێوان:**

– بەهۆی دوو شت مرۆڤ تووشی سەرلێشێوان دەبێ: یەکەم بێعەقڵی، دووەم لەخۆبایبوون، کە ئەویش هەر بەشێکە لە بێعەقڵی.

**خۆ درووستکردن:**

– مرۆڤ، ئەگەر نەتوانێ خۆی درووســـت بکات، ناتوانێ هەرگیز، هیچ کەســـێک درووست بکات.

**دۆست:**

– دۆست بە دڵسۆزی بەدەست دێت و، بە دڵڕەشیش، لە دەست دەچێت.

**ئامانج:**

– بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێک، کردار پێویستە، نەک قسەی زۆر.

**ناخ:**

– ناخی مرۆڤ، لەسەر نووکی زمانیدا دەردەکەوێ.

**چاکە:**

– ئەوەی چاکە دەکات، دڵی شادە، چونکە ویژدانی ئارامە. ئەوەی خراپەش دەکات، هەمیشە نائارامە. چونکە شەرمەزاری ویژدانە.

**کردەوە:**

– من بڕوام بە کردەوەی کەمە، نەک قسەی زۆر.درۆونەوە:

- هەرچی بچێنرێت، هەر ئەو دەدرویێتەوە.

**ڕووداوەکان:**

– ڕووداوە نالەبارەکانی ڕابردوو، دەبنە هۆی ئازار و کارەسات، بۆ داهاتوو.

**نزیکبوونەوە:**

– لە هەرکەسێک نزیک بیتەوە، وەک ئەو سەیرت دەکرێ.

**خۆر:**

– کە خۆر گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان، هەموو کەس دەیبینێت.

**ناڕاست:**

– کەسـێک نەتوانێت، ڕاسـت و ڕەوان بێت، دوور بێت باشـترە، نەک هۆی شـێوان بێت.

**خۆشەویستی:**

– خۆشەویستی، وەک سووتانی مۆم وایە، لە تاریکیدا ناشاردرێتەوە.

**ئاشکراکردن:**

– ئەو دوژمنە بە دۆســت بزانە کە عەیبەکانت ئاشــکرا دەکات. ئەو دۆســتەش بە دوژمن بزانە، کە عەیبەکانت دەپۆشێ. (سەعدی)

**پەیوەندی ڕۆحی:**

– بەنرخترین شـــت لەنێوان مرۆڤەکاندا، پەیوەندی ڕۆحیە. ئەگەر ئەو پەیوەندیە ڕۆحیە نەما، جگە لە خۆفریودان، هیچی تر بوونی نامێنێ .

**نزیک کەوتنەوە لە سیاسەت:**

– نزیک کەوتنەوە لە سیاسەت، دوورکەوتنەوەیە لە خەڵک.

**دڵگۆڕان:**

- کاتێک کە دڵ دەگۆڕێ، تەنیا دڵە کە هەستی پێدەکات.

**گوماناوی:**

- ناحەزی مرۆڤ، لە شـێوە و ڕوخساریدا نییە، بەڵکوو لەوەدایە کە وەک کەسـێکی گوماناوی، سەیری بکرێ و جێی متمانەی خەڵک نەبێت.

**بانگەشە بۆ ڕابردوو:**

– بانگەشـــە بۆ ڕابردوو مەکە، چونکە ڕۆیشـــت، هەوڵ بۆ ئێســـتا بدە و پلان بۆ داهاتوو دابنێ.

– ڕابردوو لەبیرکە و، هەنگاو بنێ بۆ داهاتوو.

**جوانی سرووشت:**

- ئەگەر یەکێک وەک تۆ بیری نەکردەوە، ئەگەر یەکێک نەگونجاو بوو، ئەگەر یەکێک دوورە پەرێز بوو، ئەگەر یەکێک قســـەی ڕەق بوو، هیچ دڵگیر مەبە. چونکە جوانی سرووشت، لە جیاوازیی دایە و نابێت هەموو کەسێک وەک یەک بێ.

**باجی بێوەفای:**

– مرۆڤ، زووتر باجی بێوەفایی دەدات، تا لە بێباوەڕی، چونکە باوەڕ تایبەتە بە یەک کەس، بەڵام وەفا، تایبەتە بە هەموو کەسێک..

**باڵندەی زیرەک:**

- باڵندەی زیرەک، بە دەنووک بە تەڵەوە دەبێ.

**پەڵەی ڕەش:**

– بچووکترین بیرەوەری ناخۆش، گەورەترین پەڵەی ڕەشـە، کە لەسـەر پەڕەی دڵ دەمێنێتەوە.

**قسەکردنی کەم:**

– هاوڕێیەتی بەردەوام، لە قسەکردنی کەمدایە.

**دووركەوتنەوە:**

– نزیک کەوتنەوە لە هەندێک کەس، دوور کەوتنەوەویە لە زۆر کەس.

**بۆ گەیشتن بە ئامانج:**

– بۆ گەیشتنت بە ئامانج، ئەو سێ شتانەت لەبیر نەچێت:

دوێنێ لەبیرکە،

بیر لەمڕۆ بکەوە،

پلان دابنێ بۆ بەیانی.

**دەستپێکردنی ژیان:**

– ژیان لەو شوێنەوە دەست پێدەکات، کە ڕابردوو لە بیر دەکرێ.

**خۆشەویستی مرۆڤ:**

– خۆشەویستی مرۆڤ، لە ژێر زمانیدایە، زمان، خۆشەویستی دەپارێزێ، هەر زمانیشە کە، خۆشەویستی ناهێڵێ.

**کاتێک کە تەنیام:**

– کاتێک کە تەنیام، بیر دەکەمەوە، کاتێک بیر دەکەمەوە، لە بیرم دەمێنێ، کاتێک لە بیرم دەمێنێ، هەست بە ئازار دەکەم، کاتێک هەست بە ئازار دەکەم، دەگریەم، کاتێک دەگریەم، ناتوانم بوەستم. (وتەی ناوداران)

**کڕین و فرۆشتن:**

– یەک شت هەیە کڕین و فرۆشتنی لەسەر نییە، نە هەرگیز بیفرۆشە، نە هەرگیز بیکڕە، ئەویش کە خۆشەویستییە، چونکە وەک دیاری وایە و نرخی دیار نییە، هەرکاتێک بازرگانی پێوەکرا، مانای خۆی لەدەست دەدات.

**پەرۆشی:**

– ئەوانەی بە پەرۆشترن، دڵسۆزترن، ئەوانەی دڵسۆزترن، خەمخۆرترن، ئەوانەی کە خەمخۆرترن، بە سوودترن.

**دووركەوتنەوە:**

– هەرگیز لە خۆتان دوور مەکەونەوە، بۆ نزیکتر بوونەوە لە کەسێکی دیکە.(وتەی ناوداران)

**جوانترین کەسەکان:**

– جوانترین کەســـــەکان، ئەوانەن کە ئەرکەکانیان جێبەجێدەکەن... ناشـــرینترین کەسەکانیش، ئەوانەن کە بیرەوەری ناخۆش، لەدڵی خەڵکدا درووست دەکەن. (وتەی ناوداران)

**ڕاستی:**

– ئازارم بدە بە ڕاستی، بەڵام هەرگیز... ئاسوودەم مەکە بە درۆ. (وتەی ناوداران)

**هاوڕێ:**

– بەدەستهێنانی هاوڕێی دڵسۆز، زۆر ئەستەمە، بەڵام... لەدەستدانی، زۆر ئاسانە!

**مێژووی جوان:**

– مێژووی جوان، بە کرداری جوان بەدەست دێ، نەک بە زۆرەملێ.

**زانست:**

– زانسـت بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە خۆت خۆشـبوێت، چونکە ئەگەر خۆت خۆشـنەوێت، ناتوانی هیچ کەسێکت خۆشبوێت.

**خەڵکی بەهۆش:**

– خۆشحاڵی لەناو خەڵکی بەهۆشدا، کەمترین شتە.

**ژیان:**

– ژیان پەیوەســـتە بە ئەوانە کە دەژین. هەرکەســـێکیش بژیت، دەبێ ئامادەبێ بۆ گۆڕانکاری لەژیاندا.

**تامکردنی قسە:**

– بۆ دڵنیابوون لە هەڵەکردن، پێش فڕێدانی قسەکانت بۆ دەرەوە، تامیان بکە.

**ئازاردانیش سوودی هەیە:**

– گرنگ ئەوە نییە کە کێ چەندە دەبێتە هۆی ئازاردانی دڵ و مێشـــکت، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە چەندە سوود وەردەگری لەو ئازاردانە.

**دەربڕینی وشە:**

– با وریای دەربڕینی وشـە بین. چونکە پێش دەربڕین، زۆر بچووکە و بە ئاسـانی لەدەم دەردەچێ، بەڵام دوای دەرچوون، ئەوەندە گەورە دەبێ، کە بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

**لەبیرت بێت:**

– لە بیرت بێ هەرکات بە لوتکە گەیشـــتیت هاوکات لە تەنیشـــت دۆڵێکی قوڵدا وەستاویت. (وتەی ناوداران)

**تێگەشتن:**

– بۆ ئەوەی باش تێبگەی، جوان گوێ بگرە، بۆ ئەوەی خەڵک بناسی، زۆر بگەڕێ.

**بێفێڵی:**

– هەر کەسێک کە ڕاست و بێ فێڵە، هاوبەشی ژیانی خەڵکە.

**بەرپرسیاری:**

– ئەگەر بەرپرسیارێتی وەک خزمەتکار حیسابی بۆ بکرێ، کارێکی زۆر پیرۆزە و بۆ ئەوە دەبێ، شانازی پێوەبکرێ. جگە لەوە، من پێموایە مرۆڤ، بە هیچ شێوەیەک نابێت خزمەتکاربێ. بەڵام ئەگەر یەکێک هەر حەزی لە خزمەتکاری بێ، خزمەتکاری ئاغا بێ، باشترە لەوە کە خزمەتکاری، خزمەتکاری ئاغا بێ.

**توڕەیی:**

– توڕەیی، وەک لەناو دەستگرتنی پۆلوویەک (پشکۆ) وایە. کە کەسێک بە نیاز بێت لە کەســـێکی دیکەی بگرێت. کە لەئەنجامدا، هەر خۆی کەســـی یەکەمە، دەســـتی دەسووتێ. (لە ئینگلیزییەوە)

**ماندوویی:**

– کاتێک کە مێشـــک ماندوو دەبێ، هەڵەی بیرکردنەوە درووســـت دەبێ، هەڵەی نووسین درووست دەبێ، هەروەها، شێوازی هەڵسوکەوتیش، تەواو تێکدەچێ.

**کردار:**

– پیاو بە کردار و زێڕیش بە ئاگر تاقی بکەرەوە.

**تەمەنی منداڵی لە سێ شەش دا:**

– لە توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەوە؛ کە تەمەنی منداڵی، دابەشـــدەکات بەســـەر ســـێ شەشیدا:

شـــەشـــی یەکەم: منداڵ دەبێ خۆشـــەویســـتی زۆری پێبدرێت و لەباوەش بکرێ و خواردنی پێبدرێ.

شەشی دووەم: دەبێ فێر بکرێت و ئامۆژگاری بکرێ.شەشی سێیەم: کە دەورانی هەرزەکاریە. پێویستە لەگەڵیدا، نەرم و نیان و هاوڕێی بێ.

**گەندەڵی:**

وشەی گەندەڵی، پەڵەیەکی ڕەشە، لە هەرکەسێکدا دەرکەوێ، بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

**چیرۆکەکانی ژیان:**

چیرۆکەکانی ژیان، ڕووداوەکانی ڕابردوون، ڕووداوەکانیش، یان خۆشبوون یان ناخۆش، خۆشییەکان ناگەڕێنەوە و ناخۆشییەکانیش، دەبنە هۆی ئازار و چەندە بیریان لێبکرێتەوە، ئازارەکان هەر زیاتر دەبن و برینەکانیش، زیاتر دەکولێنەوە...

**هەڵە:**

هەڵە، شتێکی سرووشتییە و هەموو کەسێک دەیکات، بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر، جیاوازیی هەیە. نەزان دەیکات و زاناش دەیکات. هەڵەی نەزان، ئاساییە و لێی ناگیرێت. بەڵام... هەڵەی زانا، قورسترە و، سرووشتی ژیان دەگۆڕێت.

**لۆمەکردن:**

– نەشیاوترین شت، لۆمەکردنە.

**جیاوازیی نێوان خوا و مرۆڤ:**

– یەکێک لە جیاوازییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خوادا، ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو چاکەکان بەهۆی خراپەیەک لە بیر دەکات! بەڵام خوا، هەموو خراپەکان بەهۆی چاکەیەک لەبیر دەکات.

**ڕووتاڵی:**

– کە خۆت ڕووت تاڵە لەگەڵ خەڵکدا، چۆن چاوەڕێی بزەی شیرین دەکەی؟!

**ژیانی هاوبەش:**

– ژیانی هاوبەش، ئاواتی هەمووانە.

**وشە:**

هەر وشەیەک کە دەنووسرێت، تا لە ناخدا جوان نەکرێت، لەسەر کاغەز، جوان نابێ.

**دڵەکان:**

– هەموو دڵێک جوانە. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە، چی تێدایە؟

**ژنی ڕاستەقینە:**

- ژنی ڕاستەقینە، پووڵ و پارەی بەلاوە گرنگ نییە، چونکە خۆی دەزانێ کە عەشقی ئەو، بە پارە بەراورد ناکرێت.

**ئەو شتانەی لە بایەخی مرۆڤ کەم دەکەنەوە:**
- زمان لووسـی، زۆر گوتن، بەرژەوەندی پارێزی، ئیرەیی بردن، نهێنی نەپاراسـتن، درۆکردن، دەنگ بەرزکردنەوە، شەڕخوازی، بێوەفایی، قسە هێنان و بردن، هەروەها نائەمینی و بێ متمانەیی.

**دووڕوویی:**
ئەوەی کە ڕێگرە لە بەرەوپێشـچوونی سـەرجەم سـەرکەوتنەکان و پیرۆزییەکان، تەنیـا دووڕووییە و هیچی تر. خۆزگە ئەو (لەکە) نـاشـیرینە، لەنـاو کۆمەڵگەدا، ئاسەواری نەمابایە...

**هەڕەشە:**
– کاتێک هەڕەشە لە کەسێک دەەکەی، لەوانەیە خۆت هیچ نەکەی، بەڵام چاوەڕێبە، کەسێکیتر دەیکات و تۆ باجەکەی دەدەی.

**چاوەڕێ:**
– چاوەڕێی هیچ چاکەیەک مەبە لە خەڵکی خراپ. چاوەڕێی پیاوەتی مەبە لە ناپیاو. چاوەڕێی ڕاسـتی مەبە لە درۆزن. چاوەڕێی وەفا مەبە لە بێوەفا. چاوەڕێی بەزەیی مەبە لە بێویژدان. چاوەڕێی فێربوون مەبە لە نەزان. چاوەڕێی هیچ شـتێکی گەورە مەبە، لە خەڵکی بچووک.

**جوانی مرۆڤ:**
– جوانی مرۆڤ، لە وەفادارییدایە.

**خۆناسین:**
کێشەی سەرەکی ئێمەی مرۆڤ، خۆنەناسینە، ئەگەر هەمووومان، هەرکەسە و وەک خۆی، خۆی بناسـێ، ژیان ڕێچکەی خۆی دەگرێت و جیهانێکی تەندرووسـت دێتە ئاراوە.

**هاوکاری:**
کاتێک کەسـێک داوای هاوکاریت لێدەکات و لەدەسـتت دێ، هەوڵبدە نائومێدی نەکەی... چونکە تۆش مرۆڤی و ڕۆژێک دێ، داوای هاوکاری لە کەسـێک بکەی... دڵنیابە... تۆ! هەڵسوکەوتت چۆن بێ، هەر ئەوە دەبینییەوە...

**سەرکردە:**
سـەرکردەکان، کـاتێک جوانن، کە مـاوەی دەسـەڵاتەکەیـان دیـارە و لە مـاوە دیاریکراوەشدا، خزمەت دەکەن و خیانەتیش لە خاک و خەڵک ناکەن.

**بەشێک لە مرۆڤەکان:**

بەوشێوەیە لە ژیان دەڕوانن کە خۆیان مەبەستیانە.

**بێخەم:**

– زۆر کەمن، ئەوانەی کە بێخەمن، تەنیا خەمن، ئەوانەی زۆر بێخەمن.

**هەڵگری ڕاز:**

کەسێک هەڵگریی ڕازیی کەس نەبێ

دۆستی کەس نییە و هیوات پێی نەبێ

**بیستنی درۆکان:**

– پێمخۆشە درۆکان ببیستم، کاتێک ڕاستییەکان دەزانم...!

**فرمێسکەکان:**

– هیچ کەسێک ئاگای لە فرمێسکەکانی تۆ نییە، هیچ کەسێک ئاگای لە خەمەکانی تۆ نییە، هیچ کەسێک ئاگای لە ئازارەکانی تۆ نییە، بەڵام هەموو کەس ئاگای لە هەڵەکانی تۆیە!

**باوەڕ:**

شتێک بڵێ کە خۆت باوەڕت پێی هەبێ، شتێک بنووسە، کە ڕابردووت جوانتر بکات.

**چاکە:**

ئەگەر لە تواناتدا بێ، لە نزیکترین کاتدا، چاکە بکە. لەوانەیە سبەی بمری و فریای ئەو هەلە زێڕینە نەکەوی. ژیان زۆر کوورتە، بە دڵپاکی و خۆشەویستی بیڕازێنەوە.

**حەزی جەستە:**

– حەزی جەستە، خۆشەویستی لە سێدارە دەدات. بۆیە خۆشەویستی، لێرەدا سەرکەوتوو نابێت. (ک)

**مار:**

– مار، کە باڵی پێبدرێت، مەلەکان ماتەمینی ڕادەگەیەنن.

**لەگەڵ هەموو ئەوانەدا:**

دەوڵەمەندی و هەژاری، جوانی و ناحەزی، بەرزی و نزمی، گەنجی و پیری، زانین و نەزانین، ئەگەر کەسێکی خاوەن ئیرادە و خۆڕاگر نەبی، ناتوانی هەرگیز، کەسێکی سەرکەوتوو بی.

**جوانی و پوختی:**

– جوانی و پوختی، تەنیا خۆی لە چوارچێوەی شـــێوەی دەرەوەی مرۆڤ دا نابینێتەوە، بەڵکوو، پوختی لە ناخی مرۆڤدایە. ئەوانەش: زمان، ڕەفتار، وشەکان، دڵ، مێشک، هەروەها ڕێزگرتنی بەرانبەر، ئەگەر مۆری پەنجە، باری کەسێتی بسەلمێنێ، ئەوا مۆری زمان، بەرهەمی پەروەردەکردن و بەرزی ڕەفتار، دەسـەلمێنێ، کەوابوو: با وشەکان، ئاسەوارێکی جوان بخولقێنن لەناو دڵی مرۆڤەکاندا.

**گۆڕانکاری:**

– هەموو شتێک کە گۆڕانکاری تێدادەکرێ، جوانتر دەبێ، جگە لە هاوڕێ، کە هەر لە بەرگی خۆیدا جوانە و هەر جوانتریش دەبێ.

**بەسەربەرزی مردن:**

– بەسەربەرزی مردن، نەک تەنیا بە دەوڵەمەندی ژیان.

**عەقڵ و تەمەن:**

عەقڵ و تەمەن کە بەیەکەوە گەورە بن، نرخی هەردووکیـان هەر بەرەو بەرزی دەچێ، بەڵام کە عەقڵ لە خوارەوەی تەمەن بێ، نە عەقڵیش و نە تەمەنیش، هیچ سوودیان نابێت.

**زمان:**

زمان پارچە گۆشتێکی نەرم و بێ ئێسقانە، دەتوانرێ وەک چارەسەر بەکاربهێنرێ بۆ لابردنی ئازاری دڵە شـــکاوەکان، دەشـــتوانرێ وەک نەشـــتەر بەکاربهێنرێ بۆ بریندارکردنی دڵە ئارام و بێگەردەکاتن.

**دووپشک:**

– تاکە، گیانلەبەرێک کە هەرگیز دە ستەمۆ نابێت، دوپشکە، ئەگەر دە ستەمۆش بێ، بێچارە لە پێوەدان زیاتر هیچی دیکە نازانێت...

**سێ شت مرۆڤ بەدناو دەکات:**

یەکەم: درۆ، دووەم: زۆر بلێی، سێیەم: هاوڕێی خراپ،

**سێ شت مرۆڤ بەختەوەر دەکات:**

یەکەم: هاوخەمی خەمەکانی خەڵک، دووەم: هاوخۆشی خۆشییەکانی خەڵک، سێیەم: بە بەزەیی و ویژدانێکی ئاسوودە.

– **سێ شت مرۆڤ خۆشەویست دەکات:** یەکەم: ڕووخۆشـی، دووەم: نییەت پاکی، سـێیەم: ئەمانەت پارێزی.

– **سێ شت مرۆڤ ناشیرین دەکات:** یەکەم: لاساری، دووەم: فشەکردن، سێیەم: خۆ بە زۆرگری.

**چوار هەنگاوی ئاسان:**

لە چوار هەنگاوی ئاساندا، ژیانت ژەهراوی دەبێ: ئەو چوار هەنگاوانە، لەهەر کەسێکدا بوونیان هەبێ، وازی لێبێنە و با بڕوات. یەکەم: کەسێک کە درۆت لەگەڵدا دەکات، دووەم: کەسێک کە ڕێزت ناگرێت، سێیەم: کەسێک کە بەکارت دێنێ، چوارەم: کەسێک کە نرخت دادەبەزێنێ.

**خۆرکەی نەهێشتنی متمانە، بە هاوڕێ:**

قسەی ڕەق، قسەی نەشیاو، بەکەمگرتن، بە نەزان سەیرکردن.

**ڕازیبوون:**

ڕازی بە بەوەی کە هەتە، چونکە ناتوانی بە هەموو شتێک بگەی، ئەگەر پێشی گەیشتی، لە کۆتاییدا، تێیدا بزر دەبی و سوودی لێ نابینی.

**جوان و ناشیرین:**

– چاوێک کە جوان و ناشیرین نەبینێ، چاوێک کە چاک و خراپ نەبینێ، چاوێک خراپ بە چاک و چاکیش هەر بە خراپ ببینێ، ئەو چاوە بۆچی باشە؟ باشتر وایە کە بڵێم: یاخوا ئەو چاوە، هەرگیز نەبینێ.

**وتووێژ:**

– لەکاتی وتووێژدا، زۆر ئارام بە، گوێ لە بەرانبەرەکەت بگرە و هێرش مەکە، بەدەنگی بەرزیش قسە مەکە، چونکە لەبەر دەنگی خۆت، لە بەرانبەرەکەت تێناگەی.

**دەنگی بەرز:**

– کاتێک بە دەنگی بەرز دەدوێی، تەنیا دەنگت دەبیسترێ، بەڵام کە بە ئارامی دەدوێی، باشتر گوێت لێدەگیرێ.

**ماڵی دڵ:**

دەرگای ماڵی دڵ بۆ کەسێک بکەوە، کە بەشوێنی حەسانەوەی خۆی بزانێ.

**بەئاسانی گرتن:**

– ژیان بە ئاسانی بگری، دنیا هەمووی هی تۆیە.

**هیوا:**

– هەمیشە بەهیوا بە و مەوەستە، کاروانی ژیان بەردەوامە.

**جوانکردنی مرۆڤ:**

هیچ شتێک نابێته هۆی جوانکردنی مرۆڤ، بەڵکوو ئەوە مرۆڤە کە، جوانی دەبەخشێ بە هەموو شتێک.

**زیرەکی:**

زیرەکی، لە زۆرقسەکردندا نییە، بەڵکوو لە چۆن قسەکردندایە.

**جوانی مرۆڤ:**

جوانی مرۆڤ، لە نرخ و ڕێزگرتندایە. هەرکاتێک هەستی کرد لە نرخ و خۆشەویستی، کەمدەبێتەوە، پێویستە بە خۆی و کەموکوورتییەکانیدا بچێتەوە. ئەگەر ئەوە نەکات، کەسایەتی، دەکەوێتە ژێر پرسیار و نابێت چاوەڕێی داهاتوویەکی گەش بکات.

**کردار:**

کردار، مرۆڤ دەناسێنێ، نەک قسەی گەورە... ئەوانەی کە، پاڵەوانی قسەکردنن، لە کرداردا، شتێکیترن...

**ساغ:**

– ساغ لە دنیادا نەماوە، گەر قسەی ساغت دەوێ، بێ هەزارت پێنیشاندەم، گەر قوڕمساغت دەوێ. (وتەی ناوداران)

**حزب و جەماوەر:**

– حزبی بێ جەماوەر، وەک داری بێ گەڵا وایە.

**شکاندن:**

– بەردێکی بێ نرخ دەتوانێ قاپێکی زێڕ بشکێنێ، بەڵام نرخی بەردەکە زیاد ناکات و لە نرخی زێڕەکەش کەمنابێەوە. (سەعدی)

**ئومێد:**

ئەگەر خودا لە پشتت بێ، هەموو دونیا لە دژت بێ، هیچ پیلانێک سەرناگرێ... بۆیە هەمیشە ئومێدت هەبێ.

**شێرپەنجە و برینی زمان:**

جیاوازیی لە نێوان شێرپەنجە و برینی زمان دا، ئەوەیە کە شێرپەنجە بێ چارەسەر نییە، بەڵام... برینی زمان، لەهەر هەناسەدانێکدا، تازە دەبێتەوە و سەرهەڵدەداتەوە!

**ئەو شتانەی کە نابێ بکرێن:**

بێ ڕێزیکردن بە کەسانێک کە تەمەنیان بەرزە، بەهانەگرتن بە خەڵک، بەبێ هۆ، شکاندنی دڵی بەرانبەر بۆ تەمەنێک، لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسەکردن، وەک یەک،

دڵخۆشبوون، به بەکەمگرتنی بەرانبەر، بڕوا نەبوون بە گۆڕانکاری لە کەسانێکدا، کە بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەن، بە نەزان سەیرکردنی خەڵک.

**مرۆڤ و جوانی:**

ئەگەر مرۆڤ هەستی بەو جوانییە کردبایە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، بەردەوام دەستەکانی بەرز دەکردەوە بەرەو ئاسمان و سوپاسگوزاری خۆی دەردەبڕی.

**هاوڕێ:**

دۆزینەوەی هاوڕێیەکی باش، دۆزینەوەی گەورەترین گەنجینەیە. ئەگەرچی هاوڕێی باش، بەراورد ناکرێ بە هیچ شتێکی بەنرخ.

**سێ دەرد دەرمانیان نییە:**

بێعەقڵی، پیری، مردن.

**سەعدی دەڵێ:**

دوو شت پێچەوانەی ئەقڵە: قسەکردن لە کاتی بێدەنگیدا، هەروەها بێدەنگی لەکاتی قسەکردندا.

**خۆری متمانە:**

– هەرکاتێک خۆری متمانە ئاوابوو، دڵت بە داهاتوو خۆش نەبێت.

**ئەوە داوا بکە کە دەبێت:**

– پرسیارێک بکە، بۆ وەڵامدانەوە بێ، داوایەک بکە، بۆ قبووڵکردن بێ.

**دوو شت زۆر گرنگن لە ژیاندا:**

یەکەم- ڕاست بوون لەگەڵ ویژدانی خۆماندا، بۆ ئەوەی ڕێگەی چەوت نەگرین.
دووەم- گوێ لە هەستی دڵمان بگرین، بۆ ئەوەی هەست بە ئازاری دڵەکان بکەین.

**مرۆڤ بوون:**

– مرۆڤ بوون دینێکی تایبەتیی نییە. هەر ئەوەندە کە لەناو خەڵکداین و بە(زمان) هیچ کەسێک بریندار نەکەین، درۆ نەکەین، فێڵ لە کەس نەکەین، دڵی هیچ کەس نەشکێنین، ڕاستی نەکەین بە ناڕاستی، واتە مرۆڤین.

**وڵات:**

– وڵات بەڕێوەبردن، وەک ماڵ بەڕێوەبردن وایە، پیاوێک کە نەتوانێ ماڵ بەڕێوەبەرێت، پێویست ناکات، هاوسەرگیری بکات، کە هاوسەرگیریش بکات،

پێویست نییە منداڵی هەبێ. کەسێکیش بێتوانا بێت، پێویست ناکات هیچ بەڵێنێک بە خەڵک بدات، چونکە خەڵک ژیانی دەوێت و ژیانیش، توانای دەوێت.

**ژن بەنرخترین ئەمانەتە:**

– کاتێک کە ڕۆح دەخرێتە ناو جەستەی تۆ، لەناو(سکی) ژنێکدای، کاتێک کە دەگریەی، لەناو(باوەشی) ژنێکدای، کاتێک کە ئاشق دەبی، لەناو (دڵی) ژنێکدای، ژن ئەمانەتە، نەک بیرێزی کردن بەو. (وتەی ناوداران)

**ئومێد:**

– ئومێد، مرۆڤ بەهێز دەکات، هەروەک خەم و پەژارە، مرۆڤ لاواز دەکات و ژیان ئاڵۆز دەکات.

**هەموو خۆشەویستی خۆت:**

– هەموو خۆشەویستی خۆت بەیەکجار بۆ هاورێکەت دەرمەخە. لەبەر ئەوە هەرکاتێک کەمێک گۆڕانی بەدیکرد، تۆی وەک دوژمن دێتە بەرچاو. (وتەی ناوداران)

**قسەکردن:**

– هەمیشە قسەیەک بکە، کە بتوانی بینووسیت، شتێک بنووسە، کە بتوانی واژۆی بکەی، شتێک واژۆ بکە، کە بتوانی لە دواوەی بوەستی. (وتەی ناوداران)

**بەدەستهاتن:**

– بەهۆی خۆشەویستی، هەموو شتێک بەدەست دێت، بەڵام... هیچ شتێک ناتوانێ خۆشەویستی بەدەست بێنێ.

**ڕاستکردنەوە:**

– هەرکەسێک هەڵەیەکم بۆ ڕاستکاتەوە، ژیانێکی تازەم پێدەداتەوە.

**ئەگەر شاد بووی:**

– ئەگەر شاد بووی، هێواش پێبکەنە، تا خەم خەبەری نەبێەوە، کە غەمگینیش بووی، ئارام بگرە، تا شادی نائومێد نەبێت. (وتەی ناوداران)

**خۆش ژیان:**

– ئەگەر دەتەوێ خۆش بژیت، ڕێگە بە هیچ کەسێک مەدە ڕێگەی ژیانت لێ بگۆڕێت. زۆر کەس وەک دڵسۆز خۆی پێشاندەدات، بەڵام گورگە و لەناو پێستی مەڕدا خۆی دەردەخات.

**مرۆڤ و ئاژەڵ:**

جیاوازیی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دا: ئاژەڵەکان، یان بێ زیانن، یان زیان بەخشن. بێ زیانەکان، بێمەترسین. لەهەر شوینێک بیانبینی، لێیان ناترسی. زیانبەخشەکانیش مەترسیدارن. لەهەر شوێنێک بیانبینی، خۆتیان لێ دەپارێزی. بەڵام... مرۆڤ، بوونەوەرێکە، هەرگیز ناناسرێ...!

**ڕاست بە:**

ئەگەر ڕاست بی، تۆ دەبی بە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە. بەڵام... ئەگەر ڕاست نەبی، دادەبڕێی لە هەموو کەس و بۆ هەمیشە تەنیا دەمێنیتەوە.

**مەیدانی کردار:**

– لە مەیدانی کرداردا، خەڵکت بۆ دەردەکەوێ.

**گەورەیی، خەرجی دەوێ:**

کەسێک کە هەوڵی گەورەیی بدات، بەڵام... خۆی لەناوەرۆکی ئەو پەندە بەنرخە بدزێتەوە، با هەرگیز لە فکری گەورەییدا نەبێت. (سەعدی)

**چاوەڕوانی:**

– چاوەڕوانی ئەو کەسە بکەی کە خۆشتدەوێ، لەگەڵ ئەو کەسەدا بی کە خۆشتدەوێ، بۆ هەمیشە دەمێنیتەوە.

**کەوتن:**

– ئەوەندە کەوتم و کەوتم و کەوتمەوە لە ژیانمدا، هەر ئەوە بوو کە سەرکەوتم. (وتەی ناوداران)

**سەرەتا و کۆتایی:**

لەو نێوانەدا، تەنیا خۆت بەو بەس.

**لەدەستدان:**

– بەهۆی بوونی دڕکێک، سەدان گوڵ لەدەست مەدە.

**جوان و ناجوان:**

ڕێبازی جوان، کەسەکان جوان دەکات. بەڵام زۆر جار، کەسەکانن کە، ڕێبازی جوان، ناجوان دەکەن.

**خوێندنەوە:**

– باشترین هاوڕێ لە ژیاندا ئەو کەسەیە، بەبێ وشە بتخوێنێتەوە، بەبێ قسە لێت تێبگات، بەبێ بەرانبەر تۆی خۆشبوێ.

**تێکدان:**

تەنیا ئەو کەسانەی کە لە ڕووی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی دابڕاون و داڕماون، هەر ئەوانیشن کە هەوڵی تێکدانی ژیانی ئاسای خەڵکی تر دەدەن.

**شایستە:**

– تۆ شایستەی ئەوەی کە لەگەڵ کەسێکدا بی کە خۆشحاڵت بکات، لەگەڵ کەسێکدا کە ژیانت ئاڵۆز نەکات، لەگەڵ کەسێکدا کە ئازارت نەدات.

**باسی خۆت مەکە:**

– هەرگیز باسی خۆت مەکە، چونکە هاوڕێکانت پێویستیان پێی نییە. نەیارەکانیشت باوەڕت پێناکەن.

**نەترس بە:**

– لەکاتی دڵ توندیدا، ئازا و نەترس بە.

**بێئەزموون:**

هەرزەکارێکی سادە و کەم تەمەن، عاقڵترە لە کەسێکی، بێئەزموونی زۆر تەمەن.

**تێنەگەیشتن:**

تێنەگەیشتن زەلکاوێکە، کە مرۆڤ تێیدا نقووم دەبێت و ڕزگاری نابێت.

**باس لەشتێک مەکە:**

– هەرگیز باس لە شـتێک مەکە، کە پەیوەندی بە تۆوە نییە، لە توانای تۆدا نییە، لە تۆ نزیک نییە، هەروەها، بەبێ تۆ، چارەسەر دەکرێ.

**کۆبوونەوە:**

لەڕوانگەی هەندێک کەســـــەوە، کۆبوونەوە، مانای دوور کەوتنەوە، گفتوگۆکردن، مانای شەڕکردن، ڕەخنەگرتن، مانای بێڕێزیکردن، بەڕێزەوە قسەکردن، بێڕێز تیژتر و هارترکردن...!

**چۆن دەستکەوێت:**

– چۆن دەست کەوێت و ڕێزت هەبێ، نەک چەند دەست کەوێت و زۆرت هەبێ.

**ڕابردوو:**

ڕێگە مەدە تاریکی ڕابردوو، پێشـگیری لە ڕووناکی ئێسـتات بکات، ئەوەی کە بوو، بوو...

**ئاسوودەیی:**

ئاسوودەیی خۆت، لە ئاسوودەیی خەڵکدا ببینە.

**خوێندنەوە و سەفەر:**

بۆ بەدەســــتهێنانی ئەزموون، کوورتە ســــەفەرێک، بەســــوود ترە لە خوێندنەوەی چەندین پەڕتووک.

**ڕووداوە ناشیرینەکان:**

– ڕووداوە ناشرینەکان، ڕووداوە ناشرینترەکان دێننەوە بیر.

**ئەستەم:**

– زۆر ئەســتەمە تێگەیاندنی وشــەیەک بە کەســێک، کە بەرژەوەندی لە تێگەیشــتنی دانەبێت.

**ئاژاوەگێڕ:**

– ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا ئاژاوەگێڕ و شەڕخواز بێ، مرۆڤایەتی لەدەستدەچێ.

**هەموو کەسێک بناسە:**

– هەموو کەســـێک بناســـە، بەڵام ڕازی دڵت لەلای هیچ کەســـێک مەڵێ... هەموو کەسێکت خۆشبوێ، بەڵام هاوڕێی هەموو کەس مەبە، خۆت باش بناســە، تا هەموو کەس بناســی، کەســێک خۆی نەناســێ، ناتوانێ هیچ کەس بناســێ، ڕێز لە هەموو کەسێک بگرە، بەڵام هەرکەسە بەپێوەری خۆی.

**لەخۆت باشتر هەڵبژێرە:**

– لەخۆت باشتر هەڵبژێرە و بەهەلی بزانە، ئەگەر لەگەڵ کەسانی وەک خۆت بژیت، ڕۆژگارت لێون دەبێ. (سەعدی)

**زمان مار نییە:**

– زمان مار نییە، بەڵام ژەهری لە ژەهری مار زیاترە.

**کات:**

– وریای کات بە، ناگەڕێتەوە.

**دوو بیرکردنەوەی جیاواز:**

بیرێک لای ئاشتی و پێکەوە ژیانە، بیرێک بێباکی و تەنیا هەر ژیانە!

**خۆر و مرۆڤ:**

من پێموایە (خۆر) نووری خوایە، هەر بۆیە کاتێک دەردەکەوێ، ڕووناکی دەبەخشێ بە هەموو جیهان، مرۆڤیش بە هەمان شێوە، بەشێکە لە نووری خوا، بۆیە هەرکاتێک دەچێتە ناو دڵە خەمبارەکانەوە، ئارامیان دەکاتەوە.

**دوای پارە کەوتن:**

– ئەوانەی تەنیا دوای پارە و مەقام دەکەون، زۆری پێناچێ لەمیش و، لەویش دەبن.

**بە نەزانی ژیان:**

– بە نەزانی ژیان، بە زیندووی مردنە.

**یاسای سرووشت:**

– یاسای سرووشتە، دوای کەمێک ئارامگرتن، تەواوی ڕاستییەکان دەردەکەون.

**پیشە:**

هەر شتێک کە زۆر دووبارە کرایەوە، دەبێتە پیشە، تەنانەت خیانەتیش...

**بۆ بەردەوامی متمانە:**

– بۆ ئەوەی متمانە و خۆشەویستی بەردەوام بێ، خۆزگە ئەو شتانەی خوارەوە بوونیان نەبوایە: درۆکردن، خیانەت بە ئەمانەتکردن، خۆفرۆشتن و خیانەت بە نیشتمانکردن.

**پەڕتووک:**

– ژووری بێ پەڕتووک، وەک جەستەی بێ گیان وایە.

**کێشەکان:**

– ئێمە ناتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین، بەو شێوە بیرکردنەوەی کە پێشتر سوودمان لێوەردەگرت.

**خوێندەواری:**

خوێندەواری چەندە لەبەرکردن نییە، تەنانەت چەندە زانینیش نییە. خوێندەواری ئەوەیە کە بزانی چی فێر بوویی، چەندەی دیکەش دەبێ فێرببی؟

**ئاشتی:**

– ئاشتی بە زۆر ڕاناگیرێت، تەنیا بە تێگەیشتن، دەبێ بەدەست بهێنرێت.

**دوو شت هەیە کە کۆتایی نییە:**

گەورەی جیهان، بێ ئەقڵی مرۆڤ. بەڵام من گومانم هەیە سەبارەت بە گەورەیی جیهان... (وتەی ناوداران)

**دوژمن:**

– لەو دوژمنە مەترسە کە بەرەو ڕووت دێ، لەو دوژمنە بترسە کە خۆی لەبەرگێکی تردا پیشان دەدات.

**دڵخۆش مەبە:**

– دڵخۆش مەبە بەوە کە هەموو کەس خۆشییبوێی دڵخۆشبە بەوە، کە هەموو کەس خۆشینەوێی

**کەسایەتییەکان:**

کەسایەتییەکان، بەهۆی کرداری خۆیانەوە بناسە، نەک بەهۆی زمانی کەسانی دیکە... ئەگەر گوێ لە وتەی هەندێک کەس بگیرێت، دەبێ ڕوو لە زۆربەی خەڵک وەربگێڕدرێت...!

**مرۆڤەکان:**

– مرۆڤەکان، یەکتر لەخۆیاندا دەبینن، خۆیان چۆن بن، ئاواش خەڵک دەبینن!

**ملکەچی:**

– گەورەترین ملکەچی ئەوەیە، کەسێک بێڕێزیت پێبکات،... تۆش ڕێزی لێبگریت...

**چاوپۆشیکردن:**

– ئەوانەی چاوپۆشی دەکەن لە ستەم بەرانبەر بە نەتەوەکەیان، شەرمەزاری گەل و نیشتمانەکەیان دەبن و مێژوویەکی ڕەش بۆ خۆیان تۆمار دەکەن.

**مرۆڤی ڕاستەقینە:**

– پیاوی ڕاستەقینە ئەوەیە دوژمنەکانیشی باوەڕی پێبکەن، نەک دۆستەکانی لێی بێزاربن.

**خۆناسین و شوێن ناسین:**

لەخوارەوە دانیشی و بتبەنە سەرەوە، باشترە کە، لەسەرەوە دابنیشی و بتبەنە خوارەوە.

**پایز:**

پایز، لەیەکەم ڕۆژی وەرزی پایزەوە دەست پێناکات، بەڵکوو لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات، کە دڵ هەست بە نائومێدی دەکات.

**شێوە جوانکردن:**

– کە ویستت شێوەت جوان بکەی، دڵت پڕکە لە خۆشەویستی.

**جوانی دەروون:**

– جوانی دەروون، شێوە و ڕوخسار جوان دەکات.

**مرۆڤایەتی:**

– چاکە و مرۆڤایەتی بکە بە بەرنامەی ژیانت، بەڵام هەرگیز منەت لەسەر کەس مەکە... چونکە هەرکاتێک ئاماژەت بە چاکەکانت کرد، باش بزانە هیچت نەکردووە.

**ڕێگە مەدە:**

هەرگیز ڕێگە مەدە ڕۆحی کەسێکی دیکە بێتە ناو جەستەی تۆ، هەوڵ بدە هەر خۆت، خۆت بی و، هەر خۆشت خاوەن بڕیاری خۆت بی.

**ڕازی سەرکەوتن:**

١-بەرەو دواوە مەگەڕێوە، ٢-لە فکری داهاتوودابە، ٣-ئەرێنیانە بیر بکەوە، ٤-تا کۆتایی توانای خۆت، هەوڵ بدە (وتەی ناوداران)

**هاوارکردن:**

– من هەرگیز لەدەستی بێگانە هاوار ناکەم ئەوەی لەگەڵمدا کرا، ئاشنا کردیان... (فارسی)

**گوێ نەگرتن:**

– زۆر کەس گوێ ناگرێت بە مەبەستی تێگەیشتن، ئەوان گوێ دەگرن بەمەبستی وەڵام دانەوە...

**پەشیمان نیم:**

– لە ڕابردوو پەشیمان نیم، تەنیا لەو کاتانە پەشیمانم کە لەگەڵ خەڵکی ناڕاستدا، بەسەرم بردووە.

**بیرەوەرییەکان:**

نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ئەمڕۆ، سەرئێشەیە بۆ ڕۆژانی داهاتوو. چونکە ژیان، مانا ڕاستەقینەکەی لەدەستداوە و ناخۆشییەکان، جێی خۆشییەکانیان گرتۆتەوە.

**ئاوێنە:**

– ئاوێنە، نموونەی هاوڕێی چاکە، هەرکاتێک نەتوانی لە هاوڕێکەتدا خۆت ببینی، وەک هاوڕێ سەیری مەکە.

**دوژمنی زانا:**

– دوژمنی زانا، بەرزت دەکاتەوە، دۆستی نەزانیش، دەتڕوخێنێت، کەوابوو، با وریابین لە هەڵبژاردنی دۆست. (سەعدی)

**دیاری:**

– گەورەترین دیاری، بچوکترین کردارە.

**پێبکەنە:**

– لەگەڵ ژیاندا پێبکەنە، تا ئەویش، بە ڕووتا پێبکەنێ.

**خۆرئاسا بە:**

– خۆرئاســـــا بە، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو کەســـــێکدا وەک یەک بی. نەک وەک شەوەزەنگ، کە هیچ کەس ڕووت نەبینێ.

**کەس مەگریەنە:**

– پێمەکەنە لەگەڵ کەسێکدا، بۆ گریاندنی کەسێکی تر. (وتەی ناوداران)

**هاوڕا و هاوڕێ بوون:**

کە دڵ و مێشکت هاوڕا بوون، هیچ کێشەیەک ڕووبەڕووت نابێەوە.

**ناخ:**

ئەوانەی کە ناخیان گەشـــــە، هەرگیز ناتوانن ڕەشـــــبین بن، ئەوانەیش کە ناخیان ڕەشە، هەرگیز ناتوانن گەشبین بن.

**نییەتپاکی:**

ناخی مرۆڤ پێویستی بە ئاسوودەیی هەیە، ئاسوودەییش، پێویستی بە ویژدانێکی ئارام هەیە. ویژدان کە ئارام بوو، دڵ و مێشـــــکیش ئارام دەبێ. ئەوکاتە ژیان، سرووشتی تایبەتیی خۆی وەردەگرێ.

**ئەوەی کە لەگەڵت ڕاستە:**

– تاکە شتێک کە لەگەڵتدا ڕاست بێ، دڵی خۆتە، بۆیە دوای کەوە. بەڵام... مێشکت لەگەڵ خۆتـدا ببە و وریـای بیرکردنەوەت بە. بۆ ئەوەی هەڵەیەک نەکەی کە، هەردووکیان شەرمەزار بکەی...

**گوڵ:**

– گوڵئاسا بە و، هەمیشە گەش بە.

**پێشهاتە دڵتەزێنەکان:**

بۆ هەر پێشـــــهاتێکی نالەبار و چاوەڕوان نەکراو، کەســـــە ژیرەکان بەشـــــێوەیەکی مرۆڤ دۆســـــتانە بڕیار دەدەن. کەســـــە نەفام و هیچ لەبـاردا نەبووەکـانیش، بەشـــــێوەیەکی دڵڕەشـــــانە، کوڵی دڵی ڕەشـــــی خۆیان دەڕێژن و ئاگری فیتنە خۆشدەکەن.

**متمانە و کەسایەتی:**

خۆزگە وەک پێویست، نرخی کەسایەتی و متمانەمان دەزانی، زانایەک دەڵێ: ئەگەر کەسێک، یەکێک لە ئەندامانی لەشی لەدەستدا، زیانێکی بچووکی لێکەوتووە، ئەگەر کەسێک زیانێکی ماڵی لێکەوت و هیچی نەما، هیچ زیانی لێنەکەوتووە، بەڵام ئەگەر یەکێک متمانە و کەسایەتی لەدەستدا، هەموو شتێکی لەدەستداوە.

**وتەی ژەهراوی:**

هەر وتەیەکی ناخۆش و ژەهراویت لە هەرکەسێک بیست، ڕووت وەرگێڕە و وابزانە هەر نەتبیستووە، لە هەر شوێنێکیش نووسرابوو، بیسڕەوە و با کەس نەیبینێ. چونکە وتەی ناخۆش، تا زیاتر گوێی لێبگرێت، زیاتر خەمت پێدەدات...

**هاوڕێی ڕاستەقینە:**

هاوڕێ ڕاستەقینەکانت، بەراورد بکە بە هەموو سامانی جیهان.

**سوپاسگوزاری:**

– با سوپاسگوزاری کەسانێک بین کە خۆشحاڵمان دەکەن، ئەوان، باخەوانێکی سەرنجڕاکێشن. کە ڕووحی ئێمە دەپشکوێنن. (وتەی ناوداران)

**شەمشەمەکوێرە:**

– شەمشەمەکوێرە کە بە ڕۆژ نابینێ، تیشکی خۆر چ تاوانێکی هەیە؟! کە ڕاستیت دەوێ، هەزار چاو کوێر بێت باشترە، لەوەی کە خۆر ڕەش بێ. (سەعدی)

**جوانکردن:**

– جار هەیە، (کەسێک) ولاتێکت لەلا جوان دەکات، زۆر جاریش هەر ئەو(کەسە)، وڵاتێکت لەلا ناشیرین دەکات.

**هاوڕێ:**

تاکوو پێمنەڵێی هاوڕێکەت کێیە، من چۆن بزانم بنەچەکەت کێیە؟

**مرۆڤ و هەڵوێست:**

– باس لە هەڵەکانی خۆت بکەی باشترە، نەک بە قسە خۆت بکەی بە پاڵەوانی ڕۆژگار.

**هۆی خۆشحاڵبوونی خۆت، هەر خۆتی:**

– تەنیا کەسێک دەتوانێت بۆ هەمیشە خۆشحاڵت بکات، ئەو کەسەش هەر خۆتی.

**دۆڕاندن:**

لە یاسـای قومارچییەکاندا، جگە لە دۆڕاندن، هیچ سـەرکەوتنێک و بەرهەمێکی تر، بوونی نییە. کـاتێکیش کە دەدۆڕێن، بەردەوام، هەڕەشـــەی بردنەوە دەکەن و لە کۆتاییشدا، زیاتر دەدۆڕێن.

**جیاوازیی:**

بێگانە، دۆسـت، خزم و کەس؛ لە بێگانە مەترسـە، چونکە کاری پێت نییە. دۆسـت، یان چاکە یان خراپ. ئەگەر چاک بوو، وەک چاو دەپارێزرێ و ڕادەگیرێت. ئەگەر خوا نەکا خراپیش بوو، پەیوەندیت لەگەڵیدا نامێنێ. بەڵام... کێشـــەی گەورە خزم و کەسە. چونکە چاک بێ، یان خراپ، هیچی لەگەڵ ناکرێ.

**کردەوە:**

بە بەڵێن، هیچ کەس سـەرگەرم و دڵخۆش مەکە. هەرچی پێتدەکرێ، بەکردەوە بیکە و بەس.

**خۆگۆڕین:**

مرۆڤەکان، تا خۆیان، خۆیان نەگۆڕن، هیچ کەسێک ناتوانێ بیانگۆڕێ.

**مێژوو:**

مێژوو، مرۆڤ درووســـتناکات، بەڵکوو ئەوە مرۆڤە، کە بە کرداری جوان، یان ناشیرین، مێژوویەک بۆ خۆی تۆمار دەکات.

**ڕێزی خۆت بپارێزە:**

– تۆ لەسـەر قەدر و ڕێزی خۆت بمێنەوە و یاری و جەفەنگیش بە هاونشـینەکانت بسپێرە. (سەعدی)

**هاوڕێ خۆشەویستە:**

هاوڕێی ڕاسـتەقینە، جگە لەوە کە زۆر بە نرخە، زۆریش خۆشـەویسـتە، چونکە دڵنیای لەوە کە هیچ کاتێک زیانت پێناگەیەنێت. بەڵام هەرکاتێک هەسـتت کرد کە بچوکترین زیان بە کەسـایەتیت دەگەیەنێت، وشـەی ڕاسـتەقینەی لەسـەر لابەرە و وەک خەڵکی ئاسای سەیری بکە و ڕێزیشی لێبگرە.

**سێ شت مرۆڤ خۆشەویست دەکات:**

یەکەم- ڕووخۆشی، دووەم- نییەتپاکی، سێیەم- ئەمانەتپارێزی.

**چاکە:**

تا دەتوانی چاکە بکە، بەڵام لەگەڵ کەســـێکدا نا، کە جیاوازیی لەنێوان چاکە و خراپەدا ناکات.

**ناسین:**

ناسینی هەموو خەڵکی وڵات، ئاسان نییە، بەڵام زۆر جار، ناسینی کەسێک جێگەی خەڵکێک دەگرێتەوە.

**یەکگرتوویی:**

بە پارە زۆر شت دەکڕدرێ، بەڵام دڵێک کە باوەڕی تێدابێ، هەرگیز.

**لێبگەڕێ:**

– لێبگەڕێ، ڕابردووت باشترت بکات، نەک خراپتر.

**ئازایەتی:**

هێز و ئازایەتی هەمیشە بە مەداڵیای سەرکەوتن ناژمێردرێن. ئەوان ئەژمار دەکرێن لەکاتی بەرەنگار بوونەوە و ســـەرکەوتندا. خەڵکە بەهێزترەکان ئەوانە نین کە هەمیشـــە براوەن، ئەوان، ئەو کەســـانەن کە واز ناهێنن کاتێک دەدۆڕێن. (وتەی ناوداران)

**نەترس، ئازا:**

– تۆ هەرگیز نەترس و ئازا نابی، ئەگەر توشـــی ئازار نەبی، تۆ هەرگیز فێری هیچ نابی، ئەگەر هەڵە نەکەی، تۆ هەرگیز سەرکەتوو نابی، ئەگەر بەرەنگاری شکستەکانت نەبیتەوە.

**گریان:**

– ویســـتم بۆ لەدەســـتدانت بگریم! ســـەیرم کرد، هەموو فرمێســـکەکانم لە پێناو بەدەستهێنانت دا، ڕشتووە...

**بێهیوا مەبە:**

– لە ئاوا بوونی خۆر، بێ هیوا مەبە. ئەگەرچی ئێواران بزر دەبێ، بەڵام هەموو بەیانییەک، دەردەکەوێتەوە.

**مرۆڤبوون:**

بۆ ئەوەی هەرگیز بیر لە زیان گەیاندن نەکەیتەوە، تەنیا مرۆڤ بە و هیچی تر. چونکە مرۆڤی ڕاستەقینە، هەرگیز بیرۆکەی خراپی بە مێشکدا نایە.

**زیانگەیاندن:**

مرۆڤ هەرکاتێک بیر لەزیانگەیاندن بکاتەوە بەرانبەر بە کەسێکی تر، بێ ئەوەی خۆی بزانێت، ڕووبەڕووی چەندین زیان دەبێتەوە.

**ئەگەر:**

ئەگەر گەرەکتە ڕێزت هەبێ، ڕێز لە خەڵک بگرە، ئەگەر گەرەکتە خۆشەویست بی، خۆشەویستی دەرببڕە.

**وتەکانت بەفیڕۆ مەدە لەگەڵ:**

کەسێک، کە کەڕە و چاوی لێت نییە، کەسێک، کە لاڵە و ناتوانی لێی تێبگەی، کەسێک، کە بێهەستە و هیچ شتێکی بەلاوە گرنگ نییە، کەسێک، کە بێسۆزە و بایەخ بە هیچ نادات، کەسێک، یان خۆی پێ کەمە، یان گرنگی بە کەس نادات! کەسێک، کە خاوەن وەفا نییە و بیریش لە کەسایەتی خۆی ناکاتەوە!

**هاوشێوە:**

بەشێک لە مرۆڤەکان، هاوشێوەی باڵندەکانن، جوانن، لەبەرچاون، دەنگ خۆشن، بەڵام... نامۆن و هەرگیز ماڵی نابن. (ک)

**ڕۆیشتن:**

– چۆن دەڕۆین؟! ئەو ڕۆیشت، ئەوەی تریش ڕۆیشت، ئەوان ڕۆیشتن و من و تۆش هەر دەڕۆین... بەڵام چۆن دەڕۆین و کەی دەڕۆین، ئەوە گرنگە و بۆ هەمووومان پرسیارە و وەڵامەکەش، هەر لای خۆمانە، بە جوانی هاتین، کە بەجوانی بژین، هەر بەجوانیش دەڕۆین.

**وریای سێ شت بە:**

ئاگر، توورەیی، خۆشەویستی، ئاگر، بێبەزەییە و هەر شتێک پێی بگات، دەیسوتێنێ، توورەیی زۆر، ژیان دەسوتێنێ، خۆشەویستی زۆر، دڵ دەسوتێنێ.

**دیاری، بەنرخە:**

دیاری، لە هەر کەسێکەوە بێ، ناتوانرێ نرخی بۆ دیاری بکرێت، چونکە زۆر بەنرخە. مرۆڤیش دیاریەکی زۆر بەنرخی خوای گەورەیە و هیچ کەسێک ناتوانێ نرخی بۆ دیاری بکات. مەگەر ئەو کاتە، کە بۆ خۆی، خۆی هەڕاج بکات و وەک کاڵا، خۆی بفرۆشێت...

**سەرنەکەوتن:**

تێکشکان و سەرنەکەوتن، هۆیەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی خەڵک یان بەرانبەرەکەی لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتدا.

**دایک:**

– دایک! ئەی جوانترین فریشتەی سەرزەوی، هەر تۆ شایانی ئەوەی کە بەهەشت، لەژێر پێکانتدا بێت.

**خۆت بە:**

– خۆت بە! لە ژێر کاریگەری هیچ کەسێکدا مەبە و هەوڵیش بدە خۆت، خاوەنی خۆت بی.

**بێئەزموونی و هەڵەی گەورە:**

هەر کەسێک یان هەر لایەنێک، سوود لە ئەزموون وەرنەگرێت، هەڵەی زۆر گەورەی پێدەکرێت.

**خواپەرستی:**

ئەگەر خوازیاریت خوا لەخۆت ڕازی بکەیت، ١- درۆ مەکە، ٢- دووڕوو مەبە، ٣- ئەوەی کە هەی، هەر ئەوە بە. ئەوانە بکەی، ڕۆژوو بگری، نوێژ بکەی، سوودی نییە و باشترە هەر نەیکەی...

**لەخۆبایی مەبە:**

تۆ کە جارێک هەستی کەسێک بریندار بکەیی و بە پێکەنینەوە سەیری بکەی، زۆری پێناچێت هەموو ئەوانەی کە دەتناسن و ناتناسن، بە گاڵتەوە سەیرت دەکەن و دەبی بە پەندی ڕۆژگار.

**بیرکردنەوە:**

– پێش ئەوەی بیر لەژیان بکەیەوە، بیر لە سەرکەوتن بکەوە.

**بڕیاردان:**

– ئەگەر تۆ بڕیار لەسەر خەڵک بدەی، کاتی ئەوەت نابێت کە خۆشت بوێن.

**ئەخلاقی بەرز:**

– ئەخلاقی بەرز، جوانترین بەهایە.

**سوود وەرنەگرتن:**

– مرۆڤ، کە سوودی لە ڕابردوو وەرنەگرت و دۆست و نەیارەکانی لەیەک جیا نەکردنەوە، زۆری پێناچێ، پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ و لە ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە.

**هەڵوێست:**

هەرکەسێک خاوەن هەڵوێست نەبوو، کاتی لەگەڵدا بەفیڕۆ مەدە.

**نزیک کەوتنەوە:**

– ئەوەی کە دوورە و نزیک دەبێتەوە، چەندە خۆشی هەیە، ئەوەیش کە نزیکە و دوور دەکەوێتەوە، ئەوەندە ئێشی هەیە.

**هاوڕەنگ:**

– ئەگەر گەرەکتە ئابڕووت نەچێ، هاوڕەنگی خەڵک بە. (سەعدی)

**هەڵە:**

ئەگەر دەتەوێت هەڵە نەکەی، باش گوێبگرە، باش ببینە، باش قسەبکە و ڕاوێژ زۆر بکە.

**وزە:**

– وەک تیشکی خۆر بە، وزە و ڕووناکی ببەخشە.

**نەزان:**

نەزانی مرۆڤ، لە باسکردنی خەڵکدا دەردەکەوێ.

**کردارەکان وەڵام دەدەنەوە:**

لایەنی سەرکەوتوو، هەرگیز بیر لە شکستی هیچ لایەنێک ناکاتەوە، بەڵام لایەنی سەرنەکەوتوو، تەنیا بیر لە ناوزڕاندن دەکاتەوە!

**مێشک:**

خراپترین شت بۆ مرۆڤ، ئەوەیە کە مێشکی لەشوێن خۆی بوەستێ و عەقڵی گەشە نەکات.

**سێ کەس لەژیانتدا بخەرە دەرەوە:**

١– ئەوەی تێکەڵاویت بە گران دەزانێت، ٢– ئەوەی هەستەکانت بێ نرخە لەلای، ٣– ئەوەی نرخت نازانێ و خۆشحاڵ دەبێ بە تێکدانی مەزاجت و ڕوخانت.

**وش:**

تاڵترین و شیرینترین شت کە لەدەمی مرۆڤەوە دەردەچێ، وشەیە.

**کۆیلەیی:**

– کۆیلەی و بێهەڵوێستی مرۆڤەکان لەوەدا دەردەکەوێ، کاتێک کە بێڕێزیان پێدەکرێت، بەڵام ئەوان، لە بەرانبەردا ڕێز بنوێنن و کڕنوش ببەن.

**ڕێز:**

– هیچ کات بە گەورەییت ڕێز بەدەست مەهێنە بەڵکوو، هەوڵ بدە بە ڕێزت گەورەیی بەدەست بهێنی..!!

**بەختەوەری:**

– هۆی بەختەوەری نییە کە هەموو کەسێک لێت ڕازی بێت، بەڵکوو هۆی شانازیە کە هەموو کەسێک لێت ڕازی نەبێت.

**قسەکردن:**

زۆر قسەکردن هونەر نییە، چۆن قسەکردن هونەرە.

**فریودان:**

دیمەنی جوان گەلێک جار، هەر دیکۆرو فریودانە. هەروەکوو سێوە خانێ، لە دەرەوە دڵڕفێن، لەناویشدا وێرانە. (مەبەست لەو نووسینە ئەوەیە کە، جوانی تەنیا بە ڕەنگ نییە)

**ئەگەر ویستت:**

– ئەگەر ویستت شتێک بشاریتەوە لە ناو پەڕتووکێکدا بیشارەوە. چونکە، ئەم میللەتە پەڕتووک ناخوێننەوە! (وتەی ناوداران)

**بێ مێشکەکان:**

– کێشەی بێ مێشکەکان ئەوەیە، هەمیشە دەمیان کراوەیە.

**باشتربوون:**

تۆ کە نەتوانی ئەمڕۆ لەدوێنێ باشتربی، بۆ ئەوە نابی، جێی متمانەی هیچ کەسێک بی.

**دۆستبوون:**

– نە دۆستی هەموو کەسێک بە، نە دوژمنی هەموو کەسێک. کەسێک کە دۆستی هەموو کەسێکە، دۆستی هیچ کەسێک نییە. کەسێکیش کە ڕقی لە هەموو کەسێکە، جێی متمانەی هیچ کەسێک نییە.

**داهاتوو:**

داهاتوو، بۆ ئەو کەسەیە، کە بزانێ چۆن چاوەڕێی دەکات. (پەندی ڕوسی)، هەرگیز نابێت ئەوشتە لەدەست بدەی، کە هیچ شتێک شوێنی ناگرێتەوە.

**جوانی مرۆڤ:**

خۆشەویستی و جوانی مرۆڤ لەوەدایە، کە هەرگیز زیان بە کەس نەگەیەنێت و بیرەوەری ناخۆشیش لەسەر دڵی هیچ کەسێک جێنەهێڵێ.

**جوانکاری:**

- مرۆڤ، ئەگەر نەتوانێ جوانکاری لە ناخی خۆیدا بکات، هیچ سوودی نییە کە دەستکاری شێوە و ڕوخساری بکات.

**بانێک و دوو هەوا:**

تا بانێک و دوو هەوا بوونی هەبێ، هیوات بە ژیان و داهاتوو نەبێ.

**مرۆڤ بەنرخە:**

- مرۆڤ ئەگەر نرخی خۆی بزانێ، هەرگیز خۆی بە هیچ پلەوپایە و هەرچی سەرمایەی دونیایە، ناگۆڕێتەوە. کاتێک کە بەنرخە، لە هەموو شتێک بەنرخترە، بەڵام کە نرخی لەدەستدا، لە هەموو شتێک بێنرخترە.

**هاوڕێی باش:**

– هەر هاوڕێیەکی باش، خوێندنگایەکە. هەر خوێندنگایەکیش، ژیانێکی ترە.

**بە ڕەنگ فریو مەخۆ:**

مەرج نییە هەر شتێک لە دەرەوە سپی بوو، لە ناوەوەش هەر سپی بێ، ڕەنگی هێلکە لە دەرەوە سپییەو، زۆر جاریش، ناوەکەی ڕەش دەردەچێ.

**ساتەکانی تەمەن:**

– با نرخی ساتەکانی تەمەنمان بزانین و جگە لە چاکە، بیر لە هیچی تر نەکەینەوە.

**خۆناسین:**

مرۆڤ تا خۆی نەناسێ، ناتوانێ هیچ کەس بناسێ.

– هەرکاتێک یەکێک قسەیەکی خراپی بەرانبەر کردی، بیخەرە سەر کاغەزێک و بیخەرە ژێر پێت، دوایی دەبینی، لەگەڵ زۆربوونی قسەکاندا، تۆ چەندە بەرز دەبیتەوە...

**وردەکارییەکان:**

– ئەگەر زۆر لە وردەکارییەکانی هاوڕێکانت بکۆڵیتەوە، لە کۆتاییدا بەتەنیا دەمێنیتەوە.

**خۆناساندن:**

– بۆ خۆناساندن، خۆسەپاندن پێویست نییە، ئەو چەند خاڵەی خوارەوە، باشترین پێناسەن بۆ مرۆڤ: ئارامی، هەڵسوکەوتی جوان، گونجان، بێ فێڵی لەگەڵ خەڵکدا، چەواشە نەکردنی هیچ کەس، ئازارنەدانی هیچ کەس بە هیچ شێوەیەک.

**بیرورا:**

– ڕێز لە بیروڕای خەڵک بگرە تاکوو ڕێزت لێ بگیرێت.

**ژیان:**

ژیان کاتێک پێی دەوترێ ژیان، کە ڕازی بی بەوەی کە هەتە، ژیان بریتیی نییە لە ڕاکردن بەدوای پارەدا، بەڵکوو بریتییە لە ڕازیبوون و مێشک پەروەردە کردن.

بۆ خۆ ژیان، بۆ کەس نەژیانە.

**پێکەنین:**

– لەگەڵ دنیادا پێبکەنە، تا ئەویش بەڕووتە وە پێبکەنی.

**ناخ:**

- ئەوانەی کە لە ناخدا جوانن، چەندە دوور بن، هەر نزیکن. ئەوانەیش کە لە ناخدا ناشیرینن، چەندە نزیک بن، هەر دوورن.

**کەسایەتیی:**

ئەوەی مرۆڤ گەورە دەکات، سامانی زۆر نییە. هەروەها ئەوەی کە مرۆڤیش بچووک دەکاتەوە، هەژاری نییە. بەڵکوو گەورەی مرۆڤ، لە سۆز و بەزەیی و کەسایەتی بەرز دایە، کە بێگومان، کەسایەتیش گەورەترین سامانە بۆ هەر مرۆڤێک.

**نییەتپاکی:**

– تەنیا نییەتپاکییە، کە هەمووان لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە.

**ڕێگەی گەیشتن بە خوا:**

– ڕێگەی گەیشتن بە خوا دور و درێژە. گرنگ نییە بگەینە کۆتایی ڕێگەکە. گرنگ ئەوەیە، کە لەسەر ڕێگەکە بمرین. ڕێگەی هاوڕێیەتیش دوور و درێژە، بۆیە هەموو کەسێک توانای ڕۆیشتنی نامێنێ.

**تێگەیشتن:**

مرۆڤ تاکوو لەمانای پیاوبوون و ژنبوون و مرۆڤ بوون تێنەگات، مافی ئەوەی نییە کە بڵێ: من بە مانای وشە، ئەو مرۆڤەم کە جێگەی متمانەبم.

**پێوانە:**

کێشـــەکانی ژیان و کۆمەڵگە، لەوەوە ســـەرهەڵدەدات، کە زۆربەی خەڵک بەپێی ئەزموونی ڕابردووی خۆی، پێوانەی خەڵکی تر دەکات!

**پارە:**

– مرۆڤ کاتێک ڕوو لە پارە دەکات، پشت لە زۆر شت دەکات.

**بچووک بوونەوە:**

ئەگەر وەفات بۆ وەفادارەکانت نەبێت، چەندە گەورە بیت، هەر بچووکتر دەبیتەوە.

**باشبوون:**

– ئەگەر نەشتوانی باش بی، هەوڵ بدە کە خراپ نەبی.

**هەر شتێک کە دەیڵێی:**

سەرەتا پێویستە خۆت، باوەڕت پێی هەبێ.

**ناخ گۆڕین:**

ئەستەم نییە کە مرۆڤ، ڕەنگی پێستی بگۆڕێ، بەڵام زۆر مەحاڵە کە بتوانێ، ناخی بگۆڕێ.

**دارمان:**

– بۆ ئەوەی بینای بەرزی ئامانجەکانت، لە بناغەوە تێکبڕوخێ، ڕوو لە دۆســتەکانت وەرگێڕەو پشت بە نەیارەکانت ببەستە.

**وشەی نابەجێ:**

هەر وشـــەیەکی ناخۆشـــت لە کەســـە نەگونجاوەکان بیســـت، بێزار مەبە، چونکە سرووشت ناگۆڕێت، بەڵام جارێکی تر ڕووبەڕووی مەبەوەرە و مێشکی خۆتی پێوە خەریک مەکە.

**نائومێدی:**

– مرۆڤ کاتێک نائومێد دەبێ، زمانی درێژ دەبێ، وەک پشیلە، کە ناچار بوو، شاڵاو بۆ سەگ دەبات. (سەعدی)

**کەسایەتییەکان:**

مرۆڤەکان کاتێک لە دایک دەبن، هەموویان پاک و بێگەردن، بەڵام کە گەورە دەبن، بەهۆی کاریگەری ئەملا و ئەولا و هەڵسوکەوتی جۆراجۆر، کەسایەتیان دەگۆڕێ.

**ڕازی بە:**

ڕازی بە بەوەی کە هەی، شانازی بکە بەوەی کە بووی، هەروەها خۆشحاڵ بە، بەوەی کە دەبی، چونکە ژیان، دیاریەکی بەنرخە و برتییە، لە گۆڕانکاری.

**جێگرتنەوە:**

هەرکاتێک بێئەزموونی جێگەی ئەزموونی گرتەوە، هەرکاتێک دووڕوو، بوو بە ڕاوێژکار و جێگەی دڵسۆزی گرتەوە، هەرکاتێک ناڕاست، بوو بە دەمڕاست و جێگەی هەموو کەسی گرتەوە، هەرکاتێک نەزانین، بوو بە باوو، جێگەی زانستی گرتەوە، لەو کاتانەدا، ژیان دەبێتە شەوەزەنگ و ڕێگەی دەرچوون لە کێشەکان، بزر دەبێ و هەرچی بیرۆکەی ڕاستە، لەبیر دەچێتەوە!

**سەرکەوتن:**

سەرکەوتن بەرەو بەرزای، گرنگ نییە، بەڵکوو مانەوە و خۆڕاگری، گرنگە. بەدەستهێنانی دڵی خەڵکیش، هونەر نییە، بەڵکوو ڕازیکردن و پیڕاگەیشتن، هونەرە.

**سێبەری کەسی بچووک:**

لە خاکێکدا، کە سێبەری کەسی بچووک گەورەبوو، لەو خاکەدا، خۆر لە ئاوابوون دایە. (وتەی ناوداران)

**ڕابردوو:**

چۆن ڕابردوو لەبیر دەکەم؟! لەکاتێکدا، کە هاوڕێ باشەکانم، خۆشبەختی ئێستا و سەرمایەی داهاتووی منن.

**نهێنی سەرکەوتن:**

نهێنی سەرکەوتن نازانم، بەڵام نهێنی شکست، ئەوەیە کە بتەوێت هەمووان لەخۆت ڕازی بکەیت.

**نەخۆشی و خەم:**

زۆرێک لە نەخۆشییە مەترسیدارەکان، بەهۆی خەمەوە درووست دەبن. ئەو خەمانەش، بەهۆی جۆراوجۆرەوە، درووست دەبن. بۆ ئەوەی خۆمان لەو نەخۆشییانە دوور بخەینەوە، با مێشکمان لە خەمە جۆراوجۆرەکان پاک بکەینەوە.

**خۆری تەمەن:**

دوورکەوتنەوەی هەندێک لە ئازیزان، بەشێکە لە ئاوابوونی خۆری تەمەن.

**گەورەیی:**

– گەورەیی خۆت لە گەورەیی خەڵکدا ببینە. چونکە بە بچووک کردنەوەی هیچ کەسێک، تۆ گەورە نابی.

**بەجوانی مانەوە:**

– بۆ ئەوەی بەجوانی بمێنیتەوە، تەنیا کەسـێک بە کە خۆتی، نەک کەسـێک، کە کەسێکیتر گەرەکیەتی.

**دوو هەڵەی جیاواز:**

لەبری ئەوەی باس لە هەڵە و کەموکوورتییەکانی خەڵک بکەی، باس لە هەڵەکانی خۆت بکە. بەڵام کە زۆریش سەر بخەیە سەر خۆت، هەست بە لاوازیت دەکرێت.

**مردن بەسەربەرزی:**

– هەرکاتێک زانیت کە دەمری، لەپێناو چاکبوونەوە و تەمەن درێژیدا، هەوڵ مەدە پێڵاوی هیچ کەسـێک بلێسـیتەوە، چونکە مردن، بەسـەربەرزی، ژیـانێکی شەڕافەتمەندانەیە. (وتەی ناوداران)

**وشەی نەشیاو:**

لەناو هەر کۆڕ و دانیشتنێکدا، چاوەڕوانی وشەی شیاو، لە کەسە شیاوەکان بکە و وشەی نەشیاویش، لە کەسە نەشیاوەکان.

**یاسا:**

کە یاسا هەبوو، ڕێساش دەبێ. کە ڕێسا هەبوو، مرۆڤایەتیش دەبێ، کە مرۆڤایەتی هەبوو، هەسـت و سـۆزیش دەبێ، کە هەسـت و سـۆز هەبوو، متمانەش دەبێ، کە متمـانە هەبوو، پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی بەهێز دەبێ، کە پەیوەنـدیەکی مرۆڤی دروستبوو، ژیان و بە یەکەوە ژیانیش، درووست دەبێ.

**گەورەترین هەڵە:**

گەورەترین هەڵە لەوەدایە، پێش ئەوەی دوژمن بتکاتە ئامانج، دۆسـتە نزیکەکانت وەک دوژمن سەیر بکەی.!

**زمان لووسی:**

زمان لووسـی، هەورێکە، ئاسـمانی بێگەردی دڵەکان دادەپۆشـێت و دەریای ڕوونی بیرکردنەوەش دەشێوێنێ.

**د.مەحمود موعزەمی:**

مرۆڤ بە هیچ ناڕوخێت. نە سەختی ژیان، نە تاڵی ڕۆژگار. بەڵام هەندێ جار، بە وشەیەک لە دۆستێک!!! نەک دڵ، بەڵکوو سەرتاپا گیانی وورد دەبێ.!!

**بینین:**

چۆن بەرانبەرەکەت ببینی، ئەویش بە هەمان شێوە، تۆ دەبینێ. کەوابوو، جوان خەڵک ببینە، تا ئەوانیش، جوانتر، تۆ ببینن.

**بێعەقڵی:**

بێعەقڵێکی نەخوێندەوار، لە بێعەقڵێکی خوێندەوار، عاقڵترە.

**ڕووی ڕاستەقینە:**

بۆ ئەوەی زووتر وەڵامی پرسیار و داواکارییەکانت لە خەڵک وەربگریتەوە، ماسکەکەت لابەرە و ڕووی ڕاستەقینەی خۆت پێشان بدە.

**هەنگاوی پێویست:**

هەر هەنگاوێک، پێویستە بۆ ژیان، بە مەرجێک، نەبێتە هۆی پەشیمانی، یان تێداچوون.

– زۆر کەس لە پێناو گەل و وڵاتدا، خۆیان فیدا کرد. بەڵام زۆر کەسیش، لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا، خەڵکێکیان فیدا کرد! (وتەی ناوداران)

**ستەمکار:**

مرۆڤە ستەمکارەکان، دڕندەیی لە کەمتیارەکان فێربوون! پێش دەرچوونی گیانی قوربانییەکە، گۆشتەکەی دەخۆن و ئێسکەکانیش تێکدەشکێنن.

**ژنان:**

ژنان، بەرزترین بینای ژیانن، بۆیە ڕەوا نییە، کە پیاوان بە هیچ بیانویەک، هەوڵی ڕوخاندنیان بدەن.

**مرۆڤ واتا:**

خاوەن هەست، خاوەن ویژدان، خاوەن هزر و بیری جوان، خاوەن وەفا، خاوەن بەڵێن، خاوەن دڵێکی پاک، خاوەن ڕەوشتێکی جوان، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز، خاوەن بەزەیی، خاوەن بڕیار. وێڕای هەموو ئەوانەش، خاوەنی خۆبوون.

**جوانی مرۆڤ:**

مرۆڤ هەرچەندە بەشێوە جوان بێ، بەڵام کە لەبری دڵ، بەردێکی خستبێتە ناو قەفەسی سینەوە، نەک هەر جوان نییە، بەڵکوو زۆریش ناشیرینە. (...)

**پێناسەی خزم:**

(خ) بە مانای خەمە، واتا خەم و ئازارە، (ز) بە مانای زوڵمە، واتا زاڵم و ستەمکارە، (م) بە مانای ماڵوێرانی، واتا تێکدەری ژیانە، خزم بەشـێوەی گشـتی، واتا پشـت و پەنایە، بەڵام کە خراپیش بوو، تەنیا دەرد و بەڵایە.

**ڕاستگۆیی:**

جوانی ڕاستەقینە، لە ڕاستگۆیدایە.

**تێگەیشتن:**

کەمێک زۆرە، بۆ تێگەیشتن، هەروەک، زۆریش کەمە، بۆ تێنەگەیشتن.

**ژیان:**

ژیان بریتییە لە خۆشەویستی، خۆشەویستیش، جگە لە خەم، هیچی تر نییە!

**خۆشەویستی:**

خۆشەویستی، یانی هەست و سۆز، هەست و سۆز، یانی ویژدان، ویژدانیش، یانی هاوخەمی خەمبارەکان، هاوخەمیش، واتا دڵێکی لێوانلێو لە خەم.

**پەروەردە:**

کەسـێک کە بەشـێوەیەکی جوان، پەروەردە دەکرێت و خۆشـی هەسـتی پێدەکات، خۆشـبەختە. کەسـێک کە پەروەردە دەکرێت، بەڵام خۆی گرنگی پێنادات، بەدبەختە. کەســـێکیش بەهەر هۆیەکەوە بێ، لە پەروەردە بێبەش بێ، بەڵام خۆی، خۆی پەروەردە بکات، ئەوە خواپێداوە و بە هەموو شتێک دەگات.

**بێوەفا:**

لە بەیانییەوە تا ئێوارە، مرۆڤی بێوەفا بخەیتە سەر شانت و ئەملاو ئەولای پێبکەی، ورتەی لێوەنایە، بەڵام تەنیا جارێک بڵێی ئۆف، چی خراپە ئەوەت پێدەکات...! ئەوەیە کە ژیان، مانا جوانەکەی خۆی لەدەست داوە.

**دڕندەی ژیر:**

– مرۆڤ دڕندەیەکی ژیرە، کە هیچ چارەسەرێکی نییە.

**دڵ و مێشک:**

هەرکاتێک مرۆڤ، دوای دڵ و مێشــک کەوت، ئاســۆیەکی ڕوون چاوەڕێی دەکات، بەڵام هەرکاتێک پێش دڵ و مێشـــک کەوت، ڕوو لە بەختەوەری وەردەگێڕێت و ڕۆژگارێکی پڕ لە کێشە، چاوەڕێی دەکات.

**مێشک:**

– با مێشکمان بە بیرکردنەوەی جوان، بەهێز بکەین.

**چاکە:**

تا ئەوکاتەی لەدەســـتت دێ، چاکە بکە. تا ئەوکاتەی بووارت هەیە، پیاوەتی بکە. دڵنیابە، ڕابردوو ناگەڕێتەوە و ئەوەی پێویســـتە، ئێســـتا بیکە. بەیانیش بۆ هیچ کەسێک، ڕوون نییە.

**ژیان:**

ژیان، تا ئەو کاتە پێی دەگوترێ ژیان، کە دڵت پێی خۆشـــە، ئەگەر لە چوارچێوەی دڵخۆشی چۆ دەرەوە، پێی ناگوترێ ژیان.

**سیاسەت و نەتەوەکان:**

هەر نەتەوەیەک، تێکەڵ بە سـیاسـەت و بەرژەوەندیە تایبەتییەکان نەکرێت، هەرگیز نابێتە هۆی کێشــە بۆ هیچ نەتەوەیەکی تر. کەوابوو، دەتوانم بڵێم: سـیاســەت، واتا لێکترازانی نەتەوەکان و هەروەها، مرۆڤەکان بە گشتی.

**تاریکی پەرستەکان:**

– تاریکی پەرستەکان، چاویان بە ڕووناکی هەڵنایە.

**چۆن بینین:**

– تۆ هەرچۆنێک من ببینی، من زیاتر تۆ دەبینم.

**هەڵە:**

خراپتر لە هەموو شتێک، ئەوەیە کە بزانی هەڵە دەکەی، بەڵام هەر بیکەی!

**دانەبڕان:**

چوار شت پێویستە هەرگیز لەیەکتر دانەبڕێن:

مێشک

دڵ

عەقڵ

خوێندەواری

**چاتکردن:**

چاتکردنی زۆر، جگە لەوە کە کات زۆر لەدەســــت دەچێت، زیان بە بیرکردنەوەی هەردوولاش دەگەیەنێ.

**زوو تێپەڕین:**

– کات زۆر زوو تێدەپەڕێت. بۆیە وریابە و لەدەستی مەدە.

**بیروباوەڕ:**

هەموو بیروبــاوەڕێـک پیرۆزە، بە مەرجێـک نەگـاتە ئەو ئەنـدازەیە، کە هەموو بیروباوەڕێک بە هەڵە بزانی، جگە لەو ڕێچکەیەی کە خۆت هەڵتبژاردووە! بەڵام هەر بیرکردنەوەیەک لە بازنەی ویژدان چۆ دەرەوە، بەبێ وەستان، لێی دوور بکەوە.

**خەباتکردن:**

خەبات کردن لە پێناو گەندەڵیدا و گەندەڵیش لە پێناو مانەوەدا، جگە لە ڕیسوا بوون، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نییە.

**هەستکردن:**

لەلای بێهەستەکان، هەست بە مردوویی دەکەم، لەلای شـەڕ خوازەکان، هەست بە نائارامی دەکەم، لەلای ماســــتاوچییەکان، هەســــت بە کەموکوڕی دەکەم، لەلای بێهەڵوێستەکانیش، هەست بە بێزاری دەکەم.

**هیچ شتێک مەحاڵ نییە:**

– تۆ هەوڵی خۆت بدە، هیچ هەنگاوێک مەحاڵ نییە.

**پارە و سامان:**

– مرۆڤ ئەگەر لە پارە و ســــامان گەورەتر بوو، هەردووکیان نرخیان هەیە، بەڵام ئەگەر بچووکتر بوو، هیچ کامێکیان نرخی نییە.

**موژدە:**

خۆراوابوون، موژدەیە بۆ شــەمشــەمەکوێرەکان. کوژاندنەوەی مۆمەکان، موژدەیە بۆ دزەکان. وازهێنانی مامۆســتایان، موژدەیە بۆ دەســەڵات. دواکەوتوویی کۆمەڵگە، درێژەدانە بە تەمەنی پاوانخوازان..

**لەیەکتر تێنەگەیشتن:**

زۆر جار لەیەکتر تێنەگەیشتن، دەبێتە ڕێگر بۆ درووستبوونی پەیوەندییەکان.

**پیاوانی دین:**

– پیاوانی دین دەیانویســـت، خەڵک لە ترســـان ویژدانی هەبێ، خوا بناســـێ، من دەمویست ویژدانیان زیندوو بکەمەوە و خوداشیان خۆش بوێت. (وتەی ناوداران)

**هەواڵی پایز:**

– کە تۆ نەتوانی موژدەی بەهار بگەیەنی، هەواڵی پایز دەبیستی.

**شکاندنی دڵی یەکتر:**

– مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە هەموویان پاڵەوانن لە شکانی دڵی یەکتری دا.!

**جوانییەکانی سرووشت:**

– جوانییەکانی ســـرووشـــت، تێکەڵ بە هەســـت و ڕۆحت بکە، تا زیاتر چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەربگری.

**هەڵەکان:**

خەم لە هەڵەکانی ڕابردووت مەخۆ، بەڵام جارێکیتر، دووبارەیان مەکەوە.

**خیانەت:**

– تا لە مانای خیانەت تێنەگەین، لە ناوەرۆکی ژیان تێناگەین.

**هاوڕابوون:**

- هاوڕا بوون، بۆ دڵنیا بوون.

**هەستی مرۆڤایەتی:**

– هەر مرۆڤێک هەســتی مرۆڤایەتی نەبێت، مرۆڤ نییە، هەر نەتەوەیەک هاوخەمی نەتەوەکەی نەبێت، نەتەوەیەکی ڕەسەن نییە.

**زیان:**

ئەوەی زیاتر زیان دەگەیەنێت، زیاتر زیانی پێدەگات.

**برادەر:**

برادەر، ئەو برا ڕاســـتەقینەیە، کەخۆت دروســـتی دەکەی. براش، کاتێک برایە، کە برادەر بێت.

**لەدەستدان:**

لەدەســتدانی کەســێک کە نرخت نازانێ، لەڕاســتیدا دەســتکەوتە، نەک لەدەســتدان!! (ئەڤین)

**وەفا:**

جوانی، بەشێک نییە لە وەفا. بەڵام وەفا، بەشێکە لە جوانی.

**ناشیرینی مرۆڤ:**

– ناشیرینی مرۆڤ، لە کاتی توڕەبووندا دەردەکەوێت.

**لۆمە:**

لۆمەم مەکەن کە دەترسێم، دڵنیا بن زۆر جار، مەڕیش گازی لێگرتووم!

**دڵ:**

خۆزگە دڵیش وەک چاو، لە دەرەوە بوایە. تا هیچ شتێکی شاراوە، بوونی نەبوایە.

**بچووک بوونەوە:**

هەرکاتێک پێتوابوو گەورە بوویی، زۆر بچووک دەبیتەوە، کە بچووکیش بوویەوە، کەس ناتبینێت.

**سەرەتا و کۆتایی:**

هەر شتێک کە سەرەتای هەبێ، بێگومان، کۆتاییشی هەیە، (ستەم) کە یەکێکە لەو شتە ترسناکانە، کە تەنیا وێرانی و بەدبەختی بەدوای خۆیدا دێنێ، سەرەتا بە قسەی خۆش و زمانلووسی و دەست ماچکردن، دەست پێدەکات. دواتر دەگۆڕدرێ بۆ بیانووگرتن و گێچەڵ پێکردن. تا دەگاتەگرتن و ئازاردان و بێسەروشوێنکردنی خەڵکی بێتاوان! بە بیانووی جۆراوجۆر...! بەڵام (زوڵم و ستەم)، کە هەر زیادیکرد و بەردەوام بوو، بێزاری خەڵکیش هەر زیاد دەکات. تا دەبێتە لافاوو دەرەئەنجام، کۆتایی بە هەموو شتێک دێنێ و ڕایدەماڵێ.

**ئاسک و گورگ:**

– پیاوێک لە چۆڵگەیەکدا، ئاسکێک لەدەست گورگێک ڕزگار دەکات، دوای چەند خولەکێک، چەقۆیەک دەردێنێ و ئاسکەکە لێی دەپرسێ: چی دەکەی؟ کابراش دەڵێ: سەرت دەبڕم... ئاسکەکەش دەڵێ: ئەی بۆ ڕزگارت کردم لەدەست گورگ؟ ئێستا پێم بڵێ: جیاوازیی تۆ و گورگ چییە؟! (وتەی ناوداران)

**شانازی:**

کەسە گەورەکان، شانازیت پێدەبەخشن، کەسە بچووکەکانیش، شانازیت لێوەردەگرنەوە.

**ڕەوینەوە:**

ئەو پەندە کوردیە زۆر باوە کە وتراوە: (لە کۆلکە ڕەویەوە، بەسەر بەرازدا کەوت!) مەبەســت ئەوەیە کەســێکی خراپ لێت دوورکەوێتەوە، بەڵام کەســێکی خراپتر بێتە جێگەی ئەو!

**هەموو شتێک بەکاتی خۆی:**

چریکەی بولبولێک و بینینی تاکە گوڵێک، نیشـــانەی بەهار نییە، هەروەک بینینی کوندێکیش، نیشانەی وێرانی و وەرینی گەڵایەکی زەردیش، نیشانەی پایز نییە.

**نابینا:**

چونکە خۆت نابینای، نزای نابینایی، بۆ هەموو کەس مەکە.

**لەبیر بردنەوە:**

هەروەک چۆن لاڵەکان زۆر قســـە دەکەن، تا بە خەڵک بســـەلمێنن کە کێشـــەی قســـەکردنیان نییە، خیانەتکارەکانیش، زۆر باس لە کەموکورتییەکانی خەڵکی تر دەکەن، تا ڕابردووی ناشیرینی خۆیان لەبیر خەڵک ببەنەوە!

**سەرچاوەی تۆ:**

– گەورەترین سەرچاوەی تۆ، کاتی تۆیە.

**پارێزگاری:**

– پارێزگاری لە ئاشتی، پارێزگاری لە ژیانە.

**ناحەز:**

بەشێوە ناحەز، بوونی نییە، تەنیا ئەوانە ناحەزن، کە خاوەن دڵێکی ناحەزن.

**زام:**

جگە لە زامی زمان، هەموو زامێک، سارێژ دەبێتەوە.

**ڕوودان:**

– هیچ شتێک بەبێ هۆ، ڕوونادات.

**نەفام:**

– لەلای پیاوی نەفام، وەکوو پەڕتووک بێدەنگ بە!

**هاوڕێ:**

هاوڕێی چاک، بەشێکە لە ژیان.

**ژیان:**

– ژیان بەردەوامە و ستەمیش، لە کۆتایی دایە.

**بەهەڵە تۆم ناسی:**

– بیر لەوە نـاکەمەوە کە تۆ چۆن بیر دەکەیەوە؟ بەڵام خەم لەوە دەخۆم، کە تەمەنێک بە هەڵە تۆم ناسی...

**ئەگەر ویستت:**

ئەگەر ویستت گەورە بی، خۆت بە بچووک بزانە، ئەگەر ویستت خۆشەویست بی، خەڵکت خۆشبوێ، ئەگەر ویستت خەڵک لە خۆت بێزار نەکەی، بە شاخ و باڵی خۆتدا هەڵمەڵێ، ئەگەر ویستت دڵخۆش بی، بەسەرکەوتنی هەموو کەسێک دڵخۆش بە.

**زیادەڕەویی:**

لە چوار شـتدا کە بە پیتی (خ) دەسـت پێدەکات، زیادەڕەوی بکرێ، مرۆڤ تووشـی زیان دەبێ:

یەکەم: خیانەت

دووەم: خوو

سێیەم: خوێ

چوارەم، خەو. (وتەی ناوداران)

**چاکە:**

کە چـاکەت لەگەڵـدا کرا، هەرگیز لەبیری مەکە. بەڵام... کە پێتوابوو چـاکەت لەگەڵ کەسێکدا کردووە، بۆ هەمیشە لەبیری بکە.

**کۆیلەیی:**

کۆیلەیی هەر بەوانە ناڵێن: کە سـتەمیان لێکراوە و دەسـتیان بەسـەردا گیراوە، بەڵکوو کۆیلە، خۆی لە چەند مانای جیاوازدا دەبینێتەوە:

یەکێک لەوانە، ڕازیبوونە بە هەموو شتێک، لە پێناو هەموو شتێکدا...!

**هەرگیز:**

– هەرگیز ئەو کەسـەی کە خۆشـی دەوێی بۆ مەبەسـتی خۆت بەکاری مەهێنە، هەرگیز بەو کەسەی کە پێویستی پێتە مەڵێ سەرقاڵم.. هەرگیز فێڵ لەو کەسە مەکە، کە بەڕاسـتی باوەڕی پێت هەیە.. هەرگیز ئەو کەسـە لەبیر مەکە کە هەمیشـە تۆی لەبیرە.

**متمانە:**

خۆزگە هەموومان، لە ناوەرۆکی متمانە گەیشتینایە، بۆ ئەوەی زیاتر لە چاو و دڵ، پارێزگاریمان لێی بکردایە.

**وریابە:**

لەگەڵ گەمژەدا، گفتوگۆ مەکە، لێبگەڕێ با لەگەڵ دنیای بێعەقڵی خۆیدا بژیەت، لەگەڵ بێشەرم دا، مشتومڕ مەکە، چونکە ئەو هیچ شتێکی نییە، تا لەدەستی بدات، بەڵام... ڕۆحی تۆ، وێران دەکات. خۆت لە حەسوود، دوور بگرە، چونکە ئەگەر دنیا شی پێبدەی، دیسان هەر لێت بێزار دەبێ. لەگەڵ منداڵ دا، گفتوگۆ مەکە، چونکە بەپێی زانستی خۆی، پێوانەت بۆ دەکات...

**دوو شت بەبێ دوو شت، نامۆن بۆ یەکتر:**

یەکەم: قسەکردنی زۆر، بەبێ کردار،

دووەم: کرداری زۆر، بەبێ قسەکردن.

**ناوازە:**

هیچ کەسێک بە تەنیا، لە هەموو ڕوویەکەوە ناوازە نییە، بەڵام هەموو کەسێک، لە ڕوویەکەوە، ناوازەیە.

**خەم:**

کە بووی بە کانگەی خەمی کەسێک، خەم مەخۆ، هەوڵبدە هیچ کەسێک نەبێتە سەرچاوەی خەمی تۆ.

**ماستاوکردن:**

ماستاو، زۆر خۆشە، بەڵام ماستاوکردن، کارەسات درووست دەکات! هەروەک ماستاوی ماستاوچییەکان، وڵاتی بەرەو وێرانی بردووە.

**بانگەشەی بێ سوود:**

زۆر کەس وەک خۆفریودان و چەواشەکردنی خەڵکی ساویلکە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە، ئاسمان بە بچووکترین خاڵ، دادەپۆشن...! مەبەست ئەوەیە کە ڕابردوویان ئەوەندە پڕە لە کەموکوڕی، کە نە بە زمان باسدەکرێت، نە لەتوانای پێنووسیشدایە کە بینووسێتەوە...! بەڵام بێخەبەرن لەوە کە مێژوو، ڕۆحم بە هیچ کەسێک ناکات و ڕابردووی هەموو کەسێک، وەک خۆی دیاری دەکات و لە داهاتووشدا، هەرکەس وەکخۆی پێناسەی بۆ دەکرێت.

**قاڵبوون:**

هەرکەسێک لە مرۆڤایەتیدا قاڵ نەبووبێ، هەرگیز... هیچ داوایەکی لێمەکە...

**چێژ وەرگرتن:**

– ئەگەر نەتوانین ئەزموون لە ڕابردوو وەربگرین، هەرگیز ناتوانین چێژ لە داهاتوو وەربگرین...

**وتەی بێ ناوەرۆک:**

نووسین و وتەی بێناوەرۆک، لە بەهای مرۆڤەکان، کەمدەکاتەوە.

**هەڵوێست:**

جوانترین شت بۆ مرۆڤ، هەڵوێستە، بەمەرجێک خۆی خاوەنی بیت.

**باوک:**

هەر باوکێک پێی وانەبێت کە دەبێ منداڵەکەی لە خۆی باشتربێ، ئەو باوکە، باوکێکی ڕاستەقینە نییە.

**ژیان بەردەوامە:**

– هەرگیز بێ هیوا مەبە، چونکە ژیان بەردەوامە، دەرگاکان کراوەن و بۆ هەمیشە داناخرێن.

**ڕێباز:**

– ڕێبازی خۆت خۆشبوێت، بەڵام دژی ڕێبازی هیچ کەس مەبە.

**زمان لووسی:**

لەناو هەر نەتەوەیەکدا زمان لووسی و خۆتێهەڵسوون هەبوو، هەرگیز چاوەڕێی کردار مەبە.

**هاوڕێیەتی:**

هاوڕێیەتی دوو کەس ئاسان نییە: یەکەم، ئەو کەسە، کە خۆی پێ زۆرە، دووەم، ئەو کەسە، کە زۆر بەهانە دەگرێ.

– ئێتر کاتی ئەوەیە، چیتر دڵی دوژمنان خۆشنەکەین و بڕیاری یەکگرتن بدەین.

**باسکردن:**

بەرلەوەی باس لە کەموکورتییەکانی خەڵک بکەی، بیرێک لە هەڵەکانی خۆت بکەوە.

**بچووککردنەوە:**

– هەوڵبدە کێشـــە گەورەکان بچووک بکەیەوە. کە بچووک کرانەوە، بە ئاســـانی چارەسەر دەکرێن.

**گەشبین و ڕەشبین:**

گەشبینەکان وادەزانن، ژیان تەنیا بۆ ئەوانە، بەڵام... ڕەشـبینەکان وادەزانن، هەموو جیهان، دژ بە ئەوانە.

**سواڵکەر:**

ســـواڵکەر، بە مانای تەماحکارە، تەماحکاریش، بە مانای تێر نەخۆر. بۆیە هەرگیز لەکاتی پێویستیدا، لە دەرگای تەماحکار مەدە و چاوەڕێی یارمەتی لێمەکە. تەماحکار چەندە دەوڵەمەندبێ، هەر هەژارە.

**جوان ژیان:**

– جوان بژی، تا هەمیشە بژی.

**دایک و باوک:**

گوێگرتن لە دایک و باوک، بەرزبوونەوەیە بەرەو بەرزایی.

**جیاوازیی:**

– لەناو کۆمەڵگەیەکدا، کە جیاوازیی لەنێوان خوێندەوار و نەخوێندەواردا نەبوو، ئەو کۆمەڵگەیە، کۆڵەوار و نەخوێندەوارە.

**ژەهر:**

– تەنیا دڵۆپێک ژەهر، بەسە بۆ ژەهراوی کردنی پەرداخێک ئاوی زوڵاڵ..

**بەرژەوەندی:**

هەرکاتێک هەستتکرد بەرانبەرەکانت، لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بەکارت دێنن، تۆ لەشوێنی خۆت بوەستە.

**گەندەڵی:**

وشـــەی گەندەڵی، پەڵەیەکی ڕەشـــە، لە هەرکەســـێکدا دەرکەوێ، بۆ هەمیشـــە دەمێنێتەوە.

**ژیان چییە؟!**

ژیان، هاوکارییە.

ژیان، لەیەکتر تێگەیشتنە.

ژیان، نییەت پاکییە.

ژیان، بەدەنگەوە هاتنە، لەکاتی تەنگانەدا.
ژیان، یەکڕووی و بەیەک زمان دووان ە لەگەڵ بەرانبەردا.
ژیان، لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندییە.
ژیان، خۆشەویستییە،
ژیان، ڕاستگۆییە لەگەڵ یەکتردا.
ژیان، ڕووخۆشییە.
ژیان، گوێڕایەڵییە.
ژیان، هاوبەشییە لە خۆشی و ناخۆشییەکان و هاودەردی و هاوخۆشییە.
ژیان، بەختەوەرییە.
ژیان، دڵخۆشییە بەوەی کە هەیە.
ژیان، ڕازیبوونە بەوەی کە هەیە.
ژیان، منەت نەکردنە لەسەر هیچکەس، بەوەی کە دەکرێ، یان بەوەی کە دەیزانی.
بۆ ئەوەی ژیانت خۆش بکەیت، ویژدانت ئاسـوودە بکە، یارمەتی خەڵک بدە، هاوکاری خەڵک بکە و زۆر شاد بە، ئەگەر وانەبێ، بەختەوەر نابی، داوای هاوکاری لە خەڵک بکە، بەڵام بەمەرجێک، ئەوکەسەی داوای لێدەکەی، زیاتر لە تۆ پێیخۆشبێ، داوای هاوکاری لە کەسـێک بکە، کەهەسـتی مرۆڤایەتی تێدابێ. ژیان بەبێ ئەو خاڵانەی سەرەوە، ڕووبارێکی وشکەو هیچ سوودی نابێ.

**گەڕان بەدوای ڕاستیدا:**

هەروەک چۆن ئەڵماس، کە لە قوڵایی دەریاکاندایە و بە ئاسـانی نادۆزرێتەوە، ڕاسـتیش لەناو بیری ئاڵۆزی هەندێک لە مرۆڤەکاندا بزر بووە و دۆزینەوەی زۆر ئەسـتەمە. هەرکامێک لەو دووان ە، کە زۆر دوای بکەوی، دوور نییە خۆشـت بزر بیت.

**مردن:**

– بە سەربەرزی مردن، نەک تەنیا هەر بە دەوڵەمەندی ژیان...!

**ڕازیبوون:**

ڕازی بە بەوەی کە هەتە، چونکە ناتوانی بە هەموو شـتێک بگەی، ئەگەر پێشـی گەیشتی، لە کۆتاییدا، تێیدا بزر دەبی و سوودی لێ نابینی.

**باسكردن:**

– مرۆڤ، باس لەهەر شـــتێک بکات، یان خۆی بکات بە خاوەنی هەر شـــتێک، بەئەندازەی لێهاتوویی خۆی گەورەی دەکات، یان بچووکی دەکاتەوە.

**دووڕوویی:**

کەسێک کە دوو خوا دەپەرستێ، خۆشەویست ترە لەلام، لە کەسێک، کە دووڕووی هەیە (موسا) د. خ.

**ستەم:**

با پێش لە ســـتەم بگرین، چونکە بەرگەی ســـزاکانی خوای گەورە ناگرین. کاتێک ســـتەم لە چینی ســـەرەوە، ســـەرهەڵدەدات، ســـزاکانی خوای گەورە ڕووی هەر لە ئەوانە و ڕووی بەزەیشـــی لە چینی خوارەوەیە. بەڵام کاتێک لە چینی خوارەوە، دەســـت پێدەکات، ســـزاکان توندتر و گشـــتگیر تر دەبن. مادام کە خوای گەورە پشتیووانی هەژارانە، نابێت هەرگیز... هەژار، ستەمکار بێ.

**ئومێد:**

– ئومێد، مرۆڤ بەهێز دەکات، هەروەک خەم و پەژارە، مرۆڤ لاواز دەکات و ژیان ئاڵۆز دەکات.

**خۆزگە...**

خۆزگە ئەوانەی خوارەوە، بونیان نەبوایە، تاکوو ژیان مانای ڕاســـتەقینەی خۆی وەربگرتایە:

١- خەو، تاکوو کات لەدەست نەچووبایە.
٢- دووری، تاکوو هیچ کەسێک هەستی بە تەنیایی نەکردایە.
٣- دابڕان، تاکوو هیچ کەسێک بە ئازارەوە، نەژیابایە.
٤- چارەنووس، بۆ ئەوەی هەموو شتێک بە دڵخواز بوایە.
٥- دژایەتی کردن، بۆ ئەوەی ئاسایشی هەموو کەسێک وەک یەک پارێزرابایە.
٦- شەڕ و کێشە، بۆ ئەوەی بۆ بەیەکەوە ژیان، سنوور نەبوایە.
٧- لەیەکتر تێنەگەیشتن، بۆ ئەوەی پلان بۆ ژیانی ڕاستەقینە دانرابایە.
٨- بە زۆر خۆسەپاندن، بۆ ئەوەی یەکسانی پارێزرابایە.

٩- ســـــەرکێشـــــی و بە نەزانی کارکردن، بۆ ئەوەی بەرەوپێشـــــچوونی کۆمەڵگە، بەردەوام بوایە.

١٠- خیانەت کردن، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک، ڕێزی لەیەکتر بگرتایە.

**دڕک:**

- بەهۆی بوونی دڕکێک، سەدان گوڵ لەدەست مەدە.

**نەزان:**

نەزان، کاتێک بێدەنگە، وەک بەردە، کاتێکیش بەدەنگ دێ، تەنیا سەرئێشە و ژان و دەردە. (عەرەبی)

**لاواز و بەهێز:**

لاوازەکان پێیان وایە بە دەربڕینی وشـەی ناشـیرین، تۆڵە دەکەنەوە، بەهێزەکانیش، دڵنیان کە بە لێبوردەیی و وشەی جوان، چارەسەری هەموو کێشەیەک دەکەن.

**بێئەزموون:**

هەرزەکارێکی سادەی کەم تەمەن، عاقڵترە لە کەسێکی، بێئەزموونی زۆر تەمەن.

**تێنەگەیشتن:**

تێنەگەیشتن زەلکاوێکە، کە مرۆڤ تێیدا نقووم دەبێ و ڕزگاری نابێ.

**مردن:**

مردن، دوو جۆری هەیە:

یەکەم: کەسێک کە مردووە، بەڵام هەمیشە زیندووە.

دووەم: کەسێک کە زیندووە، بەڵام، هەر وەکوو مردووە.

**هەڵە:**

- چارەسەر کردنی هەڵە، بە هەڵە، کێشەکان گەورەتر دەکات و، هەڵەی گەورەتری بەدوادا دێ.

**ئاژاوە:**

- هەوڵدان بۆ ئاژاوەنانەوە، هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە.

**سوود وەرگرتن:**

- ئەوانەی کە دوو چاوی ساغیان هەیە و تەنیا سوود لە یەکێکیان وەردەگرن، واتا چاوێکیان لە بەرانبەر ڕاســـــتییەکاندا دادەخەن، شـــــایانی ئەوەن کە هەر چاوێکیان هەبێ.

**پاشکۆ:**

– مرۆڤ کە پاشکۆ بوو، وەک (مەلی) ترسنۆک وایە، زوو بە چۆکدادێت و پەڕوباڵی هەڵدەوری.

**دوو کەس بەزەحمەت قسە وەردەگرن:**

یەکیان کە تێدەگات، تا زیاتر تێبگات، ئەوەی دیکەیان کە تێناگات، وە ناشـــیەوێت تێبگات.

**کێشەی گەورە:**

– کێشـەی گەورەی بەشـێک لە مرۆڤەکان، لەوەدایە کە، ئەمرۆ بڕیار لەسـەر شـتێک دەدەن، بێ ئەوەی بیر لە پێشهاتەکانی بەیانی بکەنەوە...

**ڕەشبین:**

– ئەوانەی کە هەموو شتێک بەڕەشی دەبینن، لە ژیان بێبەشن و هەرگیز خۆشی لە ژین نابینن.

**هەڵەکانی ڕابردوو:**

– لەبری ئەوەی هەڵەکانی ڕابردوومان ڕاسـت بکەینەوە، جارێکیتر بە ناشـیرینترین شێوە، دووبارەیان دەکەینەوە!

**پیشە:**

هەر شتێک کە زۆر دووبارە کرایەوە، دەبێتە پیشە، تەنانەت خیانەتیش.

**ئاسوودەیی:**

– لە پێنـاو ئـاســـــوودەیی ویژدانـدا، هەرچی لە توانـاتـدایە، بیکە. بەڵام چاوەڕێی دەستخۆشی، لە هیچ کەس مەکە.

**سوود وەرگرتن لە ڕووداوەکان:**

کەسێک نەتوانێ لە ڕووداوە ناخۆشەکان، سوود وەربگرێ بۆ لەیەکتر نزیکبوونەوە و لەیەکتر تێگەیشتن، بۆ ئەوە نابێت لەداهاتودا، متمانەی پێبکرێ.

**ناخە شاراوەکان:**

– ناخە شاراوەکان، لەکاتە هەستیارەکاندا دەردەکەون.

**بوو بە خاک:**

– بوو بە خاک ئەو کەسەی کە لەسەر ئەو خاکە ژیا. خاک چ دەزانێ، ئەو کەسەی لەناویدایە کێ یە؟ دەرئەنجام کە هەردەبێ بچینەوە بۆ ناو خاک. خۆشـــی بۆ ئەو کەسەیە، کە پاک هات و پاک ڕۆیشت. (سەعدی)

**کوشندە:**

جگە لە مەرگ، هیچ شتێک لە (هەڵە) کوشندە تر نییە.

**نەهامەتییەکان:**

لە تاکەوە بگرە تا دەگاتە گروپ، حزب، دەوڵەت، هەر نەهامەتییەک کە ڕووی تێدەکات، تەنیا خۆی تاوانبارە.

**سیاسی:**

تا ئەو کاتە بە کەسێک دەوترێ: سیاسی، کە ڕێگەی هەڵە نەگرێتەبەر و، خۆی خاوەنی خۆی بێ.

**کۆیلەیی:**

دوای تەمەنێک بەڕواڵەت خەباتکردن، ئەنجامەکەشی، کۆیلەیی و دوا کەوتن...!

**کێ بەهێزترە؟**

پیاوێک، کوڕەکەی دانیشتبوو. ئەویش چوو لە پشت سەری وەستا و دەستەکانی خستنە سەرشانی و وتی: کێ لە هەموو کەس بەهێزترە؟ کوڕەکە وتی: من. تا سێ جار ئەو پرسیارەی لێکردەوە و کوڕەکەش هەر دەیوت: من. دوا جار چوو لە پێش دەرگا وەستا و وتی: ئەمجارەش لێت دەپرسم: کێ لە هەموو کەسێک بەهێزترە؟ کوڕەکە لە وەڵامدا وتی: باوکە! تۆ لە هەموو کەسێک بەهێزتری. باوک پرسیاری لێ کردوو وتی: ئەی بۆ پێشتر دەتوت: من لە هەموو کەسێک بەهێزترم؟! کوڕەکەش لە وەڵامی باوکدا، وتی: چونکە تۆ لە پشت سەرم وەستابووی...

**ناسین:**

ناسینی هەموو خەڵکی وڵات، ئاسان نییە، بەڵام زۆر جار، ناسینی کەسێک جێگەی خەڵکێک دەگرێتەوە.

**داهاتوو بەشێکە لە ڕابردوو:**

هەرکەسێک ڕابردوو لەبیرکات، لەوانەیە لە ئێستادا کەمێک سوودمەندبێ، بەڵام لە داهاتوودا، زۆر شت لەدەست دەدات.

**بێئەزموونی و هەڵەی گەورە:**

هەر کەسێک یان هەر لایەنێک، سوود لە ئەزموون وەرنەگرێت، هەڵەی زۆر گەورەی پێ دەکرێت.

**خۆت بە:**

لە ژێر کاریگەری هیچ کەسێکدا مەبە، هەوڵبدە خۆت، خاوەنی خۆت بی.

**گەزتنی پەنجەی پەشیمانی:**

– مرۆڤ، کە سوودی لە ڕابردوو وەرنەگرت و دۆست و نەیاری لەیەک جیا نەکردنەوە، زۆری پێناچێ، پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت و لە ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە.

**هەڵوێست:**

هەرکەسێک خاوەن هەڵوێست نەبوو، کاتی لەگەڵدا بەفیڕۆ مەدە...

**تێگەیشتن:**

کەسێک نەتوانێ بە کەم، لە زۆر تێبگات، هەرگیز ناتوانێ بە زۆریش، لە کەم تێبگات.

**کێ لێت ڕازی بێ، هۆی دڵخۆشییە؟**

هەواڵێکی بە پەلە، بە پاشای وڵات گەیشت: کە فڵانە شێتە لە ناو فڵانە بازاڕ، بە یەکێک لە بڕیارەکانت سەرسام و خۆشحاڵ بووە! پاشا دەستیکرد بە گریان و وتی: دەبێ کام یەکێک لە بڕیارەکانم ئەوەندە شێتانە بوو بێت کە لەڕوانگەی شێتێکەوە، باش بووبێت...!؟ (سەعدی)

**پێنج یاسا بۆ بوونی ژیانێکی شادتر:**

چاکە بکەن، خۆتان خۆشبوێت، بەردەوام ببەخشن، گونجاو بن، کەس ئازار مەدەن.

**تێکەڵبوون:**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکاندا، زۆربەی ڕەنگەکان، لێکدراون! بەڵام ڕۆژێک دێ، کە جیا دەکرێنەوە و جوان و ناشیرین، لەیەک دوور دەخرێنەوە.

**ئەز و ئەزبەنی:**

گرنگ ئەوە نییە کە من بڵێم: تەنیا هەرمن ئەزم... ئەوە گرنگە، کە ئەزبوونی من، ئەزبەنی هەموو ئەزەکان بێت و هەموو ئەزێک، بە ئەزبوونم، دڵخۆش و سەرسام بێت...

**ئەو سێ شتانەی کە زۆر زیان بەخشن:**

بیرکردنەوەی زۆر لە ڕابردوو، خاوەنی هەڵوێستی خۆنەبوون، گیرۆدە بوون بە پارە و سامان.

**هاوشێوەکان:**

لە یەکچوون هەیە، بەڵام، وەک یەکبوون، نییە...

**دارمان:**

کاتێک ئاسـایشـی وڵات، بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، شـێوازی ژیانیش بەرەو دارمان و تاریکی دەچێت.

**هەرەسهێنان:**

بینایەک، بناغەکەی لەسەر ئاوبێ، هەمیشە مەترسی هەرەسهێنانی هەیە.

**بیرکردنەوە:**

ئەگەر ژیرانە بیر بکەینەوە، ناکەوینە ژێر باری قەرزەوە.

**ئارام بژی:**

خەمەکانی ئەمڕۆت، بۆ بەیانی هەڵمەگرە. چونکە ئەمڕۆ، دوێنێی لە بیر بردیەوە و بەیانیش، ئەمڕۆت، لەبیر دەباتەوە. کەوابوو، ئارام بژی و خۆت مەخەرە ژێر باری هیچ خەمێکەوە.

**باسکردن:**

کەسێک سەبارەت بە خەڵک باسی هەرشتێکی بۆ کردی، دڵنیابە تۆش یەکێکی لەو کەسانە.

**کەس:**

هەموو کەس، نابێت بەکەس، ئەو کەسە، کەسە، کە دەبێ بەکەس.

**مێشک:**

دوور نییە ڕەنگی پێست بگۆڕدرێ، بەڵام مێشکی کۆن، هەرگیز...

**ڕووناکی:**

ئەوانەی ڕووناکی لەناو دڵیاندا نییە، هەموو شتێک بە ڕەشی دەبینن.

**متمانە:**

ئەوەندە متمانەم کرد، تا فێری بێ متمانەیی بووم...

**خواردنە شیرینەکان:**

زۆربەی خواردنە شیرینەکان، زیانبەخشن و زۆریش مەترسیدارن. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر دەخورێن و وازهێنان لێیان، کارێکی ئەستەمە. زۆر کەسیش هەیە چونکە ڕاهاتووە بە وەرگرتن و خۆ بچووک کردنەوە، ئەگەرچی باشیش دەزانێ کە هەموو وەرگرتنێک چ مانایەک دەبەخشێ؟ بەڵام ناتوانێ هەرگیز تەرکی بکات و ئامادەیە لە پێناویدا، هەموو باجێک بدا.

**دادوەری:**
تاکوو وتەی دەم هاوتای دڵ نەبێ
دادوەری هیچە و بڕوات پێی نەبێ
**عەشق:**
ئەی خۆراکی هەژاران و پەناگەی بێنەوایان! گەرتۆ نەبی، ژیان مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و جیهان بەرەو وێرانی دەچێت.
**ناخی مرۆڤ:**
ناخی جوانی مرۆڤەکان، لەهەڵبژاردنی دیمەنە جوانەکاندا، ڕەنگدەداتەوە.
**بزەیەکی ڕاستگۆیانە بەسە:**
تەنیا بزەیەک لەلایەن ئەو کەسانەوە کە خۆشەویستن، گەورەترین هیوا دەبەخشێ بە ژیان.
**وەفا:**
خۆزگە، وەفا چەترێک دەبوو، کە هەموومان لە ژێر سێبەریدا، دەحەساینەوە.

**ئاوات خواستن:**
ناخۆشترین کات بۆ هەر نەتەوەیەک، ئەو کاتانەیە کە ئاوات بۆ دوژمنەکانی خۆی دەخوازێت.
**مامۆستا:**
– مامۆستا، ڕێنیشاندەری ژیان و ڕابەری هەموو دانیشتووانی سەر زەوییە و لە هەموو کەسە گەورەکان، گەورەترە.
**تەنازولکردن؛ دابەزین:**
هەموو تەنازول کردنێک لە پێناو بەرژەوەندییەکی تایبەتیدا، سەرکەوتن نییە.
**کەس:**
هەموو کەس، نابێ بە کەس، بەڵام، کەسێک دەبێتە هەموو کەس.
**قسە و هەڵوێست:**
هونەر لە قسەکردنی زۆردا نییە، بەڵکوو لە هەڵوێستی ڕوون و ڕاستدایە.

**بیرکردنەوە:**

بیرکردنەوە لە شتی بچووک، شتی گەورەت لەبیر دەباتەوە، هەروەک زۆر جار، بیرکردنەوە لە شتی زۆر گەورە، هەموو شتێکت لە بیر دەباتەوە.

**داواکاری:**

– بۆ هەر مەبەستێک، جگە لە کەسە ژیرەکان، هیچ شتێک بە هیچ کەسێک مەڵێ. هەرچەندە کەسە ژیرەکان، هەموو شتێک ناکەن. بەڵام کەسایەتی و ڕازەکان، دەپارێزن. ئەگەر هاوکاریشت نەکەن، کێشەت بۆ درووست ناکەن. ئەوان کەسایەتی خۆیان بەلاوە گرنگە. هەر بۆیە هیچ کاتێک ئامادە نین، کەسایەتی هیچ کەسێک بشێوێنن. کەوابوو، بۆ هەر پرس و ڕایەک، یان درکاندنی هەر نهێنییەک، جگە لە کەسە ژیرەکان، پەنا بۆ هیچ کەسێکی تر مەبە.

**بێ متمانەیی:**

لە ڕۆژگارێکدا کە سەرتاپای ژیان گومان و دڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی بێ و مرۆڤ تەنیا باوەڕ بە خۆشی نەکات، ژیان چ مانایەک دەبەخشێ؟

**دەربڕینی وشە:**

پێش ئەوەی وشە لەدەم دەرچێت، هەستی بەرانبەر لەبەرچاو بگرە.

**خۆ لەبیرکردن:**

مرۆڤ کاتێک بەهۆی پلەوپایە، یان بەهۆی سەروەت و سامان، خۆی لەبیر دەچێتەوە و خۆی ناناسێتەوە، زۆری پێناچێت کە تووشی هەڵەی گەورە دەبێت و خۆشی نازانێ چۆن تێدا دەچێت و چۆن توێکڵە شووتی دەخرێتە ژێر پێکانییەوە؟!

**لە هیچ کەسێک بێزار مەبە:**

کەسە دڵفراوان و شیاوەکان، وشەی شیاوت فێر دەکەن و کەسە دەمارگرژ و نەگونجاوەکانیش، ئەو شتانەت فێردەکەن کە خۆت ناتەوێت و شیاوی ناو کۆمەڵگەش نین. کەوابوو، دەبێ پێتوابێ کە لە هەردوو بەشیان، وانە و ئەزموون فێردەبی. لە کەسە شیاوەکان شتی چاک. کە لە داهاتوودا، بەکارت دێت. لە کەسە نەشیاوەکانیش، شتی خراپ. کە بۆ هەمیشە خۆتی لێ بە دوور دەگریت.

**هۆییەکانی گەشەنەکردن:**

یەکەم: وەستایی و کارامەیی و بێزار نەبوون لە قسەی زلکردن.

دووەم: وەستان و بەزین و ماندوو بوون لە کردار و بەرەوپێشچوون.

**عەشق:**

عەشق، نەخۆشییەکی ترسناکە و مرۆڤیش بە بێ ئەو ناژی...

**ناخپاکی:**

ئەوانەی کە ناخیان پاکە، تەنیا وشەی جوان و شیرین لە دەمیان دەردەچێ.

**ناڕاست:**

بەهۆی ناڕاستی، کەسە ڕاستەکانت لەدەست دەدەی...

**لە یادی هاوڕێیاندا:**

ڕێز لە هاوڕێکانت بگرە، تا لە یاکردنەوەیاندا، ئازار نەکێشی.

**ڕاستی:**

ڕاستی، پارێزەری ژیانە و، دڵسۆزی و میهرەبانیش، بناغەیەتی.

**سنووردانان:**

بۆ هەر شتێک، سنوورێک پێویستە. لەگەڵ خۆشەویستاندا، دڵسۆزی و خۆشەویستی، تەواو پێشان نەدرێت... هەروەک لەگەڵ نەیارەکاندا، ڕق و کینەی زۆر.

**ئەزموون:**

سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شکەست و سەرکەوتنەکانی ڕابردوو، پێکهێنانی ژیانێکی تازەیە بۆ ئێستا و داهاتوو.

**ڕابردوو:**

تۆ ناتوانی داهاتوویەکی سەرکەوتووت هەبێ، ئەگەر ئێستاش هەر کۆیلەی ڕابردوو بی.

**ڕادارێکی هەستیار:**

(دڵ)، تاکە ڕادارێکی زۆر هەستیارە، زۆر جار، پێش گۆڕانکارییەکان، هەست بە نائارامی دەکات. خۆزگە ئەوەندە هەستیار نەبوایە، تا دوو دڵی و نائارامی درووست نەبوایە.

**پێناسە:**

هاوڕێی تۆ، پێناسەی تۆیە.

**ڕاز:**

ڕاز، تا ئەو کاتە بەنرخە، کە پارێزراوە. ئەو بارە قورسە، کە پێی دەوترێ ڕاز، کە خۆت نەتوانی هەڵیبگری، چاوەڕێ مەکە هیچ کەسی تر بۆت هەڵبگرێ.

**مرۆڤ و ماسی:**

لە ناو ئاوی ڕوون و زوڵاڵدا، ماســـی جوان و پڕ تام و چێژ بەرهەم دێن. بەڵام، لەناو ئاوی لێڵ و قوڕاودا، ئەو ماســـیانە بەرهەم دێن کە، نە بۆ جوانی و ڕاگرتن بەکاردێن، نە بۆ خواردن بەتامن. مرۆڤەکانیش، هەمان تایبەتمەندییان هەیە و زۆر جاریش بەناچاری، دەبێ بۆ جوانی، سەیری ناشیرینەکان بکرێت و بۆ ژیانیش، هەر چاوت لەدەستی ئەوان بێت...

**ڕێباز و بیروباوەڕ:**

هەموو بیروباوەڕێکم پێ جوانە و هەموو ڕێبازێکیشـــم خۆشـــدەوێت. بەمەرجێک ڕاستگۆیی تێدابێت و سیایەتێکی ڕوون و گشتگیری هەبێ...

هەموو کەســـێکیشـــم لەلا جوان و بەڕێزە... بەمەرجێک، لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا، خۆیان بچووک نەکەنەوە و ڕاستییەکان نەشێوێنن.

**هاوڕێ چاکەکان:**

هاوڕێ بەنرخەکان، وەک تیشـــکی خۆر وان. خۆر، تا زیاتر بەرز بێتەوە، جوانتر دیارە و، گەرمی زۆرتر دەبێ. هاوڕێی چاک و بەوەفاش، تا کۆنتربێ، خۆشەویستی و دڵسۆزی، زۆرتر دەبێ.

**بچووک کردنەوە:**

زۆر جار، کەســـە بچووکەکان، شـــتە بەنرخ و پیرۆزەکان، بچووک دەکەنەوە. هەرکەس، بە ئەندازەی هزرو بیری خۆی بیر لە شـــتە جوانەکان دەکاتەوە. تێبینی: مەبەست لە کەسە بچووکەکان، (جەستەی بچووک ) نییە.

**چاکەکردن:**

بۆ چاکەکردن، هیچ خۆت ماندوو مەکە، تەنیا مرۆڤ بەو هیچی تر. درۆ مەکە، فێڵ مەکە، دووڕوو مەبە، بەخیل مەبە و خۆشییەکانی خۆت، لە خۆشی خەڵکدا ببینە.

**ڕازی سەرکەوتن:**

یەکەم: باوەڕ بەخۆ بوون.

دووەم: ڕازیبوون بەوەی کە خوا بڕیاری لەسەر داوە.

سێیەم: دان بەخۆداگرتن، بەتایبەتیی لەکاتی لێقەوماندا.

چوارەم: سوپاس گوزاری لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو جێگەیەکدا.

پێنجەم: بڕوا بوون بەوەی کە، هەرچی بەسەر مرۆڤدا دێت، لەوانەیە پێشگیریکردن بێ لە کێشەیەکی گەورەتر.

شەشەم: ڕازیبوون و خۆڕاگرتن بەوەی کە، بۆ مرۆڤ دیاریکراوە.

**خۆ کەمکردن و خۆ بەکەمگرتن:**

کە خۆت بە کەم بگری، لە بەرانبەردا، ڕێز وەردەگری، کە خۆت کەم بکەی لە بەرانبەر هەر شـــتێکدا، پێناســـەی ڕیســـوایی وەردەگری. هەروەها، کە خۆت بە گەورەتر لە خەڵک پێشـان بدەی، ڕەواجی خۆت لەدەست دەدەی. کە نەشـتوانی ڕێز لە خۆت و کەسایەتی خۆت بگری، بێگومان ناتوانی ڕێز لە هیچ کەسێک بگری.

**مرۆڤ و بەرژەوەندی:**

مرۆڤ، ئەو بوونەوەرە بەنرخەیە، کە خوای گەورە ڕێزی بۆ دانـاوە، بەڵام زۆر جار، لە پێناو بچووکترین بەرژەوەندیدا، خۆی دەدۆڕێنێ و هەرچی بەهایە، بۆ خۆی ناهێڵێتەوە.

**ژیان و کۆمەڵگە:**

هەرکاتێک کاروباری وڵات، کەوتە ژێر دەستی کەسانی بێتوانا و نەشیاو، سەرجەم بەهاکان لەدەست دەچن. هەروەها، وڵات بەرەو وێرانی دەچێت و کۆمەڵگەش بەرەو دوا دەگەڕێتەوە و شیرازەی ژیان، تەواو تێکدەچێت.

**منداڵ و باوەشی دایک:**

منداڵ، تا بچووکە، دایک بە گەورەترین پەناگەی خۆی دەزانێت. هەر بۆیە کاتێک لێی تورە دەبێت و تەنانەت کە لێشی دەدات، لەبری ڕاکردن و دوور کەوتنەوە، هەر دەگەڕێتەوە بۆ ناو باوەشـی دایکی. زۆر کەسـیش هەیە، منداڵ نییە، بەڵام خوویەک لەگەڵیدا لەدایک بووە، هەر چەند هەوڵبدەدات، ناتوانێت ئەو خوویە، لە خۆی دوور کاتەوە. بۆیە هەمان ســـرووشـــتی منداڵی وەرگرتووە و دەوری منداڵێکی ســـاوا، دەبینێـت... چەنـدە خراپەی بەرانبەر بکرێـت لەلایەن بەرانبەرەکەیەوە و بێڕێزی پێبکرێ، ئەو هەر زیاتر لێی نزیک دەبێتەوە و بە شـــانازی دەزانێت کە بچێتەوە ناو باوەشی و ناخۆشییەکانیش، بە خۆشی وەردەگرێت...!

**مەراییکردن:**

– خراپترین جۆری دووڕوویی و مەراییکردن، پەســـەندکردنی قســـەیەکە، کە زۆر باش دەزانێت لە ڕاستییەوە دوورە.

**گەمژەکان:**

– کێشـــەی دونیا ئەوەیە کە گەمژەکان، تەواو بڕوایان بە خۆیان هەیە... لەکاتێکدا زاناکان، هەمیشە لە گومان و دوو دڵی دان.

**بوونەوەرێکی سەیر:**

– بوونەوەرێکی ســــەیرین... بۆ تـاوانەکـانی خۆمـان پـارێزەرین و بۆ هەڵەکـانی خەڵکیش، دادوەر. (وتەی ناوداران)

**هەرکەسێک:**

هەرکەسێک خاوەنی بیروباوەڕێکی جێگیر نەبێ،

هەرکەسێک کڕنوش بەرێ بۆ دوژمنەکەی،

هەرکەسێک هەست بە ئازاری نەتەوەکەی نەکات،

هەرکەسێک چاکە و خراپە لەیەکتر جیا نەکاتەوە،

هەرکەسێک شادبێ بە لاوازبوونی نەتەوەکەی،

هەرکەسێک شادنەبێ بەسەربەستی گەلەکەی،

هەرکەسێک شادبێ بەسەرکەوتنی دوژمنەکەی،

هەرکەسێک لەسەنگەری دوژمن دابێ لەدژی نەتەوەکەی،

هەرگیز بۆ ئەوە نابێت، پێی بگوترێ مرۆڤ و دەبێ حاشای لێ بکرێ.

**بێوەفایی و ئاگر:**

جیاوازیی لە نێوان بێوەفایی و ئاگردا، دوو شتە:

یەکەم: بێ وەفاویی، هەر بە هەمان شێوەی ئاگر دەسووتێنێ، بەڵام ئازاری زیاترە و هەر زیادیش دەکات. هەروەها، شوێنەوارەکەشی، تەنیا لەسەر دڵ دەردەکەوێت.

دووەم: ئاگر، دەســــووتێنێ، بەڵام دوای چارەســــەر، چاک دەبێتەوە. هەرچەندە شوێنەواری برینەکە دەمێنێت، بەڵام، ئازاری نامێنێ.

**فیداکاری:**

فیداکاری بۆ کەســـێک بکە، کە بەڕاســـتی لێت تێبگات و ئەویش تۆ بخوێنێتەوە. هەروەها، شایانی ئەوەش بێت کە تۆ چی بۆ دەکەی...

**مۆرانە:**

ئەو جۆرە گیـانلەبەرە، کە بە مێروولەی ســـپیش نـاودەبرێ، لە نـاوەوەی داردا دروو ست دەبێت و گەرا دەکات. زۆر جاریش لەناو ئەو دارانەدا پەیدا دەبێت، کە بۆ داپۆشـــینی خانوو بەکار هاتوون. ئەگەر زۆر زوو چارەســــەری ئەو گیانلەبەرانە نەکرێت، تەواوی دارەکان دەخۆن و دەیانکەن بە تۆز..

زۆر جار لەناو خێزاندا، لەناو ڕێکخراوە و تەنانەت دامودەزگا حکومییەکانیشـــدا، کەسانی نەگونجاو، زیاتر ئەوانەی کە تەنیا بەرژەوەندی تایبەتیی لەبەر چاو دەگرن،

وەک ئەو مۆرانەیەن، کە هەرەس بە هەموو پێشــــکەوتنەکـان دێنن و ئەوەی لە ڕابردوودا بەڕەنج و زەحمەتێکی زۆر بەدەســـت هێنراوە، دەیکەن بە تۆزی بانان و بەبادا دەڕوات...!

**مامۆستا هەژار:**

چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی
نەزان پەرەستی بۆ نان کوشتمی...
هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە،...
ئاخ مردن، لە کوێی؟ ژیان کوشتمی...!

لەو هۆنراوەیەدا، ناخی مامۆســـتا هەژارمان، بۆ دەردەکەوێت. کە ئەگەر ژیان و برســـیەتی نەبوایە، بەدڵنیـایەوە، زۆر شـــت کە کراوە، بەدڵی ئەو نەبووە. بەڵام بەناچاری، دەســـتی بە چاوەکانی گرتووە و کەمێک لۆکەشـــی خســـتۆتە ناو گوێچکەکانییەوە! ڕۆحی شاد و گۆڕەکەشی، پڕبێ لە نوور...

**نزای نزاکاران:**

خوایە ئارامیمان پێببەخشـــە و بەوەی کە پێت بەخشـــیوین، ڕازیمان بکە. خوایە لە زوڵمی زۆردار و ســـتەمکاران، بمانپارێزە. خوایە تێکەڵ بە وتەی بێکردار و قســـەی زلمان مەکە. خوایە لە نزیکبوونەوە لە کەســـانی نەفســـنزم و بەرژەوەندی پارێز، دوورمان بگرە. خوایە ستەمکاران بۆ هەمیشە بخەوێنی. تا هەژاران نەڕەنجێنی.

**پەندی پێشینان:**

هەر شـتێک کە نایزانیت، نە بیڵێ، نە بیکە. هەر شـتێک لە تواناتدا نییە، خۆتی پێوە خەریک مەکە. وەک (سەعدی شیرازی) دەڵێ: هەر شتێک بەبێ من بکرێ، پێویست نییە من خۆمی پێوە خەریک بکەم.

**سەروەت و سامان:**

ئەگەرچی ســەروەت و ســامان، نیشـانەی بەختەوەری و ئاســوودەیی مرۆڤەکانە، بەڵام جگە لە وانەی کە، بە ڕەنجی شـانی خۆیان بژێوی ڕۆژانەیان بەدەست دێنن، بووە بە شــــەرم و وەک ئەوە وایە کە لە وڵاتێکدا چەک قەدەغە بکرێت و تۆ لەناو خەڵکدا، دەمـانچەیەک لەقەدی خۆت ببەســـتی و وەک خۆ ڕازاندنەوەیەک خۆت دەرخەی! لە کاتێکدا هەموو کەســـێک بەچاوی گومانەوە ســـەیرت دەکات و ئەو چەکەی کە تۆ بەلاتەوە زۆر جوانە، لەلای ئەوان زۆر ناشـــیرین و جێی تێڕامان و سەرسوڕمانە.

**هەمان تاس و هەمان حەمام:**

دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول، کە خەڵکی باشوور ئاوارەی وڵاتی ئێران بوو، بەشێکی زۆر کەوتینە ئۆردووگاکانی سەر بە پارێزگای کرماشان. ئێستاش لەبیرمە خەڵکی دەوروبەر دەهاتن و دڵخۆشییان دەداینەوە. هاودەردییەکەشیان ئەوە بوو: دەیانگوت: ئەگەر ئێوەش وەک ئێمە، (شا)یەکتان هەبوایە، بۆ ئاواتان بەسەردەهات..؟ ئێستاش بەداخەوە زۆر کەس بە هەمان بیرکردنەوەی ئەوکات، بیر دەکاتەوە! پێیانوایە، کێشەکە هەر نەبوونی (شا)یە، بەبێ ئەوەی بزانن، ناومەشکەکە چی تێدایە؟!

**خۆپاراستن:**

کاتێک بە ڕۆژووی، زۆر سەیری خواردن و خواردنەوە، مەکە... بۆ ئەوەی زۆر بێ هێز نەبی. زۆر سەردانی ناو بازاڕ مەکە، بۆ ئەوەی بە هۆی سەیرکردنی ڕەگەزی جیاواز، ڕۆژوەکەت لاواز نەبێت. کاتێک کە خەڵک لێت توڕەییە، چاوەڕوانی چەپڵە لێدان و ڕووخۆشیی لێ مەکە. کاتێک نانی خەڵک دەبڕیت و برسی دەکەی، هەرگیز داوای هیچی لێمەکە. کاتێک کە هیچت بۆ هیچ کەسێک نەکردووە، هیچ بەڵێنێکی پێمەدە. چونکە لێت بێهیوا بووە و متمانەت پێناکات. کاتێک کە هەستت کرد متمانەی تەواوت لەدەست داوە، باسی ئەو شتانە مەکە، کە لەلای خەڵک جوان و پیرۆزن.

**هەڵبژاردن:**

– هەڵبژاردن، سەنگی مەحەکە.

**ڕاگرتن:**

هەرشتێک کە گەیشت بە لوتکە، دەبێ ڕابگیرێت. چونکە ئەگەر پێشی لێنەگیرێت، زیادەڕەوی ڕوو دەدات. هەرکاتێکیش زیادەڕەوی ڕوویدا، شێواوی و وێرانکاری ڕوو دەدات.

**گەشبین:**

گەشبینەکان، کاتێک کە چاو دەکەنەوە، دنیا و ژیان، بەجوانی دەبینن. کاتێکیش کە چاو دادەخەن، لە ناو شاری بەهەشت ئاسای دڵیاندا دەژین و جگە لە جوانی و ڕازاوەیی، هیچی تر نابینن، هەر بۆیە بە ئومێدەوە دەژین و هەمیشە، دڵیان خۆشە. ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی ناخۆشی و بەرزبوونەوەی تەوژمی خوێن، ئەوانەی خوارەوەن: بیرکردنەوەی زۆر، خەم خواردنی زۆر، سوود وەرگرتن لە خواردنە سوێرەکان، هەروەها کەسێک کە بەردەوام وەک دار کوتکە، سەرت کوندەکات!.

**لێهاتوویی:**

گەورەیی مرۆڤ لەوەدا نییە کە خۆی بە دەمڕاستی خەڵک بزانێت. بەڵکوو لەوەدایە کە، لێهاتوویی ئەو کەسە، لە چ ئاستێکدایە.

**عەقڵ و هەیکەل:**

زۆر کەس پێیوایە، عەقڵ لەناو هەیکەلی گەورەدایە! بێخەبەر لەوە، کە عەقڵی تەواو لە ناو مێشک دایە و، مێشکیش لە ناو، کاسەی سەردایە. ئەوەی تەنیا بە جەستەی گەورە دەنازێت، بێخەبەرە لەوەی کە، خاوەنی عەقڵێکی پەرێشان و بێپەنا و بێنازە.

**خیانەت دوو بەشە:**

یەکەم: ئەوەیە، خیانەت بکەی.

دووەم: ئەوەیە، کە باسی خیانەتی خەڵک بکەی. بەڵام هەرگیز، باسی کەموکووڕییەکانی خۆت نەکەی...

**بچووک بوونەوە:**

بچووک بوونەوەی مرۆڤ، لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە خۆی پێ گەورەبێت و خەڵکی لەلا بچووک بێت. چونکە هەموو کەسێک تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، کە لەخەڵکی دیکەدا بوونی نییە.

**تیری زمان:**

ئەوانەی دەتکەن بە نیشانە و هەوڵ دەدەن بە تیری زمان دڵت بپێکن، تۆ هیچ مەڵێ و ئارام بگرە. دوای ماوەیەک خۆت دەبینی، کە چی بوون و بوون بە چی؟

**متمانە:**

بەدەستهێنانی متمانەی بەرز، بەنرخترە لە بڕوانامەی بەرز.

**گەوجاندن:**

ئەوانەی کە خەڵک دەگەوجێنن، وریا و فێڵبازن. بەڵام... ئەوانەی کە خۆیان دەگەوجێنن، گێل و نەفامن.

**لاوازی بیری نەتەوەیی:**

تا بیری نەتەوەیی لاواز بێت و پاشکۆیەتی هەر باوبێ، سیاسەتکردن و قسەی زل، نەک هەر سوودی نابێت، بەڵکوو لە گەڕانەوە بۆ دواوە و بچووک بوونەوەی زیاتر، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێت...

– بەڵێن: کەسێک لە ناوەرۆکی بەڵێن تێنەگات، هەرگیز لە مانای ژیان، تێناگات.

**دزی:**

هەرکەسـێک بتوانێت وشـەیەک بدزێ، دەتوانێت پەڕتووکێکیش بدزێت، کە توانی پەڕتووکێک بدزێت، دەتوانێت، هەموو شتێک بدزێت.

**زمان:**

ئەوانەی کە زمانیان ناشیرینە، هەموو گیانیان ناشیرینە.

**گەورەیی:**

ئەوانەی بەگەورەیی دەژین و بەگەورەییش دەمرن، جێگەیان ناو دڵی خەڵکە.

**سەرکردە:**

ئەو کاتە، هەست بە بوونی سـەرکردەکان، دەکرێت، کە بەسـەربەرزی ماڵاوایی لە ژیان دەکەن و خەڵک فرمێسکیان بۆ دەڕێژێت.

**ماندوویی:**

من ماندوو بووم لە گریان،
ماندوو بووم لە هاوارکردن،
ماندوو بووم لە قیژاندن،
ماندوو بووم لە خەمباری،
ماندوو بووم لە خۆدەرخستن،
ماندوو بووم لە تەنیای،
ماندوو بووم لە تووڕەیی،
ماندوو بووم لە سەرشێتی،
ماندوو بووم لە داخران،
ماندوو بووم لە پێویستی بۆ یارمەتی،
ماندوو بووم لە یادکردنەوە،
ماندوو بووم لە لەبیرکردنی شت،
ماندو بووم لە جیاوازییکردن،
ماندوو بووم لە لەدەستدانی خەڵک،
ماندوو بووم لە بێنرخی،
ماندوو بووم لە هەستکردن بە بۆشای،
ماندوو بووم لە بێتوانای بۆ ڕۆیشتن،

ماندوو بووم لە مەبەستەکانم، کە توانیبام بە هەموویان بگەم،
ماندوو بووم لە خەونەکانی ژیانم، کە هەرگیز پێیان ناگەم، بەڵام... زیاتر لە هەموویان ئەوەیە کە، من ماندووم، لەوە کە زۆر ماندووم... لە (ئینگلیزییەوە)

**گومان:**

بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەت متمانەت پێبکات، گومانەکانی بڕەوێنەوە.

**هیوا و دڵسۆزی:**

هیوا و دڵسۆزی لە هەرکەسێکدا بەدیبکرێت، مۆمێکی گەشە و لە قووڵایی دڵدا، هەڵدەکرێت.

**یەکجار ناو دیاریدەکرێت و دەبێتە پێناسە:**

مرۆڤ هەموو ڕۆژێک پێی ناوترێت: تۆ ناوت فڵانە؟ کەسێکیش، کە خاوەنی هەر بیروباوەڕێک بێت، پێویست ناکات، هەموو ڕۆژێک، بیری بهێنرێتەوە. چونکە هەر وەک چۆن ناو، پیرۆزە بۆ مرۆڤەکان، ئاواش بیروباوەڕ، پیرۆزە بۆ هەمووان. کەوابوو، پێویستە ناو و بیروباوەڕ، وەک یەک بپارێزرێن.

**هاوڕێ:**

چەندە خۆشحاڵم بەوە کە ڕۆژانە، تەنانەت تاکە وشەیەکی جوان فێردەبم لە هاوڕێکانم، ئای... هاوڕێ! چەندە بە نرخی...

**ڕەشبینەکان:**

ڕەشبینەکان، چونکە هەموو شتێک بە ڕەشی دەبینن، هەوڵ دەدەن چرای دڵی هەموو گەشبینەکانیش بکوژێننەوە! بۆ ئەوەی جیهان، بە شێوەیەک بگۆڕن کە خۆیان دەیانەوێت...

**هەڵسوکەوت:**

هەڵسوکەوتی جوان، ڕووداوە ناشیرینەکان، لەبیر دەباتەوە.

**هاوڕێ:**

هاوڕێی چاک، هۆی خۆشبەختییە و هاوڕێی خراپیش، هۆی نەگبەتییە.

**متمانە و بڕوابەخۆبوون:**

– تا ئەو کاتە ڕێزت پارێزراوە، کە نهێنیت لای کەس دانەناوە.

**هەوڵبدە:**

هەوڵبدە وەک مرۆڤ، هەموو کەسێکت خۆشبوێت. بەڵام هەرگیز... دڵخۆش مەبە بەوە، کە هەموو کەسێک تۆی خۆشبوێت.

**چۆن بین؟**

گرنگ ئەوە نییە کە چی بین، بەڵکوو ئەوە گرنگە، کە چۆن بین.

**تێگەیشتن لە مانای خۆشەویستی:**

تێگەیشتن لە مانای خۆشەویستی، تێگەیشتنە، لە ڕاستی و بەیەکەوە ژیان. تێنەگەیشتنیش لە خۆشەویستی، تێنەگەیشتنە لە ژیان.

**ڕاستبوون:**

– ئەوانەی کە ناتوانن لەگەڵ هیچ کەسێکدا ڕاست بن، مێژوویەکی پڕ لە شەرمەزاری بۆ خۆیان تۆمار دەکەن.

**پاک:**

– بە پاکی لە دایک بووی، پاک بژی و بە پاکیش بمرە.

**بچووک بوونەوە:**

– بەشێک لە مرۆڤەکان، وەک باڵندەکان وان... چەندە بەرزتر ببنەوە، هەر بچووکتر دەبنەوە.

**ماستاو:**

– نان و ماستاو بخۆ... بەڵام نانی ماستاو هەرگیز...!!!

**کێ خراپە؟**

هەموو کەسێک چاکە. تا دەگاتە مەیدانی تاقیکردنەوە...

**بەزەیی نەهاتنەوە:**

سێ شت بەزەییان بە هیچ شتێکدا نایەتەوە: دەریا، ئاگر، تینووی دەسەڵات.

**خاوەن بوون:**

کەسێک نەتوانێ خاوەنی خۆی بێ، ناتوانێ هەرگیز خاوەنی کەس بێ.

**بۆ هەرچی دەیکەی:**

ڕاوێژ بە دڵت بکە، بڕیار لە مێشکت وەربگرە، چاوەکانت بکە بە چاودێر و ویژدانیشت بکە بە دادوەر.

**کەوتن و فێربوون:**

ئێمە لە کەوتنەکانەوە زیاتر فێردەبین، تا لەسەرکەوتنەکان.

**عەیبە:**

– بیر لە عەیبەی هیچ کەسێک مەکەوە. هەر کەسێک عەیبەکانی خۆی ببینێت، بیر لە عەیبی هیچ کەس ناکاتەوە.

**خاڵەکانی سەرەکی ژیان:**

خۆشەویستی،

ئازادی،

ئاشتی،

بەیەکەوە ژیان،

لەیەکتر تێگەشتن،

یەکتر قبووڵکردن،

لەگەڵ یەکتردا ڕاست بوون،

ڕێز لەیەکترگرتن.

**نابینا و ئیرەییبەر:**

نابینا، تەنیا چاوی نابینێ. بەڵام دڵی دەبینێ. کەسێکیش کە دڵی دەبینێ، هەموو شتێک دەبینێ. ئیرەیی بەر، چاوی دەبینێ، بەڵام دڵی نابینێ. کەسێکیش کە دڵی نەبینێ، هیچ شتێک نابینێ.

**بەهەشت و مرۆڤ:**

دەڵێن مرۆڤە باشەکان، دەچن بۆ بەهەشت. بەڵام من دەڵێم: مرۆڤە باشەکان لەهەرکوێ بن، ئەوێ بەهەشتە. (وتەی ناوداران)

**بێدەنگی:**

لە دوو کاتدا، بێدەنگ بە:

کاتێک هەست دەکەی یەکێک ناتوانێ لە هەست و وتەکانت تێبگات،

یەکێک کە لێت تێدەگات، بەڵام بەبێ دەربڕینی هیچ وشەیەک.

**زانست:**

زانست، تارمایی ژیان لادەبات.

زانست، بەرزترین لوتکەی ژیانە.

زانست، کلیلی سەرجەم دەرگا داخراوەکانە.

زانست، چرای دڵی مرۆڤەکانە.

زانست، بەرهەمی ماندووبوونی فێرخوازانە.

زانست، پزیشکی چارەسەری ڕاستەقینەی سەرجەم کێشەکانە.چۆن خۆت دەبینی؟

ئەوە گرنگ نییە چۆن خۆت دەبینی. گرنگ ئەوەیە، خەڵک چۆن دەتبینێ.

**کڕنوش بردن:**

تا کڕنوش و کڕوزانەوە و دەسـت ماچ کردن هەبێ، هیوات بەژیانی ڕاسـتەقینە و وەک مرۆڤ ژین، نەبێ...

**مردووەکان:**

مردووەکان، نەهەسـت بە ئازار دەکەن، نە هیچ دەبیسـتن، نە هیچ دەبینن. زۆر کەسـیش هەیە، هەرچی پێیان بوترێ، وەک مردوو وان و خۆیان بێدەنگ دەکەن... پێیانوایە ژیان ئەوەیە کە خۆیان بڕیاریان لەسەر داوە. بێ ئەوەی ئاوڕ لە ڕابردوو، بدەنەوە کە چی ڕوویداوە...؟

**هاوبەشی ژیان:**

ئەوانەی کە خۆیان بە هاوبەشـی ژیانی خەڵک دەزانن، دەبێ ئەو کەسـانە بن، کە خەڵکیش بە هاوبەشی ژیانی خۆیان دەزانن.

**ڕۆشنبیری:**

تا ئاسـتی ڕۆشـنبیری بەرەو نزم بوونەوە بچێت، خۆ بە زۆر گری و کێشـە کۆمەڵایەتییەکانیش، بەرەو بەرز بوونەوە دەچن.

چیرۆکێکی پڕ لە ئەزموون بۆ خزم و کەسە نزیکەکان: ئەو کاتەی براکانی حەزرەتی یوسـف، (س) کە دەیانخسـتە ناو بیرەوە، یوسـف زەردەخەنەیەکی کرد. یەکێک لە براکان، وتی: ئەوە بۆ پێدەکەنی؟ ئێرە خۆ شـوێنی پێکەنین نییە! یوسـف لە وەڵامدا وتی: ڕۆژێک بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن، کەسێک دەتوانێ دوژمنایەتی من بکات! لە کاتێکدا من ئەو هەموو برا بەهێزەم هەیە! بەڵام خودای گەورە، هەر ئەو برایانەی خۆمی کردە دوژمنم! تا تێبگەم کە ناتوانم پشت بە هیچ بەندەیەک ببەستم...

**خۆزگەیەک:**

لە ماوەی تەمەنی خۆمدا، ٣ دەسەڵاتی کوردم بینیوە.

یەکەم، شۆڕشی ئەیلول،

دووەم، کوردستانی ئێرانی دوای شا،

سێیەم، ئێستای کوردستانی ئێراق.

بەداخەوە لە هیچ کامێکیاندا، هەسـت بە ئاسـوودەیی نەکرا! من بۆم دەرکەوتووە، نادادپەروەری لە ناو کورددا، بووە بە خوو و وەک میکرۆبی ڤایرۆس، لەناوماندا، بڵاوبۆتەوە...! تەنانەت ئەو نەخۆشـییە، لە دەرەوەی وڵاتیش دەبینم. مەبەسـتم ئەوانەیە کە، بەهەر شـێوەیەک بێ، خۆیان دەخەنە ناو کارێکی حکومییەوە. بەڵام دوایی، دەبن بە دیوارێکی بەرز تا خەڵکێک کە خۆیان بە دڵیان نەبێت، نەگات بەوەی

که دەیانەوێت.. خۆزگە ئەو نەخۆشییە لەناو کورددا، بوونی نەبوایە. بۆ ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، خۆشەویستی پەرەی سەندبایە و کۆتایی بە نەهامەتییەکان هاتبایە.

**پیاو بوون:**

یەکێک لە جوانترین وتەکانی زانایایەک، ئەوەیە کە دەڵێ:

هەموو پیاوێک، دەتوانێت مرۆڤ بێ، بەڵام... هەموومرۆڤێک، ناتوانێت پیاوبێ. (وتەی ناوداران)

**بێباڵ و بەباڵ:**

زۆر کەس، یان زۆر لایەن، لە سیاسەتی بەباڵ بگرە و بێباڵ هی خۆتە، کەڵک وەردەگرن! بەڵام.. بە بڕوای من، ئەو سیاسەتە، هەڵەیە.

لەبەر ئەوە، بە باڵەکان، لەهەر کوێیەک بۆیان خۆشتربێ، لەوێ دەنیشن.

بێباڵەکانیش، بەهۆی بێزار بوونەوە، لە شوێنی خۆیان دەوەستن...

دوای ماوەیەک، بەهۆی ئەو سیاسەتە هەڵەیەوە، نە بێباڵ دەمێنێ، نە بەباڵ.

دەرەنجام، زۆری پێناچێت، باڵدارەکان بەهۆی خواردنی باشتر لەملا و ئەولا، لەدژ دەوەستنەوە و وەک دوپشک دەکەونە گیانی خاوەنەکەیان. لە کۆتاییدا، نە خاوەن و نە بێباڵ و نە بەباڵ، بوونیان نامێنێت و کۆتاییش بە خەونە بێماناکان دێ...

**هەڵوێست:**

مرۆڤ، هەروەکچۆن کاتێک کە تینوو دەبێ، پێویستی بە ئاوە،

کاتێک کە برسی دەبێ، پێویستی بە نانە،

کاتێک کە ماندوو دەبێ، پێویستی بە پشوودانە،

کاتێک کە نەخۆش دەکەوێ، پێویستی بە پزیشک و دەرمانە،

کاتێک کە مێشکی ئاڵۆزە، پێویستی بە شوێنی ئارامە،

کاتێکیش کە ناحەقییەک دەبینێ، پێویستی بە هەڵوێست وەرگرتن و نەترسان و ئارامکردنەوەی ویژدانە. ئینجا بە دەربڕینی وشەی شیاوبێ، بە هۆنراوەی سەرنجڕاکێش بێ، بە ڕاپۆرت و نووسینی پەخشان بێ، پێویستە، بەشێک بێ لە چارەسەر و کەمکردنەوەی کێشەکان. بەڵام... هەر وتەیەک کە خۆت باوەڕت پێی نەبێت، دەریمەبڕە، هەر نوکتەیەک کەخۆت بە پێکەنین نەخات، نە بینووسە، نە بیگێڕەوە. هەر هۆنراوەیەک، کە هەستت بە گریان نەخات، مەینووسە، هەر

پەخشـانێک، کە بۆ هەر مەبەسـتێک دەینووسـی، کە کاریگەری لەسـەر خۆت نەبێ، مەینووسە، هەرکەسێکیش، کە هاوتەرازووی خۆت نەبێ، کاتی لەگەڵدا بەفیڕۆ مەدە.

**خەون و خەیاڵ:**

ئەوانەی کە هەرگیز لەبیر نـاکرێن، زۆری پێنـاچێ، دەبن بە خەون و خەیـاڵ. لە کۆتاییدا، هەموو خۆزگە و ئاواتەکان، دەبنەوە بڵقی سـەر ئاو و هەریەکە لە شـوێنی خۆی دەپوکێتەوە.

**پیرۆزییەکان:**

دوژمنانی دڵڕەشـــی نیشـــتمان، هەرکامێک لە پیرۆزییەکانمان، بە شـــێوەیەک لە شێوەکان، لەناو دڵماندا، نامۆ کردووە. ناوی پیرۆزی پێشمەرگە، کە پارێزەری خاک و وڵاتە، ئاڵا، کە ڕەمزی پیرۆزی نەتەوەیە، باوەشـی گەرمی نیشـتمان، بەروبوومی وڵات، ســـەربەخۆیی، کە خەونی هەموو خەڵکە، دەســـەڵاتی خۆماڵی، کە چەندین قوربانی لە پێناودا، دراوە، بێلایەن نەبوونی دادگاکان و پاشـــاگەردانی لە وڵاتدا. بۆ هەرکامێک لەوانە، هۆیەکی تایبەتیی هەیە، کە هەموو خەڵکی تووشـی دوودڵی و بێ متمانەیی کردووە...!

**ستەم:**

بێدەنگ بوون لە بەرانبەر ستەمدا، هاوبەشی و ئەنجامدانی ستەمە.

**زەردەخەنە:**

دنیا بۆ پیاو، زەردەخەنەیەکە، بۆ ژنیش، زەردەخەنەیەک، دنیایەکە.

**نوێخوازی:**

کەسێک، کە باوەڕی بەڕێگەچارە تازەکان نەبێت، دەبێ چاوەڕێی ناخۆشی و کێشە تازەکان بێ.

**بۆنی کەباب:**

ئەوانەی دوای بۆنی کەباب دەکەون، ڕۆژێک دێت، ڕێگەی هەڵە بگرنەبەر و بەسـەر بۆنی جیاوازدا بکەون.

**ئاسوودەیی:**

بۆ ئەوەی دڵت ئاسوودە بێت، پشت بەخۆت ببەستە، ئەوەی کە دەیکەی، لێی ڕازی بە، ئەوەی کە هەتە، پێی ڕازی بە، داوای هاوکاری، لە کەس مەکە، بە کەمی خۆت ڕازی بە و چاوەڕوانی زۆر، لە کەس مەکە، تا دەتوانی چاکە بکە و منەت لەســـەر کەس مەکە، هەروەها، چاوەڕێی پاداشتیش لە کەس مەکە.

**ستەم لێکراو:**

گڕی هەناسەی ستەم لێکراو، ئەوەندە بەتینە، دوور نییە کە، جیهان بسووتێنێ.

**وشە باو و نەشیاوەکان:**

زۆر جار وشە نەشیاوەکان، دەبنە باو. کە بوونە باویش، لەناو مێشکدا جێگیر دەبن و دەکرێن بە بەرنامەی ژیان و دواتر لەگەڵیاندا ڕادێین. بۆ نموونە: زۆر جار کە پرسیار لە کەسێک دەکەی: منداڵت هەیە؟ ئەگەر منداڵەکە، کوڕبێ، دەڵێ: نۆکەری تۆم هەیە...! ئەگەر کچیش بێ، دەڵێ: قەرەواشی تۆم هەیە...! یان کە هەواڵی کەسێک دەپرسی و دەڵێی: چۆنی؟ لە وەڵامدا دەڵێ: نۆکەرتم...! بە بڕوای من ئەو وشانە لە نرخی مرۆڤ زۆر کەمدەکەنەوە و بوواری متمانە بەخۆبوون زۆر لاواز دەکەن...! بۆ ئەوەی خۆمان پەروەردە بکەین، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی زێڕین دابین بکەین، بۆ ئەوەی نیشتمان بە نرخ و جوان بکەین، بۆ ئەوەی شانازی بە ڕابردوومانەوە بکەین، بۆ ئەوەی مێژوویەکی شیاو بۆ خۆمان تۆمار بکەین، پێویستە متمانە بۆ خۆمان درووست بکەین و هەرگیز خۆمان، بە وشە و وتەی نەشیاو و ناشیرین، بچووک نەکەینەوە...

**یاسا:**

- کە یاسا بوو بە چەکی دەسەڵات، ژیان لە ترسی ڕادەکات،

**خوێندەواری:**

خوێندەواری، ئەگەرچی دڵ و مێشکی خەڵک ڕووناک دەکات و سوود بە مرۆڤ و جیهانیش دەگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانێت مرۆڤە دڵڕەشەکان بگۆڕێت. بەڵکوو ناشیرینتریان دەکات و لە کۆمەڵگەش، دایاندەبڕێت.

**ڕەمزی نەتەوەیی:**

جوانترین ڕەمزی نەتەوەیی، هەر نەتەوەیەک، ئاڵایە. بە مەرجێک بۆ خزمەتی خەڵک و نیشتمان بەکاربهێنرێت.

**داماو:**

داماوترین سەرکردەکانی وڵات، ئەو سەرکردانەن کە ملکەچی بێگانە دەبن و دەکەونە ژێر فەرمانەکانی ئەوان.

**ناخ:**

ئەوانەی کە ناخیان تاریکە، ئەگەر شێوەشیان جوان بێ، هەمیشە تارماییەک، لەسەر دەموچاویان بەدیدەکرێ!

**ناتوانم:**

ناتوانم بۆ هەمیشـــە دوورت بخەمەوە... کە لێشـــت تووڕە دەبم، وەک ئەمانەتێک، لەناو گۆشەیەکی دڵمدا، دەتشارمەوە.

**پارە:**

پارە زارەکان دەبەستێت و گوێییەکان، کەڕ دەکات، زمانەکان لاڵ و چاوەکان، کوێر دەکات. زمان درێژەکان، تەنیا تیغی تیژی پارە، زمانیان لەت دەکات. مرۆڤ ئەگەر نرخی خۆی بزانێت، هەرگیز بە پووڵ و پارە، ویژدانی خۆی نافرۆشێ.

**هەڵەکان:**

خەم لە هەڵەکانی ڕابردووت مەخۆ، بەڵام جارێکی تر، دووبارەیان مەکەوە.

**پرسیار:**

– لە حەکیمێکیان پرســـی: تەمەنت چەندە؟ وتی: نەخۆش نیم، وتیان: پارەت هەیە؟ وتی: قەرزدار نیم، وتیـان: دوژمنت هەیە؟ وتی: دوور لە خزمەکانم دەژیم. (وتەی ناوداران)

**بەرژەوەندی:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕاستەقینە بۆ هەمووان، پێویستە بەرژەوەندیە تایبەتییەکان، فیدای بەرژەوەندیە گشتییەکان بکرێن.

**بۆ بەرزبوونەوە:**

– بۆ بەرزبوونەوە، بەرەو لوتکەی ســـەرکەوتن، ســـەرەتا، فیداکاری دەوێت، ســـووتانی جەســـتەی دەوێت، وێران بوونی نیشـــتمانی دەوێت، لە کۆتاییدا، ئارام دەگرین و بۆ هەمیشە، لە ژێر سێبەری شەهیدان دا، دەحەسێینەوە.

**دوورکەوتنەوە:**

کەسێک بەبێ هۆ دوورکەوێتەوە، هەر خۆی بەبێ هۆ، دەگەڕێتەوە.. بەڵام هەرکاتێ شوشە کەوتە خوار و شکا، تا ئەبەد، چاک نابێەوە.

**دەسەڵات:**

– کە دەسەڵات لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە، میهرەبانی لە پەنجەرەوە دەچێتە دەرەوە. کە سامان لە دوورەوە خۆی پێشاندا، خۆشەویستی لە ترسی ئەو ڕادەکات.

**هەژارەکان:**

باشـــترین و دڵســـۆزترین دۆســـتەکانم لە هەژارەکانن. دەوڵەمەندەکان، هیچ لە دۆستایەتی نازانن.

**چۆکدادان:**

بێتوانایی مرۆڤ، لەو کاتەوە دەردەکەوێت، کە لە بەرانبەر پارە و سامانداا، چۆک دادەدات و ویژدانی خۆی دەفرۆشێ...

**پارە:**

پارە جۆرە چێژێکە کە دەتوانێ بۆ هەموو جێگەیەک بچێت و هەموو شتێک بەدەست بێنێت، جگە سەربەرزی و خۆشەویستی.

**دۆست:**

پرسیم: دۆست باشترە یان برا؟ وتی: دۆست. چونکە دۆست برایەکە، کەبە ئارەزووی خۆت هەڵیدەبژێریت.

**سیاسی:**

زۆرێک لە سیاسییەکان، بەهۆی لێهاتوویی و دڵسۆزییانەوە، ژیان و مرۆڤایەتی دەگۆڕن. بەڵام... بەشێکیان، جگە لەوەی کە خۆیان ناشیرین دەکەن، ژیان و شێوە و ڕوخساری مرۆڤایەتیش دەشێوێنن.

**بزەکانت:**

– وابکە بزەکانت، جیهان بگۆڕن، بەڵام... لێمەگەڕێ، جیهان، بزەکانت بگۆڕێ.

**جیاواز:**

– لەو کاتەوە مرۆڤ جێگەی نامێنێت لەناو کۆمەڵگەدا، کە پێیوابێت، لە هەموو کەسێک جیاوازە.

**هێرش:**

– هەرگیز لە هێرشی دڕندەکان مەترسە. ئەوان، بە لافاوی خۆشەویستی دەڕەونەوە.

**هەڵسوکەوت:**

ئێمە دەبێ بە شێوەیەک لەگەڵ هاوڕێکانماندا هەڵسوکەوت بکەین، ئەوەی کە خۆمان ئارەزوو دەکەین لە ئەوان، بەرانبەر بەخۆمان.

**شێوەی ژیان:**

بە سادەیی بژی،<br>
بە سادەیی هەڵسوکەوت بکە،<br>
سەخیانە ببەخشە،<br>
لە جل پۆشیندا بێ فیزبە،

ڕاستگۆیانە نزا بکە،
ژیرانە بیر بکەوە،
ئاینیانە عیبادەت بکە،
لە کرداردا میهرەبانبە،
دڵسۆزانە بزە بکە،
ڕاستگۆیانە قسەبکە،
لە خۆشەویستیدا دڵسۆزبە.

**قسەکردن:**

تەنیا کاتێک قسەبکە، کە وشەکانت لە بێدەنگی باشتربن.

**چۆن قسەبکەین؟**

بە ڕاستی، قسەبکە،
ڕاستەوخۆ قسەبکە،
دادوەرانە قسەبکە،
میهرەبانانە قسەبکە،
بە ڕەوشتەوە قسەبکە،
بە کراوەیی قسەبکە،
بە بەزەییەوە قسەبکە،
بە ڕووخۆشیی قسەبکە،
قسەبکە، نەک بێسوود،
قسەبکە، نەک بەدرۆ.

**زاناکان:**

– زاناکان قسە دەکەن، چونکە شتێکیان هەیە کە بیڵێن. نەزانەکانیش، چونکە دەبێ شتێک بڵێن.

**هەڵبژاردن:**

هاوڕێکانت هەڵبژێرە، بە وریاییەوە.
پلان دابنێ بۆ داهاتووت.
بە ئامانجەوە، ژیانت پێکبێنە.

**تەمەن:**

تەمەن ئەوەنییە کە تۆ چەند ساڵی تەواوی، بەڵکوو ئەوەیە کە چەند ساڵ خۆش ژیاوی؟

**هەشتی مارس:**

هەشتی مارس، واتا ڕۆژی سەربەستی و ئازادی. ڕۆژی ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی. ڕۆژی پێناسەکردنی وشەی پیرۆزی ژن، بە ژیان و لەیەکتر جیانەکردنەوەی ئەو دوو وشە بەنرخە، کە بێگومان ژن و ژیان، دوو وشەی لەیەکتر دانەبڕاون و ژیان بەبێ ژن، هیچ مانەیەک نابەخشێ.

**زیندوو، مردوو، نەخۆش:**

زیندوو، کەسێکە ئەوەی دەتوانێت دەیکات. مردوو، کەسێکە، هیچی نییە کە بیکات. نەخۆش، کەسێکە، لەدەستی دێت و دەیکات. بەڵام دوا جار، بێخێری دەکات!

**باسکردن:**

– هەرکەسێک لە چی کەمبێ، باس لەو شتە دەکات. دز، باس لە ئەمانەت دەکات. بێڕەوشت، باس لە شانازی دەکات. دەوڵەمەند، باس لە قەناعەت دەکات، ستەمکار، باس لە دادپەروەری دەکات، فێڵباز، باس لە دین دەکات.

**جەور و ستەم:**

کاتێک دەمارگیر و توندڕەوەکان لەسەرووی دەسەڵاتەوەبن، هیچ سنوورێک نامێنێ بۆ جەور و ستەم و چەوساندنەوە.

**ئەگەر نەتوانین:**

ئەگەر نەتوانین ئەزموون لە ڕابردوو وەربگرین، هەرگیز ناتوانین چێژ لە داهاتوو وەربگرین...

**وەفا:**

خۆزگە وەفا ئەوەندە قورس نەبوایە، تا هەموو کەس توانای هەڵگرتنی هەبوایە.

**وریایی:**

ئەو شتانەی کە هۆی سەرەکین بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان، هەر ئەو شتانەش، دەبنە هۆی سەرەکی بۆ لە ناوچوون و تێدا چوون. بۆ نموونە: ئاو و ئاگر، چەندە پێویستن بۆ ژیان، ئەوەندەش زیان بەخشن بۆ گیان. ئاو، کە زۆر بوو، مەترسی خنکان و وێرانی درووست دەکات. ئاگر، ئەگەرچی بۆ زۆر کات و زۆر شت پێویستە، بەڵام کە لێی نزیکبوویەوە، ڕەحمت پێناکات و دەتسووتێنێ. مرۆڤیش

هەمان تایبەتمەندی هەیە. مرۆڤەکان، هاوپێویستی یەکترن و بەیەکەوە جوانن. بەڵام، پێویســـتە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن. چونکە زۆر کەس بە دیمەن جوانە، بەڵام لە ناخدا وێرانە...

**ژیان بۆ ئاڵۆزە؟**

بیری کەسێک دەکەی؟ تەلەفۆنی بۆ بکە. دەتەوێت ببینی؟ بانگهێشتی بکە. دەتەوێت تێبگەی؟ داوای ڕوونکردنەوە بکە. پرسـیارت هەیە؟ بپرسـە. شـتێکت پێخوش نییە؟ بیڵێ. شتێکت پێخۆشە ؟ دەریبڕە.

شتێکت دەوێ؟ داوای بکە. کەسێکت خۆشدەوێ؟ پێی بڵێ. (وتەی ناوداران)

**ژیان:**

کە بەردەوام دڵەکان، بەدەوری یەکتردا نەسـووڕێنەوە، ژیانی هاوبەش، درووسـت نابێت.

– سـەما بکە، وابزانە کەس ناتبینێ. شـادبە و خۆشـەویسـتیت هەبێ، وابزانە پێشـتر هەرگیز ئازارت پێنەگەیشـتووە. گۆرانی بڵێ، وابزانە کەس گوێی لێت نییە. ژیان بکە، وابزانە بەهەشت لەسەر زەوییە. (وتەی ناوداران)

**چەوت و ڕاست:**

کاتێک کەسە چەوتەکان لە ژیانتدا دەردەچن، شتە ڕاستەکان، دەست پێدەکەن.

**دووفاقی:**

ئەوانەی کە بەردەوام لە ناو زەلکاوی دووفاقیدا مەلەوانی دەکەن، یەکەم: متمانە و کەســـایەتی، بۆ هەمیشـــە لە دەســـت دەدەن. دووەم: زۆری پێناچێت، لەناو ئەو زەلکاوەدا، بزر و بێسەروشوێن دەبن.

**جوانی:**

جوانی لە دەموچاودا نییە. جوانی، چرایەکە، لەناو دڵدایە.

**ناکۆکی:**

– ناکۆکی و پشـــێوی بکووژە، پێش ئەوەی ئەو بتکووژێت. تۆ ئامانجت بەدەســـت بێنە، پێش ئەوەی ئەو لێت بدات.

**جێهێشتن:**

تۆ ژیان بکە، پێش ئەوەی ژیان جێت بێڵێت.

**سەرزەنشت:**

– هەرگیز لە ژیانتاندا هیچ کەس سـەرزەنشـت مەکەن. مرۆڤە چاکەکان، خۆشـیتان بۆ دێنن. مرۆڤە خراپەکـانیش، ئەزموون، خراپترەکـان، وانەی وریـاکردنەوە، باشترەکانیش، بیرەوەری.

**بەرزکردنەوە:**

– ئاستی وشـە و ڕستەکانت بەرز بکەوە، نەک ئاسـتی دەنگت. ئەوە بارانە، نەش و نما بەگوڵ دەکات، نەک

هەورە گرمە.

**گەورەکردن:**

کاتێک کەسانی بچووک بۆخۆمان گەورە دەکەین، هەم ئەوان تووشی هەڵە دەکەین، هەم خۆشمان. (وتەی ناوداران)

**ژیان بە جیاوازییەکانەوە جوانە:**

هیچ کەس بەهۆی هیچ کەسـەوە، مەناسـە. چونکە هەرکەسـە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ژیانیش، بەجیاوازییەکانەوە جوانە. ئەگەر وەرزەکانی سـاڵ، هەموویان یەک بن، بێزاری دروست دەبێ، ئەوکاتە ژیان هیچ چێژی نابێت...

**لەیەک دەچن، بەڵام جیاوازن...**

ئەگەرچی زۆر جار، ناوەکان لەیەک دەچن، بەڵام هیچ ناوێتک، جێی ناوێتکی تر ناگرێتەوە. زۆر جاریش، شـێوەکان لەیەک دەچن، بەڵام هەرگیز... ناخەکان، تێکەڵ بەیەک نابنەوە...

**دەریا زۆر گەورەیە:**

ئەوانەی کە ناوبانگی زڕاویان هەیە و ڕابردوویان جێی پرسـیارە، هەر ئەوانەن کە هەوڵی تێکدانی ژیانی خەڵک دەدەن و بە خەیاڵی خۆیان، بە نشـتەری تیژ و ژەهری سـەر زمانیان، کەسـایەتییەکان زامدار دەکەن...! بەڵام... بێخەبەرن لەوە کە، دەریا زۆر گەورەیە و بە ئاسانی لێڵ نابێت...

**تاقیکردنەوە:**

هەموو تاقیکردنەوەیەک لە ژیانماندا، ئێمە خراپتر یان باشتر دەکات. هەر کێشەیەک کە بۆمان دێتە پێش، بۆ شکاندنی ئێمەیە، یان بۆ درووست کردنی ئێمەیە. کەوابوو، هەڵبژاردن لە دەست خۆماندایە، ببین بە قوربانی، یان سەرکەوین...

**سوپاسکردن:**

سوپاسی هەموو ئەوانە بکە کە نەگونجاون لە ژیانتدا و لێیان فێربە. ئەوان، ڕێک ئەوەیان پێشانی تۆ داوە، کە تۆ ناتەوێت ببی.

**دەریا:**

– دڵت دەبێ دەریایەک بێ لە خۆشەویستی. مێشکت دەبێ ڕوبارێک بێ لە بێلایەنی.

**هەر خۆت بە:**

– ئەگەر پێت وابێ ژیان هەمووی دەربارەی تۆیە، تەنیا شتێک کە بۆت دەمێنێتەوە، هەر تۆیە.

**کات:**

کات، زۆر بەنرخە، دەبێ لەگەڵ خەڵکی بەنرخدا، بەکاربهێنرێت.

**پشتگوێ خستن:**

– پشت گوێت دەخەن، تا ئەوکاتەی پێویستیان پێت دەبێ.

**قسەکردن:**

– قسەکردن وەک دەرمان وایە. کەم بێ، سوود بەخشە، زۆربێ، زیان بەخشە. (عەرەبی)

**ئازادی:**

نهێنی بەختەوەری، ئازادییە. نهێنی ئازادیش، ئازایەتییە.

**خەونەکان:**

– هەموو خەونێکی گەورە، لەگەڵ خەیاڵی بینەری خەوندا، دەستپێدەکات. مەبەست ئەوەیە، (کە خۆت بیر لە
ئامانجێک نە کەیەوە، هەرگیز بەدینایە.)

**ڕۆژی تۆ:**

– هەموو ڕۆژێک، ڕۆژی تۆ نییە. لەوانەیە ئەمڕۆ، یەکێک نەبێت لەو ڕۆژانەی کە دڵخوازی تۆیە. بەڵام هەرگیز ئەوە لەبیر مەکە، هەموو ڕۆژێک تۆ لە خەو هەستی و دیاریەکی سەرسوڕهێنەربێ، وە ئەوەی کە خۆت دیاریت کردووە، هەر ئەوەبێ...!

**چاک:**

چاک ئەو کەسەیە، کە چاکە بڵێ. لە چاک چاکتریش، ئەو کەسەیە، کە چاکە بکات.

**لەبیرت ناکەم:**

کاتێک چاوەکانم دادەخەم، دەتبینم. کاتێکیش چاوەکانم دەکەمەوە، بیرت دەکەم.

**بەخشین:**

بێهێزەکان، هەرگیز ناتوانن، ببەخشن. چونکە بەخشین، تایبەتە بە بەهێزەکان.

**بەخشین:**

بەخشین، وەک ئەوە وایە کە تۆ زیندانییەک ئازاد بکەی. لە دوایشدا، بۆت دەردەکەوێت کە زیندانییەکە، هەر بۆ خۆت بووی.

**وتە و کردار:**

جیاوازیی لەنێوان وتە و کرداردا چییە؟

وتە: وتەی بێ کردار، وەک ماسک وایە، بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکان.

کردار: هەروەک چۆن ئاگر سەنگی مەحەکە بۆ جیاکردنەوەی زێڕ لە شتە کانزاییەکانی تر، کرداریش ئاوا مرۆڤەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە.

**سوێر و سامان:**

خواردن و خواردنەوە، تا سوێرتر بێ، تینوێتی زیاتر دەکات. پارە و سامانیش، تا زیاتربێ، مێشک ماندووتر دەکات.

**میهرەبانی:**

میهرەبانی زمانێکە، کەڕەکان دەیبیستن و کوێرەکانیش، دەیبینن.

**بێدەنگی:**

هەندێجار وا باشە، بە بێدەنگی بمێنیتەوە. لەبەرئەوە، هیچ وشەیەک، توانای لێکدانەوەی ئەوەی نییە، کە لە ناخ و مێشکی تۆدا چی دەگوزەرێ.

**ئەو شتانەی کە نابێت لەدەست بدرێن:**

وەفا، متمانە، ڕێز، خۆشەویستی. هەرکەسێک متمانەی لەدەستدا، ڕێزیش لەدەستدەدات. کە ڕێزی لەدەستدا، خۆشەویستیش لەدەست دەدات. کە خۆشەویستی لەدەستدا، بێگومان، هەموو شتێک لەدەست دەدات.

**ڕووی خۆش:**

ڕووی خۆش، ڕوخساری ناشیرین، دەڕازێنێتەوە.

**مەگری:**

– مەگری، چونکە تەواو بوو. لێو بە بزە بە، چونکە ڕوویدا. (وتەی ناوداران)

**گەشتیاری:**

ئێمە هەمووومان گەشتیارین، لە چۆڵەوانی ئەم جیهانەدا. باشترین شت بۆ ئێمە، کە بیدۆزینەوە لەو گەشتەدا، هاوڕێیەکی دڵسۆزە. (وتەی ناوداران)

**هاودەم:**

ئەگەر نەتوانی هاوڕێیەک، هاودەمێک، هاوسەفەرێک، هاوبیرێک، هاونشینێکی چاک بدۆزیەوە بۆ ڕۆیشـــتن، بەتەنیا بڕۆ. چونکە باشـــترە بەتەنیا بی، لەوەی کە لەگەڵ کەسانێکدا بی کە ڕێگەی بەرەوپێشچوونت لێبگرن.

**نزای هاووڵاتییان:**

هەرکاتێک یەکســـانی لەناو کۆمەڵگەدا هەبوو، هەرکاتێک ناوچەگەری و جیاوازیی بوونی نەبوو، هەرکاتێک شـوێنی شـیاو بۆ نەشـیاو نەبوو، هەرکاتێک خەمخۆری بۆ وڵات هەبوو، هەرکاتێک دووڕوویی و فێڵبازی بوونی نەبوو، هەرکاتێک جەردەیی و گەندەڵی نەبوو، هەرکاتێک تێکدان و شێواندنی زمانی دایک نەبوو، هەرکاتێک هەست و سـۆزی نەتەوەیی هەبوو، هەرکاتێک خۆبەزۆرگری و سـینگ دەرپەڕاندن نەبوو، هەرکـاتێک کەس تەمـاحی لەمـاڵی کەســـی تردا نەبوو، هەرکـاتێک هەموو کەس، هاووڵاتی ڕاستەقینەی وڵاتی خۆی دەبوو، هەرکاتێک نیشتمان، موڵک و ماڵی هەموو هاووڵاتییانی وڵات دەبوو، ئەو کاتە، نزای نزاکاران، قبووڵ دەبێ.

**هێز و ڕێز:**

– زانیاری هێزت پێدەبەخشێ، بەڵام، کەسێتی، ڕێز...

**ڕێزگرتن:**

ڕێزگرتن بۆ ئەو کەسانەیە کە شیاون، نەک بۆ ئەوانە کە داوای دەکەن.

**وریابە:**

وریا بە لە زانیاری بەدرۆ. چونکە زۆر مەترسیدارترە لە نەزانین.

**بەکارهێنان:**

زۆرن لەو کەسانە کە بۆ قازانجی تایبەتیی خۆیان، خەڵکی تر بەکار دەهێنن! بەڵام.. کەم وا هەبووە ســـەرکەوتووبن. ئەگەر زیانی ماڵیشـــیان پێنەگەیشـــتبێت، دوای ماوەیەکی کوورت، زیانی گیانیان پێگەیشتووە... ئەگەر بە خۆشییان نەگەیشتبێت، بە کەسی نزیکیان گەیشتووە. یان زیانی کەسایەتی لێکەوتووە و بۆ هەمیشە، بووە بە لەکەی ژیانیان و بەردەوام پێیەوە دەناڵێنن...

**برابوون:**

برابوون، هەمیشـــە لەیەک، دایکبوون نییە. جاری وا هەیە لە هاوڕێیەتیدا، برایانێک لەدایک دەبن، کە هیچ دایکێک توانای لەدایکبوونیانی نییە.

**بێفەرمانی:**

دوای ئەوەی شــەیتان بێفەرمانی خوای گەورەی کرد، لە بەهەشــتی وەدەرنا. ئیتر دەیزانی چونکە لەلای خوا نرخی نییە، لەلای خەڵکیش هەر نرخی نابێت. ئەگەرچی شــەیتان، وەک تۆڵە ســەندنەوەیەک بۆ بەهەڵە بردن، بەرەو ڕووی هەموو کەســێک دەبێتەوە. بەڵام چونکە لە فەرمانی خوا لایداوە، لەلای خەڵکیش هەر بێنرخەو هیچ حیسابی بۆ ناکرێت.

**بیرکردنەوەی جوان:**

بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی بچووک لە بەیانیدا، دەتوانێت هەموو ڕۆژەکەت بگۆڕێت. مەبەست ئەوەیە، ڕووی خۆش لە بەیانیاندا، دەتوانێت هەموو ڕۆژەکە، خۆش بکات. چونکە هەموو بەیانییەک، ڕۆژێکی نوێیە لە ژیانی مرۆڤ دا. دەبا هەوڵدەین ئەو ڕۆژە نوێیە، بەخۆشی دەست پێبکەین.

**چەم، بێ چەقەڵ نابێت:**

زۆر کەس، هەڵە بە سەرکەوتن دەزانێت، هەشە، بە بەشێک لەمردنی دەزانێ.

**پشتبەستن و متمانە پێکردن:**

پشت بە کێ ببەستی، ئەو دەبێتە هۆی ژیانت، بە چاک و بە خراپ.

**چاکەکان:**

– کەسە چاکەکان، وەک گەڵای بەهار وان. هەمیشە سەوزن، لەناو دڵەکاندا.

**سووتاندن:**

دنکە شقارتەیەک بەسە بۆ سووتاندنی دارستانێک.

**وێرانکردن:**

– یەکێک چاک دەکات و یەکێکیش، وێران!

**مرۆڤ چەند جۆری هەیە:**

جۆرێکیان وەک وزەی خۆر وان. ســـوودیان بۆ هەموو کەســێک هەیە. جۆرێکیان وەک پەڵە هەوری ڕەش وان. بەردەوام هەوڵ دەدەن پێش لە تیشـــکی خۆر بگرن. جۆرێکیشیان وەک سێبەر وان. تا زیاترلێیان نزیک ببیەوە، ئەوان دوور دەکەونەوە. بەشی چوارەمیان، کەسانی بێهەست و بێباکن. بۆ ئەوە نابن زۆر گرنگیان پێبدرێ.

**دەورانی منداڵی:**

– خۆشترین کاتی ژیانی مرۆڤ. دەورانی خۆشی منداڵییە. هەرکەسێک ئەو بەشەی لە دەست بچێت، لە بەشەکەی دیکەش چێژ نابینێ.

**وەفا:**

جوانترین جلوبەرگ بۆ ڕازاندنەوەی مرۆڤ، تەنیا وەفایە و هیچی تر، چونکە هەرکەسێک وەفای هەبێ. هەموو سیفەتە جوانەکانی تێدا کۆدەبێتەوە.

**دایک:**

پەیوەندی بەهێز و بێهێزی نێوان منداڵ و باوک، بەهۆی دایکەوەیە، دایکی دڵسۆز، پەیوەندی باوک و منداڵ ڕادەگرێت. بە پێچەوانەوە، دەتوانێت، شیرازەی ژیان تێکبدات. بۆیە تەنیا ژن بوون بەس نییە. بەڵکوو، دایک بوون گرنگە. هەروەک تەنیا پیاو بوون بەس نییە، بەڵکوو، باوک بوون گرنگە.

**ڕێزگرتن لە ئازادی:**

تاکوو فێر نەبین ڕێز لە ئازادی بگرین، هەرگیز ناتوانین چێژ لە ژیان وەربگرین.

**هاوڕێ:**

هاوڕێی چاک، وەک مۆم وایە. تەنیا لە کاتی تاریکیدا، ڕووناکی دەردەکەوێ.

**ویژدان:**

ئەوەی کە مرۆڤ جوان دەکات، ویژدانە. ئەوەی کە ناحەزیشی دەکات، نەبوونی ویژدانە.

**کەسایەتی:**

هەرشتێکی باش کە دەکرێت، لەپێناو بەرزبوونەوەی کەسایەتیدایە. یەکێک لەو شتانەی کە دەبێتە کۆڵەکەی ڕاگرتنی کەسایەتی، خۆشەویستییە بۆ ژیان، بۆ سرووشت، بۆ ئاژەڵ. لەسەرووی هەمووشیانەوە، بۆ مرۆڤ. چونکە مرۆڤ دەتوانێت ژیان درووست بکات و سرووشت لە جوانە وە بۆ جوانتر بگۆڕێت. بەڵام هەرکاتێک خۆشەویستی تاک، بوو بەهۆی نزمکردنەوەی کەسایەتی، باشتر وایە هێڵی پەیوەندی، بەرتەسک بکرێتەوە. بەڵام نابێت لە سرووشتی مرۆڤ دۆستی، کەمبکرێتەوە.

**جیاوازیی لە نێوان مار و مرۆڤ دا:**

مرۆڤ بە زمان، دڵ بریندار دەکات. هەر بۆیە بێچارەسەرە. بەڵام... مار، بە جەستە وە دەدات و دەتوانرێ چارەسەر بکرێ.

**وتەی نەشیاو:**

وتەی نەشیاو، کۆشکی دڵ و خۆشەویستی تێکدەڕوخێنێ.

**ئیرەیی:**

ئیرەیی بردن ئاگرێکە، ئەگەر پێشی لێنەگیرێت، دەوروبەر هەمووی دەسووتێنێت.

**ڕووی ناخۆش:**

ڕوو ناخۆش هۆی خەم و بێزارییە. هەروەک هەوری ڕەش، نیشـــانەی ڕەهێڵە و باران بارینە. ڕووی خۆش، موژدەی ژیانە. ڕووی ناخۆشـــیش، بێ هیوابوون لە ژیانە. ئەوانەی کە ڕوویان ناخۆشـە، جگە لە نائومێدی، هیچ هیوایەک لە شـێوەیاندا بەدیناکرێ.

**داهێنان:**

کەسێک گەرەکی بێت داهێنان بکات، پێش هەموو شتێک پێویستە داهێنان لە خۆیدا بکات. هەر ئەوەندە بەس نییە کە بڵێی: چونکە فلانکەس ئەو شـتەی کردووە، منیش ئەو شتە دەکەم...

**مێژوو:**

مێژووی زێڕین و لەبیر نەکراو، قوربانیدانی دەوێت. فیداکاری دەوێت. ڕازیکردنی کۆمەڵانی خەڵکی دەوێـت. تێرکردنی دانیشـــتووانی وڵاتی دەوێـت. دادوەری و یەکڕیزی لەناو ســـەرجەم تاکەکانی دەوێت. پاراســـتنی ســـەروماڵی هاووڵاتییانی دەوێت. بەرگریکردن لە خاکی نیشـتمانی دەوێت. پێشـگیریکردن لە هاتنی دوژمنانی دەوێت. جیاوازیی نەکردن لە نێوان هاووڵاتییانی دەوێت. خۆشـــەویســـتی و جێی خۆکردنەوە لە ناو دڵی دانیشتووانی دەوێت. دڵی گەورە و لێبوردەیی زۆری دەوێت. ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێساکانی وڵاتی دەوێت. ڕێزگرتن لە بڕیار و وتەی شارەزایانی وڵاتی دەوێت. خۆ تواندنەوە لەپێناو خزمەتکردن بە خەڵک و نیشتمانی دەوێت.

**دوای دڵت کەوە:**

– هەر شتێک دڵت پێی خۆشنەبێت، مەیکە و دوای دڵت بکەوە.

**کات:**

کات زۆر لەوە بەنرخترە، کە بە شتی بێبایەخ لەدەست بدرێت.

**چالاکبوون:**

– مەرج نییە هەرکەسێک لە گفتوگۆدا چالاک بێ، لە هەڵسوکەوتیشدا هەر باشبێ. (سەعدی)

**ئاشتی:**

– خۆشبەختی، لە ئاشتی دایە. ئاشتی، لە یەکڕیزی دایە. یەکڕیزیش، لە دڵسۆزی و میهرەبانی دایە.

**هەڵە و ڕاستی:**

هەڵە، هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر هەموو کەسیش بیکات. ڕاستی، ڕاستییە، تەنانەت ئەگەر کەسیش نەیکات.

**مرۆڤ:**

مرۆڤ ئەگەر نرخی خۆی زانیبایە، هەرگیز زیانی بە هیچ بوونەوەرێک نەدەگەیاند. جگە لە خۆشەویستی و هاوکاری و جوانکاری، بیری لە هیچ شتێکی تر، نەدەکردەوە.

**بەرەوپێش نەچوون:**

هۆی بەرەوپێش نەچوونی کورد لە کوردستاندا، ئەوەیە کە پارە و سامان، لە سەرووی قسەوەیە و قسەش لە سەرووی کردارەوەیە. بە کوردی و بە کورتی، ئەوە گرنگ نییە، کێ دەیکات. ئەوە گرنگە کە کێ بڕیار دەدات و کێ دەیخوات. مەبەست لە بەرەو پێش نەچوون ئەوەیە کە نەتەوەیەکی زۆر کۆنین، بەڵام تاکوو ئێستا، نەک تەنیا خاوەنی وڵاتی خۆمان نین، بەڵکوو بگرە خاوەنی خۆشمان نین...! بۆیە دەتوانم بڵێم: نەتەوەیەکی کۆنین، بەڵام زۆر و بۆرین... ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە هەرکەس دەسەڵاتی گرتە دەست، تەنیا لە فکری پڕ کردنی گیرفانە بێبنەکەی خۆیدایە و خەڵکی تریش هیچ...!

**هەڵەکردن:**

ئای... کە چەندە بە ئازارە کاتێک مرۆڤ هەڵە دەکات... بەڵام... لەوەش بە ئازارتر، ئەوەیە، کە هەمان هەڵە، دووبارە بکرێتەوە...!

**بڕیاردان:**

بڕیار لەسەر ئەوە بدە کە، چیت دەوێت. باوەڕت بەوە هەبێت کە، دەتوانی ئەو شتەت هەبێت.

باوەڕت بەوە هەبێت کە تۆ شیاوی، بۆ ئەو شتە. باوەڕت بەوە هەبێت کە، ئەو شتە گونجاوە بۆ تۆ.

**گەشبین و ڕەشبین:**

ئەوانەی کە گەشبینن و دڵیان گەورەیە، لە ناخۆشترین شوێن و لە ناخۆشترین ژیاندا، بە خۆشترین شێوە ژیان بەسەردەبەن. بەڵام... ئەوانەی کە ڕەشبینن و بەنائومێدییەوە سەیری ژیان دەکەن، ئەگەر هەموو سەروەتی دنیا، لەدەست ئەواندابێ، هەر بە هەژاری و خەمناکی دەژین.

**هەڵسوکەوتی نەشیاو:**

هەندێک لە پیاوان وەک پێشاندانی خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکانیان، کاتێک دەچن بۆ سەردانی دۆست و ناسیاوەکانیان، بەشێوەیەکی نەشیاو هەڵسوکەوت دەکەن! وەک ماچ کردن، لە باوەشکردن و جۆرێک قسەکردن کە بۆ وتن نابێت، بێگومان ئەو دیاردەیەش، لەناو هەموو پیاواندا نییە. هەر بۆیە، دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی ژیانی بەشێک لەو بنەماڵانەی کە هاتوچۆیان دەکەن. ئەوەش بەهۆی ساویلکەیی بەشێک لەو خانمانەیە کە هاوسەرەکانیان، شەرم دەکەن ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوانە بەکاربێنن...

**باوەڕ:**

هەرشتێک دەیڵێی، سەرەتا دەبێ خۆت باوەڕت پێی هەبێ. (وتەی ناوداران)

**وشە:**

وشە، بۆ دڵی بەرانبەر، وەک تیشکی خۆر وایە. کە بەخۆشی لە دەم دەردەچێ، خۆر دەردەکەوێت و ڕووناکی دەبەخشێ بەدڵ. کە بەناخۆشیش دەردەچێ، خۆری دڵ ئاوادەبێت و شەوەزەنگی بەدوادادێت.

**توندوتیژی:**

تا ستەم و توندوتیژی زیاتر بێ، تەمەنی دەسەڵات کەمتر دەبێتەوە.

**خۆت دادوەری خۆت بە:**

بۆ هەر وتەیەک کە دەیڵێی، پێش دەربڕینی، زۆر بیری لێبکەوە. هەر شتێک کە دەینووسی، پێش بڵاوکردنەوە، چەندین جار، بە چاوی ڕەخنە، بیخوێنەوە. کە خۆت ڕازی نەبووی لەوەی کە دەیڵێی، یان لەوەی کە دەینووسی، چاوەڕێ مەبە هیچ کەسێک، لێی ڕازی بێت.

**ئەنجامی ڕاوێژ نەکردن:**

چارەنووس بەبێ ڕاوێژکردن، وتەی ناودارانە. ئەنجامەکەشی تێداچوونە، یان پەشیمانییەکی زۆرە...

**ئەزموون:**

لە ژیانی ڕۆژانەماندا، دەتوانین لە هەموو شتێک ئەزموون، وەربگرین. لە باش، لە خراپ، تەنانەت لە ئاژەڵەکانیش، دەتوانین زۆر شت فێر بین. بۆ نموونە: وەک هەمووومان دەزانین، (پشیلە)، کاتێک پیسای دەکات، بەخۆڵ، دەیشارێتەوە. ئێمەی مرۆڤیش، ڕۆژانە، زۆر شت هەیە کە دڵ و مێشکمان، تێکدەدات... زۆر جار گوێمان لە قسەی ناخۆش دەبێت، هەڵە دەکەین، زیانمان لێکەوتووە، بیرکردنەوە لە هەڵسوکەوتی نەشیاوی بە ناو هاوڕێکانمان، ئازارمان دەدات و بەهۆی بیرەوەریە ناخۆشەکانیش، شەوانە، خەومان لێتێکدەچێت و تووشی نائارامی و سەرئێشە دەبین... باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە و چەندین شتی دیکەش بشارینەوە و هەرگیز بیریان لێنەکەینەوە، ئەوەیە کە بڕیار بدەین جارێکی تر خۆمان تێکەڵ بەو کێشانە نەکەینەوە و هەر شتێک کە ئازاری داوین، لێی دوور کەوینەوە. چونکە هەر خەمێک لە ژیانی مرۆڤدا، وەک پیسای وایە و دەبێ زۆر زوو، هەوڵی شاردنەوەی بدرێت...

**نیشتمانەکەم!**

کێ بە گیان دەتپارێزێت و کێش بازرگانیت پێوەدەکات؟!

**خەم:**

– خەمی ئەوەم نییە کە درۆت لەگەڵدا کردووم، خەمی ئەوەمە کە لە ئێستاوە ناتوانم بڕوات پێبکەم.

**هەڵە:**

هەڵەم زۆر کردووە، ئێستاش هەڵە دەکەم. چونکە ژیان، بەبێ هەڵە نابێت. بەڵام... بەڵێنمداوە، هەڵە دووبارە نەکەمەوە...

**دووبارەکردنەوە:**

– هەر شتێک کە زۆر دووبارە بکرێتەوە، چێژی خۆی لە دەست دەدات، بەرانبەر بێزار دەکات و کەمتر گوێی لێدەگیرێ. وتەکان چەندە سوودبەخش بن، گرنگیان پێنادرێ، چەندە بەڕێز بێ، بایەخی پێنادرێ. کەوابوو ئەوەی کە دەیزانین، با نرخی بزانین و هەرزان فرۆشی نەکەین. بزانین کەی قسە دەکەین، قسە بۆ کێ دەکەین و ڕاوێژ بە کێ دەکەین و داوای هاوکاریش، لە کێ دەکەین؟

**دەستکەوتن:**

– چۆن دەســـتەکەوێت، نەک چەند دەســـتکەوێت. ئەوەی کە ئێســـتا ڕووو دەدات، ڕەنگدانەوەی هەڵەکانی ڕابردوویە.

وەک ئێستا لە بیرمە، لەسەرەتای ئازادبوونی کوردستان دا، کام هاوڕێی زۆر نزیک بوو، ڕەحمی بە هاوڕێکانیدا نەدەهات و ســـەرەتای گەندەڵییەکانی، لە هاوڕێکانییەوە دەســـتپێکرد.! من پێموایە، تاکە شـــتێک کە لێبوردنی نییە لەلای خوا، خیانەت کردنە بەرانبەر بە کەسێک کە باوەڕی تەواوی پێت هەیە. زۆرجار هەر خۆی تووشی سزا دەبێتەوە... زۆر جاریش ئەو سزایە، تووشی خەڵکی بێتاوانیش دەبێت و، بەناچاری، باجەکەی دەدات... من نموونەی زیندووم زۆرە و هیوادارم لە هەڵەکانی ڕابردوو، ئەزموون وەربگیرێت و کۆتایی بە چەند دەســـــت کەوێت و چەند بژین، بهێنرێت و بیر لە چۆن دەست بکەوێت و چۆن بژین بکرێتەوە...

**خۆشەویستی چاو:**

ئەوانەی کە، خۆشەویستیان تەنیا لە چاودایە، لە خۆشەویستی دڵ بێبەشن.

**دووركەوتنەوە:**

– هەرگیز لەخۆتان دوور مەکەونەوە بۆ نزیکتر بوونەوە لە کەسێکی دیکە.

**هاوشێوەکان:**

زۆرن لەوانە کە هاوشـــێوەی یەکترن. ئەوانەی کە وەک دووان ە لەدایک دەبن، لە شێوە و هەڵسوکەوتیشدا، وەک یەک دەچن. جگە لەوەش، خەڵکی دیکەش هەیە کە، هاوشـــێوەی یەک دەردەچن، بەڵام زۆر جار، بەهۆی نزیکبوونەوە و هاوڕێیەتی، هاوشـــێوەیی درووســـت دەبێ. بەڵام لە شـــێوە و ڕوخســـاردا، نا، بەڵکوو لە هەڵســـوکەوت و بیرکردنەوەدا. وەک دەڵێن ئەگەر دوو کەس زۆر بەیەکەوە بوون، ئەگەر ڕەنگی یەکتریش نەگرن، خووی یەکتر هەر دەگرن. هەر بۆیە، هاوشـــێوەکان، زۆر جار چاک دەردەچن، زۆر جاریش وێران...

**عەرەب دەڵێن:**

باشـــترین وتە ئەوەیە کە، کوورت بێت و مانای زۆر بێت. کوردیش دەڵێ: کەم بێت و پوخت بێت، نەک زۆر بێت و بۆر بێت...

**ناخی کەسەکان:**

– ناخی کەسەکان، لە کردارەکانیاندا ببینە، نەک لە وتەکانیاندا.بیستن و بیستنەوە:

وتەیەک کە بەگوێت دەگات، جیاوازە لەگەڵ وتەیەکدا، کە بە گوێت دەگاتەوە. ئەوەی کە خۆت دەیبیستی، لەبیر دەچێتەوە. بەڵام ئەوەی کە بەگوێت دەگاتەوە، لە بیر ناچێتەوە.

**چیرۆکەکانی ژیان:**

چیرۆکەکانی ژیان، ڕووداوەکانی ڕابردوون. ڕووداوەکانیش، یان خۆشبوون، یان ناخۆش. خۆشییەکان ناگەڕێنەوە و ناخۆشییەکانیش، دەبنە هۆی ئازار. چەندە بیریان لێ بکرێتەوە، ئازارەکان زیاتر دەبن و برینەکان، زیاتر دەکولێنەوە.

**ئەگەر:**

ئەگەر مامۆستای قوتابخانەیت و خوێنکارەکانت لێت تێناگەن، ئەگەر نووسەری و نووسراوەکانت وەک پێویست ناخوێنرێنەوە، ئەگەر خاوەن دەسەڵاتی و خەڵک لێت بێزارە، ئەگەر جوان و لەبەرچاوی و کەس سەیرت ناکات، ئەگەر حەزت لە نزیکبوونەوەی خەڵکە و لێت دوور دەکەونەوە، ئەگەر ڕووخۆشیی نیشاندەدەیی و کەس بەڕووتا پێناکەنێت، لە هەموو ئەو ئەگەرانەدا، گلەیی لە هیچ کەسێک مەکە و هەوڵدە بەدوای خاڵە لاوازەکانی خۆتدا بگەڕێی و کەموکووڕییەکانی خۆت چارەسەر بکە.

**هەموو دڵێک جوانە:**

– هەموو دڵێک جوانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چی تێدایە؟

**ژنی ڕاستەقینە:**

ژنی ڕاستەقینە، پووڵ و پارەی بەلاوە گرنگ نییە. چونکە خۆی دەزانێت، کە عەشقی ئەو بە پارە، بەراورد ناکرێت.

**تەکنەلۆجیا:**

– ئەگەرچی تەکنەلۆجیا، جیهانی زۆر بچووک کردۆتەوە و سوودێکی زۆری بە کۆمەڵگەی جیهان گەیاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە، کاریگەری زۆر نەرێنیشی لەسەر پەیوەندی ژیانی خێزانی درووست کردووە...

**لاشەی بێ گیان:**

– مرۆڤی بێ هەست، وەک لاشەی بێ گیان وایە. دۆزینەوە:

– ئەگەر خوازیاریت کەسایەتی من بدۆزیتەوە، یاوەر و هاوسەفەرم بە. دەربارەی من، لە هیچ کەسێک مەپرسە. لەبەرئەوە، کۆمەڵگەی من، پڕە لە دووڕوویی...!

**چەند وتەیەکی فۆلکلۆر:**

هەزار دۆســــت کەمە، بەڵام دوژمنێک زۆرە. هەزار دوژمنی زانات هەبێ، بەڵام دۆستێکی نەزانت نەبێت.

**دوژمنی زانا:**

- دوژمنی زانا، بەرزت دەکاتەوە، بەڵام دۆستی نەزان، نزمت دەکات. (سەعدی)

**ئارام بە:**

– شەو کە چووی بۆ ناو جێگەی خەوتن، خەمەکانی ئەو ڕۆژەت لەگەڵ خۆتدا مەبە و هەڵەکانی ئەو ڕۆژەشت،

لە داهاتوودا، دووبارە مەکەوە.

**گەورەیی:**

– ئەگەر گەورەیت دەوێ، هەرگیز چاوت لەماڵی کەس نەبێ و بەوەی کەهەتە ڕازی بە. (لوقمانی حەکیم)

**تەماح:**

- تەماح بەدناو و لە بەرچاوی خەڵکیش ناشــیرینت دەکات، بەرەو هەڵدێرت دەبات، ڕیسوات دەکات و شەرمەزارت دەکات.

لە چێژوەرگرتن لە خۆشــییەکانی ڕۆژگار داتدەبڕێت، تووشــی هەڵەی جۆراوجۆرت دەکات. زۆر جار لە پێناو کۆکردنەوەی ســامانی زۆردا، بەلاڕێدا دەچیت و ســۆز و خۆشەویستیشت لەناو دڵدا کەمدەکاتەوە.

**کردار:**

کردار، مرۆڤ دەناسێنێ، نەک قسەی گەورە... ئەوانەی کە پاڵەوانی قسەکردنن، لە کرداردا، شتێکی ترن...

**وریابە...**

نزیک کەوتنەوە لە هەندێک کەس، دوور کەوتنەوەیە لە زۆر کەس...

**جوانی مرۆڤ:**

جوانی مرۆڤ، لە نرخ و ڕێزگرتندایە. هەرکاتێک هەستیکرد لە نرخ و خۆشەویستی، کەمدەبێتەوە، پێویســتە بە خۆی و کەموکوورتییەکانیدا بچێتەوە. ئەگەر ئەوە نەکات، کەسایەتی دەکەوێتە ژێر پرسیار و نابێت چاوەڕێی داهاتوویەکی گەش بکات.

**بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت:**

ناکرێ باوەڕ بە چاو و گوێ و دڵمان نەکەین، بەوەی کە دەگوترێت و دەبیسترێت و دەبینرێت...

جیهان بچووک بۆتەوە و هەموو کەسێک، هەموو شتێک وەک خۆی دەزانێت.

**ڕاوێژ:**

زۆر کەس، کاتێک بەپێی بەرنامەی ڕاوێژکار، دەجوولێنەوە و لێدووان دەدەن، وتەکانیان بۆ ماوەیەک،

ئارامی دەبەخشن، بەڵام کاتێک بەبێ بەرنامە و گوێدان بە ئامۆژگارییەکانی ڕاوێژکار دەم دەکەنەوە، توشی هەڵەی زۆر گەورە دەبن و بەو هۆیەوە، نەک تەنیا زیان بە کەسایەتی خۆیان دەگەیەنن، بەڵکوو ئارامی دەوروبەریش هەر دەشێوێنن...!.

**سێ شت زۆر ترسناکن:**

زمان لووسی، دووڕوویی، ئیرەیی بردن.

**مووی سپی:**

– یەکدانە مووی سپی، بەسە بۆ تێکدانی بارێک لۆکە... چونکە گومان دەکرێت زیاتر بێت و ناشزانرێ کە مووی چییە...؟! (پەندی کوردی)

**بنەماڵە:**

– کەسێک کە کردارەکەی، نەیگەینێت بە هیچ جێگەیەک، شانازی پێکردنی بنەماڵە و دەوروبەرەکەی، ناگەیەنێت بە هیچ جێگەیەک...

**خۆری متمانە:**

– هەرکاتێک خۆری متمانە ئاوابوو، دڵت بە داهاتوو، خۆشنەبێ.

**هەناسەیەک:**

– تەنیا هەناسەیەک بەسە، بۆ وێران بوونی وڵاتێک.

**نەشکاندن:**

– هیچ کاتێک لە ژیانتدا، ئەو چوار شتە مەشکێنە: باوەڕ، پەیمان، دڵ، پەیوەندی. (وتەی ناوداران)

**متمانە:**

ئەگەر کەسێک متمانەی پێکردی و تەنانەت کلیلی ماڵەکەشی پێتدا، تۆ هەوڵبدە ئەو سەرمایە بەنرخە کە متمانەیە، بیپارێزیت و هەرگیز لەدەستی نەدەیت.

**خۆش ژیان:**

– ئەگەر دەتەوێت خۆش بژی، ڕێگە بە هیچ کەسێک مەدە ڕێگەی ژیانت لێ بگۆڕێت. زۆر کەس وەک دڵسۆز خۆی پێشاندەدات، بەڵام گورگە و لەناو پێستی مەڕدا خۆی دەردەخات.

**گاندی دەڵێ:**

حەوت شت هەیە کە بەبێ ئەو حەوت شتە ژیان ئەستەم و ترسناکە:

-١ سەروەت و سامان، بەبێ ماندوو بوون.

٢- خۆشی، بەبێ ویژدان.

٣- بازرگانی، بەبێ ڕەوشت.

٤- زانست، بەبێ مرۆڤایەتی.

٥- سیاسەت، بەبێ شەرەف.

٦- ناسراوی، بەبێ کەسایەتی.

٧- پەرستن، بەبێ خۆبەخشین بۆ خوا.

**هەڵە:**

– هەڵە، بۆ یەکەمجار، نەزانینە. بەڵام... بۆ دووەمجار، تاوانە.

**کات:**

– ئەی (کات)! تۆ چەند بەنرخی! بەڵام حەیف، زۆرجار، بەبێ سوود لەدەست دەچی.

**جوان و ناجوان:**

– ڕێبازی جوان، کەســەکان جوان دەکات. بەڵام زۆر جار، کەســەکانن کە، ڕێبازی جوان، ناجوان دەکەن.

**سڕینەوەی فرمێسکی خەم، لەخۆری ژیاندا:**

دڵخۆشبە بەوەی کە هەی، دڵخۆشبە بەوەی کە هەتە، دڵخۆشبە بەوەی کە دەیکەی، دڵخۆ شبە بەوەی کە دەیڵێی، دڵخۆ شبە بەوەی کە دەربارەت دەوترێ. چونکە خۆش یان ناخۆش سـوودی هەیە و وەک دیارییە، بۆ ژیان. دڵخۆشـبە بەوەی کە دەیزانی، دڵخۆشبە بە ژیان و نرخی بزانە. چونکە جوانترین دیارییە، کە پێت بەخشراوە.

**سێ ڕێگەی ئاسان بۆ مردن:**

١ – هەموو ڕۆژێک لانیکەم پاکەتێک جگەرە بکێشە. دە ساڵ زووتر دەمریت.

٢- هەموو ڕۆژێک خواردنەوە ئەلکهولییەکان بخۆرەوە، سی ساڵ زووتر دەمریت.

٣- عاشـــق بەکەســـێک بە کە عاشـــقت نەبێت، هەموو ڕۆژێک دەمریت... (وتەی ناوداران)

**ئارامی و بەخۆشی ژیان:**

بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بناسی، تەنیا خۆت بناسە.

بۆ ئەوەی خۆشت بناسی، هەموو کەسێک مەناسە.

بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە نەزانینی خۆت بکەی، زیاتر بۆ زانست هەوڵبدە.

بۆ ئەوەی هەســـت بە خەم و ئازارەکانی خەڵک بکەی، بیر لە ڕابردووی پڕ لە کارەساتی خۆت بکەوە،

بۆ ئەوەی ویژدانت ئاســـوودە و ئارام بکەی، بێ ئەوەی داوات لێبکرێ، هاوکاری داماو و لێقەوماوان بکە.

بۆ ئەوەی مێشکت ئاسوودە بێت، گوێ لە لۆمە و بەیت و باوی زۆر کەس مەگرە.

بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان وەربگری، هەوڵبدە هاوڕێی زانا و باشتر لەخۆت بگری.

بۆ ئەوەی سوود لە کات وەربگری، کەم بڵێ و زۆر بیر بکەوە.

بۆ ئەوەی هاوڕێکانت لە دەست نەدەی، زۆر لە ژیان و ڕابردوویان، مەکۆڵەوە.

بۆ ئەوەی داهاتووی خۆت خۆش بکەی، بیر لە ڕابردوو زۆر مەکەوە.

بۆ ئەوەی لە مانای ژیان تێبگەی، خەڵکی چاک و خراپ، لەیەکتر جیا بکەوە.

بۆ ئەوەی نەبی بە پەندی ڕۆژگار، دوو جار هەڵە، دووبارە مەکەوە.

**زمان:**

زمان بۆ ئەوە نییە کە چەند قســەی پێدەکرێت؟. بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە چۆن، قســەی پێدەکرێت.

**ویژدان:**

هەرکەســـێک بێبەش بێ لە ویژدان، هەرگیز بە ئارامی ناخەوێت و هەمیشـــەش خەمبارە.

**قوربانیدان:**

ئەگەرچی تاکوو ئەمڕۆ قوربانی زۆریشمداوە
بەڵام هێزی بەرەنگاربوونەوەم هەر تێداماوە
من کوردم و نیشتمانم دەپارێزم
بەڵام ئێوە چیتان هەیە لە بەدناوی بەولاوە؟

**ئیرەیی بردن:**

- ئەگەر ئیرەیی بردن نەبوایە، جیهان دەبوو بە بەهەشت و ژیانیش مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەردەگرت. ئەوکاتە، کەس بیری لە ئازاردانی هیچ کەسی تر نەدەکردەوە.

**گەورەیی:**

- گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە، نە هەموو کەسێک بناسێت، نە هەموو کەسێک بیناسێت.

**شاردنەوە:**

شاردنەوەی خاڵی ڕەش، بەهۆی خاڵی ڕەشەوە، جگە لە ڕەشبوون و گەورەتر بوونی زیاتر، هیچ سوودێکی دیکەی نییە.

**ڕازیبوون:**

بەهۆی ڕازیبوون، کەس نەبوو بێ گیان. بەهۆی تەماحیش، کەس نەبوو بە سوڵتان. (وتەی ناوداران)

(**باز**):

باز، کە باڵەکانی بشکێن، توانای فڕین لەدەست دەدات.

(**تاریکی**):

- تاریکی ناتوانێ تاریکی دەربکات. تەنیا ڕووناکی، دەتوانێ ئەوە بکات. (ڕق)، ناتوانێت، (ڕق) دەربکات. تەنیا
خۆشەویستی دەتوانێت ئەوە بکات.

**پەروەردە:**

پەروەردە، سەرکەوتنێکی زۆر پیرۆزە بۆ هەر کەسێک کە لەناو باوەشی دایک و باوکدا پەروەردە کرابێت و بە زۆرێک لە ئاواتەکانی گەیشتبێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە هەرکەسێک لەو بەهرە بەنرخە بێبەش بووبێت، بتوانێت خۆی پەروەردە بکات و لانیکەم بە کەمێک لە ئاواتەکانی بگات. من خۆم یەکێک بووم لەو کەسانە کە بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی نەگونجاو، نەمتوانی وەک پێویست لەو بەهرە گەورەیە بەهرەمەندبم. بەڵام بەهۆی شەقی ڕۆژگار و گەڕان و سووڕان و دەربەدەری و تێکەڵبوونم لەگەڵ خەڵکی باش و بە ئەزموون دا، هەروەها زیان پێگەیشتن لەلایەن کەسانی هەلپەرست و بەرژەوەندی پارێزەوە، فێری هەندێک شت بووم. کە بێگومان سوودیی زۆر گەورەیان بەمن بەخشیوە.

یەکەم: خۆناسین. چونکە هەرکەسێک خۆی نەناسێت، ناتوانێت کەس بناسێت.
دووەم: خۆشەویستی بۆ نیشتمان. ئەویش تاکوو لێی دوور نەکەوتمەوە، نەمزانی چەندە بەنرخە...
سێیەم: خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤێک. چونکە جگە لە جیاوازیی زمان، هیچ جیاوازییەکی تر بەدیناکەم، لەنێوانیاندا.
- چوارەم: ئەگەر لەدەستم هاتبێ، چاکەکردن بەبێ بەرانبەر. کە بێگومان ئەوە ئەرکە.
پێنجەم: تێگەیشتن لەخۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵک و هاوبەشیکردنیان.
شەشەم: بەوەی کە هەمە ڕازیم و چاوم لەماڵی هیچ کەسێک نییە.
حەوتەم: هەوڵمداوە، لە هەموو کەسێک شتێک فێربم. چونکە هەرکەسە و بەشێوەیەک شارەزایی زیاتری هەیە و سوودی لێوەردەگیرێت.
هەشتەم: هەرکەسێک ڕێز لەخۆی نەگرێت، خۆمی لێ بە دوور دەگرم.
نۆیەم: هەرکەسێک بە هەر شێوەیەک زیان بە کەسایەتیم بگەیەنێت، خۆمی لێدەپارێزم.
دەیەم: خۆشبەختی خۆم لە خۆشییەکانی خەڵکدا دەبینمەوە. هەروەکچۆن بەدبەختی خۆشم لە بەدبەختییەکانی خەڵکدا.

**مرۆڤەکان:**

– مرۆڤەکان، یەکتر لە خۆیاندا دەبینن. خۆیان چۆن بن، ئاواش خەڵک دەبینن!

**دەسەڵات:**

هەرکاتێک دەسەڵات هەنگاو هەڵێنێ، یاسا لاواز دەبێ. (ناپلیۆن)
توورەبوون لەبێنەوایان، نیشانەی بێ هێزییە. (گۆڵتەر)
ئەگەر ناتوانی گازبگری، ددانت نیشان مەدە. (پەندی ئینگلیزی)
تۆ تەنیا پێستی گورگ لەسەر پشتی من دابنێ، من خۆم دەزانم چیدەکەم؟ (پەندی ئەفریقی)

**جوانکردن و ناشیرین کردن:**

دوو شت دەبنە هۆی جوانکردن و ناشیرینکردنی وڵات و نەتەوە:
یەکەم: پەروەردە،
دووەم: دەسەڵات.
- پەروەردە، نەتەوە درووست دەکات و وڵاتیش بەرەو پێشەوە دەبات.

دەسـەڵاتیش، سـروشـتی وایە و نموونەش زۆرە، کە کەم واهەیە بۆ خزمەتکردن دروست بێت. بۆیە هەرکاتێک پەروەردە بەسـترایەوە بە دەسـەڵات، وڵات وێران دەبێـت و خەڵکیش ژیـانی دەگۆڕێـت و بەداخێکی زۆر گرانەوە، بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە...

**مرۆڤی ڕاستەقینە:**

– مرۆڤی ڕاستەقینە ئەوەیە دوژمنەکانیشی باوەڕی پێبکەن، نەک دۆستەکانی لێی بێزاربن.

**متمانە:**

متمانە، بارێکی زۆر قورسە، هەموو کەس ناتوانێ هەڵیبگرێ.

**کۆشکی مێشک:**

– کۆشکی (مێشک)، کە کاسەی سەری مرۆڤە، لە سەرەوەی هەموو جەستەیە. هەر بۆیە (مێشک)، بە پادشـای سـەرجەم ئەندامەکانی لەش، دیاریکراوە. چونکە هەموو بڕیارێک لە (مێشکەوە) وەردەگیرێت و تاکوو ئەو بڕیار نەدات، هیچ شتێک ناکرێت و هیچ کامێک لە ئەندامەکانی لەش کار ناکەن، (دڵ) کە سـەرچاوەی سـۆز و خۆشـەویسـتییە، زۆر جار بەبێ ڕاوێژ کردن و دەسـتوور وەرگرتن لە(مێشک)، جوڵەیەک دەکات، بەڵام... سـەرکەوتوو نابێ... هەر بۆیە دەبێتە هۆی پەشـیمانی و پەشیمانیش، جگە لە خەم و ناڕەحەتی، هیچ شتێکی دیکە بەرهەم ناهێنێ...

**نییەتپاکی:**

- ناخی مرۆڤ پێویستی بە ئاسوودەیی هەیە. ئاسوودەییش، پێویستی بە ویژدانێکی ئارام هەیە.

- ویژدان کە ئارام بوو، دڵ و مێشـکیش ئارام دەبن. ئەوکاتە، ژیان سـروشـتی تایبەتیی خۆی وەردەگرێت.

**سوپاسگوزاری:**

– با سـوپاسـگوزاری کەسـانێک بین کە خۆشـحاڵمان دەکەن. ئەوان، باخەوانێکی سەرنجڕاکێشن، کە ڕۆحی ئێمە دەپشکوێنن... (وتەی ناوداران)

**شەمشەمەکوێرە:**

شـەمشـەمەکوێرە، کە بە ڕۆژ نابینێت، تیشکی خۆر چ تاوانێکی هەیە؟ کە ڕاستیت دەوێت، هەزار چاو کوێربێت باشترە، نەک خۆر ڕەش بێت... (سەعدی)

**هەڵە:**

کاتێک هەڵە؛ لە نووسینی کەسێکدا دەبینم، ئارەقەی شەرم دەردەکەم و بیر لە نووسینەکانی خۆم دەکەمەوە و دەڵێم: دەبێ چەندین هەڵە لە نووسینەکانی خۆمدا هەبێت و هەستم پێنەکردبێت؟! باشترین، کەس ئەو کەسەیە، کە هەڵەکان بە دیاری بۆ خاوەنەکەی دەنێرێتەوە.

**جەژن:**

جەژن یانی دڵخۆشی. کە دڵخۆشی نەبێت، جەژن مانای چی؟!!!!

– دڵی مرۆڤ، هەرچەندە شاراوەش بێ لەناو قەفەسی سینەدا، بەڵام زۆر بەجوانی ڕەنگەکانی دیارە.

**خۆت بە دوور بگرە:**

– لە باسکردن و کێشەی ناپێویست و بێ ئامانج، خۆت بە دوور بگرە.

**خراپتر:**

– بەهۆی خراپتر لە خراپ، ژیان دەوەستێت و بێدەنگی ڕوودەدات.

**یەکڕوویی:**

جوانی مرۆڤ لەوەدایە کە، ناوە و دەرەوەی وەک یەک بێ. یەک ڕەنگی و یەکڕوویی، مرۆڤ لەوەی کە جوانە، جوانتری دەکات و ئەوەندەی کە بەنرخە، بە نرختری دەکات.

**قسەکردن:**

زۆرقسەکردن هونەر نییە، چۆن قسەکردن، هونەرە.

**چۆن یەکتر بناسین؟**

پێشینان وتویانە: چوار شت ڕاستی و ناڕاستی دەردەخەن: دراوسێیەتی، سەفەر کردن، سەودا بەیەکەوە کردن، ڕۆژانی لێقەومان و تەنگانە. تا هاوسێی کەسێک نەبی، لە چاکی و خراپی و ئەمینی، ئەو کەسە تێناگەی. سەفەرکردن، خاڵە بەهێز و لاوازە شاراوەکانی مرۆڤ، دەردەخات. زۆر کەس هەیە کە قسەیان لەگەڵدا بکەی، وەک فریشتەیەک خۆت پێدەناسێنن! بەڵام کە پارە و سەودا دێتە ئاراوە، لەگەڵ دزێکدا، هیچ جیاوازییەکی نییە!

خۆشی و ناخۆشی، کە بەشێکن لە ژیانی مرۆڤ، وەک پێویستییەک بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون، هەردووکیان لە کاتی خۆیاندا چێژ و جوانی خۆیان هەیە. لەکاتی خۆشییەکاندا، هەموو کەسێک لێت نزیکە. بەڵام لەکاتی تەنگانەدا، ئەگەر لە

هەزار کەس، کەسێک بدۆزیەوە، شانسێکی باشت هێناوە. من زۆرێک لە هاوڕێکانی خۆم، بەهۆی ئەو چوار ڕێگەیانەوە، ناسیوە. ئەوانەی کە لە تاقیکردنەوەی ئەزموونی ڕۆژگاردا دەرچوون، بوون بە تاجی سەرم و گیان و ماڵمیان پێدەسپێرم. بەڵام ئەوانەی کە بەداخەوە نەیانتوانی لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو بن، هیوای بەختەوەریان بۆ دەخوازم. بەڵام هەرگیز، متمانەیان پێناکەم.

**هەموومان یەکین:**

گەورەیی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە خۆت لە هیچ کەس بەگەورەتر نەزانی.

زانستی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە هەرچی بەسوودە بیگەیەنی بەخەڵکی دیکە.

دڵسۆزی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە خۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵک بەهی خۆت بزانی.

وەفاداری تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە ئەمەکناسبی و چاکەی هیچ کەسێک بەکەم نەگری.

ڕێزی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە ڕێز لە هەموو کەسێک بگری و بە وشەی نەشیاو، دڵی هیچ کەسێک ئازار نەدەی.

نرخی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە زۆر بە شاخ و باڵی خۆتدا هەڵنەڵێی و پێتوانەبێت، کە تۆ لە هەموو کەسێک جیاوازیی.

باوەڕی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە ڕێز لە باوەڕی هەموو کەسێک بگری و پێتوانەبێت کە تۆ لە هەموو کەسێک ڕاستتری!

خۆشەویستی تۆ لەوە دەست پێدەکات، کە هەموو کەسێکت خۆشبوێت و بیر لە ئازاردانی هیچ کەسێک نە کەیەوە.

ڕاستی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە دەست و دەم و داوێن پاک بی و تەنانەت جێی متمانەی ناحەزەکانیشت بی.

میهرەبانی تۆ لەوە دەستپێدەکات، کە ڕووخۆش و قسەخۆش و بێفێڵ و بێپیلان بی لەگەڵ ئەوانەدا کە متمانەیان پێتە.

**مرۆڤ بەنرخە:**

مرۆڤ ئەگەر نرخی خۆی بزانێ، هەرگیز خۆی بە هیچ پلەوپایە و هەرچی سەرمایەی دونیا، ناگۆڕێتەوە. کاتێک کە بەنرخە، لە هەموو شتێک بەنرخترە، بەڵام کە نرخی لەدەستدا، لە هەموو شتێک بێ نرخترە.

**ژیان دەریایە:**

مرۆڤ، تا هیچ نییە، پێیوایە کە هەموو شـــتێکە. بەڵام کە بوو بە هیچ. دەزانێ کە هیچ نییە. مەبەســـت لەو نووســـینەدا ئەوەیە کە مرۆڤ، لەدوو کاتدا زۆر شـــادە و خۆی بە بەختەوەرترین کەس دەزانێت:

یەکەم: ئەو کەســەی کە هەمووشـتێک دەزانێت و لە هیچ شـتێک دانامێنێ، دڵخۆشـە بەوە کە تەنیا مرۆڤێکی ئاساییە و هیچی تر...

دووەم: ئەو کەسەی کە هیچ شتێک نازانێت، بەڵام پێیوایە کە هەموو شتێک دەزانێت و ئاشی ژیان، بە ئارەزووی ئەو دەگەڕێ...!.

**متمانە:**

متمانە ســـاڵانێکی دەوێت تا بەدەســـــت دێ. بەڵام... چەند چرکەیەکی دەوێت، بۆ لەدەستدان. (وتەی ناوداران)

**پرسیار:**

– لەحەکیمێکیان پرســـی: بۆچی تۆ حەقی خۆت لەو کەســـانە ناکەیەوە کە خراپەت بەرانبەر دەکەن؟

بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە و وتی: ئایا هیچ ســـوودێک هەیە کە ســـەگێک گازم لێبگرێت و منیش گازی لێبگرمەوە؟! (وتەی ناوداران)

**ڕامکردن:**

لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەموو کەسێک خاڵی چاک و خراپی تێدایە و لە زۆر خاڵدا، لەیەکتر نزیکبوونەوە هەیە. جگە لە کەســـانی بێ نمەک و بێ وەفا، کە ئەگەر بەبەردەوامیش لەسەر شان و مل دابنرێن، هەرگیز ڕام نابن! چونکە ناتوانن دڵسۆز بن. لەناو گرووپی ئاژەڵانیشدا، کام ئاژەڵ کە بەڕواڵەت دڕندە و ترسناکە، دەتوانرێ ماڵی بکرێ. جگە لە دوپشـــک، کە ســـرووشـــتی ئەو، تەنیا پێوەدانە و هەرچەندە خزمەتی بکرێت، هەر دەزانێت، پێوە بدات. چونکە لەوە زیاتر نازانێ.

**بیرهێنانەوە:**

ئەگەر کەســـێک هەوڵ بدات کە تۆ بێنێتە خوار، بەو مانایەیە، کە پێشـــتر ئەو لە خوارەوەی تۆبووە.

**جارێک ژیان بەسە:**

– تۆ تەنیا جارێک دەژیت. بەڵام، ئەگەر بەڕاستی بژیت، جارێک بەسە.

**سیاسەتی ناڕاست:**

سیاسەتێک کە بناغەی دیوارەکەی لەسەر درۆ بێت، زۆری پێناچێت هەرەس دێنێ.

**بژێوی:**

ئەگەر بژێوی ڕۆژانەی مرۆڤەکان لە ژێر دەستی مرۆڤە دڵڕەشەکاندا بوایە، نیوەی خەڵکی سەر زەوی، لەبرسان دەمرد.

**هاوڕێ:**

هاوڕێ کەسێکە کە بەردەوام هۆشی لەلای هاوڕێکانی بێ، لە خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا، ئاگادار بێ.

هەروەها ئەگەر کەموکورتیش لەلایەکەوە ڕووبدات، ئەوەیتر بەهێز بێت و ڕێگە نەدات کە ڕایەڵەی زێڕینی پەیوەندی نێوانیان بپسێت.

– ئەگەر کەسێکی بێلایەنی، هەوڵبدە ڕوویەکی جوان بی بۆ نەتەوە و وڵاتەکەت.

ئەگەر بێلایەنیش نیت، نموونەیەکی جوان بە بۆ باوەڕ و لایەنەکەت.

**بەرژەوەندیی:**

هەرکاتێک بەرژەوەندی مادی زاڵ بوو بەسەر بەرژەوەندی مەعنەویدا، هیچ ئومێدێک بۆ دڵسۆزی، چاوەڕوان ناکرێت.

**فڕین:**

ئەگەر نەتوانی بفڕی، ڕابکە.

ئەگەر نەتوانی ڕابکەی، پیاسە بکە.

ئەگەر نەتوانی پیاسە بکەی، بەخشکە بڕۆ.

تۆ هەر دەبێ لەجووڵەت بەردەوامبی بۆ پێشەوە.

**خاوەنی خۆبوون:**

– هەرکەسێک نەتوانێ خاوەنی خۆی بێت، ناتوانێ خاوەنی کەس بێت.

**هەڵە:**

(هەڵە) یەکجار زۆرە، بەڵام (چاکە)، بێکۆتاییە.

**وەفا:**

– وەفا، میوانێکە و لە دەرگای ماڵی هەر دڵێک دەدات، لێی ناکرێتەوە.

**چەند وتەیەک:**

ئاو لەسەرچاوە ڕوون بێ، تا بڕوات هەر ڕوون دەبێ

مامۆستا بە توانابێ، خوێندکاریش کێشەی نابێ

سەرۆک کە خەمخۆر نەبێ، وڵات زوو وێران دەبێ

له ماڵدا ئاشتی نەبێ، ژیان تێیدا ئەستەم دەبێ
تاکوو ناڕاستی هەبێ قەت هیوات بە ژیان نەبێت.

**ژیان:**

لەدایک بوون، سەرەتای ژیانە. جوانی هونەری ژیانە. خۆشەویستی. بەشێک لە ژیانە. مردن کۆتایی ژیانە. هاوڕێیەتی، دڵی ژیانە.

**کەسە چاکەکان:**

– کەسە چاکەکان، وەک مۆم وان. لە ناخدا دەسووتێن، تا خۆشبەختی بۆ دەوروبەر بەدیبێنن.

**ڕاستییەکان:**

– ڕاستییەکان لە کرداردا دەردەکەون، نەک هەر لە قسەدا.

**ڕاکردن:**

– تۆ هەرگیز ناتوانی لە دڵت ڕابکەی. کەوابوو باشتر وایە کە گوێی لێبگری، کەچی دەڵێ؟

**خۆشەویستی تەواو:**

– کە خۆشەویستی تەواوت دا بە کەسێک، هەرکاتێک بچوکترین گلەیی لێت هەبێت، وەک دوژمنێکی ڕاستەقینە سەیرت دەکات.

**چیرۆکی شوان و کولێرە:**

شوانێک کە سەگەکەی لەکاتی گیان دەرچوون دابوو، بۆی دەگریا و وەک خاوەنێکی بەوەفا، فرمێسک لە چاوەکانی دەڕژان و خۆی بۆ نەدەگیرا و زیاتر دەگریا. لە هێکڕا کەسێک پەیدابوو و وتی: بۆ ئاوا بەکوڵ دەگریەی؟ شوانە وەڵامی دایەوە و وتی: بۆ ئەو سەگە بەوەفایەم دەگریەم. کابرا وتی: چییەتی؟ شوانە وتی: خەریکە لەبرسان گیانی دەردەچێت. کابرا وتی: ئەی ئەو کۆڵە پشتە چی لەناودایە، کە بەکۆڵتەوەیە؟ شوانە وتی: هەمووی کولێرەیە! کابرا وتی: ئەی بۆ کولێرەیەکی پێنادەی، تا نەمرێت؟ شوانە وەڵامی دایەوە و وتی: من تەنیا فرمێسکی بۆ دەڕێژم...

**نەویستن:**

پێنووسێکم ناوێت، کە بەئازادی بۆم نەنووسێ.
زمانێکم ناوێت، کە بەجوانی وتەم بۆ دەرنەبڕێ.
دەمێکم ناوێت، کە جوان هەستم دەرنەبڕێ.
سەروەتێکم ناوێت، کە تیایدا بزربم و بخنکێم.

پلەوپایەیەکم ناوێت، کە ڕێز لەخەڵک نەگرم.
وڵاتێکم ناوێت، کە تێیدا نەحەسێمەوە.
خزمێکم ناوێت، کە تەماح لە ژیان وماڵم بکات.
دڵێکم ناوێت، کە سۆز و خۆشەویستی تێدا نەبێت.
مێشکێکم ناوێت، کە بیر لە هیچ خراپەیەک بکاتەوە.
هاوڕێیەکم ناوێت، کە ئەویش هاوڕێم نەبێت.
سەرکردەیەکم ناوێت، کە ئەویش هاودەردی گەلەکەی نەبێت.
دەسەڵاتێکم ناوێت، کە دوژمنی وڵاتەکەی خۆی بێ.
مرۆڤێکم ناوێت، کە وەک خۆر، سوود و وزەی بۆ هەموو کەسێک نەبێت.

**بەخشین:**

– خۆشەویستی ڕاستەقینە، لە بەخشین دایە.

**لە دونیادا دوو هێز هەیە:**

ئەقڵ و چەک. بەڵام بەداخەوە چەک بەسەر ئەقڵدا زاڵە (ئەفلاتۆن)

**سێ شت سەنگی مەحەکن:**

(ڕۆژگار)، بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی ژیان.
(ئاگر)، بۆ جیاکردنەوەی (زێڕ) لە شتە جیاوازەکان.
(پارە)، بۆ ناسین و جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتر.

**بۆ هەرکارێک کە دەیکەی:**

ڕاوێژ بە دڵت بکە. بڕیار لە مێشکت وەربگرە. چاوەکانت بکە بە چاودێر و ویژدانیش بکە بە دادوەر.

**نرخی گوڵ:**

– تا دڕک لە دەستت ڕانەچێ، نرخی گوڵ نازانی.

**وازهێنان:**

– هەر شتێک کە هەستی ناخۆشت بۆ درووست دەکات، وازی لێبێنە. هەرشتێکیش کە هەستی خۆشت بۆ درووست دەکات، بیهێڵەوە.

**کاتە سەختەکان:**

– هەمیشە کاتە سەختەکانن کە، هاوڕێ ڕاستەکان دەردەخەن.خۆشنەویستن:

– ژیان چەندە سەخت دەبێت، کاتێک هەست بکەین کە لە ژێر ئەم ئاسمانەدا کەسێک نییە کە خۆشی بوێین!

**جوانتر:**

– ناخی جوان، مرۆڤ جوانتردەکات.

**وریابە:**

– هەموو کەسێک بناسە، بەڵام... هاوڕێی هەموو کەسێک مەبە.

**تەنیایی:**

هەرگیز ڕێگە مەدە تەنیایی بتخاتە ناو باوەشی کەسێکەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی بە تۆوە نییە. (وتەی ناوداران)

**ڕاستی:**

– ئازارم بدە بە ڕاستی، بەڵام هەرگیز... ئاسوودەم مەکە بە درۆ (وتەی ناوداران)

**جیاوازیی لە نێوان چاو و دڵدا:**

چاو، ئەو شتەی کە ڕووبەڕوویەتی دەیبینێ. بەڵام دڵ، ئەو شتەی کە لە ناخدایە، دەیبینێ.

**لەدەست چوون:**

– ئەوەی کە بەزۆری دەستێنرێ، بە ئاسانی لە دەست دەدرێ. (سەعدی)

**چاکەکردن:**

چاکەکردن لەگەڵ خراپاندا، وەک خراپەکردنە لەگەڵ چاکاندا. (سەعدی)

**دۆزینەوەی هاوڕێ:**

– هاوڕێ باشەکان، ئەستەمە دۆزینەوەیان. ئەستەمە بەجێهێشتنیان. ئەستەمە لە بیرکردنیان.

**گریان:**

پیاو لە دوو کاتدا دەگریەت:

١. لەکاتی خۆشەویستی زۆردا.

٢. لەکاتی بیستنی وشەی بێوەفایی دا.

**خۆشەویستی:**

خۆشەویستی کاتێک جوانە، کە ببێتە هۆی گەورەیی مرۆڤ. کە ڕێز نەما، خۆشەویستیش نامێنێ.

**ناو دڵی مرۆڤ:**

– ئەوەی لە ناو دڵی مرۆڤ دایە، گرنگە. نەک ئەوەی کە بە دەم دەوترێت.

**ڕاستگۆی:**

هەرکەسێک نەتوانێ لەگەڵ خۆیدا ڕاست بێ، ناتوانێ لەگەڵ هیچ کەسێکدا ڕاست بێ.

**وێرانکاری:**

– تا وێرانکردن بەردەوام بێ، بیناکردن سوودی چی یە؟

ئەو شتانەی کە، کەسایەتی مرۆڤ جوان دەکەن:

چاکە و مرۆڤایەتی، دڵسۆزی و وەفاداری، ڕێزگرتن و خۆ بەزۆر نەگرتن، ڕاستبوون لەگەڵ خۆ و خەڵکدا، خاوەن بەڵێن و کات ناسین.

**میهرەبانی و دڵسۆزیی:**

میهرەبانی، لە ڕەفتاری جواندا دەردەکەوێت. دڵسۆزیش، لە کرداری چاکدا.

**بەڵا:**

دوو جۆر بەڵا هەیە:

یەکەم: بەڵای چاوەڕوانکراو،

دووەم: بەڵای چاوەڕواننەکراو.

– بەڵای چاوەڕوانکراو، بۆ ئەو کەسانەیە کە بەهۆی هەڵسوکەوتی نالەبار، زوو وەڵامی ڕەفتارەکانیان وەردەگرنەوە.

– بەڵای چاوەڕواننەکراویش، بەهۆی زوڵم و ستەمی لە ئەندازە تێپەڕە، کە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی نادادپەروەردا، بڵاو دەبێتەوە، بۆ ناو خەڵک و هیچ بەزەیی و ویژدان بوونی نامێنێ. ئەو جۆرە بەڵایە، ئەگەرچی چاوەڕوان نەکراوە، بەڵام کە هات، هەموو کەسێک دەگرێتەوە. بەداخەوە، ئەوەی کە زیاتر زیانی لێدەکەوێت، خەڵکی هەژار و بێچارەو بێ زیانە.

**وشە:**

زۆر جار، تاکە وشەیەک مانای دەیان وشە دەگەیەنێت. بەڵام بە پێچەوانەوە، زۆر جاریش، دەیان وشە، مانای وشەیەک ناگەیەنێت.

**لە دوو شت خۆت بە دوور بگرە:**

یەکەم: هیچ کەسێک بەکارمەهێنە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆتدا.

دووەم: ڕێگەش بە هیچ کەسێک مەدە، کە بتکاتە پلیکانی سەرکەوتن.

**نەفس:**

– نەفس، بیکووژە. خۆشەویستی، نرخی بزانە. بزە، بەردەوامبە. قسە هێنان و بردن، گوێی پێمەدە. سەرکەوتن، بەدەستی بێنە. بەخیلی، لێی دووربە. زانیاری، بەدەستی بێنە. (وتەی ناوداران)

**پیاو:**

– پیاو بۆ بەزین، درووست نەبووە. یەک پیاو دەتوانێت تێک بڕوخێت، بەڵام بەزین، هەرگیز...

**نهێنی:**

نهێنی ئەو کاتە پارێزراوە، کە هەر لای خۆتە. خۆریش ئەو کاتە شاراوەیە، کە لە ژێر هەور دایە.

**کامیان هەڵدەبژێری؟**

گەر بتەوێت خەڵک بتناسی، کاری نەشیاو بکە. بە پێچەوانەوە، گەر بتەوێت خەڵک بناسی، کاری شیاو بکە.

**مرۆڤ:**

– مرۆڤ کاتێک دەتوانێت بڵێ: من مرۆڤم، کە گوفتار و کردار و بیرکردنەوەی، وەک یەک بن.

**بوون:**

– لە خۆشەویستیدا، هەموو شتێک بوونی هەیە. بەڵام لە زۆر شتدا، خۆشەویستی، بوونی نییە. بۆیە وەک پێویست، ژیان مانای خۆی نابەخشێت.

**کردار:**

لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتدا، خۆت بچووک مەکەوە، بەشداری لە هیچ دانیشتنێکدا مەکە، کە تەنیا قسەی بێکرداری تێدا دەکرێت. هەمیشە بڕوات بە کرداری بچووک هەبێت، نەک وتەی زەبەلاح.

**فێرگە:**

لە یەکەم فێرگەدا هەرشتێک فێربی، لەناو مێشکتدا جێگیر دەبێت و لە داهاتوودا، هەر ئەوت لەبیردەمێنێ.

**پیرۆزی:**

– هەموو دینێک پیرۆزە، بەمەرجێک کە بە زۆر نەسەپێنرێت و زیادەڕەویی تێدا نەکرێت. هەموو بیروباوەڕێکیش پیرۆزە، بەمەرجێک لەخزمەت کۆمەڵگەدا بێت.

**باسکردن لە ڕابردوو:**

– ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە، باس لە ڕابردووی هیچ کەســـێک ناکەین.

**نەزان:**

– کەسـی نەزان هەوڵ بۆ فێربوونی زانسـت نادات. چونکە پێی وایە زانایە! ئەمەش هۆی چارەڕەشی و بێ بەختی نەزانەکانە.

**ڕووناخۆشی:**

ڕووی ناخۆش لەهەر کەسـێکەوە بێت، بزە لەسـەر لێوی بەرانبەر لادەبات. حەز و ئیشـتیهای خواردن کەمدەکاتەوە. مێشـک وێران دەکات. دڵ ئازار دەدات. خۆشـی لە ژیاندا ناهێڵێت. هیوا بە ژیان لەناو دەبات. لە کۆمەڵگە دادەبڕێت. کێشـــەکانی ژیان، چەند بەرانبەر دەکات. خەوو ئارامی کەمدەکاتەوە. بیر و هۆش لاواز دەکات و زۆر شتی دیکەش...

خەنجەری ئاشنا، دەرمانی نییە...

– ئەوەی یەکەمجار داوای لێبوردن دەکات، ئازاترینە. ئەوەی یەکەمجار دەبەخشێت، بەهێزترینە. ئەوەی یەکەمجار لە بیر دەکات، خۆشحاڵترینە. (وتەی ناوداران)

**پێکەنین:**

– ژیـان وەک ئـاوێنە وایە. لەگەڵتـدا پێـدەکەنێ، ئەگەر لەگەڵیـدا پێبکەنی. (وتەی ناوداران)

**پێشنیار بۆ منداڵ:**

ئەگەر گوێ لە دایک و باوک بگری،

١. دونیات بۆ بچووک دەبێتەوە.

٢. هەموو ڕێگەیەکت بۆ نزیک دەبێتەوە.

٣. بەشی زۆری ئارەزوەکانت دێنەدی،

٤. دەبی بەو کەسە، کە هەموو کەسێک شانازیت پێوە بکات.

٥. دەبی بە خۆشەویستی زۆرینەی خەڵک.

٦. دەگەی بە هەر پلەیەک کە خۆت مەبەستە.

**کورد:**

– تا کورد نۆکەر و پیاوی دوژمن بێ، هەرگیز پێناچێ لەوە باشتربێ.

**فەرموودەی خوایە:**

– ئەی ستەم لێکراو سوێند بە گەورەیی خۆم، بەدڵنیایەوە سەرکەوتووت دەکەم ئەگەر دوای ماوەیەکیش بێت.

**گەشبین:**

– ئەگەر تۆ گەشبین بی بەرانبەر بە ژیان، دنیاش بە گەشبینییەوە سەیری تۆ دەکات.

**بیرکردنەوەی باش:**

– ئەنجامی باش، لە بیرکردنەوەی باش دایە.

**نادادپەروەری:**

لە وڵاتێکدا کە نادادپەروەری کرا بە بەرنامەی ژیان و ستەم جێگەی دادی گرتەوە،
لە وڵاتێکدا کە مافی خاوەن ماف پێشێل کراو ڕەوایی درا بە ماف خۆر،
لە وڵاتێکدا کە بۆ ڕازیکردنی دڵی ستەم کار، ستەم لە ستەم لێکراو کرا،
لە وڵاتێکدا کە هەر بە "دفع البلاء" پێشگیری لە بەڵا کرا، ڕۆژێک دێ، کە خەم و نزا و هەناسەی ستەم لێکراو، بەرەو ئاسمان بچێت و خوای گەورە بەوەڵام بێنێت و دەرەنجام هەزاران بەڵای گەورەتر ببارێنێت...

**ڕێگریکردن لە ژیان:**

سێ شت ڕێگرن لە بەرەوپێشچوونی ژیان:

١. خۆپەرستی مرۆڤ،

٢. دڵڕەشی مرۆڤ،

٣. نەزانی مرۆڤ.

**پلەوپایە:**

– پلەوپایە و دەسەڵات و سەرمایە، بە زۆر شێوە بەدەست دێ، بەڵام هەست و سۆزی خەڵک، بە ئاسانی بەدەست نایە.

**دایک:**

– دایک خۆشەویستی دەچێنێت، باوکیش دەیدروێتەوە. (وتەی ناوداران)

**هاوڕەنگ بە:**

– خەڵکی شار کە هەموویان دەشەلن، بە کەسێک، کە ڕاست بە ڕێگەدا دەڕوات، پێدەکەنن. (وتەی ناوداران)

**بزەی ژیان، بزەی تۆیە:**

هەموو ڕۆژێک بە بزەوە پێشوازی لە ڕۆژێکی نوێ بکە. تابەردەوام، ژیان بە بزەوە لە باوەشت بگرێت.

– هەمیشە گەشبین بە، ژیان بەردەوامە.

**هاوزمانی:**

– هاوزمانی بەس نییە، مەرج نییە هەرکەسێک هاوزمانت بێت، لێی تێبگەی. زۆر کەس هەیە پێیوایە تەنیا، دەمکردنەوە و دەنگ هەڵبڕین، قسەکردنە. بەڵام هەرگیز وانییە. بەڵکوو شێوەی قسەکردن ئەوەیە کە، گوێ لە بەرانبەرەکەت ڕابگری، تا لەیەکتر تێبگەی.

**ڕۆژێکی نوێ:**

– هەموو بەیانییەک ڕۆژێکی نوێیە و دەبێ وابزانین لەو ڕۆژەدا لەدایک بووین. بۆیە پێویستە بەبێ خەم و بەبێ کێشە، پێشوازی لەو ڕۆژە بکەین و ئەرکەکانمان وەک پێویست بەجێ بهێنین.

**سەرنەکەوتنەکان:**

– ئێمە لەسەرنەکەوتنەکانەوە فێردەبین، نەک لەسەرکەوتنەکانەوە.

**فێربوون:**

– هەرگیز لە فێربوون مەوەستە، چونکە ژیان هەرگیز لە فێرکردن ناوەستێ. (وتەی ناوداران)

**چوار شت هەرگیز لەبیر مەکە:**

١. ناتوانی یارمەتی هەمووان بدەی،

٢. ناتوانی هەموو شتێک بگۆڕی،

٣. هەموو کەس تۆی خۆشناوێت،

٤. ناتوانی هەمووان ڕازی بکەیت. کەوابوو، ئاوا بژی کە خۆت دەتەوێت.

**ژیان کوورتە:**

- ژیان کوورتە، بەفیڕۆی مەدە لەگەڵ کەسانی نەرێنیدا، کە ڕێزت لێناگرن. ئەوان لەناو دڵتدا ڕابگرە، بەڵام لەناو ژیانتدا دەریانبکە.

**یەکتر ناسین:**

– کردار سەنگی مەحەکە بۆ یەکتر ناسین، نەک تەنیا هەر وتار و قسەی قەڵەو...

**بیرکردنەوەی جوان:**

– بیرکردنەوەی جوان، وتەی جوان بەرهەم دەهێنێ.

**بیروباوەڕ:**

– بیروباوەڕێک کە هەڵقوڵاوی دڵ نەبێ، زۆر بە ئاسانی گۆڕانی بەسەردادێت.

**کردەوەی کەم:**

– من بڕوام بە کردەوەی کەم هەیە، نەک قسەی زۆر.

**ئاڵۆزکردن:**

– ژیان زۆر سادەیە، بەڵام ئێمە هەر سوورین لەسەر ئەوە، کە ئاڵۆزی بکەین.

**سرووشتی ژیان ئاوایە:**

هیچ کەسێک بەتەنیا ناتوانێت، هەموو شتێک بکات. بەڵام هەموومان دەتوانین زۆر شت بکەین. هەرکەسێک بەرپرسیاربێ لە بەرانبەر ئەرکی خۆیدا، ژیانێکی خۆش و جیهانێکی جوان بنیات دەنرێت و سرووشت ئەوەندەی کە جوانە، جوانتر دەبێ.

**بێهیواکردن:**

– ئەگەر لەبری بێهیوا کردن، هاندان هەبوایە، بەرەوپێشچوونی مرۆڤ، زیاتر دەبوو.

– مرۆڤی بێکردەوە، وەک داری بێبەر وایە.

**کات و وتە:**

– کات و وتە، بەنرخن، بە بێهودە، لەدەستیان مەدە.

**سوود وەرگرتن:**

– ئەگەر نەشتوانین لە ڕووداوەکانی ڕۆژگار و وانەکانی مامۆستاکانمان و ئامۆژگاری زاناکان شت فێر بین با لە هەڵەکانی ڕۆژانەی خۆمان، سوود وەربگرین. (وتەی ناوداران)

**سامان:**

– سەروەت و سامان، تا ئەو جێیە خۆشە، کە چێژی لێوەربگرین. نەک ئەوەندە زۆربێت، کە بیپەرستین و هەمیشە خەمی لێبخۆین.

**کات گرنگە:**

بێ ئەوەی پرسیارت لێبکرێت، وەڵام مەدەوە. لە نێوان دوو کەسدا کە قسە دەکەن، تۆ هیچ مەڵێ. چونکە بابەتەکەی ئەوان تێکدەدەیی و قسەی تۆش جێناگرێت. تاکوو داوات لێنەکرێت. لەخۆتەوە، هیچ مەکە و کات بەفیڕۆ مەدە. چونکە جێناگرێت. کاتێک شتێک دەڵێی: پێشتر بیری لێبکەوە.

**هاوشێوەی گوڵ:**

– وەک گوڵ بیت و بەڕووی هەموو کەسێکدا پێبکەنی، باشترە لەوە کە، دڕک بیت و ناخی هەموو کەسێک بریندار بکەی.

**چەک:**

– پەروەردە بەهێزترین چەکە، کە تۆ دەتوانی سوودی لێوەربگریت بۆ گۆڕینی جیهان.

**سادەیی:**

بە سادەیی بە دنیا هاتن، بە سادەیی ژیان، بە سادەیی مردن، خۆشترە لە ژیانی ئەوانەی کە بە هیچ شتێک ڕازی نین.

**باشتر بوون:**

– کەسێک نەتوانێت سبەی لە ئەمڕۆ باشتر بێت، ناکرێ پێی بگوترێت: مرۆڤێکی تەواو.

**پەنجەی بوختان:**

هەرگیز پەنجەی بوختان بۆ هیچ کەس درێژ مەکە. چونکە سێ پەنجەکەی ترت ڕوویان لە خۆتە. (وتەی ناوداران)

**پلەوپایە:**

خەم بخۆی بۆ پلەوپایە

ویژدانت دەچێ بە زایە.

**شوێن کەوتن:**

– هاوڕێکەم تکایە شوێن خەڵکی مەکەوە. چونکە تۆ نازانی بۆ کوێ دەچن؟! لەوانەیە ئەوان هەڵە بن!

**باش کێیە؟**

– باش ئەو کەسە نییە کە هەموو کەس لێی ڕازی بێت. بەڵکوو باش ئەو کەسەیە، کە باش لێی ڕازی بێت و خراپ لەدژی بێ.

**کۆتایی ژیان:**

– ژیانی ئێمە لەو ڕۆژەوە کۆتایی پێ دێت، کە بێدەنگ دەبین لە بارەی ئەو شتانەوە کە گرنگن. (وتەی ناوداران)

**لەبەرچاوگرتن:**

– کەسێک هەستی بەرانبەر لەبەرچاو نەگرێت، بۆ ئەوە دەبێت بۆ هەمیشە دووری لێ بکرێت.

**ئاو و ئاگر:**

– ئاگر، دەسووتێنێت، ئاو، دەخنکێنێت، هاورێ و کەسی خراپیش، کەسایەتی دەشێوێنێت.

**زوڵم و ستەم:**

– لەهەر وڵاتێکدا زوڵم و ستەم سەریهەڵدا، وێرانی و کاول بوونیش، سەرهەڵدەدات.

**وشەی شیاو:**

– ئەوەی دەبێتە هۆی درووستبوونی پەیوەندی بەهێز، وشەی شیاوە. ئەوەیش کە دەبێتە هۆی ئازاری دەروون، وشەی نەشیاوە. کەوابوو، با وریای دەربڕینی وشەکان بین.

**خۆشەویستی:**

خۆشەویستی، ژیان درووست دەکات. ژیان، مرۆڤ درووست دەکات. مرۆڤیش جیهان دەڕازێنێتەوە. بەڵام ئەگەر خۆشەویستی نەبێت، نە ژیان، نە مرۆڤ، نە جیهان، هیچ بایەخی نابێت.

**بڕیاردان:**

هەرتاکێک لەسەر ئەو گۆڕەپانی گەردونە، چیرۆکێکی هەیە لەژیانی خۆیدا. بۆیە بڕیار لەسەر هیچ کەسێک مەدە پێش ئەوەی کە بەچاکی بیناسی. کە ڕاستییەکەت بۆ دەرکەوت، لە وانەیە تووشی سەرسوڕمان بی!

**کاتێک لۆمەی کەسێک دەکەی:**

– کاتێک لۆمەی خەڵک دەکەی، دەستبەرداری تواناکانی خۆت دەبی بۆ گەورەبوون. (وتەی ناوداران)

**بەسەربەرزی مردن:**

- پێشەوای نەمر دەڵێ: لەسەرپێ مردن باشترە، لەسەر ئەژنۆ ژیان.

**ئامانج:**

بۆ گەیشتنت بە ئامانج، پێویستە قوربانی بدەی. ئەگەر قوربانی نەدەی، هەرگیز ناگەی بە ئامانج.

**فایەق بێکەسی شاعیر دەڵێ:**

ئەگەرچی ئێمە قەومێکی زۆرین
بەڵام داخەکەم چەوت و خۆخۆرین
بۆیە وا لەژێر چەپۆک و زۆرین

**ماڵی دڵ:**

دەرگای ماڵی دڵت بۆ کەسێک بکەوە، کە بەشوێنی حەسانەوەی خۆی بزانێت.

**سێ شت پێکەنین لەسەر لێو لادەبەن:**

هەژاری، هاوڕێی ناڕاست، هاوژینی نەگونجاو.

**باشترین ڕێگە:**

باشـــترین ڕێگە بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیەوە، ئەوەیە کە خۆت بزرکەی لە خزمەتی خەڵکی تردا. (وتەی ناوداران)

**درۆکردنیش پیشەیە:**

هەرکاتێک پارە و سـامان جێگەی بیروباوەڕ و کەسـایەتی گرتەوە، پەردەی شـەرم دەدڕێت و درۆکردنیش دەبێتە پیشە!

**لە دوو کاتدا وریابە:**

ئەگەر شــاد بووی، هێواش پێبکەنە. تا خەم خەبەری نەبێەوە. کە غەمگینیش بووی، ئارام بگریە. تا شادیی نائومێد نەبێت.

**لەدەست مەدە:**

– بەهۆی بوونی دڕکێک، سەدان گوڵ لەدەست مەدە.

**شایستە:**

– تۆ شایستەی ئەوەی لەگەڵ کەسێکدابی، کە خۆشحاڵت بکات. لەگەڵ کەسێکدا، کە ژیانت ئاڵۆز نەکات. لەگەڵ کەسێکدا، کە ئازارت نەدات.

**باسی خۆت مەکە:**

– هەرگیز بـاســـی خۆت مەکە، چونکە هـاوڕێکـانـت پێویســـتیـان پێ نییە و دوژمنەکانیشت باوەڕت پێناکەن.

**ڕابردوو:**

ڕێگە مەدە تاریکی ڕابردوو، پێشـــگیری لە ڕووناکی ئێســـتا و داهاتووت، بکات. ئەوەی کە بوو، بوو.

**زیانگەیاندن:**

– ئەو کەسەی کە نیازی زیان گەیاندنی هەیە، هەر ئەو کەسە، زیانی پێدەگات.

**دووزمانیی:**

دوو زمان، بەینی خەڵک تێکدەدات، بەڵام دوا جار خۆی ڕیسوا دەکات.

**دۆست و کەسی نەزان:**

– ئەوەی دۆست و کەسی نەزان پێت دەکات، دوژمن بەخەیاڵی دانایە. هەر بۆیە هەزار دوژمنی زانات هەبێ، باشترە لە یەک هاوڕێ و کەسی نەزان.

**ئەو سێ شتانەی کە زۆر زیان بەخشن:**

بیرکردنەوەی زۆر لە ڕابردوو، خاوەنی هەڵوێست و خۆت نەبی، گیرۆدە بوون بە پارە و سامان.

**ژیانی ئێمە:**

– ژیانی ئێمە لەو ڕۆژەوە کۆتایی پێدێت، کە بێدەنگ دەبین سەبارەت بەو شتانەی کە گرنگن.

**قومار و دەسەڵات:**

هەروەک چۆن قومار خۆرکەیە بۆ ژیان و کەسایەتی، ستەم و چەوساندنەوەش، کۆتایی مانەوەیە لە دەسەڵاتدا.

**ئاشتی:**

دەسەڵاتدارانی جیهان، ئەوەندەی کە پشتیووانی لە ستەم دەکەن، نیو ئەوەندە بیریان لە ئاشتی کردبایەوە، جیهانیان دەکرد بە بەهەشت.

**کوشتن و ئازاردان:**

– کوشتنی هاووڵاتییانی بێتاوان، هەڵکەندنی گۆڕە بۆ دیکتاتۆرەکان.

**وەفا:**

– وەفا چونکە زۆر بەنرخە، تەنیا لە کەسە بەنرخەکاندا بوونی هەیە.

**هاوسەنگی:**

نە هەموو کەس بەیەکەوە جوانە، نە هەموو کەس بەبێ یەک جوانە.

**بەختەوەری:**

ڕێزگرتن، بناغەی خۆشەویستییە. خۆشەویستی، کلیلی بەختەوەرییە. بەختەوەری، ژیانێکی پڕ خۆشییە. ڕێگەی بەختەوەریش، هەر خۆشەویستییە.

**باوەڕ بەخۆنەبوون:**

ئەوانەی کە باوەڕیان بەخۆ نییە، باوەڕیان بە هیچ کەسێک نییە...

**فێربە:**

لە ژیـانتـدا فێـڵ لە خۆت مەکە. چونکە ئەگەر فێـڵ لەخۆت بکەی، فێـڵ لە هەموو کەسێک دەکەی.دووبەرەکی:

ئەوانەی کە ئاگری دووبەرەکی خۆشدەکەن، تەنیا هەر خۆیان دەسووتێن لە ناویدا.

**ئاوێنە:**

– ئاوێنە، نموونەی هاوڕێی چاکە. هەرکاتێک نەتوانی لە هاوڕێکەتدا خۆت ببینی، وەک هاوڕێ سەیری مەکە.

**هاوڕێ:**

تاکوو پێمنەڵێی هاوڕێکەت کێیە، من چۆن بزانم بنەچەکەت کێیە؟

**هەڵەی زمان:**

هەڵەی زمان، زیان بە کەسایەتی مرۆڤ دەگەیەنێت.

**ناخی مرۆڤەکان:**

– ناخی مرۆڤەکان، وەک گۆزە وایە. چی تێدابێت، هەر ئەوەی لێدەڕژێت.

**کاروانی ژیان:**

– کاروانی ژیان بەردەوامە و هەرگیز ناوەستێت. ئەگەر ویستیان بتوەستێنن، تۆ گوێمەگرە و ئاوڕیان لێمەدەوە. بەردەوامبە لە ڕۆیشـــتن و ڕێگە مەدە تەپ و تۆزو ڕەشەبا بتوەستێنێ.

**زیانگەیاندن:**

مرۆڤ هەرکاتێک بیر لە زیانگەیاندن بکاتەوە بەرانبەر بە کەســـێکیتر، بێ ئەوەی خۆی بزانێت، ڕووبەڕووی چەندین زیان دەبێتەوە.

**ساتەکانی تەمەن:**

– با نرخی ساتەکانی تەمەنمان بزانین و جگە لە چاکە، بیر لە هیچی تر نەکەینەوە. چونکە هەموو دەورێک کۆتایی دێت.

**ڕێز لە خۆت بگرە:**

هەرشـــتێک ســـوودیی بۆت نەبێت، هۆی پێشـــکەوتنت نەبێ و خزمەتت پێنەکات، دووریی لێبکە.

**باشترە دوژمنێکت هەبێت کە ڕاستگۆیانە پێت بڵێ:**
خۆشمناوێی. لە دۆستێک کە بە نهێنی زیانت پێبگەیەنێت.
**چەوسانەوە:**
– تاکوو چەوسانەوە زیاتربێ، موژدەی ئازادی، نزیکتر دەبێتەوە.
**کەسێتی:**
چۆن هەڵەکردن، پێناسەی ئێمە ناکات. بەڵکوو چۆن ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، پێناسەی ئێمە دەکات.
**بڕوانامە:**
– بەرزترین بڕوانامەی مرۆڤ، ڕەوشتی جوانە. جوانترین پێناسەش، ئارامی و ڕێز دانانە.
**ڕووخۆشی:**
– کەسێک نەتوانێت ڕوو خۆش بێ، ناتوانێت دڵسۆز بێت. کە نەیتوانێ دڵسۆزبێ، ناتوانێت ڕاستگۆبێت. کە نەشتوانێ ڕاستگۆبێ، هەرگیز ناتوانێت دڵخۆش بێت.
**تۆڵەکردنەوە:**
– بەهۆی تۆڵەکردنەوە، هەرجار کە چاوێک کوێر دەکەن، چاوێک کوێر بکرێ، خەڵک هەموو کوێر دەبێ. (گاندی)
**ڕەتکردنەوە:**
– زۆر کەس دەتوانن کەسێک ڕەت بکەنەوە، بەڵام کەسێک ناتوانێت زۆر کەس ڕەت بکاتەوە.
**چاک:**
چاک ئەو کەسەیە، کە چاک بڵێ، لە چاک چاکتریش، ئەو کەسەیە چاکە بکات.
**نووسەر:**
– نووسەر ئەو کەسەیە، کە کۆمەڵ لە پلەی نزمەوە، بۆ پلەی بەرز ببات. (وتەی ناوداران)
**ئەزموون:**
ئەزموون، مامۆستایەکی زۆر سەرسەختە. هەتا تاقیت نەکاتەوە، وانەت پێناڵێ.
**وانەکانی سەردەم:**
– کەسێک نەتوانێ سوود لە ڕابردوو وەربگرێت، بەناچاری دەبێ گوێ لە وانەکانی سەردەم بگرێت.

**برینی زمان:**

– برینی زمان، هاوشێوەی برینی سوتاوە. ئەگەر چاکیش بێتەوە، شوێنەواری هەر دەمێنێت. بۆیە هیوادارم هیچ کەســـێک، بەهۆی زمان، دڵی هیچ کەســـێک، بریندار نەکات.

**دەرخستن:**

– لەوە زیاتر کە دەریدەخەی، هەتبێت. لەوەش کەمتر کە دەیزانی، بدوێ.

**سنوور دانان:**

– سنوور دانان بۆ زمان، ڕێزگرتنە لە ژیان.

**خۆسەپاندن:**

– خۆ سەپاندن بەسەر خەڵکدا، وەک ئەوەیە بە زۆر خواردنێک بدرێت بە کەسێک و هیچ ئارەزووی خواردنەکەی نەبێت.

**دوو شت پێچەوانەی عەقڵە:**

بێدەنگی لەکاتی قسەکردندا، قسەکردن لەکاتی بێدەنگیدا. (سەعدی)

**بێدەنگی وەڵامە:**

– هەندێکجار بێدەنگی باشترین ڕێگەیە. بۆ ئەوەی کەسێک تێبگەیەنی ئەو شتەی کە کردوویەتی، هەڵەیە.

– ئەوانەی کە لە بێدەنگی تۆ تێناگەن، هەرگیز لە وشەکانیشت تێناگەن.چارەسەر: باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یەکگرتن و یەکتر بەخشینە.

**متمانە:**

متمانە، وەک تیر وایە، کە لەکەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە.

**لە دوو شت خۆت بپارێزە:**

یەکەم: دووژمنی هەموو کەسێک مەبە. دووەم: هاوڕێی هەموو کەسێکیش مەبە.

**ڕاهاتن:**

– مرۆڤ بۆ ئەوە درووست بووە کە لەگەڵ یەکتردا ڕابێت. نەک بۆ ئەوە کە لەدژی یەکتربێت.

**تەنیا خراپ مەبە:**

– ئەگەر نەشتوانی باشبی، هەوڵبدە کە خراپ نەبی.

**شکسپیر دەڵێ:**

هاوڕێ بۆ هاوڕێ، وەک پینەیە بۆ کراس، ئەگەر هاوشێوەی نەبێ، ناشیرنی دەکات.

**زاراوە:**

کەسـێک کە زاراوەی ڕەسـەنی خۆی بگۆڕێت، لاڵ دەبێ، چونکە زاراوەکەی خۆی لێتێکـدەچێـت، ئەوەیتریش فێرنـابێـت. لەو نـاوەدا، وەک لاڵ قسـه دەکـات و هەردووکیشیان ناشیرین دەکات.

**لۆمە کردن:**

کەسـێک بە لۆمەکردن و لێدووان ی ناڕەوا، دۆسـتە دڵسـۆزەکانی ئازار بدات، بۆ هەمیشە، لەدەستیان دەدات.

**نیشانەی نەزانین:**

– درووستکردنی دوژمن لەبری دۆست، نیشانەی نەزانین و بێئەزموونییە.

**گەوجاندن:**

ئەگەر جارێک بمگەوجێنی، شـورەییە بۆ تۆ. بەڵام ئەگەر دووجار بمگەوجێنی، شوورەییە بۆ من. (وتەی ناوداران)

**کەمبێت و خۆشبێت، نەک زۆر بێت و بۆشبێت:**

کاتێک قسـه بۆ خەڵک دەکەی، ئەوەندە ڕێزیان لێبگرە، کە نەتوانی هیچ هەڵەیەک بەرانبەریان بکەی. هەر ئەوەندەش قسەبکە، کە هیچ کامیان بێزار نەکەی.

**هاوڕێی کۆن:**

لە بیرت بێ، کە زۆرێک لە شتە کۆنەکان، گرانبەهان و هاوڕێ کۆنەکانیش، بەڕێزن.

**تووڕەیی:**

کەسێک کە تووڕەت دەکات، دەتبەزێنێت و دەتخاتە ژێر دەستی خۆی.

**ژیان:**

بەسەربردنی ژیان لەگەڵ ڕابردوودا، بەردەوامبوونی ژیانە لەگەڵ خەم دا.

**خۆگۆڕین!**

هەوڵ مەدە خۆت بگۆڕی بۆ کەسـی تر. چونکە لە کۆتاییدا خۆت لێبزر دەبێت. دواتر هیچ نرخی نییە، کە هەوڵ بدەی خۆت بدۆزیتەوە دووبارە... (وتەی ناوداران)

**لۆمەی کەس مەکە:**

– بۆ ڕەفتار و کردەوە خراپەکانی خۆت، لۆمەی کەس مەکەو کەس بە تاوانبار مەزانە. تۆ لەژیانتدا چیت بەسەرهاتبێت و چ هەستێکت بەرانبەر کردەوەکانی ڕابردووت هەبێت، هەر خۆت لەسەدا سەد تاوانباری.

**هەڵوێست گۆڕان:**

– کاتێک هەڵوێست گۆڕدرا، بیرکردنەوەش دەگۆڕێت. کاتێک بیرکردنەوە گۆڕدرا، ڕەفتاریش دەگۆڕێت.

کاتێک ڕەفتار گۆڕدرا، کرداریش دەگۆڕێت. کاتێک کردار گۆڕدرا، ئەنجامیش دەگۆڕێت.

**بڕیارە باشەکان:**

بڕیارە باشەکان لە ئەزموونەوە دێن. ئەزموونیش، لە بڕیارە خراپەکانەوە دێت.

– هەموو ئەنجامێکی باش، لەگەڵ بڕیاردان و هەوڵدان دا، دەست پێدەکات..

**مانەوە:**

– لە هەندێک ڕووەوە دەبێ ئەوە بزانی، کە هەندێک کەس لەناو دڵی تۆدا دەمێننەوە. بەڵام لەژیانتدا، نا...

**فەیسبووک:**

– فەیسبووک، تەنیا بۆ چات و کات بەسەربردن نییە، بەڵکوو سایتێکی کۆمەڵایەتی زۆر بەنرخە و پێویستە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری سوودی لێوەربگیرێت.

**لەبیرکردن:**

– ئەگەر کەسێک هەموو شتێک لە بیر بکات، ئاساییە. بەڵام ئەگەر هەموو کەسێک هەموو شتێک لە بیر بکات، نارەوایە و نائاساییە.

**مانەوە لەدەسەڵاتدا:**

– مانەوەی زۆر لەدەسەڵاتدا کاتێک خۆشە، کە لەناو دڵی خەڵکدا جێگەت هەبێ.

**ژیان کوورتە:**

– ژیان کوورتە، دونیا ئەوە ناهێنێ کە خۆت بخەیتە ژێر باریەوە. ژیانی ڕاستەقینە هەر سامان نییە، بەڵکوو هاودەردی و هاوبەشی خەمەکانی خەڵکە.

**تۆ بمناسێنە: (نەیار)**

پێمخۆشە بڵینگۆیەکی گەورە هەڵبگریت و بە ناو شاردا بگەڕێیت و هەرچی خراپە پێم بڵێی... ئەو کاتە من ئاسوودە دەبم و هەست بە بوونی ڕاستەقینەی خۆم دەکەم.

**دڵسۆز بوون:**

– کەسێک دڵسۆزبێت بۆ وڵاتەکەی، بەگیان و بەدڵ دەیپارێزێت. کەسێکیش دڵسۆز بێ بۆ بیروباوەڕەکەی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکدا بەهێز دەکات. کەسێک بیهەوێت بناغەی دیواری بیروباوەڕەکەی تێکبدات، دژایەتی هاوبیرەکانی دەکات.

**خەڵک و گلەیی:**

– خەڵک ئاگاداری گۆڕانی تۆ هەیە بەرانبەر بە خۆیان. بەڵام ئاگاداری هەڵسوکەوتەکانی خۆیان نین، کە تۆیان گۆڕیوە.

**دادوەری:**

کەسێک دادگایی مەکە، تەنیا لەبەر ئەوە کە تاوانەکەی، جیاوازییە لەگەڵ تۆدا. (وتەی ناوداران)

**زیانبەخش:**

– ئایا وا باشە مرۆڤ، وەک هەنگ سوود بەخشبێت، یان وەک زەردەواڵە، زیان بەخشبێت!؟

**هەوا و وەفا:**

هەروەکچۆن هەوا پێویستە بۆ ژیان، وەفاش پێویستە بۆ مرۆڤ، ئەگەر هەوا نەبێ، ژیان نابێ، ئەگەر وەفاش نەبێ، خۆشەویستی نابێ، ئەگەر خۆشەویستیش نەبێ، ژیان هیچ مانای نابێ.

**باسی خەڵککردن:**

– ئەوانەی کە باسی هەموو کەسێک دەکەن لەلای تۆ، باسی تۆش دەکەن لەلای هەموو کەسێک. کەوابوو نە بەدۆستایەتی ئەوانە دڵخۆش بە، نە بەدژایەتی کردنیشیان. ئەوانە، نەدۆستی هیچ کەسێکن، نە دوژمنی هیچ کەسێکن.

**بەڵێن:**

بەڵێندان و پاراستنی، باشترین ڕێگەیە بۆ درووستکردنی ئابڕوو.

**سەنگی مەحەک:**

سەفەر و سەودا سەنگی مەحەکە.

**تیشکی خۆر:**

– خۆشەویستی وەک تیشکی خۆرە. لە ناخی هەرکەسێکدابێت، وزە دەبەخشێت بە دەوروبەرەکەی.

**تاوان:**

تاوان، وەک برینی ســــوتاو وایە، ئەگەر چاکیش بێتەوە، شــــوێنەکەی هەر دیار دەمێنێت.

– دنکە شقارتەیەک بەسە، بۆ سووتاندنی دارستانێک.

**ترسان:**

لە دوژمن مەترســــە کە هێرشــــت بۆ دەکات. بەڵام لە دۆســــتی قەڵب بترســــە، کە باوەشت پێدا دەکات.

**جوانترین دیاری:**

– جوانترین دیاری بۆ پەپولە، گوڵی جوانە. باشــــترین دیاریش بۆ مرۆڤ، وتەی جوانە.

**زامی برینی مردوو:**

– کەسـی سـوک، سـوکایەتی پێکردنی، بەلاوە ئاسـاییە. چونکە زامی برینی مردوو، نایەشێت. (وتەی ناوداران)

**زمان درێژی:**

– تا زمان درێژتر بێت، کردار کەمتر دەبێ.

**دڵ و سامان:**

– کە دڵ لەگەڵ ساماندا کەوتە پێکەنین، خۆشەویستی دەست دەکات بە گریان.

**نەبەخشین!**

– نەبەخشین و ڕق و کینە، پێشگیری لە هەموو بەرەوپێشچوونێک دەکات.

وریابە!

متمانە بە چ کەســــێک دەکەی؟ شــــەیتان ڕۆژێک، یەک فریشــــتە بووە...! (وتەی ناوداران)

**بیر و هۆش:**

– تەواوی بیر و هۆشت لەسەر کارێک کە دەیکەی، کۆبکەرەوە. چونکە تیشکەکانی خۆر تا کۆنەبنەوە، ناسووتێنن. (وتەی ناوداران)

**جێگەگرتن:**

– لە دونیــادا، جێگەی تەواو بۆ هەمووان هەیە. کەوابوو لەبری ئەوەی جێگەی کەسێک بگریت، هەوڵ بدە جێگەی خۆت پەیدا بکەی.

**سوکایەتیی کردن:**

– ســـــوکایەتیکردن بەهەر ئاین و نەژادێک، ئەنجامەکەی، بە بچووک بوونەوەی خۆمان تەواو دەبێت.

**تاوان:**

نەفرەت لەتاوان بکە، نەک لە تاوانکار. (گاندی)

**ئەگەر:**

ئەگەر ڕۆژێـک دوژمنـت بۆ پەیـدابوو، بزانە کە بۆ گەیشـــتنت بۆ مەبەســـتت، سەرکەوتوو بوویی.

ئەگەر ڕۆژێک هەڕەشەت لێکرا، بزانە کە لە بەرانبەرتدا، بێ هێز بوون.

ئەگەر ڕۆژێک خیانەتت دی، بزانە کە نرخت بەرز بۆتەوە.

ئەگەر ڕۆژێک وازیان لێت هێنا، بزانە کە لەگەڵ تۆ بووندا، شـــیاوبوونی دەوێت. (گاندی)

**بەهەشت و دۆزەخ:**

– بەهەشـــت و دۆزەخ لەم جیهانەدا، لەدەســـت خودی خۆماندایە. چاکە، وەڵامی چاکەیە. خراپە، سزای خراپەیە. نەتیجەی ژیانی ئێمەش، کردارەکانی ئێمەیە.

**تەنیایی:**

– تەنیایم لەگەڵ خەڵکدا بەشناکەم. چونکە جارێک کردم، چەندین بەرانبەر بوو.

**ئەگەر:**

ئەگەر نازانی، لەمن بپرسە،

ئەگەر قبووڵت نییە، مشتومڕم لەگەڵدا بکە،

ئەگەر پێتخۆش نییە، پێم بڵێ. بەڵام هەرگیز... دەربـارەی من، یەک لایەنە بۆلای دادوەر مەچوو.

**توڕەیی:**

– توڕەیی هەرگیز بەبێ هۆ نییە. بەڵام بە دەگمەن بەهۆیەکی باشە.

**خۆشەویستی:**

تاکە شـتێک کە نرخی بۆ دیارینەکراوە، خۆشـەویسـتییە. نە بەپارە دەکڕدرێت، نەبە پارەش دەفرۆشرێت.

**چاکەی زۆر:**

– چاکە، کە لەئەندازە تێپەڕ بێت، نەزان خراپ بیردەکاتەوە...

**بیرکردنەوە لە ڕابردوو:**

– بیرکردنەوە لە ڕابردوو، ژیانی ئێستا ئاڵۆز دەکات و ئومێد بۆ داهاتووش کەم دەکاتەوە.

**بەنرخترین دیاری:**

– بەنرخترین دیاری کە پێت بگات، یەک هاوڕێی چاکە.

**کۆنفۆشیۆس دەڵێ:**

کارێک هەڵبژێریت و خۆشتبوێت، وەک ئەوەیە، تۆ هەرگیز کارنەکەی.

**سادەترین کاری جیهان:**

– سادەترین کاری جیهان، ئەوەیە کە خۆت بیت. گرانترین کاری جیهانیش ئەوەیە، کەسێک بیت، کە خەڵکانیتر دەیانەوێت.

**کارامەیی:**

– کارامەیی ئەوە نییە کە ئێمە، کەی دەست پێبکەین بە لێدووان لە شتە گەورەکان؟ بەڵکوو لەڕاستیدا کارامەیی ئەوەیە، کەی دەست پێدەکەین کە لە شتە بچووکەکان تێبگەین. (وتەی ناوداران)

**چوونە ناو جێگە:**

– زوو چوونە ناو جێگە، زوو هەستان، مرۆڤ تەندرووست، دەوڵەمەند و ژیر دەکات.

**فەرمانڕەوایی:**

– نادادوەری، هەرگیز فەرمانڕەوایی ناکات بۆ هەمیشە.

**زۆرداریی:**

– هەرکاتێک زۆرداری ببێت بە یاسا، بەرگریکردنیش دەبێت بە ئەرک. (وتەی ناوداران)

**بێلایەنی:**

– تۆ کە بێلایەن بیت، لە بارودۆخی زۆرداریدا، لایەنی زۆرداریت هەڵبژاردووە. (وتەی ناوداران)

**داهاتوو:**

– لە بیرت بێت، داهاتوو پەڕتووکێکە، کە ئەمڕۆ دەینووسی. کەوابوو شتێک بنووسە، کە بەیانی چێژی لێوەربگری. (وتەی ناوداران)

– کەسانێک کە تۆیان خۆشبوێت، تەنانەت ئەگەر هەزار بەڵگەش هەبێت بۆ ڕۆیشتن، هەرگیز تۆ جێناهێڵن. ئەوان، هۆیەک هەر دەدۆزنەوە بۆ مانەوە. (وتەی ناوداران)

**هەوری ڕەش:**

– هەندێک کەس وەک هەوری ڕەش وان. کاتێک دیار نامێنن، ڕۆژمان ڕووناکتر دەبێت.

**توڕەیی:**

– تووڕەیی هەستێکە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانتان بە پەلەتر لە بیرکردنەوەتان کار بکات. (وتەی ناوداران)

**ئاشتی:**

ئاشتی ناتوانرێ بپارێزرێت بە زۆر. ئەو تەنیا بەدەست دەهێنرێت بە تێگەیشتن.

**ڕێگە مەدە:**

ڕێگە مەدە خەڵک ڕاتکێشێت بۆ ناو ڕەشەبای خۆیان. تۆ ئەوان ڕابکێشە، بۆ ناو ئاشتی خۆت. (وتەی ناوداران)

**دڵ:**

دڵ میوانخانە نییە کە خەڵک بێت و چەند کاتژمێرێک، یان چەند ڕۆژێک، بێن و بڕۆن. دڵ هێلانەی چۆلەکە نییە، کە لە بەهاردا درووست بکرێت و لە پایزدا، با بیبات. لەڕاستیدا نازانم دڵ چییە؟ بەڵام ئەوە دەزانم کە تەنیا جێگەی خەڵکی باشە. (وتەی ناوداران)

**ژیانمان:**

– ژیانمان وەک قۆپچەی کراس وایە. هەر دانەیەک بەهەڵە دابخەین، تاکۆتایی بەهەڵە دەڕۆین. سەیر لەوەدایە، تا نەگەیتە کۆتایی هەستی پێناکەین...! (وتەی ناوداران)

**لێمەگەڕێ:**

– لێمەگەڕێ کەسێک کە دەستی لە خەونەکانی خۆی کێشاوەتەوە، تۆش لە خەونەکانت نائومێد بکات. (وتەی ناوداران)

**سەرزەنشتکردن:**

– هەرگیز لە ژیانتاندا هیچ کەسێک سەرزەنشت مەکەن. مرۆڤە چاکەکان، خۆشیتان بۆ دێنن. مرۆڤە خراپەکانیش، ئەزموون. خراپترەکان، وانەی وریاکردنەوە، باشترەکانیش، بیرەوەری. (وتەی ناوداران)

**سێ وتەی بەنرخ:**

سێ وتەی بەنرخ، کە ژیان و جیهان و مرۆڤایەتی، بەیەکەوە دەبەستنەوە:

- بیرکردنەوەی باش، وتەی باش، ئیشی باش. (زەردەشت)

**چێژی ژیان:**

- چێژی ژیان، لە پاراستنی ئاشتی دایە.

**متمانەی من بە تۆ:**

- متمانەی من بە تۆ، وەک ئاوێنەیەکی شـــکاو وایە. تۆ دەتوانی هەوڵ بدەی کە چاکی بکەیەوە. بەڵام گرنگیش نییە کە من هەمیشە درزەکان دەبینم.

**گەورەترین هەڵەی پەیوەندی ئێمە مرۆڤەکان کە دەیکەین، ئەوەیە:**

نیوە دەبیستین،

یەک لە چوار تێدەگەین،

هیچ بیر ناکەینەوە و دوو بەرانبەریش پێچەوانە پێشان دەدەین...! (وتەی ناوداران)

**کەسێک پرسیارم لێ بکات و بڵێ:**

باشــترین هاوڕێی تۆ کێ یە؟ منیش بە ســادەیی دەڵێم: ئەوکەســەیە کە هەرگیز من جێناهێڵێت، لەبەر کەسێکی دیکە.

**بەکارهێنان:**

هەرگیز خراپ سوود (سوء الاستفادة) لە کەسێک وەرمەگرە، کە خۆشیدەوێ.

هەرگیز مەڵێ سەرقاڵم، بە کەسێک کە پێویستی پێت هەیە.

هەرگیز فێڵ لە کەسێک مەکە، کە بەڕاستی باوەڕی پێت هەیە.

هەرگیز کەسێک لە بیر مەکە، کە هەمیشە تۆی لە بیرە. (وتەی ناوداران)

**لە بیرمان چووە!**

- ئەگەر ئاشتیمان نییە، لەبەرئەوەیە لە بیرمان چووە، کە بەشێکین لەیەکتر.

**کێشە:**

- ئەگەر کەسێک کێشەی لەگەڵتدا هەبوو، هەمیشە بیرت بێتەوە، کە خۆی کێشەی هەیە.

**دەوڵەمەندی:**

- ئەگەر دەتەوێت هەست بکەی کە دەوڵەمەندی، تەنیا ئەو شتانە بژمێرە، کە هەتە و بەپارە ناکڕدرێن. (وتەی ناوداران)

**کەوتن و هەستانەوە:**

– من دەکەوم، من بەرز دەبمەوە، من هەڵە دەکەم، من دەژیم، من فێردەبم، من ئازار دراوم، بەڵام من زیندووم، من مرۆڤم و بێ خەوش نیم، من سوپاس گوزارم. (وتەی ناوداران)

**چاوت لە هیچ شتێک نەبێت:**

– چاوت لە هیچ شتێک نەبێ، تۆ هەرگیز نائومێد نابی.

سێ ڕستە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن:

١. زانین، زیاتر لە خەڵک،

٢. کارکردن، زیاتر لە خەڵک،

٣. چاوەڕوانی، کەمتر لە خەڵک. (وتەی ناوداران)

**دەستکەوت:**

– دەستکەوت هەمیشە بۆ کەسێک دێ، کە بەدوایدا دەگەڕێت. نەک بۆ کەسێک کە تەنیا چاوەڕێی دەکات. (وتەی ناوداران)

**متمانە:**

– متمانە، پلیکانی هەموو سەرکەوتنێکە. ژیانێکی ئاسوودە، لە ویژدانێکی ئارام دایە.

**هەڵەکانم فێریانکردم:**

– هەڵەکانم فێریانکردم، کە چۆن هەڵسوکەوت بکەم. سەختییەکانی ژیان، فێریانکردم، کە چۆن بژیم. دوژمنەکانم فێریانکردم، کە چۆن ڕێز لە دۆستەکانم بگرم.

**باشترین ئامۆژگاری لە دووهێڵدا:**

١. بێدەنگی، باشترین وەڵامە بۆ هەموو پرسیارێک.

٢. زەردەخەنە، باشترین وەڵامە، لە هەموو دۆخێکدا.

**خەڵکی بەهێز:**

– خەڵکی بەهێز، خەڵکی تر دانابەزێنێ. ئەوان، بەرزیان دەکەنەوە بۆ سەرێ.

**درۆکردن لەگەڵ خۆدا:**

– هیچ بەندەیەک بەقەد ئەوانە نائومێد نییە، کە بەدرۆ، باوەڕیان بەوەهەیە کە ئازادن...! (وتەی ناوداران)

**ڕەخنە:**

– بۆ پێشگیریکردن لە ڕەخنە، هیچ شتێک مەکە. هیچ شتێک مەڵێ، هیچ شتێک مەبە.

**لەدەستدان:**

– کاتێک تۆ سەرزەنشتی خەڵکی تر دەکەی، هێزی گەورەیی خۆت لەدەست دەدەی.

**ئازاردان:**

– ڕاستی، بۆ ماوەیەکی کەم ئازارت دەدات، بەڵام درۆ، بۆ هەمیشە...

**نزمکردن:**

– کەس ناتوانێت تۆ نزم بکات، بەبێ ڕازیبوونی تۆ. (وتەی ناوداران)

**دیاری:**

– هەموو ڕۆژێک، دیارییەکە. بیکەوە، ئاهەنگ بگێڕە، چێژ وەربگرە.

**پاراستنی بیرکردنەوە باشەکان:**

– بیرکردنەوە باشەکانت بپارێزە، چونکە دەبنە وتەکانی تۆ، وتە باشەکانت بپارێزە، چونکە دەبنە ڕەوشتی تۆ، ڕەوشتی باشت بپارێزە، چونکە دەبێتە خووی تۆ، (عادەت)خووی باشت بپارێزە، چونکە دەبێتە نرخی تۆ، نرخی باشت بپارێزە، چونکە دەبێتە چارەنووسی تۆ.

**کرداری ناشیرین:**

– قسەی خۆش، کرداری ناشیرین، ناشارێتەوە.

**وتەکانت:**

– وتەکانی خۆتان بەبێ سوود لە کەسانێک بەکارمەهێنن، کە شایستەی بیدەنگیتانن. هەندێکجار بەهێزترین وتە، کە دەتەوێت بیلێی، ئەوەیە کە هیچ نەڵێی.

**هاوڕێی زۆر:**

– دروستکردنی یەک ملیۆن هاوڕێ، جێی سەرسوڕمان نییە. جێی سەرسوڕمان ئەوەیە کە یەک هاوڕێت هەبێت و لەگەڵتدا بوەستێت، لە بەرانبەر یەک ملیۆن کەسدا کە دژی تۆن.

**ڕاستگۆیی:**

١. ڕاست بوون لەگەڵ خەڵکدا،

٢. ڕاست بوون لەگەڵ خۆتدا،

٣. بوونی هەرشتێکی باش بۆ دەوروبەر، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ شتێک،

٤. بوونی کەسێکی دیکە، کە بتوانی متمانەی پێبکەی.

**ئەگەر دەتەوێت:**

– ئەگەر دەتەوێ جێی متمانەبی، دڵسۆز بە. ئەگەر دەتەوێ دڵسۆزبی، ڕاست بە. ئەگەر دەتەوێ ڕاست بی، خۆت بە.

**خۆشحاڵی:**

– هەموومان یەکجار بە دنیا دێین و یەکجار ژیان بەسەردەبەین. کەوابوو هەرکارێک کە خۆشحاڵتان دەکات و بۆ خەڵکی دیکە زیانی نییە، ئەنجامی بدەن. هەروەها لەگەڵ کەسانێکدا بن، کە دەبنە هۆی خۆشحاڵیتان.

**درووستکاری:**

– درووستکاری و دڵسۆزی، دیاریەکی گرانبەهایە، لە کەسانی کەم بەهادا، چاوەڕێی مەکە. (وتەی ناوداران)

**ئازاردان:**

– کەسی دڵسۆز و دەست پاک، هەرگیز هیچ کەس ئازار نادات. کەسی درۆزن، تەنیا خۆی ئازار دەدات.

– من نارەحەت نیم کە درۆت لەگەڵدا کردووم، نارەحەتم کە لە ئێستاوە، ناتوانم باوەڕت پێبکەم.

**بەخشندەیی و بەکارهێنان:**

– بەخشندەبە، بەڵام ڕێگە بەخۆت مەدە بەکار بهێنرێی. ئاشق بە، بەڵام ڕێگە بەدڵت مەدە، ناشیرینت بکات. ڕاستگۆبە، بەڵام ساویلکە مەبە. گوێ لە خەڵک بگرە، بەڵام دەنگی خۆشت لەدەست مەدە.

**قسەکردن:**

– پێش ئەوەی قسەبکەی، تکایە زمانت بە مێشکتەوە ببەستەوە. (ئەنیشتاین)

**هەستی هەمیشەیی:**

– هەرگیز هەستی هەمیشەییت، مەبەخشە بە کەسێکی کاتی.

**هاوڕێیەتی:**

– هاوڕێیەتی، مێشکێکە لە دوو جەستەدا.

**هاوڕێ باشەکان:**

هاوڕێ باشەکان وەک ئەستێرە وان. تۆ هەمیشە نایانبینی، بەڵام دەزانی کەهەر لە وێن.

**ئاژاوەگێڕی:**

– ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا ئاژاوەگێڕ و شەڕخواز بێت، مرۆڤایەتی لەدەستدەچێت.

**متمانە:**

– هەرکاتێک متمانە لەدەست چوو، پەیوەندیش لەدەست دەچێت...

**خۆلادان لە خۆشحاڵی:**

– یەکەم پێکهاتەی خۆشحاڵی، خۆلادانە لە بیرکردنەوەی درێژخایەن لە ڕابردوو.

**دەرگای خۆشبەختی:**

– خۆشەویستی، کلیلێکی گەورەیە، بۆ کردنەوەی دەرگای خۆشبەختی.

بۆ خۆشحاڵی هەموو شتێک پێویست نییە کە هەبێت:

– خۆشحاڵترین خەڵک، پێویست نییە هەموو شتێکی باشترینیان هەبێت. ئەوان، لە هەموو شتێکدا، باشترین شت، درووست دەکەن، لە هەموو شتێکدا کە هەیانە.

**خۆشحاڵبە:**

– خۆشحاڵ بە، نەک لەبەر ئەوە هەموو شتێک باشە، بەڵکوو لەبەر ئەوە، تۆ دەتوانی باش لە هەموو شتێکدا ببینی.

**کە زانیت:**

هەر کە زانیت هاوڕێکەت دەبێ بە سێبەرت و کاتی نزیکبوونەوەت، لێت دوور دەکەوێتەوە، تۆ لێی دوور مەکەوە. بەڵام لەجێی خۆت بوەستە.

**تووڕە نەبوون:**

– پەیوەندی تەواو ئەوە نییە کە تۆ هەرگیز توڕە نەبی، نارەحەت نەبی، وەڕەز نەبی لەگەڵ یەکتردا. گرنگ ئەوەیە بەپەلە کێشەکان چارەسەر بکەن و بگەڕێنەوە بەرەو دۆخی ئاسایی.

**خۆت دوور بگرە:**

– هەندێکجار خۆت لەخەڵک دوور بکەوە. ئەگەر بایەخت هەبێ لەلای ئەوان، پێت دەزانن. ئەگەر گرینگیشیان پێت نەدا، خۆت دەزانی لەکوێی. (وتەی ناوداران)

**هەرچی بکەیت:**

– تەنانەت لە باشترین کاتیشدا، کە تۆ شتێک دەکەی، یان دەڵێی: هەمیشە کەسێک هەیە، کە بەشێوەی نەرێنی، شتێک هەر دەڵێ...!

**دوای هەر بزەیەک:**

– دوای هەر بزەیەک، خەمێک هەیە. هەروەک دوای هەر ناخۆشییەکیش، خۆشییەک هەیە.

**باوەڕکردن:**

– خەڵک پرسیارم لێدەکات، بۆ ئەوەندە ئەستەمە کە باوەڕ بکەی؟ منیش پرسیاریان لێدەکەم، بۆ ئەوەندە ئەستەمە کە بەڵێن بپارێزی؟

**مەحاڵ:**

بۆ دڵی پڕ ئومێد، هیچ سەرکەوتنێک مەحاڵ نییە.

**وتەی بەجێ و وتەی بێجێ:**

لە وتەی بێ جێ و پیاوی بەناو پیاو خۆت بە دوور بگرە.

لەوتەی بەجێ و خەڵکی بەئەزموون زۆر سوود وەربگرە.

**لەدەستدانی ویژدان:**

لەدەستدانی ویژدان، لەدەستدانی کەسایەتییە.

**بیرکردنەوە لە خیانەت:**

– کاتێک کە بیر لە خیانەتێک دەکەیەوە، بەرانبەر بە کەسێک یان بەرانبەر بە کۆمەڵێک، ئینجا ئەو خیانەتە، بە زمان بێ، یان بەکردەوە، سەرەتا باش بیر بکەوە. هەروەها، بیر لە پێشهاتەکانی ئەو خیانەتە بکەوە بەرانبەر بەخۆت.

**وەک تۆ بیرکردنەوە:**

– هەرگیز... چاوەڕوانی ئەوە مەکە هەموو کەسێک وەک تۆ بیربکاتەوە. چونکە ئەگەر بتەوێت لەگەڵ کەسێکدا بەڕێگەدا بڕۆی، ناتوانی دەستی ڕاس بخەیە ناو دەستی ڕاستی ئەو! (وتەی ناوداران)

**زۆردار:**

زۆردار سەریش بکەوێت، تەمەنی کورتە.

**کات:**

گرنگیدان بە کات، گرنگیدانە بە ژیان.

**پشتبەستن:**

– پشت بەڕەوشتی کەس مەبەستە تا لەکاتی تورەییدا تاقی نەکەیتەوە.

**خوێندنی دوێنێ:**

– خوێندنی دوێنێ تۆوێکە کە بەیانی بەرهەمەکەی دەدروینەوە.

**دەسکەوت و ڕیسوای:**

– هەر دەستکەوتێک سوودەکەی ڕیسوایی بێت، سەرکەوتنەکە لە چیدایە؟

**ڕێزگرتن لە بیروڕا:**

– ڕێز لە بیروڕای خەڵک بگرە، تاکوو ڕێزت لێ بگیرێت.

**بەها:**

– ئەخلاقی بەرز جوانترین بەهایە.

**وەڵام نەدانەوە:**

– کاتێک گەمژەیەک قسە بکات، وەڵامی مەدەوە. باشتر لە وەڵامدانەوە بۆ ئەو، بێدەنگیە. ئەگەر تۆ قسەی لەگەڵدا بکەی، یارمەتی ئەوت داوە. وە ئەگەر جێی بهێڵی لە خەم و خەفەتی زۆردا، ئەو دەمرێ.

**زمان:**

– زمان ئێسکی نییە، بەڵام ئەوەندە بەهێزە کە دڵ بشکێنێت، هەر بۆیە ئاگات لە قسەکانت بێ! (وتەی ناوداران)

**نهێنی و با:**

– ئەگەر نهێنییەکانت بۆ (با) ئاشکرا بکەی، نابێت گلەیی لێبکەی کە بە ناو دارستانەکاندا بڵاویان بکاتەوە. (وتەی ناوداران)

**بەهیوابوون:**

– بەو هیوایە تێپەڕی، بەداخەوە تەمەنی ئازیز. کە ئەوەی لەدڵمدایە لە دەرگاوە بێتە ژوورەوە. هیوای داخراوم هاتەدیی، بەڵام سوودی چییە کە هیچ هیوایەک نییە، کە تەمەنی ڕابردوو بگەڕێتەوە. (سەعدی)

**دڵتەنگی:**

– لەکاتی دڵ توندیدا، ئازا و نەترس بە.

**باشترین مەبەست:**

– مەبەستی سەرەکی ئێمە لەژیاندا، یارمەتیدانی خەڵکە.

**مرۆڤایەتی و ئەڵماس:**

مرۆڤایەتی و ئەڵماس دوو شتی زۆر بەنرخن. کە تەنیا ناویان جیاوازە. هەروەک ئەڵماس لەناو قووڵایی دەریادایە و دەرهێنانی ئەستەمە، مرۆڤایەتیش بەهەمان شێوە، لە ناخی مرۆڤەکاندایە و لە زۆر کەسدا دەرناکەوێت.

**لەهەرکوێ:**

لەهەر کوێیەک دادوەری نکۆڵی لێبکرێت،

لەهەر کوێیەک هەژاری بسەپێنرێت،

لەهەر کوێیەک نەزانی باویی هەبێت،

لەهەر کوێیەک کومەڵگا پلانی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی کپ بکرێت، تالآن بکرێت، پلەوپایەی دابەزێنرێت و ڕیسوا بکرێت، هەرگیز نەخەڵکەکە و نە سامانیش لە ئاسایشدا نابێ و بێ مەترسی نابێ. (وتەی ناوداران)

**چاکە:**

چاکە، نە ئەوەندە ئەستەمە بە هیچ کەس نەکرێت، نە هێندەش ئاسان، بەهەر کەس بکرێت.

– چاکە، بەرهەمێکە هەرگیز کۆتایی نایەت.

**گەورەترین هەڵە:**

– دەزانی گەورەترین هەڵە چییە؟ تاڵ کردنی ژیانی خۆت، بۆ کەسێک کە لەدووریی تۆ، خۆشترین ساتەکانی ژیانی بەسەردەبات. (وتەی ناوداران)

**ئەوەی تۆ نەتکرد:**

– ئەوەی تۆ بۆ کەست نەکرد، چاوەڕێش مەبە، کەس بۆت بکات. (وتەی ناوداران)

**پێتوانەبێت:**

– ئەگەر کەسێک پرسیارێکی لێکردی، پێتوانەبێ ئەو کەسە هیچ نازانێت، بۆیە پرسیار لە تۆ دەکات؟

**سووتاندن:**

– دارێک ملیۆنان دەنکە شقارتەی لێدرووست دەکرێت، بەڵام دەنکە شقارتەیەک هەزاران دار دەسوتێنێت! (وتەی ناوداران)

**لەسێ شت خۆت بپارێزە:**

أ- بەڵێن لەکاتی دڵخۆشیدا، ب- وەڵامدانەوە لەکاتی توڕەبوندا، ج- بڕیاردان لەکاتی خەفەت و بێتاقەتیدا.(وتەی ناوداران)

**ویژدان:**

– ئەگەر ویژدان بیەوێت بمخوات دەبم بە ژەهر و بە گەرویدا دەچمە خوارێ.

**لەگەڵ ئەو سێ کەسەدا مەژی:**

خۆبەزلزان، نەزان، درۆزن!

**هەمیشە وریای ئەم سێ شتە بە:**

بریندارکردن، دووڕوویی، خیانەتکردن!

**هەمیشە بیر لەو سێ شتە بکەوە:**

خۆشەویستی، بەخشین، لێبوردن!

**ئەم سێ شتە ببەخشە بە مرۆڤ:**

سۆز، وەفا، ووشەی شیرین!

کاتێک کە کەسێکت خۆشدەوێت، بۆ ئەو سێ شتە بگەڕێ:

ئەمانەت، ڕاستگۆیی، داوێن پاکی!!!

**قوربەسەرییەکانی زمان:**

قسە هێنان و قسە بردن، درۆکردن، جنێودان، نەفرەت لەخەڵک کردن، باسی خەڵککردن.

**خەم:**

– هەرگیز خۆت بەپاشای خەم مەزانە. چونکە هەموو کەسێک لەژێر هەوری بێدەنگیدا، زەویەکی فراوانی خەمی ڕاخستووە. (وتەی ناوداران)

**سێ کەس تام لە ژیان ناکەن:**

١. کەسێک کە هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدایە،

٢. کەسێک کە بە بەشی خۆی قەناعەتی نییە،

٣. کەسێک کە هەموو کات چاودێری ئەوانی تر دەکات. (وتەی ناوداران)

**نەوەستان:**

– ژیان کۆسپی هەیە، بەڵام ناوەستێت. هیوا، ون دەبێت، بەڵام نامرێت. دەرفەت لەدەست دەچێت، بەڵام تەواو نابێ. کەواتە گەشبین بە. (وتەی ناوداران)

**جەنگ:**

– جەنگ لە سادەترین پێناسەدا، بریتییە لە مردنی هەژارەکان بۆ پاراستنی موڵک و ماڵی دەوڵەمەندەکان! (وتەی ناوداران)

**تاریکی:**

– لەتاریکیەوە بەرەو تاریکتر دەڕۆین و مەودای نێوان ئەو دوو تاریکیەش ناونراوە ژیان...!! (وتەی ناوداران)

**بێدەنگ مەبە:**

هەرگیز بێدەنگ مەبە لە بەرانبەر ئەوانەدا کە ئازارت دەدەن. هەرگیز ڕێگە بەخۆت مەدە کە ببی بە قوربانی.

**ناساندن:**

قبووڵ مەکە هیچ کەسێک بتناسێنێت لە ژیانتدا. تۆ خۆت، بناسێنە.

**هەرگیز مەگری بۆ کەسێک:**

– هەرگیز مەگری بۆ کەسێک، کە نرخی فرمێسکەکانی تۆ نازانێت.

**خۆناساندن:**

– خۆناساندن بە خەڵک، دەبێ بە کردەوەبێت، لەکاتی پێویست دا. نەک بەخۆ تێهڵسوون و موجامەلەی نابەجێ لەکاتی نا پێویستدا.

**شەوەزەنگ:**

– لەتاریکی شەوەزەنگدا، کە هیچ شتێک بەدیناکرێت، تاکە مۆمێک، ڕووناکی دەبەخشێ بە دەوروبەری و لەدوورەوە بەدیدەکرێت. بەڵام ئەگەر هەزار دانەش، پێبکرێت لە ڕووناکیدا، وەکوو پێویست بەدیناکرێت.

**بەدیهێنانی خەونەکان:**

– ئومێد خەونێک نییە، بەڵام ڕێگەیەکە بۆ بەدیهێنانی خەونەکان. چونکە حەقیقەتە.

**ئومێد:**

– ئومێد باشترین مۆسیقایە بۆ خەم و پەژارە.

**ئەنجامدانی هەڵەیەک:**

– ئەنجامدانی هەڵەیەک، تەنیا یەک چرکە دەخایەنێت. بەڵام هەوڵدان بۆ لە بیر بردنەوەی، تەواوی ژیانی دەوێت.

**کردەوەیەکی بچووک:**

– هەزار هات و هاوار و بەیت و باوی کۆن و قسەی قەڵەو و پێدا هەڵگوتن، بە ئەندازەی کردەوەیەکی بچووک کاریگەری نییە.

**گرنگی پێدان:**

– خۆشەویستی گرنگی پێ دانە نەک پێداهەڵدان.

**بیر لە بردنەوە بکەوە:**

– بیر لە بردنەوە بکەوە، بەڵام نەک بۆ بەزاندنی خەڵکی دیکە.

– نەزانەکان و گۆزە گڵەکان، هاوشێوەی یەکن. هەرکاتێک کە شکان چاکبوونەوەیان نییە.

**سیستمی ڕاست:**

– ســیســتمی ڕاســت و بێگەرد، وەک خۆر وایە. بەبێ جیاوازیی، ڕووناکی و وزە، دابەش دەکات.

**کەمتیار:**

بەشێک لە مرۆڤەکان، بیرکردنەوە و بەزەییان، هاوشێوەی ئەم ئاژەڵە دڕندەیە، کە پێی دەوترێت: کەمتیار.

**خاڵی هاوبەش:**

ئەگەر خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا نەبێ، پەیوەندییەکان بەرەو لاوازی دەچن. بۆیە لێک تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە بیروڕای یەکتر، زۆر گرنگە.

**چۆن ڕۆیشتن:**

لە دوای منەوە مەڕۆ، من سەرۆک نیم.

لە پێش منیشەوە مەڕۆ، من دوا ناکەوم.

لە تەنیشت منەوە بڕۆ و ببە بە هاوڕێم. (وتەی ناوداران)

**جوانترین ساتەکانی ژیان:**

– جوانترین ســاتەکانی ژیان ئەو ســاتانەیە کە تۆ لەنێو دڵی خەڵکیدا دەژیت. بێ ئەوەی ناپاکی و فێڵیان لێبکەیت.

**خاڵە لاوازەکانی ڕابردوو:**

– دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی ڕابردوو، دۆزینەوەی ڕێگەی سەرکەوتنە بۆ داهاتوو.

**تیر و توانج:**

– تیر و توانج و بێڕێزی، لە نرخی مرۆڤ کەم دەکاتەوە.

**بە پارە زۆر شت دەکرێت:**

– بە پارە زۆر شت دەکرێت. بەڵام خۆشەویستی هەرگیز... هەر بەهۆی پارەوە، زۆر شتیش لەدەست دەدرێت.

**بەکەمبوون ڕاهاتووم:**

– ڕێزم لێبگری، دژایەتیت دەکەم، بە کەم ســەیرم بکەی، خزمەتت دەکەم و دەتپەرستم. چونکە بەکەمبوون، ڕاهاتووم!

**خۆ فرۆشی:**

– خۆفرۆشی و ئیش کردن له پێناو پووڵ و پارەدا، به هەرکەس و لایەنێک، هەستی نەتەوەیی دەمرێنێت و مێژوویەکی پڕ له شەرمەزاری تۆمار دەکات.

**تاقیکردنەوە:**

– هەرگیز هاورێ له خۆشیدا تاقی مەکەرەوە، چونکه هەمووکەس دەتوانێت لەگەڵتدا پێبکەنێت. بەڵام کەمن، ئەوانەی که لەگەڵتدا دەگرین.

**شەڕ:**

ڕۆژگاری شەڕ بەسەرچوو، دەور، دەوری ئاشتییه
پێنووس که هاورێی تۆیه، ئیتر چەکت بۆ چییه؟

**له دوێنێوه فێربه:**

– له دوێنێوه فێر به، بۆ ئەمڕۆ بژی، هیوادار به بۆ بەیانی. (وتەی ناوداران)

**براوه:**

براوه هەرگیز وازناهێنێ. وازهێنەر هەرگیز براوه نابێت.

**هەڵه:**

– کەسێک که هەڵه ناکات، هیچ شتێک ناکات.

**ئەو شته بکه که دەتوانی:**

– ئەو شته بکه که دەتوانی. لەو شوێنەوه دەست پێبکه که لێی. سوود لەو شته وەربگره که هەته.

**دڵێک که پڕ بێت له تووڕەیی:**

– دڵێک که پڕبێت له تووڕەیی، هیچ ژوورێکی نییه بۆ خۆشەویستی.

**ڕەشبین:**

– ڕەشبین لەهەر هەلێکدا، سەختییەک دەبینێت. گەشبین لەهەر سەختییەکدا، هەلێک دەبینێت.

– لەگەڵ کەسێکدا بژی، که خۆشحاڵت بکات، لەگەڵ کەسێکدا، که ژیانت لێ ئاڵۆز نەکات، لەگەڵ کەسێکدا، که ئازارت پێ نەگەیەنێت.

**لەبیرکردن!**

خەڵک، ئەوه لەبیر دەکات که تۆ چی دەڵێی، ئەوه له بیر دەکات که تۆ چی دەکەی، بەڵام هەرگیز ئەوه لەبیر ناکات، که تۆ، چ هەستێکت بۆ درووستکردووه.

**مرۆڤی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە لەدایک بوو، سێ شتی لەگەڵدا گەورە بێت:**

یەکەم: عەقڵ،

دووەم: وەفا،

سێیەم: پیاوەتی.

**سێ شت مرۆڤ بەرەو باشی دەبات:**

یەکەم: تەمەن،

دووەم: هاوسەرگیری،

سێیەم: منداڵ.

هەرکەسێک بەو سێ شتانە نەگۆڕا و چاک نەبوو، بە هیچ شتێک ناگۆڕێت.

**سێ شت مرۆڤ ناشیرین دەکەن:**

یەکەم: لاساری،

دووەم: فشەکەری،

سێیەم: خۆبەزۆرگری.

**سێ شت مرۆڤ خۆشەویست دەکات:**

یەکەم: ڕووخۆشی،

دووەم، نییەتپاکی،

سێیەم: ئەمانەت پارێزی

**سێ شت مرۆڤ جوان دەکات:**

یەکەم: زانست،

دووەم: ڕاستگۆیی،

سێیەم: میهرەبانی.

**سێ شت مرۆڤ بەدناو دەکات:**

یەکەم: درۆ،

دووەم: زۆر بڵێی،

سێیەم: هاوڕێی خراپ.

**سێ شت مرۆڤ بەختەوەر دەکات:**

یەکەم: هاوخەمی، خەمەکانی خەڵک،

دووەم: هاوخۆشی خۆشییەکانی خەڵک،

سێیەم: بەزەیی و ویژدانێکی ئاسوودە.

**ڕاست و بێ فێڵ:**

– هەرکەسێک کە ڕاست و بێ فێڵە، هاوبەشی ژیانی خەڵکە.

**هەوڵ بدە:**

– هەوڵ بدە هەندێک شــت فێرببی دەربارەی هەموو شــتێک، وە هەوڵ بدە هەموو شتێک فێربی دەربارەی هەندێک شت. (وتەی ناوداران)

**هیچ کەسێک ڕەت مەکەوە:**

– لە ژیانتدا هیچ کەســـێک ڕەت مەکەوە لەبەرئەوە خەڵکی باش خۆشـــیمان پێدەبەخشێت و خەڵکی خراپیش ئەزموون. هەردووکیشیان پێویستن لە ژیاندا.

**سێ یاسای زێڕین:**

کێ یارمەتی دای، لەبیری مەکە،

کی خۆشی ویستی، ڕقت لێی نەبێت،

کێ متمانەی پێکردی، فێڵی لێ مەکە. (وتەی ناوداران)

**خزم و کەسی خراپ:**

– خزم و کەسی خراپ، وەک مووی لوتە. چاری ناکرێت.

**گرنگ ئەوەیە کە هەبێت:**

– هەشتبێ و هەبێ نەک نۆبێ و نەبێت.

**کە لەدایک بووی:**

– کە لەدایک بووی، وەک خۆر وابووی، کە گەورەش بووی، زوو ئاوابووی!

**تەواویی:**

– ئەگەر تۆ بەدوای تەواویدا بگەڕێی، هەرگیز ئاسوودە نابی. (وتەی ناوداران)

**بۆ ئەوەی خۆت بی:**

– بۆ ئەوەی خۆت بی لە جیهاندا، هەمیشــە هەوڵ بدە خۆت بکەی بە شــتێکی دیکە، ئەوە باشترین ئەنجامە.

**خۆڕاگری:**

– ئەگەر خۆڕاگر بی، لە کەسانی دڵڕەش زیاتر شت فێر دەبی تا لە کەسانی دڵپاک و میهرەبان. (وتەی ناوداران)

**ڕاگرتن:**

– پرسیار ئەوە نییە کە کێ مۆڵەتم پێ دەدات، بەڵکوو ئەوەیە کە کێ ڕامدەگرێت.

**بڕوانامەی ژیان:**

– مرۆڤ خەبات دەکات لە پێناو ژیاندا، بڕوانامەی ژیانیش، متمانەیە و بەس.

**متمانە و سامان:**

– بەدەستهێنانی متمانە، لە بەدەستهێنانی سامان و دەسەڵات زۆر ئەستەمترە.

**عەشق و ئازار:**

– هەروەک چۆن عەشـــق بەشـــێکە لە ئازار، بەڵام چێژی لێوەردەگیرێت، بۆ زۆر کەسیش چەوسانەوە، ئازاردان، بێڕیزی پێکردن، بە هەموو شێوەکانییەوە، ئەگەرچی زۆریش ناخۆشـــبێت، چێژی لێوەردەگیرێت و بەلایەوە زۆر گرنگترە لەوە کە ڕێزی لێ بگیرێت و گیان و ژیانی بپارێزیت!

**هاوڕێی خراپ:**

– ئاژەڵی دڕندە ڕووبەڕووت دێت و زیانت پێدەگەیەنێت. بەڵام هاوڕێی خراپ، لەپشـــتی ســـەرتەوە زیانت پێدەگەیەنێت. کەوابوو مرۆڤ ئەگەر خراپ بێ، زۆر لە دڕندە خراپترە.

**خەونەکانت:**

– باشـــترین ڕێگە بۆ ئەوەی خەونەکانت بەڕاســـتی بەدیبێنی، ئەوەیە کە لەخەو ڕاپەڕی. (وتەی ناوداران)

**زانست و نەزانین:**

– هەروەک چۆن زانســـت مرۆڤ جوان دەکات، نەزانیش، هەزار ئەوەندە مرۆڤ ناحەز دەکات.

**کێو:**

لە سەرووی هەر کێوێک، کێوێکی دیکە هەیە.

**چاو سوورکردنەوە:**

هەرکاتێک خاوەن دەســەڵات، چاوی ســوور کردەوە لە بێدەســەڵات، دەبێ چاوەڕێی ڕۆژێکی ڕەش بکات.

سەرەتا ئەو ڕۆژە ڕەشە، ڕوو لە خەڵکی هەژار دەکات.

دواتر ڕۆژی ڕووناک دەبێ بە شەوەزەنگ و تەنیا دەسەڵاتدارەکان تیایدا بزردەبن.

ئەو دۆخە ناهەموارەی ئێســـتا، وەڵامە بۆ ئەو وتانە کە ڕوویان لە خەڵک دەکرد و دەیانوت: ئێمە هەرچی پێمانخۆشبێ دەیکەین و ئێوەش ئەگەر ناڕازین، وەرن پۆلیس بکوژن!!!.

**بەردی گەورە:**

بەردی گەورە، لە نزیکەوە دەهاوێژرێ.

مەبەست ئەوەیە هەرچی بەسەرت دێ، لە نزیکەکانتەوە پێت دەگات.

ئەوەی کە پێیوابێ فێڵ لە هەموو کەسێک دەکات، تەنیا فێڵ لەخۆی دەکات.

ئەوەی کە پێیوابێ جیهان تەنیا بە ئارەزووی ئەو هەڵدەسووڕێت، خۆی لە گێژاوی ژیاندا بزر دەبێت.

ئەوەی کە پێیوابێ کە لە هەموو بووارێکدا سەرکەوتووە، دەبێ باش بزانێت کە لە زۆر لاوە شکستی هێناوە.

**خوێندەوار:**

– بەرزترین خوێندەوار، ئەو کەسەیە کە خۆی لە نەخوێندەوار بەگەورەتر نەزانێت. چونکە هەموو کەسێک، کەسایەتییەکی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە و گەورەیە. نزمترین خوێندەواریش ئەو کەسەیە، کە لەگەڵ نەخوێندەواردا، کێشەی بێجێ بکات. چونکە ئەگەر براوەبێ، سەرکەوتوو نییە و ئەگەر دۆڕاویش بێ، جیاوازییان نییە.

**زیاتر خۆشەویستن:**

– هەموو ڕۆژێک زیاتر خۆشمدەوێی، ئەمڕۆ زیاتر لە دوێنێ و کەمتریش لە بەیانی.

**پیاوان:**

– پیاوان، جگە لە پیاوان، هاوڕێیەتی هەر ناپیاوێک بکەن، نرخی خۆیان لەدەست دەدەن.

**بە گومانەوە ژیان:**

– ئەوانەی کە بەگومانەوە دەژین، سوود لە هیچ خۆشییەک نابینن.

**مرۆڤ و سامان:**

– مرۆڤ ئەگەر لە پارە و سامان گەورەتر بوو، هەردووکیان نرخیان هەیە. بەڵام ئەگەر بچوکتر بوو، هیچ کامێکیان نرخی نییە.

**ڕەشبین:**

هەموو گیانلەبەرێک، جارێک لەدایک دەبێت و جارێکیش دەمرێت. مرۆڤی ڕەشبین، جارێک لەدایک دەبێ، بەڵام لە ڕۆژێکدا هەزار جار دەمرێت.

**ترسی لە بیر چوونەوە:**

– تۆ ئەگەر ڕاست بی، ترسی لە بیر چوونەوەت نەبێت. چونکە ڕاستی، هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

**مرۆڤ و لەدایکبوون:**

– مرۆڤ کاتێک لەدایک دەبێت، بوونەوەرێکی سرووشتییە و جێی دڵخۆشییە. بەڵام کاتێک گەورە دەبێت و عەقڵی لە دوا جێدەمێنێت، ژیانی تاریکە و هۆی نائومێدیە.

**لاساریی:**

– بەهۆی بەرەوپێشـــچوونی زانســـتی پزیشـــکی، زۆرێـک لە نەخۆشـــییە مەترسیدارەکان، بنبڕ کراون و ئومێد هەیە کە چارەسەر بۆ نەخۆشی شێرپەنجەش بدۆزرێتەوە. بەڵام بەداخەوە تاکە نەخۆشـــییەک کە تاکوو ئێســـتا چارەســـەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، نەخۆشی لاساری و نەگونجانە لە مرۆڤدا.

**جێی گومان!**

– هەر ئەوانە جێی گومانن کە وەک گورگ لە پێستی مەڕدا، خۆیان پیشان دەدەن.

**شێر و کەمتیار:**

شـێر کە پاشـای دارسـتانە و بە بەهێزترین و بەتواناترین ئاژەڵی دارسـتان ناوی دەرکردووە، زۆر جار لەلایەن ناشـــیرینترین ئاژەڵی دارســـتانەوە پەلامار دەدرێت. بەڵام هەرگیز لەنرخ و بەهاو هەیبەتی ئەو کەم نابێەوە.

**مێشهەنگوین و مێشەڕەشە:**

مرۆڤ بوونەوەرێکی گرنگ و بایەخ پێدراوە لەلای خوای گەورە وە. بۆیە پێویستە هاوشـــێوەی مێش هەنگوین بێت و بەدوای بۆنی خۆشـــی گوڵدا بگەڕێت. نەک هاوشێوەی مێشـە ڕەشـەو هەمیشـە بەدوای بۆنی ناخۆشـدا بگەڕێت و ژیانی خۆی لەسەر شتی پیس دابین بکات.

**هێزی خەڵک:**

– بینایەک کە بەهێزی خەڵک درووست کرابێت، هەرگیز ناڕووخێت.

**تێگەیشتن:**

– تێگەیشـــتن لە مانای خۆشـــەویســـتی، تێگەیشـــتنە لە حەقیقەت و ڕاســـتی. تێنەگەیشتنیش لە ڕاستی، تێنەگەیشتنە لە ناوەرۆکی ژیان.

**ڕاستگۆتر:**

– ئەوانەی ڕاســـتگۆترن، دڵســـۆزترن. ئەوانەی دڵســـۆزترن، ئەمینترن. ئەوانەی ئەمینترن، خۆشەویستترن. ئەوانەی خۆشەویستترن، هاوبەشی ژیانیی یەک ترن.

**بوونەوەرێکی لاواز:**

– هەرکاتێک نەمتوانی ئەوەی لە دڵمدایە بیدرکێنم، بوونەوەرێکی لاوازم و شـــایەنی ئەوەنیم کە بمێنم.

**مانشێت و نووسین:**

– هەر شتێک دەنووسی، بە مانشێتێکی ڕوون و جوان، ناوەڕۆکی بابەتەکەت دیاری بکە. هەر کارێک کە دەیکەی، بەئاشکرا و بەبێ ترس و دوو دڵی بیکە و بێباک بە.

– هەر کە نکۆڵی کرا لە ئاشـــکراکردنی ســـەرچاوەی هەواڵ، جێگەی بایەخ نییە و زوو دەبێ بەتاڵ.

**وڵاتێک:**

– وڵاتێک شـــێر و پڵینگ پارێزەری بێت و ئاشـــتی تێیدا بەرقەراربێت، هیچ هێزێک ناتوانێت بەرەنگاری بێتەوە.

**ئەگەر ویستت:**

– ئەگەر ویستت لە ناخی کەسێک تێبگەی، لەکاتی سەرخۆشیدا، گوێ لە قسەکانی بگرە.

**نەگەڕانەوەی متمانە:**

– متمانە بە کەمترین نرخ دەڕوات، بەڵام بە زۆرترین نرخ ناگەڕێتەوە.

**سێبەری دارگوێز:**

– خەوتن لەژێر سێبەری دارگوێزدا خۆشە، بەڵام هەستانەوە زۆر ئەستەمە..

**هەڵە!**

هیوادارم هەڵەکـان دووبـارە نەبنەوە. ئەگەرچی زۆر جـار، هەڵەیەک ئەزموونێکی باشت پێدەدات، بەڵام زۆر جاریش، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەتگێڕێتەوە بۆ دواوە.

**پێشینان فەرموویانە:**

لەهەر کوێیەک گوڵێک هەبێ، دڕکێکیش هەیە... گوڵ دڕکی لەلابێ یـان لەلا نەبێ، هەر جوان و بەنرخە... دڕکیش چ نزیک بێ لەگوڵ یان دوور، هیچ لە نرخی ناگۆڕێت. لەبەرئەوە، گوڵ هەرچییەک بێت، هەر گوڵەو دڕکیش هەر دڕکە.ڕێز لە خۆگرتن:

– هەرکەسێک نەتوانێت ڕێز لە خۆی بگرێت، ناتوانێت ڕێز لە هیچ کەسێک بگرێت.

**ژیان لەگەڵ کەسە نزیکەکاندا:**

– هەرکەســـێک نەتوانێت لەگەڵ کەســـە نزیکەکاندا بژی، هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ خەڵکی تردا بژی.

**پێشینان فەرموویانە:**

ئەو کەسە کەسە حەرفێکی بەسە.

**کەروێشک بەگا دەگرن:**

– دەڵێن: دەسەڵات و دەسەڵاتخوازان، کەروێشک بە (گا) دەگرن، هەروەها دەڵێن: باڵندەی زیرەک بە دەنووک بە تەڵەوە دەبێت.

**زاڵم و زەواڵ:**

– هەر زاڵمێک، زەواڵێکی بۆ درووست دەبێت.

**گەشبینی لەژیاندا:**

– گەر گەشبین بی لەژیاندا، بۆ هەر کێشەیەک چارەسەرێک هەیە.

**تەنیا دوو ڕێگە هەیە بۆ ژیانی تۆ:**

یەکیان ئەوەیە کە هیچ شتێک موعجیزە نییە. ئەوەی تریان ئەوەیە کە هەموو شتێک موعجیزەیە. (وتەی ناوداران)

**کردار:**

هەوڵبدە کردارت زۆر بێت و وتارت کەم بێت، نەک لێدووان ی زۆر و کرداری کەم.

**مرۆڤی زانا:**

– مرۆڤی زانا بەرزترە لەهەر جۆرە بوختانێک کەبەرانبەری دەکرێت. هەروەها باشترین وەڵام بۆ هەڵسوکەوتی ناشایستە، خۆڕاگری و نەرمڕەویە.

**ئەقڵ وتی بە عشق:**

لە مردن ناخۆشتر چییە..؟ عەشق فەرمووی: دووریی و دابڕان، لە هەموو شتێک ناخۆشترە.

**مەقاشی دەست:**

مەقاشی دەستی کەس مەبە و هەر خۆت بە

خۆت بە پیاوی کەس مەزانە و بە هێزبە

**خۆشحاڵکردن:**

– خۆشە هەمیشە کەسێک هەبێت لە ژیانتدا کە خۆشحاڵت بکات. (بە پێکەنینت بێنێت)، تەنانەت ئەگەر لە دەوروبەریشت نەبێت.

**سێ شت ناتوانرێ چاک بکرێنەوە:**

یەکەم: وشە، دوای ئەوەی کە وترا

دووەم: سات، دوای ئەوەی لەدەست درا
سێیەم: کات، دوای ئەوەی تێپەڕ کرا..

**خۆگۆڕین:**

– دوێنێ زیرەک بووم، چونکە دەمویســـت جیهان بگۆڕم. ئەمڕۆ ژیرم، چونکە خۆم دەگۆڕم. (وتەی ناوداران)

**سەرکردە باشەکان:**

– سەرکردە باشەکان، تەمەنیان بە گەلەکەیان دەبەخشن و لە هەرکوێیەکیش بن، لە خەمی یەکتردان.

**هەڵوێست:**

– هەڵوێست، تاکە شتێکە، کە مرۆڤ دەڕازێنێتەوە.

**بڕوابوون بە کردار:**

– ئەوەندەی بڕوام بە کردار هەیە، ئەوەندە بڕوام بە گوفتار نییە. چونکە کرداری جوان، ژیان پێکدێنێت. گوفتاری زیادیش ژیان دەشێوێنێت.

**بێهەڵوێستی:**

بێهەڵوێستی، ئەو نەخۆشییەیە، کە چارەسەری نییە...!

**پێڕابوواردن:**

– دڵت خۆش مەکە بەوە، کە بە بەرانبەرەکەت ڕادەبوێریت! تۆ بێخەبەریت، زۆر کەس هەیە، دەمێکە بە تۆ ڕادەبوێرن...

**لەگەڵ دنیادا پێبکەنە:**

– لەگەڵ دنیادا پێبکەنە، تا ئەویش بەڕووتە وە پێبکەنێ.

**دڵپاک بە:**

– ئەوەندە دڵپاک بە، کە دوژمنیش متمانەت پێ بکات.

**هاوڕێ و خوێندنگا:**

– هەر هاوڕێیەکی باش خوێندنگایەکە، هەر خوێندنگایەکیش، ژیانێکی ترە.

**نیشتمانەکەم:**

– نیشـتمانەکەم گەر تۆ نەبی، منیش نابم. هەر بۆیە لەپێناو تۆدا، خۆم فیدا دەکەم و دەتپارێزم.

**بیرکردنەوە لە شکستی خەڵک:**

– کردارەکان وەڵام دەدەنەوە، لایەنی سەرکەوتوو، هەرگیز بیر لە شکستی هیچ لایەنێک ناکاتەوە. بەڵام لایەنی سەرنەکەوتوو، تەنیا بیر لە ناوزڕاندن دەکاتەوە.

**تۆڵەکردنەوە:**

تۆڵەی نەزانینی خۆت لە من مەکەوە بە نەزانکردنم. هەوڵدە ئاستی زانستی خۆت بەرز بکەوە.

**پاک بوون:**

– ئەوەی کە پاکە، لە لێکۆڵینەوە چ ترسێکی هەیە؟ (سەعدی)

**گریاندن:**

پێمەکەنە لەگەڵ کەسێکدا، بۆ گریاندنی کەسێکی تر. (وتەی ناوداران)

**خۆرئاسا بە:**

خۆرئاسا بە، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو کەسێکدا وەک یەک بی. نەک شەوەزەنگ، کە هیچ کەسێک ڕووت نەبینێت.

**پێکەنین:**

– گەر چاوەڕێی پێکەنین دەکەی، هەوڵبدە لەگەڵ خەڵکدا پێبکەنی.

**جوانی دەروون:**

– جوانی دەروون، شێوە و ڕوخسار، جوان دەکات.

**منەتکردن:**

– چاکە و پیاوەتی بکە بە بەرنامەی ژیانت. بەڵام هەرگیز منەت لەسەر کەس مەکە. چونکە هەرکاتێک ئاماژەت بە چاکەکانت کرد، باش بزانە کە هیچت نەکردووە.

**عاقڵبوون:**

– ئەگەر دەتەوێت کەسێکی ئاقڵ بی، بیربکەوە پێش ئەوەی قسەبکەی.

**بیرکردنەوە لە خیانەت:**

– بیرکردنەوە لە خیانەت، پشتکردنە لە خەڵک و نیشتمان.

**وریا بوون لە زمان:**

– وریای زمانت بە، چونکە مارێکی ژەهراویە و یەکەمجار بەخۆتەوە دەدات.

**ڕەخنەگرتن:**

– ئەوانەی فێربوون هەر ڕەخنە بگرن، وەک مێشە ڕەشە وان، تەنیا لەسەر شتی پیس دەنیشن.

**بۆ بەردەوامبوونی متمانە:**

بۆ ئەوەی متمانە و خۆشەویستی بەردەوام بێ، خۆزگە ئەو شتانەی خوارەوە بوونیان نەبوایە.

- درۆکردن،
- خیانەت بە ئەمانەتکردن،
- خۆفرۆشتن و خیانەت بە نیشتمانکردن.

**هەڵبژاردن:**

– لەخۆت باشتر هەڵبژێرە و بەهەلی بزانە. ئەگەر لەگەڵ کەسانی وەک خۆتدا بژیت، ڕۆژگارت لێ وون دەبێ. (سەعدی)

**هاوخەمی:**

– هاوخەمی بوونت لەگەڵ نەتەوەکەت، هاوخوێنی بوونە لەگەڵ نەتەوەکەت.

**باشتر بوون:**

– هەرکەسێک نەتوانێت ئەمڕۆ لە دوێنێ باشتربێت، بۆی نی یە بڵێ: من کەسێکی بێئازارم.

باشترین سیفەت:

باشترین سیفەت لە مرۆڤ دا، وەفایە.

**حەوت مەترسی بۆ خۆپاراستنی مرۆڤ:**

١. سامان بەبێ کارکردن
٢. چێژ وەرگرتن بەبێ ویژدان
٣. زانیاری بەبێ کەسایەتی
٤. پیشە و کار بەبێ ڕەوشت
٥. زانین بەبێ مرۆڤییەت
٦. دین بەبێ قوربانیدان
٧. سیاسەت بەبێ ڕێسا. (گاندی)

**هاوڕێ:**

زانایەک دەڵێ: هاوڕێکەتم پێ بڵێ، دەزانم تۆ کێی. بۆیە زۆر گرنگە کە بەوردبینیەکی زۆر باش، هاوڕێ هەڵبژێرین. چونکە خراپترین شت ئەوەیە کە هاوڕێی خراپ پێناسەت بێت.

**زمانلووسی:**

مرۆڤ کە زمان لووسی بکات، درۆش دەکات،

کە درۆ بکات، بوختانیش دەکات،

کە توانی بوختان بکات، دەتوانێ هەموو شتێک بکات.

**نەگەڕانەوەی متمانە:**

– متمانە وەک تیر وایە، هەرکە لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە.

**هەڵبژاردنی هاوڕێ:**

– هاوڕێی هەر کەسێک بی، وەک خۆی سەیرت دەکات. بۆیە زۆر وریابە، کێ بە هاوڕێ هەڵدەبژێری.

**هەڵگری ڕاز:**

– کەسێک هەڵگری ڕازی کەس نەبێ، دۆستی کەس نییە هیوات پێی نەبێ.

**دەور:**

خۆزگە مرۆڤیش هەر دەوری خۆی بینیبایە.

ئەو شتانەی کە لە بایەخی مرۆڤ کەم دەکەنەوە:

زمان لووسی،

زۆر گوتن،

بەرژەوەندی پارێزی،

ئیرەیی بردن،

نهێنی نەپاراستن،

درۆکردن،

دەنگ بەرزکردنەوە،

شەڕخوازی،

بێوەفایی،

قسە هێنان و بردن.

**نەشیاوترین شت:**

– نەشیاوترین شت، لۆمە کردنە.

**توانین:**

– دەتوانی هەرشتێکت هەبێ لە ژیانتدا. تەنیا ناتوانی هەموو شتێکت هەبێ کە دەتەوێ.

**نەتوانین:**

– تەنیا کەســـێک کە ناتوانیت یارمەتیدەربێت، ئەو کەســـەیە کە لۆمەی خەڵکی تر دەکات...

**ئاشتیکردن:**

– ئەگەر دەتەوێت ئاشـــتی بکەی لەگەڵ دوژمنەکانتدا، دەبێ کاری لەگەڵدا بکەی، پاشان ئەو دەبێتە هاوبەشت.

**نەفس:**

شەڕکردن لەگەڵ نەفسدا، شەڕکردنە لەگەڵ تیرۆر دا.

هەرکەس نەتوانێت زاڵ بێت بەســەر نەفســی خۆیدا، ناتوانێت زاڵ بێت بەســەر هیچ شتێکدا.

نەفس، دوژمنێکی شاراوەیە و دەبێت بەهۆی حوکمی عەقڵ لەناو ببرێت.

**هەور:**

– هەور ئەگەر ئاوی ژیانیش بباریێنێت، هەرگیز لە لقی داری بیێ، بەر ناخۆی. لەگەڵ سپڵەدا ڕۆژگار مەبەسەر، چون لە قامیشی حەسیری شەکر ناخۆی. (سەعدی)

**خۆشەویستی و سووتانی مۆم:**

– خۆشـەویسـتی وەک سـووتانی مۆم وایە. کە ناشـاردرێتەوە، ئەگەر تۆ بەڕاسـتی کەســـێکت خۆشـــبوێت. تۆ ناتوانی فێڵی تێدا بکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. بە دڵنیایەوە، ڕۆژێک هەر دەردەکەوێت.

**توانای مرۆڤ:**

– توانای مرۆڤ، لە ڕاستی دایە، نەک هێزی بازو و قسەکردن.

**جوانی مرۆڤ:**

– جوانی مرۆڤ، لە ڕووخۆشیدایە، نەک ڕواڵەت.

**لەبیرت نەچێت:**

هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەستای، سەیری ئاوێنە بکە. چۆن خۆت ببینی، خەڵک ئاوا دەتبینێت. ئەگەر ڕوو خۆشـــبووی، چاوەڕێی ڕووخۆشـــیی لەخەڵک بکە، ئەگەر مۆن و تووڕەش دیاربووی، چاوەڕێی پێکەنین لە هیچ کەسێک مەکە.

**کۆتایی بەرگی یەکەمی ئەزموون و ژیان**

بەو هیوایە ئەوەی کە کردوومانە بۆ خزمەتی ئێوەی خۆشەویست، بی سوود نەبووبێت و ئێوەش لە نزاکانتان بێبەشمان مەکەن.

سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە وەک هەمیشە، یارمەتیدەر و پاڵپشتم بوو، بۆ کۆتا پێداچوونەوە و ئامادەکردنی ئەو دیارییە، (ئەزموون و ژیان) بۆ ئێوەی خۆشەویست و بەڕێز.

محەمەد پشدەری

ئوستralیا- ئەدەلاید

٢٣-١٠-٢٠٢٢

# ئەزموون و ژیان

## بەرگی دووەم

نووسین و ئامادەکردنی
محەمەد پشدەری
ئوستراليا
٢٠٢٠

## پێشەکی

بەناوی کەسی بێ کەسان

من محەمەد پشـــــدەری، کوڕی حاجی مەلا ئەحمەد دێلۆیی، دانیشـــــتووی وڵاتی ئوســـترالیام. لەماوەی نزیک ٢٥ ســـاڵدا کە لەو وڵاتە جوانەدا ژیان بەســـەر دەبەم، وەک ئەوەی کە ویژدانم دەیهەوێت، ســـوودم لەو ئازادیە، کە بەشـــێوەیەکی مرۆڤ دۆســـــتانە و دادپەروەرانە، بەبێ جیاوازیی بۆ هەموو کەســـێک دابین کراوە، وەرگرتووە.

ئەوەندەی کە توانیومە، ئیشـــم کردووە و لەو ڕێگەیەوە جگە لە خزمەتکردنی ماڵ و منداڵی خۆم، سوپاس بۆ خوای گەورە، لە خزمەت ئەو کەسانەشدا بووم کە لە کاتی پێویستدا، پێویستیان بە هاوکاریم هەبووە.

ئەوەندەی کە لە توانامدا بووبێت، هەوڵمداوە، ئەو بۆشـــاییە خوێندنەی کە بەهۆی ڕۆژگاری نالەبار و دۆخی ئاڵۆزی وڵاتەکەم (کوردســـــتان) کە لە تەمەنی لاوێتیمدا لێی بێبەشبووم، لانیکەم، کەمێک پڕ بکەمەوە.

هەروەک هەمووومان ئەو ڕاســـــتییە زۆر باش دەزانین، کە تەمەن چەندە زۆر بێت، وەک بەفری زســـتان وایە و باو باران و هەتاوی گەرم، هەر دەیتوێنێتەوە و کۆتایی پێدێنێت. کەوابوو ئەوەندەی کە لەدەســـــتمان دیت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، کەمتەرخەمی نەکەین. ئەوەی کە لەتواناشماندا نییە، خۆی لێنەدەین و جێی بێڵین بۆ کەسێکی تر.

ڕۆژگار تێدەپەڕێت و ژیانیش تا ئەوکاتەی کە خوای گەورە بڕیاری کۆتایی لەســـەر دەدات، بەردەوامی هەیە. تا ژیانیش بەردەوام بێت، ڕووداوەکانی ڕۆژگاریش، هەر بەردەوام دەبن. لەگەڵ بەردەوامی ڕووداوەکانیشدا، خۆشی و ناخۆشییەکانیش، هەر درێژەیان دەبێت.

کە بێگومان، هیچ ئەزموونێکیش، بەبێ بینین و بیســـتن و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵک و پێشـــهاتە جۆراوجۆرەکاندا، بەدەســـت نایە. کە بەدڵنیاییەوە، خۆشـــییەکان، چەندە چێژبەخشـن لە ژیانی مرۆڤەکاندا، ناخۆشـییەکانیش ئەوەندە سـوودبەخشـن. بۆیە نابێت لە خۆشییەکاندا خۆمان بزر کەین و ناخۆشییەکانیش نائومێدمان بکەن. خۆشـــییەکان، خۆشـــحاڵمان دەکەن و ئارامی بە دڵ و مێشـــکمان دەبەخشـــن. ناخۆشـییەکانیش، دەبن بە مامۆسـتا و ڕێنیشـاندەر و هەریەکەیان چەندین وانەی بە

سوودمان فێر دەکەن و لە هەر وانەیەکیش دا، چەندین ئەزموونی جۆراوجۆر، وەک بڕوانامەی ژیان، بەدەست دێنین.
خوێنەرانی خۆشەویست! سوپاس بۆ خوا، پەڕتووکی یەکەمی ئەزموون و ژیان، بەسەرکەوتوویی چاپکرا و لە ناو پەڕتووکخانەکانی کوردستاندا، بڵاوکرایەوە و وەک ئاگادارم، کۆمەڵێک لەو خوێنەرە بەڕێزانەی کە بەڕاستی دۆست و هاوڕێی پەڕتووکن، بەدەستیان هێناوە و شانازی خوێندنەوەی پەڕتووکەکەیان بە بەندە بەخشیوە.
ئێستاش وەک ڕێزدانانێک بۆ هاوزمان و هاوخوێنەکانم و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر ویژدانم دا، ئەرکی نووسین و بڵاوکردنەوەی بەشی دووەمی ئەزموون و ژیانم خستەوە سەر شانی خۆم و پێشکەش بە هاونیشتمانیانی خۆشەویستی دەکەم.
بە بڕوای من، مرۆڤەکان هەرچەندە بە جەستە و شێوە لە یەکتر جیاواز بن، بەڵام لە ڕووی هەست و سۆز و بیرکردنەوە و خۆشی و ناخۆشیدا، جیاوازییەکی زۆریان نییە. بۆیە هەر شتێک کە دەبێتە هۆی دڵخۆشی و دڵناخۆشی خۆمان، پێویستە هەمان لێکدانەوەشمان بۆ ئەوانیتر هەبێت. کەوابوو هەر ئەزموونێکی تاڵمان هەبووبێت لە ڕابردوودا، پێویستە هەوڵ بدەین وەک پەیامێک بیخەینە پێش چاوی ئەوانیش، تا لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوانیشدا، دووبارە نەبێتەوە.
فەرموون ئێوە و بەشی دووەمی ئەزموون و ژیان.

**محەمەد پشدەری**

**ئوستراليا- ئەدەلايد**

## ئەزموون و ژیان چییە؟

ئەزموون و ژیان، ڕۆمان نییە تا باس لە ژیانێکی خەیاڵاویی و ئەفسانەیی بکات.
نووسینێکی ڕۆمانسی نییە تا باس لە خۆشەویستی و بەیەک گەیشتن، یان دابڕان و لەیەک ترازانی دوو خۆشەویست بکات.
چیرۆکێک نییە کە باس لە شـــاکار و ڕووداوەکانی ڕابردوو بکات و لە خۆشـــی و ناخۆشییەکانی، ئەزموون وەربگرین.
پەخشـــان و شـــێعریش، نییە، کە باس لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە بکات و لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا بخوێنرێتەوە.
بەڵکوو نووســـینێکە، پێکهاتووە لە چەندین بابەتی جۆراوجۆر. کە هەر یەکەیان جیاوازە لەگەڵ ئەوەیتردا.
لە زمانی ئینگلیزی دا، پێی دەوترێت (Key word) (کی وۆرد) واتا: کلیلەوشە.
هەر نووســـەرێک، بۆ هەر مەبەســـتێک، دەتوانێت لەســـەر هەرکامێک لە بابەتە جۆراوجۆرەکان، لەو کوورتە نووســـینانە، ســـوود وەربگرێت، کە لە دووتوێی پەڕتووکی ئەزموون و ژیان دایە. کە بێگومان، هەر یەکێکیش لەو نووسینانە، تایبەت بووە بە ڕووداوێکی تایبەت و بەبێ هۆ نەنووسراوە.
هەر بۆیە لە ناو ئامێرەکاندا وەک مۆبایل، یان ئایپەد، نووسیومە و ڕامگرتووە.
هیوادارم هەر ئەزموونێک کە بە ئەستەم بەدەست هاتووە، خوێنەرانی خۆشەویست، بە ئاسانی سوودیی لێوەربگرن.

**دیاریی گورگ:**

دیاریی گورگ بۆ مەڕ، پەیامی مەرگە.

**دڵخۆشی بەبێ هۆ:**

کاتێک لە ڕاستییەکان تێگەیشتی، بەدرۆ خۆت فریو مەدە.

**هاوڕێیەتی کەسێک بە هۆی کەسێک:**

هاوڕێیەتی کەسێک بە هۆی کەسێک، وەک ساباتێک وایە، کە بەهۆی یەک کۆڵەکە وەستابێت. هەرکاتێک لار بۆوە، ساباتەکەش دەڕووخێت.

**نیشتمانی دڵ:**

کاتێک نیشتمانی دڵ، دەبێتە چەندین بەش، هیچ کەسێک خۆی بە خاوەن نازانێت.

**ناخ:**

ناخی هەرکەسێک، لەسەر نووکی زمانی دەردەکەوێت.

**هاوڕێ بەنرخە:**

هەرکاتێک هاوڕێکەت، ویستی وازبێنێت، تۆ وازمەهێنە. کە ویستی بڕوات و دوور کەوێتەوە، تۆ بەدوایدا بڕۆ. کە ویستی خۆی بشارێتەوە، تۆ بەدوایدا بگەڕێ. کە هەر ویستی وازت لێبێنێت، تۆش لە شوێنی خۆت بوەستە. بەڵام، ڕێز لە ڕابردوو بگرە و هەرگیز لە بیری مەکە.

**سەرەتا و کۆتایی:**

سەرەتای ژیانی مرۆڤ، ڕۆژی لەدایکبوونییەتی، کۆتایی ژیانیشی، ڕۆژی لەدەستدانی متمانەیەتی.

**پێناسەی هەڵە:**

پێناسەی هەڵە، بۆ هیچ کەسێک مەکە. دوای تاقیکردنەوەکانی ڕۆژگار، بڕیار بدە. بەڵام، ڕێز لە هەموو کەس بگرە و، هەرکەسیش بە پێی پێوەر و لێهاتوویی خۆی سەیری بکە.

**وەفا:**

وەفا، ڕۆحی مردووەکان ئاسوودە دەکات. هەروەک بێوەفای، تەنانەت ڕەنگ و ڕوخساری بێوەفاکان، لێڵ دەکات و دەشێوێنێ.

**جیاکردنەوە:**

کەسێک نەتوانێت ڕەنگە جیاوازەکان لە یەکتر جیاکاتەوە، لە ڕیزی نابینایان دەژمێردرێت.

**مردن:**

هیچ کەسێک بۆ هەمیشە نامرێت. مەگەر ئەو کەسانە، کە بە زیندوویی، هەست و ڕۆحیان مردووە.

**بێ کەس بوون:**

مرۆڤ کە ئیشی بە کەسێک نەما، حسابی بۆ نەکات، زۆریی پێناچێت بێکەس دەبێت.

**دڵخۆش مەبە:**

دڵخۆش مەبە بەوە، کە هیچ کەسێک لۆمەت ناکات. ئەو کەسانەی لۆمەت دەکەن، هەست بە بوونی تۆ دەکەن. هەربۆیە بەناو هێنانت، گەورەت دەکەن. بێهیواش مەبە، کە کەسانێک دووریت لێدەکەن. دڵنیابە کە ئەوانە، هەر بەلاوازی تۆیان دەوێت. بۆیە چاویان پێت هەڵنایە و ڕووت تێناکەن.

**دەربڕین لە ناخەوە:**

ئەوەی کە بە زمان دەگوترێت، ئەگەر هەمووی لە ناخەوە دەربچێت، ژیان سرووشتی ڕاستەقینەی خۆی پێشان دەدات و جیهان دەبێتە ئەو بەهەشتە، کە بە ئومێدەوە بۆی دەژین.

**بۆ هەموو شتێک، کات پێویستە:**

هەروەک گوڵێک نیشانەی بەهار نییە، وەرینی گەڵایەکیش نیشانەی پایز نییە. بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان، کات پێویستە.

**ڕێز:**

ڕێز لە هەموو کەسێک بگرە. تا ئەو کاتە، کە نابێتە هۆی کەمبوونت.

**دادوەریی:**

تاکوو وتەی دەم هاوتای دڵ نەبێ

دادوەریی هیچە و بڕوات پێی نەبێ

**بیرکردنەوە:**

بیر لە شتێک بکەوە، کە پێی دەگەی. نەک لە شتێک کە هەرگیز پێی ناگەی.

**هاوڕێیەتی:**

هاوڕێیەتی، وەک هەورازێکی دوورودرێژخایەن و بەرز وایە. هەر بۆیە هەموو کەسێک توانای سەرکەوتنی نامێنێ و دەوەستێ!

**ڕاستییەکان:**

ڕاستییەکان لە کرداردا دەردەکەون، نەک هەر لە قسەدا.

**سیاسەتی ناڕاست:**

سیاسەتێک کە بناغەکەی لەسەر درۆ بێت، زۆری پێناچێت هەرەس دێنێت.

**لەدایکبوون:**

لەدایکبوون، سەرەتای ژیانە، جوانی هونەری ژیانە، خۆشەویستی، بەشێک لە ژیانە، مردن کۆتایی ژیانە، هاوڕێیەتی دڵی ژیانە. (لە ئینگلیزییەوە)

**مرۆڤ و جوانی:**

مرۆڤ، تا ئەوکاتە جوانە، کە چاو نابڕێتە ماڵی خەڵک. هەروەها ڕازییە بەوەی کە هەیەتی.

**مەڕ و لاساییکردنەوە:**

مەڕ کە لاسای گورگ بکاتەوە، ناحەز دەبێت. چونکە نەوەک گورگ سام و هەیبەتی دەبێت، نەوەک مەڕیش خۆشەویستی دەمێنێت.

**مرۆڤ:**

هیچ شـــتێـک نـابێتە هۆی جوانکردنی مرۆڤ. بەڵکوو ئەوە مرۆڤە، کە جوانی دەبەخشێت بە هەموو شتێک.ژیان:

ژیان چەند ئەستەم و دژوار دەبێت، کاتێک هەست بکەین، کە لە ژێر ئەو ئاسمانەدا، کەسێک نییە خۆشیبوێین! (لۆرد ئاڤیبۆری)

**ناخی جوان:**

ناخی جوان. مرۆڤ جوانتردەکات.

**جوانی:**

مرۆڤ، کە هەســتی بە جوانی خۆی کرد، پێویســتە نرخی خۆی و جوانییەکەشـــی بزانێت.

**دابڕان:**

هەر دابڕانێک، بەشێکە لە مردن و هەر بەیەکگەیشتنەوەیەکیش، جۆرێکە لە ژیانەوە.

**خۆ درووستکردن:**

تا بەجوانی خۆمان درووست نەکەین، ناتوانین هیچ کەسێک درووست کەین.

**هەنگاونان:**

هەنگاو مەنێ بۆلای کەسێک، کە لە ناخت تێناگات.

**نیشتمان:**

کەسە دڵسۆزەکان، بۆ پاراستنی خەڵک و خاک، گیانیان فیدا دەکەن و بەخوێنی گەشیان، درەخت و سەوزایی وڵاتەکەیان ئاودەدەن و جەستەی پیرۆزیشیان، تێکەڵ بە خاک و خۆڵی وڵاتەکەیان دەکەن. کەسە بەناو نیشتمان پارێزەکانیش، خۆیان دەکەن بە خاوەن بڕیار و دەمڕاستی کۆمەڵگە و لە کۆتاییشدا، وڵات بەرەو ویرانی دەبەن و شتیک ناهێڵن بە ناوی نیشتمان...

**زۆربێژ:**

کات زۆر لەوە بەنرخترە، کە لەگەڵ کەسانی زۆر بێژدا، بەفیڕۆ بدرێت.

**کۆشکی دڵ:**

ناو قەفەسی سینە، جوانترین کۆشکی ڕازاوەی دڵی مرۆڤە. تاریکی و ڕووناکی ئەو کۆشکەش، پەیوەستە بە پارچە گۆشتێک کە ناوی نراوە دڵ. هەرکاتێک دڵ گەش بوو، ئەو کۆشکەش ڕووناک دەبێت. کە بەتارمایی ڕەشیش داپۆشرا، تاریک دەبێت و شوێنی ژیانی لەناودا نامێنێت.

**هەموو کەسێک جوانە، بەڵام جوانییەکان جیاوازن:**

جوانی ڕەنگ و ڕوخسار،

جوانی شێوە و ئاکار،

جوانی هەست و دەروون،

جوانی ڕەوشت و ئەدەب،

جوانی زانست و هونەر،

جوانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لەبار، ئەوانە هەموویان جوانن، جگە لەو کەسانە کە درۆ لەگەڵ ویژدانی خۆیان دەکەن.

**ڕابردوو:**

دوای ئەوەی لە زۆر شت تێگەیشتی، باشتر وایە هەرچی زووترە خۆت بناسی و چیتر خۆت ڕادەستی ڕابردوو نەکەیەوە. پێویستە بیر لە ژیانێک بکەیەوە، کە دڵ و مێشک و ویژدانت ئاسوودە بکات.

**ئەو شتانەی کە لە ڕاستیدا هەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا، زۆر کەمن:**

مرۆڤ بوون،

پیاو بوون،

ژن بوون.

**زمان:**

زامی زمان، بوو بە هۆی لە دایکبوونی ئەزموون و ژیان.

**ئەزموون:**

سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شکەست و سەرکەوتنەکانی ڕابردوو، پێکهێنانی ژیانێکی تازەیە بۆ ئێستا و داهاتوو.

**سنووردانان:**

بۆ هەر شتێک سنوورێک پێویستە. لەگەڵ خۆشەویستاندا، دڵسۆزی و خۆشەویستی تەواو پێشان نەدرێت. هەروەک لەگەڵ نەیارەکانیشدا، ڕق و کینەی زۆر...

**ڕابردوو:**

تۆ ناتوانی داهاتوویەکی سەرکەوتووت هەبێت، ئەگەر ئێستاش هەر کۆیلەی ڕابردوو بی. (لە ئینگلیزییەوە)

**ڕاستی:**

ڕاستی، پارێزەری ژیانە و دڵسۆزی و میهرەبانیش، بناغەیەتی.

تێکڕووخان:

بینایەک بناغەکەی لەسەر قوڕ و ئاو بێت، زۆری پێناچێت، تێکدەڕووخێت.

**هەڵوێستی جوان:**

پاراستنی ڕێز و کەسایەتی لە ناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا، پەیوەستە بە هەڵوێستی جوان.

**زانست:**

زانست ئەوە نییە کە مرۆڤ، هەموو شتێک بزانێت. بەڵکوو زانستی ڕاستەقینە، ئەوەیە کە مێشک و دەروون، ئاسوودە بکات و دڵی خەڵکیش خۆش بکات.

**نزیک کەوتنەوە لە سێ کەس، سوود بەخش نییە:**

یەکەم، کەسێک کە ڕۆحی لەناو جەستەیدا جێی نەبێتەوە،

دووەم، کەسێک کە لە پێناو دڵخۆشی خۆیدا، بە خەڵک ڕابوێرێت،

سێیەم، کەسێک کە تەماحکار و بێئەمەک بێت.

**جوانترین بوونەوەر:**

مرۆڤ باشترین و جوانترین بوونەوەری سەر زەوییە، بە مەرجێک خۆی بناسێت و نرخی خۆی بزانێت.

**دوو شت سەنگی مەحەکن:**

ئاگر بۆ زێڕ،

پارە بۆ پیاو.

**ڕێباز و بیروباوەڕ:**

هەموو بیروباوەڕێکم پێ جوانە و هەموو ڕێبازێکیشـــم خۆشـــدەوێت. بە مەرجێک ڕاستگۆیی تێدا بێت و سیاسەتێکی ڕوون و گشتگیر، لە خۆ بگرێت.

هەموو کەســـێکیشـــم پێ جوانە و لەلام بەڕێزە. بە مەرجێک لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتیدا، خۆیان بچووک نەکەنەوە و ڕاستییەکان نەشێوێنن.

**کەموکوورتی:**

بەدوای کەموکوورتی هیچ کەسێکدا مەگەڕێ، هیچمان بێ هەڵە نین.

**دوو شت:**

بە دوو شت هەموو شتێک بەدەست دێت و هەموو شتێکیش لەدەست دەچێت:

یەکەم، بەڵێن،

دووەم، متمانە.

**بێدەنگی:**

بێدەنگی، نیشانەی ڕازیبوونە.

**پارە:**

پارە، ســـەرەتا مێشـــک دەگۆڕێت، دوای مێشـــک، دڵ دەگۆڕێت. دوای دڵ، هەســـت دەگۆڕێت. دوای هەموویان، ویژدان دەگۆڕێت. کە هەموو ئەوانەی گۆڕی، متمانە و کەسایەتی و پیاوەتیش دەگۆڕێت.

**گۆڕانکاری:**

هەرگیز ســـەرجەم ئێش و ئازارەکانی خۆت، لەلای نزیکترین کەســـیش باس مەکە. چونکە هەرکاتێک بچووکترین گۆڕانکاری بەســـەردا بێت، کوێت زۆر بێشـێت، ئەوێت ئازار دەدات.

**هەڵە:**

باشـترین شـت ئەوەیە کە هەڵە نەکەین. بەڵام کاتێک کە هەڵەیەک دەکەین، بەردەوام خەمی لێ نەخۆین. چونکە تا هەڵە نەکەین، زۆر شت فێر نابین.

**تەنیایی:**
بەتەنیایی ڕێکردن، ئەســـتەم نییە، بەڵام کاتێک کە ئەو هەموو ڕێگەیە بە یەکەوە ڕۆیشتووین، بەتەنیایی گەڕانەوە زۆر ئەستەمە. ( لە فارسییەوە)
**ڕەچەڵەک:**
ئەگەرچی بنەچە و ڕەچەڵەک جوانی و نیشـــاندەری هەر کەســـێکە، بەڵام هەر ئەوەندەش بەس نییە. پێویستە هەموو کەسێک، پێناسەی تایبەت بە خۆی هەبێت، بۆ زیاتر جوانکردنی ئەسلیەت و بنەچەکەی خۆی.
**بێگانە و خزم:**
بێگانەیەک کە دۆست بێت، باشترە لە خزمێک کە بێگانە بێت.
**پووڵ و پارەی زۆر:**
پووڵ و پارەی زۆر، ســـەرمایەی مرۆڤ نییە. بەڵکوو ســـەرمایەی ڕاســـتەقینە، هەبوونی متمانە و ویژدانێکی ئاسوودەیە.
**ژیان پێکهاتووە لە دوو شت:**
وتار،
کردار.
ئەگەر هاوســـەنگی لە نێوان ئەو دووان ەدا هەبوو، مانای ڕاســـتەقینەی ژیان دەردەکەوێت.
**بۆ کێ مردن؟**
بمرە بۆ کەسێک، کە بۆ تۆ دەژیت.
**دزیی:**
دزیی، سەرەتا لە هێلکەیەکەوە دەست پێدەکات. ئەگەر چاوپۆشی لێکرا، زیاد دەکات و دەبێتە دزیەکی خەیاڵی!
**گەورەیی:**
گەورەیی هەر مرۆڤێک، لە خۆ بە کەمگرتنی دایە. باڵندەکانیش، بەشـــێکیان زۆر گەورەن. بەڵام کە بەرز دەبنەوە، زۆر بچووک دەبنەوە.
**بە خەیاڵ ژیان:**
هۆی دواکەوتنی ژیانی مرۆڤ و هەروەها مرۆڤ خۆشی، بە خەیاڵ ژیانە! زۆر جار ئێمەی دڵپاک، بە بزەیەکی ســـەر لێو، بە قســـەیەکی خۆش، بە نوکتەیەکی بازاڕی، شـــێوەی بیرکردنەوەمان دەگۆڕێت و ڕێچکەی ژیادمان، بزر دەکەین! بێ ئەوەی

ئاگادار بین، خۆمان ون کردووە! یان زۆر جار، ئەوەندە بە زمانی پاراو قسەمان بۆ دەکریت: کە پێمانوایە ژیان، لەسەر ئێمە تاپۆ دەکرێت! بێخەبەر لەوە کە بەردەوام مرۆڤەکان، بۆ خۆ بەرزکردنەوەیان، یەکتر دەکەن بە پەیژە و سەردەکەون! بەڵام بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بژین و بە هیچ شێوەیەک فێڵ لە خۆمان نەکەین، با هەر ئەوە بین کە هەین.

**ڕاستی:**

مرۆڤ تاکوو لەگەڵ خۆیدا ڕاست نەبێت، ناتوانێت لەگەڵ هیچ کەسێکدا ڕاست بێت.

ئەوەی کە زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ، ئەوەیە کە نابێت هەرگیز فێڵ لە خۆی بکات. چونکە نزیکترین بۆ ئەو، تەنیا خۆیەتی.

ئەوەی کە بە ئاسانی کڵاوی لەسەر دەنرێت، بۆ ئەوە نابێ، کە دڵی خۆشبێت. چونکە کەسێکی ڕووخاوە لە ژیاندا.

کەسانی بەرژەوەندیپارێز، ئامادەن لە پێناو بەرژەوەندییەکەیاندا، پەنا بۆ هەموو شتێکی نەشیاو ببەن.

**بەهاری ژیان:**

بەهاری ژیان، تەنیا لە تەمەنی لاوێتیدا نییە، بەڵکوو لە ئاسوودەیی دڵ و مێشکدایە. ئەوەش کاتێک بە دیدێت، کە مرۆڤ خاوەنی ویژدانێکی ئاسوودە بێت.

**بینین:**

تا ئەو جێیە دەتوانم تۆ ببینم، کە تۆش وەکخۆم، من دەبینی.

**ئامانج:**

هەر ڕێبووارێک ئامانجێکی هەیە. بۆ هەر ئامانجێکیش، سنوورێکی دیاریکرا و هەیە.

**بەرژەوەندی:**

کاتێک، دڵ بە قسە و نوکتە و پێکەنینی ماناداری بەرانبەرەکەت خۆشکە، کە خاڵی بێت لە بەرژەوەندی تایبەتی.

**ژین و مردن:**

بە جۆرێک بژین، کە هۆی خەم و ئازار نەبین. بە جۆرێکیش بمرین، کە لە بری نزا بۆکردن، نزامان لێنەکرێت.

**ژیان فێرگەیە:**

هەر شتێک کە دەیبینی، جوانییەکت پێدەبەخشێت.

بیر لە هەرکەسـێک دەکەیەوە، چەندین وانەت فێر دەکات. بەتایبەتیی هەڵەکانی ڕابردوو، مامۆستا و فێرکاری ئەمڕۆی هەموومانن.

**هیچ:**

پەنا بۆ هیچ، مەبە. چونکە هیچ، هەر هیچە.
لە هیچیش هیچتر، ئەو هیچەیە، کە خۆی پێ هیچە.
بەڵام هەر هیچە.

**کەس تۆ گەورە ناکات:**

هیچ کەس نابێتە هۆی گەورە بوونی هیچ کەس. مەگەر ئەو کەسە، خۆی گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات و بڕیار لەسەر خۆبوون و کەسایەتی خۆی بدات.

**وزەبەخش:**

هەر وەک چۆن تیشـکی خۆر، وزەبەخشـە بۆ زەویی و هەروەها، ڕووناکیشـە بۆ ئاسمان و زەوی، ناخی ڕوونی مرۆڤەکانیش، جوانییە بۆ سەر دەموچاو و ئارامیشە بۆ سەر دڵ و مێشک.

**نیشتمان:**

نیشتمان! ئەی ئەو دایکە میهرەبانەی، کە زۆربەمان لە هەست و سۆزت بێبەشین!
بۆ ڕابردوو قسە مەکە:
چونکە بیری لای تۆ نەماوە. هەر بۆیە، توانای گوێگرتنیشی نەماوە،

**تاڵانکردن:**

هەرکەسـێک، لە ژێر هەر ناوێتکدا، بیرۆکەی تاڵانکردن و خواردنیماڵی خەڵکی بە دڵدا بێت، لەو کاتەدا، بڕیار لەسـەر سـڕینەوەی مرۆڤ بوون و کەسـایەتی خۆی دەدات.

**نرخی وزە و ڕووناکی:**

تا لە شـەوەزەنگدا، بەناو دارسـتانە مەترسـیدارەکاندا، تێنەپەڕین، نرخی وزە و ڕووناکی خۆر نازانین.

**مرۆڤ:**

کاتێک دەبینێت، کە نابینا نەبێت،
کاتێک دەبیستێت، کە کەڕ نەبێت،
کاتێک دەدوێت، کە لاڵ نەبێت،
کاتێک هەست بە لۆمە و سەرزەنشت دەکات، کە هەست و سۆزی هەبێت،

کاتێکیش هەست بە ئازار دەکات، کە لاشەیەکی بێ گیان نەبێت.

**بە زیندوویی ڕاگرتن:**

ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە زیندوویی ڕادەگرن:

خۆشەویستی بۆ خوا

خۆشەویستی بۆ مرۆڤ،

خۆشەویستی بۆ سرووشت،

خۆشەویستی بۆ ژینگە،

خۆشەویستی بۆ ویژدان. بە هەمان شێوە، خواردن و خواردنەوە و هەوای سازگاریش، بەشێکی سەرەکین بۆ بەردەوامی ژیان. وێڕای هەموو ئەوانەش، دڵپاکی و ویژدانێکی ئاسوودە.

**بە پێوە مردن:**

بە پێوە مردن، ژیانێکی هەمیشەییە. هەروەک بە زیندوویی چەمانەوە، مردنێکی هەمیشەیە.

**برا کێیە؟**

برا، ئەو برایەیە کە مرۆڤ، خۆی دروستی دەکات. نەک ئەو برایە، کە سرووشت بۆی دیاری دەکات...

**چەوسانەوە:**

مرۆڤ، هاوشێوەی وشترە. تا خۆی نەچەمێتەوە، هیچ کەس ناتوانێت سواری پشتی بێت و بیچەوسێنێتەوە.

**ئاوێنەی دڵ:**

لە ئاوێنەی دڵی خۆتدا، هەموو کەسێک وەک خۆت مەبینە.

**هۆیەکانی توڕەبوونی خوای گەورە:**

ستەمکردن،

خۆ بە زۆرگرتن،

درۆکردن،

دووڕوویی،

فێڵبازی،

زمان لووسی،

خیانەتکردن،

غەیبەتکردن،
ئیرەیی بردن،
قسە هێنان و بردن،
خەڵک بەکەمگرتن،
سیخوڕیی کردن،
نهێنی نەپاراستن و هتد...

**پەشیمانی:**

مرۆڤ، کە سـوودی لە ڕابردوو وەرنەگرت و دۆسـت و نەیارەکانی لە یەکتر جیا نەکردنەوە، زۆری پێناچێت، کە پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت و لە ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە.

**ئابڕوو:**

ئابڕوو، سەرچاوەی هەموو سامانی جیهانە.

**دوو شت، هاوشێوەی یەکترن:**

ئەو دوو شـتانەی کە مرۆڤ، بەر لە هەموو کەسـێک، خۆی هەسـتیان پێدەکات، ئەوانەن:

یەکەم، هەڵەی زمان،
دووەم، با لێبوونەوە.

ئەو دوو شـتانە، هەردووکیان هاوشـێوەی یەکترن و زۆریش هەسـتیار و مەترسیدارن! هەر بۆیە پێویستە، زۆر وریا بین. چونکە کە دەرچوون، گەڕانەوەیان نییە...

**لە بیر نەکردن:**

دوو شت هەرگیز لە بیر مەکە:

یەکەم کەسـێک کە چاکەت لەگەڵدا دەکات، بەڵام... لە بەرانبەردا، تۆ ئەگەر چاکەش نەکەی، لانیکەم خراپەی لەگەڵدا مەکە.

دووەم، کەسێک کە خراپەت لەگەڵدا دەکات. بەڵام... تۆ هەرگیز بیر لە خراپە مەکەوە و بە چاکە، وەڵامی بدەوە. بۆ ئەوەی وانە و چێژی چاکەکردن، لە تۆوە فێر بێت.

**سێ کەس هەوڵی بچووککردنەوەی خەڵک دەدەن:**

یەکەم، ئیرەییبەر، کە دڵی بە هیچ سەرکەوتنێک خۆشنییە!
دووەم، نەزان، کە پێیوایە دەبێ هەموو کەسێک لە ئاست ئەودا بێت.

سێیەم، خۆ بە زۆر گر، کە وادەزانێت لە سەنگ و قورسایی ئەو کەمدەبێتەوە!

**نییەت گۆڕان:**

مرۆڤ، کاتێک نییەتی بەرەو لێڵی دەچێت، تەنانەت هەڵسوکەوت و شێوەی دووان و ڕەنگی ڕوخساریشی، هەر دەگۆڕێت و حاڵەتە جوان و سرووشتییەکەی خۆی لەدەست دەدات!

**پەروەردە:**

دوای پەروەردە بوون لە نێوان لە دایک و باوکێکدا، ئینجا ئەو دایک و باوکە، باش بن یان خراپ، مرۆڤ سەر بە هەر لایەنێک بێت، پەروەردەی ئەو لایەن و مەکتەبە وەردەگرێت. هەروەها زۆری پێناچێت، کە مۆرک و نیشانەکانی ئەو مەکتەبەی، لە سرووشت و هەڵسوکەوتتدا دەردەکەوێت.

**مرۆڤ:**

مرۆڤی ڕاست و دڵپاک، وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێش وایە. بە فوو لێکردنێک گەش دەبێتەوە. بەڵام مرۆڤی ناڕاست و دڵڕەش، وەک خەڵوز وایە. ئەگەر ڕەشەبای بە هێزیش لێبدات، هەر ناگەشێتەوە!

**بوون و نەبوون:**

هەرکاتێک زانیت، بوون و نەبوونت وەک یەکە، نەبوونت هەڵبژێرە.

**دەسەڵات:**

دەسەڵات، لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان لەناوچوون، یان ئابڕووچوون.

**چاوەڕوانی:**

هەر ئەوەندە چاوەڕوانیت لە کەسێک هەبێت، کە خۆت ئامادەی، بۆی بکەی.

**بەرپرسیارێتی:**

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، لە هەموو کاتێکدا گرنگە. بەتایبەتی، لە کاتی بەڵێندان و ئیشکردندا. هەروەها لە کاتی دەربڕینی وشە و زۆر شتی تریشدا.

**لە خۆ بایی بوون:**

ناحەزیی و نەزانی مرۆڤ، ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە بەبێ هۆ، لەخۆ بایی دەبێت!

**کەمبوونەوەی ڕێز:**

ڕێزیی مرۆڤ، لەو کاتەدا ئاساری نامێنێت، کە لەپێناو برێک پارە و پووڵدا، چۆک دادەدات و سەر دەخاتە سەر زەویی! هەروەها وڵاتیش ئەو کاتە بەرەو دوا دەگەڕێتەوە، کە دەسەڵات، پشت بەو کەسە داماوانە دەبەستێت...!

**ستەمکار:**

ستەمکار، دوو جۆری هەیە: ستەمکاری دەسەڵاتدار، ستەمکاری بێدەسەڵات. ستەمکاری دەسەڵاتدار، دوو شتی لەدەست دێت: چاکە و خراپە. بەڵام ستەمکاری بێدەسەڵات، جگە لە خراپە و خۆ ناشیرینکردن، هیچی دیکەی لەدەست نایە...

**زمان درێژیی:**

زمان درێژی، نیشانەی ڕاستگۆیی و زیرەکی نییە.

**ڕاهاتن:**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆرینەی خەڵک، لەگەڵ ئەوەدا ڕاهاتووە کە چی بۆ دەکرێت، نەک چی بۆ باسدەکرێت...؟! هەرچی خراپە هەیە، لە ژیانتدا بیکە، بەڵام جاروبار، شتێک ببەخشە. دڵنیابە هەرچی کردووتە، بۆت دەپۆشرێت. بەڵام دەس بەتاڵ بێت، نەک هەر چاکە بکەی، بەڵکوو ئەگەر گیان و خوێنیش ببەخشی، سوودی نییە و هەر ناشیرینی. چونکە خەڵک، چاو لەناو لەپی دەستت دەکات، نەک ڕوخسار و بزەی سەر لێوت...

**خۆشەویستی و کورسی:**

خۆشەویستی، وەک کورسی وایە. زۆر وریا نەبین، جێگەمان گیراوەتەوە. (وتەی ناوداران)

**هێز و توانای مرۆڤ:**

ئەوکاتە هێز و تواناکانی مرۆڤ دەردەکەوێت، کە دژەباوەکان، لە دژی دەوەستنەوە و ناو و ناۆچکە و تیر و توانجی تێدەگرن و سیناریۆی جۆراوجۆری بۆ درووست دەکەن...

**تێگەیشتن:**

کەسێک، کە لە هەموو شتێک تێدەگات، پێویست نییە هیچی بۆ باس بکرێت. کەسێکیش، لە هیچ شتێک تیناگات، هەرچی بۆی باس بکرێت، بێسوودە و هەر تێناگات.

**پەیوەندییەکان:**

پەیوەندییەکان، لە سێ ڕێگەوە درووست دەبن:

یەکەمیان باسناکەم. ئەوانی دیکەش، نانی، گیانی. ئەو پەیوەندیانەی کە پێیان دەوترێت نانی، بریتییە لە ڕاگرتنی کەسێک، یان چەند کەسێک، بە هۆیەک، بۆ

ماوەیەکی کاتی. هەرکاتێک پێویستیان بە یەکتر نەما، نان دەبڕێت و دەبنەوە بێگانەکەی پێشتر.
مەبەست لە پەیوەندی گیانیش، پەیوەندی ڕۆحیە. هەرکاتێک یەکێک ئازارێک یان خەم و کێشەیەکی هەبوو، ئەوەی تر هەستی پێدەکات و خۆی بە هاوبەشی تەنگوچەڵەمەکانی دەزانێت.

**پاشای دارستان:**

ئەگەر توانا و سام و هەیبەت، بە جەستەی گەورە بوایە، دەبوایە فیل، پاشای دارستان بوایە.

**بچووک بوونەوە:**

جەستەی بچووک، مرۆڤ بچووک ناکاتەوە. بەڵکوو ئەوە نەفسیەتی بچووکە، کە هیچ نیشانەیەک بۆ مرۆڤ بوون، ناهێڵێتەوە.

**چۆن ژیان:**

ژیان، بە بیروڕای جیاوازەوە جوانە. بە مەرجێک بۆچوونەکان، لەبەرژەوەندی مرۆڤدا بن، بۆ چۆن ژیان.

**بیرکردنەوە:**

زیاتر بیر بکەوە، تا جوانتر قسە بکەی.

**ڕەخنەگرتن:**

ئەوکاتە دڵت بە داهاتووت خۆشبێت، کە ڕەخنەت لێدەگیرێت. چونکە هەڵەکانت ڕاست دەکەیەوە. ئەوکاتەش دڵت بە نووسینەکانت خۆش بێت، کە پەنجەی ڕەخنەیان بۆ درێژ دەکرێت. چونکە بۆت دەردەکەوێت کە کەسانێک هەن، چاودێری نووسینەکانت دەکەن. کەوابوو، دەبێ سوپاسی ئەو کەسانە بکەین، کە ڕەخنەمان لێدەگرن.

**زمانی خۆشەویستی:**

هەرکاتێک زمانی خۆشەویستی لەبیر کرا، چرای دڵیش، دەکوژێتەوە.

**دواکەوتوویی مرۆڤ:**

نەزانین و دواکەوتوویی مرۆڤ، ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە لەبری دۆست، نەیار، بۆ خۆی درووست بکات!

**باشترین دیاریی:**

باشترین دیاری، ئەوەیە کە چیت لەدەست دێت کە بیکەی، نەک چیت هەیە کە بیڵێی؟

**چاکەکردن:**

چاکەکردن بۆ کەسانێک، کە هەستی مرۆڤ بوونیان لە دڵدایە، وەک تاڵە موویەک وایە کە لە قژی خۆیان بیبڕن. بۆ کەسە دڵڕەقەکانیش، وەک پارچە گۆشتێک وایە، کە لەجەستەی خۆیان بیبڕن.

**دوو شت هەرگیز لە بیر ناکرێن:**

یەکێک کە تەنانەت بە چڵە گوڵێک، دڵت خۆش دەکات.

یەکێکیش، کە بە نەشتەری نووکی زمان، دڵت کون دەکات دەکات.

**ناخۆشترین ئازار:**

لە گەنجێکیان پرسی: چ ئازارێک زۆر ناخۆشە؟ وتی: ئازاری ددان و بوونی ژنێکی خراپ. پیرێک گوێی لێبوو و وتی: ددان دەتوانرێت بکێشرێت و ژنیش دەتوانرێت، تەڵاق بدرێت. بەڵام خراپترینی ئازارەکان، ئازاری چاو و بوونی منداڵی خراپە. نە چاو دەتوانرێت دەربهێنرێت، نە ڕێگریش لە بوونی منداڵ دەکرێت. (لە فارسییەوە)

**خۆڕاگری:**

ڕاستگۆبە، کاتێک کە هەژاری.

سادەبە، کاتێک کە دەوڵەمەندی.

بە ڕەوشتبە، کاتێک لە دەسەڵاتدای.

بێدەنگ بە، کاتێک کە توڕە دەبی. (لە فارسییەوە)

**سێبەر:**

ڕێز لە هەموو کەسێک بگرە و هەموو کەسێکت خۆشبوێت. بەڵام ئەو ڕاستییە شت لە بیر نەچێت، کە هەندێک کەس، وەک سێبەری خۆت وایە. تا دوای کەویت، لێت دوور دەکەویتەوە. هەر بۆیە، باشتر وایە، لە شوێنی خۆت بوەستی.

**روح زلی:**

ناشیرینترین شت بۆ مرۆڤ، ڕۆحێکی گەورەیە لەناو جەستەیەکی بچووکدا...!کیسەڵەکان:

ئایا دەزانی کیسەڵەکان بە هۆی ئاسانگرتنی ژیان، زیاتر لە ١٥٠ ساڵ دەژین؟ هۆیەکەش ئەوەیە، کە سەر لە قاوغی خۆیان دەرناهێنن و تەنیا بیر لە خۆیان دەکەنەوە. (لە فارسییەوە)

**زیانبەخش:**

دوو ڤایرۆسی زیانبەخش هەیە، کە پێویستە هەموو کەسێک وریای خۆی بێت.

یەکەم، ڤایرۆسی کۆرۆنا،
دووەم، کەسی خراپ. ...
**عەشق، گەشتێکە:**
عەشق، گەشتێکە، گەشتیاری ئەو گەشتەش، چ بیهەوێت، چ نەیهەوێت، سەر تاپا، دەگۆڕێت. کەسێک نییە ئەو ڕێگەیە بگرێتەبەر و نەگۆڕێت... (ئەلیف شاکاف) لە فارسییەوە کردوومە بە کوردی.
**جوانی:**
تەنیا جوانی بەس نییە. ئەوەی کە دەبێتە هۆی ڕازاندنەوەی مرۆڤ، وەفا و هەست و سۆزە.
**نەفرەت:**
جگە لە نەفرەت، هیچ وشەیەکم نییە بۆ خۆشەویستی.
**شێوەی ڕاستی:**
شێوەی ڕاستی مرۆڤەکان، کاتێک دەردەکەوێت، کە ئیتر سوودێکت بۆیان نامێنێت. (لە فارسییەوە)
**بزر بوونی مرۆڤ:**
بزر بوونی مرۆڤ، لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە لەخۆبایی دەبێت. جۆرەکانی لەخۆبایی بوونیش، زۆرن.
**مردن بەبێ خەمی:**
مردنێک بەبێ خەمی و بەبێ کەسی، باشترە لە ژیان، لەگەڵ ناکەسێ... مەبەست لە ناکەس، ئەو بۆرە کەسانەن، کە وەک کەس خۆیان دەردەخەن، بەڵام باجی هەڵەکانیان زۆر قورسە
**سرووشتی ژیان:**
سرووشتی ژیان ئاوایە
عەشق وەکوو دەوایە
بۆ یەکێک دەرد و مەرگە
بۆ یەکێکیش شیفایە
**ژیان:**
**ژیان، بریتییە لە سێ ڕۆژ:**
ڕۆژێک بوون،

ڕۆژێک ژین،
ڕۆژێک مردن،
کەوابوو، لەو ڕۆژەدا کە دەژین، با جوان بژین.

**ڕازیبوون:**

کە ڕازیبووی بەوە کە هەتە، ئەوکاتە هەست دەکەی، کە دنیا، هەمووی هی تۆیە.

**خەم مەخۆ:**

کاتێک کە خۆراوا دەبێت و دنیا تاریک دەبێت، خەم مەخۆ. چونکە هەر ئەو خۆرەیە، کە ڕۆژی دواتر، بە جوانترین شێوە، دەردەکەوێتەوە و ڕووناکی دەگەڕێتەوە.

**وریا بوون:**

پێویستە وریای دوو شت بین
زمان، کاتی قسەکردن،
بیرکردنەوە، کاتی خەوتن.

**مرۆڤ بوون:**

مەرج نییە هەرکەسێک، بەشێوە مرۆڤ بێت، لە ناخیشدا، هەر مرۆڤ بێت...

**بۆشاییەکانی ژیان:**

ئەگەر بۆشاییەکانی کات و ژیان، هەمووی بە گلەیی و بیرەوەری ناخۆش پڕ بکرێتەوە، جیهان بەو گەورەییە، ئەوەندە بچووک دەبێتەوە، کە شوێنی دانیشتن و حەسانەوەی تێدا نامێنێت.

**داخراو:**

مرۆڤ، هاوشێوەی بۆکسێکی داخراوە، تا نەکرێتەوە، نازانرێت چی تێدایە.

**چۆن بیرکردنەوە:**

مەرج نییە تۆ چۆن بیر بکەیەوە، بەرانبەرەکەشت، ئاوا بیر بکاتەوە!

**مەبەست:**

بۆ گەیشتنت بە مەبەست، پشت بە هێز و توانا و دڵسۆزی خۆت ببەستە، نەک بەسەر خەڵکدا بپەڕیەوە.

**وزەی خۆر:**

جوانی خۆر لەوەدایە کە، بەردەوام وزە دەبەخشێت، بەڵام لە ڕەنگ و هێزی کەم نابێەوە.

**گەورە بوون:**

هەرگیز ئەوەندە خۆت لەلا گەورە نەبێت، کە ڕۆحت لە ناو جەستەتدا، جێی نەبێتەوە. مرۆڤ، بوونەوەرێکی بەنرخە و هەر خۆی بێت جوانە.

**سیفەتە جوانەکانی خوای گەورە:**

تەنانەت ئەگەر بەشـێکی کەمیش لە سـیفەتە جوانەکانی خوای گەورەمان تێدا بێت، دەبین بەو مرۆڤە نموونەیە، کە خۆی، درووستی کردووین و ڕێزی لێناوین.

**چوارچێوەی بیرکردنەوە:**

کێشەی ئێمە مرۆڤەکان، لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ئەوەیە کە زۆر جار بەبێ بیرکردنەوە، دەم دەکەینەوە و لە چوارچێوەی توانـای خۆمـان، دەردەچین! هەر ئەوەشـــە کە ڕۆژانە، تووشی هەڵەی جۆراوجۆر دەبین و دەکەوینە ژێر باری ڕەخنەی خەڵک...

**چەند وتەیەکی جوان لە ئینگلیزییەوە:**

ڕق و توڕەیی کەمتر،
خۆشەویستی، زیاتر.
خەفەت، کەمتر،
سەما و دڵخۆشی، زیاتر.
وەرگرتن کەمتر،
بەخشین زیاتر.
لەکار خستن کەمتر،
درووستکردن، زیاتر.
ڕوو گرژی کەمتر،
بزەو پێکەنین زیاتر.
قسەکردن کەمتر،
بیستن زیاتر.
ترس کەمتر،
هەوڵدان زیاتر.
دادوەری کەمتر،
پەسەندکردن زیاتر.
چاودێریکردن کەمتر،
کردار زیاتر.
سکاڵاکردن کەمتر،

پێزانین زیاتر.

**پەروەردە و فێربوون:**

کاتە بەتاڵەکانمان، بە خوێندن و خوێندنەوە، پڕ بکەینەوە.

ناخۆشــــییەکانی ژیانیشـــــمان، لە ناو دڵی خۆماندا، بســـــڕینەوە و لە بیر خۆمانیان ببەینەوە.

**بۆ ئەوەی خۆش بژیت:**

بۆ ئەوەی خۆش بژیت،

بۆ ئەوەی زۆر بژیت،

بۆ ئەوەی تەندرووست بژیت،

بۆ ئەوەی شێوەت جوان بێت،

بۆ ئەوەی خۆشەویست بیت،

بە خۆشی هەموو کەسێک، دڵخۆش بەو بە ڕووی هەموو کەسێکدا پێبکەنە.

**مرۆڤ بوون:**

جوانترین شــــت، مرۆڤ دەبوو، کە ئەوەی لەناو دڵی دایە، لەســـــەر نێوچاوانی دەرکەوتبایە. ئەوکاتە ناچار دەبوو، کە مرۆڤبوونی خۆی بپارێزێت.

**هاوسەنگی:**

لە هەموو ڕوویەکەوە، هاوســـــەنگی جوانە. جگە لە وەڵامدانەوەی وتە و وشـــــەی نابەجێ.

**وێرانی:**

هەرکاتێک خەڵک خۆزگەی بۆ دوژمن خواســــــت و متمانەی بە دەســــــەڵاتدارانی وڵاتەکەی خۆی نەما، هەرکاتێک ئازادی بوو بە ئازار و ژیانیش کرا بە ژان، ئەو وڵاتە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەرەو داڕمان و وێرانی دەچێت و دانیشـــتووانەکەشـــی بەرەو دواوە، دەگەڕێتەوە.

**سامانی زۆر:**

پارە و سامانی زۆر، تینوێتی دێنێ

دڵ ماندوو دەکات، نەخۆشی دێنێ

ژیان و سامان، هەردووک پێویستن

بەڵام کە زۆر بوو، چێژی نامێنێ

**هەرگیز:**

هەرگیز شانازی بە کەسێکەوە مەکە، کە شانازی بە خۆیەوە ناکات.

**سادە:**

دەزانم کە زۆر سادەم، بەڵام ئەوەندەش نا، کە هیچ تێنەگەم!

**ئامرازی برینداركردن:**

هەرکاتێک (زمان)، بوو بە ئامرازی برینداركردن، بۆ ئەوە نابێ، کە پێی بگوترێت: زمان.

**ڤایرۆسی کۆرۆنا:**

ڤایرۆسی کۆرۆنا، دوکەڵی هەناسەی ستەم لێکراوانە، کە پێش ئاسمانی گرتووە و بە جیهاندا بڵاو بۆتەوە. خوای گەورە، هەر خۆشـــی دەزانێت، کە چۆن تۆڵە لە ستەمکاران دەکاتەوە.

**نووسین:**

نووسینێک بخوێنەوە، کە مێشکت ئاسوودە بکات، نەک نووسینێک، کە ببێتە هۆی سەرئێشە. کات زۆر بەنرخە، بە بێهودە لەدەستی مەدە.

**ڕاهێنان:**

زمانت ڕابێنە هەر بە وتەی جوان

نەکا لەناکاو ببی پەشیمان.

زامی زمان، نە چاکبوونەوەی هەیە، نە بە هیچ نۆژدار ویەکیش دەرمان دەکرێت!.

**چاکە:**

تا دەتوانی، چاکە بکە. بەڵام هەرچی دەیکەی، منەت لەسەر هیچ کەسێک مەکە.

**ڕاست بوون:**

مرۆڤ تا لەگەڵ خۆیدا ڕاست نەبێت، ناتوانێت لەگەڵ هیچ کەسێکدا، ڕاست بێت.

**ویژدان:**

هەرکاتێک پارە و ســـامان، جێگەی غیرەت و پیاوەتی گرتەوە، ویژدان، ماڵاوایی دەکات.

**زۆربێژی:**

ئەگەر زۆربێژیی، نیشـانەی وشـیاری و لێهاتووی بوایە، دەبوایە ماسـتاوچییەکان، پێشەنگی مرۆڤایەتی بوونایە.

**دۆست و دوژمن:**

دوژمنێک، که پارێزەری نەتەوەی خۆیەتی و بەخوێنی سـەرم تینووە، زۆر باشـترە لە هاوخوێنێک کە دوژمنی خەڵکی خۆیەتی.

**بێبایەخکردن:**

لە بێبایەخکردنی خەڵکدا، بچووک بوونەوەی خۆت دەدۆزییتەوە.

**ماڵاوایی ژیان:**

هەرکاتێک سەروەت و سامان. جێگەی مرۆڤایەتی گرتەوە، ژیان ماڵاوایی دەکات.

**خۆشەویستی:**

دڵت بە شێوەیەک پڕکە لە خۆشەویستی، کە جێگەی ڕق و کینەی تێدا نەبێتەوە.

**هاوڕێ:**

کاتێک هاوڕێ لە برای سرووشتی تێپەڕ دەبێت، کە لە تاقیگەی مەحەکی مرۆڤایەتی، دەرچێت.

**بڕیاردان:**

بەبێ چەند هۆیەک، بڕیار لەسـەر هیچ کەسـێک مەدە. چاک و خراپ، لەو چەند خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

دراوسێ بوون،

سەوداکردن،

گەشتکردن،

ئەمانەت پێ سپاردن.

**متمانە بەخۆبوون:**

بۆ هەرشتێک کە دەیکەی، متمانەت بەخۆت بێت.

مەرج نییە ئەوەی کە دەیکەی، بەدڵی هەموو کەسێک بێت.

گرنگ ئەوەیە، بۆ خەڵک بی و ئەوەی کە دەیکەی، لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی دا بێت.

**دەسەڵات:**

**دوو جۆر دەسەڵات بوونی هەیە:**

دەسەڵاتێک لە ژێر سێبەری یاسادا، دەسەڵاتێک لە سەرووی یاسادا.

لەژێر سـایەی دەسـەڵاتیکدا کە لەژێر سـێبەری یاسـادا بێت، ئەگەر ئەو دەسـەڵاتە، دیکتاتۆریش بێت، ژیان بوونی هەیە.

بەڵام کە دەسەڵات لە سەرووی یاساوە بێت، دەبێ دەست نەک هەر لە ژیان بشۆی، بەڵکوو ئابڕوو و کەرامەتی خەڵکیش دەکەوێتە ژێر مەترسیەوە!

**خۆلێگۆڕان:**

مرۆڤ، بەهەر هۆکارێک کە بگۆڕێت، جوانی خۆی لەدەســت دەدات...! خوای گەورە لەخۆی توڕە دەکات. نەهامەتییەکانی ژیان، زۆر دەکات. جوانییەکانی مرۆڤ، لەوەدا دەردەکەون، کە هەر خۆی بیت و بەس... هەر بەهۆی خۆلێگۆرانەوە، زۆر جار ئازار بە کەســـــانێک دەگەیەنێت، کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە و لە یەکتر دابڕان.

**خۆت پێناسەی خۆت بە:**

هیچ کەسێک، بە هۆی هیچ کەسێک مەناسە.

چونکە چۆن ئەو بناسێت، تۆش وەک ئەو دەناسێت.

**لۆمەکردن:**

جگە لە لۆمەکردن، بەرگەی هەموو ئازارێک دەگرم.

هەر ئازارێک کە مرۆڤ لێی دەترسێت، لەبەر مردنە.

بەڵام، من لێی ناترسێم، چونکە ئەویش، ژیانێکی دیکەیە.

**وریا بوون:**

تەنیا ئەو سێ خاڵە بەسە، بۆ ئەوەی جوان بژین و پێکەوە بژین.

یەکەم: کە تەنیاین، وریای بیرکردنەوەمان بین،

دووەم: کە لەناو خێزانداین، وریای ڕەوشتمان بین،

سێیەم: کە لەناو خەڵکداین، وریای زمانمان بین. (وتەی ناوداران)

**خۆگونجاندن:**

ئەگەر نەتوانین ئەمڕۆ جیاواز بین لەگەڵ دوێنێ، یان بەیانی لەگەڵ ئەمڕۆ، بێگومان کەســانێکی بیتوانا و نائاســاین. هەر بۆیە ناتوانین، خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگەدا.

**تەندرووستی مرۆڤ:**

ئەگەرچی مێشــک ســوڵتانی جەســتەیە و هەر ئەو بڕیاردەری ڕاســتەقینەیە، بەڵام لەشــاغی و تێکچوونی سیستمی جەستەش، پەیوەندی بە دڵی مرۆڤەوە هەیە. بە بڕوای من، ئەگەر ئەو بەشـــە گرنگەی جەســـتەی مرۆڤ، ئاســـوودە بێت، مێشـــک ئاسوودە دەبێت. ئەگەر مێشکیش ئاسوودە بوو، تەواویی جەستە، ئاسوودە دەبێت.

کەوابوو، با هەوڵدەین، زۆر قورسـایی نەخەینە سـەر دڵمان. چونکە هەر ئەوەندە هەڵدەگریت، کە لەتوانایدایە.

**وەفا:**

وەفا، وەک پەیکەرێکی گرانبەهای زێڕە. کە بۆ هەژاران، کڕین و بەدەسـتهێنانی، ئەستەمە و لەتوانای هەموو کەسێکدا نییە.

**کەسایەتی:**

بۆ بەدەستهێنانی کەسایەتی، ساڵانێک. بۆ لەدەست دانیش، چرکەیەک.

**کات:**

گرنگی زۆر بە کات بدە، چونکە زۆر بەنرخە و کە لەدەسـتچوو، ناگەڕێتەوە. هەر شـتێکیش کە بەدڵتداهات، زوو بینووسـە. چونکە ئیلهامە و ئەویش کە ڕۆیشـت، ناگەڕێتەوە.

**کردار:**

رووی ناشیرینی مرۆڤ، ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە زۆر دەڵێت و کرداریشی نییە.

**گلەیی لە خۆت بکە:**

توڕە مەبە لە دز، کە ماڵەکەت تاڵان دەکات. گلەیی لە خۆت بکە، کە دەرگای ماڵەکەت، دانەخستووە.

**ژەهراوی بـ**وونی ژیان:

لە چوار هەنگاوی ئاساندا، ژیانت ژەهراوی دەبێت:

**بەختەوەری:**

ئاسـانترین ڕێگە بۆ گەیشـتن بە بەختەوەری، ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە دوێنێ باشـتر بی و، بەیانیش لە ئەمڕۆ.

**بێدەنگی:**

زۆر جار، بەشێک لە نەخۆشەکان، کە دەچن بۆلای دوکتۆرە باشەکان، چارەسەریان پێنادەن. وەک (هەلامەت) پێیان دەڵێن: نەخۆشـییەکەت، ڤایرۆسـێکی کاتییە و خۆی دەڕوات.

مرۆڤیش، کاتێک کە بێدەنگە، باشـتر وایە هیچی لەگەڵدا نەوترێت. دوور نییە شـتێک هەبێت، کە بووەتە هۆی بێدەنگ بوونی. بەڵام هەموو شـتێک کاتییە و ئەویش دەڕوات.

**ئاوێنەی خۆت بە:**

هەوڵدە تەنیا ئاوێنەی خۆت بی، بۆ نەهێشـــتنی کەموکوڕیەکانت. نەک خەڵکی تر بۆ شیواندنی ژیانیان.هاوڕەنگ بە:

کاتێک هەموو دڵخۆشن، تۆ ڕوو ناخۆش مەبە.

کاتێک هەموو شادن، تۆ بێزار مەبە.

کاتێک هەموو پێدەکەنن، تۆ مەگریە.

کاتێک هەموو شایی دەکەن، تۆ شین مەگێڕە.

کاتێک هەموو قسە دەکەن، تۆ بێدەنگ مەبە.

**بێزاریی:**

بۆ ئەوەی بێزار نەبی، ئەوەندە گوێبگرە، کە پێویستە. هەروەها، بۆ ئەوەیش کە بێزار نەبن، هەر ئەوەندە بڵێ: کە پێویستە.

**وریای دوو شت بە:**

کە چاکەت کرد، دڵخۆش بە. بەڵام بۆ هەمیشە لەبیری بکە. چونکە کەسێک هەیە، کە هەموو شتێک دەبینێت.

کە چاکەشـــت لەگەڵدا کرا، ســـوپاســـگوزاربە و، هەرگیز لەبیری مەکە. چونکە ژیان، بریتییە لە پێزانین و وەفاداری.

**گەورەترین ئازار:**

گەورەترین ئازار ئەوەیە، کەســـانێک پشـــتگوێمان بخەن، لەکاتێکدا کە زۆر نرخیان پێدەدەین!

**سرووشتی مرۆڤ:**

مرۆڤ، بوونەوەرێکە، زۆر بە ئەســتەم دەگۆڕێت، بەڵام دوای ماوەیەک، دەناسـرێت. واتا ئەو ڕواڵەتەی کە درەنگ لێی دەردەکەوێت، ئەویان ڕاســتییە. ئەوەی کە پێشـتر سەرنجڕاکێش بووە، سرووشتی کاتی بووە، نەک هەمیشەی.

**مرۆڤ و ئارەزووەکانی:**

مرۆڤ، هەر کە لەدایک دەبێت، دەگریە و بە شـــیری دایک ژیر دەبێتەوە. لەگەڵ گەورە بوونیشـــدا، ئارەزووەکانیش گەشـــە دەکەن و زیاتر دەبن. ســـەرەتا، خۆ ماندووکردن، بۆ خۆ پێگەیاندن. کە ئەوە مافێکی ســرووشــتییە بۆ هەرکەســێک، تا خۆش بژیت و بەختەوەر بێت لە ژیاندا. ســەرجەم ئەو ئارەزووانە، بۆ هەرکەسێک، بەپێی ئەو هەل و مەرجانەیە کە بۆی ڕێکدەکەوێت. لەدەورانی گەنجێتیدا، ئەوەندەی

لە تواناڕدا بێت، دەبێ بکرێت. بۆ ئەوەی لە تەمەنی بە ساڵاچووندا، پشوو بدات و ماندوێتی و خەم و ناخۆشییەکانی ڕابردووی، لەبیر بچێتەوە. هەروەها، خەرمانێک کە لە ڕابردوودا، کۆی کردۆتەوە، وەک خێزان، دۆست و ئاشنا، خزم و کەس، دڵیان پێخۆش بکات و ئەو تەمەنەی کە ماوە، بەخۆشی لەگەڵیاندا، تێپەڕ بکات. تا ئێرە، مرۆڤ وەک خۆی ژیاوە و مافە سرووشتییەکانی خۆی، بەدەست هێناوە... بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ ناشیرین دەکات و دووریدەکاتەوە لە کۆمەڵگە، ئەوەیە کە، بەوەی کە لە ڕابردوودا کردوویەتی و بەدەستی هێناوە، ڕازی نەبێت! هەروەها، بەهۆی تەماح و زیاتر بەدەستهێنان، سەرمایەیەکی زۆر گەورەتر و بەنرختر، کە سۆز و خۆشەویستییە، لەدەست بدات!

**هاوڕێ بەنرخە:**

هەرکاتێک هاوڕێکەت ویستی وازبێنێت، تۆ وازمەهێنە.

کە ویستی بڕوات و دوور کەوێتەوە، تۆ بەدوایدا بڕۆ.

کە ویستی خۆی بشارێتەوە، تۆ بەدوایدا بگەڕێ.

کە هەر ویستی وازت لێبێنێ، تۆش لە شوێنی خۆت بوەستە.

بەڵام ڕێز لە ڕابردوو بگرە و هەرگیز لە بیری مەکە.

**سێ خاڵی گرنگ:**

کات،

چات،

ژیان.

کات: زۆر گرنگە، لەدەستی مەدە.

چات: کات کوژە، گرنگی پێمەدە.

ژیان: پێویستە، هەوڵی بۆ بدە.

**مەبەست:**

هیچ وێنەیەک بەبێ هۆ نییە و هیچ وتەیەکیش بەبێ مەبەست نییە.

زیندوو، مردوو، نەخۆش:

زیندوو: کەسێکە، ئەوەی دەتوانێت، دەیکات.

مردوو: کەسێکە، هیچی نییە کە بیکات.

نەخۆش: کەسێکە، لەدەستی دێت و دەیکات. بەڵام دوای، بێ خێری دەکات.

**ژن و ژیان:**

ژن، ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە. کە لە ئاسمانی ژیندا، بەردەوام دەدرەوشێتەوە.

هێمای بەختەوەری ژیانە، لەناو دڵی هەرکەسێکدا بیت، دێتە دی.

ڕازی سەرکەوتنە. چونکە هەر ئەوە، هۆی بەرەو پێش بردن و پێگەیاندنە.

**زمان:**

زمان، ئەگەر بە وریایەوە بەکار نەهێنرێت، بەشـــێوەیەک زیان دەگەیەنێت، کە نەک هەر دڵ، بەڵکوو، جەستەش لەناو دەبات.

**گەیشتن بە ئامانجەکان:**

تا مرۆڤەکان نامۆ بن بۆ یەکتر و یەکرێز نەبن،

تا پەنجەکان یەکتر بشکێنن و بەزەیان نەبێت بۆ یەکتر،

تا متمانە و زاهیر بینی، تێکەڵ بەیەک نەبن،

تا وتەکانی دەم و دڵ، ئاوێتەی یەکتر نەبن،

تا بزەی سەر لێوەکان، لە ناخەوە، وەک گوڵ نەپشکون،

تا فرمێسکەکان، ئاگری ڕق و کینەی ناو دڵ، نەکوژێننەوە،

تا پەردەی ڕەشی سەر دڵەکان، لانەبرێت و ناخە شاراوەکان، دەرنەکەون،

تا یەکڕوویی و یەک زمانی، نەبێتە باو و ویژدان نەبێتە دادوەر، هیچ کەســـێک بە ئامانجەکانی خۆی ناگات.

**ئازارێک:**

بەو ئازارەی کە پێت بەخشـــیم، ئەوەندە ئازارم کێشـــا، کە نەتوانم هەرگیز، بیر لە ئازاردانی هیچ شتێک و هیچ کەسێک بکەمەوە.

ئازارێک کە لەهەر پیتێکی ناوەکەتدا، بیشـــارمەوە و بۆ هەمیشـــە، لەبیر خۆمی ببەمەوە.

ئازارێک کە بەهۆی پێناسە و ناوەرۆکی ناوەکەت، هەموو ناخۆشییەکانی ژیانم، لەلا شرین بێت و جارێکی تر خەمیان لێ نەخۆمەوە.

ئازارێک، کە فێری کۆکردنەوەی وشـە جوانەکان و لە ناویشـیاندا، نیشـتمان و ئاڵا و ژیانی، لەلام جوانتر کردووە.

**ئاژاوەنانەوە:**

هەوڵدان بۆ ئاژاوەنانەوە، هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە.

**جوانی:**

هەموو شتێک تا ئەوکاتە جوانە، کە لای خەڵک بەنرخە و، جێی تێڕامانە.

**نامۆ:**

هەر نامۆیەک کە دەبینم پێموایە تۆی

بێئاگا لەوەی کە، هەر تۆ نامۆی

**ڕێکوپێکی:**

ڕێکوپێکی مرۆڤەکان، تەنیا لە ڕوخسار و شێوەی دەرەوەیاندا، دەرناکەوێت، بەڵکوو لە ناخیاندا، ڕەنگدەداتەوە.

**وەک:**

زمان،

ڕەفتار،

دەربڕینی وشەکان،

دڵ،

مێشک،

هەروەها، ڕێزگرتنی بەرانبەر.

ئەگەر مۆری پەنجە، باری کەسێتی بسەلمێنێت، ئەوا مۆری زمانیش، بەرهەمی پەروەردەکردن و بەرزی ڕەفتار، دەسەلمێنێت. کەوابوو، با وشەکان، ئاسەوارێکی جوان، لەناو دڵی مرۆڤەکاندا، بخوڵقێنن.

**هاوناوەکان:**

نە هاوناوەکان دەبنە هاوشێوەکان، نە هاوشێوەکانیش دەبنە هاوهەستەکان،

**دڕک چاندن:**

ئەوانەی دڕک دەچێنن، هەرگیز گوڵ کۆناکەنەوە.

**بۆ هەر مەبەستێک، سنوورێک:**

کە برسیت بوو، نان بخۆ، بەڵام زۆر نا...

کە تینووت بوو، ئاو بخۆوە، بەڵام زۆر نا.

کەسێکت خۆشویست، سەردانی بکە، بەڵام زۆر نا.

کەسێکت خۆشنەویست، دووری لێبکە، بەڵام باسکردن، نا.

داواکاریت لە کەسێک هەیە، بیکە، بەڵام، بێزارکردن، نا.

چونکە بۆ هەر شتێک، سنوورێکی دیاریکرا و هەیە.

**بزر بوون:**

سرووشتی مرۆڤ وایە، بەردەوام لە هەوڵی بەرزبوونەوەدایە. کاتێک کە بەرزیش دەبێتەوە، یان بۆ هەمیشە بزر دەبێت، یان زۆر بچووک دەبێتەوە. چونکە بەرزبوونەوەی هەمیشەی، تایبەت نییە بە مرۆڤ. هەر بۆیە کاتێک هەنگاوەکانی سەرکەوتن دەبڕێت، زوو خۆی بزر دەکات و دەرئەنجام، خۆی بچووک دەکاتەوە. کە بچووکیش بۆوە، وەک ئەوەیە هەرگیز لە ژیاندا نەبووبێت. زۆر کەمن ئەو کەسانەی، کە دەگەن بە لوتکەی سەرکەوتن و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بەجوانی خۆیان ڕابگرن. هەر ئەوەشە لە کۆتاییدا، بە ناشیرینترین شێوە، دەخرێنە خوارەوە و دەکەونە ژێر پێی خەڵک...

**یاسای دارستان:**

لە دارستانێکدا، کە گورگ فەرمانڕەوایی بکات و دادوەرەکانیش، هەر بە یاسای دارستان حوکم بکەن، چۆن مەڕی داماو، جێی دەبێتەوە؟!

دوو شت مرۆڤ، لە کۆمەڵگە دادەبڕێت:

زیادەڕەویی لە بیروباوەڕدا،

زیادەڕەویی لە بێباوەڕیدا.

**پەشیمان نیم:**

پەشیمان نیم لەوەی کە کردوومە، بەڵام... خەم لەوە دەخۆم، کە بۆم نەکراوە.

**نیگەران مەبە:**

نیگەران مەبە، کاتێک کەسێک، وتەیەکی نەشیاوی لەدەم دەردەچێت.

چونکە ئەو کەسە، وەک جامی ئاو، دەمێکە پڕ بووە. ناکرێت لێی نەڕژێت!

**بەهانەگرتن:**

ئەوانەی کە دەزانن تەنیا بەهانە بگرن، چەندە جوانتر بن، ناشیرینترن.

**وتەی ناخۆش:**

هەر وتەیەک ناخۆشبوو، گوێی لێمەگرە.

هەر وشەیەک نەشیاو بوو، مەیخوێنەوە.

هەر ڕوویەکی ناخۆشت بینی، سەیری مەکە.

هەر ڕێگەیەک مەترسیدار بوو، پێیدا مەڕۆ.

**سەرئێشە:**

هەر شتێک، یان هەر کەسێک، بوو بە هۆی سەرئێشە، بیری لێمەکەوە.

**چاوپۆشی:**

ئەگەر کەمێک چاوپۆشـــی لە هەڵەکانی خەڵک نەکەین، دوور نییە تەنیا بمێنینەوە. لەبەر ئەوە، مرۆڤ زمانی هەیە. زمانیش، ئەگەر وریای نەبین، وەک مار، پێوەدانی هەیە.

**ڕاستبوون:**

هەوڵ بدە کە ڕاست بی. ئەگەرنا، خوای گەورە، پەردە لەسەر هەموو ناڕاستییەکانت لادەبات.

**دڵ بەستن:**

خۆزگە هەموو کەســێک تێدەگەیشــت، دڵ بەســتن بە قەلەڕەشــێک، کە دڵی هەیە، باشترە لە دڵ بەستن بە تاوسێک، کە تەنیا هەر جوانی هەیە...! (وتەی ناوداران)

**کەسایەتی:**

بەرزترین لوتکەی کەسـایەتی هەرکەسـێک، کەسـایەتییە. هەرکاتێک هەسـت کرا، کە زیانی پێدەگات لەلایەن هەرکەسێکەوە، باشترە لێی دوور کەویتەوە. چونکە لە ئاگر، هەر چاوەڕوانی سووتان دەکرێت.

**دروستکردن و تێکدان:**

بۆ دروستکردن، کاتێکی زۆر، بۆ تێکدانیش، چەند خولەکێک...!

**چاو:**

هیچ شـــتێک لە چاو بەنرختر نییە. بەڵام کە توانای بینینی لە دەســـتدا، بوون و نەبوونی وەک یەکە.

**باسکردن:**

مرۆڤ، باس لەهەر شتێک بکات، یان خۆی بکات بە خاوەنی هەر شتێک، بەئەندازەی لێهاتوویی خۆی، گەورەی دەکات، یان بچووکی دەکاتەوە.

**لەدەستدان:**

ویســـتم بۆ لەدەســـتدانت بگریەم. ســـەیرم کرد، هەموو فرمێســـکەکانم لە پێناو بەدەستهێنانتدا، ڕشتووە... (وتەی ناوداران)

**خۆر و دڕک:**

خۆر، کە دەرکەوت، ڕووناکی و وزە دەبەخشێت.

دڕکیش، کە دەرکەوت، جگە لە ئازار گەیاندن، هیچی تر نییە.

**زمان:**

ئەگەر مرۆڤ، زمانی نەبوایە، هیچ مەترسییەک، لەسەر هیچ کەسێک نەدەبوو، لەسەر ئەو دنیایە.

**بەرزبوونەوە:**

مەرج نییە هەر شتێک کە زۆر بەرز بۆوە، بەهۆی قورسایی زۆرەوە بێت.

**ناخ:**

ناخی هەرکەسێک، لەسەر نووکی زمانی دەردەکەوێت.

خۆسەپاندن:

تەنیا هەر بە قسە خۆت مەسەپێنە

بەکردای جوان خۆت بسەلمێنە

**خەم:**

ئەگەر خەمێک بخەیتە ناو دڵی هەرکەسێکەوە

چاوەڕێی چەندین خەم بکە کە بێتە ناو دڵتەوەزانین:

هیچ کەسێک، هەموو شتێک نازانێت. بەڵام هەموو کەسێک، شتێک دەزانێت، کە ئەوەیتر نایزانیت.

**هەستکردن:**

تا لە ئاگر نزیک نەبیتەوە، هەست بە مەترسی سووتان ناکەی،

تا تێکەڵ بە سیاسەت و حزبایەتی نەبی، هەست بە بێوەفای ناکەی،

تا تێر بۆنی گوڵ نەکەی، هەست بە جوانییەکەی ناکەی،

تا هاوڕێکەت تاقینەکەیەوە، هەست بە چاکە و خراپەی ناکەی،

تا کەسانی ماستاوچی نەبینی، لە پیاوبوون تێناگەیی و نەفرەت لە ڕیسوایی ناکەی.

**بێوەفایی:**

بێوەفایی، پەڵەیەکی ڕەشە. لەهەرکەسێکدا دەرکەوێت، وەک ناشیرینترین بوونەوەر، پێناسەی بۆ دەکرێت.

**باشترین هاوڕێ:**

باشترین هاوڕێ، بەرزترین بڕوانامەی ژیانە.

**دڵە پاک و بێگەردەکاتن:**

دڵە پاک و بێگەردەکان، وەک ئاوی زوڵاڵ وان. بچووکترین وشەی ژەهراوی، لیڵیان دەکات.

**جوانكاری:**

كەسێک نەتوانێت، جوانكاری لە ناخی خۆیدا بكات، هیچ سوودی نییە، كە دەستكاری شێوە و ڕوخساری بكات.

**باشتر بوون:**

تۆ كە نەتوانی ئەمڕۆ لە دوێنێ باشــتر بی، بۆ ئەوە نابی، جێی متمانی هیچ كەسـێک بی.

**لەدەست دان:**

هەرگیز ئەو شتە لەدەست مەدە، كە هیچ شتێک شوێنی ناگرێتەوە.

**شكاندن:**

سێ شت هەرگیز مەشكێنە:

بەڵێن،

متمانە،

دڵی كەس. (لە ئینگلیزییەوە)

**گرنگی پێدان:**

هەموو كەسـێک پێویسـتە بۆ ماوەیەكی كاتی، دیار نەمێنێت. بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، كە كێ بۆی گرنگە و كێ بیری لێدەكاتەوە؟

**چاوەڕێكردن:**

چاوەڕێی چی لە ئاگر دەكەی، جگە لە سووتان؟

چاوەڕێی چی لە دووپشک دەكەی، جگە لە پێوەدان؟

چاوەڕێی چی لە ستەمكار دەكەی، جگە لە چەوساندنەوە؟

**بەڵێن:**

بەڵێن، هاوشێوەی یەكێک لە ڕوكنەكانی ئیمانە.

**پێناسەی كات:**

كات، هێواشە، كاتێک كە تۆ چاوەڕێ دەكەی.

كات، خێرایە، كاتێک كە تۆ، دوا دەكەوی.

كات، كوشندەیە، كاتێک كە تۆ خەمباری.

كات، كوورتە، كاتێک كە تۆ شادی.

كات، بێكۆتاییە، كاتێک كە تۆ، ئازارێكت هەیە.

كات، درێژخایەنە، كاتێک كە تۆ، بێزاری.

کات، هەمیشە بڕیاری هەستی دەروونی تۆیە، کە چۆن سنووری بۆ دادەنێی، نەک کاتژمێر... (وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە)

**خۆ بە دوورگرتن:**

لە دوو شت خۆت بە دوور بگرە چونکە پێویست نین:

یەکەم: هەرکەسێک، هەر شتێکی پێخۆشنەبێت، بە زۆر پێی مەکە.

دووەم: خۆت لە ژیانی هیچ کەسێک وەرمەدە و بەردەوام، مەڵێ: چی دەکەیت؟!

چونکە هەرکەسێک، بە شێوەیەک، باری ژیانی خۆی ڕێک خستووە.

**ڕازی بە:**

ڕازی بە، بەوەی کە هەی، شانازی بکە بەوەی کە بووی، خۆشحاڵبە بەوەی کە دەبی. چونکە ژیان، دیاریەکی بەنرخە و بریتییە لە گۆڕانکاری.

**کەس:**

زۆر کەس، بە زۆر نابن بەکەس. بەڵام کەم کەس، ئاسان دەبن بە هەموو کەس.

**دڵ:**

دڵ، ئامێریکی سرووشتییە و بەخوێن ئیش دەکات. دەکرێ لەبری خوێن، بەرد بخرێتە ناوی؟!

**بەرژەوەندیخواز:**

هەرگیز لە کەسانی بەرژەوەندیخواز، نزیک مەبەوە.

چونکە هەرکاتێک، بەرژەوەندی نەما، وەک نەیار سەیرت دەکات.

گەورەیی مرۆڤ، لە چیدایە؟

گەورەیی مرۆڤ، تەنیا لە تەمەنی زۆردا نییە،

لە خوێندەواریی زۆردا نییە،

لە بڕوانامەی بەرزدا نییە و کەسە نزمەکان، هەرگیز بەرز ناکات،

لە ڕوخساری جواندا نییە و ناخپیسەکان جوان ناکات،

لە قسەکردنی زۆر و زمان درێژیدا نییە و مرۆڤ، وشیار ناکات،

بەڵکوو گەورەیی مرۆڤ، تەنیا لە نەرمی و ئارامی و لێبوردەیی و ڕێزگرتن و میهرەبانی و هەڵسوکەوتی جوان دایە.

**کێشەی گەورەی مرۆڤ:**

کێشەی گەورەی مرۆڤەکان، ئەوەیە کە زۆر درەنگ، بەرانبەرەکانیان دەناسن!

هەر ئەوەشە کە بەردەوام، زیانیان پێدەگات.

ئێمەی مرۆڤ، زیاتر گرنگی بە زمان و ڕوخسار دەدەین، نەک بە ناخ و کردار...!

**درۆکردن:**

لەناو خەڵکی نزمدا، درۆکردن، زۆر باوە! (نیتشە)

**درۆزن:**

درۆزن هەوڵدەدات، بۆ داپۆشــینی کەموکوورتییەکانی، کێشــەو ئاژاوە لەناو خەڵکدا، درووست بکات.

**ژن:**

ئاوێنەی دڵی ژنان، پاک و بیگەردە. ئەگەر هاوســـــەرەکانیان، بەپاکی و وەک پیاو ببینن، فیداکاریان بۆ دەکەن. (وتەی ناوداران)

**ویژدان:**

هەرکەسێک بێبەش بێت لە ویژدان، بە ئارامی ناخەوێت و هەمیشە خەمبارە.دڵخۆشی: بۆ دڵخۆشکردنی خۆت، باسی کەس مەکە. هەروەها بۆ دڵخۆشکردنی خەڵک، باسی خۆت مەکە. چونکە دەکرێی بە نیشانە و بەردت تیدەگرن.

**دڵنیا بووم:**

دڵنیا بووم کە تۆ، نزیکترین کەســـی منی. بەڵام هەمیشـــە، گومانم لە ڕاســـتبوونت هەبوو.

**دڵگۆڕان:**

کاتێک کە دڵ دەگۆڕێت، تەنیا دڵ هەستی پێدەکات.

**نزیک بوونەوە:**

نزیک بوونەوە لە کەسێکی خراپ، دوور کەوتنەوەیە، لە هەموو خەڵکی چاک.

**ڕۆیشتن:**

ئێمە دەڕۆین، ئێوە دەڕۆن، ژیانیش بەردەوامە...کۆتایی بەرگی دووەم

# ئەزموون و ژیان
# بەرگی سێیەم

نووسین و ئامادەکردنی
محەمەد پشدەری
ئوستراليا
٢٠٢١

## لەبریی پێشەکی

ئاماژە بە چەند بەسەرهاتێکی ژیانم دەکەم. ئەگەرچی خۆم دژی پێشەکی دوورودرێژم، ئەوجار بەسەرهات و ڕووداویشی بێتەسەر! بەڵام هەروەک مێژوویەکی کوورت لە ڕابردووی خۆمدا، بە پێویستی دەزانم کە نەیشارمەوە و بیخەمە پێش چاوی ئێوەی خۆشەویست.

ڕووداوەکان گەرچی کۆن دەبن، بەڵام لەبیر ناچنەوە. هەروەک زۆربەی خەڵکی کوردستان، منیش لە نەهامەتی و دەربەدەری و دەردەسەرییەکانی ژیان لە ڕۆژگاری ڕابردوومدا، بێبەش نەبووم. من هەرجارێک کە مەترسی گیان ڕووی تێکردبم، وەک پەناگەیەک تەنیا کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەناگە و شوێنی حەسانەوەم بووە.

جارێک لە دانیشتنێکدا لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوی ڕیش سپی و خاوەن ڕابردوودا، ناوی کەسێکم بەرگوێ کەوت بەناوی (د. ع.) کە گوایە ئەویش پێش ماوەیەک لە ڕۆژهەڵات بووە. بەڵام دواتر دەرکەوتووە کە پەیوەندی بە (ئیستیخبارات) هەواڵگریی ئێراقەوە هەبووە!

هەر دوای ئەوە کە ڕاستییەکە پشتڕاست کراوەتەوە و لەلایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەوڵی دەستگیرکردنی دراوە، ناوبراو ڕایکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باشوور.

دوای چەند ساڵێک بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ژیان، بەناچاری و بەبێ خۆ ڕادەستکردنەوە بە ڕژێم، گەڕامەوە بۆ باشوور و لە ئۆردوگای بەستەستێن کە ئەوکات پێی دەوترا پەناگەی قاچاغەکان، دەستم کردەوە بە ئیشکردن و بەو میهنەیە کە لەگەڵیدا ڕاهاتبووم. کە کارکردن بوو لەسەر ددان و دەرمان، ژیانی ڕۆژانەی ماڵ و منداڵم دابین دەکرد.

بەڵام زۆر جار ئەو ناوەی کە بۆم باسکرابوو، (د. ع.) لەناو مێشکمدا دەزرینگایەوە! ئەگەرچی هیچ کاتێک هەوڵی ناسینی ئەو کەسەم بەمێشکدا نەدەهات. چونکە هەمیشە ترسێک لەدڵمدا هەبووە بەرانبەر بەو کەسانە کە ڕێگەی هەڵەیان گرتووەتەبەر و پشتیان لە ڕاستییەکان کردووە.

لێرەوە کەمێک دەوەستین و بزانین ڕووداوەکان بەرەو کوێمان دەبەن...؟

ڕۆژێک لەڕێگەی برادەرێکەوە کە بەپێویستی نازانم ناوەکەی بنووسم، (م. خ.) لە (دائیرەی ئەمن) ئاسایشیی سەنگەسەر داواکرام کە بچم بۆ ئەوێ و لەگەڵیاندا

دابنیشم. منیش وتم: خۆت باش ئەوە دەزانی کە من بە قاچاغی لێرە دەژیم و ناتوانم ئەوکارە بکەم. ئەویش وتی: بەڵێنی ئەوەیان پێداوم کە هیچ زیانت پێنەگەیەنن و تەنیا چەند پرسیارێکت لێدەکەن و هیچی تر...!

دوای کێشـــەیەکی زۆر و دڵەڕاوکێیەکی زۆر، وتم باشـــە. کاتێک لەگەڵیدا چووم بۆ ئەو شوێنە مەترسیدارە، هەر وەک ئەو داوایە لە هەموو کەسێک کراوە و دەکرێت، کە بێگومان هەر کەسەش بەشێوەیەک وەڵام دەداتەوە، یەکەم داوا ئەوە بوو کە من هاوکاریان بکەم و لە دژی خەڵک و وڵات و ویژدانی خۆم بجوڵێمەوە...! منیش وتم: ئەگەر داواکەتان ئەوە بێت، من ناتوانم بەڵێنتان پێبدەم. لەبەر ئەوە لەتوانای مندا نییە و نامەوێت درۆتان لەگەڵدا بکەم.

بەهەرحاڵ وازیان لێهێنام، بەڵام ترســێک، هەمیشــە لەناو مێشــکمدا دەخولایەوە و زۆر جـاریش خەوی لێـدەزڕانـدم و تەنـانەت چێژم لە خواردن و خواردنەوەش وەرنەدەگرت...

دوای مـاوەیەکی تر، برادەرێـک کە بە وەتمـان ئـاغـا بەنـاوبـانـگ بوو و خـاوەنی کەسایەتییەکی دیاریش بوو، زۆر سەردانی دەکردم. ڕۆژێک وتی: دەمێکە دەمەوێت شــتێکت پێ بڵێم: وتم: چیییە؟ بیڵێ. وتی: لە (دائیرەی ئەمن) ئاســایشــیی قەڵادزێ منیان ڕاسپاردووە کە لەگەڵ مندا بێیت بۆ ئەوێ... منیش وتم: دەڕۆم. وتی: بۆ کوێ دەڕۆی؟ وتم: ئەو داوایە بۆ من زۆر مەترسیدارە و زۆریش دەترسێم. وتی: بڕوات بە من هەیە؟ وتم: ئەگەرچی تۆ کەسـێکی زۆر بەڕێزی، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا، بڕوام بەخۆشم نییە. وتی: لەسەر شەرەفی من وەرە و دڵنیابە هیچ شتێک ڕوونادات. وتم: شــەرەفی تۆ، لەلای من زۆر پیرۆزە، بەڵام ئایا لەلای ئەوان شــەرەف بوونی هەیە؟ وتی: منیش ئەو ڕاستییە باش دەزانم، بەڵام داوام لێکراوە و تۆ قسەم مەشکێنە.

بە هەرحاڵ وەک ئەوە کە بچم بۆ ژێر پەتی ســــێدارە، دوای کەوتم و چوین بۆ (دائیرەی ئەمن)ی قەڵادزێ... کـاتێـک گەیشـــتین، ڕێزیـان زۆر لێنـام و زۆریش بەدەورمدا هاتن و چوون. وەک ئەوە هەنگیان لەناو داردا دۆزیبێتەوە و پڕ بێت لەو هەنگوینەی کە خۆیان مەبەســـتیانە...! دوای ئەوەی کە زانیان کەمێک ماندوویی و دڵەڕاوکێم کەمبۆتەوە و دەروونم ئاســایی بۆتەوە، زۆر بەهێمنی دەســتیان کرد بە پرسیارکردن.

- سەرەتا وتیان: ژیانت چۆنە؟ وتم: وەک هەرکەسێکی ئاسایی دەژیم.
- وتیان: ئۆتۆمۆبێلی باشت هەیە؟ وتم: ئۆتۆمۆبێلم هەر نییە.

• وتیان: کەرەســەی کارکردنت چۆن بەدەســت دەگات؟ وتم: هەرکەســێک بچێت بۆ شـــارەکان، کەمێکم بۆ دێنێت. دوای کەمێک ڕامان، وتیان: ئێمە ژیانی تۆ دەگۆڕین. پێویســـتە ژیانێکی زۆر نموونەت هەبێت و هەرچی تۆ بڵێی: بۆت جێبەجێ دەکەین. منیش وتم: هەموو خەڵکی ئێراق، چاوی لە ئێوەیە کە ژیانیان خۆش بکەن. منیش بەشـێکم لەو خەڵکە و سـوپاسـتان دەکەم. دیسـان دوای کەمێک ڕامان، وتیان: لە بەرانبەر ئەو هاوکاریەدا کە ئێمە پێشـــکەش بە تۆی دەکەین، تەنیا یەک شـــتی بچوکمان لە تۆ دەوێت... وتم: فەرموو! وتیان: ئەو دەفتەرەی کە ناوی ئەو کەسانەی لێدەنووســـی و دێن بۆلات، هەر کەســـێک گومانت لێیکرد، لە ڕاســـتی ناوەکەی، نیشـانەی زەڕبێک بنووسـە...! ئێمەش هەفتەی جارێک سـەیری دەفتەرەکەت دەکەین و هیچ پرسیارێکیش لە تۆ ناکەین...!

(لەوکاتەدا کە ئەو داوایە لە من دەکرا، من خۆم وەک جەللادێک دەهاتە پێش چاو و دانەدانە خەڵکی بێتاوانم بانگ دەکرد و بەدەســـتی خۆم پەتم بەملیانەوە دەکرد و لەسێدارەم دەدان...!) دوای ماوەیەک وەستان، وتیان: دەی کاکە محەمەد چی دەڵێی؟ منیش وتم: خۆتان دەزانن کە من کوردم و بەزمانی کوردیش قســـە دەکەم. ئێوەش عەرەبن و بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن.

بەڵام بۆ من عەرەبێک و کوردێک لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، هیچ جیاوازییەکی نییە. بۆیە ئەگەر کوردێک داوام لێبکات و زیان بە ئێوە بگەیەنم، هەرگیز ئەوکارە ناکەم. کە بۆ ئەوان نەیکەم، دڵنیابن بۆ ئێوەش نایکەم. چونکە مرۆڤبوون بەلای منەوە لە ژیانێکی خۆش بەنرخترە.

دوای ڕامانێکی زۆر وتیان: زۆر باشـە کاکە محەمەد، زۆر بەخێر هاتی. بەڵام لە دوا ڕۆژدا ئەگەر کێشـــەیەکت بۆ درووســـت بوو، ئێمە ناتوانین هیچت بۆ بکەین. چەند مانگێک ڕۆیشـــت، ڕۆژێک کەســـێکی کوورتەباڵا هات بۆماڵمان، بەڵام پێشـــتر ئەو کەسـەم نەبینیبوو. دوای ماوەیەک دانیشـتن، وتی: من بە (د. ع.) ناسـراوم و لە فلان شـوێنە دادەنیشـم. بەڵام چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، (ئیسـتیخبارات) هەواڵگیری دەسـتی بەسـەر هەموو کەلوپەلەکانی کارکردنمدا گرتووە. ئێستا هاتووم بۆ لای تۆ کە ڕێگەم پێبدەی لەگەڵ تۆدا کار بکەم.

هەر لەوکاتەدا کە ئەو باسـی خۆی دەکرد، برا گەورەکەم هات بۆ ماڵمان و بەدیتنی ئەو ڕەنگی گۆڕا و منی بردە دەرەوە و وتی: ئەو کـابرایە بۆ لێرەیە؟ منیش بۆم گێڕایەوە کە بۆچی هـاتووە. ئەویش بە حوکمی ئەوە کە براگەورەم بوو، وتی: بە

هیچ شـــێوەیەک لێت قبوڵناکەم کە ڕێگەی پێبدەی بێت بۆ لای تۆ. چونکە ئەوە کەسێکی ناپاکە و لەگەڵ (ئیستیخبارات)دا کار دەکات. منیش هەر ئەوکاتە، کەوتمەوە یادیی دانیشتنەکەی کوردستانی ڕۆژهەلأت، کە باسی ئەو ناوەیان دەکرد...!
بە هەرحاڵ چەندینجار لەســـەر یەک دەهات و منیش هەر ڕەتم دەکردەوە. دیاربوو کە ئەرکێکی پێســپێردرابوو و دەبێ هەر جێبەجێی بکات. دوا جار دیســان هاتەوە و بەشـــێوەیەک پاڕایەوە، کە دڵی منی گۆڕی و بێخەبەر لەوە کە بۆ ســـیخوڕیکردن دەنێردرێت بۆلای من تا ژیانی ئاســـایم لێ تێکبدات و تۆڵەی ئەو هاوکارینەکردنەی کە داوام لێکرابوو، لێبکرێتەوە...!
وەک دەڵێن: کورد لە گفتوگۆدا هەرگیز براوە نەبووە، منیش هەر ئەوەندەم بەســـەر زماندا هات و وتم: باشـــە...! هەر ئەو ڕۆژە هات و بەشـــێوەیەک دەســـتیکرد بەکارکردن، کە دەنگی پێدایەوە و لەو چوارچێوەی کە خۆم بۆ ژیان و کاری خۆم دامنابوو، زۆر تەجاوەزی کرد.
ڕۆژێک دوو هۆز (بەلکەیی و زوودی) بوو بەشـــەڕیان و چەندین بریندارى لێکەوتە وە. دوای تەواو بوونی شـــەڕەکە، چەنـد برینـدارێکیـان هێنـا بۆ لای ئێمە و چارەســـەرمان بۆکردن. دوای گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان، وەک ئیلهامێکی خودایی، من لەماڵ دوور کەوتمەوە و چووم بۆ ماڵی یەکێک لە بریندارەکان، کە ترسی ئەوەم هەبوو خوێن لە برینەکانی بڕژێت.
دوای چەند خولەکێک، یەکێک خۆیکرد بە ژوورەکەدا و وتی: هێزێکی زۆری چەکدار کە پێدەچێت (ئیســـتیخبارات)بن، ئێســـتا لە ناو ماڵەکەی تۆدان و خەڵکیشـــیان دەستبەسەر کردووە. تکایە مەچۆوە بۆ ماڵەوە و وریای خۆت بە.
منیش بەهۆی چەند کەسـێکی دڵسـۆز و بەویژدان، دوور خرامەوە و ڕەوانەی ماڵی کاک وەتمان حاجی قادر کرام لە ســـەنگەســـەر. کە بەداخەوە، ئەگەرچی ناوبراو، چەکداری حکومەت بوو و لەگەڵ عەبـاس بـایز دابوو، بەڵام لەبەر دڵســـۆزی و کوردپەروەری، لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەسێدارە درا و بزر کرا...
شایانی باسە کاک وەتمان، زۆر بەجوانی منی پاراست و هاوکاریەکی زۆریی کردم. کە شـــەویش داهات، منی برد بۆ ژاراوە بۆ ماڵی ئاشـــنایەک. ئەگەرچی ناوبراو بە ئاشـــکرا چەکداری حکومەت بوو، بەڵام پەناگایەک بوو بۆ ئەو کەســـانە کە ڕژێم بەدوایاندا دەگەڕا و ژیانی دەشـێواندن. دواتر پەیوەندیمانکرد بە هاوڕێی کۆنم کاک (محەمەد وەتمان) بەرپرسی ت. پ. ٦١ی کۆڕشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

ئەویش بەپەلە هات بە هاوارمەوە. دوای ئەوەی کە سەبارەت بە ڕووداوەکە دواین، بەڵام ڕێگەی پێنەدام کە بچمە دەرەوە و وەک پ. م. خەبات بکەم. وتی: جارێ بمێنەوە بەڵکوو ئەو سیخوڕانە وازت لێبێنن...

ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە، ماڵەکەی خۆشم بۆ نامۆ بوو و تەنانەت نەمدەتوانی منداڵەکانی خۆشم ببینم و تاوێک لەگەڵیاندا بە ئازادیی دابنیشم.

دوای چەند مانگێک گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئێراق دا دەستپێکرد و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئازادی دەهاتنەوە ناو شارەکان و بە ئاشکرا خزم و کەسی خۆیان دەبینی. منیش بەو هۆیەوە کەمێک ترسم لە دڵدا کەم بۆوە و جارجار بەدزیەوە سەرێکم لە منداڵەکانم دەدایەوە.

ساڵی ١٩٨٤ڕۆژێک کە جەژنی قوربان بوو، زیاتر هەستم بە ئارامی دەکرد. پێموانەبوو لەو ڕۆژەدا هیچ شتێک ڕوو بدات. بۆیە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژ چوومەوە بۆ سەردانی منداڵەکانم. بەڵام کەمتر لە ژوورەوە دادەنیشتم. دەتوانم بڵێم: وەک پاسەوانێک کە ئەرکی پاراستنی دەوروبەرەکەی خۆی پێسپێردراوە، لەسەربانی ماڵەکەمان دەجوەڵامەوە و هێدیهێدی پیاسەم دەکرد.

لە هێکڕا بینیم کچێکی تازە پێگەیشتوو، لەو سەری کۆڵانی ڕەدیفی خانوەکانی ماڵەکەی خۆمان، زۆر بە ئارامی بە بەر دەرگای ماڵی ئێمەدا تێپەڕ بوو و سەری بە ماڵێکدا کرد و دوای چەند چرکەیەک گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان. منیش هەر بەردەوام بووم لە پیاسەکردن لە سەربانی ماڵەکەمان.

دوای ئەوەی کە کچەکە گەیشتەوە بۆ ماڵیان، پیاوێک هەر لەو شوێنەی کە کچەکەی لێهاتە دەرەوە، بەبەر دەرگای ماڵی ئێمەدا تێپەڕ بوو و لەوسەری کۆڵانەکەدا بۆلای چەپ سووڕایەوە و لەبەرچاوم بزر بوو. دوای چەند چرکەیەک، پووری ئەو کچەی کە پێشتر هات و سەری بە ماڵیاندا کرد و گەڕایەوە، بەدەنگێکی پەرۆشەوە هاواری کرد و وتی: ڕاکە. داوت بۆ دانراوەتەوە. ئەوانەی کە هاتن و تێپەڕ بوون، بۆ دەستنیشانکردنی تۆ هاتبوون. ئەو پیاوەی کە دوایش تێپەڕ بوو، (ئیستیخبارات) بوو و بە دوای تۆدا دەگەڕێت. تکایە زووکە و خۆت ڕزگار بکە.

ماڵی ئەودیوی ماڵەکەی خۆمان کە دیوارمان یەک بوو، (ماڵی شەهید حەسەن حاجی خدر دێلۆیی) هەندێک گونیەی پڕیان لەسەر یەک دانابوون. بۆیە بە هەلم زانی و لەسەربانەوە خۆم هەڵدایە سەر گونییەکان بۆ ئەوەی خۆم ڕزگار بکەم. کە

هـاتمه خوارەوه دیتم ئۆتۆمۆبێلیەک پیـاوێکی لەوســـــەری کۆڵانەکەوه دابەزانـد و ڕۆیشت...
بێخەبەر لەوه کە هەر ئەوکـات ئۆتۆمۆبێلکه چووه بۆلای مـاڵی ئێمه، بۆ ئەوەی له هەردوو لاوه گەمارۆم بدەن. ئەو کەســـــەی کە دابەزی له ئۆتۆمۆبێلکه، هەمان ئەو کەسه بوو کە پێشتر به کراسێکی سپی و شەرواڵێکی شینی کوردی و بەبێ چەک به دەوری مندا سوڕایەوه و تێپەڕبوو. ئیتر من نەمتوانی ڕابکەم.
بەڵام ئەو شوێنەی کە لێی وەستابووم، چونکه پێشتر کار لەسەر خانوەکه کرابوو، بەردی زۆری لێبوو و هەر لەو شـــوێنه وەســــتام. کابرا بەرەو ڕووم دەهات و بەمەبەســـتی ترســـاندنیش، جاروبار تەقەی هەوایی لێدەکردم. بەشـــێوەیەکی زۆر ترسناک و دڕندانه، وتی: یاڵڵا پێشم کەوه بۆ (ئیستیخبارات).
منیش لەوکاتەدا کە هیچ هیوایەکم به ژیان نەمابوو، له مردنیش هیچ ترسێکم نەبوو. دەمزانی ئەگەر خۆم ڕادەسـتی ئەو خوێنمژه بکەم و لەگەڵیدا بچم، بەدەردی هەموو ئەو کەسه شۆڕشگێڕ و بێتاوانانه دەچم کە پێشتر دەستگیر کرابوون و به خراپترین شـێوه، مامەڵەیان لەگەڵدا کرابوو و دواتر بێســەروشـوێن کرابوون هەر بۆیه مردنم هەڵبژارد و تووشـــی شـــەڕێکی مان و نەمان بووم و له ڕاســتی خۆم، داهاتمەوه و دوو بەردی پڕ بەدەســـتم هەڵگرت و یەکێکیانم له ســـینگی داو ئەوەی تریشـــم له ڕوومەتی ڕاستی داو خوێن هاته خوار.
کابراش وێڕای ئەوەی کە هاواری بۆ ئەوانیتر دەکرد و پێشـــتریش تەقەی ئەولا و ئەملای لێـدەکردم، کە بەردەکـانم تێگرت، هەڵیکوتـایه ســـەرم و ویســـتی به کلاشینکۆفەکه لەسەرم بدات و هەرچۆنێک بێت بێهێزم کات و دەستگیرم بکات.
پێدەچوو دەستووری کوشتنی پێنەدرابێت، ئەگەرنا دەیتوانی به گوللەیەک بمکوژێت. کە هێرشـی کردە سـەرم، من بۆ پاراسـتنی گیانی خۆم، بەدەسـتی ڕاسـت، لولەی کلاشینکۆفەکەم گرت و وەک جۆره سەمایەک، دەستی چەپیشم له پشت گرێدابوو.
ئەو هـاواری دەکرد بۆ هـاوڕێکانی و منی پـاڵدەنا بۆ کۆڵانەکه. بۆ ئەوەی نزیکم کـاتەوه له ئەوانیتر. منیش هەوڵم دەدا پاڵی پێوەنێم بۆ بەر دەرگـای مـاڵی (حـاجی محەمەد زوودیی) کە خوا لێی خۆشـبێ ئێسـتا له ژیاندا نەماوه و ئەوکات چەکداری حکومەت بوو. دەمزانی ئەگەر ئەوان بەو دۆخه بزانن، هەسـتی کوردانەیان دەجوڵێ و فریام دەکەون.

لەو کاتە هەستیارەدا گوێبیستی دەنگی پیاوێک بووم بە ناوی (حەسەنە سوور)، کە دەیوت: ژنەکان! بۆ خاتری خوا فریاکەون فلانکەس خەریکە دەکوژرێت... ئەو ژنانی گەڕەکی هاندەدا و من و کابراش هەر خەریکی ســــەمای خۆمان بووین و هەر یەکەشمان مەبەستی خۆمان هەبوو.

منیش وەک ئەوە کە هێزێکی زۆر بەهێز، پاڵم بنێ و کابرام برد بۆ بەردەرگای ماڵی حاجی محەمەد و لەوێ خستم. بەڵام دەستم لە لولەی کلاشینکۆفەکە هەر بەرنەداو بەدەستی چەپیش توند ملیم گرت و نە ئەو دەیتوانی هەستێ، نە منیش دەمتوانی لەسەری هەستمەوە. بەڵام تاک تاک گوللەی هەردەهاویشت و باررووتی گوللەکانیش، دەهاتە ناو چاوانم و بەهۆی گەرمی لولەکەش، زۆر جار خەریک دەبوو دەستم شلکەم و لولەی کلاشینکۆفەکە بەردەم. بەڵام هەر خۆمڕادەگرت.

ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە ماینەوە. بەڵام لەناکاو ژنانی شۆڕشگێڕیی گەڕەک و دەوروبەر، وەک هێزێکی خودایی، دابارین و بەهەرچی کە لەدەستیاندابایە، سەر و پێتەلاکی کابرایان دەکوتا و منیش چونکە لەســــەرەوە بووم، لەو لێدانە بێبەش نەبووم... بەڵام چێژم لێوەردەگرت چونکە موژدەی ڕزگاریم بوو.

دوای ماوەیەکی باش کە ژنەکان بە دار و بەرد و نەعلەکاندیان کابرایان دەکوتا، هەستمکرد لەبەردەستمدا بێهێز بووە. بۆیە دەستم لە لوولەی کلاشینکۆفەکە بەردا و دەســــتم برد بۆ ملی بەمەبەســــتی خنکاندن و ڕاکردن. هەرکە ئەوەم کرد، وەک ورچی هار، دەستیکرد بە تەقە و ئەمجارە بە مەبەستی کوشتن. بەڵام من بەپەلە لوولەی کلاشینکۆفەکەم گرتەوە و ڕووم پێ لەلایەکی تر کرد.

بەناچاری هەروەک چۆن پێشتر گرتبووم، لەسەری نەجووەڵام. بەڵام هێزی نەبەزی ژنان، هەر بەردەوام بوو و دواتر خەڵکی تریش هات و هیوای ڕزگاربوونم هەر زیاتر دەبوو. دوای ماندووبوونێکی یەکجار زۆر، هەر ئەوەندەم زانی چەکدارەکان هەموویان دەرکەوتن و (حاجی محەمەدی) یش کە هەمیشە وەک شێرێک دەیگوڕاند، هاواری کرد و وتی: ئەوە دەتانەوێت چی لەو خەڵکە هەژارە بکەن؟ دەتانەوێت لەناو ماڵەکانی خۆشــــییاندا بیانکوژن؟! وەک ئێســــتا لەبیرمە؛ یەکێک لە چەکدارەکان کە برازای (حاجی محەمەد) بوو، (کاک خدر) لوولەی کلاشینکۆفەکەی خستە ناو گوێی کابرای (ئیستیخبارات) و بە ئاماژەیەک وتی: تۆ هەستە بڕۆ... ئەگەر ئەویش جوڵەی کرد، سەری دەکەم بە چەند پارچە.

که ئەوەم بیست، هەستام و ڕامکرد و لەشوێنێک خۆم پەنادا. بەڵام بێخەبەر لەوە بەپێی قسەی ئەوانەی کە ئاگاداری ڕووداوەکە بوون و دواتر باسیاندەکرد، هاوڕێکانی ئەو سیخوڕە، لەسەری کۆلانەکە، ئاگاداری هەموو ڕووداوەکە بووبوون، بەڵام لەبەر ئاپۆرای خەڵک، نەیانتوانیبوو نزیک ببنەوە.

که شەو داهات و وڵات کەمێک ئارام بۆوە، چەند کەسێکی دڵسۆز، منیان برد بۆ ماڵی یەکێک لە دۆستان، (حاجی عەلییە سستە) لە ژاراوە و ئەویش کاک (محەمەد وتمان)ی ئاگار کردەوە و بەزوترین کات لەوێ ئامادەبوو. دوای باسکردنی بەسەرهاتەکە، دیسان (کاک محەمەد) ڕای وابوو کە دەرنەچم و ژیانە ئاساییەکەم لێتێکنەچێت. بەڵام من کە وەک دەروێش، دەمزانی کە چیم لە ناو کەشکۆڵدایە، هەر سوور بووم لەسەر ئەوە کە دەرچم و لەو دۆخە ترسناکە ڕزگاریم بێت.

(کاک محەمەد) وتی: لەبەر ئەوە ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (موفاوەزە) گفتووگۆمان هەیە لەگەڵ حکومەتدا، هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی (فیرقە) و (ئیستیخبارات)ی قەڵادزێ، کێشەکەت چارەسەر بکەین. دوای دوو ڕۆژ (کاک محەمەد) وتی: من قسەم لەگەڵدا کردوون و بەڵێنیانداوە کە لەمەودوا کاریان پێتنەبێت. بەڵام (رائید محەمەد) کە سەرۆکی (دائیرەی ئیستیخبارات)ی قەڵادزەیە، داوایکردووە کە بتبینێت.

منیش ئەوکارەم زۆر بەلاوە گران بوو. لەڕاستیدا دەشترسام کە دەستگیرم بکەن. بۆیە وتم: ئەوکارە ناکەم. (کاک محەمەد) وتی: خەم مەخۆ، ناتوانن هیچت بەرانبەر بکەن.

بەهەر حاڵ منی برد بۆ (دائیرەی ئیستیخبارات)ی قەڵادزێ و یەکەم کەس کە لەپێشەوە وەستابوو، ئەو کەسەبوو کە من بریندارم کردبوو و بە لەفاف ڕوومەتی داپۆشرابوو. بەهێمنی بە (کاک محەمەد)م وت: ئەو درندانە، هەرگیز ئەو شتەیان لەبیر ناچێتەوە.

که چووین بۆ ژوورەکەی (رائید محەمەد)، ڕووی تێکردم و وتی: ئێمە هیچت پێنالێین. تۆ چ لەناوەوەبی، یان لە دەرەوە، هەر ئیش بۆ دەرەوە دەکەی. مادام کەوایە، بۆ ناچی بۆ دەرەوە و بە ئاشکرا کارەکانی خۆت بکەی؟ منیش ڕووم لە کاک محەمەد کرد و وتم: مانەوەی من هیچ سوودێکی نەماوە و ئەوانە باوەڕیان بە من نییە. چونکە پێشتر داوای هاوکاریان لێمکردووە و نەمکردووە.

ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٤ کە بڕیاری چوونە دەرەومدا و ئیتر نەگەڕامەوە.

بەڵام لە هەمووی جێگەی داختر ئەوەیە، ئەوانەی کە مافیان خورا و زیانی زۆریان لێکەوت و ژیانیان لێتێکچوو، لەگەڵ ئەوانەدا کە هیچیان نەکرد و بگرە زیانیشیان بە خەڵک گەیاند، هیچ جیاوازییەکیان نییە و لەوانەیە لە زۆر لاوە، ئەوان ژیانیان باشتر بێت و ڕێزیشـیان زیاتر لێبگیرێت...! هەر بۆیە وڵاتمان نە بەرەو پێشـەوە دەچێت، نە خەڵکی دڵسۆزیش دڵی بە ڕابردوو خۆشە، نە هیوایەکیش هەیە بۆ داهاتوو...

محەمەد پشدەری

دانیشتووی ئوستralیا

**تێبینی:**

لە ڕاستی و درووستی ڕووداوەکان، هیچ گومانێکتان نەبێت. لەبەر ئەوە خەڵکانێکی زۆر کە بەخۆشییەوە ئێستاش لە ژیاندا ماون و شاهیدی ئەو ڕاستیانەن. من بۆیە ئاماژەم بە مێژووی ڕۆژی ڕووداوەکان نەکردووە، چونکە ئەو بەسەرهاتانە، لە هەموو ڕۆژێکدا بۆ هەموو ڕۆڵەکانی ستەمدیدەی کوردستان دووبارە و چەندین بارە بوونەتەوە و کە ئێستاش بەداخەوە هەر بەردەوامە.

هەروەک ئەو ڕاستییە بۆ هەموومان ئاشکرایە، مرۆڤ تا ناخۆشی نەبینێت، نرخی خۆشی نازانێت. تا خەڵکی چاک و خراپ نەبینێت، لە مانای ژیان تێناگات و خۆی ناناسێت...

هەروەک ئەو ڕاستییە باش دەزانین، هەر کەسەو چیرۆکێکی جیاوازیی هەیە لە ژیاندا. کە گومان لەوەدا نییە، کە ڕووداوەکانی ژیان، ئەوەندە زۆرن، ئەگەر هەموویان بنووسرێنەوە، لە چەندین پەڕتووکدا، جێگەیان نابێتەوە... هۆی دوورکەوتنەوەشم لە نیشتمانی خۆشەویست، ناتوانم هەموو تاوانەکەی بخەمە سەر دوژمنە دڕندەکانمان. من پێموایە خۆشمان بەشێکی کەم نین لە ناعەدالەتی و ئازاردانی یەکتر...!

هاتنم بۆ وڵاتێک، (ئوستورالیا) کە زادگای خۆم نییە، بەڵام بووە بە نیشتمانم. خەڵکەکەی هاوخوێن و هاو زمانم نییە، بەڵام بوون بە خوشک و برا و خۆشی و ناخۆشییەکانمان بوون بەیەک و هیچ کەس بۆ هیچ کەس بیگانە نییە و ئەوەی کە هەموومان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، خۆشەویستی بۆ ئەو وڵاتەیە کە وەک دایکێکی دڵسۆز و میهرەبان، لەناو باوەشی گەرمی خۆیدا، ئارامی و ئاسوودەیی پێبەخشیوین.

----

## ژنێک کە ژیانێکی شایستەی لێکەوتەوە

بەردەوامی نائارامی و بێزاری خەڵکی کوردستان بەهۆی چەوسانەوەیان لەدەست چەوسێنەر و داپلۆسێنەرانی دژ بە گەل و وڵاتەکەیان، بارودۆخێکی وای درووست کردبوو، هەرکەسێک قسەت لەگەڵدا بکردایە، باسی خۆرزگارکردنی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن چاوساغێک یان دۆستێکی دڵسۆز، یان هەر نەبێ، دۆستی دۆستێک بدۆزێتەوە تاکوو بگات بە دەرەوەی وڵات و ژیانێکی ئاسوودە بۆ ماڵ و منداڵەکەی دابین بکات.

من دوای ئەوەی کە زۆر لە ڕاکردن و هە ڵاتن و خۆشاردنەوە لە ترسی سیخوڕ و (ئیستیخبارات) و ڕژێمی خوێنڕێژی سەدام، کە لە ناوبردنی کوردستان و خەڵکی کوردستانی کردبوو بە بەرنامەی کاری ڕژێمە ستەمکارەکەی. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ژێردەستی وڵاتی ئێران)، گیرسابوومەوە و ڕێگەی ژیانم بۆ خۆم و منداڵەکانم دۆزیبۆوە (ددانسازی).

بۆیە زۆر پێمخۆشنەبوو باسی دەرەوەی وڵات و دوورکەوتنەوە لە وڵاتەکەم بکەم. لە هەمانکاتدا هاوڕێیەکم (کاک مەحمودی بابەکر ئاغا)، کە زۆربەی خزم و کەسە نزیکەکانی لە وڵاتی بەریتانیا دەژیان، لە شوێنی کارکردنمدا زۆر سەردانی دەکردم. جارجاریش باسی دەرەوەی وڵات و بەتایبەتیش، ئوسترالیای بۆ دەکردم. من سەرەتا زۆر گوێم لێنەدەگرت، چونکە لە دەربەدەری و ئاوارەیی زۆر بێزار ببووم. بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر و بەردەوامی ئەو هاوڕێ دڵسۆزەم، ڕۆژێک وتم: بۆ تۆ کە خزمەکانت هەموویان لە دەرەوەن، لەوانەیە ئاسان بێت، بەڵام بۆ منێک کە هیچ کەسم لە دەرەوە نییە، چۆن دەکرێ؟

ئەویش وتی: من هاوڕێیەکم لە ئوسترالیا هەیە و دەتوانم داوای لێبکەم کە فۆرم بۆ هەردووکمان بنێرێت. منیش وتم: هاوڕێکەی تۆ کە من ناناسێت، چۆن فۆرم بۆ من دەنێرێت؟ وتی: خەمت نەبێت من ئەو کارە دەکەم. هەر ئەو ڕۆژە پەیوەندی بە هاوڕێکەیەوە کرد و وەڵامێکی ئەرێنی دایەوە. (کاک حاجی ئاکرەیی)

دوای کەمتر لە مانگێک، فۆرمەکانی ناردن و هەردووکمان بەیەکەوە چووین بۆ تاران و لەلای وەرگێڕی زمانی ئینگلیزی زۆر بەجوانی پڕمانکردنەوە. بەڵام نە ئەو (کاک مەحمود) ئاگای لە منە کە چی دەنووسم، نە منیش ئاگام لە نووسینی چیرۆکی ژیانی ئەوە.

بەهەرحاڵ دوای پڕکردنەوەی فۆڕمەکان، ڕەوانەی ئوسـتراڵیامانکردنەوە و دوای مانگێک لە باڵوێزخانەی ئوسترالیا لە تاران، نامەیەکمان بۆ هات بۆ ئەوەی بچین بۆ چاو پێکەوتن. (interview) کاتێک کە چووین بۆ باڵوێزخانەی ئوسترالیا و دەستکرا بە لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن، من و منداڵەکانمیان قبووڵکرد.
بەڵام بەداخەوە، کاتێک لە ژووری لێکۆڵینەوە هاتینە دەرەوە، (خۆم و منداڵەکانم) (کاک مەحمودم بینی و پرسـیارم لێیکرد): کە چیتکرد؟ وتی: من قبووڵ نەبووم! ئەو هەواڵە، ئەگەرچی بۆ ئەو زۆر ناخۆشـبوو، بەڵام بۆ من زۆر ناخۆشـتربوو. چونکە ئەو بوو بەهۆی قبووڵبوونی من بۆ ئوسـترالیا. بەداخەوە هەر لەو ڕۆژەوە من ئەو هاوڕێیەم نەبینییەوە و وادیاربوو کە لەڕێگەی خزمەکانییەوە کار ئاسانی بۆ کرابوو. هەرچۆنێک بوو، گەیشتە لەندەن.
دوای ماوەیەک نامەیەکم بۆ هات کە بچم ڤیزای ئوسـترالیا وەربگرمەوە، زۆر بەخۆشـحاڵییەوە چووم، چونکە بەلامەوە دەسـتکەوتێکی زۆر گەورە بوو. بەڵام کاتێک لە تارانەوە گەڕامەوە بۆ شوێنی ژیانم (پیرانشار)، هاوڕێیەکی زۆر دڵسۆزم هەبوو لە فەرمانداری پیرانشـار، کە کاروباری پەنابەرانی جێبەجێ دەکرد بە ناوی (مورادی)، ئێوارەی ئەو ڕۆژە هات بۆلام بە بیانووی ددان چاککردن و دوای تەواوبوونی کارەکەی، وتی: بەیانی هەرکاتێک توانیت، وەرە بۆ فەرمانداری. منیش وتم: خێرە؟! تەنیا هەر ئەوەندەی وت: شکایەتت لێکراوە.
بەیانی لەکاتی دەوام دا، چووم بۆ فەرمانداری و (مورادی)م بینی. دوای کەمێک وەستان، نامەیەکی دەرهێنا و لە خوارەوەش دەستی لەسەر ناوی نووسەرەکە دانا و وتی: بیخوێنەوە. کاتێک نامەکەم خوێندەوە، تێگەیشـتم؛ زۆرێک لەوانەی قسـەی نەرم و خۆشت لەگەڵ دا دەکەن، بە خەنجەری تیژ لە دواوە لە پشتت دەدەن!
وتم: پێمناڵێی کێ ئەو پیاوەتییەی لەگەڵدا کردووم؟ وتی: هەرگیز... بەڵام ئەوە بزانە کە نزیکترین کەس و هاوڕێی نزیکی خۆتە. شکایەتەکە بۆ ڕاگرتنی سەفەرەکەم بوو بۆ ئوسـترالیا بەهۆی ئەوە کە خێزانەکەم خەڵکی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتە و وەک کوردی باشـووریش دەمەوێ سـەفەر بکەم. هەر زوو (ئیدارەی اطلاعات) ئاگادار کرایەوە و منیان بەڕێکرد بۆ کەرنتینە و چواردە ڕۆژ لەوێ مامەوە.
دوای ئەو ماوەیە لێکۆڵینەوە دەسـتپێکرد و نامەیەکیان دامێ و ناردیانمەوە بۆ دادگای پیرانشـار. بەیانیەکە کە چووم بۆ بەردەمی دادوەر، بە بڕی (٣٠٠)هەزار تومەنی ئەو کاتە، کێشـەکە کۆتایی پێهات. شـایانی باسـە، مورادی لەدانیشـتنی ناو

دادگاشـــدا هەر هات بۆلام و لەو برە پارەیە، تەنیا (١٠)هەزارم لێ وەرگیرا. پێش ئەوەی کە ئازادیش بکرێم، ئەو هاوڕێیەم هات بۆلام و کار ئاسانی زۆری بۆ کردم.
بە ڕای من مەرج نییە هەرکەسـێک هاوزمانت بێت، زۆر باشـبێ و هەرکەسـێکیش هاوزمانت نەبێت، زۆر خراپ بێ. ئەوانەی منیان ڕەوانەی بەندیخانە کرد، هاوزمان بوون. بەڵام ئەوەی منی ئازاد کرد، هاوزمان نەبوو. بەهەر حاڵ کێشـــەکانم لێرەوە دەستی پێکرد...!
من نەمتوانی لەڕێگەی قانونییەوە لەو پارێزگایەی کە لێی بووم (ئازەربایجان غەربی)، هەوڵی وەرگرتنی (خروجیە) دەرچوون بدەم و ڤیزاکەشـــم زۆری نەماوە ماوەکەی بەسـەرچێت. ئەوەش بۆ من خەمێکی زۆر گەورە بوو کە نەتوانم سـەفەر بکەم.
هەرچۆنێک بوو لەڕێگەی دوو دۆستی دڵسـۆزەوە چووم بۆ شـاری سـنە و لەوێ بەرگەیەکی یەک مـانگیم وەرگرت و چووم بۆ تـاران. هەرچی هەوڵمـدا، بۆ بەدەســـتهێنانی خروجیە، هیچ ســـوودیی نەبوو. هـاوڕێیەکم دۆزیەوە لە (قەلعە چندار)ی نزیک کەرەج بەناوی (کەریم)، کە لەو شـوێنە خەڵکێکی زۆری وەک من بە نائومێدییەوە، لە چاوەڕوانیدا بوون. لەگەڵ ئەو هەموو هاتن و چوونەی کە دەمکرد بۆ زۆربەی شـــارەکانی کوردســـتانی ڕۆژهەڵات، کە پێموابوو هەرچی کڵاوی ســـەربازی لەســـەر بێت، کاری من بەو چاک دەبێت! هەروەها هەموو ســـمێڵ ســـورێکیشـــم لێ ببوو بە هەمزاغا، ڤیزاکەشـــم ماوەی تەواو بوو و هاتمەوە ســـەر ســـاجی عەلی! بەڵام هەر نائومێد نەبووم و هەرچۆنێک بوو، چووم بۆ ســـەفارەتی ئوسترالیا و ڤیزاکەم نوێکردەوە. بەڵام ڤیزای بێ (خروجیە) و بێهیوا بوون لە هەموو شتێک. ئەوەندە هاتوچۆی ئیدارەکانی تارانم کردبوو، هەرکە دەیاندیتم، بۆیان ئاشنا بووم و زۆر جاریش ڕاویاندەنام و بەیانیەکەی ڕۆژی دوایی، سەرودڵم دەگرتنەوە.
ڕۆژێک یەکێک لە کاربەدەســـتەکانی پارێزگای تاران کە زۆر جار منی بە نائومێدی دەهاتە پێش چاو، وتی: من نامەیەکت بۆ دەنووســـم بۆ ئیدارەی (هشـــتگرد) کە لە نزیک کەرەجە. منیش بێخەبەر لەوە کە یاسـایەکی تازە دەرچووە بۆ ئەو کەسـانەی کە هیچ بەڵگەیەکی یاساییان نییە و من نەمزانیوە.
نامەکەی بۆ نووسـیم و چووم بۆ ئیدارەی (هشـتگرد) و ڕادەسـت بە بەرپرسـەکەی ئەوێم کرد. دوای چەند پرســـیارێک، وتی: کە دەتەوێت بچی بۆ ئوســـترالیا، چیت هەیە؟ منیش هەر ئەو بەرگانەی کە لە پارێزگای ســـنەوە بۆ خۆم و خێزانەکەم

کرابوون، پێشـــانمدا و ئەویش لە پێش چاوی من و منداڵەکانم، هەموویانی ورد کرد و وتی: ئێوە ئێســتا هیچتان نییە. منیش بە خەمناکیەوە وتم: بۆ واتکرد؟ ئەی نازانی هیچ شـتێکی ترمان لەدەسـتدا نییە؟! ئەویش بە ڕوویەکی زۆر گەشـەوە وتی: دەزانم کە زۆر مــانــدوو و نــائومێــدی، بەڵام خەم مەخۆ. هەموو بەرگەکـانی خۆم و منداڵەکانمی لە نوێوە بۆ درووستکردمەوە و وتی: هەر لە ئێستاوە بەڕەسمی دەست بکە بەڕاپەڕاندنی کارەکانی (خروجیە) و کڕینی بلیت بۆ ڕۆیشتن.

منیش هەر وەک چۆن کە کەروێشـک تاژی بەدواوەیە و ڕادەکات، ئاوا ڕامدەکرد بۆ تەواوکردنی کارەکانم. ڤیزام بۆ جاری دووەم خەریکە بەســــەردەچێت. بۆیە زوو ڕۆیشـــتم بۆ ئیدارەی(I.O.M) تاکوو بلیت بکڕم. ئەوانیش وتیان: دەبێ ئەوکەســـەی پشـتیووانی کردووی لە ئوسـترالیا، زەمانەتت بکات بۆ ئەوەی ئێمە نیوەی پارەکەت بۆ بدەین.

پەیوەندیانکرد بەو بەڕێزەی کە کاتی خۆی فۆڕمی بۆ (من و کاک مەحمود) نارد بوو لە ســــیدنی، بەڵام لە وەڵامدا وتی: من ئەوکابرایە هەر ناناســــم. بۆیە ناتوانم زەمانەتی بکەم... منیش کەمێک دڵم ترسا و پێموابوو تازە کار لە کار ترازا.

ئەو ژنەی کە دوای کاری من دەکەوت و هاوکاری دەکردم بۆ کڕینی بلیت، ناوی (خـانم زەروان) بوو. کەســـێکی زۆر بەویژدان بوو و وتی نـائومێد مەبە، هەموو دەرگـاکـان دانەخراون. تەلەفۆنی بۆ (ئەدەلایـد) کرد و لەگەڵ کـاک (بورهـان)ی ڕەحمەتی دا، کە بەرپرســی کۆمەڵەی کوردی بوو لە ئەدەلاید، وتی: کەســێکی ئاوا هەیە، ئێوە زەمانەتی دەکەن؟

من گوێم لە وتەکانی کاک (بورهان) نەبوو، بەڵام خانم زەروان لەجێی خۆی هەستاو بەشـــادییەکی یەکجار زۆرەوە، پیرۆزبایی لێکردم و وتی: خەمت نەبێت، ئەوکارەی تۆ چونکە لەلای خوای گەورە تەواو بووە، پێشـــی لێنەگیرا... بلیتەکە بۆ ئەو ڕۆژە بوو کە دەبێ دەربچین لە تاران بەرەو ئوســـترالیا. ڤیزاکەشـــمان هەر ئەو ڕۆژەی ماوە کە ماوەی بەسەربچێت. (خروجیە)ش هەر دەبێ ئەو ڕۆژە تەواو بێت. ئەگەرنا، هەموو ڕیسەکەمان لێ دەبێتەوە خووری.

ئەو ڕۆژە کە پێنج شـــەممە بوو، کاری ئیداریش زووتر تەواو دەبوو. من چووم بۆ (ئیدارەی امور اطباع خارجە) و وتیان: دابنیشـــە و چاوەڕێ بکە تاکوو (حاجی ئاغا) بانگت دەکات. من هەر چاوەڕێ دەکەم و هیچ کەس گوێم پێنادات!

ئەوانەی کە وەک من کاریان هەبوو، زوو کارەکەیان بۆ تەواو دەکرا و دەڕۆیشــتن. بەڵام من هەر دەهــات و لێدانی دڵم زیـاتر دەبوو چونکە چـارەنووســـی من و منداڵەکانم بەســـترابۆوە بەو ماوە کەمەی کە خەریکبوو لەدەســـت دەچێت! ئەوندە درەنگ بوو، کارمەندەکانیش بەرەو مـاڵ دەگەڕانەوە. هەر نـاوەنـاوەش، دەیـانوت: ئێســـتا حاجی ئاغا بۆ خۆی بانگت دەکات. منیش چاوەڕوانی و نائومێدی و خەمی منداڵەکانم لە هۆتێل، خەریکە دڵم لە کار دەخات.

لەناکاو حاجی ئاغا لەســـەر پلیکانی ســـەرەوەڕا، بە یەک پەنجە ئاماژەی بۆ کردم و وتی: وەرە بۆ سەرێ... کە چووم بۆ لای، ناوچاوانی زۆر گرژ بوو و بە تووڕەییەوە وتی: بۆ کوێ دەچی؟ منیش وتم: بەنیازم بچم بۆ ئوســـترالیا. ئەویش کە پێشـــتر شـــتەکانی لێوەرگرتبووم، بۆی فڕێدام و وتی: تۆ ناتوانی ســـەفەر بکەی. بڕۆ هەر ئێســـتا لەپێش چاوم لاچوو! دواتر وتی: بڕۆ لە پاش دەرگا بوەســـتە. کە چووم بۆ پاش دەرگا و گوێم لێبوو لەگەڵ سنندج قسـەی دەکرد. کەمێک ئارام بوومەوە. پاش تەواو بوونی قســـەکانی، دەرگای لێکردمەوە و بە تووڕەییەکی زۆرەوە دیســـان شـــتەکانی لێوەرگرتمەوە و دووبارە وتی: تۆ هەرگیز ناتوانی ســـەفەر بکەی و هەروەک پێشتر، شتەکانی بۆ هەڵدامەوە!

منیش وتم: جەنـابی حـاجی ئـاغـا! بوون و نەبوونی من چ زیـانێک بە وڵاتی ئێران دەگەیەنێت و چ ســـوودێک دەبەخشـــێت؟ ئەویش کەمێک ڕاماو دووبارە فایلەکانی لێوەرگرتمەوە و مۆرێکی لێدا و واژۆیەکی لەســـەر کرد و وتی: بڕۆ لاچوو لەپێش چاوم... کە هاتمە خوار، ئەوانەی کە ئاگاداری ئەو دۆخە ترسـناک و ناخۆشـەی من بوون، دەتوانم بڵێم وەک من خۆشـحاڵ بوون. بەڵام من بەشـێکی تەمەنم لەدەسـتدا، لەدەست حاجی ئاغا.

بەخۆشـــییەوە هەر ئەو ڕۆژە لە ئێران دەرچووین و ئـاواتی ئەوانەی کە دژ بە ئاواتەکانی هەموو کەسـێکن، نەهاتەدی و سـوپاس بۆ خوا لەو ڕۆژەوە کە لە وڵاتی ئوســـترالیا دەژیم، هەســـت بەوە دەکەم وەک مرۆڤ ڕێزم لێدەگیرێت، وەک مرۆڤ بوواری بیرکردنەوەم پێدەدرێت، وەک مرۆڤ بوواری ژیانم بۆ ڕەخســـاوە، وەک مرۆڤ دەرگای بەرەوپێشچوون بۆ هەموو کەسێک کراوەتەوە.

هەروەها تا بۆم کرابێت لە هاوکاریکردن کەمتەرخەمیم نەکردووە و جاروباریش لەلایەن خزم و کەســـە نزیکەکانمەوە، کێشـــەی زۆرم بۆ درووســـت بووە و زیانی زۆرم پێگەیشتووە...!

بەڵام من لە بەرانبەر ئەوانەدا کە کێشـەیان بۆ درووسـتکردووم، هەمیشـە بە چاکە وەڵامم داونەتەوە. چونکە هەرکاتێک وەڵامی خراپە بە خراپە درایەوە، شـیرازەی ژیان تێکدەچێت. ئەو کاتە هیچ مانایەک نامێنێ بۆ ژیان.
ئەمڕۆ، بۆ من ئـازارێکی زۆر گەورەیە کە یـادی ئەو ڕۆژە دژوارە دەکەمەوە کە پشـتم لە زێدی باب و باپیرانم کرد و بەرەو وڵاتێک تر کۆچ و بارگەم تێکنا. بە ڕای من ژیـان ئەوکـاتە پێی دەوترێ ژیـان، کە لە وڵاتی خۆت و لەنـاو کەس و هاونیشـتمانیانی خۆت دا بژیت. بەڵام بەداخەوە ناحەزانی کورد، هیچ ڕێگەیەکیان نەهێشـتووەتەوە بۆ ژیان و بەیەکەوە ژیان. هەر ئەوەشـە کە بە هەزاران کەسـی وەک من، دوور لە نیشـتمانی خۆشـەویسـتیان، ژیان بەسـەردەبەن و بەهیوای داهاتوویەکی خۆش و ئاسـوودەن بۆ خەڵک و وڵاتەکەیان. ئەمڕۆ کە ٢٦-٠٢-٢٠١٥ یە ڕێک دەبێتە نۆزدە سـاڵی تەواو کە من وڵاتە بێنازەکەی خۆمم جێهێشـتووە و وڵاتێکی تر (ئوستراليا) جێگەی زێدی ژیانی بۆ گرتوومەتەوە و یاسای پیرۆزی ئەو وڵاتە، جێگەی هەموو خزم و کەسی بۆ گرتوومەتەوە. بە بڕوای من، لە وڵاتێکدا کە یاسا هەبێ، ژیان هەیە، مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی دەکات، چەوساندنەوە و چاو سـوورکردنەوە، بوونی نییە، کەس خۆی بەگەورەتر نازانێت لە کەسـی ت رو کەس بەچاویی کەم سـەیری کەسـی تر ناکا. هیوادارم چەتری ئاشـتی، سـێبەر بەسـەر وڵاتەکەی ئێمەشدا بکێشێت و لەوە زیاتر پاشاگەردانی، مافی خەڵک پێشێل نەکات و یاسا نەکرێت بە قوربانی.

**یاسای جەنگەڵ:**

پێش هـاتنم بۆ دەرەوەی وڵات، بەمەبەسـتی مـاڵاوایی لە خزم و هـاوڕێ خۆشـەویسـتەکانم، بڕیارمدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانەوە، سـەرێک لە کوردسـتانی باشوور بدەمەوە و جارێکی تریش لە نزیکەوە لەباوەشیان بگرمەوە.
لە هەمانکاتیشـدا، دڵخۆشـییەکی دیکەشـم هەبوو کە کوردسـتان ئازادە و چیتر چڕوچاو و پۆسـتاڵی عەسـکەر و ئەمن و (ئیسـتیخبارات)، نابینمەوە و لەمەودوا بە زمانی دایک قسـە لەگەڵ وڵاتپارێزەکانمدا دەکەم و ڕێزیان لێدەگرم و دڵنیام، کە ئەوانیش ڕێزم لێدەگرن...

**چیرۆکەکە، لێرەوە دەست پێدەکات:**
پێش هەموو شـــتێک، من دەمەوێت، ئەوە بڵێم: کە ئەو پەندە کوردیە، زۆر لە جێی خۆیەتی کە وتراوە: (چەم بێجەقەڵ نابێت.) بەندە لە نووســـینی ئەو چەند دێڕەدا، دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوە پڕ لە سەیروسەمەرەدا، کە بۆ ئەو کاتە، ئەگەر بۆ ترســـاندنیش بووبێت، نەک هەر خۆشـــنەبووە، بەڵکوو بووەتە هۆی مەترسییەکی زۆر گەورە لەناو مێشک و دەروونداا...
بەڵام بۆ ئێســـتا، بووەتە یەکێک لە بیرەوەرییەکانی ژیان و گێڕانەوەشـــی هەر بۆ ئەوەیە کە جارێکی تر لەلایەن هیچ کەسێکەوە، بەو شێوەیە بیر نەکرێتەوە و هەوڵ بـدەین، تـا بۆمـان بکرێـت، نموونەیەکی جوان بین بۆ کۆمەڵگە و نەتەوەکەمـان. هەروەهـا بەهۆی هەندێک گۆڕانکاری کـاتی، خۆمـان لێ بزر نەبێت و هەســـتی مرۆڤایەتی لەناو دڵماندا، کەم نەبێتەوە...
دوای ماوەیەکی زۆر دابڕان لە زێدی باب و باپیران و هاونیشتمانیانی خۆشەویست بە گشـتی و خزم و کەس و هاوڕێیانی دڵسـۆز بەتایبەتی، هەروەها خەون بینین بە ڕۆژگارێکی ئازاد و لاچوونی ئەو کابووسـە شـوومە، (ڕژێمی بەعس) کە لە ماوەی ٣٥ سـاڵ دا، سـێبەری ڕەشـی کێشـابوو بەسـەر هەموو گەلانی ئێراقدا بە گشـتی و کوردستانی خۆشـەویستیش بەتایبەتیی و دەرئەنجام هاتنەدی ئەو خەونە سەوز و پڕ لە هیوایە، کە ڕزگاری کوردستان و دوور خستنەوەی سوپای داگیرکەر بوو لە کوردستان.
ســـاڵی ١٩٩٦، پێش ئەوەی بەڕێ بکەوم، هاوڕێیەکی تازە ناســـراو، کە جاروبار سـەردانی دەکردم، وتی: پێم خۆشـە بۆ ئەو سـەردانە، هاوڕێت بم. خۆ ئەگەر بەپێی پیتەکانی ناو ناوەکەی بوایە، دەبوایە کەسـێکی زۆر ڕوو گرژو توند بوایە، بەڵام بە پێچەوانەوە، کەســـێکی زۆر ئارام و لەســـەرخۆ بوو. وتی: ماڵی ئێمە لە ڕانیەیە و ســـەرەتا دەچین بۆ ماڵی ئێمە و دواتر کێت پێخۆشـبوو، سـەردانی بکە. منیش زۆر دڵخۆشبووم و سوپاسم کرد.
ئەو کاتە ماڵم لە پیرانشـــاری کوردســـتانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بوو پیشـــەم ددانســـــازی بوو. هەروەهـا تێکەڵاویەکی زۆرم لەگەڵ خەڵکەکەدا هەبوو و تـا ئەو جێگەیە کە دڵم دەیویست، ویژدانی خۆم ئاسوودە دەکرد و خزمەتم بە وانە دەکرد کە پێویستیان پێی هەبوو...

بە کوردی و بە کوورتی، لەگەڵ هـاوڕێ تـازەکەمـدا، ڕێگەمـان گرتەبەر و لە کوردستانەوە بۆ کوردستان، کەوتینە ڕێ و سەرەتا گەیشتینە چۆمان. دواتر بەرەو دیانان. بەڵام لەوێ کەمێک هەســـتم بە دڵەڕاوکێ دەکرد...! بە هەرحاڵ لەوێش هیچ بـاســـنەبوو، ئۆتۆمۆبێلیەکمـان بەکرێ گرت کە ئەویش هەر خەڵکی ڕانیە بوو و کەسێکی زۆر باشبوو. کەوتینەڕێ بەرەو ڕانیە. سەرەتا کە گەیشتینە یەکەم بازگە، چـاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە لیکۆڵینەوەیەکی زۆرمـان لەگەڵـدا بکرێـت، بەڵام زۆر بەڕێزەوە وتیان: فەرموو! بڕۆن.

بەڵام وتیـان ئەگەر بۆتـان ئەرک نییە، ئەو دوو برادەرە لەگەڵ خۆتـانـدا بەرن، کە پێشـمەرگەنە و مەقەڕەکەیان لەســەر ڕێگەی خۆتانە. ئێمەش زۆرمان پێخۆشــبوو، یەکێکمان لە پێشــەوە لەلای شـۆفێرەکە سـوار کرد و ئەوەی تریش لەدواوە، لەلای من دانیشت و خۆمان سەرگەرمی قسەکردن کرد.

دوای کەمێک ڕۆیشـتن، کاتێک نزیک بووینەوە لە مەقەڕ، ئەگەرچی ئێمە نەماندەزانی مەقەڕ لە کوێیە؟ چونکە هیچمـان لێ دیـار نەبوو... دوای بۆمـان دەرکەوت کە ئەو شـوێنە (زارگەڵە)و مەقەڕەکەش هی یەکێک لە هێزە سیاسـیەکانی کوردسـتانە. (س) ئەوەی کە لە پێشــەوە دانیشـتبوو، وابزانم جێگەی خۆی زۆر بەدڵ نەبوو و دەبوایە بەتەنیا لە پێشـــەوە دابنیشـــێت، یان هەر نەبێ، بکەوتایە لای پەنجەرە! بۆیە هیچ قسەیەکی نەدەکرد و جارجارەش پشووی دەخواردەوە...!

لە هێکڕا وەک بۆمبێک تەقیەوە و وتی: ئێوە دەزانن من کێم؟ وادیـار بوو بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی خۆی بناسـێنێت بە ئێمەی داماو! ئێمەش وتمان: بەناو تۆ ناناســـین، بەڵام هەر ئەوەندە بەســـە بۆ ئێمە کە ئێوە پێشـــمەرگەنە و چەکی کوردایەتیتان لە شاندایە، جێگەی ڕێزن. نەک هەر بۆ ئێمە، بەڵکوو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان. بەبێ ئەوەی بڵێ: من کێم، زۆر بە تووڕەییەوە ڕووی کردە شۆفێرەکەو وتی: من لێتان بە گومانم... بەدەست ئاماژەی کرد بۆ لای چەپی و وتی: لێرەوە بڕۆ! کە وادیار بوو، مەقەڕ، لە جادەوە دوور بوو. ڕێگەکەش ئەوەندە خۆشـنەکرابوو کە ئۆتۆمۆبێلی بۆ بچێت و تەنیا کەمێک نیشانەی ڕێچکەی پێوە دیار بوو بە هۆی هاتن و چوونی خەڵک، بە پێ، نەک بە ئۆتۆمۆبێل...!

دەکرا پێی بگوترێت ڕێچکە، نەک جادە. کاکی شـــۆفێر وتی: بڕوا بکە من ئەرکی خێزانیکم لە ئەستۆ دایە و ژن و منداڵم هەیە. ژیانیشمان لەسەر ئەو ئۆتۆمۆبێلیە و تاکە ڕێگەیەکی تریشم نییە بۆ بەڕێوە بردنی باری گرانی ژیانم...! تکایە ئەو داوایەم

لیمەکە، کە ئۆتۆمۆبێلکەم وەسەر ئەو چیایە هەڵگێرم...! کاکی پێشمەرگەش، بە هەڕەشەکردنەوە، زۆر بە توندی لە ئۆتۆمۆبێلکە دابەزی و شۆفێرەکەی دابەزاند و تا هێزی تێدابوو، بە قۆنداغی کلاشینکۆفەکەی، کەوتە لێدان و بیرازکردنی شان و سەپیلکی ئەو داماوە...!

عەیب نەبێ، چەند جنێویکی قورس و چاوەڕواننەکراویشی تێ سرەواند، کە زۆر لە لێدانەکە، ئێشیان زیاتر و کاریگەر تربوو...! دەتوانم بڵێم: خۆزگە بە کوشتن...! لەلایەکی تریشەوە، ئەوەی کە لەگەڵ مندا لەدواوە دانیشت بوو و زۆریش قسەمان خۆشکردبوون بەیەکەوە، خۆی فڕێدایە خواری و هەر تەتگوت: تەڵقەیە، لیکدالیکدا دەیگوت: کاک (ص- د) بیانکوژم؟ لە قسەکانیدا دەرکەوت کە ئەوە، هەر کەسێکی ئاسایی نییە و ناویشی (ص - د)ە دەرئەنجام، کاک (ص) خۆی لە جێگەی شۆفێرەکە دانیشت و هاوڕێکەشی لەلای خۆی دانا و ئێمەشی خستە دواوە و بە هەڕەشە و گورەشەیەکی زۆرەوە، دەتگوت: بورکان لەناو دەمیدا تەقیوەتەوە، ئاگر لەناو دەمی دەهاتە دەرێ و کەفی دەپڕژاند و ئۆتۆمۆبێلی کابرای وەچیای هەڵگێڕا و دار و بەرد لە ژێر تایەدا، وەک گوللە دەردەچوون...!

بەهەرحاڵ تا سەرکەوتین، لەو هەوراز و هەڵدێرەدا، ئەوەندە دووعامان خوێندبوون و فوومان بەخۆماندا کردبوو، گەروومان وشک بووبوو و زۆری نەمابوو هەوا لە لەشماندا ببڕێت و بێهۆش بکەوین! کاتێک سەرکەوتین، کۆمەڵێک پێشمەرگە، دەوریان لە ئۆتۆمۆبێلکەدا، کە وادیار بوو ئەوە یەکەمجارە ئۆتۆمۆبێل بۆ ئەو شووێنە بچێت...! کاک (ص) وتی: ئەوانە ببەن بۆ سجن! هەر کە ناوی سجنی هێنا، هەندێک لە پێشمەرگەکان، کە واپێدەچوو تازە چەکیان هەڵگرتبێ، زۆر خوێن گەرم بوون. خێرا هاتنە پێشەوە و دەورەیان لێداین. دەیانویست لەسەر حیسابی ئێمە، خۆیان خۆشەویست بکەن لەلای لێپرسراوەکانیان و جێگەی خۆیان بکەنەوە و برنجە سوورەی مەقەڕ، کە هەمووومان خواردوومانە، لەخۆیان حەڵاڵ بکەن، وتیان: بۆ هەر ئێستا تەواوییان نەکەین؟! کاک (ص) ماڵی ئاوا بێت، وتی: نا، پێتان دڵێم: بیانبەن بۆ سجن... بۆ ئەوەی باش بزانن کە من کێم؟!

دیار بوو ناوبراو، لێپرسراو بوو، ئێمەش هەستمان پێنەکردبوو! منیش لەو کوردستانە ئازادە، کە ئەو شێوە جووڵانەویەم بینی، لە دڵی خۆمدا وتم: وادیارە تەنیا هەر عەرەب نەماون لە کوردستان، ئەگەرنا یاسای تۆقاندن هەر وەکخۆیەتی و هیچ شتیک نەگۆڕاوە...! تاکە جیاوازییەک کە هەبێ، ئەوەیە کە عەرەب، جنێویشت

پێ بدات، زۆر ئازارت نادات، چونکە لێی تێناگەی... زۆر جاریش وادەزانی هەر دووعات بەسەردا دەخوێنێت...
بەڵام لەبەر ئەوە کە کوردی زمانی دایکە و هەمووی تێدەگەی، کابرا هەر ورتەی لێوەبێت، دڵت برینـدار دەبێت... لە نێو ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا، کەسێکم بینی، لە دوورەوە وەستابوو. سەروڕیشێکی سپی و زۆر جوانی هەبوو، لە هەڵسوکەوتیدا دیار بوو، کە پێشمەرگەی تازە نییە و دەمزانی ئەگەر قسەی لەگەڵدا بکەم، ئەگەر هەر نەبێ گوێم لێدەگرێت.
هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندێ و وتم: دەتوانی پێم بڵێی: ئێرە کوێیە و ئێوە چین؟ هەروەها وتم: ئەگەر تاوانی ئێمە هەر ئەوە بێت کە چاکەمان لەگەڵ ئەو دوو برادەرەدا کردووە، ئاوا بەو شێوەیە لەگەڵماندا دەجووڵێنەوە، ئەی ئەگەر یەکێک بەڕاستی هەڵەیەک بکات، چی لێدەکەن؟! زۆر دڵخۆشبووم بەوە کە گوێم لێدەگرێت و هەست بە ئازاری دڵم دەکات. زیاتر چوومە ناو باسەکە و تەواویی بەسەرهاتەکەم بەبێ زیاد و کەم، بۆ گێڕایەوە. ئەویش داوای لە کاک (ص) کرد، کە نەماننێرێت بۆ سجن و ئازادمان بکات.
ناوبراویش وتی: باشە، بەڵام دەبێ شۆفێرەکە، لەناو سجن دا بڕزێنم...! بەڵێ، کاکی تاوانبار بە چاکە، ڕەوانەی سجن کرد و ئێمەشیان برد بۆ ژووری مەقەڕ. دوای ئەوەی کاک (ص)، کەمێک هاتەوە سەرخۆ و کەفی توورەیی لەسەر لێوان سڕیەوە، زیاتریش بەوە کە زانی ئێمە، بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو پێشمەرگەیەکی سادە و ساکار نییە و ئەگەر کەیفی لێبێت، شتی لەدەست دێت...! منیش بە هەلم زانی و وتم: ئێوە دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانن: کە هەموو خەڵکی کوردستان، بەهەر چوار پارچەکەیەوە، خەونیان بە ئازادی کوردستانەوە دەبینی، بەڵام ئەگەر ئازادی ئەوە بێت، نەبوونی باشترە لە هەبوونی...! کاک (ص)یش وتی: ئێمە کوردستانمان ئازاد کردووە، ئێمە گیانی خۆمان فیدای جەماوەر کردووە، بەڵام جەماوەر قەدری ئێمە نازانیت و ڕێز لە ئێمە ناگرێت...! پاش کەمێک بیرکردنەوە و ڕامان، پرسی: لە ڕانیە کێ دەناسن؟ هاوڕێکەم بەبێ وەستان، وتی: (موحسین بایز) دەناسم کە وابزانم، لێپرسراوی ئێوەشە... کاک (ص) کە گوێی لەو ناوە بوو، کەمێک سەری داخست و بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو. دوایی سەری بەرز کردەوە و وتی: باشە... ناردی بەدوای شۆفێرەکەشدا و وتی: ئازادن. ئێستا دەتوانن برۆن. بەڵام دەبێ ئەوە زۆر باش

بزانن: کە لێرە، (قانون، قانونی جەنگەڵە)و ئەوەی بکرێت، دەکریت و لێپرســینەوەش نییە...!

ماڵی ئاوا کاک (ص) لە تاوانمان خۆشـــبوو و ئەمجارە، هەرچۆنێک بوو بڕیاری ئازادکردنی ئێمەی دەرکرد و بە تاوانی چاکەکردن، بە زۆر ڕۆحی ئێمەی وەســـەر خوا، نەکردەوە...!

مەبەســت لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە ڕاســتییە، ئەوە نییە کە خوا نەکات لە بایەخی دامودەزگاکانی نیشتمانەکەم کەم کەمەوە! بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە هەموومان زیاتر بە هەڵەکانماندا بچینەوە و ئەوەی کە لە ڕابردوودا کردوومانە و ئێستا لێی پەشیمانین، دووبارەی نەکەینەوە.

**کوورتە چیرۆکێک لە ژیان:**

من (محەمەد پشـــدەری)، ســـاڵی ١٩٥٦ لە گوندی شـــیوەڕەزی ناوچەی پشـــدەر لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە دایکبووم. باوکم بە "حاجی مەلا ئەحمەد" دێلۆی ناســـراوە و تا کۆتـایی ژیـانی هەر مەلای ئەو گونـدە بووە. بەڵام ڕاســـتییەکەی ئەوەیە کە بە پشـــتبەســـتن بەخۆی و ئەو زەوی و زارەی کە هەیبوو، (ســـماقان، جۆلانان، سـەرکوران، کەدەکەوێتە نێوان گوندی شـیوەڕەزی تازە و قەبری عوسـمانی) ژیانی بنەماڵەکەی دابین دەکرد.

دایکم ناوی 'مریەم'و کچی "حاجی خدر عەبدولڕەحمان" شـــیوەڕەزییە. دایکم ســـاڵی ١٩٧٠و باوکیشـــم ســـاڵی ١٩٧١ ماڵاواییان لە ژیانکرد. من زۆر شـــانازی بە بنە ماڵەکە مانەوە دەکەم کە هیچ کاتێک لە ژیاندیاندا زیانبەخش نەبوون. بەداخەوە دوای کۆچی دوایی باوکم و دایکم، نەمتوانی بەو شێوەیەی کە دڵی ئەوان ئارەزووی دەکرد درێژە بەخوێندن بدەم، هەرچەند باوکم وەکوو کەســـێکی خواپەرســـت و دڵسۆز، ئەرکی پیرۆزی بەجێهێنا و منی دە بەر خوێندن ناو ماوەی چەند ساڵێکیش دەرســـی علمەکانی "ســـەرف"، "نەحو"، "بەیان"و "مەنتیق"م خوێند، بەڵام بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئەو کاتەی کوردســـتان، نەمتوانی وەک پێویســـت درێژە بە خوێندن بدەم.

**ئاوارەیی بۆ جاری یەکەم:**

هەر لەوکاتەوە کە خۆم ناســـیوە هەســـتم بە ئێش و ئازارەکانی گەلە هەمیشـــە چەوساوەکەم کردووە و لەو ئێش و ئازارانەش بێبەری نەبووم. ساڵی ١٩٧٥ وێڕای بەشێکی زۆر لە خەڵکی دڵشکاوی کوردستان، بەهۆی پیلانە شوومەکانی ناحەزانی کورد (پەیمانی جەزائیر) لە دژی نەتەوەکەمان و تێکچوونی شـــۆڕشـــی ئەیلول بە ســـەرۆکایەتی خوا لێخۆشـبوو (مەلا موسـتەفا بارزانی) ئاوارەی وڵاتی ئێران بووم. بۆ ماوەی ساڵێک، لەیەکێک لە ئۆردوگاکانی "کرماشان" (سەرئابلە) لەگەڵ کۆمەڵێک خزم و دۆست و خەڵکی باشدا تێکەڵ بەژیانی ئاوارەیی بووم.

کە پێموایە پێش جێبەجێکردنی ئەو پەیمـانە ژەهراویەی "جەزائیر" لە دژی کورد، پێشـبینی ئەو ڕۆژە ڕەشـە کرابوو و ئۆردوگاکان ئامادەکرابوون...! کە هەریەکێکیان جێگەی هەزاران کەس بوو. دوای ساڵێک حکومەتی ئەوکاتەی (شاە) سێ ڕێگەی بۆ خەڵکەکە دیاریکرد: یەکەم: گەڕانەوە بۆ ئێراق، دووەم: دەرچوون بۆ دەرەوەی وڵات، سێیەم: مانەوە لەناو "ئێران" دا.

بەناچاری، هەرکەس یەکێک لەو ڕێگەیایانەی هەڵبژارد، بەبێ ئەوەی بزانێ چارەنووسی نادیار، بەرەو کوێ دەستی دەکێشێ و داهاتووی بەکوێ دەگات! ئەوانەی کە بڕیاری مانەوەیەیاندا لە "ئێران"، سەرجەمیان دابەشکران بەسەر شار و گوندەکاندا و لە کوردستان دوور خرانەوە. تەنانەت زۆرێک لە ئەندامانی خێزانەکانیش لە یەکتری دابڕان!

**ئەهواز:**

وێڕای کۆمەڵێک خزم و ناسیاو، کە لەناویاندا "مەلا حاجی دێلۆیی" و زۆری دیکەش هەبوون، بەڕێکراین بۆ شاری (ئەهواز)و بە بڕە پارەیەکی زۆر کەم هەریەکە لە کارخانەیەک لەسەر کار دامەزراین. دوای ئەوەی کە، کەمکەم شارەزاییمان پەیداکرد لە زمانی فارسیدا، توانیمان تا ئەندازەیەک گۆرانکاری لە ژیانماندا درووست بکەین و خۆمان بە دوای کاردا بگەڕێین و باری ژیانمان باشتر بکەین.

**ژیانی هاوسەری:**

ساڵی ١٩٧٧، بەهۆی سەردانێکم بۆ (کوردستان)ی ڕوژهەڵات، (پیرانشار)، هەروەها تێکەڵبوونم لەگەڵ خەڵکی ئەو شارەدا، توانیم ژیانی هاوسەری پێکبهێنم و تا ساڵی ١٩٧٩ لە شاری (ئەهواز)ی خۆراوای (ئێران) ژیانی ئاوارەیم بردەسەر. لەو ماوەیەدا بۆ بەدەستهێنانی بژیوی، کارم دەکرد و لەهەمان کاتیشدا خۆم فێری زمانی فارسی دەکرد.

**ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و گەڕانەوە بۆ (کوردستان):**

دوای گۆڕانی ڕژێمی شاهەنشاهی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، لەگەڵ کۆمەڵێک دۆست و برادەری نزیکدا، گەڕاینەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و بۆ ماوەی چەند مانگێک لە شاری (سەردەشت) ماینەوە. شایانی باسە و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، لەگەڵ گەیشتنمان بۆ (سەردەشت)، چەند کەسێکی فریشتە ئاسا، بەو ناوانە: کاک "عەبدوڵڵا قادرپوور"، ئەگەر هەڵە نەبم پێموایە خەڵکی شاری (بانە) بو و لەوێ مامۆستا بوو. کاک "حەسەنی دادخواە" (وەستا حەسەنی خەیات) هەروەها برادەرێکی دیکە بە ناوی کاک "ڕەحمان" بەداخەوە ناوی تەوای ئەو بەڕێزەم لەبیر نەماوە، زۆر هاوکاریان کردین و هەر زوو خانوویان بۆ گرتین.

ئێمە کە ژمارەمان هەشت خێزان بوو، بۆ ماوەی چەند مانگێک لە خانووی خوالێخۆشبوو، کاک ('حەمەی شەڵماشی")دا کە ئەوکاتە هەر لەژیاندا بوو، ماینەوە و هەر لەوێش . ساڵی ١٩٧٩ منداڵی یەکەممان (شێرکۆ) لەدایک بوو.

**گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور:**

دوای چەند مانگێک تێپەڕکردنی ژیان لە (ســــەردەشـــــت)، بەبێ بەرنامە و هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی ژیان، ناچار بەهۆی لێبوردنێکی گشتی ڕژێمی سەرکوتکەری "ســـەدام"، لە ســـاڵی ١٩٧٩، خۆم و خێزانەکەم گەڕاینەوە کوردســـتانی باشـــوور. کە بەداخەوە بەهۆی دڵڕەشـــی دەســـەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس، هیچ شـــتیک وەک خۆی نەمابوو...!

تێکڕای گوندنشـــینەکان لەســـەر جێگە و ڕێگەی باب و باپیرانیان لابرابوون، ڕەز و باخ و گوندەکانیان سوتێنرابوون و وێرانکرابوون! بەو نیازەی کە چاوی سرووشت کوێرکەنەوە و تەنـانەت گیـانلەبەرە کێویەکـانیش لە ئـاویی ژیـان بێبەش بکەن، کانیاوەکانیشـــیان لێ کۆنکرێت ڕێژ کردبوون...! بیری پاکتاوکردنی نەژادی کورد و نەهێشـــتنی وڵاتی کوردســـتان، بیری بۆگەنی داگیرکەرانی جەنجاڵ کردبوو. ژیان لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچوو.

**ئاوارەیی بۆ جاری دووەم:**

لە ســـــاڵی ١٩٨١دا، کە دەبوایە بۆ ماوەیەک بچم بۆ ســـــەربازی و ئەرکێک کە دژ بەویژدانی خۆمە و دەبێ وەئەســـــتۆی بگرم، نەمکرد، بۆیە بەناچاری بارگەیەک کە نەمبوو؛ لەبن هەنگڵێم ناو ڕوومانکردەوە (ڕۆژهەڵاتی کوردســـــتان) شـــــارۆچکەی (میراوە). کە هەر لەوێش منداڵی دوەممان "شەهێن" لەدایکبوو.

دوای دوو مانگ بەهۆی ناســـــیاوێکم، ("حەمەدی ڕەســـــولی کاک ئاڵڵای") خەڵکی (نێوەژ)، بارمانکرد بۆ گوندەکەی ئەوان. (نێوەژ) چەند مانگێک لەوێ ژیاین و زۆر لەگەڵماندا باشبوون. دیارە من ئەوکاتەش ئیشی ددانم هەر دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوە خەڵکی گوندەکە زۆربەیان هەژار و دەســـــتکوورت بوون، لەگەڵ ئەوەدا من لەوان باشـــــتر نەبووم، بەڵام ویژدانم ڕێگەی پێمنەدەدا کە پارەیان لێوەربگرم. ئەوانیش لە بەرانبەردا ماســـت و ڕۆن و پەنیریان بۆمان دەهێنا. بەڵام هەر ئەوەندە بەس نەبوو بۆ دابینکردنی ژیانی ئێمە...!

پاش ماوەیەک کە زانیم ژیانمان هەر بەرەو ناخۆشـــی دەڕوات، ماڵەکەم گواســـتەوە بۆ گوندی (گەرۆر) لەڕاســـتیدا لەوێ هەم بۆ خۆم، هەم منداڵەکانم، ژیان و گیانێکی تازە لە وجوودماندا درووســـتبۆوە و زۆرێک لە ناخۆشـــییەکانمان، لەبیرچوونەوە. مرۆڤ دۆســـتی خەڵکی ئەوێ و ڕێزگرتنیان لەمنێکی هەمیشـــە ئاوارە و قاڵبوو لەناو

کێشـەکانی ڕۆژگاردا، نەک هەر ئاوا بەکوورتی، بەڵکوو لەناو توێی پەڕتووکێکیشـدا هەر وەسف ناکرێت.
من نەک تەنیا هەر بۆخۆم، بەڵکوو هەموو بنەماڵەکەشـم بەقەرزداری ئەو خەڵکە شـەریفەی ئەویَ دەزانم. تاکوو لە ژیاندا بم، چێژ لەو ژیانە کوورتە وەردەگرم کە لەگەڵ ئەواندا بەسـەرم برد. ئەو سـەردەمە کوردسـتان لە ڕووی ئابوریەوە لە ژێر تەوژمێکی زۆر دابوو، بەڵام کەس نەبوو لەدڵدا خۆشـحاڵ نەبێ و خۆی بەخاوەنی نیشـتمانەکەی خۆی نەزانێت. دوای ماوەیەک بەهۆی بارودۆخی نەگونجاو، دیسـان ناچاربووم ئەویَ جێ بهێڵم و ڕوو بکەمەوە ناو باوەشـی دایک کە شـوێنی لەدایکبوونمە.

**گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور:**

ناخۆشتر لە هەموو شتێک ئەوەبوو، لە وڵاتی خۆم کە کوردستانە، تووشی ئاوارەیی بوومەوە و ساڵی ١٩٨٢ ئەو جارەیان بەقاچاغی ڕوومکردەوە کوردستانی باشوور، (ئۆردووگای زۆرەملێی بەسـتەسـتێن)، کە شـوێنی حەوانەوەی قاچاغ و لێقەوماوان بوو. خۆم و شـانسـم هەرچۆنێک بوو، توانیم بۆ ماوەیەکی کوورت لە ژێر سـیبەری خزم و کەسـە دڵسـۆزەکانمدا بمێنینەوە و بەدڵێکی پڕ لە تاسـە و لێدان کەمێک بحەسێمەوە!

**پەلاماری دڕندانەی (ئیستیخبارات) بۆ سەر ماڵمان:**

سـاڵی ١٩٨٤ بەهۆی پەلامارێکی دڕندانەی (ئیسـتیخبارات) بۆ سـەر ماڵەکەم و هەوڵدانیان بۆ دەسـتگیرکردنم بەتۆمەتی پەیوەندیم بەڕێکخسـتنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و هاوکاریکردنیان کاتی گەڕانەوەیان بۆ ناوشار، هەروەها ڕزگار بوونم لەدەسـتیان بە هۆی دڵسـۆزی و یارمەتیدانی بەشـێکی زۆر لە دانیشتووانی گەڕەکەکانی دەوروبەر، هەرچۆنێکبوو توانیم پەیوەندی بکەم بە یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانم، کاک "محەمەد وەتمان" لێپرسراوی تیپی ٦١ی کۆڕش.

**بوون بە پێشمەرگە:**

دوای ڕزگاربوونم لەدەسـت دڕندەکانی بەعس و پەیوەندیکردنم بە برادەرانی ناو شـۆڕش، تەنیا هەر خۆم دەرچووم و منداڵەکانم بۆ ماوەیەک جێهێشـت و خۆم لەگەڵ چەند برادەرێک لە یەکێک لە مەقەڕەکانی (یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان)، (گەڵوەڕەز) بۆ ماوەی سـاڵێک وەک پێشـمەرگەیەک ئەرکی نیشـتمانی و نەتەوەییم پێسپێردرا.

بەڵام ژیانێک کە سرووشت دیاری دەکات بۆ مرۆڤ، جیاوازیی زۆرە لەگەڵ ژیانێکدا کە مرۆڤ خۆی درووستی دەکات و هەڵیدەبژێرێت. (مەبەست ئەوەیە من ئەگەر لەناو خەڵکدابومایە، دەمتوانی زیاتر ئەرکە پێویستییەکانی سەرشانم جێبەجێ بکەم و لە زۆر بوواردا باشتر لەخزمەت خەڵکدابم.)

**جەعفەر و خوێندنەوەی بەریدەست:**

لەبیرمە.. زۆرێک لەو کەسانەی کە پێشمەرگە بوون، یان وەک من شەقی ڕۆژگار ڕاپێڕاندبوون و جێگەیەک نەبوو بۆ حەسانەوەیان و باری ژیانیان لەوپەری نالەباریدا بوو، زۆر جار خەون و خەیاڵ، هیوای ژیانی پێدەبەخشین! دەڵێن: (کەسێک کە باری ژیانی تێکدەچێت، بیر لە خزمی دوو رو قەرزی کۆن دەکاتەوە) هەروەها دەڵێن: (یەکێک کە دەکەوێتە ناو ئاو و خەریکە نقووم دەبێ، بۆ ڕزگارکردنی خۆی، دەست بە پنجە گیاش دەگرێت!)

لەناو مەقەڕەکەماندا چەند هاوڕێیەکمان هەبوو کە خەڵکی ڕۆژهەڵات بوون و بەهۆی کێشەی سیاسی و مەسەلەی کوورتە (باس) لە حزبی دێموکراتی کوردستان، جیاببوونەوە و لە مەقەڕی ئێمەدا ژیانیان بەسەردەبرد. یەکێک لەوانە، کاک "جەعفەر فەلەستینی" خەڵکی (مهاباد) بوو، زۆر جار بۆ کات تێپەڕکردن و کەمکردنەوەی خەم و خەفەت، دەیگووت: من بەری دەستی هەر کەسێک بخوێنمەوە، دەزانم داهاتووی چۆن دەبێت! یەکێک لەوانەی کە لەگەڵماندا بوو لە مەقەڕدا بەناوی کاک "عەزیز ئاڵەیی"، باڵا بەرزێک بو و جەستەیەکی زۆر لاوازی هەبوو، زۆریش خەمیدەخوارد چونکە ژن و منداڵەکەی جێهێشتبوو باری ژیانیشی زۆر ناجێگیر بوو، وتی: دە تو خوا "جەعفەر گیان"! بەریدەستی من بخوێنەوە، بزانە ژیانی من چۆن پێشبینی دەکەی؟ "جەعفەر"، دەستی بۆ خوێندەوە و کەمێک سەری ڕاوەشاند و پێی گوت: تۆ لە ژیانتدا هەر فەقیر دەبی! (هەرچەندە کەمێک دوور دەکەومەوە لە باسەکە، بەڵام ساڵی ٢٠٠١، واتە ١٧ ساڵ دوای ئەو کاتە، بەسەردانێک لە ئوستراڵیاوە، گەڕامەوە بۆ قەڵادزێ و واڕیکەوت کاک "عزیز" هات بۆلام.

کە سەیری دەموچاوم کرد، زۆر لەو کاتە لاوازتر بوو کە لەمەقەڕدا بەیەکەوە بوین. لێم پرسی: ئێستا چۆنی؟ ئەویش بەبێ وەستان، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: مەگەر "جەعفەر" دایکی ... ؟... منیش وتم: بۆ ئەو؟ وتی: ئەی لە بیرت نییە کە ئەوجارە بەریدەستی خوێندمەوە و پێی گوتم: هەتا دەمری تۆ هەر فەقیر دەبی؟!

هەروەها بەردەوام بوو وتی: بڕوام پێ بکە لەوکاتەوە هەرچی دەیکەم، سوودیی نییە و ژیانم هەر بەرەو خراپی دەچێت.)
(لێرەدا دەردەکەوێت کە تەڵقینکردن بە چاک یان بە خراپ کاریگەری خۆی دادەنێت لەسەر مێشک و بیرکردنەوەی مرۆڤ)!
بە هەرحاڵ، کە تەواو بێ هیوا بووم لە گەڕانەوەم بۆ ناو ژیانی ئاسایی و تازە ناتوانم وەک هاووڵاتییەک لە نیشتمانی خۆمدا بژیم، دوای چەند مانگێک هەوڵمدا لەڕێگەی چەند کەسێکی بەویژدان، منداڵەکانیشم بهێنم بۆ لای خۆم و ماوەیەکیش لە (مێرگی زەڵێ) نزیک لە (نێوزەنگ) ماینەوە. منداڵی سێیەممان "شەیدا" لەوێ لەدایک بوو.
**ئاوارەیی و گەڕانەوە بۆ (ئێران) بۆ جاری سێیەم:**
ساڵی ١٩٨٥، بەهۆی کەمێک نادادپەروەری، کە بەداخەوە بۆ من چاوەڕوان نەکرا و بوو... لە لایەن هەندێک لە بەرپرسانی ناو شۆڕش، دیسان ناچاربووم ڕووبکەمەوە وڵاتی ئێران، (کوردستانی ڕۆژهەڵات) بۆ ئەوەی ئەگەر هەر نەبێت گیانی منداڵەکانم پارێزراوبێ. ئەو ماوەیە لە شارۆچکەی (میراوە) دەژیاین، هەر ئەوکاتەش خانوویەکم درووستکرد. جێی خۆیەتی باسی بکەم وەک وەفایەک، کە خەڵکی (گەرۆر) هاوکاریەکی زۆر باشیانکردم و داپۆشینی خانوەکەیان وەئەستۆ گرت.
**بەسەرهاتێکی خۆش:**
لەو کاتەدا ئەگەرچی زۆر جار بیرکردنەوە لە ڕوداوەکانی ژیانمدا ئازاری دەدام، بەڵام بۆ کەمکردنەوە و داپۆشینی خەمەکانم، هەوڵمدەدا لەو کەسانە نزیک ببمەوە کە ئەزموونیان زۆرە لە ژیاندا و دەتوانن بە گەشبینییەوە سەیری ژیان بکەن و کێشە گەورەکانی ژیان بچووک بکەنەوە. لەناو ئەوانەدا، "مامۆستا مەلا قادری قازی"، کە خەڵکی گوندی (نێوەژ) بو و لە (میراوە) دەژیا. هەروەها "مامۆستا مەلا خدر" ئیمام جومعەی (میراوە)، یادیان بەخێر. ئەگەرچی لە هەموو ڕوویەکەوە لە من گەورەتر بوون بەڵام نزیکترین هاوڕێم بوون و زۆر سوود و چێژم لە گەورەیی و شارەزایی و قسە خۆشەکانیان وەردەگرت.
هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، ڕۆژێک هەردووکیانم بانگهێشت کردبوو، بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ و هەموومان سەرقاڵی نانخواردن بووین و من لەلای "مامۆستا مەلا خدر" دانیشتبووم، سەیرمکرد پارچە گۆشتێک لەسەر سفرە دانرابوو، منیش خستمە ناو زارمەوە و ماوەیەکی باش جووم و ئەملام ئەولاو پێکرد. دوایی ڕووم لەخێزانم کرد

و وتم: وابزانم گۆشـــتەکە کەم خوێیە! پێش ئەوەی خێزانم وەڵام داتەوە، مامۆســـتا "مەلا خدر" فەرمووی: نا، نا، کاک محەمەد، بێ خوێ نییە،.. کەمێک چرە، (منیش زۆر خەریکی بووم، هیچم بۆ لەگەڵدا نەکرا.) هەر بۆیە وازم لێهێنا و لەسەر سفرەم دانا! دوایی بۆم دەرکەوت کە مامۆســـتا، ئەوەندە لەناو دەمیدا هەڵیســـوڕاندووە، تامی خوێی لێبڕیوە!

بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەکی کەم لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیســـلامی ئێران دەستبەسەر کرام، کە تائێستایش هۆیەکەیم هەر نەزانی! تا بەریشبووم هیچ پرســـیارم لێنەکرا و تەنیا دەیانگۆت: تۆ لای ئێمە میوانی...! (وادیاربوو لەبەر دڵفراوانی، باوەڕیان بەو وتەیە نەبوو کە میوان هەر شەوێک و دووان خۆشە، دوای دەبێت بە سـەرئێشـە) هاوڕێیەکی زیندانیم کە بە(حەسـەن کاروانچی) بانگ دەکرا و خەڵکی ناوچەی ســـەردەشـــت بوو، خواهەڵناگرێ زۆر جار دڵخۆشـــی دەداتمەوە و دەیگوت: هیچ خەم مەخۆ. بۆیە پرسیارت لێناکرێت، تۆ یان ئیعدام دەکرێی یان ئازاد دەبی! ئەو دڵدانەوەیە زیاتر مەترسی دەخستە نێو دڵم، نەک درووستبوونی هیوایەک بۆ ئازاد بوونم. ئەوەبوو دوای یازدە مانگی تەواو بەبێ دادگایکردن ئازادبووم.

شـایانی باسـە و هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، (کاک "بایز مام ڕەسـول") (ئاغای نێوەژ) کە ئەوکـاتە مـاڵی لە مهـابـاد بوو، وتبووی: من زەمـانەتی دەکەم چونکە دەمێکە دەیناســـم. من لە بەرانبەر ئەو چاکەیەدا و زۆر ئامۆژگاری دیکەش کە لە زۆر مەترسی گێڕاومەتەوە، سوپاسی دەکەم و هیوای بەختەوەری بۆ دەخوازم.

**گەڕانەوە بۆ (سەردەشت) بۆ جاری دووەم:**

دوای یازدە مانگ دابران لە کار و کاســـبی و دوور کەوتنەوە لە ماڵ و منداڵ و بە میوانی مانەوە لەلای کاربەدەستانی کۆماری ئیسـلامی بۆ ماوەیەک کە هەر ڕۆژێک بە ســـاڵێک تێپەڕ دەکرا، هەرچەند کە پێش گیرانم خانویەکم درووســـتکردبوو لە میراوە، بەڵام چونکە بیرەوەری نـاخۆشـــم بۆ درووســـــت بوو، نەمتوانی لەوێ بمێنمەوە.

بۆیە بڕیارمدا کە بچم بۆ (ســـەردەشـــت) و لەوێ لەگەڵ دۆســـتێکم دا بەناوی کاک ("ئاراس ڕەسـول") قەڵادزەیی ئیشـی ددانسـازی بکەم و بۆ ماوەی دوو سـاڵ لەوێ مامەوە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، ئەگەرچی دوای بەربوونم لە زیندان، باری ژیان و ئابووریمان بەتەواوی تێکچو بوو، بەڵام تا دەهات هەر ناخۆشـــتر دەبوو! لەبەر

ئەوە کارکردنم بەبێ داهات بوو! تاکە هیوایەک کە هەمبوو، ئەوەبوو کە لە داهاتوودا جێگیر دەبمەوە و ژێرخانی تێکڕوخاویی ئابووریم نۆژەن دەکەمەوە.

**پارە قەرزکردن:**

ئەگەر کەسێک لێم بپرسی و بڵێ: لەمەرگ و قەرز کامیان هەڵدبژێری؟ بەبێ بیرکردنەوە یەکەمیان هەڵدەبژێرم. ڕۆژێک لەگەڵ خێزانمدا باسمان لە ژیانی نالەباری خۆمان دەکرد، منیش زۆر ناڕەحەت بووم و بڕیارمدا کە بڕێک پارە قەرز بکەم. برادەرێکم بەناوی کاک ("فەرخە ئەحمەد") کە ماڵی لە سەردەشت بوو و ژیانی زۆر خۆشبوو، زۆر جار دەیگوت: تکایە هەرکاتێک کارێکت هەبوو، پێم بڵێ. ئەو ئومێدە هانیدام کە بچم داوای لێبکەم. ماڵیان زیاتر لە دوو کیلۆمەتر لە ماڵی خۆمان دوور بوو.

بەپێ بۆی دەرچووم تاگەیشتمە بەر دەرگای ماڵیان و دەستم بەرزکردەوە کە لە دەرگا بدەم، هەرچەند هەوڵمدا نەمتوانی و دەستم ڕەق بوو. بەناچاری گەڕامەوە بۆ ماڵ، خێزانم گوتی: وەرتگرت؟ وتم: نەوەڵڵا، شەرم ڕێگەی پێنەدام. بەڵام لەبەر ئەوە هیچ چارمان نەبوو، دەبوایە ئەوکارە هەر بکەم، دیسان دەرکەوتمەوە لەماڵ و خۆم گەیاندەوە بەر دەرگایان و هەروەک جاری یەکەم، نەمتوانی لە دەرگا بدەم و بەنائومێدی گەڕامەوە.

وتی: چیت کرد؟ وتم: بەخوا هیچ! وتی: ئەی چار چی یە؟ وتم: خوا گەورەیە، خەم مەخۆ ئەوجار بەبێ بیرکردنەوە لە دەرگا دەدەم و دەچمە ژوورەوە. بۆ جاری سێیەم خۆم گەیاندە بەردەرگای ماڵیان و بەبێ بیرکردنەوە، یەکسەر لە دەرگام داو چوومە ژوورەوە، لەوکاتەدا یەکێک لە براکانی بۆ سەردان هاتبوو بۆلای، زۆر ڕێزیان لێگرتم و دوای ماوەیەک قسەکردن، کاک "فەرخە"، وتی: ماوەیەکە ناتبینم، ژیان و گوزەرانت چۆنە؟ وتم: لەخوا بەزیادبێ، زۆر باشم، وتی: هیچ کار و پێویستییەکت نییە؟ وتم: نەوەڵڵا، بەڵام هەرکاتێک کارم هەبوو، دڵنیابە پێت دەڵێم. لە ناخیشدا زۆر خەمم دەخوارد، بەڵام هەر نەمتوانی داوای هیچ شتێک بکەم. دوای چەند خولەکێک بەسەر ئەو دڵەڕاوکێیەدا، براکەی کاک "فەرخە"، (فەقێ ڕەسول) کە بە میوانی هاتبوو بۆلای، ڕووی تێکردم و گوتی: ئەرێ خانوەکەی میراوەت نەفرۆشتووە؟ وتم: نەخێر، وتی: نایفرۆشی؟ وتم: ئەگەر کەسێک لێمبکڕێت، دەیفرۆشم. وتی: من لێت دەکڕم، بەچەندە؟ ڕێککەوتین. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کێشەیەکی دیکە سەریهەڵدا!

پێش هاتنم بۆ سـەردەشـت، خانوەکەم بەکرێدا بە کابرایەک بەناوی ("عەلی عباس")، ناوبراو کە زانی خانوەکەم دەفرۆشـم، مانیگرت و وتی: من لەو خانوە ناچمەدەر، مەگەر بەنرخێکی کەمتر لە موشـتەری یەکەم پێم بفرۆشـی! ناچار خانوەکەم بەو فرۆشت و لەوەرگرتنی قەرز، خوا ڕزگاری کردم.

شتێکی تریش هەیە هەر بەخۆشی دەیگێڕمەوە؛ کاتێک لەزیندان ئازاد بووم، کەسێک کە زۆر لێم نزیکبوو، داوای دە هەزار تومەنم لێکرد، (عەلی) بەڵام بۆ ئەوەی بێباوەڕی لەناو دڵیدا سـەرهەڵنەدات، نامەیەکم بۆی نووسـی و وتم: با ئەو نامەیەت لەلابێت. دنیا مردن و ژینی تێدایە. هەرکە خانوەکەم فرۆشـت، پێش هەموو شـتێک، پارەکەی ئەوم دایەوە و نامەکەشـم لێوەرگرتەوە و کردم بە چەندین پارچەی زۆر بچووک، بەڵام بێخەبەر لەوە کە خاوەن قەرزەکە وردە کاغەزەکانی کۆکردبوونەوە و بە زەحمەتێکی یەکجار زۆر هەموویانی لە یەکتر قایم کردبوونەوە...! بە هەرحاڵ، بەو نامەیە سێ جار، هەر جارە دەهەزار تومەنی لێوەرگرتمەوە. شـایانی باسـە ئەو جارەشیان لە سەردەشت، هەر چوومەوە بۆ ماڵی کاکە ("حەمەی شەڵماشی")، بەڵام بەداخەوە بۆ جاری دووەم دیواری مەرگ ڕێگەی پێنەدام هەم بەدیداری خۆی هەم بەدیداری دوو لە کوڕە جوانەمەرگەکانی، "کاک (یوسف و کاک غەفور) شاد ببمەوە. کاک (ڕەسوڵ) کە کوڕی گەورەی بوو، وەک برایەک باوەشی بۆمانکردەوە و تا ئەو کاتە کە لەلای ئەوان بووین، هەستمان بە ناخۆشی نەکرد.

**کار و ژیان لە پیرانشار:**

دوای دوو سـاڵ ژیان لە (سـەردەشـت)، ڕۆیشـتین بۆ (پیرانشـار) لەوێ وەک ددانسـازێک توانیم بژیوی ژیانم دابین بکەم و لەو ڕێگەیەوە ئەوەندەی توانیبێتم خزمەتم بە هاوزمانەکانی خۆم کردووە. سـاڵی ١٩٩٠ هەر لەو شـارە، (پیرانشـار) منداڵی چوارەممان "هونەر" لەدایک بوو.

دوای ڕزگاربوونی کوردستانی باشوور و خاوێن بوونەوەی ژینگەی کوردستان لە ناحەزانی، دڵم لێیدا کە بگەڕێمەوە بۆ زێدی باب و باپیرانم، بۆ ئەو مەبەسـتە خانوویەکی خنجیلانەم لە (سەنگەسەر) درووستکرد. بەڵام دواتر بەهۆی بارودۆخی تایبەتیی ئەوکاتە، بڕیاری گەڕانەوەی کوردسـتانم گۆڕی بە سـەفەرکردن بۆ ئوستراليا. شایانی باسە، یەکێک لە هاوڕێ و خزمە نزیکەکانی دەورانی ئاوارەیی کە لە (ئەهواز) زۆر بەیەکەوە بووین، ("مەلا خدر ئیبراهیم") دانیشـتووی سـەنگەسـەر، کردم بە ئەمینداری خانوەکەم و لە چوار بەشـی خانوەکە بەبڕی ٥ هەزار دینار

کردم بە خاوەن بەش. واتا سێ بەشی خانوەکە بۆ من و بەشێکیش بۆ ئەو. لەبەر ئەوە نزیکەی ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینارم لێ خەرجکردبوو.
لەڕاستیدا، هەر وەکچۆن (پەپوولە) کە هەردەم لە دەوری (مۆم) دا دەسووڕێتەوە، دڵی مرۆڤیش هەمیشە لەلای نیشتمانە و هەرگیز لە بیری ناباتەوە و لە بیریش ناچێتەوە. بۆیە منیش وەک زۆربەی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، دڵم خۆشبوو و شانازیم دەکرد کە نیشتمانەکەم کوردستانە و خانوویەکم هەیە لە (وڵاتەکەم).
بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم کرد بە برای (ئەمیندار)و پرسیاری خانوەکەم لێکرد: ئەویش وتی: خانوەکەم هەڵوەشاندووە و زەویەکەشم فرۆشتووە! دیارە بۆ من هەواڵێکی زۆر ناخۆشبوو، بەڵام ناهومێد نەبووم چونکە داهاتووی کوردستان بە گەشی دەبینم و دەزانم ڕۆژێک دەبێ هەر وەک چۆن لەوڵاتی ئوستراليا، یاسا سەروەرە و پێشێلکردنی ماف، پێشێلکردنی یاسایە، ئازاردانی دڵی هەرتاکێک، ئازاردانی دڵی هەموو خەڵکی ئوسترالیایە، دڵنیام لە کوردستانیش ئەو مافانە دەپارێزرێن و دەکەونەوە دەست خاوەن ماف و پێشێلکارانیش لە کردەوەکانیان پەشیمان دەبنەوە. بەبێ گومان لەو ئەمیندارانەش کەمنین و (چەمیش بێ چەقەڵ نابێت!)

**ئوستراليا:**

ئەگەرچی زۆربەی تەمەنی خۆم لە دەربەدەریدا تێپەڕ کردووە، بەڵام هەرگیز لێنەگەڕاوم سەختی ژیان بەری چاوانم تاریک بکات. لە ئەزموونە تاڵەکانی ژیانی خۆم و لە هاوڕێیانی دڵسۆز و مرۆڤی ژیر و بە ئەمەک فێری ئەوەبووم کە تا برستم تێدا مابێ کۆڵ نەدەم. هەر وەک "سەعدی" شیرازی دەڵێ: (زخود بهتری جوی و فرصت شمار کەباچون خودی گم کنی ڕوزگار) هەوڵبدە لەخۆت باشتر هەڵبژێری. ئەگەر وانەبێت، ڕۆژگارت لێ بزر دەبێ.
ساڵی ١٩٩٦ وڵاتی ئوستراليا وەک دایەنێکی میهرەبان باوەشی بۆ کردمەوە. منیش پێش هەمووشتێک دەستم بەخوێندنی زمانی ئینگلیزی کرد و تا ڕادەیەک توانیم شارەزایی تێدا وەدەست بێنم. ئەوسا توانیم بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر پیشەیەک کە زۆر بەلامەوە مەبەست بوو، (ددانسازی) بەدەستی بهێنمەوە و ئەگەر خۆم توانام هەبێت، لەهەر شوێنێکی ئوستراليا بم، بۆم هەیە بەفەرمی ئیش بکەم. بەڵام ئەوەی کە بەلای منەوە زۆر گرنگە، بەردەوام بوونە لەخوێندن چونکە کاتێک

که لێیدابڕاوم هەستمکردووە کە نزیکترین خۆشەویستم جێ هێشتووە و هەرگیز بەدیداری شادنابمەوە، ئێستایش کەپێی گەیشتومەوە، ناتوانم جارێکی تر وا بەئاسانی دەسبەرداری بم و بڕیارم داوە تامردن لەگەڵیدا بژیم. بەتایبەتیی لە وڵاتێکی وەک ئوستراليا کە هەموو دەرگایەک بۆ هەر تاکێک کراوەتەوە و هەرکەسەیش بەشێوەیەک کەڵکی لێوەردەگرێت!
دایک و باوک کە ژیانی منداڵەکانیان دابین بکەن، تاوانە کە نەخوێنن و بیر لە داهاتوویەکی باش نەکەنەوە. ئەی لە وڵاتێکدا کە یاسا سەروەرە و هەموو کەسێک وەک یەک سەیردەکرێت، بۆ دەبێ سوپاسی نەکرێت و بە شێوەیەکی باش سوودی لێوەرنەگیرێت و وەک گلێنەی چاو نەپارێزرێت؟ ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا کە تەمەن وا خەریکە بەرەو لێژی دەڕوا، بێزاری ژیانیش ختووکەی موولوولەکانی جەستەم دەدات و دەیەوێت خانەکانی مێشکم سڕ بکات، بەڵام من دەزانم کە هەرگیز درەنگ نییە بۆ فێربوون و زشت ئەوەیە کە مرۆڤ بە نەزانی بژیت و بەنەزانیش بمرێ.
هەر بۆیە تاکوو ئێستاش لە خوێندن نەوەستاوم و بە تایبەت لە بوواری کۆمپیوتەردا چەند قۆناغێکی پێویستم بڕیوە. هەروەها بەڵگەنامەی جۆراوجۆرم لە پرۆگرامەکانیدا وەدەست هێناوە و دەتوانم بڵێم: وەک هاوڕێیەکی باش لەگەڵیدا دەژیم و وەک مامۆستایەکی دڵسۆزیش سوودی لێوەردەگرم.
**زانکۆ:**
هەروەک هەموومان زۆر باش ئەوە دەزانین کە ناحەزانی نەتەوەکەمان، بەهەر شێوەیەک کە بەدڵیاندا هاتبێ، تەنیا بیریان لەوە کردووەتەوە کە چۆن ڕێگەیەک بدۆزنەوە کە باشتر و زووتر وڵاتەکەمان وێران بکەن و نەتەوەکەمان لەناوبەرن! بۆیە بڕیارمدا کە زیاتر هەوڵبدەم بۆ ئەوەی لە پلانەکانی چەوسێنەران باشتر تێبگەم؛ کە بۆچی ئەوانە چێژ وەردەگرن لە تێکدانی ژیانی خەڵک و خۆشبەختی خۆیان لە بەدبەختی خەڵکی تردا دەبیننەوە؟! هەربۆیە زیاتر خۆم ماندوو کرد کە بچم بۆ یەکێک لە زانکۆکانی ئوستراليا و درێژە بە خوێندن بدەم لەبوواری پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی دا،
(University of South Australia ،International relations) بە کالۆریۆس.
من باوەڕم وایە هەرکەسێک، ئەگەر لە ڕۆژێکدا تەنیا تاکە وشەیەک بخاتە سەر خەرمانی زانست و هزر و بیری خۆی، لە جوانترکردنی ڕوخساری دنیای دەور و بەریدا هەنگاوێکی بە کەڵکی هەڵێناوەتەوە.

**بەرهەمەکان:**

پێمخۆشـــە ئاماژەش بەوە بکەم کە تاکوو ئێســـتا، چەند بەرهەمیکم پێشـــکەشـــی خوێنەرانی خۆشـــەویســـت کردووە و تا ئەندازەیەک لە گۆشـــەیەکی بچووکی پەڕتووکخانەکانی کوردستان، جێگەی خۆیان کردووەتەوە. هیوادارم ئەو بەرهەمانە سوودیان لێوەربگیریت.

یەکەم: ڕێنوێن، وەرگێڕانی لە فارسییەوە.

دووەم: داستان و ئەزموون، وەرگێڕانی لە فارسییەوە.

سێیەم: ئەزموون و ژیان، نووسین و ئامادەکردنی خۆم.

چوارەم: ئەزموون و ژیان، بەشی دووەم، نووسین و ئامادەکردنی خۆم.

پێنجەم: ئەوەی کە ئێستا لە بەردەستم دایە: ئەزموون و ژیان، بەشی سێیەم.

**پێناسەی هەڵە:**

پێناسەی هەڵە، بۆ هیچ کەسێک مەکە.

دوای تاقیکردنەوەکانی ڕۆژگار، بڕیار بدە.

بەڵام ڕێز لە هەموو کەســێک بگرە و هەرکەســەش، بەپێی پێوەری خۆی، ســەیری بکە.

**ویژدانی خەوتوو:**

کاتێک ویژدان دەخەوێت، مرۆڤ بێئاگا دەبێت لە هەموو شتێک.

**وشە و کردار:**

هەزار وشەی بریقەدار و بێناوەرۆک، جێگەی کردارێکی بچووک ناگرنەوە.

**دە هوی سەرەکی بۆ خۆشحاڵبوون:**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

محەمەد پشدەری

**١-جین**

هێندێک کەس (بەشـێوەیەکی سـرووشـتی) کە لەدایک دەبن خۆشـحاڵترن لە خەڵکی دیکە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە لەســـەر چوار هەزار کەســـی دووان ەی گەورە ســـاڵ کراوە، هۆی ســـەرەکی بۆ ئەندازەی خۆشـــحاڵیان، جیاوازیی لە جینەکەیاندا بووە.(Gene) (کەوابوو ئەگەر یەکێک هەمیشـــە شـــادە و یەکێکیش بە پێچەوانەوە داماو و خەمبار بێت، یان ئەگەر کەسـێک ڕۆحسـوک و یەکێکی دیکە ڕەزاگران بێ، هەروەهـا ئەگەر یەکێـک خۆبەکەمگر و یەکێـک خۆبەزۆرگر بێ، نـابێـت ببێتە جێی

تێڕامان و ڕەخنەگرتن. چونکە سرووشت وایە و گۆڕانکاریش لە سرووشتدا ئاسان نییە.)

**٢-ژیانی هاوسەری**

بەپێی هەموو خوێندنەوەکان کە لەسەر ژیانی هاوسەری کراوە، دەرکەوتووە ئەوانەی ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە، خۆشحاڵترن لەوانەی کە بەتەنیایی ژیان بەسەر دەبەن. هەروەها لەخوێندنەوەکاندا دەرکەوتووە کە بەیەکەوە ژیان بەبێ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، ئەو کاریگەریەی نییە.

**٣-بنەماڵە و هاوڕێکان**

ئەو کەسانەی کە خاوەنی خانەوادەیەکی گەورە و کۆمەڵێک هاوڕێی زۆر نزیکن، زۆربەی کات خۆشحاڵترن لەو کەسانەی کە خاوەن پارەیەکی زۆرن، بەڵام بەتەنیای دەژین.

**٤-نەویستن زیاتر لەوەی کەهەتە**

ئەوکەسانەی کە بەتەمای پیشەی سەرکەوتوو، پارەیەکی زۆر و پێکهێنانی ژیانێکی بێکەموکوڕی هاوسەرین، لەو کەسانەی کە قەناعەتیان هەیە بەو شتەی کە هەیانە، خۆشحاڵترنین.

**٥-یارمەتیدانی خەڵک**

بەپێی لێکۆڵینەوەی دەروونناسەکان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان، دەرکەوتووە کە یارمەتیدانی خەڵک تەنیا هەر بۆ ئەوان سوودی نییە، بەڵکوو خۆشییەکەی زیاتر بۆ ئەوانەیە کە گیانی یارمەتیان تێدایە

**٦-دین**

لە پێنج خوێندنەوەدا چواریان ئەوە نیشان دەدەن کە لەنێوان دین (Religion) و خۆشحاڵیدا پەیوەندیەکی سوودبەخش هەیە. زۆربەی ئەوانەی کە زۆر دیندارن، زۆربەی کات زۆرتر دەژین لەوکەسانەی کە بێ دینن.

**٧-سەرنج ڕاکێش**

ئەوکەسانەی کە جوان و سەرنج ڕاکیشن، لەسەر ئەو باوەڕەن کە زۆر خۆشحاڵن؛ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە (جین) یان باشبێ و هەر بۆیەشە کە تەندروستییان باشترە. بەڵام جوانکردن بەشێوەیەکی دەستکرد، ئەو کاریگەریەی نییە.

**٨- پیربوون**

لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە پیرەکانیش وەک گەنجەکان خۆشحاڵن و زۆر بەکەمیش هەســـــت بە خەمۆکی دەکەن. لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە پیرەکان کاتی زیاتریان هەبێ بۆ ئەوشتەی کە چێژی لێوەردەگرن.

**٩- پارە:**

کەتۆ هەژار بی، پارە دەتوانێ هێندێک خۆشـحاڵیت بۆ بکڕێ. بەڵام کاتێک کە مرۆڤ پارەی زۆر و ژیانێکی خۆشی هەبێ، پارەی زیاتر خۆشحاڵتریان ناکات.

**١٠-بیرمەندی**

بەشـێوەیەکی سـەرسـوڕهێنەر بیرمەندی کاریگەریەکی بچووکی لەسـەر خۆشـحاڵی هەیە. بۆ خۆشــحاڵبوون، توانای هەڵســوکەوتکردن لەگەڵ مرۆڤ دا، گرینگترە لەوە کە تۆ چەندە بیرمەندی.

**خۆ دەرخستن:**

لە پێناو دەرخســتنی خۆتدا، هیچ کەسـێک بزر مەکە. چونکە ئەگەر هەموو کەسـێک بزر بوو، بوونی تۆش، وەک نەبوون وایە.خراپ و خراپتر:

خراپ، بەو کەسانە دەڵێن: کە باسی خەڵک دەکەن. خراپتر لە ئەوانیش، بەو کەسانە دەڵێن: کە گوێیان لێدەگرن.

**پێناسە:**

هەرکاتێک پارە بوو بە پێناسەی مرۆڤ، کەسایەتی، ماڵاوایی دەکات.

**مێژووی شاراوە:**

هەروەک هەمووتان ئەو ڕاستییە باش دەزانن، هەرکەسێک کە دەیبینین، پەڕتووکێکی نەخوێنراوە و مێژوویەکی شاراوەیە. کاتێک کە لێی نزیک دەبینەوە و دەیخوێنینەوە، ئەمجار دەزانین لەو ژیانە پڕ پێچ و هەوراز و نشــــێوەدا، چ دەگوزەرێت و چی ڕوودەدات؟!

هەرکەس بە شێوەیەک بیر دەکاتەوە و پلانی جۆراوجۆری لەناو مێشکدایە. بۆ هەر پلانێکیش چەندین ئامانجی جۆراوجۆر هەیە. ئامانجەکانیش جیاوازییان هەیە. بەشێکیان لەپێناو جوان

کردنی ڕوخساری مرۆڤایەتی و ڕازاندنەوەی جیهان و نرخ

دانە بە ژیان و ژینگە و بەیەکەوە ژیان. بەشێکیش، برەودانە بە ژیانی تاکەکەسی و بیرکردنەوە تەنیا لە خۆو، بەکار هێنانی دەوروبەر لە پێناو خۆش ژیان و چەند ژیان و لە کۆتاییدا، بە میرات جێهێشتنی پێناسەیەکی نەشیاو و ناو و ناوبانگێکی شێواو بۆ کۆمەڵگەکەی!

**دابڕان:**

ئەگەر خەمی دابڕان و دوورکەوتنەوە و بێوەفایی بەشێک لە مرۆڤەکان نەبوایە، جیهان دەبوو بە بەشێک لەو بەهەشتە، کە زۆرینەی خەڵک، بە ئومێدەوە بۆی دەژین. هەروەها، هەموو کەسێکیش بە دڵخۆشی دەژیاو بە ئاسوودەیش، ماڵاوایی لە ژیان دەکرد.

**پشتبەستن:**

بۆ هیچ شتێک، تەنیا پشت بە زانست و شارەزایی خۆت مەبەستە. بەتایبەتیی لە کاتی دانیشتن و گفتوگۆدا، زیاتر لەوەی کە قسە دەکەی، گوێ لە دەوروبەرت بگرە و زیاتر فێربە. بێ ئەوەی پێت بگوترێت: خۆت کەموکورتییەکانت ڕاست کەوە. تا لە داهاتوودا، تۆش گوێت لێ بگیرێت و سوودت لێوەربگیرێت.

**خۆری خۆشەویستی:**

هەرکاتێک بەرژەوەندیی، پێش هاوڕێیەتی کەوت، خۆری خۆشەویستی، ئاوا دەبێ.

**خۆ گەورەکردن:**

نە خۆت گەورەکە بە کەس، نە کەسیش بچووک کەوە بە خۆت. چونکە، هیچ کەسێک نابێ بە کەسی تر.

**ڕێگەگرتن:**

زۆر کەس هەیە بۆ ئەوەی قسە نەکەی، ناوبڕ بە قسەکانی نادات. (space) زۆر هاوپیشەش هەیە، بۆ ئەوەی لە بایەخی ئیشەکەی کەم نەبێتەوە، ڕێگە لە هاوپیشەکانی تری دەگرێت.

**خۆری ژین:**

کاتێک بەهیوای دەرکەوتنی خۆری ژین بە، کە بە ئومێدەوە بژی.

**بێ کەسی:**

بێ کەسی باشترە لەوە، کە هەموو کەسێک بناسی.

**خۆ بزر** نەکردن:

لە دەوڵەمەندیدا، خەڵک لە بیر مەکە.

لە هەژاریشدا، خۆت بزر مەکە

**عەشق و خۆشەویستی:**

عەشق و خۆشەویستی، دوو شتی لە یەکتر جیاوازن.

دەتوانی هەموو کەسێک و هەموو شتێکت خۆشبوێت، بەڵام ناتوانی عاشقی هەموو کەسێک بی. هەوڵدە هەموو کەسێکت خۆشبوێت، بەڵام لە عاشق بوون، خۆت بە دوور بگرە. چونکە عەشق، وشەیەکی بێمانایە و، جگە لە خەم و ئازار و داڕمان، هیچ پێناسەیەکی دیکەی نییە...

**متمانە:**

متمانە، ساڵانێک بۆ درووست بوون،

چەند چرکەیەک بۆ لەدەست چوون،

بۆ گەڕانەوەش، هەرگیز... لە (ئینگلیزییەوە.)

**وەستان:**

ئەگەر خۆت بڕیاری وەستان نەدەی لەوەی کە دەیکەی، ڕۆژێک دێت، کە دەوەستێنرێی. چونکە ژیان زۆر کوورتە و، کۆتایی بە هەموو شتێک دێت.

**بە ئاسوودەیی ژیان:**

هەرکاتێک توانیت ڕاستییەکان بشاریتەوە، گۆڕ بۆ کەسایەتیت هەڵدەکەنی و بەدەستی خۆت دەیشاریتەوە.

هەرکاتێک ویستت بۆ خۆش ژیان و زۆر ژیان، زیان بە خەڵکی تر بگەیەنی، دڵنیابە کەم ژیاوی. چونکە ئەوکاتە بۆ مرۆڤ زۆر بەنرخە، کە بە دڵخۆشی و بە ئاسوودەیی ژیاوە.

**زمان لووسەکان:**

زمان لووسەکان، کاتێک لێت نزیک دەبنەوە، یان پێشتر کڵاویان لەسەرناوی، یان دەیانەوێت بە هۆی زمان لووسیەوە، کڵاوێک بخەنە سەر سەرت، کە بۆ تەمەنێک لە بیرت نەچێتەوە!

**دووری:**

لە دووریی تۆیە کە من بێکەسم

هەرچییەک بکەم من هەر بێبەشم

بۆیە هەمیشە چاولەڕێگەی تۆم

چونکە تەنیا تۆی گشت هۆز و کەسم

**درۆ:**

نیازی هەر خراپەیەکت هەبێ، ناتوانی بیکەی. بە مەرجێک، درۆ نەکەی. بە واتایەکی تر، ئەگەر درۆ بکەی، دەتوانی هەرچی خراپە هەیە، بیکەی. چونکە درۆ، دایکی هەموو خراپەکانە.

**بڕوابەخۆبوون:**

**چەند وتەیەک لە ئینگلیزییەوە:**

نامەوێت، ناتوانم، نازانم چۆن!، ئارەزووم بوو، توانیبام.

من دەمەوێت، پێموایە، بەڵکو...، لەوانەیە، پێموایە دەتوانم، دەتوانم. من هەم. من کردم.

**هەنگاونان:**

ئەگەر بۆ هەنگاوەکانت، سنوورێک دانەنێی، لە شوێنێک دەوەستی و ناتوانی بەردەوام بی.

**چاتکردن:**

چات، چاو لاواز و، کات ئاڵۆز دەکات.

**ئاماژەیەک بۆ وەستان:**

لە بەرانبەر هەر شتێکدا کە دەیکەی. پێویستە ئاماژەیەکی وەستان، بۆ خۆت دابنێی.

**ژن:**

ژن، نەک هەر ژیانە، بەڵکوو فێرگەی مرۆڤایەتیشە.

**تەمەن:**

پێویستە گوێ لە زەنگی کۆتایی تەمەن بگرین و لە ئارەزووەکانی دڵ، دوور کەوینەوە. دنیا ئەوە ناهێنێت کە زۆر پشتی پێ ببەستین و خۆمان گیرۆدەی خەیالاتی بێ بنەما بکەین. با بیر لە شتێک بکەینەوە کە ویژدان ئاسوودە بکات، نەک دڵ و جەستە.

تەمەن پێمان دەڵێت: ئەوەی کە دوێنێ بیرت لێیکردۆتەوە و ئەمڕۆ لێی پەشیمانی، لەبیر خۆتی بەرەوە و خەمی لێمەخۆ. هەوڵ بدە، بیر لە شتێک بکەیەوە، کە بەیانی دڵ و ویژدانت ئاسوودە بکات.

**پێداهەڵدان:**

مرۆڤ چەندە بەرز بێت، بە پێدا هەڵدانی کەسە نزمەکان، هەر نزم دەبێتەوە.

**نزم بوونەوە:**

بڕوانامەی بەرز و پلەوپایە و سەرمایەی زۆر، زۆر جار دەبنە هۆی نەگبەتی و ناشیرین بوون ونزم بوونەوەی کەسەکان.

**پەلە مەکە لە ناسیندا:**

سێ تاقیکردنەوە هەیە: هەرکەسێک لەو سێیانەدا دەرنەچێت، ئەگەر نزیکترین کەسیشت بێت، هەوڵ بدە لێی دوور کەویتەوە. من وەکخۆم، ئەزموونم لەسەر هەموویان هەیە و باجی زۆریشم داوە.

یەکەم: هاوسێ بوون،

دووەم: گەشتکردن،

سێیەم: سەوداو کڕین و فرۆشتن.

**مرۆڤ:**

مرۆڤ، وەک بۆکسێکی داخراو وایە، تا دەمی نەکرێتەوە، نازانرێت چی تێدایە. هەروەها تا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرێت، نازانرێت چی لە ناخدایە.

**فریودان:**

ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی فریودان:

درۆکردن،

بزەی بێجێ،

خۆتێهەڵسوون.

پێدا هەڵدان و ڕێزگرتنی زیاد لە پێویست.

**ناخە شاراوەکان:**

ناخە شاراوەکان، لە کاتە هەستیارەکاندا، دەردەکەون.

**لێهاتووی:**

مەرج نییە هەرکەسێک زمانی لووس و پاراو بوو، لێهاتوویی زیاتر بێت.

**مانەوە:**

دەتوانی سواری ئەسپ بی، بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست، بەڵام ناتوانی بۆ هەمیشە، لەسەر پشتی بمێنیتەوە.

**بۆ مردن:**

بۆ کەسێک بمرە، کە بۆ تۆ دەژیەت.

**لەدەستدان:**

ئەگەر ناتهەوێت خۆشەویستەکانت لەدەست بدەی، دوو شت مەکە:

یەکەم: داوای قەرزیان لێمەکە

دووەم: بەردەوام چاکەیان لەگەڵدا بکە. بەڵام... هەرگیز، قەرزیان پیمەدە.

**هاوڕێی ژیان:**

دڵ کە هەڵگری ڕاز و ویژدانە

زۆر پڕیی مەکە و نرخی بزانە

ئەوەی نەیهەوێ زۆری لێمەکە

چونکە هەر ئەوە هاوڕێی ژیانە

**جوان:**

هەموو شتێک و هەموو کەسێک جوانە، بە مەرجێک ناشیرین نەکرێت.

**ستەمکار:**

بۆ بەچۆکداهێنانی ستەمکاران، چارەسەری ڕاستەقینە،
تەنیا یەکگرتنە و هیچی تر...

**ناڕاست:**

مرۆڤ، پێش ئەوەی کڵاو بخاتە سەر سەری خەڵک،
خستوویەتە سەر سەری خۆی. واتا، تا لەگەڵ خۆیدا ناڕاست نەبێت، ناتوانێت لەگەڵ هیچ کەسێکدا، ناڕاست بێت.

**زانین:**

مەرج نییە مرۆڤ، هەموو شتێک بزانێت. بەڵکوو گرنگ ئەوەیە، ئەوەی کە دەیزانیت، چۆن سوودی لێوەردەگرێت و چۆن سوود بە خەڵک دەگەیەنێت...؟

**ناو و نان:**

ناو کە لە پێناو نان دا بەدەست بێت، زوو لەناو دەچێت.
بەڵام... نان کە لە پێناو ناو دا خەرج بکرێت، هەم ویژدان ئاسوودە دەکات، هەم ناویش جوان دەکات.

**نەخۆش و ئازار:**

کەسێک کە نەخۆش دەکەوێت، سەرەتا، هەر خۆی هەست بە ئازاری لەش دەکات. کەوابوو هەر خۆی دەتوانێت پزیشک تێبگەیەنێت، نەک کەسێکی تر! بۆ باسکردن لە هەر شتێکیش، لەگەڵ هەرکەسێکدا، تەنیا پشت بەخۆت ببەستەو بەس...

**جوانییەکانی مرۆڤ:**

جوانییەکانی مرۆڤ، بی ژمارەن. کاتێک بەشێک لە جوانییەکانی ناوەوە دەردەکەون، جوانترین بوونەوەرە. بەڵام... بە پێچەوانەوە، کاتێک کە ناحەزیە شـــاراوەکانی دەردەکەون، ناشیرینترین بوونەوەری سەر زەویە.

**ئەزموون:**

پێش ئەوەی ئەزموون لە هەڵەکانت وەربگیرێت، تۆ ئەزموون لە هەڵەکانی خەڵک وەربگرە.

**دڵخۆشکردن:**

بە کردار زیانم پێ بگەیەنە، بەڵام... بە درۆ، دڵم خۆش مەکە.

**تۆوی خەم:**

ئەگەر توانای دڵخۆشکردنت نییە، تۆوی خەمیش مەچێنە.

**ناسین و تێکەڵبوون:**

تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا، ئاسانە، بەڵام... ناسینی مرۆڤەکان ئەستەمە.

**بەهەڵە ژیان:**

کاتێک کە زۆر باش دەزانی کە خوایەک هەیە و باڵا دەســتەو هەزاران بەڵگە هەیە، کە هەموو شــتێکی لە ژێر دەســتدایە، چ پێویســت بەوە دەکات کە خۆت خوایەک درووست بکەی و بیپەرستی؟! بەبێ ئەوەی هیچت بۆ بکات! تاکەی تێنەگەین: کە بە هەڵە ژیان، چەندە بە ئازارە!

**تایبەتمەندی:**

تـایبەتمەنـدییەکـانی مرۆڤ، هەروەک تـاڵە مووە ســـپیەکـان، لە کـاتی خۆیـانـدا دەردەکەون.

**خاڵی ڕەش:**

شــاردنەوەی خاڵی ڕەش، بە هۆی خاڵی ڕەشــەوە، جگە لە ڕەشــبوون و گەورەتر بوونی زیاتر، هیچ سوودێکی دیکەی نییە.

**هەناسە:**

فێنکی هەناسە، وەک شەماڵ وایە
ئارامی بەخشە و بۆ دڵ دەوایە
بەڵام هەرکاتێ کە دڵ زامدار بێ
ڕوو لە هەر کوێ بکات وەک ڕەشەبایە

**وتەی ناخۆش:**

هەر وشەیەکی ناخۆش، کە دڵ ئازار بدات، لەلایەن هەر کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، زۆری پێناچێت، کە سزاکەی وەردەگرێتەوە.

**خۆناسین:**

با چیتر بە سەری ڕەش و شێوەی جوانی ڕابردوومان، دڵخۆشنەکەین. چونکە ئەوە دەورانێک بوو، ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە... ئێستا کاتی ئەوەیە خۆمان بناسین و ئەگەر هەڵەیەک لە ژیانماندا هەبوو بێت، مووە سپیەکانی سەرمان بکەین بە دادوەر و، بەڵێن بدەین: کە دووبارەی نەکەینەوە.مرۆڤ و ژیان:

ژیانی مرۆڤ، لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە لەدایک دەبێت. لەوکاتەشەوە کۆتایی دێت، کە متمانە لەدەست دەدات. نەک لەوکاتەوە کە گیان لەدەست دەدات...

**بڕیاردان:**

بەبێ بیرکردنەوە و تێگەیشتن، هەرگیز بڕیار مەدە.

**ڕابردوو:**

لەگەڵ ڕابردوودا ژیان، سوود وەرنەگرتنە لە ئێستا و شێواندنی داهاتووشە. ڕابردوو، هاوشێوەی ئازیزانە، کە دوای نەمانیان، هەرچی بکرێت، سوودی نییە.

**بەڵێن:**

پێناسەی ڕاستەقینەی مرۆڤ، بەڵێنە.

**بزر بوون:**

مەترسیدارترین شت بۆ مرۆڤ، ئەوەیە کە لە ناو تاریکی نەفسی خۆیدا بزر بێت. بەو مانایە، ئەوەندە لەخۆبایی بێت، کە خۆی نەناسێتەوە!

**نێرینە و مێینە:**

نە هەموو نێرینەیەک پیاوە، نە هەموو مێینەیەکیش ژنە. بەڵکوو پیاو بوون و ژن بوون، لە ناخ و زاتی مرۆڤەکاندایە.خەم:

خەم، چ بتخوات، یان بیخۆی، هەر ئازارە. باشترین ڕێگە، بۆ ڕزگار بوون لەو ئازارە، ئەوەیە کە پشتگوێ بخرێت و لە بیر بکرێت.

**وانەی ژیان:**

لە دوو کەس ئەزموون وەربگرە و وانەی ژیان، فێربە:

یەکەم: گەشبین و ڕوون بین،

دووەم: ڕەشبین و بەد بین.

**تاقیگە:**

هەموو کەسێک بناسە، بەڵام... لە ژێر تاقیگەی زەڕەبینی مرۆڤ ناسیدا.

**خزم و بێگانە:**

مەرج نییە هەرکەسێک بێگانە بوو، پەلامارتدات و هێرشت بۆ بێنێ. زۆر خزم هەیە، بە کاکە و براڵە، نەک تەنیا هێرش، دڵت دەردێنێ!

**هیچ شتێک بەبێ هۆ، نانووسرێت:**

بکوژەکان، بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان، کەسێک یان چەند کەسێک، لەوانەیە بکوژن. بەڵام... بەشێک لە ئیرەیی بەرەکان، لە پێناو نەهێشتنی بزەی سەر لێوەکان، ئامادەن تەنانەت شارێکیش، ئاگر دەن و کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوانیش لەناو بەرن!

**مەڕ و گەستن:**

گومان نییە لە گورگ، کە گۆشت خۆر و دڕندەیە؛
ئەی چی دەگوترێ بە مەڕ کە شیردەر و گیا خۆریشە،
بەڵام جارجارە حەزی گەستن و پێوەدانیشی هەیە؟!

**ژیان:**

ژیان بۆ ئەوە نییە کە خۆت بدۆزیتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە، کە خۆت درووست بکەی. لە (ئینگلیزییەوە)

**ژیان کوورتە:**

لە مردن مەترسە، چونکە ژیانێکی دیکەیە. بە مردنی هیچ کەسێک دڵخۆش مەبە، چونکە دوور نییە دوای ئەو، تۆ بی. بە ژیانی خۆشی هیچ کەسێک دڵتەنگ مەبە، چونکە خوای گەورە، بەرنامەی هەمووانی داڕشتووە. تەماح لە ماڵ و سامانی هیچ کەسێک مەکە، چونکە تەمەن ئەوەندە زۆر نییە، کە هەموو دنیا، لە مێشکت بارکەی!

**پێگە لەدەستدان:**

کاتێک کەسێکی نزیک، یان هاوڕێیەک، زیانم پێدەگەیەنێت، بێباکم لە زیانەکە. بەڵام... خەمی ئەوەم هەیە، کە پێگەی خۆی لەدەست دەدات!

**بەرپرسیارێتی:**

مرۆڤ لە دوو کاتدا بەرپرسیارێتی یاسایی و کۆمەڵایەتی لەسەر نییە:
یەکەم: لە کاتی دەورانی منداڵیدا،
دووەم: لە کاتی دەورانی هەرزەکاریدا. دوای تێپەڕبوونی ئەو دوو دەورەیە، دەبێتە خاوەن بڕیار و، دەشکەوێتە ژێر پرسیار و لە ڕیزی گەوران دەژمێردرێت. ئەوکاتە،

پێش هەموو شتێک پێویستە ڕێز لە خۆی بگرێت. چونکە هەرکەسێک خۆی لەلا کەم بێت، ناتوانێت، ڕێز لە هیچ کەســـێک بگرێت. هەرکاتێکیش نرخی بۆ هیچ کەســـێک دانەنا، نابێت چاوەڕوانی ئەوەش بکات، کە هیچ کەسێک حیسابی لەسەر بکات.

**بچووک بوونەوە:**

زۆرێک لە مرۆڤەکان، ئەوەندە بۆ بەرز بوونەوەی پلەوپایە ڕادەکەن، تا ئەو جێگەیە، کە زۆر بچووک دەبنەوە و لە کۆتاییشدا، بە هیچ ناگەن و بۆ هەمیشە، بزر دەبن.

**دڵخۆشی:**

سەرچاوەی دڵخۆشی، دڵ گەورەیی و سوود گەیاندنە بە مرۆڤایەتی.

**نزیک کەوتنەوە لە دوژمن:**

دوژمن، هاوشێوەی ئاگرە. تا زیاتر لێی نزیک بیتەوە، زیاتر دەتسووتێنێ.

**هاوڕێ:**

هاوڕێ، ئەو دوژمنەیە، کە ئێستا توڕەت نەکردووە.(وتەی ناوداران)

**دوور کەوتنەوە:**

خەم مەخۆ لە کەسێک، کە لێت دوور دەکەوێتەوە. چونکە ئەو کەسە، لە سەرەتادا، هەر نزیک نەبووە لە تۆ...!

**ژیان:**

خۆشـــی و ناخۆشـــییەکانی ژیان، پەیوەندی بە لێکدانەوەی خۆمانەوە هەیە. ژیان، چۆن بیری لێبکرێتەوە، ئاوا دەردەچێت. ڕووداوە ناخۆشـــەکانی ژیان، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە ئاڵۆزەکانی خۆمانە.

**پەشیمانی:**

بە جۆرێک بمرە، کە لە بوونت پەشیمان نەبیەوە.

**سێ شتی پێویست:**

مرۆڤ، پێش ئەوەی پیر و زەلیل بێت، باشـــتر وایە نزای هاتنی مەرگ بکات.
بەرپرس، پێش ئەوەی خەڵک لێی بێزار بێت، باشتر وایە، کە خۆی وازبێنێت
حکومەت، پێش ئەوەی دارمێت و بکەوێتە ناو گێژاوی قەیران، باشـــتر وایە، بگۆڕدرێت.

**بەجوانی هاتن و بە جوانی گەڕانەوە:**

یەکێک لە شـــتە هەرە جوانەکانی ژیان، ئەوەیە کە مرۆڤ، بەجوانی بە دنیا بێت و بەجوانیش بگەڕێتەوە.

**کوێخای دیوەخان:**

تەنیا وەک کوێخا بمناسێنە، چی دەڵێی: ئەوەت بۆ دەکەم...!

**بەرز بوونەوە:**

بەرز بوونەوە، خۆشە. بەڵام... بە چ نرخێک...؟

**باسی ڕابردوو:**

کاتێک کەموکوورتییەکان بەرەو زیاد بوون دەچن، پەنا بۆ ڕابردوو دەبرێت و باس لە شاکارەکان دەکرێت!

نانم پێ بدە، شوتی هەر ئاوە
باس لە ڕابردوو خەیاڵی خاوە

**پەڵەی ڕەش:**

ڕەشترین پەڵە کە هەرگیز لەسەر دڵ لاناچێت، وشەی ژەهراوییە.

**وشە:**

وریای دەربڕینی وشـــەبە، چونکە کاتێک لەناو دەمدایە، زۆر بچووکە. بەڵام... کە دەرچوو، لەبەر گەورەیی، توانـای گەڕانەوەی نییە! زۆر جـار وشـــەیەک، بەرزت دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بەختەوەریت، زۆر جاریش زیانت پێدەگەیەنیت و دەبێتە هۆی بچووک بوونەوەت.

**باشتر بوون:**

ئەگەر نەتوانین ئەمڕۆ لە دوێنێ باشـتر بین و بەیانیش لە ئەمڕۆ، شـایانی ئەوە نین کە هەبین.

**باشی:**

باشــی ئەوە نییە کە شــتێکی باش بکەی، بەڵکوو باشــی ئەوەیە، کە لەگەڵ شــتە باشەکەدا، شتی خراپ نەکەی.

**جوانترین بوونەوەر:**

مرۆڤ جوانترین بوونەوەری ســەر ڕووی زەوییە. بە مەرجێک، جوانییەکەی خۆی بپارێزێت.

**کاتژمێری تەمەن:**

کاتژمێری تەمەن، بەردەوام لە ســـووڕانەوەدایە و ئێمەی لەخۆبایی و بێئاگاش، بەردەوام لە بیری ئازاردان و دڵڕەنجاندن و داونانەوە بۆ یەکتر داین!

**سەرقاڵ بوون:**

ئەوانەی بە شـــتی بچووک خۆیان خەریک دەکەن، ناتوانن بیر لە شـــتی گەورە بکەنەوە.

**بەرژەوەندی:**

هەرکاتێک بەرژەوەندی لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە، خۆشـــەویســـتی و متمانە، لە پەنجەرەوە دەچنە دەرەوە.

**شێوەی تۆڵە سەندنەوە:**

زۆر جار بەهۆی کەســـێکی خراپ، تۆڵە لە خەڵکێک دەکریتەوە. زۆر جاریش بە هۆی خەڵکێکی خراپ، تۆڵە لە کەسێک دەکرێتەوە! ئایا ئەوەی کە ئێستا ڕوودەدات، کامیانە؟

**هاوکاری:**

دەستێ درێژ نەکرێ لە بۆ هاوکاری

باشوایە ببڕێ و بکرێتە دیاریی

**لەدەستدانی قورسای:**

قورسایی مرۆڤ، بە خۆقورسکردن، لەدەست دەچێت.

**زمانی زبر:**

ئەوانەی کە بە زمانی زبر دەدوێن: خاوەنی دڵێکی ڕەشن.

**خۆدەرخستن:**

ئەوەنـدەی کە بیر لە خۆدەرخســـتنی خۆمـان دەکەینەوە، نیو ئەونـدە بیر لە دڵخۆشکردنی خەڵک بکەینەوە، ژیان لەوە جوانتر دەکەین کە دەیبینین.

**وشە:**

وریـای دەربڕینی وشـــەبە. چونکە چەنـدە بچووک بێـت، کە لەدەم دەرچوو، شوێنەواری زۆر لە دوای خۆی جیدێڵێت.

چۆن تیشـــکی خۆر، زەویی ڕووناک دەکات و وزە دەبەخشـێت، وشـــەی جوان و گونجاویش، ئاوا دڵ و مێشک ئارام و ئاسوودە دەکات.

بە هەمان شێوە، چۆن دنکە شقارتەیەک دارستانێک دەسووتێنێ، وشەی ناڕێکیش، ئاوا کاریگەریی خراپ، لەسەر دڵی بەرانبەر جێدێڵێ.

**کێشەی دەروونی:**

ئەوانەی کە کێشـــەی دەروونیان هەیە، هەمیشـــە هەســـت بە لاوازیی خۆیان دەکەن. هەر بۆیە بەردەوام هەوڵی شکاندن و لاوازکردنی خەڵکی دیکەش دەدەن، بێخەبەر لەوە کە زیانی زیاتر بە دڵ و مێشک و جەستەی خۆیان دەدەن.

**خۆت دوور بگرە:**

ڕێگەیەک مەگرەبەر کە بزر بی.

لەگەڵ کەسێکدا ڕێمەکە، پەشیمان بی.

هاوڕێیەتی کەسێک مەکە، لەکەدار بی.

باس لە شتێک مەکە، کە لێی دوور بی.

**چاوەڕێکردن:**

کاتێک کە لەدایک دەبی، زۆر کەس لەدەورت نییە. کاتێک کە دەشـــــمری، بە هەمان شـــێوە. کەوابوو، کاتێک کە لە ژیانیشـــدای، چاوەڕێی ئەوە مەکە، هەموو کەســـێک هاوڕا و هاوڕاز و هاوســـۆزت بێ. بەڵام تۆ! تا دەتوانی، بۆ هەموو کەســـێک بەو، بەهەر شـێوەیەک کە بۆت دەکرێت، یار و یاوەری هەموو ئەو کەسـانەبە کە چاکەت بە چاکە لێوەردەگرن و لە بەرانبەردا، زیانت پێناگەیەنن.

**هەموو کەسێکم خۆشدەوێت:**

چاکەکان، لەبەر ئەوە، دڵخۆشی و ئارامی بەدڵ و مێشکم دەبەخشن. خراپەکانیش، ئەزموون و وانەی ژیان.

**ئازاربەخش:**

لە مەیدانی نەبەردا، تەنیا گوللەیەک بەسـە، بۆ پێکانی شـوێنێکی هەسـتیار. لەکاتی قسەکردنیشدا، تاکە وشەیەک بەسە، بۆ کوشتنی هەستێکی بریندار.

**دڵخۆشی کاتی:**

کەسێک لە پێناو دڵخۆشکردنی خۆیدا، دڵی خەڵکی تر ئازار بدات، هەمیشە لە ئازار دایە. چونکە ویژدان، پەیامی خوایە و هەر خۆشی، لێی بە ئاگایە.

**ستەم هەر ستەمە:**

ســـتەم لە هەرکەســـێک بکرێت و هەرکەســـێک بیکات، هەر ســـتەمە. هەر بەهۆی ســتەمکردنیشــەوەیە، کە جامی ئارامگرتنی خوای گەورە پڕ دەبێت و لە ئاسـمانەوە، بڕیارەکانی دەردەکات.

**داهاتوو:**

داهاتووی تۆ! یەکەمجار، تایبەتە بە تۆ. دوا جار... بە کۆمەڵگە.

**هاوسەفەر:**

پێش ئەوەی بە ڕێبکەوی بەرەو شـــوێنی مەبەســـت، بیر لە هاوســـەفەرێکی باش بکەوە. کە دڵ و مێشکت، هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

**چەند وتەیەکی کاریگەر:**

بەهێز بە، بەڵام وشـک مەبە. میهرەبان بە، بەڵام لاواز مەبە. بێفیز بە، بەڵام شـەرمن مەبە. هۆی شانازیبە، بەڵام لوتبەرز مەبە. لە (ئینگلیزییەوە)

**دیمەنی پایز:**

کاتێک کە ناوی پایز بەرگوێم دەکەوێت، لە خەوی بێئاگایی خەبەرم دەبێتەوە و خۆم دەبینم. کاتێک کە دیمەنی خەماوی پایز دەبینم، شـــێوەی شـــێواو و داماویی خۆم، وەک ئەو دەبینم.

کاتێک وەرین و دابڕانی گەڵاکان بەتاک و بە کۆمەڵ دەبینم، ماڵاوایی یەکجاری و ناخی زامداری ئازیزان، لە دووری یەکتر دەبینم...

**هەست و سۆز:**

هەست و سۆز و خۆشەویستی، مانای نەماوە
لەهەر شوێنێ بۆی بگەڕێی، بوونی نەماوە
سۆزی ڕاستەقینە، تەنیا وەفایە
ئەویش لەم ڕۆژگارەدا، وەک خۆی نەماوە!

**خۆ نەبینین:**

کە خۆت لە ئاوێنەیەکدا نابینی، لەبەر ئەوە نییە کە بینایت لەدەستداوە. بەڵکوو هۆی تێکچوونی ئاوێنەکەیە، یان چڕژاوە، یان جەویی شێواویی ڕۆژگار، تێکیداوە!

**ناخی شێواو:**

ناخی ناخ شێواوەکان، لە کردار و قسەکردنیاندا، دەردەکەوێت.

**لاسار:**

هۆی دابڕانی هەرکەسێک، هەر لاسارییە
چون دەردێکی زۆر گرانە و دەرمانی نییە
جگە لە دووریی و بەرهەڵدان، هیچ چاری دیکەی نییە

**پێشێلکاری:**
مرۆڤ، کاتێک پەلاماری جەستەی خۆی دەدات و دەیخوات، ئەی دەبێ چی لە جەستەی خەڵکی تر بکات؟!
مەبەست لەو حزب و لایەنانەی کوردستانە، کە مافی ئەوانەشیان خواردووە کە، زیاتر لە نیوەی تەمەنیان، لە پێناو ئەواندا، لەدەستداوە!
**ستەم و کۆتایی:**
ستەم، کۆتایی هەر دێت. چ بە ڕیسوا بوون، چ بە لەناو چوون.
چێژ وەرگرتن لە ئازاردان:
ئەو کەسەی کە چێژ لە ئازاردانی کەسێک وەردەگرێت، هەر ئەو کەسە، ڕۆژێک دێت، کە دەبێتە لاوازترین نێچیری ژێر دەستی دڕەندەترین بوونەوەری سەر زەوی.
لە کۆتاییدا، دەبێتە پەندی ڕۆژگار...
**وەفا:**
تا ئەو کاتە حوکمی وەفا ڕەوایە، کە ڕووبەڕووی هێزی ناڕەوای جەفا نابێتەوە.
**وێرانە:**
نە کۆشکێکی گەورە و ڕازاوە بە ئاسانی تێکدەدرێت، نە وێرانەیەکیش بە ئاسانی، ئاوەدان دەکرێتەوە.
**برسیکردنی خەڵک:**
هەردەسەڵاتێک کە بیری لە برسیکردنی خەڵک کردەوە،
بەدەستی خۆی، گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت.
**خۆ نەناسین:**
کارەساتبارترین و ترسناکترین شت، بۆ زیان گەیشتن بە مرۆڤ، خۆ نەناسینە.
**شەڕکردن لە**گەڵ ویژدان دا:
شەڕکردن لەگەڵ ویژدان دا، شەڕکردنە لەگەڵ ژیان دا.
زۆرن، کە لە پێناو دەسکەوتێکی کاتیدا، نەک هەر ویژدانی خۆیان ئازار دەدەن، بەڵکوو بۆ هەمیشە لە ناو دڵی خۆیاندا، دەریدەکەن...! کە ئەوەش، دەبێتە هۆی دابڕان لە ژیان...
**خۆ بزرکردن:**
تا زیاتر بەدەوری سێبەری خۆماندا بسووڕێینەوە، زیاتر خۆمان بزر دەکەین.

**پشکۆی ژێر خۆڵەمێش:**

ترسـت هەبێ لەو پشـکۆیە، کە خۆڵەمێش داپۆشـیوە. ئەوانەی کە نرخ بۆ مـافخوراوەکـان دانـانێن، هەر ئەوانن کە خۆڵەمێشـەکە لادەبەن و پشـکۆکە دەگەشێننەوە.

**کامەرانی:**

هەروەک شـێوەی نارێک، هۆی دڵخۆشـی نییە، جوانیش بۆ هەندێک کەس، هۆی کامەرانی نییە.

**وریای هەستت بە:**

کەسێک لە سەدا پەنجا، هەستی بۆت هەبێ، تۆ! لە سەدا سەد، هەستی خۆتی پێمەدە.

**ناخ و ڕوخسار:**

ئەگەر ناخیش هاوشـێوەی ڕوخسـار، لە ناوچاوانی مرۆڤ دا دەردەکەوت، هیچ کەسێک بە ئاسانی، دوچاری هەڵەی شێوە و ڕوخسار نەدەبوو.

**هاوڕا بوون:**

لەگەڵ کەسێکدا هاوڕێ بە، کە هاوڕات بێ.

قسە بۆ کەسێک بکە، کە گوێت لێبگرێ.

ڕازی دڵ لای کەسێک باس کە، کە لە ئازاری دڵت تێبگات.

**هەڵە:**

خۆزگە هەڵەکانیش، وەک تف، قوت دەدرانەوە.

**هۆگر بوون:**

تا ئەوکاتە هۆگری کەسێک بە، کە هۆگری کەسێکی تر نەبووبێت.

تا ئەوکاتە نرخ بۆ کەسێک دابنێ، کە نرخ بۆ خۆی دادەنێت.

تا ئەوکاتە خەم لە لاوازیی کەسـێک بخۆ، کە خۆی بڕیاری لەسـەر کۆیلە بوونی خۆی نەدابێت.

**گرنگ نییە:**

گرنگ نییە چەند قسە دەکەی: ئەوە گرنگە، کە چیدەڵێی؟

گرنگ نییە چی دەنووسی؟ ئەوە گرنگە، کە ناوەرۆکی چییە؟

گرنگ نییە چۆن خۆت دەردەخەی، ئەوە گرنگە کە ناخت... چی تێدایە؟

**گەورەکردن:**

نە شار کەس گەورە دەکات، نە گوندیش، کەس بچووک دەکاتەوە:
شار، چەندە گەورە و ڕازاوە بێ، هیچ جوانی و گەورەیی بە مرۆڤ نابەخشێ.
بەڵکوو، ئەوە مرۆڤ خۆیەتی کە نرخ بە خۆی دەبەخشێت و خۆشی بێنرخ دەکات...

**مرۆڤ و موگناتیس:**

مرۆڤ و موگناتیس، هاوشێوەی یەکترن. موگناتیس، دوو ڕووی جیاوازیی هەیە.
ڕاکێشەر،
پاڵنەر.
مرۆڤیش بە هەمان شێوە، دوو ڕووی جیاوازیی هەیە!
خۆشەویستن، کاتی پێویست،
خۆشنەویستن، کاتی نا پێویست.

**نابینای:**

چاو نابینا بێ، بەڵام... دڵ نا... کە چاو نابینا بێ، مێشک ڕوون و دڵیش، ئاسوودە دەبێ. بەڵام... کە چاوی دڵ نابینابێت، نەک هەر مێشک، بەڵکوو جەستەش، وێران دەبێ...

کۆتایی

بەرگی سێیەمی ئەزموون و ژیان.
پێداچوونەوە
٢٨-١٠-٢٠٢٢

# ئەزموون و ژیان
# بەرگی چوارەم

نووسین و ئامادەکردنی
محەمەد پشدەری
ئوستراليا
٢٠٢٢

## پێشەکی

بەناوی کەسی بێ کەسان

خوێنەرانی خۆشـــەویســـت و بەڕێز- هەروەک ئاگادارن بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی، بەشـــەکانی دیکەی بەرهەمەکانم، وەک بەشـــی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەزموون و ژیان، هەروەها داستان و ئەزموون، کە لە فارسییەوە وەرمگێڕاوەتەوە سـەر زمانی کوردی، بخەمە ژێر چاپ و خۆشـبەختانە لە سـاڵی ٢٠٢٠ چاپکران و کەوتنە بەردەستی خوێنەرانی خۆشـەویست. کە پێموایە بێسـوود نەبوون و دەنگدانەوەیەکی خراپیان نەبوو.

لەوەش خۆشـــتر، کە لەڕێگەی (پڕۆژەی بەخشـــەرانی پەڕتووک) لە کوردســـتان، بەشێکی زۆریان وەک دیاری، گەیشتن بەدەستی ئەو خوێنەرە ئازیزانەی کە بەهەر هۆیەک بووبێت، لە خوێندنەوە دوور کەوتبوونەوە.

کە بێگومان، ئەوەش یەکێک بوو لە ئاواتەکانی بەندە، کە ئەگەر، هەر هیچ ڕێگەیەکی خزمەتکردنیشـــم نەبێ، لانیکەم، بتوانم تەنیا بە بەخشـــینی چڵە گوڵێک، ئەوەی کە ویژدان داوام لێدەکات، جێبەجێی بکەم.

سـەرەتا پێم خۆشـە بەرگی چوارەمی ئەزموون و ژیان، بە بەشـێک لە ئامۆژگاریە بەنرخەکانی باوکمەوە دەســت پێنکەم. کە دڵنیام، ئەرکی سـەرەکی هەر باوکێک بۆ منداڵەکانی خۆی، ئامۆژگاری بەسـوودە و ئامادەکردنیانە بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی جوان و مرۆڤ دۆستانە، پێشکەش بە کۆمەڵگەیان بکات.

بەڵام نـاشـــبێ کە هەرگیز ڕۆڵی پیرۆزی دایک لەبەرچـاو نەگیریت. دایک، ئەو فریشـتەئاسـایەیە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هێناوە و بەهەشـتی خسـتووەتە ژێر پی ئەو. واتا هەرکەسـێک کە دایک لێی ڕازی بێت، خوای گەورەش لـێی ڕازییە. چـونکە ئەو بـوونەوەرە بەنـرخە، بە هەمـوو چـاکە و خـراپە و کەموکوڕیەکـانەوە، منـداڵەکەی خۆی هەر قبووڵە و لێی بیزار نـابێ. هەروەهـا تـا ئەوکاتە کە دەشتوانێت، باشترین خوێندنگایە بۆ جگەرگۆشەکانی.

بەڵام ئەوەی کە بـاوک، لە دایـک جیـا دەکـاتەوە، ئەوەیە: کە منـداڵەکەی خۆی بەسـەرکەوتووی قبووڵە. بۆیە زۆر تر خۆی ماندوو دەکات، تا نموونەیەکی جوان دەرچێت لەناو کۆمەڵگەدا.

**ئامۆژگارییەکانی باوکم:**

چیتر بیر لە نووســـینی ڕووداوەکانی ڕۆژانەم ناکەمەوە. چونکە بیرەوەرییەکانی دوێنێ خەمەکانی ئەمڕۆن. وەک هەر مرۆڤێک، منیش، دەریایەک بیرەوەری ناخۆشم هەیەکە لە کاتی خۆیدا، نەک هەر خەمیان پێداوم، بەڵکوو ڕۆحیشـــیان ماندوو کردووم و ئازاریان پێبەخشـــیوم. ئازارەکان، لەبەر ئەوەنا، کە زیانی مادیم پێگەیشـــتووە. بەڵکوو لەبەر ئەوە، هەرچی بەرانبەرم کراوە، لە کەســـانێکەوە کراوە، کە چاوەڕوان نەکراوە! من بەهۆی پەروەردە بوونم لەژێر دەستی پەپولەئاسایەکدا، کە باوکی خوا لێخۆشبووم بوو، بە بەردەوامی سڵم لە زۆر شت کردۆتەوە، لە پێناو پاراســـتنی ناو و کەســـایەتی باوکم و بنەماڵەکەمدا. باوکم، (مەلا ئەحمدی دێلۆیی) ناسراو بە حاجی مەلا ئەحمد شیوەڕەزی بوو لە دەڤەری پشدەر. ناوبراو، بە مانای وشـــە، دیندار و خواپەرســـت بوو. ئەو پێی وابوو، چونکە مرۆڤ، بوونەوەرێکە، کە خوای گەورە گرنگی زۆریی پێداوە، دەبێ خۆشـــی گرنگی بە خۆی بدات و وەک مرۆڤی ڕاستەقینە بژیت و بە شێوەیەکی شایستەش، هەڵسوکەوت بکات.

دایکم، (مریەم) کچی حاجی خدر عەبدولڕەحمان شـــیوەڕەزی، بوو. شـــایانی باســـە، باپیریشم یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی دەڤەری پشدەر. هەر بۆیە ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە بڵێم: بۆ من شانازیەکی گەورەیە کە لە هەردوو لاوە، واتا بنەماڵەی باوکم، هەروەها دایکیشم، هەست بەسەربەرزی بکەم. ئەگەرچی ئەسل و نەسەبە جوانترین پیرۆزییە لە ژیانی هەموو کەســـێکدا، بەڵام هەر ئەوەندەش بەس نییە، کە بە تەنیا شـــانازی بە باوک و باپیرانەوە، بکرێت و لێ پاڵبدرێتەوە! بەڵکوو پێویســـتە هەرکەسێک خۆی پەروەردە بکات و پێناسە و کەسایەتی بۆ خۆی درووست بکات و بە جۆرێک ڕەســـەنایەتییەکەی خۆی بەشـــێوەیەک بپارێزێت، کە زیان بە ناوی پیرۆزی بنەماڵەکەی نەگەیەنێت.

باوکم، بەردەوام هەوڵی دەدا کە منیش، وەک خۆی ڕابێنێت. تا لە داهاتوودا نەبمە کۆسپ لەبەردەم ئارامی و ئاسوودەیی ژیانی هیچ کەسێکدا. هەروەها، تا لە ژیاندا بم، بە ویژدانێکی ئاسوودەوە، ژیان بەسەر بەرم.

هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە: ئێمە کە خاوەن موڵکی خۆمان بووین، لە دەڤەری پشدەر و ئەوکاتە، واتا لەســەردەمی باوکمدا، هەرکەسێک کە خاون موڵک بوایە، خەڵکی تر وەک نیوەکار، کاریان لەسەر دەکرد.

ڕۆژێک، من لەلای باوک و کوڕێک وەستابووم؛ ئەوانیش کە بەڕاستی، ماندوو بوونیان پێوەدیار بوو و، دەردی دڵیان بۆ یەکتر دەکرد و دەیانوت: ئێمە، ماندوو دەبین و ئارەقە دەڕێژین، ئەوانیش دەیخۆن! باوکیشم کە چەند سەد مەترێک لە دوورەوە سەرقاڵی کارکردن بوو، منیش بە هەلێکی باشم زانی تا وەک دیارییەک، ئەو هەواڵەی پێ بگەیەنم!

بەرەو ڕووی ڕۆیشتم و هەواڵەکەم پێیگەیاند. لە ڕاستیدا، لە بەرانبەر ئەو هەواڵەدا، چاوەڕێی پاداشتێکی باشم لێدەکرد کە پێم بدات. دوای ئەوەی کە جوان گوێی لێگرتم: تا وتەکانم تەواو کرد. دواتر زۆر بە ئارامی دەستی گرتم و نزیکی کردمەوە لە خۆی. چاوەکانی کە پڕ بوون لە تووڕەیی، بە ئارەزووی خۆی، زللەیەکی کوردانەی زۆر بەهێزی تێسرەواندم... خۆ دڵنیام ئەگەر کردبای بە دوو، ئێستا ئەو بیرەوەریە نەدەنووسرایەوە. دوای ئەوەی کە هاتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی، لەگەڵم دانیشت و زۆر حەکیمانە و لەسەرخۆ، وتی: کوڕم! لە ئێستا بەدواوە، قسەی هیچ کەسێک بۆ هیچ کەسێک مەگێڕەوە. ئەگەرنا کەسێکی ناشیرین و بێبایەخت لێدەردەچێت و ژیانی خەڵکیش ئاڵۆز دەکەی. دەتوانم بڵێم: ئەو زللەیە بوو بە وانەیەکی زۆر بەنرخ لە ژیانی ڕۆژانەی مندا.

هەر بە گچکەیی، باوکی ڕەحمەتیم، کۆمەڵێک شتی لێقەدەغە کردم و کۆمەڵێک شتیشی فێرکردم. نامەوێت زۆر باس لە ڕووداوەکانی ژیانم بکەم، چونکە ئەوەی کە با بردی و بە ڕووباردا چوو، تازە ڕۆیشت و ئیتر ناگەڕێتەوە. بەڵام... وەک ئەزموونێک لە ژیاندا، باشترە ئەوە بڵێم: کە نابێت واتێبگەین، کە هەر کەسێک برا و خزم و کەس و دۆست نەبێ، دوژمنە. بەڵکوو پێویستە ئەو ڕاستییە زۆر باش بزانین، کە هەرکەسێک زیانبەخش نەبێت، ئەو کەسە، هەموو کەسە.

**باوکم، فێریکردم:**

- پێش هەموو شتێک خۆم بناسم. چونکە تا خۆم نەناسم، خەڵکیش ناناسم.
- چاک و خراپ لە یەکتر جیا بکەمەوە.
- باوەڕ بە هەموو کەسێک نەکەم و ڕەشبینیش نەبم.
- ئەوەی کە زمانی لووس بوو، دووریی لێبکەم

بەخۆشەویستی هەموو کەسێک باوەڕ نەکەم.

- خۆم لە کەس بەگەورەتر نەزانم و خۆشم زۆر بە بچووک نەزانم.
- ڕقم لە کەس نەبێتەوە، لەبەر کەسی تر.

• کەسیش نەپەرستم لەبەر کەسی تر.
• هەرکەس بە پێوەری خۆی سەیری بکەم.
• بە بزەی سەر لێو و فرمێسکی هەموو کەسێک فریو نەخۆ
• بە بەڵێنی درۆ و ناڕاست نەخەڵەتێم.
• تاکوو بەرانبەرەکەم بە باشی نەناسم، متمانەی پێنەکەم.
• ڕێز لە کەسێک بگرم، کە بەڕاستی شیاوی ڕێز لێگرتن بێ.
• چاکە لەگەڵ کەسێکدا بکەم، کە پێ بزانێت.
• داوای چاکە لە کەسێک بکەم، کە منەتم لەسەر نەکا.
• لەپێناو هیچ شتێکدا، خۆم بچووک نەکەمەوە.
• دڵسۆزی و خۆشەویستی، بکەم بە بەرنامەی ژیانم.
بەڵام زیادەڕەویشی تێدا نەکەم.
• هەوڵ بدەم لانیکەم، ڕۆژانە وشەیەک هەر بخەمە سەر
خەرمانی زانست و، مێشکم بۆ هەمیشە نەخەوێنم.
• فێریکردم: هەرچی کە بیزانم، کەم یان زۆر، بۆ خزمەتی گشتی بەکاری بێنم و ویژدانم ئاسوودە بکەم.
بەڵام پێموایە لە بیری چوو کە پێم بڵێت: بەردی گەورە، هەر لە نزیکەوە دەهاوێژرێت...!
من پێم وابوو تەنیا نەیارەکانن کە زیان دەگەیەنن. بەڵام دواتر بە
کردار، بۆم دەرکەوت، کە هەرکەسێک زۆر نزیک نەبێت، بیرۆکەی زیانگەیاندنی بە مێشکدا نایە! پێم خۆشە شتێک بڵێم: کە تاکوو ئێستا باسم نەکردووە؛ ئەو کاتە کە من گچکە بووم و باوکی ڕەحمەتیم هەر لە ژیاندا بوو، کۆمەڵێک هاوڕێ و دۆستی خوێندەوار و شارەزای زۆر باشی هەبوون و زۆریش لەوانە، سیاسی و لە هەمان کاتیشدا، بە ئەمەک و بە وەفا بوون و بەردەوام سەردانی باوکمیان دەکرد.
ئەوانەی کە هەرگیز ناوەکانیانم لە بیر ناچێتەوە ئەو هاوڕێیانەی بوون، کە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان و لە سێدارە درانی شەهیدی نەمر، پێشەوا قازی محەمەد، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە ئاوارەی باشووری کوردستان ببوون، وەک: مامۆستا سالار، کاک حەمەدەمین سیراجی، کاک ئیسماعیل شەریف زادە. لە ناو ئەوانیشدا، کەسێکی تر هەبوو بەناوی سەید حەسەن، کە لەڕاستیدا نازانم دوکتۆر بوو یاننا، بەڵام زۆر جار

که باوکم ناساز دەبوو، جانتایەکی دەستی زۆر جوانی پێبوو و پڕ بوو لە دەوا و دەرمان. من لەو کاتەوە، هۆگری کاری تەندروستی بووم. بەڵام بەداخەوە بە هۆی هەل و مەرجی نەگونجاو، ئەو بەهرەیەم بە نسیب نەبوو کە بۆی بخوێنم و ئاواتەکەم بێتەدی.. بەڵام چونکە ئەو کرمە هەر لەناو مێشکمدا دەجووڵایەوە، وەک شێخی سەعدی دەفەرموێ: (زخود بهتری جوی و فرصت شمار، کە با چون خودی، گم کنی روزگار.) بەردەوام هەوڵمداوە لە کەسە باشەکان، ئەوانەی کە بچوکترین ئامۆژگاری و یارمەتیان لەدەست دێت، بۆ کەمێک فێربوونم، هەم لە ڕووی پیشەییەوە، هەم لە ڕووی زانستییەوە، نزیک بوومەتەوە و ئەوەندەم بەدەستهێنا کە لانیکەم خزمەتی دوو کەسی پێ بکەم. ئەگەرچی باجی زۆریشم داوە و ئازاری زۆرم چەشتووە، بەڵام متمانە بە خۆ بوونم، هەرگیز ڕێگەی نائومێدی پێنەداوم.

بە بڕوای من، زانست و سامان، هەر ئەوە نین، کە زۆر بن، بەڵام بشاردرێنەوە. بەڵکوو ئەوەیە کە ئەگەر کەمیش بێت، سوودیی لێوەربگیرێت.

لە ڕاستیدا زۆر سوودم لە ئامۆژگارییەکانی باوکی ڕەحمەتیم وەرگرت. تەنانەت دەتوانم بڵێم: لە متمانەکردن بە هەموو کەسێک، زیادە ڕەویشم کرد! هەر بۆیە هەرچی لێی نزیک بوومەوە، وەک دووپشک پێمدا هەڵگەڕا و بە تۆقی سەرمیەوەدا! بەڵام من هەر گەشبین بووم و نائومێد نەبووم لە ژیانمدا... بۆیە لە هەر کەوتنە خوارەوەیەکدا، چەندین نموونەم بیر دەهاتەوە و لە هەر نموونەیەکیشدا، چەندین ئەزموونم دەست دەکەوت، کە نرخەکەی زۆر زیاتر بوو لەو زیانانەی کە لێم دەکەوت. بە بڕوای یەکێک لە زانایان، (زیانی ماڵی لە هەرکەسێک بکەوێت، زیان نییە. بەشێک لە جەستە لەدەست بچێت، زیانێکی بچووکە. بەڵام. هەرکاتێک زیان بە کەسایەتی مرۆڤ بگات، هەموو شتێک لەدەست دەدات) سەرەتا لە دڵمدابوو کە کۆمەڵێک لە بەسەرهاتەکانی ژیانم بنووسمەوە، بەڵام دوای بیرکردنەوە لە ئامۆژگارییەکانی باوکم، بیرم لە چاوپۆشیکردن کردەوە لە نووسین و ئاماژە پێدانیان. چونکە هەربەسەرهاتێک، چەندین ناخۆشی دێنێتەوە بیر، هەر ناخۆشییەکیش بەشیک لە مێشک داگیر دەکات و دوا جار دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی و تەندروستی و لە ئەنجامدا، کەمبوونەوەی تەمەن... بۆیە باشتر وایە کەمتر بیر لە ناخۆشییەکانی ڕابردوو

بکەینەوە، تا زیاتر بژین. بێگومان کە زیاتریش بژین، دەتوانین زیاتر خزمەت بکەین.

## دیدار و لە دایک بوون:

**لە یادی ڕاپەڕینی کوردستاندا:**

مەبەستی بەندە لە نووسینی ئەم بابەتە، تەنیا هەر ئەوە نییە کە پێتان ڕابگەیەنم و ئاماژە بەوە بکەم کە کچێکم هەیە و ناوی دیدارە. جا "دیدار" کەی و لەکوێ لە دایک بووە، گرنگ نییە. بەڵکوو دەمەوێ ئەو باسە بکەم بە بەهانەیەک، بۆ ئەوەی بچمە ناو باسی ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی کە لە دیرۆکی نەتەوەی کورد دا، هەرگیز کۆن نابێت.

"دیدار" ڕۆژی شەممە، کات ژمێر: ٢,١٣ خولەکی سەر لە بەیانی بەکاتی ئەدەلاید، (ئوسترالیا) ڕێکەوتی: ٠٥-٠٣-٢٠٠٥ لە نەخۆشخانەی: مۆدبری، چاوی بەدنیای ڕوون کرایەوە.

ئەو ڕۆژە، ساڵوەگەڕی چواردەیەمین یادی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی باشووری کوردستانە، ئەو باشوورەی کە بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە لە ساڵی ١٩٢٣ بە بڕیارێکی پەیمانی شوومی لۆزان، بە حکومەتی ئێراقەوە لکێنرا.

لە ڕۆژی ٠٥-٠٣-١٩٩١ شاری (ڕانیە) بوو بە پێشەنگی هەر چوار پارچە داگیرکراوەکەی کوردستان و بڕیاری وەدەرنانی دوژمن و داگیرکەرانی دا. هەر بۆیەش، نازناوی پیرۆزی (دەروازەی ڕاپەڕینی) وەک نیشانەی شانازی بە بەرۆکی خۆیەوەکرد.

لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، "دیدار"، بۆ یەکەم جار دیدی دایک و باوک و خوشک و براکانی پڕ لە گوڵ و هیوا کرد و هاتە ناو باوەشی گەرم و بەسۆزی خۆشەویستانی.

دیدار" لە مانگێکدا هاتە ئەم جیهانەوە، کە مانگی شانازی و نیگەرانییە، مانگی پیرۆزی و بەچۆکداهاتنە. شانازی (ڕاپەڕین) لە دژی بندەستی، نیگەرانی بێهێزی و دواکەتنی خۆمان، کە کۆسپی گەورەیان خستۆتە ڕێگەی خەباتمان.

پیرۆزی و سەرکەوتنی نەورۆز ئاسامان کە مێژووی بۆ کردووین بە بەنرخترین سەرمایە، بەچۆکداهاتنی نەوەیەک لە بەردەم دەسەڵاتی وڵاتانی ژێردەست و داگیرکراودا.

سەرەتای مانگی (ئادار)، لە کۆتایی ساڵێکی دژواردا، بەر لەوەی لە چوارشەممە سووورەدا، دڵی "بەدکاران" ڕازی بکەین و لە خۆمانیان دوور خەینەوە، بەر لەوەی ئاگری نەورۆز بکەینە موژدەی ساڵێکی تازە، کورد بڕیاریدا کۆت و زنجیر بپسێنێ و دژی ستەمی داگیرکەران، ڕاپەڕێت.

(ڕانیه)ش بوو به یەکەم زاری کورد، کە دژی بندەستی بێتە گۆ، یەکەم دەستی کورد کە ڕەگی داگیرکەر، دەرکێشــێ. بەمەش تۆمارێکی دیکەشــی خســتە ســەر تۆمارە خۆش و ناخۆشەکانی مانگی ئادار.
١٩٩١-٠٣-٠٥، شـــاری (ڕانیه)و چوارقوڕنە و ئۆردوگای زۆرەملێی حاجیاوا، گوڵی ئازادی و ئازاییان لەبەرۆک دا.
١٩٩١-٠٣-٠٧ شـــارە جوان و ڕازاوەکەی (ســلێمانی)، شـــاری هەڵمەت و قوربانی، پایتەختی هونەر و ڕوناکبیری، کۆشـــکی زۆردارانی تێکرماند و کردی بە پەند بۆ سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان.
تا ڕۆژی نەورۆزی ئەو ســـاڵە، هەموو شـــار و زۆربەی شـــارۆچکە و گوندەکانی باشووری کوردستان، ئەو گوڵەیان لە بەرۆک دا.
ڕۆژی جەژنی نەورۆزی سەری ساڵی کوردی، ڕێکەوتە لەگەڵ ٢١ی مانگی ئادار.
١٩٧٠-٠٣-١١کورد، دوژمنی دڕندە و داگیرکەری ئێراقی ناچار کرد، کە دان بە ئۆتۆنۆمی دا بنێ بۆ کوردســـتان، کە ســـادەترین مافە، نەتەوەیەکی ژێردەســـتەی وەکوو کورد پەسەندی بکات.
٣-٨ ڕۆژی جیهانی ژنانە، کە هێمایەکە بۆ لیبراڵ بوونی ژیانی کۆمەڵگەکانی جیهان، لەکاتێکدا، ژنی کورد تا ئێستاش وەک کوردستانی دایک هەر ڕەشپۆشە.
١٩٧٥-٣-١٥ ڕێکەوتننـامەی جەزائیرە، لەلایەن: ئێران و ئێراق، لە ژێر چـاودێری وەزیری دەرەوەی ئەلجەزائیر. هەر دوای ئەو گەلەکۆییکردنە، ســـەرکردایەتی ئەو کاتەی شـــۆڕشـــی کورد، بڕیاریدا کە چەک دابنرێت و بەداخەوە شـــۆڕشـــی ئەیلول هەرەسی هێنا.
١٩٨٨-٣-١٦ لە هەوڵێکی شـــۆڤینیســـتانەدا دەوڵەتی داگیرکەری ئێراق، گازی ڕشـــتە ســـەر شـــاری (هەڵەبجە)ی باشـــووری کوردســـتان و تاوانێکی بێ وێنەی لە مێژووی هاوچەرخی گەلاندا، تۆمارکرد.
دیارە لە مێژوودا ڕوداوی خۆش و ناخۆش زۆرن، بەڵام لە هەموو شـــتێک گرنگتر، خۆڕاگری و نەبەزین و خۆبەدەســـتەوە نەدانە، کە ئەنجامەکەی هەر ســـەرکەوتن و سەر بەرزیە.
ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هێمای ژیانخوازی و بەرەنگاربوونەوەی ســـتەمکارییە. بۆیە، دەبێ وەک خوێندنگایەکی ڕزگاریخوازی، سەیر بکرێ.
(سەرچاوەی ڕووداوەکان، لە مانگی ئاداردا: ویکی پیدیا.)

**ڕاپەڕین بریتیی بوو لە:**
هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی و بەسەربەستی ژیان، لە ژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا.
ڕزگار بوون لە زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوەی بەردەوام لەلایەن دوژمنانی بێ بەزەیی و خوێن ڕێژ.
تۆڵەی وێرانکردن و سووتاندنی شار و گوند و وشککردنی کانیاوەکانی کوردستان و قڕکردن و لە ناوبردنی تەنانەت ئاژەڵ و گیانلەبەرانی کێویش!
تۆڵەی بۆمبارانکردنی شاری (قەڵادزێ) لە ٢٠-٠٤-١٩٧٤داو شەهیدکردنی دەیان خوێندکاری زانکۆ و خەڵکی دیکەی بێ تاوانی ئەو شارە چەندجار شەهید و کاولکراوە.
تۆڵەی سەدان دایک و باوکی دڵبریندار و جەرگ بڕاو، بەهۆی لەدەستدانی ڕۆڵە و جگەرگۆشەکانیان.
تۆڵەی قڕکردنی هەزاران کەس لە ژن و پیاو و منداڵ و پیر لە زۆربەی شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بەچەکی کۆمەڵکوژ و گازی خنکێنەری قەدەغەکرا و لەلایەن پارێزەرانی مافی مرۆڤەوە، بەتایبەتیی لە شارە زوڵم لێکراوەکەی هەڵەبجەی شەهید، کە بۆ ماوەی کەمتر لە یەک کات ژمێر، دڵی زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە لێدان خراو هەزاران ئاوات و ئارەزوو، لەگەڵ خوێن و خاکدا تێکەڵکران و دەرەنجام بوون بەڕەشەبا و گەردەلوول و دوژمنی دڵڕەش و خوێنمژی ڕاماڵی.
تۆڵەی هەشت هەزار پیاوی بارزانی و هەڵوەدابوونی ژن و منداڵی برسی و بێ پەنایان، لەسەرووی هەموو ئەو تاوانانە و چەندین تاوانی دیکەی باس نەکراویش، کە لەلایەن نەیارانی گەل و نیشتمان، بە دڕندانەترین شێوازی دژ بە مرۆڤایەتیی ئەنجام دراون، کارەساتی دڵتەزێنی ئەنفال بوو! لە ساڵی ١٩٨٨دا کە زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ کەس بە زیندوویی و بەو پەڕی بێبەزەییانە، بە کۆمەڵ ژێر خاک کران! یان بەشێوەی جۆراوجۆر، بێ سەروشوێن کران.!!
وەک دەڵێن: (زەبر و زەنگ، لاڵ فێردەکات چۆن بێتە دەنگ؟ هەربۆیە، بەگوتنی سروودی نەتەوەیی:

ئەی ڕەقیب، هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان

بەچەکی بەهێزی بیروباوەڕ، بەهورەی بەرزی پۆلاین، بەدار، بەبەرد، بەهەر شـتێک کە لەدەسـت دابایە، بەرەنگاری دوژمنی ترسـنۆک بوونەوە و لە کوورترین ماوەدا، ژینگەی پیرۆزی کوردستانیان لێ پاککردنەوە.
کە یادی ڕاپەڕین دەکەینەوە، دەبێ وانە و گرنگی بەرخۆدان لە بیر نەکەین، دەبێ بە دیدی تیژ و وردبینانە، گرنگی شۆڕشی جەماوەری نەتەوەیی بخەینە تای تەرازووی پێویستی و، بوونی شـۆڕشـی چەکداری لەو تای تەرازووەدا، سـووک بکەین. بەڵام شـۆڕشـی جەماوەری بێ بەرنامە، بەبێ شـۆڕشـی بیر و هزر، ئەگەر بشـبێتە ڕێگە خۆشکەری ویست و ئاواتەکانی نەتەوەش، ئەوە ئاکامی پێویستی لێ ناکەوێتەوە.
بۆیە پێویسـتی شـۆڕشـی بیری نەتەوەیی و پەرەپێدانی ئەرکی هەنووکەیی لەسەرشانی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕان و نەتەوە پارێزانی کوردە.
نەتەوەیەک لە دواکەوتوویدا بنـاڵێنێ زۆر ئەسـتەمە کە بتوانێ دەرگـای قەڵای سەربەستی بدۆزێتەوە، ئەگەر بشیدۆزێتەوە، ئەوا بەئاسانی بۆی ناکرێتەوە.
بەڵام نەتەوەیەک، کە ڕۆڵەکانی ڕۆشنبیر و جیهان بین بن و بیروباوەڕی نەتەوەییان گۆڕی، چوونەپێش و هەوڵی سـەربەخۆییـان بخـاتە سـەر، ئەوا دەزانن چۆن شەوەزەنگەکان ڕووناک بکەنەوە و ڕێگە بەرەو لوتکەی سەرکەوتن ببەن.
بۆیە نەوەی نوێ، لە ڕۆژی بوونییەوە گرنگ و پێویسـتە، چونکە دواڕۆژی نەتەوە دروست دەکەن و پێوستن کە ببنە هێزی بیر و زانستی دواڕۆژ و بازووی داهێنان و کارکردن.
ئەرکی ئێمەش، لە بەرانبەریاندا، ئەوەیە کە ڕێگە بۆ ڕۆشنبیربوونیان ئاوەڵا بکەین و بە بیر و کەلتور و هزری کوردی پەروەردەیان بکەین.
من کە "دیـدار-ێکم" لە یـادی (ڕاپەڕینـدا) لەدایـک دەبێ، هەزاران (دیـداری) کورد، بەزمـانی پیرۆز و شـیرینی کوردی فرچک دەگرن. گرنگ ئەوەیە، کە سـەیری ڕابردووی تاڵ و تاریک و پڕ سـەروەری خۆمان بکەین لە هەڵەکانمان فێرببین و بیکەینە نەخشە بۆ داهاتوو.
بـا (دیـدار)ەکـانمـان بە دیـدی نوێ، بە بیری نوێ، بە هزری نوێ، گۆش بکەین و خواسـتی هەموو کوردپەروەرێک و بەر لە هەمووشـیان، خواسـتی (پەشـێو) بەجێ بێنین کە دەڵێ:
(سەرێکی دی بە ئەستۆوە بنووسێنن زمانێکی دی بخەنە ناو زاری کورد).

**دەستپێکی وتەکان:**

**شتگەلێک هەن، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێنەوە:**

وەک:

ڕێز و شکۆی مرۆڤ، کە تێکشکا،

دڵ، کە شکێنرا،

کەسایەتی، کە ورد و خاشکرا،

متمانە، کە لەدەست درا.

**هەر دڵخۆشبە:**

کاتێک چاکەیەک دەکەی، دڵخۆشـــبە، چونکە وابزانە قەرزێکت لەســـەر بووە و گەڕاندووتە وە.

کاتێک بە نەزانی زیانێکت لێکەوتووە، دڵخۆشـــبە. چونکە بەهۆی ئەو زیانە، عەقڵت دەستکەوتووە.

کاتێک ســـتەمێکت لێکرا و زیانێکی زۆرت پێگەیشـــت، هەر دڵخۆشـــبە، چونکە بەرانبەرەکەت ناسیوە.

**گۆڕین:**

کەسێک کە خوای گەورە، ڕووی لێوەرگێڕاوە و ژیانی شێواوە. هەروەها، کە ڕووی لە کەسێک کردووە و ژیانی پێداوە.

**بە خەیاڵ ژیان:**

ئەگەر درۆزنەکان باڵیان هەبوایە، قورسایی سەر زەوی کەم دەبۆوە. چونکە ئەوان، تەنیا بە خەیاڵ دەژین لەسەر زەوی.

**ئاوێنەی دڵ:**

تۆ چۆن خەڵک لە ئاوێنەی دڵی خۆتدا ببینی، ئەوانیش بە هەمان شـــێوە، تۆ لە ئاوێنەی دڵی خۆیاندا دەبینن. کەوابوو، ئاوێنەی دڵت بە خاوێنی ڕابگرە. تا هەموو کەسێک، بەجوانی بتبینن.

**لە یەکتر تێگەیشتن:**

تـــاکوو فێر نەبین گوێ لە یەکتر بگرین و لە یەکتر تێبگەین، نـــابێـــت هەرگیز، چاوەڕوانی سەرکەوتن و داهاتوویەکی ڕوون و گەش بکەین.

خودایا...!

جگە لە خۆت، ڕەوانەی هیچ کەســـێکمان مەکە. تۆی پەروەردەگاری ئێمە. کەوابوو، هەر خۆشـــت بڕیار بدە، بێنیازی لە هەناســـەماندا، دڵنیایی، لە دڵماندا، ڕووناکی، لە چاوەکانماندا، ڕووناسی، لە دڵماندا. (لە فارسییەوە)

**باوەشکردنەوە بۆ دوژمن:**

کاتێک باوەش بۆ نەیارەکەت دەکەیەوە و دڵی خۆشـــدەکەی، ئەنجامەکە چییە و لە داهاتوودا، چاوەڕێی چی دەکەی؟!

**دیاری:**

باشـــترینی ڕۆژەکانت، بۆ کەســـانێک بکە بە دیاری، کە خراپترینی ڕۆژەکان، لەلات بوون و جێیان نەهێشتووی. (لە فارسییەوە)

**هاوخوێن بوون:**

هاوخوێنبوون، تەنیا مرۆڤەکان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە. بەڵام تاکە شتێک کە خەڵک لە دەوری یەکتر ڕادەگرێت، زانست، مرۆڤ بوون، هەروەها، ڕەوشتە.

**دەرد و دەرمان:**

گوڵێک، شاجوانی هەموو گوڵان بێ
دەشێ کە دەرد و هەمیش دەرمان بێ
ئەویش وەک مرۆڤ چۆن خۆی ناناسێ
دەبێ هەر دەمە و لە دەست یەک دابێ

**هەموو شتێک لەکاتی خۆیدا جوانە:**

هەر وتەیەک، ئەزموونێکە و هەر ئەزموونێکیش، ڕابردوویە و هەر ڕابردوویەکیش، بەشـــێکە لە ژیان. کوڕە بچووکەکەم، (هونەر) کە تەمەنی لە دەوری نۆ ســـاڵیدابوو، لەگەڵ کوڕێکی دراوســـێی هاوتەمەنی خۆیدا، هاوڕێ بوون. کوڕە دراوســـێکەمان، وەک ســـرووشـــتی هەر منداڵێک، حەزی زۆر لە یاریکردن بوو. هەر بۆیە بەیانیان خۆی ڕانەدەگرت تا ئێمە لە خەو هەڵدەســـتین؛ زۆر زوو دەهاتە پێش دەرگا و زۆر بە توندی، دەیکوتا. تا وایلێهات، هەموومان لەدەستی بێزار بووین. بەیانیەک چوومە دەرەوە و پێیم وت: تکایە چیتر بەیانیان زوو لە دەرگا مەدە. بەڵام... خۆزگە هەر لە دەرگـــادانەکە بوایە! لە ڕۆژانی داهـــاتوودا، زۆر زووتر دەهـــاتە پێش دەرگـــا و بەدەنگێکی زۆر بەرز، لەجیاتی لە دەرگادان، چەندینجار لەســـەریەک هاواری دەکرد و دەیوت: (Knock ،Knock) یانی لە دەرگادان. لەو (نۆک نۆکە)، نەک هەر خەوی لە ئێمە، بەڵکوو خەوی دراوســـێکانی دیکەشـــی تێکدابوو! هەراســـانی کردبوون!

مەبەســـــت لەو نووســـــینە، هەر ئەوەنییە کە منـدالێـک هـاتووەتە بەر دەرگـا و بەشـێوەیەکی مندالانە، هەڵسـوکەوتی کردووە، بەڵکوو مەبەسـت ئەوەیە، کە هەموو شـتێک لەکاتی خۆیدا جوانە. تەنانەت قسـەکردن و پرسـیار و وەلامیش، پێویسـتە لە شوێن و کاتی خۆیدا بێت.

**ڕەواندنەوەی نائومێدی:**

هەرکاتێک خۆر هاتە دەرەوە، هیچ ئەستێرەیەک بە ئاسمانەوە، دیار نامێنێ. مەبەست لەو وتەیە، ئەوەیە؛ زۆر جار، بەهۆی شـەپرزەیی کۆمەڵگە و تێکچوونی سـیسـتمی یاسـا و ڕێسـا، بێ هیوایی ڕوو دەدات! بەلام... لەناکاو کەسـێک وەک فریشـتەیەک، دەردەکەوێت و ئەو نائومێدیە، دەڕەوێنێتەوە.

**زمان درێژی:**

مرۆڤ تا زمانی درێژ تر دەبێ، کرداری کەمتر و ڕوخساری ناشیرینتر دەبێ.

**خۆشویستن:**

هەموو کەسێکت خۆشبوێت، مەگەر کەسێک، کە گومانت لە مرۆڤبوونی هەبێ.

**بۆ خۆ نەژیان:**

بۆ ئەوەی کە زیاتر بژیی، تەنیا هەر بۆ خۆت مەژی.

**کات:**

تا ڕێز لە کات نەگرین، هەرگیز... لە نرخ و مانای ژیان تێناگەین.

**پەیامی دڵ:**

لەوانەیە نەتوانم پەیامی ڕاستی دڵ بگەیەنم، بەلام ئەوە ناگەیەنێت کە ناشیم و هیچ نابینم.

**کاڵبوونەوە:**

بۆچوون و لێکدانەوە و کەسـایەتی بەشـێک لە مرۆڤەکان، هاوشـێوەی وەرزەکانی سـاڵ، کاتییە و جێگیر نییە. هەر ئەوەشـە کە پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکانیش، کاڵ بوونەتەوە و سۆز و خۆشەویستیش، کەمتر بووەتەوە!

**لە پێناو ئامانج دا:**

هەر نزیک بوونەوەیەک، لە پێناو هەر ئامانجێکدا، کاتییە و زۆر زوو کۆتایی دێت! چونکە تواناکان سنووردارن و هەموو کەسێکیش، بڕوای بەو ڕاستییە نییە.

**زمان:**

هەرگیز باکت نەبێت لە چەقۆیەک کە جارجارە، دەستت دەبڕێت. وریای ئەو زمانە بە، کە لەچەقۆ تیژترە و بەردەوام دڵت لەت دەکات و جەرگیشت دەبڕیت!

**لە دوو کەس خۆت بە دوور بگرە:**

کەسێک کە خۆی پێگەورەیە، بەڵام بچووکە.

کەسێک کە خۆی ڕیسوا دەکات، هەر بۆ ئەوە، کە ناوی بهێنرێت!

**سرووشت نەگۆڕە:**

خەم لە شتێک مەخۆ، کە لەدەست چووە، بیریش لە شتێک مەکەوە، کە ناگۆڕێت!

**دیاریی:**

دیاریی هەر چییەک بێت، زۆر بەنرخترە لەو نرخەی کە پێی کڕاوە. ڕێزگرتن لە دیاریی، ڕێزگرتنە لە هەستی پاکی خاوەن دیاریی.

**دوو شت پێکەوە ناگونجێن:**

یەکەم، تاریکی و ڕووناکی،

دووەم، خۆشەویستی و تووڕەیی.

**فێر بین:**

فێر بین، کاتێک هەڵەیەک دەکەین، داوای لێبووردن بکەین.

ئەوەش فێر بین، کە کەسێک داوای لێبووردنی لێکردین، ڕێزی لێبگرین.

داوای لێبووردنکردن، نیشانەی لاوازی نییە. بەڵکوو نیشانەی زیرەکی و لێهاتووییە. (لە فارسییەوە)

**خاڵی هاوبەش!**

خاڵی هاوبەش، بریتییە لە یەکتر تێگەیشتن. تا لە یەکتر تێگەیشتن نەبێت، پەیوەندی تۆکمە و بەهێز، درووست نابێ.

**بە ئێشترین ئازار!**

هەمیشە بە ئێش ترین ئازاری ئەو بەردانەی کە پێت دەکەون، لەو کەسانەوەیە، کە پێشتر بەردت تێیانگرتووە. (لە فارسییەوە)

**پێکەنین:**

ویستم پێبکەنم، لێوەکانم وتیان: ئەگەر لە دڵەوە نییە، ئێمەش شەرمەزار مەکە. (وتەی ناوداران)

**بەجوانی مردن:**

بەجوانی و بەسەربەرزی مردن، ژیانێکە، کە شایستەی هەموو کەسێک نییە.

**گلەیی:**

هەرگیز گلەیی لە بەخت و ژیان و ڕۆژگار، مەکە. چونکە هیچ کامێک لەوانە، هۆی گۆڕانکاری نین، لە تۆدا. بەڵکوو ئەوە خۆتی، کە هەموو شتێک دەگۆڕی.

**پاشای جەستە:**

ئەگەرچی مێشـــک پاشـــا و بڕیاردەری ئەندامەکانی جەســـتەیە، هەروەها، دڵیش ڕاوێژکـار و فەرمـانبەرە، بەڵام... ئەوەی کە لە جووڵە و چـالاکی هەردووکیـان کەمدەکاتەوە، زمانە! زمانێک، کە زۆر جار بەبێ مۆڵەتی هەردووکیان، دەست دەکات بە جووڵە و ئازار دەگەیەنێت و برینەکەشی، هەرگیز، چاک نابێەوە.

**چاوی دڵ:**

مرۆڤ، جگە لەو دوو چاوە، کە خوای گەورە وەک جوانترین دیاریی پیی بەخشیوە، چاوێکی دیکەشـــی پێیداوە. کە پێی دەوترێ: (چاوی دڵ)، بەڵام ئەو چاوەی کە هیچ چاوێک نایبینێت، زۆر هەسـتیارتر و ڕاسـتگۆ ترە لەو دوو چاوەی کە بەردەوام، بۆ بینین سوودیان لێوەردەگیرێت. (چاوی دڵ) چ لە نزیک، ج لە دوور، ناخی مرۆڤەکان دەبینیت و بچووکترین گۆڕانکاری لەســـەر لا پەڕەی دڵیان دەخوێنێتەوە. بەڵام دوو چاوە ڕاســـتییەکە، تەنیا ئەوە دەبینن کە لە بەرانبەریاندایە. هەروەها زۆر جاریش، خاوەنەکەیان تووشی هەڵە دەکەن و بە دیمەنی ڕێک و لەبار و شێوە و ڕوخساری جوان، کێشەی زۆر گەورەی بۆ درووست دەکات!

**ژیان زۆر کوورتە:**

ژیان ئەوەندە کوورتە، بەشـــی ئەوە ناکات خەڵکی چاک و خراپ، لە یەکتر جیا بکرێتەوە.

**چۆکدادان:**

شێعر نووسین و پێداهەڵدان
بۆ بەدەستهێنانی لەتێک نان
دەرهێنانی ئەدای سەگە
کە چۆکدادەدا لە برسان

**گوێ لە هاواری ویژدان بگرە:**

هەرچییەک دەکەی بیکە، بەڵام زیان بە ویژدانت مەگەیەنە و لەگەڵیدا شـــەڕ مەکە. واتا، ئەوەی کە ڕێگەت پێنادات، مەیکە.

**بیروڕای جیاواز:**

هەموو کەسێک بە بیروڕای جیاوازەوە جوانە. چونکە هەریەکە و شتێکی جیاوازیی لە هەگبەدایە بۆ فێربوونی زیاتر و جوانکردنی ژیان. بۆیە پێویستـــە، هەموومان ڕێز لە بۆچوونی یەکتر بگرین.

**بێوەفایی:**

ئەوەی کە جامی ئارامی خوای گەورە پڕ دەکات و زووتر لێی دەڕژێت، بێوەفایی مرۆڤەکانە.

**هەڵەی گەورەی ژیان:**

ئای... کە زوو بینین و درەنگ تێگەیشتن، چەند کارەساتێکی گەورەیە!

**بیرکردنەوەی جوان:**

هەرکەســـێک بە ئومێدی بەیـانی بژیـت، ئەمڕۆ بەجوانی بیر دەکـاتەوە. ئەگەر هەموومان وەک یەک بیر بکەینەوە و گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانماندا نەبێ، پڕۆسەی ژیان دەوەستێ و هیچ بەرەوپێشچوونێک بەدینایە.دوو شت ئەستەمە دۆزینەوەیان:

یەکەم: ئەڵماس، لەژێر دەریادا.

دووەم: وەفا، لە ناو مرۆڤەکاندا.

**خۆپاراستن:**

لە دوو شت خۆت بپارێزە:

یەکەم: هەوڵ مەدە، لە گەورەیی هیچ کەسێک کەم بکەیەوە.

دووەم: هەوڵ مەدە، هیچ بچووکێک گەورە بکەی.

**چەند پرسیارێک:**

لەحەکیمێکیان پرسی: تەمەنت چەندە؟

وتی: نەخۆش نیم.

وتیان: پارەت هەیە؟

وتی: قەرزدار نیم.

وتیان: دوژمنت هەیە؟

وتی: دوورم لەخزمەکان.

**جەور و جەفا:**

دوای هاش و هووشی ئەو ڕەشەبایە

تێکشکاو ڕۆیشت ئەو بێوەفایە

بە جۆرێک ونبوو نادۆزرێتەوە

ئەوەی جێمابێ جەور و جەفایە

تەنیا ئاسارێک کە لەودا مابێ

ناوی پڕ مانا و پێچ و پەنایە

**جیاوازیی خوا و مرۆڤ:**

جیاوازیی خوا و مرۆڤ، لەوەدایە، مرۆڤ بەهۆی هەڵەیەک، هەموو چاکەکان لە بیر خۆی دەباتەوە!

بەڵام خوای گەورە، بە هۆی چاکەیەک، لەسەرجەم تاوانەکان دەبوورێت. (وتەی ناوداران)

**یاسای سرووشت:**

یاسای سرووشتە، هەرکەسێک جارێک، دڵێک بشکێنێ، چەندین جار دڵی دەشکێتەوە.

**خۆ بچووککردنەوە:**

مرۆڤێک بەو هەموو ڕێزەی کە لێی نراوە و بە نموونەی جوانی و لێهاتوویی ناوی براوە، کاتێک بۆ خۆ دەرخستن، یان ناو بردن، خۆی بێنرخ دەکات، یان خۆی دەباتە سەر شێوەی ئاژەڵان و شانازیش بە خۆیەوە دەکات، جێی سەرسوڕمان و تێڕامانە!

**دوور کەوتنەوە لە یەکتر:**

هەڵسوکەوتی دوور کەوتنەوە لە یەکتر، لە زۆر شتدا دەردەکەوێت، کە کەمێکیان

**ئەوانەن:**

لە تۆنی دەنگدا، کاتی قسەکردن.

گرنگی نەدان بە وەڵامدانەوە، کاتی نووسین.

شێوەی سەیرکردن، کاتی دانیشتن.

**سڕینەوە:**

لەبری سڕینەوەی فرمێسکەکانت، ئەوانە بسڕەوە کە دەبنە هۆی گریانت. (لە فارسییەوە)

**ڕابردوو:**

ڕابردوو فێرت دەکات، کە چۆن لەگەڵ داهاتووت بژیت.

**دابڕان:**

نـازانم (بـا)، چی بەگوێی گەڵادا چرپـانـد؟ کە ئـاوا دڵی، لە لقی دار دابڕانـد؟! (لە فارسییەوە)

**ڕازیکردن:**

کە بتەوێت هەموو کەسـێک ڕازی بکەی، لە کۆتاییدا، کەس لێت ڕازی نابێ. کێشـەی گەورەی ژیان ئەوەیە، زۆر کەس هەیە، بە هیچ ڕازی نابێت!

**کوژاندنەوەی مۆمی ژیان:**

ژیان مۆمێکە، خۆت پێی دەکەی، بەڵام، هەر خۆشت دەیکوژێنیتەوە.

کێشەی گەورەی ئێمەی مرۆڤ، هاوڕا نەبوونی سێ شتە:

یەکەم: دڵ،

دووەم: چاو،

سێیەم: زمان.

لەهەر کەسێکدا، ئەوانە هاوڕا نەبن، بۆشاییەکی بێوێنە لە ژیاندا درووست دەبێت.

**ناسین:**

بۆ ناسینی هەر کەسێک، کات و ساتێکی دیاریکرا و هەیە.

ڕووداوەکانی ژیان، سەنگی مەحەکن بۆ دەرخستنی ناخی شاراوەی مرۆڤەکان.

**هەڵبژاردن:**

لە هەڵبژاردندا، پێویستە وریا بین. کێ دڵنیایە، کە لە کۆتاییدا، چی ڕوودەدات؟!

**بەجوانی ژیان:**

ڕۆژگار تێدەپەڕێت و ڕوو سـوووریش بۆ ئەوانە جێدەمێنێت، کە جوان هاتن، جوان ژیان، جوان دەڕۆن.

**ڕاستی بزر نابێ:**

ئەوەی لەناو دڵدا دەشاردرێتەوە، لە کردار و ڕوخساردا، دەردەکەوێت.

**خۆشحاڵبوون:**

ئەگەر دەتەوێت هەمیشـە خۆشـحاڵ بی، لەگەڵ ویژدانی خۆتدا ڕاسـتبە. چوونکە ویژدان، پەیامی خوایە و جگە لەڕاستی، لەگەڵ هیچ شتێکدا نایەتەوە.

**ویژدانێکی ئاسوودە، بۆ خەوێکی ئارام:**
گرنگ ئەوە نییە کە چیت کردووە، چی بوویی و چی دەکەی؟ ئەوە گرنگە، کە چەندە لەگەڵ خەڵک و خۆت و خوادا، ڕاستی!
ژیان، بریتییە لە ویژدانێکی ئاسوودە و ئارام.
**مرۆڤ:**
مرۆڤ، ئەو بوونەوەرە بەنرخەیە کە، خوای گەورە ڕێزی لێیناوە. بەڵام کاتێک کە لەدایک دەبێت، تەنیا لەسەر شێوەی مرۆڤە. ئەگەرنا، ساڵانێکی دەوێت کە ببێت بەو مرۆڤە کە لەئاست ئەو ڕێزەدا بێت، کە لێینراوە.
مرۆڤ، تا وەک پێویست خۆی نەناسێت، ناتوانێت هیچ کەسێک بناسێت. هەر ئەو خۆنەناسینەشە، کە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و ناشیرین بوونی پێناسەکەی، کە مرۆڤە.
**مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی:**
مرۆڤ، کاتێک کە وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات، (ژیان) جوان دەکات.
بەڵام کە خۆی ناشیرین دەکات، نەک هەر لەناو دڵی خەڵکدا جێگە و پێگەی نامێنێت، بەڵکوو (ژینگە)ش ناشیرین دەکات.
**هەڵە و ڕاستی:**
هەڵە، هەڵەیە. تەنانەت ئەگەر هەموو کەسێکیش بیکات.
ڕاستی، ڕاستییە. تەنانەت ئەگەر هیچ کەسێکیش نەیکات.
لە ئینگلیزییەوە
**نرخ زانین:**
هەر شتێک کە ئارەقەت بۆی نەڕشت بێت، لەلات بەنرخ نابێ. هەر شتێک فرمێسکت بۆی نەڕشت بێت، لەلات خۆشەویست نابێ.
دوژمن چ دەکات، کە دۆست میهرەبان بێت؟ (سەعدی)
تەور، بۆ زیان بە دارستان دەگەیەنێت، ئەگەر کلکی لەدار نەبێت؟!
دوژمن چۆن هەوڵی کوشتنی کەسێک دەدات، ئەگەر خاوەن ماڵ دەستکێشی نەبێت!!!؟
**کردار:**
کردار پێناسەی مرۆڤە، نەک وتار و قسەی بریقەدار.

**بەرژەوەندی:**

لەم ڕۆژگارەدا، بەداخەوە، پێش ئەوەی گویَ لەدەنگی ویژدان و هەست و سۆزی مرۆڤ بوون بگیرێت، سەیری بەرژەوەندییەکان دەکرێت! ئەگەر وەک پێویست نەهاتنەدی، هەموو شتێک دێتەوە سەر خاڵی سفر!

**هەنگاونان:**

بیکە بە بەرنامەی ژیانت، هەرکەسێک، هەنگاوێک هاتە پێش، تۆ چەند هەنگاوێک بچۆ پێشەوە. بەڵام کە هەنگاوێک بەرەو دواوە گەڕایەوە، تۆ لە شوێنی خۆت بوەستە و بەدوایدا مەڕۆ. چونکە پیشەی مرۆڤە؛ کە دوای کەوتی، بە کەم سەیرت دەکات!

**خۆ سڕینەوە:**

خۆسڕینەوەی مرۆڤ، لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە لاڵ نەبێت، بەڵام نەتوانێت دەم بکاتەوە! کەڕ نەبیَ، بەڵام گوێی لە هیچ نەبێت! نابینا نەبێت، بەڵام لە ئاست ڕاستییەکاندا، چاوەکانی کوێر بێت!

**هۆیەکانی بەختەوەری:**

سیَ شت هۆی بەختەوەرین، ئەگەر وەک پێویست سوودیان لێوەربگیرێت:

یەکەم: سەرمایەی زۆر.

دووەم: دەسەڵاتی زۆر.

سێیەم: زانستی زۆر.

**هەنگاو:**

هیچ هەنگاوێک بەترسەوە هەڵمەهێنە. چونکە، هیچ شتێک، لە ژیانی مرۆڤ دا مەحاڵ نییە.

**سەرکەوتن:**

هەر هەنگاوێک، نزیک بوونەوەیەکە، لەسەرکەوتن.

**بەهەڵە بیرکردنەوە:**

هەرشتیکی ناخۆش، کە ڕوودەدات لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە هەڵەکانی خۆمانە.

**تارمای:**
ئەوانەی کە لەژێر پەردەی شـــاراوەدا خۆیان دەردەخەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، جگە لە تارمایی، هیچی تر نین. تارمایش واتا شتێکی خەیاڵی و هیچ...
**خووی ناجێگیر:**
خووی ناجێگیری هەندێک کەس، وەک تێکەڵ بوونی ئاو و نەوت وایە. نە ئاوەکە بۆ خواردنەوە دەبێت، نە نەوتەکەش بۆ سووتان دەبێت!
**پەروەردە:**
پەروەردە، سەرەتا لەماڵەوە دەست پێدەکات.
بەشی یەکەمی پەروەردە، دایک و باوکە،
بەشی دووەم: فێرگە و مامۆستایە،
بەشی سێیەم: کۆمەڵگەیە،
بەشی چوارەم: خۆمانین، کە دەبێ بیر لە داهاتوویەکی جوان بکەینەوە.
**لۆمە و ئاماژەکردن:**
ئەوانەی کە، ئاسوودەیی دڵیان تەنیا لە لۆمەکردندا دەبینن، هەرگیز ئاسوودە نابن.
هەژار کێیە و دەوڵەمەند کێیە؟
هەموو ســـــامانی جیهان هی تۆبێ، بەڵام ناوت وەک دز بهێنرێت، تۆ هەژارترین کەسی ئەو جیهانەی.
لە پێش دەرگای مزگەوت و شـوێنە گشـتییەکان، سـواڵ بکەی، بەڵام بەپاکی ناوت بهێنرێت، تۆ دەوڵەمەند ترین کەسی ئەو جیهانەی.
**گۆڕەپانی داخراوی ژیان:**
گۆڕەپانی داخراوی ژیان، لەکوێیە؟ لەو جێگەیەیە، کە:
نە مافی بەیەک گەیشتن هەیە، نەتوانای لەبیرکردنیش هەیە. (وتەی فارسی)
**ژیان:**
ژیان تەنیا وەک شـەو و ڕۆژێک سـەیر بکە. بۆ ئەوەی لەو ماوە کوورتەدا، نەتوانی بیر لە هیچ شـــتێکی خراپ بکەیەوە. لەلایەکی دیکەشـــەوە، وابزانە کە ژیان، هەر بەردەوامە. بۆ ئەوەی ئەوەندەی کە دەژیی، بەجوانی و ئاسـوودەیی بژیت و جگە لە خوای گەورە، دەستی نیاز و پاڕانەوە، بۆ هیچ کەسێک، بەرز نەکەیەوە.
بەڵام ئەوەشـــمان لەبیر نەچێت، ژیان ئەگەر ڕازیبوونی تێدا نەبێت، مانا جوانەکەی دەگۆڕێت، بە ژان.

**داگیرکاری:**
داگیرکاریی بریتییە لە سێ بەش:
بەشی یەکەم، داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی (سەروەت و سامانە). کە ئەوەیان بەشێک لە ژیان دەگرێتەوە.
بەشـــی دووەم، داگیرکردن و دەســـت بەســـەرداگرتنی (دڵە). کە ئەوەیان، تەواویی جەستە دەگرێتەوە.
بەشی سێیەم، داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی (مێشکە). کە ئەوەیان، هەم ژیان و هەم گیانیش دەگرێتەوە.
**درۆکردن:**
کە توانیت درۆ بکەی، دەتوانی هەموو خراپەیەک بکەی.
**ناو، ناوبانگ، ڕەسەنایەتی:**
ناو و ناوبانگ و ڕەســەنایەتی، هەموویان جوان و پیرۆزن، بە مەرجێک، نەبنە هۆی لەخۆبایی بوون و دواکەوتن لە ژیان.
**ڕووی شاراوە:**
ڕۆژگار، زۆر بە ئارامی ڕووی شاراوەی هەموو کەسێک، پێشان دەدات.
**تایبەتمەندی: (خو)**
هەموو کەسێک، خویەکی تایبەت بەخۆی هەیە. کە دڵنیام، وەک دووان هیەک، پێکەوە لەدایک بوون. بۆیە هەرگیز، لە یەکتر دانابڕێن.
**گلەیی لەکەس مەکە:**
گلەیی لە کەس مەکە، کە لەگەڵ تۆدا جیاوازە. کە بێگومان تۆ خۆتی و وەک خۆتی. ئەویش خۆیەتی و وەک خۆیەتی. ئەگەر بڕیـار بێـت، هەموومـان وەک یەک بین، جوانی لە بوونماندا چییە؟!
**ناخی جوان:**
هەرکەسێک ناخی جوان بێت، پێویستی بە ڕوخساری جوان نییە.
**دڵی مرۆڤ:**
دڵی هەر مرۆڤێک، لەناو قەفەسـێکی داخراوو تاریکدایە. جگە لە مرۆڤ، هیچ شـتێک ناتوانێت بیکاتەوە و ڕووناکی پێ ببەخشێت. چونکە جوانی و خۆشەویستی مرۆڤ، بەهێزترە لە تیشکی خۆر، بۆ ڕووناککردنەوەی دڵی مرۆڤ.

**٢٠ شتی بچووک کە دەبنە هۆی قەڵەو بوون:**

١. خواردن بەپەلە.
٢. نەخواردنەوەی ئاو، وەک پێویست.
٣. زۆر کۆمەڵایەتی بوون.
٤. دانیشتنی زۆر.
٥. نەخەوتن، وەک پێویست.
٦. نەبوونی کات بۆ حەسانەوە.
٧. خواردن لە قاپی گەورەدا.
٨. خواردن لە پێش تەلەڤیزیۆندا.
٩. خواردنەوەی کالۆریاکانی خۆت.
١٠. نەخواردنی پرۆتیین، وەک پێویست.
١١. نەخواردنی (فایبەر) ڕیشاڵەکان، وەک پێویست.
١٢. چوونە سەرەوە بە ئاسانسۆر، لەجیاتی پلیکان.
١٣. نەبوونی خواردنی چاک.
١٤. خواردنی زۆری چەوریە چاکەکان.
١٥. بازاڕکردن، بەبێ لیستی خۆراک.
١٦. خواردنەوەی زۆری، شیر و قاوە.
١٧. نەخواردنی سەوزە و میوە، بەشێوەی تەواو.
١٨. بەکارهێنانی جلوبەرگی زۆر.
١٩. بوونی خواردنی ناڕێک.
٢٠. نەخواردنی خواردنی چاک، لە پشووی هەفتەدا. لە (ئینگلیزییەوە)

**گەورەیی:**

گەورەیی هەر مرۆڤێک، لە خۆ بەکەمگرتنی دایە. باڵندەکانیش، بەشـــێکیان زۆر گەورەن. بەڵام کە بەرز دەبنەوە، زۆر بچووک دەبنەوە.

**پەڕتووک:**

پەڕتووک، دڵ و مێشکی ماندوو دەحەسێنێتەوە و ماڵ و ژیانیش، دەڕازێنێتەوە.

**مێژوو:**

مێژوو، دوو جۆری هەیە:

یەکەم: مێژوویەک، کە مرۆڤ، مرۆڤبوونی خۆی دەپارێزێت و هەمیشـــە بەجوانی و بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

دووەم: مێژوویەک، کە مرۆڤ، خۆی ناشـیرین دەکات و بە هۆی نەمانی، ژینگە پاک دەبێتەوە.

**هەست نەکردن:**

کەسـێک کە بۆ ماوەیەکی زۆر، هەسـتی بە هیچ ئازارێک نەکرد، پێویسـتە سـەردانی پزیشک بکات. چونکە لەوانەیە، مێشکی وەک پێویست چالاک نەبێ. هەروەها ئەگەر کەسێکیش نەیتوانی ڕاست و ناڕاست، چاک و خراپ، لە یەکتر جیاکاتەوە، پێویستە سـەردانی دەروونناس بکات. چونکە لەوانەیە کێشـەیەکی دەروونی هەبێت و خۆی هەستی پێنەکات.

**بێگانە:**

بێگانە ئەوە نییە کە خزم نەبێت. بەڵکوو خزمێکە کە بێگانە بێت.

**خەمی ڕابردوو:**

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە ئاسوودەیی بژی، هەرگیز خەم لە ڕابردوو مەخۆ. چونکە ناگەڕێتەوە.

**متمانە بەخۆبوون:**

بۆ هەرشـتێک کە دەیکەی، متمانەت بەخۆت هەببێت. مەرج نییە ئەوەی کە دەیکەی، بە دڵی هەموو کەسـێک بێت. گرنگ ئەوەیە، بۆ خەڵک بی و ئەوەی کە دەیکەی، لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتی دابێت.

**لە سێ شت دەبێ بترسیین:**

ئاهێک، کە لەدڵەوە، بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە.

دڵێک، کە بەهۆی تاوانبارکردنێکەوە، شکابێت.

فرمێسکێک، کە لەچاوانی هەتیوێک، ڕژابێت.

**کات:**

گرنگی زۆر بەکات بدە، چونکە زۆر بەنرخە و کە لەدەسـت چوو، ناگەڕێتەوە. هەر شـتێکیش کە بەدڵتداهات، زوو بینووسـە. چونکە ئیلهامە و ئەویش کە ڕۆیشـت، ناگەڕێتەوە.

**گەشبینی:**
ژیان، وەک خۆر، بە ڕوونی ببینە. تا هەمیشە، دڵشاد و دەرەوشاوە بی. نەک ڕەشبین و بێهیوابی و، هەموو شتێک لە دژیی خۆت ببینی.
**بە ئارامی و بەبێ زیان، ژیان:**
مرۆڤ، پێویستە لەو ڕۆژەوە کە لەدایک دەبێت، تا کۆتایی ژیان، بە هێمنی و ئارامی و بەبێ دروستکردنی هیچ کێشەیەک بۆ هیچ کەسێک، ژیان تێپەڕ بکات.
**گۆڕین:**
مرۆڤ، توانای گۆڕینی ژیانی هەیە، بەڵام هەرگیز، ژیان مرۆڤ ناگۆڕێت.
**چاک و خراپ:**
هیچ چاک و خراپێکی تەواو بوونی نییە.
بەوەفاترین کەسانم بینی، خیانەتیان کرد!
ڕاستترین کەسانم بینی، درۆیان کرد!
میهرەبانترین کەسانم بینی، دڵیان شکاند!
زیرەکترین کەسانم بینی، فێڵیان لێکرا!
بەهێزترین کەسانم بینی، کەمیان هێنایەوە و تووشی خەمۆکی بوون. لە هەموو ئەوانەدا، فێر بووم، کە هیچ چاک و خراپێکی تەواو، لەدنیادا، بوونی نییە! (لە فارسییەوە)
**بێهەستی:**
کە هەستت بە هیچ ئازارێکی جەستەت نەکرد، سەردانی پزیشکی پسپۆر بکە و بەدوای چارەسەردا بگەڕێ. دوور نییە هێڵی پەیوەندی نێوان جەستە و مێشکت، پچڕابێت.
کە هەستت بە ئازاری دڵی هیچ کەسێک نەکرد و گوێت بە هاوار و هەناسەی ساردیان نەدا، سەردانی دروونناس بکە. دوور نییە کە شتێکی زۆر گەورەت لەدەست دابێت. کە ئەویش، عەقڵ و ویژدانە...
**ڕازیبوون:**
دڵ بەوە خۆش مەکە، کە هەموو کەسێک لێت ڕازی بێت. ئەوە گرنگە، کە کێ لێت ڕازیی بێت؟

**نەگۆڕ:**

گرنگ نییە کە مارێک، چەند جار پێستەکەی فڕێدەدات، ئەوە گرنگە، کە لەسەرەتا وە تا کۆتایی، هەر مارە...!

کەسێک کە جارێک خراپەی لەگەڵتدا کرد، گومانت نەبێت، کە جارێکی دیکەش، هەر دەیکاتەوە و هیچ زەمانەتێک نییە...! (لە فارسییەوە)

**وەک خۆ مانەوە:**

ئەو مرۆڤانە جوانن، کە هیچ شتێک نایانگۆڕێت.

**سەرکەوتن:**

سەرکەوتن، بە پارە و دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، پێوانە ناکرێت. سەرکەوتن بە نەزم و ڕێک و پێکی و ئارامی دەروونی، پێوانە دەکرێت.

**ناخ:**

مرۆڤ، تا ئەو کاتە جوانە، کە ناخی دەرناکەوێت.

**ئەو خۆشییانەی کە بێوێنەن:**

خزمەتی هەموو کەسێک بکەی لە ماڵی خۆت، بەڵام لە جارێک زیاتر، سەردانی هیچ کەسێک نەکەی.

ئیش بۆ هەموو کەسێک بکەی، بەڵام ئیشت نەکەوێتە لای هیچ کەسێک.

**قسەکردن:**

هەرگیز وتەکانت ئەوەندە درێژ مەکەوە، کە نەزانی لەسەرەتادا، باسی چیت کردووە!

**ئەگەر دەتەوێت:**

ئەگەر دەتەوێت گەورەتربی لەوەی کە هەی، خۆت لە هیچ کەسێک بەگەورەتر مەزانە.

ئەگەر دەتەوێت بەنرختربی لەوەی کە هەی، خۆت لە هیچ کەسێک بە پیرۆزتر مەزانە. هەروەها، ئەگەر دەتەوێت بەنرختربی لەوەی کە هەی، خۆشت زۆر بە بچووک مەزانە. چونکە ئەو کەسە جوانە، کە ناخی جوانە.

**بڕینی شاڕەگی ستەمکاری:**

هەرکاتێک نەیاری ستەمکار، تۆوی ستەمی لەناو مێشکی نەتەوەکەتدا چاند، جگە لەیەکڕیزی و لەسەرڕێ وەستان، بیر لە هیچ شتێکی دیکە مەکەوە، بۆ بنبڕکردنی ڕەگ و ڕیشەی ستەمکاری و چەوساندنەوە.

**پەروەردە:**

پەروەردەی دەستی هەرکەسێک بی، بەشێکی گرنگی لە ئەو.

**خۆشەویستی، دوو جۆری هەیە:**

یەکێکیان، لەسەر لێوو زمان تێناپەڕێت. ئەویان کاتییە و زوو کۆتایی دێت.

یەکیشیان، لەناو قولایی دڵدایە و هەرگیز کۆتایی نایە.

**عەرشی زۆردار:**

تەنیا ستەمە، کە دەبێتە هۆی لەرزینی عەرشی زۆردار.

**ڕووی خۆش:**

ڕووی خۆش، ڕوخساری ناشیرین، دەڕازێنێتەوە.

**سەرکەوتوویی:**

کەسانی سەرکەوتوو، حەزدەکەن کە زیاتر سەرکەوتوو بن. چونکە ئەوان، هەمیشە بیر لە سەرکەوتنەکانیان دەکەنەوە. (لە ئینگلیزییەوە)

**قبووڵکردن:**

ڕابردوو قبووڵ بکە، بۆ ئەوەی کە بوو.

سوپاسی ئێستا بکە، بۆ ئەوەی کە چییە؟

چاوەڕێی داهاتوو بکە، بۆ ئەوەی کە دەتوانێت، ببێتە چی؟ (لە ئینگلیزییەوە)

**ڕاداری دڵ:**

هەستیارترین ئامێر لەناو جەستەی مرۆڤدا، ڕاداری (دڵە) کە لەکوورترین کاتدا، هەر گۆڕانکاریەک لە (دڵی) کەسی بەرانبەردا ڕوو بدات، ئەو ئامێرە، هەستی پێدەکات. هەر بۆیە، باشتر وایە، کە گوێ لە هەستی (دڵ) بگرین.

**یەکلا بوونەوە:**

مرۆڤ، تا لەگەڵ خۆیدا یەکلا نەبێتەوە، بەو مانایە، لەگەڵ خۆیدا ڕاست نەبێت، نەهەرگیز ئاسوودە دەبێت، نە دەبێتە کەسێکی ئاسایی، کە متمانەی پێبکرێت.

**ستەمکار:**

ستەمکار، کە بیرۆکەی ستەمی بە مێشکداهات، خۆی دەکەویتە سەر لێواریی مەرگ.

**هەموو شتێک بکە:**

هەموو شتێک بکە، بەڵام کەسێک شەرمەزار و خەجاڵەت مەکە، کە دڵی خۆی بە تۆداوە و بڕوای پێت هەیە و خۆشیدەوێی.

**زامی دابڕان:**

زامی دابڕانی هەر ئازیزێک، هەرگیز سارێژ نابێتەوە.

**گەڕانەوەی شکۆ:**

گەڕانەوەی شکۆ، بۆ نیشتمان و نەهێشتنی سیستمی ستەمکاری، لە نان و ئاو و هەوا پێویست ترە، بۆ هەر تاکێکی وڵات.

**دڵ و مێشک:**

کێشەی ڕۆژگاری ئەمڕۆ، ئەوەیە کە، قورسایی مێشک کەم بۆتەوە و قورسایی دڵ زیادیکردووە! واتا ئێمەی مرۆڤ، لەجیاتی ئەوەی بڕیارەکان لە مێشک وەربگرین، زیاتر گوێ لەدەنگی دڵ دەگرین!

**هۆگربوون:**

هەرگیز هۆگری کەسانێک مەبە، کە سرووشتیان، هاوشێوەی گوڵە بەڕۆژەیە. چونکە ئەوانە، موڵکی هیچ کەسێک نین.

**دنیا هی تۆیە:**

کە تۆ بە ئومێدەوە بژیت، دنیا هەمووی هی تۆیە.

**ئاگر، هەر ئاگرە:**

ئەگەرچی ئاگری نەورۆز، بە ڕەمزی پیرۆزی نەتەوەی کورد، پێناسە کراوە، بەڵام مەرجیش نییە کە لێی نزیک بوویەوە، نەتسووتێنێ...

**درۆ:**

یەکێک لەو شتانەی کە مرۆڤ، لە هەموو بەهایەک دادەماڵێت، درۆکردنە.

**ڕاکردن:**

چۆن لە ترسی شێر ڕادەکەی، ئاواش لەدەست ماستاوچی و دووڕوو، ڕابکە و خۆت ڕزگار بکە.

**دارمانی بیرکردنەوە:**

هەرکاتێک چەک و چەقو، جێگەی زمان و دیالۆگیان گرتەوە، نیشانەی بێهەستی و دارمانی بیرکردنەوەیە.

**وریا بوون:**

پێتوانەبی هەرکەسێک کە بەڕووتا پێبکەنی، هاوسۆزی تۆیە! (خۆر)، ئەگەرچی وزەبەخشە، بەڵام زۆر جاریش، دارستانێک دەسوتێنێ.

**چاودێر:**
لەبری ئەوەی کە چاودێر بین بەسەر یەکتردا، باشتر وایە کە ویژدانمان بکەین بە چاودێر بەسەر خۆمانەوە.
**پێناسەی نۆکەر:**
نۆکەر چییە؟
ن- بە مانای ناشیرین، هەروەک پیشەی نۆکەرە
و- بە مانای ویژدانە، کوا هەیە لای ئەو کەرە؟
٧- وەک حەوت توێی ئاسمان، کە دوورن لەم دەڤەرە
نۆکەریش پیشە نییە، لە عەقڵی پیاو بەدەرە
ک- بە مانای کا و جۆیە، کە زیاتر خواردنی کەرە
لەهەرکوێ کاو جۆ هەبێ، باشترین پارێزەرە
ە- بزوێن تەنیا جووڵەیە، هەر وەکوو پیشەی نۆکەر کە دەستی بانی سەرە
**لە نائومێدیدا:**
کاتێک کە مرۆڤ نائومێد دەبێت، یان پڕ بەدەمی هاوار دەکات و هەرچی لەناو دڵیدایە دەیڵێ: یان بێدەنگ دەبێت و تەنانەت بێزارە لەدەربڕینی وشەیەکیش...
**خەیاڵ و نووسین:**
بۆ هەرشتێک کە دەینووسم، وێنەیەک، یان دیمەنێک لە خەیاڵمدایە. تاکوو خەیاڵێکیش نەبێ، هیچ شتێک بە مێشکمدا نایە.
**هەوڵدە باشبی:**
ئەگەر نەتوانی سوود بەخشبی، لانیکەم، زیانبەخش مەبە.
هەرکەس دەیبینی، لەقسە بێزارە
هەرتاکێک وەک خۆم دڵی برینداره
گوێچکەی پڕ بووە و لەقسە بێزارە
ئەوەی تۆ دەیڵێی: زۆر جار وتراوە
بۆ من نوێ نییە و هی پار، پێرارە

**ڕاستییەکان:**
لەسەردەمی تەکنەلۆجیادا، ڕاستییەکان زوو دەردەکەون.

**هەموو کەس بناسە:**

هەموو کەسێک بناسە، بەڵام... هاوڕێی هەموو کەسێک مەبە. هەوڵیش مەدە کە هێڵی پەیوەندیت، تەنیا بەرژەوەندی بێت. چونکە زۆر زوو، کۆتایی دێت. ئەوە ئەزموونێکە و زۆر تاقیکراوەتەوە.

**کردار:**

نە وتە، جێی کردار دەگریتەوە، نە فرمێسکیش، برین سارێژ دەکاتەوە.

زانای خۆنەپارێز: (عالم ناپرهیزکار):

عالم ناپرهیزکار، کور مشعلەدار است.

زانای خۆنەپارێز، کوێری چرا لەدەستە.

**کۆیلە بوون:**

مرۆڤ، تا خۆی بڕیار لەسەر کۆیلەبوونی خۆی نەدات، هیچ کەسێک ناتوانێت بەسەریدا بسەپێنێت.

**ڕێز لێگرتن:**

هەرکەسێک کە هات ڕێزیی لێبگرە

هەرکەسیش ڕۆیی ڕێگەی لێمەگرە

**دوو شت لە بیر مەکە:**

یەکەم: هەرشتێک کە دڵنیای کە بەیانی چارەسەر دەکرێت، شەو بیری لێمەکەوە. چونکە بەرنامەی خەوت تێکدەدات.

دووەم: هیچ کەسێک، بەچاوەڕوانی مەهێڵەوە. چونکە ئازار بەدڵ و مێشکی دەگات.

**سوپاسگوزاری:**

کاتێک کە مرۆڤ، لەوە دڵنیا بوو، کە خوای گەورە زۆر شتی بەنرخی پێبەخشیوە،

**پێویستە دوو شت لەبیر نەکات:**

یەکەم: سوپاسگوزاری خوا،

دووەم: دڵخۆشبوون و ڕازیبوون، بەوەی کە پێی بەخشراوە.

**هۆی دڵخۆشی خەڵک بە:**

چەند جوانە کە ببینی، کەسێک پێدەکەنێ. لەوەش جوانتر ئەوەیە، کە هۆی پێکەنینەکە، خۆت بی.

**هەندێکجار:**

هەندێکجار، پێویستە ڕێڕەومان بگۆڕین. تاکوو ژیانی کەسێک نەشێوێت. لە فارسییەوە

**کاتی:**

ڕێز لەوانە بگرە، کە هەمیشەین، لەبیر خۆتیان بەرەوە، ئەوانەی کە کاتی بوون.چاوی

**دڵ:**

هەموو کەسێک، بەپێی چاوی دڵی خۆی ببینە.

**لەدەستدان:**

ئەگەر بەدرێژایی شەو بگریەی، بەهۆی لە دەستدانی خۆر، چێژی بینینی ئەستێرەکان، لەدەست دەدەی.

**ژیان بریتییە لە داهاتوو:**

بەهۆی حەز و ئارەزوەکانت، داهاتووی هیچ کەسێک مەشێوێنە. واتا هیچ کەسێک مەکە بە قوربانی ئامانجەکانت.

**چاندنی تۆویی خۆشی:**

ئەگەر نەتوانی خۆشی و ئومێد، لەناو دڵی خەڵکدا بچێنی، ناتوانی هیچ شتێک بەرهەم بهێنی.

**ڕێزگرتن و خۆشەویستی:**

ڕێز لە هەموو کەسێک بگرە وەک مرۆڤ، نەک لەبەر ئەوە کە چی هەیە، چی دەزانێت، چی لەدەست دێت، چیت پێدەدات، چیت بۆ دەکات؟ ئەگەر خۆشەویستی و ڕێزگرتن، لە پێناو بچووکترین بەرژەوەندیدا بوو، درێژخایەن نابێ. چونکە هەموو توانایەک، لەدەست هەموو کەسێکدا نییە.

**ناسنامە:**

ئەوانەی کە ناسنامەی ڕاستی خۆیان پێشان دەدەن، شایانی باشترین سوپاسنامەن.

**وریای چەند شتێکی گرانبەها بە:**

ئەمانەت سپاردن بە کەسانی نائەمین.

قسەکردن بۆ کەسێک، کە بۆی گرنگ نییە.

دەربڕینی ڕازی دڵ، لای کەسێک کە لەمانای ڕاز تێناگات.

هاوڕێیەتی کەسێک، کە خۆی لە تۆ بەگەورەتر دەزانێت.

کەسێک کە لە هەستتت تێناگات و بۆی گرنگ نییە.

کەسێک کە بەهۆی بەرژەوەندییەک، نزیک دەبێتەوە، دواتر ناتناسێت!
کەسێک کە پرسیارەکانت بەبێ وەڵام دەهێڵێتەوە.

**زیان:**

هەر زیانێک کە پێم گەیشـــت، لە خزم و دۆســـتانەوە بوو...! ئەگەرنا، بێگانە چۆن دەزانێ، برینەکانی ژیانم لەکوێن، تا خوێیان پێوەربکات؟! (لە فارسییەوە)

**خەمی خاک و نەتەوە:**

خەمی خەڵک و خاک و نەتەوە، زۆر گەورەتر و بە ئازارترە لە، خەمی دڵ و هەست و سۆز و خۆشییەکانی کاتی ڕۆژانە و زوو پەشیمان بوونەوە. تەمەن، جوانییەکانی داهاتوو پێشان دەدات و هەڵەکانی ڕابردووش، دەشارێتەوە.

**خواپێداو:**

کەســـانێک هەن، زۆر جوانن، بەڵام ســـەرنجڕاکێش نین. کەســـانێکیش هەن، ســـەرنجڕاکێشـــن، بەڵام جوان نین. هەروەها، کەســـانێکیش هەن، هەم جوانن، هەم ســـەرنجڕاکێشـــن. بەوانە دەوترێت: خواپێداو. بەڵام... جوانی و ســـەرنجڕاکێشـــی ڕاســـتەقینەی مرۆڤ، لەوەدایە کە، بەردەوام هەوڵدات گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات و هەڵەکانی ڕابردووی، دووبارە نەکاتەوە.

**کات و وتە:**

هەرگیز کات و ســـات و وتەکانت، لەگەڵ کەســـانێکدا بەفیڕۆ مەدە کە تێناگەن. یان بڕیاریانداوە کە هەر تێنەگەن!

**خۆرئاسابە:**

خۆرئاســـابە. نە ئەوەندە بەدەرەوەبە، کە لێت بێزار بن، نە ئەوەندەش بزر بە، کە تینووی دیدارت بن.

**زیانگەیاندن:**

هەر قســـەکردنێک، یان چیرۆک و بەســـەرهاتێک، هەر نووســـین و وتە و ڕۆمانێک، هەر فیلمێکی کۆمێدی، یان درامایەک، هەر ڕاگەیاندنێکی جۆراوجۆر، یان دانیشـــتنی نـــاو کۆڕ و کۆبوونەوەکـــان، هەر گۆرانی و مۆســـیقـــایەک، یـــان گفتوگۆ لەنـــاو خێزانەکاندا، ئەگەر پەروەردەیی نەبێ، نەک تەنیا هەر سوودیی نابێت، بەڵکوو زیانی زیاتر دەبێ.

**ئەمڕۆ جیاواز بە:**
ئەمڕۆ جیـاوازبە لەگەڵ دوێنێ. هەروەهـا، بەیـانیش، لەگەڵ ئەمڕۆ. ئەگەر وانەبی، داهاتوویەکی گەشت نابێت.
**بیر و هۆش:**
ئەگەر بیر و هۆشـت هەر لای ئەسـتێرەیەک بێت کە لە شـەوەزەنگدا بینیوتە، چێژ لە تیشکی خۆر نابینی لە ڕۆژی ڕووناکدا...
**شێوەی ڕاستی:**
شـێوەی ڕاسـتی مرۆڤەکان، کاتێک دەردەکەوێ، کە ئیتر سـوودێکت بۆیان نییە. (لە فارسییەوە)
**ئاوێنەی خۆت بە:**
هەوڵدە تەنیا ئاوێنەی خۆتبی، بۆ نەهێشـــتنی کەموکوڕیەکانت. نەک خەڵکانی تر، بۆ شێواندنی ژیانیان!
**جێگرتنەوە:**
کـاتێـک کە مەڕ، جێگەی گورگ دەگرێتەوە، هەمـان ترســـــت هەیە، کە لە گورگ هەتبووە...
**چاوەڕوانی:**
هەمان ئەو چاوەڕوانیەی تۆ لەخەڵکت هەیە، خەڵکیش لە تۆی هەیە.
**بەڵێن:**
پابەند نەبوون بە بەڵێن، لە قورسایی مرۆڤ، کەمدەکاتەوە.
**وەستان:**
هەر هەنگاونانێکت بۆ پێشـــەوە، کە بوو بەهۆی دوورکەوتنەوەی کەســـێکی دیکە، باشتر وایە تۆ، لەشوێنی خۆت بوەستی.
**بەڵێن چییە؟**
باشترین بەڵێن کە بەخۆمانی بدەین، ئەویە:
یەکەم: ئەو مرۆڤە بین، کە پێناسەمانە.
دووەم: لەگەڵ خۆماندا ڕاســت بین، تاکوو بتوانین لەگەڵ هەموو کەسـێکدا ڕاســت بین.
ســـێیەم: وەفادار بین و زۆر... وریای پاراســـتنی متمانەی خۆمان بین. چونکە بەرزترین بڕوانامەی ژیانە، کە لەدەست چوو، جارێکی تر، بەدەست نایەتەوە.

**خووی مرۆڤ:**

یەکێک لەو تـایبەتمەنـدیـانەی کە هەرگیز لە مرۆڤ جیا نـابێەوە، خووی خۆیەتی، تەنانەت ئەگەر بەرەو ئاســـمانیش بەرز بێتەوە، یان بەناخی زەویدا بچێتە خوارێ، هەر لەگەڵیدایە و لێی نابێەوە!

خوو، یان چاکە، یان خراپ. ئەگەر چاکە، ئەســتێرەیەکی درەوشــاوەیە و نیشــانەی خۆشبەختییە. خۆ ئەگەر خراپیش بێت، هۆی ناخۆشی و نەگبەتییە.

**بڕیاردان:**

ئەوەی کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خەڵک دەدات و بەرنامەی ژیانی بۆ دادەڕێژێت، بێ ئەوەی خۆی بزانێت، ڕێچکەی ژیانی خۆی بزر کردووە و هەرچی دەکات، خۆی نادۆزێتەوە!

**زمانی ناخ:**

ناخیش زمانی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەیە...

جگە لە ناخە هاوشێوەکان، هیچ کەس لێی تێناگات...

**ناشیرین:**

ناشیرینتر لە ناشیرینی، جگە لە بێوەفایی، هیچی تر نییە...

**بەرهەمهێنان:**

هەر تۆوێک کە بچێنریت، دوور نییە کە هەر نەڕوێت، یان ئەگەر بشـــڕوێت، هەر ئەوە بەرهەم دێتەوە، کە چێنراوە. بە هەمان شێوە؛ مرۆڤیش، ئەو تایبەتمەندیەی تێدا بنیات نراوە.

**شەپۆلەکانی دەریا:**

کاتێک شەپۆلەکانی دەریا، بەرز دەبنەوە و هێرش دەبەن،گرتنەوەی ئاویی جۆگەیەک بێسوودە.

کاتێک ئاگرێکی ترسـناک، ڕووبەڕووی وڵاتێک دەبێتەوە، بەدوای دنکە شـقارتەیەکدا مەگەڕێن.

بڕۆن... ئاگری بەتینی ئەو هەناسانە بکوژێننەوە؛ کە خۆتان بەرپاتان کردووە و هەر گیانی خۆشتانی گرتووەتەوە...

**پەڵە:**

مرۆڤ وەک کراسـێکی سـپی وایە بچووکترین پەڵەی لەسـەر دیارە کێ زووتر ئەو پەڵەیە لابەرێت نییەتپاکی زیاتری پێوە دیارە

**ژیان:**

دوکتۆر ئەنوشـــە دەڵێ: ژیان، دیاریەکی بەنرخە، پێویســـتە ڕێزی لێبگیرێت. (لە فارسییەوە)

ئەگەر بتەوێت کێشـــەی ئەمڕۆ چارەســـەر بکەی، نابێت بیر لە کێشـــەکانی دوێنێ بکەیەوە.

هەروەها، لە پێشـهاتەکانی بەیانیش. چونکە نازانی چی ڕوودەدات؟! کەوابوو، بیر لە ئەمڕۆ بکەوە و کێشەکانی ئەمڕۆش، هەر ئەمڕۆ، چارەسەر بکە. دوێنێ ڕۆیشتووە، بەیانیش هێشتا نەهاتووە. گەر دەتەوێت خۆش بژی، لەگەڵ ئەمڕۆدا بژیی.

**ڕاستی:**

هەرکاتێک توانیمان، لەگەڵ خۆماندا ڕاســـت بین، دەتوانین لەگەڵ هەموو کەســـێکدا ڕاست بین.

**گلەیی لە ژیان:**

گلەیی زۆر لەژیـان مەکە. چونکە زۆری پێنـاچێـت، لێـت بێزار دەبێـت و ڕووت لێوەردەگێڕێت.

**لە سێ حاڵەتدا وریای خۆت بە:**

یەکەم: لەکاتی دەســـەڵاتدا، وریای کەســـایەتی خۆت بە، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشـــە نەفەوتێی.

دووەم: کە دەوڵەمەند بووی، لەخۆبایی مەبە و نەگۆڕیی.

سێیەم: کە هەژار و نەدار بووی، نەدۆڕێی.

**میهرەبانی:**

لەخۆت زیاتر، لەگەڵ خەڵکدا میهرەبانبە. میهرەبانی، ئەگەر دابەش بکەین، بەشـــی هەمووومان دەکات. مرۆڤ ئەگەر لەســـەربانی عەشـق بوەسـتێ، دەسـتەکانی بە خوا دەگات...

لە ( فارسییەوە)

**تۆویی خەم:**

کاتێک کە تۆویی خەم دەچێنی، هەر خۆتی کە بەرهەمەکەی کۆدەکەیەوە.

**تەنیایی:**

تەنیایی ئەوە نییە، کە بەتەنیا بژیت. بەڵکوو ئەوەیە، لەگەڵ کەسانێکدا بژیت، کە هیچ خاڵێکی هاوبەشت نەبێت.

**مرۆڤ:**

مرۆڤ وەک بۆکسێکی داخراو وایە، تا دەمی نەکرێتەوە، نازانرێت چی تێدایە. هەروەها، تا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرێت، نازانرێت چی لە ناخدایە؟

**جوان مانەوە:**

زۆر جار و لە زۆر کاتدا، ناوێک ئەوەندە جوان دەردەکەوێت، کە دەبێتە ویردی سەر زمان و وێنەی کەسەکەش، بە شانازیەوە، هەڵدەگیرێت. بەڵام.. زۆری پێناچێت، کە ناوی کوێر دەبێتەوە و وێنەکانیش، دەدڕێن و بزر دەبن...! هۆکاری ڕاستەقینەش، خۆڕانەگری و خۆناشیرینکردنی کەسەکانە...

**ژێر پی ماچکردن:**

پیاوێکی بێچارە، داوا لە کەسێک دەکات: کە بڕێک پارەی بە قەرز بداتێ. داوا لێکراویش دەڵێ: بەسەر چاو. بەڵام بەو مەرجە، کە ژێر پێم ماچ کەی. داواکاریش دەڵێ: ئەو مەرجە بۆچییە؟! کابرای داوا لێکراویش دەڵێ: لەبەر ئەوە، دوایی دەبێ منیش ژێر پێی تۆ ماچ کەم...

**ڕۆژێک دێ:**

ڕۆژێک دێ، کە بەبێ یەک دەبین، یەک یەک، لە خەڵک کەم دەبین. ڕۆژێک دێ، کە ئێمە لە یادەکاندا، دەبینە هۆی خەم و پێکەنین. جاروبار یادێک لە ئێمە بکەوە ئەی هاوڕێ! ڕۆژێک دێ، کە بەبێ یەکدەبین... (لە فارسییەوە)

**تاوان:**

ئەوانەی کە باری قورسی تاوان، لەسەر شانیانە و جگە لە خیانەت، بیر لە هیچ شتێکی چاک ناکەنەوە، هەمیشە ڕۆحیان ماندووە و هەرگیز ناحەسێنەوە.

**خوێندن و خوێندنەوە:**

بەشێوەیەک خۆت ڕابێنە لەگەڵ خوێندن و خوێندنەوەدا، کە پێتوابیت، تۆ بەشێکی دانەبڕاویی لە پەڕتووک و پەڕتووکیش، بەشێکە لە جەستە و ڕۆحی تۆ.

**نەزان:**

هەرکاتێک نەزان دەمی کردەوە، تۆ بێدەنگ دانیشە. یان بەبێ وەستان، هەستە و دەرکەوە.

**پەسەندکردن:**

هەرگیز کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە لەگەڵ کەسانێکدا، کە خۆیان زۆر بەلاوە گەورەیە و تۆیان، وەکخۆت قبووڵ نییە.

**خوێندنەوە:**

خوێندنەوە، جگە لەوە کە ئاسوودەیی دەبەخشێت بە دڵ و مێشک، ڕووناکیش دەبەخشێت بە شەوەزەنگی ژیان و داهاتوو، دەدرەوشێنێتەوە.

**خۆت بەکەم مەزانە:**

ئەگەر خۆت لەخەڵک بە گەورەتر بزانی، لێت بێزار دەبن. چونکە ناشیرین دەبی. ئەگەر خۆشت زۆر بەکەم بزانی، بەکەم سەیر دەکرێی و ڕێزت لێناگیرێت. کەوابوو، کەسێکی ئاسای بە.

**لە من مەترسە:**

مۆم بە دنکە شقارتەی وت: من لە تۆ دەترسێم. چونکە تۆ بکوژی منی. دنکە شقارتە وتی: لەمن مەترسە، لەو دەزوە باریکە بترسە کە لەناو دڵی خۆتدا جێت کردووەتەوە! مرۆڤ، هەرچی بەسەریدێت، هۆی بیرکردنەوە نەرێنییەکانی خۆیەتی، نەک هۆیەکانی دەرەکی... (لە فارسییەوە)

**ناڕوون:**

ئەوانەی کە خاوەنی دڵێکی ناڕوونن، تا دەمرن لە ژیانێکی تاریکدا دەژین.

**چۆن ژیان:**

گرنگ ئەوە نییە کە لەڕابردوودا، چۆن ژیاوی؟ بەڵکوو گرنگ ئەوەیە، کە تۆ، ژیاوی. هەندێک جار، خۆشحاڵ بووی، هەندێک جاریش، تووڕە و وشک. بەڵام لەهەر هەوراز و نشێوێکیشدا، تۆ شتێک فێر بوویی. (لە ئینگلیزییەوە)

**شێواندن:**

تاکە برینێک کە هەرگیز ساڕێژ نابێەوە، برینی زمانە.
تاکە شتێک کە شێوەی مرۆڤ دەشێوێنێت، درۆکردنە.
تاکە شتێک کە مرۆڤ دادەبڕێت لە کۆمەڵگە، بێوەفاییە.
تاکە شتێک کە هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە، دووڕوویە.
تاکە شتێک کە مرۆڤ بچووک دەکاتەوە، لەخۆباییبوونە!

**ئیلهامی پیرۆز:**
عەقڵ، ئەو ئیلهامە پیرۆزەیە، کە خوای گەورە بە بەندەکانی خۆی بەخشیوە. بەڵام ئەوە گرنگە، کە چۆن و چەند لەو بەهرە بەنرخە، سوود وەردەگیرێت؟ هەموو کەسێک دەتوانێت تیر و کەوانێک بگرێتە ناو دەست، بەڵام ئەوە گرنگە کە چۆن نیشانە دەپێکێ؟! بەڵام ئایا هەموو کەسێک شایستەی ئەوەیە کە ئەو دیاریە بەنرخەی پێ ببەخشرێت؟ دیارە خوای گەورە، هەر خۆی باشتر دەزانێت، بەڵام بە بڕوای من، کەسێک کە نرخی خۆی نەزانێت، شایانی هیچ شتێک نییە...
**ئاسنی سارد:**
هەرکاتێک قسە بۆ کەسێک بکەیی و لێت تێنەگات، یان تێبگات، بەڵام گوێت لێنەگرێت، وازی لێبێنە. چونکە وەک ئەوە وایە، کە بزمار لە بەرد بدەی! یان وەک پەندە کۆنەکە، دە فەرمووێت: بەبێ هودە، ئاسنی سارد مەکوتە!
بەجۆرێک بیر بکەوە: بەجۆرێک بیر بکەوە، کە پێتوابیت، هەموو کەسێک تۆی خۆشدەویت. ئەگەر وانەبی، بڕوات بە هیچ کەسێک نامێنێ! ئەوکاتە، خەڵکیش بڕوای بە تۆ نامێنێ. لەو حاڵەتەدا، تۆ تەنیا دەمێنیتەوە! ژیانی تەنیاییش، بەشێک نییە لە ژیانی ڕاستەقینە.
**بێهیوا مەبە:**
هەرکاتێک لە شەوەزەنگی خەمدا بزر بووی، بیر لە ڕووناکی خۆر بکەوە.
هەرکاتێک لە دەریای قوڵی نائومێدیدا نقوم بووی، بیر لە (یونس) پێغەمبەر و گەورەیی خوا بکەوە.
**هەڵە:**
هەڵەکانن فێرمان دەکەن، کە چۆن بژین؟ بەڵام بە مەرجێک، سوودیان لێوەربگرین. نەک دووبارەیان بکەینەوە!
**لێکدانەوەیەک بۆ خۆر:**
من لەخۆردا، دوو مانا دەبینم:
یەکەم: کە دەردەکەوێت، وەک دەستپێکی ژیانێکی تازە وایە. کە لەو ژیانە تازەیەدا، زۆر شت بەدی دێت و دەبنە هۆی دڵخۆشی و ئاسوودەیی.
دووەم: کە ئاوا دەبێت و شەویی بەدوادا دێت، وەک ئەوە وایە، کە کۆمەڵێک شت لە پێش چاو بزر دەبێ. کە ئەو بزربوونەش، بۆ ماوەیەک خەم و تەمومژێک درووست دەکات، بەڵام دوا جار، بۆمان دەردەکەوێت، کە؛ لەو دەرکەوتنی خۆر و ئاوا

بوونەیدا، نە خۆشــییەکان تاســەر بەردەوام دەبن، نە ناخۆشــییەکانیش، دەبنە هۆی کۆتایی ژیان.

**پێناسە:**

هونەر پێناسەی نەتەوەیە.

**متمانە:**

کەسـێک کە متمانەی بەخۆی هەبێت، هەوڵنادات خەڵکی تر ڕازیی بکات. کەسـێک کە لەخۆی ڕازی بێت، پێویستی بە خەڵکی تر نییە کە پەسەندی بکەن. کەسێک کە خۆی لەلا پە سەند بێت، پێویستی بەوە نییە کە هەموو دنیا پە سەندی بکات. مەبە ست لەو وتەیە ئەوەیە: هەرکەســێک کە خۆی، خۆی پەســەند نەکات، نابێت چاوڕوانی ئەوە بکات، کە هیچ کەسـێک پەسـەندی بکات. هەروەها ئەگەر خۆشـی لەلا پەسـەند بوو، پێویستی بەوە نییە کە هەموو کەسێک پەسەندی بکات.

لە (ئینگلیزییەوە)

**تەندرووستی:**

درەوشانەوەی ئەستێرەی خۆشبەختی مرۆڤ، لە تەندرووستی جێگیر دایە.

**ئازادی:**

ئازادی، گەورەترین دیارییە، کە مرۆڤ دەتوانێت بەخۆی بدات.

ئازادی، لەترسەکانی بێهۆی داهاتوو،

ئازادی، لە بڕیاردانی خەڵک،

ئازادی، لە خەم و پەشیمانی ڕابردوو. لە (فارسییەوە)

**دەنگی ئازاد:**

تا ڕێز لە دەنگە ئازادەکان نەگرین، متمانەی نەتەوەیی بوون، بەدەست ناهێنین.

**ئەگەر:**

ئەگەر خاوەنی دڵێکی پاک نەبین، ناتوانین لێبووردە بین،

ئەگەر نەتوانین لێبووردە بین، ناتوانین دڵخۆشبین.

ئەگەر نەتوانین دڵخۆشبین، هەرگیز ناتوانین پێکەوە بژین.

**ئەستێرە و خۆر:**

ئەگەر ئەستێرەکان، لە جوانی خۆر تێگەیشتبان، لە شەویشدا، دەرنەدەکەوتن.

**قەرز:**

قەرز هەر ئەوە نییە کە پارەی کەسێکت لابێت و نەتگێڕابێتەوە، یان دەس بەسەر موڵک و ماڵی کەسێکدا گرتبێت و بێدەنگیت لێکردبێت، بەڵکوو کەسێک کە سڵاوت لێ بکات، وەڵامی نەدەیەوە، پرسیارێکت لێبکرێت و وەڵام نەدەیەوە، ئەوە قەرزێکی گەورەیە و دەبێ هەر بدرێتەوە... چونکە جگە لەوە کە دڵی کەسێکت ڕەنجاندووە، دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورەش. کە بێگومان ئەوەش، هەر خوا بۆ خۆی دەزانێت، کە سزاکەی چییە و چەندە؟!

**زەردەخەنە:**

زەردەخەنە، دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشی تۆ.

دەبێتە هۆی گۆڕینی باری دەروونی تۆ،

دەبێتە هۆی لابردنی خەم و خەفەتی تۆ و یارمەتیت دەدات کە بەشێوەیەکی ئەرێنی و پۆزەتیڤ، بیر بکەیەوە.

(**کوێستان**)**ی خاڵم دەڵێ:**

هەموو کەسێکی سەرکەوتوو، بەسەرهاتێکی ناخۆشی هەیە. هەموو بەسەرهاتێکی ناخۆشیش، کۆتاییەکی خۆشی هەیە. لەبەرئەوە، بەرگەی ئازارەکان بگرە و خۆت ئامادە بکە بۆ سەرکەوتن.

**پڕۆپاگەندە:**

هەمیشە لەبیرت بێت، کە پڕۆپاگەندەکان، لەلایەن ڕق لێبووەکان و نەزانەکان بڵاو دەکرێنەوە و لەلایەن گەمژەکانیش، پەسەند دەکرێت.

**بەپاکی ژیان:**

ئەوانەی کە بەپاکی دەژین، کە بشمرن، هەر بەزیندوویی دەمێننەوە. ئەوانەیش کە بە ناشیرنی دەژین، کە زیندووشن، هەروەک مردوون...

**ناخە شاراوەکان:**

ناخە شاراوەکان، لە کاتە هەستیارەکاندا دەردەکەون.

**وزەبەخش:**

خۆزگە خۆر، هەروەک چۆن وزەبەخشە بۆ زەوی، ئەزموون بەخشیش دەبوو بۆ مرۆڤ. کە جگە لە وەرزی هاوین، بۆچی لە وەرزەکانی دیکەدا، خۆشەویسترە؟ بێگومان، چونکە کەمتر دەردەکەوێت.

**داخراو:**

ئەوانەی کە دەم و ناوچاوانیکی داخراویان هەیە و جاروبار بە زۆر، خۆیان خۆشحاڵ دەکەن، هەرگیز باوەڕیان پێ مەکە. چونکە دڵخۆشی لە سرووشتی ئەواندا، بوونی نییە.

**نیشتمان:**

نیشتمان، هاوشێوەی دایکە. تا لێی دانەبڕێی، هەست بە نرخ و جوانی ناکەی.

**داواکاری:**

جگە لە خۆت، ئاسان نییە، پشت بە بەڵێنی هیچ کەسێک ببەستی.

**هەرگیز پەلە مەکە:**

هەرگیز پەلە مەکە و سەرجەم کارەکانت بەبێ دەنگی و بە ڕۆحێکی ئارام، ئەنجام بدە. ئاسوودەیی و ئارامی دەروونی خۆت، بۆ هیچ شتێک لەدەست مەدە. تەنانەت ئەگە وابزانی هەموو دنیاش لێت دەڕەنجێت. (لە ئینگلیزییەوە)

**بڕوا بەخۆنەبوون:**

لە دەرەوەی چوارچێوەی بڕوابەخۆبووندا، هەرشتێک بکرێت و پشت بە هەر کەسێک ببەسترێت، سەرکەوتن بەدەست نایە.

**خۆناسین:**

مرۆڤ باشترین و جوانترین بوونەوەری سەر زەوییە، ئەگەر خۆی بناسێت و نرخی خۆی بزانێت.

**لێکچووەکان:**

لێکچووەکان زۆرن. چ بەناو، چ بە شێوە و ڕوخسار. بەڵام لە واقعدا، زۆر جیاوازن و هەرگیز، نابن بەیەک.

**ژیان هەڵەی زۆری تێدایە:**

بۆیە زۆر شت بەلاڕێدا دەڕوات! بەڵام... بەدەریش نییە لەڕاستی، چونکە هەر کەسەو بەشێوەیەک، بەدوای هاوشێوەکانی خۆیدا دەگەڕێت.

**بەڵێن:**

پابەند نەبوون بە بەڵێن، لە قورسایی مرۆڤ، کەم دەکاتەوە. خەمی زۆر کەس، دەکرێ خەمی کەسێک بێ. بەڵام ناکرێ، خەمی کەسێک، خەمی هەموو کەسێک بێ.

**دوو شت بەبێ دوو شت:**

دوو شت بەبێ دوو شت، سوودیی نییە.

یەکەم: زانست بەبێ کەسایەتی،
دووەم: کەسایەتی بەبێ زانست.
**فێرگەی ژیان:**
دنیا فێرگەی ژیانە و مامۆستاکانی ئەو فێرگەیەش، هەڵەکانی ڕۆژانەی خۆمانن! کە هەموو ڕۆژێک چەندین وانەی جۆراوجۆرمان فێر دەکەن.
**هەژار:**
هەژارێکی بێدەسەڵات، کە زیانێکی لێبکەوێت، زۆر خەم ناخوات. چونکە لەگەڵ نەبوونیدا، ڕاهاتووە و خەڵکی بەویژدانیش، بۆی بەپەرۆشن. بەڵام... ستەمکارێکی سەرمایەدار، کە زیانێکی لێبکەوێت، نەک هەر ماڵ و سامان و دەسەڵات، بەڵکوو ئەگەر سەریشی تێدا بچێت، زیاتر لەپێش چاوی خەڵک، ڕیسوا و ناشیرین دەبێت.
**بوون و نەبوون:**
کاتێک هەستت بەوە کرد، بوون و نەبوونت وەک یەکە، نەبوونت هەڵبژێرە.
**زمان درێژی:**
نە زمان درێژی و زۆربێژی، نیشانەی وریایی و زۆرزانینە، نە ماتی و بێدەنگیش، نیشانەی بێ زیانی و بێ زمانییە.
**بناغەی ژیان:**
بناغەی ژیان، لەسەر زەلکاوی خەم دامەڕێژە. چونکە هەرگیز، ئاسوودە نابی. بەڵکوو هەوڵدە، کۆنکرێتی هیوا و بڕوابەخۆبوون، بکەی بە بناغەی ژیان. تا بۆ هەمیشە، لەژێر سێبەری ئارامیدا بحەسێیتەوە.
**خۆری ژیان:**
خۆری ژیان کاتێک ئاوادەبێ، کە بێوەفایی لە کەسانێکدا ببینرێت، کە هەرگیز، چاوەڕوان نەکرێت...!
**ئاگر:**
سرووشتی ئاگر وایە، تا زیاتر لێی نزیک بیتەوە، زیاتر دەتسووتێنێ.
**بزر نەبوون:**
هەر وەک چۆن پشکۆی ژێر خۆڵەمێش،کە با لێیدا دەگەشێتەوە، زێڕ، کە تۆزی لەسەر نیشت و لەسەری لابرا، دەدرەوشێتەوە، کەسە چاکەکانێش، لەهەر کوێیەک بن، بزر نابن و بەهۆی ڕەفتاری جوان و کردارەکانیان، دەبینرێنەوە.

**خۆبەدەستەوەدان:**
خۆبەدەســــتەوەدان و کۆیلە بوون، لە پێناو کەمێک بەرژەوەندی تایبەتدا، جگە لە بچووک بوونەوەی زیاتر، هیچی دیکە نییە.
**گرنگیدان:**
گرنگی بە هەموو کەسێک بدە. تا ئەو کاتە، کە تۆی بەلاوە گرنگە.شانازی:
کەسێک پەیدا بکە، کە بە بوونت شانازی بکات. بە لەدەستدانت، بترسێت. کە لەپێناو تۆدا، شـــەڕ بکات. کە ڕێزت لێبگریت. کە پارێزگاریت بکات و خۆشـــیبوێی. لە (ئینگلیزییەوە)
**نهێنییەکانی سەرکەوتن، لە چیدایە؟**
بۆ سەرکەوتن، ئەوەندە بەسە، کە خۆت باشتر بناسی.
تایبەتمەندییەکان و تواناکانی ناوەوەی خۆت بناسی... لە (فارسییەوە)
**یاسای دارستان:**
هەرکاتێک ددانی (گورگ)، بۆ (مەڕ) چێنرایەوە و بۆ (گورگ)یش، پێســـتی (مەڕ) کرا بەجلی فەرمی، ئەوکاتە، دەســـت لە ژیان بشـــۆو بەدەســـتی خۆت، گۆڕی خۆت هەڵکەنە...
**هەرگیز ڕەشبین مەبە:**
ئاسمان، کە لە ڕۆژی ڕووناکدا، بەهۆی دەرکەوتنی تیشکی خۆر، ڕەنگی سرووشتی و جوانییەکەی دەردەکەوێت و لە شـــەویشـــدا، مانگ و ئەســـتێرەکان، دەیڕازێننەوە، هەرگیز پێـت وا نەبێـت کە بەهۆی دەرچوونی تـاکە ئەســـــتێرەیەک، یـان چەنـد ئەستێرەیەک، ئەو جوانییە لەدەست دەدات...
مەبەســـــت ئەوەیە: جیهـان و ژیـانی ئێمە، لێوانلیوە لە جوانی و مرۆڤی جوان و ناخجوان. کەوابوو، ناحەقیە کە بەهۆی کەسـێک، یان چەند کەسـێک، هەموو کەسـە جوان و چاکەکان، هەر بەناشیرنی ببینین...!
**سەرچاوەی بیگەرد:**
لە بیابانی وشـــک و بێئاودا، لە کوێســـتانی ســـارد و پڕ ئاودا، لە هەر کوێیەک کە تینووت بو و هێزت لیبڕا، هەرگیز لە ئاوی جۆگە، مەخۆرەوە و بەدوای سەرچاوەی زوڵاڵ و بێگەرد دا بگەڕێ.
**تێگەیشتن:**
کە ئەمڕۆ هەوڵنەدەی باش تێبگەی، بەیانی، باجی زۆر زیاتر دەدەی.

**گەشبین:**

بۆ ئەوەی کە هەمیشە دڵخۆشبی، هەمیشە گەشبین بە لەژیاندا.

**زانین:**

مەرج نییە کە مرۆڤ، هەموو شـــتێک بزانێت. بەڵکوو گرنگ ئەوەیە، ئەوەی کە دەیزانێت، چۆن سوودی لیوەردەگرێت؟

**خۆدەرخستن:**

لە دوو حاڵەتدا خۆت دەرمەخە:

یەکەم: لە هەبوونێکی سەرەتایدا.

دووەم: لە نەبوونێکی سەرەتایدا.

چونکە هیچ کامیان نابێە هۆی دڵخۆشـــی. یەکەمیان، هەژارەکان زیاتر هەســـت بە نەبوونی خۆیان دەکەن. دووەمیشـــیان، ئەوانەی کە هەســـت بە نەبوونیت دەکەن، ئازاری زۆر دەکێشن.

**ئاشی ڕۆژگار:**

ئاشی ڕۆژگار، هەموو ئەو کەسانە دەهاڕێت، کە هەوڵیان دەدا، خەڵک بهاڕن...

**کات:**

خۆزگە خەوتنیش، وەک مردن، تەنیـا یەکجـار بوایە. بۆ ئەوەی کـات، لەدەســـــت نەچووبایە.

**چۆن دەتوانی خۆت بگۆری؟**

هەرشـــتیک کە دوێنێ کردووتە و ئەمرۆ لی پەشـــیمانی، بەیانی دووبارەی مەکەوە. دڵنیابە، بێ ئەوەی خۆت هەست بکەی، گۆڕاویی...

**بۆ ئاسوودەیی دڵ و مێشک:**

ئەگەر نەتوانین چارەسەر بین بۆ کێشەکان دەتوانین، خۆمان بە دوور بگرین. ئەگەر نەتوانین دڵی خەڵک خۆش بکەین، دەتوانین هەســـتیـان برینـدار نەکەین. ئەگەر نەتوانین ســـوودبەخش بین لە ژیاندا، دەتوانین زیانبەخش نەبین. ئەگەر نەشـــتوانین قسەی چاک بکەین، لانیکەم، دەتوانین زمانی خۆمان ڕابگرین.

**باسکردن لە هەڵەکانی خۆت:**

باس لە هەڵەکانی خۆت بکەی باشـــترە، نەک بە قســـە، خۆت بکەی بە پاڵەوانی ڕۆژگار.

**ئەزموون و ژیان:**

(ئەزموون و ژیان، وریاکەرەوەی ئەو زمانانەیە، کە بەبێ ڕاوێژی دڵ و مێشک، دەکەونە گەڕ.)

**بۆ خەم دەخۆی؟**

مادام لەوە دڵنیای، کە لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکدا، خۆشییەک هەیە و خۆشی و ناخۆشییەکانیش کاتین، هەروەها ژیانیش بۆ کەس تا سەر نییە، بۆ خەم دەخۆی؟!

**هەڵەکردن:**

هەڵەکردن لەدەست خۆماندا نییە، بەڵام دووبارەکردنەوە و نەکردنەوەی، لەدەست خۆماندایە.

**خوێندەوار:**

خوێندەوار بەبێ پەڕتووک خوێندنەوە، چاوساغێکی چاوبەستراوە.

**چوارچێوەی ویژدان:**

باوەڕ بوون بەهەر شتێک، تا ئەوکاتە پیرۆزە، کە لە چوارچێوەی مرۆڤبووندا بێت. هەر شتێک کە لەو چوارچیوەیە دەرچوو، زیان بە ناو و پێگەی مرۆڤ دەگات.

**هەرگیز... هەڵەیەک مەکە:**

هەرگیز، هیچ کەسێک لە جێی هەموو کەسێک دامەنێ. ئەگەر کردیشت، هەرگیز، دووبارەی مەکەوە. چونکە هیچ کاتێک، هیچ کەسێک، نابێ بە هەموو کەسێک.

**سەنگ و قورسایی مرۆڤ:**

هەموو مرۆڤێک، سەنگ و قورسایی خۆی هەیە. چونکە جوانترین هەڵبژاردەی خوای گەورەیە، جگە لەو کەسانە، کە بۆ خۆیان، خۆیان قورس دەکەن.

**بیروباوەڕ:**

بیروباوەڕ و ئازادی، پیرۆزە. بە مەرجێک، نەبێتە هۆی ئابڕوو لەدەستدان.

**بێوەفایی:**

هەروەک چۆن ئاگر، سرووشتی جوانی دارستانەکان دەسووتێنێ، بێوەفایش، ویژدان و شێوە و ڕوخساری مرۆڤەکان دەشێوێنێ!

**هاوڕێی ڕاستەقینە:**

هاوڕێی ڕاستەقینە، هەرگیز هاوڕێکەی جێناهێڵێ. نە بەهۆی دوور کەوتنەوە، نە بەهۆی تێپەڕبوونی کات. لە (ئینگلیزییەوە)

**مۆم:**

چەند جوانە مرۆڤ، هاوشێوەی مۆم بێت. خۆی بسووتێ، بۆ ئەوەی دەوروبەرەکەی ڕووناک بێ.

**کەسایەتییە دەستکردەکان:**

کەسایەتییە دەستکردەکان، ئەگەر کەسێک بۆ بەرزترین لوتکەی ژیانیش بەرز بکەنەوە، هەر بچووکتر دەبێتەوە.

**ئامانج:**

بەدوای ئامانجتدا بڕۆ و مەوەستە. ڕۆژێک دێت، هەر پێی دەگەی.

**چێژ وەرگرتن:**

چێژ لە هەموو شتێک وەربگرە، بەڵام... زۆر نا.

چێژ لە خواردن، بەڵام... زۆر نا.

چێژ لە خواردنەوە، بەڵام... زۆر نا.

چێژ لە سەردان، بەڵام... زۆر نا.

جێژ لە قسەکردن، بەڵام... زۆر نا.

چونکە هەر شتێک کە زیادەڕەویی تێدا کرا، دەبێتە هۆی بێزار بوون.

(هەنگوین) چەندە چێژبەخش و بەسوودە، بەڵام کە زۆر بخورێت، ئەو چێژ و سوودەی کە هەیەتی، لەدەستی دەدات.

**ستایش و پێدا هەڵدان:**

تۆ بە ئەندازەی پێویست، گرنگی. پێویست نییە کە بوونی خۆت، بەخەڵک بسەلمێنی. هەرچەند کەمتر پێویستیت بە پێداهەڵدان و ڕێکلامکردنی ئەم و ئەو بێت، زیاتر ستایش دەکرێی. (لە فارسییەوە)

**بیرکردنەوە:**

بەبێ بیرکردنەوە، هەر شتێک بکرێت، یان بگوترێت، دەبێتە هۆی پەشیمانی. بەتایبەتی، پێویستە، زیاتریش لە پێویست، وریای زمان بین. چونکە وشە، چەندە بچووک بێ، کە لەدەم دەرچوو، گەڕانەوەی نییە! هەر ئەوەشە، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی ژیان و دابڕانی بەشێک لە کۆمەڵگە و نەمانی پەیوەندی لە نێوان زۆرێک لە نزیکەکانیشدا.

**بیرکردنەوە لە خەڵک:**

تا زیاتر بیر لە چۆنییەتی هەڵسوکەوتەکانی خەڵک بکەینەوە، زیاتر لە هێزی جەستە و وزەی مێشـــک و دڵمان کەمدەکەینەوە. بەڵام... جوانی و ســـەرنجڕاکێشـــی ڕاســـتەقینەی مرۆڤ، لەوەدایە کە، بەردەوام هەوڵدات گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات و هەڵەکانی ڕابردووی، دووبارە نەکاتەوە.

**هەڵە:**

هەڵەکانی دوێنێ، ئەزموون و وانەکانی ئەمڕۆن.

هەڵە، مانای ژیانت فێر دەکات.

دەوروبەرت پێدەناسێنێ.

داهاتووت بۆ ئاسانتر دەکات.

دەرگاکانی ژیانت بۆ دەکاتەوە.

بە کوردی و بە کورتی، جارێک هەڵە بکە، بۆ ئەوەی هەمیشە، لەگەڵ هەڵەدا نەژیت.

**ڕێک ڕۆیشتن:**

بۆ ڕێک ڕۆیشـتنی دوو کەس، پێویسـتە دەسـتی چەپ و ڕاسـتی یەکتر بگرن. ئەگەر بە پێچەوانە بێت، شێوەی ڕۆیشتنەکەیان تێکدەچێت.

خەم لەچی دەخۆی؟

مەگەر هەر خۆت، هۆی درووستبوونی خەمەکانت نی؟!

**ڕاهێنان:**

هەر شـتێک کە ڕاهێنانی بۆ کرا، ئاسـان و ئاسـایی دەبێ. تەنانەت درۆکردنیش، کە مرۆڤ لەگەڵیدا ڕاهات، یان پێشتر ڕاهێنرابوو، لەگەڵیدا ڕادێت و بۆی ئاسایی دەبێ.

**هەڵە:**

تاکە هەڵەیەک لە ژیاندا، نابێە پێناسـەی هیچ کەسـێک. چونکە دوور نییە لەدوای ئەو هەڵەیە، بە سـەدان شـتی چاک بکرێت. هەڵە، ئاسـاییە کە جارێک بکرێت، بەڵام تاوانە کە دووبارە بکرێتەوە.

**وەستان:**

ژیان وەک ڕۆیشـتنی سـەر شـەقام وایە. چەندە توند بڕۆی، دەبێ لە شـوێنێک هەر بوەستی.

**گوێگرتن:**

ئەوانەی زۆرتر فێر دەبن، زۆرتر گوێدەگرن. ئەوانەیش کە زۆرتر گوێدەگرن، کەمتر هەڵە دەکەن. ئەوانەی کە کەمتریش هەڵە دەکەن، زۆرتر چێژ لە ژیان وەردەگرن.

**بیرەوەرییەکانی ژیان:**

ئەگەر بۆ ڕێگریکردن لە دڵخۆشــی، تاکە بیرەوەریەکی ناخۆش هەبێت، بۆ هەمیشــە لە بیر خۆ بردنەوەی خەم و دڵناخۆشی، دەیان بیرەوەری خۆش هەیە.

**پێش ئەوەی:**

پێش ئەوەی دەست بکەی بە خواردن، دەستەکانت جوان بشۆ.

پێش ئەوەی بیر بکەیەوە، دڵ و مێشکت ئارام بکەوە،

پێش ئەوەی دەست بکەی بە قسەکردن، زمانت جوان پاک بکەوە.

پێش ئەوەی بڕیار لەسەر هەر شتێک بدەی، ویژدانی خەوتووت بە ئاگا بێنەوە.

پێش ئەوەی بەرنامەی سەفەر ڕێکبخەی، بیر لە هاوسەفەرێکی چاک بکەوە.

پێش ئەوەی بیر لە ژیان بکەیەوە، بیر لە هاوژینێکی گونجاو بکەوە.

**ترس و تۆقاندن:**

لە هەر وڵاتێکدا کە ترس و تۆقاندن و چاو ســوورکردنەوە بوو بە دیاردە، شــتێک نامێنێ بە ناوی متمانە.

**خۆگۆڕین:**

ئەوکاتە دڵت بە ژیان خۆشبێت، کە بڕیاری خۆگۆڕینت دابێت.

**بێدەنگی:**

لە یاریگایەکدا کە خۆت تیایدا ناوبژیوان نیت، باشــترە، کە تەماشــاچییەکی بێدەنگ بیت.

**گرنگ نییە:**

گرنگ نییە کە تۆ چی دەزانی، ئەوە گرنگە، کە تۆ کێی؟

گرنگ نییە کە تۆ باسی چی دەکەی؟

ئەوە گرنگە کە خۆت، تا چەند ئیشی پێدەکەی؟

**لە بیر مەکە:**

کاتێک کەســێک قســەت بۆ دەکات، گوێی بۆ ڕادێرە، تا مەبەســتی خۆی دەگەیەنێت. ئەگەرنا، نە تۆ لەو تێدەگەی، نە ئەویش لە تۆ تێدەگات.

**ناسین:**

بۆ ئەوەی باشتر لە خۆت، تۆ بناسم، تەنیا ناوی هاوڕێکانتم پێ بڵێ.

**گەشبینی:**

ئومێد، هەمیشە مرۆڤ بەرەو بەرزایی دەبات. کەوابوو، پێویستە گەشبین بیت.

**ژیان:**

ئەگەر ژیان بە ئاسانی بگری، هەرگیز بێزار نابی.

**دەرکەوتن:**

مرۆڤ، وەک پەرداخی شوشە وایە، چی لەناودا بێت. هەر ئەوە دەردەکەوێت.

**دەروونی خەمناک:**

دەروونی خەمناک، دەتکوژێت، بە پەلەتر لە میکرۆبەکان. (لە ئینگلیزییەوە)

**گومان:**

ناخۆشترین شت لە ژیانی مرۆڤ دا، درووستبوونی گومانە لەسەر ئەو کەسانە، کە جێی متمانەن. کە بەداخەوە، بەهۆی پاراستنی بەشێک لە بەرژەوەندییەکانیان، ئەو بەهرە خوداییە، لەدەست دەدەن!

**بیرکردنەوە:**

ئەگەر دەتەوێت جوان بیر بکەیەوە، بیر لە شتێک مەکەوە، کە پەیوەندی بە تۆوە نییە.

**کێشەی گەورەی مرۆڤ:**

کێشەی گەورەی ئێمەی مرۆڤ، ئەوەیە: هەرکاتێک کەمترین بوون، یان دەسەڵاتمان بەخۆمانەوە بینی، بێ ئەوەی بیر لە چاودێری ڕاستەقینە بکەینەوە، بیر لە چەوساندنەوە و نانبڕین و دەستگرتن بەسەر ماڵی خەڵکدا، دەکەینەوە! کە زۆری پێناچێت، دەبێتە هۆی داڕمان و، دواتریش، پەشیمانی دادمان نادات!

**جوانترین گوڵ:**

جوانترین گوڵ لە ژیانی پیاوان دا، ڕووخۆشیی و بزەی سەر لێوی ژنە.

**هەرچی دەتەوێت:**

هەرچی دەتەوێت بیکە، بەڵام درۆ مەکە و خۆت بێنرخ مەکە.

**گەورە بوون و بچووک بوونەوە:**

کەسە بچووکەکان، بە نزیک بوونەوە لە کەسە گەورەکان، گەورە نابن. بەڵام... کەسە گەورەکان، بە نزیک بوونەوە لە کەسە بچووکەکان، بچووک دەبنەوە.

**زۆر بلێ:**

کات زۆر لەوە بەنرخترە کە لەگەڵ کەسانی زۆر بلێ و بێسوود دا، بەفیڕۆ بدرێت.

**لەدەستدان:**

ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆت ڕێکدەکەوێت، دەرفەتێکی خوداییە و هەرگیز لەدەستی مەدە. چونکە بەیانی، ئەگەر پەشیمانیش ببیتەوە، جگە لە ئازاری دڵ و خەمی بەردەوام، هیچ سوودێکی دیکەی نابێ.

**مرۆڤ و پەڕتووک:**

مرۆڤەکان، وەک پەڕتووک وان، بەخوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک، لێیان تێناگەی.

**چوارچێوەی بیرکردنەوە:**

کێشەی ئێمەی مرۆڤەکان، لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ئەوەیە کە زۆر جار بەبێ بیرکردنەوە، دەم دەکەینەوە و لە چوارچێوەی توانای خۆمان دەردەچین. هەر ئەوەشە کە ڕۆژانە، تووشی هەڵەی زۆر دەبین و دەکەوینە ژێر ڕەخنەی خەڵک.

**هەناسەی ستەم لێکراوان:**

هەناسەی ستەم لێکراوان، هاوشێوەی بورکانە. هەرکاتێک بتەقێتەوە، تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ.ئەرکی سەرەکی چییە؟

تەواو بوون و بێهەڵەیی، بەس نییە بۆ جیاوازیی و جیابوونەوە لە خەڵکی تر. بەڵکوو تێکەڵ بوون و سوود ورگرتن و سوود گەیاندن، ئەرکی سەرەکی مرۆڤی ڕاستەقینەیە.

**تێگەیشتن:**

هیچ کەسێک ناتوانیت لە هەستی تۆ تێبگات، مەگەر ئەویش بە هەمان شێوەی تۆ، گرفتار بووبێت. (لە ئینگلیزییەوە)

**ژیان:**

خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان، پەیوەندی بە لێکدانەوەی خۆمانەوەیە ژیان، چۆن بیری لێبکرێتەوە، ئاوا دەردەچێت. ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیان، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە ئاڵۆزەکانی خۆمانە.

**ئاگری فیتنە!**

کاتێک ئاگری فیتنە دەکرێتەوە. هەموو شتێک بەیەکەوە دەسووتێ!

**بەڵێن دان:**

بەڵێنم داوە، هەرشـــتێک بیکەم، بە قەناعەتەوە و بەبێ دوو دڵی بیکەم. وە هەر شتیکیش کە نەیکەم، بە هەمان شێوە، فێڵ لە ویژدانی خۆم نەکەم و بە ڕاشکاوی، دەڵێم: نایکەم.

**دوو شت هەرگیز لەبیر مەکە:**

یەکەم: کەســـێک کە چاکەت لەگەڵدا دەکات. بەڵام.. لە بەرانبەردا، تۆ ئەگەر چاکەش نەکەی، لانیکەم، خراپە مەکە.

دووەم: کەسێک کە خراپەت لەگەڵدا دەکات. بەڵام... تۆ هەرگیز بیر لە خراپە مەکەوە و بە چاکە، وەڵامی بدەوە. بۆ ئەوەی وانە و چێژی چاکەکردن، لە تۆوە فیر بێت.

**پەیوەندی پتەو:**

ئینتیما و هاوڕێیەتی گیانی بەگیانی، ئەو کاتە بەدی دێت، کە هیچ بەرژەوەندییەک لە نێواندا نەبێت، لە یەکتر تێگەیشـــتن هەبێ، متمانە هەبێ، ڕێز هەبێ، ســـنوور هەبێ، نییەت پاکی هەبێ.

**خۆراوا بوون:**

خەم لە خۆراوا بوون مەخۆ. چونکە کۆتایی ژیان نییە و بەیانیەکی تر بەڕێوەیە.

**سەیرکردنی ژیان:**

ئەگەر بە گەشـــبینییەوە ســـەیری ژیان نەکەی، چەندە بەرز بیت و بەرز بڕوانی، لە کۆتاییدا، بەرەو هەڵدێر دەچیت و هەرگیز جێگەی خۆت ناگریەوە.

**ئاوی ژیان:**

هەور ئەگەر ئاوی ژیانیش ببارێنێ، تۆ هەرگیز لە لق و پۆپی داریی بی، بەر ناخۆی. (سەعدی)

**فێربوون:**

ئێمە لەهەر کەســـێک کە تێپەڕ دەبێ لە ژیانماندا، شـــتێک فێر دەبین... بەشـــێک لە وانەکان، بەئازارن، بەشێکی دیکەیان، بێئازار... (لە ئینگلیزییەوە)

**ناڕوون:**

هەر نەتەوەیەک، کە شـــانازی تەنیا بە ڕابردوویەوە بکات و لە ڕابردووشـــدا، هیچی نەکردبێ بۆ ئێستای، دوور نییە داهاتووشی، هەر ناڕوون بێ!

**پلەوپایە و سامان:**

پلەوپایە و سەروەت و سامان، وەک چوونە سەر داری سنۆبەر وایە. پێی دەگەی، بەڵام... تا چەند دەمێنیتەوە؟!

**هیوابڕاو:**

هەرکاتێک بۆ ماوەیەک ڕۆژگار ڕووی لێوەرگێڕای، کاتێک کە بەهەر هۆیەک، کەوتییە ژێر پەلاماری نەیاران، هەرکاتێک لە پێناو هەر شتێکدا بوو، هەوڵی شکاندنت درا، کاتێک کە هەژاری ڕووی تێکردی و دۆخی ژیانت تێکچوو، هەرکاتێک بە نەزانی لە خەڵکێک نزیک بوویەوە و زیانێکت پێگەیشت، هەرکاتێک خۆشەویست ترین کەسـت لەدەست چوو، یان لێت دابڕا، هەرکاتێک بێوەفایی، یان وتەیەکی نەشیاوت لەکەسێک بیست، لە هەموو ئەو کاتانەدا، تۆ هیوابڕاو مەبە. چونکە تا ژیان بەردەوام بێت، خۆشی و ناخۆشیش، هەر بەردەوام دەبن. کەوابوو، کەسێک بە، کە خۆت دەتهەوێت، نەک کەسێک، کە چۆن درووستت کەن؟!

**داوی مەرگ:**

لەکاتێکدا کە داوی مەرگ بۆ هەموومان دانراوەتەوە و ئێمەش وەک نابینا، بەسەریدا تێپەڕ دەبین، بەڵام تا دێت زیاتر دڵ بە بوونمان خۆشدەکەین و بیریش لە ڕۆیشتن ناکەینەوە!

**عەشق و ئازار:**

عەشق، ئازارێکە، کە مرۆڤ چێژی لێوەردەگرێت! عەشقی پاک و ڕاستەقینە، مرۆڤ بەرەو لوتکەی هەرە بەرز دەبات. عەشـق، بەهێزترین هەستە، کە توانا و متمانە بەخۆبوون، دەبەخشێت بە مرۆڤ...

**فێڵ و تەڵەکە:**

هیچ فێڵ و تەڵەکەیەک، گەورەتر لە بەڵێن نییە، کە دەدرێت و جێبەجێ ناکرێت. (لە ئینگلیزییەوە)

**کەس و ناکەس:**

نە هەموو ناکەسێک کەسە، نە هەموو کەسێک ناکەسە.

**خۆپاراستن:**

چۆن خۆت لە هەورەبروسکە دەپارێزی، ئاواش خۆت لە درۆزن و درۆزان بپارێزە. چونکە جگە لە دڵەڕاوکێ و دوو دڵی، چاوەڕێی هیچ شتێک ناکەی.

**ڕق لێبوونەوە:**

بە هۆی سیاسەتی هەڵەی دەسەلات، نابێت ڕقمان لە هیچ نەتەوەیەک بێتەوە.

**هاوڕێی بە وەفا:**

هاوڕێی بە وەفا وەک گوڵ فرۆشە

کە لێشی نەکڕی بۆنی هەر خۆشە (وتەی ناوداران)

**باوەڕ بوون:**

باوەڕ بوون بەهەر شـــتێک، تا ئەوکاتە پیرۆزە، کە لە چوارچێوەی مرۆڤ بووندا بێت. هەرشتێک کە لەو چوارچێوەیە دەرچوو، زیان بە ناو و پێگەی مرۆڤ، دەگات.

**شێوەی ڕاستەقینە:**

شێوەی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان، تەنیا لە ناخیاندا دەردەکەوێت.

**ئاشکرا بوون:**

ئەوەی کە مرۆڤ، بە دزیەوە دەیکات، جگە لە چاکە، زۆری پێناچێت ئاشـکرا دەبێت. چونکە هیچ پەردەیەک نییە، لە نێوان خوا و مرۆڤ دا.

**کەم و پوخت، نەک زۆر و بۆر:**

خۆزگە تەمەنی مرۆڤ، لە بری ئەوەی حەفتا بۆ سەد ساڵ بێت، چل بۆ پەنجا ساڵ دەبوو. بۆ ئەوەی بەجوانی سوودی لێوەرگیرابایە و ئەو ڕێز و گرنگیەی کە لەلایەن خوای گەورە وە پێی دراوە، بە بێهودە لەدەســـت نەچووبایە و زیاد لە پێویســـت، سوودیی لێوەرگیرابایە. نەک بێسوود و تەنیا، زۆر و بۆر بوایە.

**خەم:**

خەم، چ بتخوات، یان بیخۆی، هەر ئازارە. باشـترین ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لەو ئازارە، ئەوەیە کە، لەبیر بکرێت.

**مرۆڤ و تەمەن:**

نرخی مرۆڤ، لە زۆر ژیان و ژمارەی ساڵەکاندا نییە، بەڵکوو لە سوود بەخشین و سوود وەرگرتن و وەک خەڵک ژیان دایە.

**هەستەکان:**

مەرج نییە هەر شتێک کە بۆ تۆ گرنگ بێت، بۆ هەموو کەسێک وابێت. بۆیە چاوڕێی هەموو شتێک لە هەموو کەسێک مەکە. چونکە هەستەکان، زۆر جیاوازن.

**بوون:**

هەرکاتێک پێتوابێت، بوونی خۆت لەلای کەسێک دەدۆزیتەوە کە بەهیچ شێوەیەک بوونی تۆی لەلا گرنگ نییە، تۆ! جگە لە کەسێکی ڕووخاوو داماو، هیچی تر نیت.

**جەستەی بێ گیان:**

ژووری بێ پەڕتووک، وەک جەستەی بی گیان وایە. (لە ئینگلیزییەوە)

**بچووک بوونەوە:**

ئەگەر وەفات بۆ وەفادارەکانت نەبێ، چەندە گەورەبی، هەر بچووکتر دەبیەوە.

**ناخ:**

ناخی پاک، ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە و لە ڕوخساری مرۆڤەکاندا، دەردەکەوێت.

**جیاوازیی زانا و نەزان:**

زاناکان، شتێک نالێن: کە نەیزانن. نەزانەکان، هیچ نالێن. یان باس لە شتێک دەکەن، کە هیچی لێنازانن!

**ڕەخنەگرتن:**

هەروەک لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن، دەبێتە هۆی چالاک بوونی مێشک و وشیاری، بێدەنگی و پەسەندکردنی بەردەوامیش، دەبێتە هۆی وەستانی زانست و بەرەو دوا گەڕانەوەی کۆمەڵگە.

**گوێ پێدان:**

هەرگیز بۆ گوێ پێدانت لەلایەن کەسێکەوە، مەپاڕێوە.

هەرگیز بە هەموو کەسێک، متمانە مەکە.

هەرگیز پشت بە هەموو کەسێک مەبەستە.

**دایک، یانی:**

دایک:

دایک، یانی ژیان.

دایک، یانی دنیا.

دایک، یانی عیشق.

دایک، یانی میهر و وەفا.

دایک یانی فریشـــتەیەک، کە بەبینینی فرمێســـکەکانت، فرمێســـک دەڕێژێت و بە پێکەنینەکانت، پێدەکەنێت.
دایک، یانی بە بینینی تۆ، یان هەر بزەیەکی تۆ، دەژیەت.
دایک، یانی ئەو فریشـتەیەی کە مووەکانی سـپی دەبن بۆ گەورەکردنت و پێت دەڵێ: پیر بی و دەرد و بەڵات لە گیانم.
دایک یانی ئەو فریشـــتەیەی کە شـــەوانە خەمێکت دەبێ، یان نەخۆش دەکەوی، تا بەیانی بە دیارتەوە دادەنیشێ و خەمبارە.
دایک، یانی ئەو فریشـــتەیەی کە کار دەکەی و دەڵێی: ماندووم، لەگەڵ ئەوەشـــدا کە خۆی قاچەکانی دێشن، پێت دەڵێ: تۆ دانیشە و من دەیکەم!
دایک، یانی ئەو فریشـــــتەیەی کە هیچ کاتێک باوەڕ ناکەی کە نەخۆش بێ، یان پیر بێت. چونکە هەمیشە و لە هەموو حاڵەتێکدا، بە ڕووتەوە پێدەکەنێت.
دایک، یانی ئەو فریشتەیەی کە هیچ کاتێک توانای بینینی فرمێسکەکانیت نییە.
دایک، یانی تەواوی ژیان... (لە فارسییەوە)

**وتەکان:**

هەر وەک چۆن کە پەڕتووک، لەدوای هەر لاپەڕەیەک، لاپەڕەیەکی تری بەدوادا دێت، بە هەمان شێوە، هەر وتەیەکیش کە دەنووسرێ، چیرۆکێکی لەدواوە هەیە.

**ئەرک و ماف:**

کە لەدەسـتت هات و چاکەیەکت کرد، منەت مەکە. وابزانە قەرزێکت لەسـەر بووە و لە کاتی خۆیدا، گەڕاندووتە وە.
هەروەها، کە بابەتێکت بەدڵدا دێت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی دەکەیەوە، زۆر چاوەڕێی لایک و دەستخۆشی مەکە. چونکە تۆ ئەرکی خۆت بەجێ گەیاندووە.

**بیرکردنەوەی زۆر:**

بیرکردنەوەی زۆر، لە ئەوانەی کە لەناو ژیانتدا نەماون، هاوشـێوەی خواردنێکە، کە ماوەکەی بەسەرچوو بێت، بەڵام بەردەوام هەر بخورێت!

**دوو بیرکردنەوەی جیاواز:**

بیرێک لای ئاشتی و پێکەوە ژیانە،
بیرێک بێباکی و تەنیا هەر ژیانە!

**مرۆڤایەتی:**

مەشـــخەڵی مرۆڤایەتی، هاوکاری و هاوخەمییە. دڵســۆزی و وەفادارییە. ڕێزگرتن و قەدرزانینە.

**بینین:**

گەر چاوی بەهێزی تۆ، من نەبینێت، چاوی بێهێزی من، چۆن تۆ دەبینێت؟!

**ویژدان:**

هەر بیروباوەڕێک، کە ویژدانی لێ داماڵرا، وازی لێبێنە.

**دوور بین بە:**

دوور بین بە، بۆ ئەوەی تووشـــــی هەڵەکانی ژیان نەبی و لە بەناو نزیکەکانتەوە، زیانی زۆرت پێنەگات.

**خەم مەخۆ:**

هیچ خەمێک مەکە بەهۆی تووانەوەی دڵ و مێشـــکت. چونکە جگە لە مەرگ، هیچ شتێک کۆتایی ژیان نییە. ئەویش چونکە هەر بۆتۆ نییە، خەم لە ئەویش مەخۆ.

**سەرنجڕاکێش:**

تۆ ئەگەر هەوڵدەی، هەمیشـە کەسێکی ئاسـایی و نۆرماڵ بی، هەرگیز هەسـت بەوە ناکەی، کە چەندە، کەسێکی سەرنجڕاکێشی!

مەبەست ئەوەیە، مرۆڤ، کە خۆی لە کۆمەڵگە جیا کردەوە، ناشیرین دەردەچێت.

**چاکەکانی خەڵک:**

بۆ ئەوەی چاکەکانی خەڵک ببینی، چاو و دڵ و مێشـــکت وەگەڕخە. ئەگەر بەدوای عەیب و کەموکوڕیەکانی خەڵکیشدا دەگەڕێی، واباشـە پێشـتر، ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆت بدەیەوە.

**چیرۆک و ڕووداوەکانی ڕۆژانە:**

ژیـــان بریتییە لە چیرۆک و ڕووداوی جۆراوجۆری ڕۆژانە کە هەر چیرۆکێـک ســـەرەداوێکە بۆ کۆکردنەوەی چەندین زانیاری. هەر زانیاریەکیش، دەســـتپێکی چەنـدین بڵاوکراوەی جۆراوجۆرە. هەر بڵاوکراوەیەکیش، بنـاغەیەکی تۆکمە و دامەزراوە، بۆ چەنددین پەڕتووک و پەڕتووکێکی بەسوود.

بۆ ئەو مەبەســـتە، چاوێک بە ئەزموون و ژیاندا بگێڕە. ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت، کە لە پشـت هەر وتەیەکی کوورت و بچووکدا، چیرۆکێک هەیە. لە هەر چیرۆکێکیش

دا، بێگومان چەندین خۆشی و ناخۆشی هەیە. کە هەر یەکێکیش لەو خۆشی و ناخۆشییانە، بووە بە وانەیەکی بە سوود بۆ دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکانی ڕۆژانە.

**پێوەدان:**

از آن مار بر پایی راعی زند
که ترسد سرش را بکوبد به سنگ. (سەعدی)
بۆیە مار بە پێی شوان-ەوە دەدات
دەترسێت بە بەرد لەسەری بدات

**بەئاسوودەیی ژیان:**

بۆ ئەوەی بەئاسوودەیی بژین، پێویستە ڕابردوو لەبیر کەین.

**خەم لە ڕابردوو:**

ئەوانەی کە بەردەوام خەم لە ڕابردوو دەخۆن، چێژ لە ژیانی ئەمڕۆ وەرناگرن و چارەنووسی داهاتووشیان نادیارە.

**پشتگوێ خستن:**

پشتگوی خستنی تاکەکان، شێواندنی شیرازەی کۆمەڵگەیە.

**فێربوون:**

مرۆڤ، ئەوەندەی کە بە ئازاردان و وتەی نەشیاو، شت فێر دەبێ و ئەزموون بەدەست دێنێ، هەرگیز، بە بزەی سەر لێوو قسەی باق و بریق، بەهرەمەند نابێت.

**پەشیمانی:**

بە جۆرێک بمرە، کە لە بوونت پەشیمان نەبی.

**دەبەنگ:**

مەرج نییە هەر شتێک کە بەدڵی من نەکرێت، هۆی دەبەنگی بەرانبەرەکەم بێت!

**ترسان:**

مەترسە لەو کەسەی، کە بەرەو ڕووت دێت و دەیەوێت گیانت لێ بستێنێ. بەڵام... بترسە لەو کەسەی، کە لێت نزیکە و هەوڵ دەدات، کەسایەتیت بشێوێنێت.

**مردن:**

هیچ کەس بۆ هەمیشە نامرێت. مەگەر ئەو کەسانە، کە بەزیندوویی، هەست و ڕۆحیان مردووە.

**هەڵەی گەورە:**

کاتێک بە ئاشـــکرا تاوانێک، ســـتەمێکی نابەجێ، یان هەڵەیەک دەکەی، هەموو کەس دەتبینێ و ناوت دەزڕێ! بەڵام، کە لەناو دڵی خۆتدا، بیر لە هەر شـــتێکی ناڕەوا بکەیەوە، ئەوەی کە دەیبینێ و هەستی پێدەکات، خوایە. بەڵام تا چەند جارێک، بۆت دەپۆشێ. کە بەردەوامیش بووی، بۆ هەمیشە ڕیسوات دەکات.

**وریا بوون:**

مرۆڤ پێویستە لە سێ شت وریا بێت:

یەکەم: بیرکردنەوە،

دووەم: بڕیاردان،

سێیەم: کردار.

**خوێندنەوەی نامەکان:**

مەرج نییە ئەوەی لە نامەدا دەنووسرێ، بەدەم بوترێ.

مەرجیش نییە ئەوەی بە دەم دەوترێ، ڕەنگدانەوەی دڵ بێ!

نامەی زۆرم خوێندنەوە، دڵیان بردم. دواتر وتەی زۆرم بیست، جەرگیان بڕیم!

لەو سێ شتانە نزیک مەبەوە:

یەکەم: لە پێشەوە، لە گا،

دووەم: لەدواوە، لە ئەسپ،

سێیەم: لە هیچ لاوە، لە خەڵکی بێوەفا. (وتەی ناوداران)

**هاوشێوە:**

هاوشێوەی خۆربە، هەرگیز بێ وزە مەبە و لە ڕووناکیت کەم مەکەوە.

**بیرکردنەوەی جوان:**

بیرکردنەوەی جوان، خوێندنەوەی جوان، مرۆڤ، لە جوانەوە بەرەو جوانتر دەبات.

**ئەگەر نەتوانی:**

ئەگەر نەتوانی، زانست بکەی بە چرای تاریکی ڕۆژگاری ژیانت، ئەگەر نەتوانی پارە و سامان، بکەی بە خۆشی و ئاسوودەیی بۆ ژیانت، ئەگەر نەتوانی دەسەڵات بکەی بە لوتکەی ڕوو سووری و مانەوەی پێگە و ئارامی ڕۆح و ویژدانت، باشتر وایە تۆ هەر نەبی. نەک بۆ هەمیشە، وردوخاش بی و ناشیرین بێت ناو و نیشانت.

**وانەیەکی بەسوود لە درختەکانەوە:**

درختەکان فێریان کردم، کە پابەندبوونی هەر کەسێک، بە ئەندازەی ڕەگ و ڕیشەی خۆیەتی. (لە فارسییەوە)

**چاوەکانت داخە:**

چاوەکانت داخە و بیر لە هەموو ئەو شـــتانە بکەوە کە لەڕابردوودا کردووتە و ویژدانتیان ئاسوودە کردووە. دواتر کە چاوەکانت کردەوە، هەست دەکەی، کە ژیان، زۆر لەوە جوانترە کە بیرت لێی دەکردەوە. چونکە مرۆڤ، ئەوکاتە چێژ لە ژیـان وەردەگرێت، کە ڕابردووی جوانە و ویژدانێکی ئاسوودەی هەیە.

**ئەزموون و ژیان:**

ئەگەر زیانێکی مادیت لێکەوت، خەمبار مەبە و بیری لێمەکەوە. چونکە لە بەرانبەر ئەو زیانەدا، پاداشـــتێکی گەورەترت بەدەســـت هێناوە. ئەویش، ئەزموونە. کە، لە هەڵەی گەورەتر دەتپارێزێت.

**مرۆڤبوون:**

کاتێک دەتوانین مرۆڤ بوونی خۆمان بســـەلمێنین، کە کردار و وتار و ڕەفتارمان، وەک یەک بن.

**وتەی زانایەک:**

خێر لە ئۆمەتێکدا نییە کە شمشێر لەدەستی ترسنۆکەکانیدابێت. سامان، لەدەستی دزەکانیدا بێت. قەڵەم لەدەستی دوو ڕوەکانیدابێت. (وتەی ناوداران)

**نرخی کات بزانە:**

کات زۆر بەنرخە. وریابە و بە ئاسانی، لەدەستی مەدە.

**زمان:**

مادام کە زمان، پێنووسی دڵ بێ، باشتر وایە، چ شتێک زۆر باشە، ئەوە بنووسرێ.

**نییەتپاکی:**

نییەتپاکی و ڕووخۆشـــیی مرۆڤەکان، هاوشـــێوەی تیشـــکی خۆرە. ناو دڵی بەرانبەرەکان، ڕووناک دەکاتەوە.

**ژیان:**

ژیان، هاوشێوەی وەرزی پایزە. بەردەوام گەڵاکانی تەمەن، دەوەرێنێ.

**پەیوەندی ڕاستەقینە:**

هۆکاری درووستبوونی پەیوەندی ڕاستەقینە، خۆشەویستییە.

هۆکاری خۆشــەویســتیش، لە یەکتر تێگەیشــتنە. هۆکاری لە یەکتر تێگەیشــتنیش، متمانەیە. باشـــترین ڕێگەی درووســـتبوونی متمانەش، لە یەکتر نزیک بوونەوەیە. هەموو ئەوانە، پەیوەستن بەیەکەوە.

**داواکاری:**

مرۆڤ، تا ئەوکاتە پاک و بێگەرد و خۆشـــەویســـتە، کە ملکەچی هیچ داواکارییەک نابێەوە.

**وشە:**

یەک تاکە وشـــە، چ بە دەربڕین، چ بە نووســـین، جیهانت بۆ دەڕازێنێتەوە. هەر وشەش، ژیانت لە پێش چاو ناشیرین دەکات.

**نزیک بوونەوە:**

بەبێ دووان و گفتوگۆ، پەیوەندی بە دی نایە. بەبێ ڕێزگرتن، خۆشـــەویســـتی، بێمانایە. بەبێ بوونی متمانە، هۆیەک نییە بۆ مانەوە. (لە ئینگلیزییەوە)

**سووتان:**

هەر وەک چۆن ئاگر، سـرووشـت دەسـووتێنێ، خەمیش ئاوا دەروون دەسـووتێنێ. بەڵام چونکە دووکەڵی نییە، هەستی پێناکرێت!

**نەتوانین:**

کەســێک نەتوانێت لە ژەمێک خواردن کەمکاتەوە، بۆ ئەوەی برســـییەک تێر بکات، هەرگیز بۆ ئەوە نابێت، کە بڵێت: من مرۆڤم...

**خەم مەخۆ:**

خەم مەخۆ لەو زیانە کە لێت کەوتووە دڵخۆشبە بەو ئەزموونە دەستت کەوتووە.

**بڕیاردان:**

بەبێ بیرکردنەوە و تێگەیشتن، هەرگیز بڕیار مەدە.

**سێ شت، بەبێ سێ شت، بوونیان نییە:**

یەکەم: ئیمان بەبێ حەیا، حەیا بەبێ ئیمان.

دووەم: یاسا بەبێ ڕێزگرتن، ڕێزگرتن بەبێ یاسا.

جورئەت بەبێ بەڵێن، بەڵێن بەبێ جورئەت. (وتەی ناوداران)

**بەردەوامی:**

ئەو کەســـانە جوانن، کە لەدرەوەی بەرژەوەنـدی، لوتفیـان بۆ یەکتر هەیە و خۆشەویستییان بەردەوامە.

**نیشتمان:**

نیشتمان؛ هاو شێوەی گوڵستانێکی ڕازاوەیە. بەڵام زۆر جار، بەهۆی نادادپەروەری، ستەمکاری و چاوپۆشیکردن، دەبیتە وێرانستان و دەشێوێت.

**جیاوازییەکان:**

گەرچی جوانی و سوودەکانی خۆر، بە هیچ شتێک بەراورد ناکرێت، بەڵام، کە زۆر دەرکەوێت، ئاسوودەیی کەمدەکاتەوە.

هەر بۆیە خوای گەورە، لە بەرانبەر هەر شتێکدا، پێچەوانەکەی داناوە. هەروەک جیاوازیی وەرزەکان، دیاریکردنی شەو و ڕۆژ، جیاکردنەوەی کات و ساتەکان، جیاوازیی ڕەنگەکان، سرووشت و دیمەنە جوانەکان، ڕاو بۆچوونەکانی مرۆڤ، چاک و خراپ، بەهێزیی و لاوازیی، جوان و ناشیرین، دەوڵەمەندیی و هەژاریی، تام و چێژە جۆراوجۆرەکان و زۆر شتی تریش...

**بێخەمی:**

ئەگەر ئامادەنیت فرمێسک بۆ هیچ کەسێک بڕێژی، چاوەڕێی ئەوەش مەکە، کە هیچ کەسێک خەمت بۆ بخوات و فرمێسکت بۆ بڕێژێت.

**پاراستنی کەسایەتی:**

ئەگەر کەسێک لێت بپرسێت و بڵێ: کەسایەتیت بشێوێنم، یان کۆتایی بە ژیانت بێنم؟ کامیان هەڵدەبژێری؟ بێگومان، دووەمیان هەڵدەبژێری. چونکە مردن، هەر یەک جارە و بەس... بەڵام خەمی لەدەستدانی کەسایەتی، مەرگێکە، لە هەموو چرکە ساتێکدا، دووبارە دەبێتەوە. کەوابوو با وریای پاراستنی کەسایەتی خۆمان بین...

**کێشەی مرۆڤ:**

کێ لە هەموو کەسێک بەتواناترە، بۆشاییەک لە عەقڵیدا هەر هەیە. هەر ئەو بۆشاییەشە کە زۆر جار، دبێتە کێشە بۆ خۆی و بۆ خەڵکیش!

**ئاوڕدانەوە:**

هەر وەک چۆن لەکاتی ڕێکردندا، سەیری پێش خۆمان دەکەین بۆ ئەوەی نەکەوین، پێویستە ئاوڕ لەدوای خۆشمان بدەینەوە تا دڵنیا بین لەوە، کە هیچ هەڵەیەکمان نەکردووە؟

**ڕاستی و درۆ:**

ڕاستی، چەندە تاڵ بێ، کۆتاییەکەی هەر شیرینە و ئەنجامەکەی سەربەرزییە. درۆش، چەندە شیرین بێ، کۆتاییەکەی هەر تاڵە و ئەنجامەکەی سەرشۆڕییە.

**بزر بوون:**

هەرکەسێک لە هاوبیر و هاوئامانجەکانی خۆی، دوور کەوێتەوە، بزر دەبێ.

**بێهەست:**

مرۆڤی بێهەست وەک مردوو وایە
هەرچی ڕوو بدات ئەو بێ ئاگایە
بۆ ئەو گریان و پێکەنین یەکە
چونکە بۆ بێهەست ژیان بێمانایە

**وشە:**

تاڵترین و شیرینترین شت، کە لەدەمی مرۆڤەوە دەردەچێت، وشەیە.

**ژیان کاتییە:**

ئەمڕۆ یان سبەی، دەبی هەر بڕۆین. بەڵام، ناخۆشترین شت ئەوەیە، کە ڕۆیشتین، ئازاری برینەکانی زمانمان، کەم نەبووبێتەوە و برینەکان، سارێژ نەبووبنەوە.

**درۆی شیرین:**

درۆ تا شیرینتر بێ، زیانیشی زۆر ترە.

**بیرۆکەی ستەم:**

هەر کاتێک تەمومژی بیرۆکەی ستەم، مێشک و دڵی داگیر کردی، دڵنیابە زۆری پێناچێت، کە دوکەڵی ئاگری بەتینی هەناسەی ستەم لێکراوان، دەتخنکێنێ.

**تێکەڵ بوون:**

تێکەڵ بە ڕووداوێک مەبە، کە هیچ کاریگەریت لەسەری نییە.

**چوارچێوەی مرۆڤ بوون:**

هەرکاتێک ژیان کە لە چوارچێوەی مرۆڤ بوون دەرچوو، هەروەها کە ویژدان کەوتە ژێر هەڕەشە و مەترسی لە ناوچوونی لێکرا، ناوەرۆکی خۆی لەدەست دەدات.

**لە یەکتر تێگەیشتن:**

ئەوکاتە مرۆڤەکان هەست بە خۆشەویستی یەکتر دەکەن، کە لە یەکتر تێبگەن. مەرج نییە هەرکەسێک کە هاوزمان بوو، لە یەکتر تێبگات! تێگەیشتن، تێگەیشتنی ناخە، نەک هەر زمان.

**پێنەزانین:**
نە درۆ، نە تۆمەت، نە هیچ شـــتێکی تر، بە ئەندازەی ســـپڵەیی و پێنەزانین، مرۆڤ خەمبار ناکات. (لە فارسییەوە)
**کاتی ڕێکردن:**
لەکاتی ڕۆیشتندا، لە دوو شت، زۆر وریابە:
یەکەم: سەرت بەرەو ئاسمان، بەرز مەکەوە.
دووەم: هەر سەیری شوێن پێی خۆت مەکە.
لە هەردووک حاڵەتدا، تۆ! لە کەوتن و زیان پێگەیشـــتن، نزیکی. بۆیە باشـــتر وایە، دوور ببینی و دوور سەیرکەی.
**پێشهاتەکان:**
کێشەی گەورەی بەشێک لە ئێمە، لەوەدایە کە، ئەمڕۆ، بڕیار لەسەر شتێک دەدەین، بێ ئەوەی بیر لە پێشهاتەکانی بەیانی بکەینەوە...!
**ئاماژەکردن:**
نووســـینی هەر بابەتێک، کە ئاماژە بە ســـەرچاوەکەی دەکرێت، چەند خاڵێک لە خۆ **دەگرێت:**
یەکەم: لەبەرچاوگرتنی ماف.
دووەم: دڵسۆزی و وەفاداری.
سێیەم: ناوەرۆکی بابەتەکە.
چوارەم: کەسانی دیکەش پێشتر ئەو نووسینەیان بینیوە.
هەر بۆیە ئەگەر ئاماژەی پێبکریت، ســـەنگ و قورســـایی کەســـەکە، زیاتر دەکات و جوانی زیاتریش بە بابەتەکە دەبەخشێت.
**بۆشایی:**
مەهێڵە هەرگیز، بۆشایی لە ژیانتدا درووست بێت. هەمیشە هەوڵدە، شوێنی کەسانی هەلپەرست، بە کەسانی چاک و دڵسۆز، پڕ بکەیەوە. هەوڵدە شوێنی کەسە بێهەست و، ئەوانەیش کە تەنیا لە خۆشـــییەکاندا تۆیان دەناســـی، بە بێگانەیەکی دڵســـۆز و بە ویژدان، پڕ بکەیەوە
**بێهەڵوێست:**
لەتەنیاییدا مردن، خۆشترە لە نزیکبوونەوە، لە کەسانی ڕاڕا و بێهەڵوێست.

**ژن و تایبەتمەندی:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ژن، ئەوەیە: کە دەتوانێت لاوازترین پیاو، بکات بە بەهێزترین پیاو. هەروەها دەشـــتوانێت، بەهێزترین پیاو، بکاتە لاوازترین کەس...! بۆیە وتراوە: لەپشت هەر پیاوێکی بەهێزدا، ژنێکی بەهێز هەیە.

**مێژووی سەروەریی:**

مێژووی سەروەری، تاجێکی زێڕینە. ناچێتە سەر سەری هەموو کەسێک. ملوانکەی سەربەرزیە. بە بەرۆکی هەموو کەسێکدا، هەڵناوەسرێت. ڕازێکی شاراوەی خودایی‌یە. لە ناوچاوانی هەموو کەسێکدا، دەرناکەوێت.

**ئەزموون:**

بۆ ئەوەی ئەزموون بەدەســت بێنی، پێویســتە باج بدەی. ئینجا ئەو باجە، یان دەبێ پارە و سامان بێت، کە لەدەستی بدەی، یان تەمەنی گرانبەها...

**نامۆ:**

ژیان، وەک ئاژەڵێکی نامۆیە. ئەگەر نەتوانی ڕامی بکەی، هێرشت بۆ دەکات.

**بەخەیاڵ ژیان:**

بەشــێک لەو کەســانەی کە بە خەیاڵ دەژین، وەک فودانە وان. کاتێک هەوایان تێدەکرێت، بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە. کە دەمیان کرایەوە و هەواکەیان دەرچوو، پەرش و بڵاو دەبن و ئاساریان نامێنێ.

**نێرینە و مێینە:**

نە هەموو نێرینەیەک پیاوە، نە هەموو مێینەیەکیش ژنە بەڵکوو پیاو بوون و ژن بوون، لە ناخ و زاتی مرۆڤەکاندایە.

**کاتێک تووڕە دەبیت:**

ئارامی لەدەســت مەدە. وریای زمانت بەو بزانە چۆن قســە دەکەی؟ وریای هەڵســوکەوتت بەو ژیان لە خۆت تێک نەدەی. بۆ ئەوەی ڕێگەی هەڵە نەگریتەبەر، هەوڵدە کەمێک بخەوی و پشوو بدەی.

**هێرشکردن:**

کەسێک کە وەک گورگ، هیرشت بۆ دەکات، تۆ وەک مەڕ ڕووبەڕووی مەبەوە.

**داخستن:**

مرۆڤ لەهەر پلەوپایەیەکدابێت، کە دەرگای چاکە و پیاوەتی لەخۆی داخســت، بۆ هەمیشە بە بچووکی دەمێنێتەوە.

**لەدەستچوون:**

کە پارەت بەقەرز دا بە دۆست، یان دۆستەکەت لەدەست دەچێت، یان پارەکە. (وتەی ناوداران)

**فریو خواردن:**

بە بزەی سەر لێوی دوژمن و پێشاندانی ددانەکانی، هەرگیز فریو مەخۆ.

**جیاوازیی گەورە و بچووک:**

گەورە کەسێکە، کە گەورەیە. بەڵام خۆی بە بچووک دەزانێت. بچووکیش کەسێکە، کە بچووکە. بەڵام خۆی بە گەورە دەزانێت.

**خەم لە دوو شت مەخۆ:**

یەکەم: هەر شتێک کە لەدەستت چوو، هەرگیز بیری لێمەکەوە. دووەم: هەر شتێک کە لەتوانای کەسدا نەبوو، چاوەڕێی مەکە.

**ئەزموون:**

ئەگەر نەتوانین لە بچووکترین شتدا، ئەزموون بەدەست بێنین، بێگومان لە گەورەترین شتیشدا، هەر ناتوانین.

**خۆشەویستی:**

خۆشەویستی، بۆ ژیانێکی تەندرووست پێویستە. ئێمە پێمانوایە، خۆشەویستی بۆ ژیانێکی تەندرووست، وەک خواردن و خواردنەوە، زەروورە. هەر بۆیە ڕۆژانە، من خۆم ڕادێنم کە دەوروبەری خۆم، خۆشبوێت. لە (ئینگلیزییەوە)

**پەروەردە:**

ئەگەرچی لەوانەیە پەروەردە، کاریگەری زۆر نەبێت، بەڵام... بەدڵنیاییەوە ڕەسەنایەتی، بە چاک یان بە خراپ، دەوری خۆی هەر دەبینێت.

**هەموو کەسێک هەر ڕازی نابێ:**

تەنانەت ئەگەر فریشتەش بی، یەکێک پەیدا هەر دەبێ؛ کە بەدەنگی باڵەکانت، دڵخۆش نەبێت. خەم لە قسەی خەڵک مەخۆ. لە (فارسییەوە)

**چاوڕوانی:**

هەر ئەوەندە چاوەڕوان بکە کە بۆت بکرێت، کە پێشتر خۆت کردووتە...

**بەڵێن:**

تا لە ناوەرۆکی بەڵێن تێنەگەین، هەست بە بەهاو نرخی خۆمان ناکەین.

**هەڵواسراو:**

هەر شـــتێک بۆ ماوەیەکی زۆر، بە هەڵواســـراویی مایەوە، دەرئەنجام، دەکەوێتە خوارەوە.

زۆرن لەو کەســـانەی کە بە هۆی کەمتەرخەمی، لە ئامانجەکانیان دوادەکەون، یان پەیوەندییەکانیان بە هۆی نەگەیشـــتن بە ئامانجێک، ســـارد دەبێتەوە و دواتر دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە یەکتر و لە کۆتاییدا، هەموو شـتێک دێتەوە ژێر خاڵی سـفر و ئاسار و شوێنەواریی نامێنێت!

**وەستان:**

هەر هەنگاونانێکت بۆ پێشـــەوە، کە بوو بەهۆی دوور کەوتنەوەی کەســـێکی دیکە، باشتر وایە تۆ، لەشوێنی خۆت بوەستی.

**ئەگەر نەتوانین:**

ئەگەر نەتوانین وانەکانی ژیان، لە خۆمان و دەوروبەر فێر بین و پەند وەرنەگرین، نەدەتوانین سوود لە کەس وەربگرین، نە سوودیش بە هیچ کەسێک بگەیەنین.

**بە خەیاڵ ژیان:**

هۆی دواکەوتنی ژیانی مرۆڤ، هەروەها مرۆڤ، خۆشی، بە خەیاڵ ژیانە! زۆر جار، ئێمەی دڵپاک و ساویلکە، بە بزەیەکی سـەر لێو، بە قسـەیەکی خۆش، بە نوکتەیەکی بازاڕی، شـــێوەی بیرکردنەوەمان دەگۆڕیت و ڕێچکەی ژیانمان بزر دەکەین! بێ ئەوەی ئاگادار بین، خۆمـان ون دەکەین! یان زۆر جار، ئەوەندە بە زمانی پاراو قسەمان بۆ دەکرێت، کە پێمانوایە، ژیان لەسەر ئێمە تاپۆ دەکرێت! بێخەبەر لەوە، کە بەردەوام مرۆڤەکان، بۆ خۆبەرزکردنەوەیان، یەکتر دەکەن بە پەیژە و سەردەکەون! بەڵام بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بژین و بە هیچ شـــێوەیەک فێڵ لە خۆمـان نەکەین، باشتر وایە، هەر ئەوە بین کە هەین.

**هەستکردن:**

ئەوەی لە چرکە ســاتێکدا کە دڵ هەســتی پێدەکات، خێرا ترە لەو برســکەیە، کە لە زەویی دەدات.

**جوان:**

هەموو شتێک و هەموو کەسێک، جوانە. بەمەرجێک، ناشیرین نەکرێت.

**بە هەژاری مردن:**

ئەوانەی لەسەر حیسابی خەڵک خۆیان دەوڵەمەند دەکەن، بە هەژاری دەمرن. ئەگەرچی پارە، هۆی ئاسوودەیی و دڵخۆشییە، بەڵام... هۆی خەم و ناشیرین بوونیشە.

**شێوەی ڕاستەقینە:**

شێوەی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان، تەنیا لە ناخیاندا دەردەکەوێت.

**خەمی دنیا:**

خەمی هەموو دنیا لە خۆت بار مەکە. هەر ئەوەندە بکە، کە دەتوانی و لە دەستت دێ.

**بزرکردن:**

لە دیدی خۆتدا، هیچ کەسێک بزر مەکە. مەگەر ئەوانە، کە تۆیان لەبیر کردووە.

**بۆشایی یاسا:**

ئەوانەی کە ماف پێشێل دەکەن و ئەوانەیش کە مافیان پێشێل دەکرێ، وەک یەک وان. چونکە بەهۆی نەبوون و بۆشایی یاسا، هەریەکە و بەشێوەیەک ناشیرین دەبێ. ماف پێشێلکار، بەهۆی ناڕاستی، ماف پێشێلکراویش، بەهۆی لاوازی.

**ناڕێک:**

باڵای ناڕێک و دەموچاوی شێواو، مرۆڤ دزێو ناکات. بەڵکوو ئەوەی کە دەبێتە هۆی دزێو بوونی مرۆڤ، ڕەزاقورسییە. ئەوەی کە دەبێتە هۆی ڕەزاقورسیش، لەخۆبایی بوونە.

**گۆڕستانی نهێنییەکان:**

پێویستە هەموو کەسێک، لە ناخیدا، گۆڕستانێک هەبێت، بۆ شاردنەوەی نهێنییەکان. (لە فارسییەوە)

**دڵخۆشی:**

سەرچاوەی دڵخۆشی، دڵ گەورەیی و سوود گەیاندنە بە مرۆڤایەتی.

هەرکەسێک وتەیەکی تۆی لەلا گرنگ نەبوو، تۆشی لەلا گرنگ نییە! بۆیە باشتر وایە، کاتی خۆت لەدەست نەدەی.

**بەسادەیی ژیان:**

سادە بوون و بە سادەیی ژیان، یەکێکە لەو جوانییانە، کە خوای گەورە، بە مرۆڤی بەخشیوە.

**پلان بۆ داهاتوو:**
کۆتایی ژیان لەوەدا نییە کە، کەسێک بمرێت و پلانی باشی هەبیت بۆ داهاتوو، بەڵکوو کۆتایی ژیان لەوەدایە کە، کەسێک لە ژیاندا بیت، بەڵام زیانی هەبێت بۆ ژینگە و مرۆڤایەتی.
**ناتوانم:**
ناتوانم بۆ هەمیشە دوورت کەمەوە. کە لێشت دوور دەبم، وەک ئەمانەتێک، لە گۆشەیەکی دڵمدا، دەتشارمەوە...
**هاوارکردن:**
من هەرگیز لەدەستی بێگانە، هاوار ناکەم
ئەوەی لەگەڵمدا کرا، کەس و ئاشنا کردیان!
من از بیگانگان هرگز ننالم
که بامن هرچه کرد، آشنا کرد. (حافظ)
**هۆگربوون:**
لە ژیانتدا زۆر هۆگری هیچ کەسێک مەبە. کاتێک لە تاریکیدای، تەنانەت سێبەری خۆشت جێت دێڵێت!
(لە ئینگلیزییەوە)
**هەناسە:**
هەناسەی ستەملێکراو، هاوار و چریکەیەکی زۆر بەهێزە! کە ئەگەر ئەو چریکەیە، وەک دەنگێکی واقیعی دەرببڕێت، زۆر زیاتر لە دەنگی بۆمبی ئەتۆم، دەنگ دەداتەوە. کە بێگومان، ئەو دەنگە شاراوەیەش، جگە لە زاتێک کە (خودایە)، هیچ کەسێکی دیکە، گوێ بیستی نابێ!
هەر بۆیە، کاتێک، کە کەسی ستەملێکراو، هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە، هاواری هەناسەی دەبیسترێت و گڕی گەرم و بەتینی، جیهان دەسووتێنێت! ئەوەی کە پێش هەموو کەسێکیش هەستی پێدەکات و دەبێ بە وەڵام بێت و وەڵام داتەوە، جگە لە خوای گەورە، هیچ کەسی تر نییە. چونکە بەڵێنی بە ستەملێکراوان داوە و سوێندی بە زاتی خۆی خواردووە، کە تۆڵەیان هەر دەکاتەوە و سکاڵاکانیان، ڕەتناکاتەوە.

**بەرزترین هاوار:**

بەرزترین هاواری دنیا، فرمێسکێکە کە بەبێ دەنگی، لە گۆشەیەکی چاو، دیتە خوار. (لە فارسییەوە)

**مێروولە و فیل:**

هەرکاتێک مێروولە، بڕیاری شەڕکردنی دا لەگەڵ فیل، بێگومان بڕیار لەسەر نەمانی خۆی دەدات. چونکە هەرگیز سەرکەوتوو نابێ.

**دووریی:**

مرۆڤ، ئەوکاتە نرخی خەڵک و خاکەکەی خۆی دەزانێت، کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لێی دوور دەکەویتەوە.

**زمانی ژەهراویی:**

زمانی ژەهراویی خەڵکی ناڕاست، پێناسەیەکی جوانە، بۆ خەڵکی پاک و بیگەرد.

**با وریای زمان بین:**

کەسێک کە زیانێکی مادیت پێبگەیەنێت، وەک ئەوە وایە، ئاگادار نەبی و شتیک لە گیرفانت دەربێنێت و هەستی پێنەکەی. بەڵام... کەسێک، کە وشەیەکی نەشیاوت پێدەڵێ: وەک تیرێکی ژەهراوییە و تەنیا دڵت دەپێکیت! بۆیە نە برینەکەی چاک دەبێتەوە، نە ئازارەکەشی کەم دەبێتەوە. کەوابوو، با وریای زمانمان بین،

**جیاوازیی نێوان کچ و کوڕ:**

کچ، بە زەردەخەنەیەک ڕازییە. کوڕ، هەرچی بۆی بکرێ، ناڕازییە!بۆخۆ ژیان: بۆخۆ ژیان، بۆ کەس، نەژیانە. بەڵام، بۆ کەس ژیان و لەگەڵ خەم و خۆشی خەڵکدا ژیان، بۆ ئارامکردنەوەی ویژدان و درێژەدان بە ژیانە.

**وانە:**

مرۆڤ کە نەتوانێ لەهەر هەڵەیەک، وانەیەک فێربێ، بوونەوەرێکی ناتەواوە.

**وەفا:**

نە جلوبەرگی گرانبەها، نە قەد و باڵای ڕێک و پێک، نە شێوە و ڕوخساری جوان، نە سەروەت و سامانی زۆر، نە پلەوپایەی بەرز، نە زانست و زیرەکی، نە قسەی خۆش و ڕووخۆشی، نە ئەسل و نەسەبە و بنەچەکەی دیار، نە شوێنی ژیان، نە ناو و ناوبانگی ناسراو، مرۆڤ جوان و بە نرخ ناکات، ئەگەر وەفای لەگەڵدا نەبێت...!

**تێپەڕ بوون:**

هەموو شتێک تێپەر دەبی، بەڵام... هەموو شتێک لەبیر ناکرێ. (لە فارسییەوە)

**ستەم و زۆرداریی:**

ســـەرەتای درووســـتکردنی هەر بینایەکی بەرز، لە بناغەوە دەســـت پێدەکات. بناغەکەش، لەســـەر زەویە. دواتر بەرەو ئاســـمان بەرز دەکرێتەوە. ســـتەم و زۆرداریش، ســـەرەتا لە خوارەوە دەســـت پێدەکات، دواتر بەرەو دەســـەڵات بەرز دەکرێتەوە. کەوابوو، ئەوەی کە ڕوودەدات، هەمووی تاوانی دەسەڵات نییە.

**بناغەی جوانی مرۆڤ:**

باوەڕ. هێزت پێدەبەخشێت، میهرەبانی، هیوات پێدەبەخشێت، ڕەوشت بەرزی، ڕێزت پێدەبەخشـــێت، ڕێزگرتن، جوانیت پێدەبەخشـــێت. متمانە و ڕاســـتی، نرخت پێدەبەخشێت.

**خۆلەدەستدان:**

مەترســـە لەوە، کە خەڵک لەدەســـت بدەی. بترســـە لەوە، کە خۆت لەدەســـت بدەی لەپیناو ڕازیکردنی خەڵکدا، لەدەوروبەرت.

**دەرکەوتن:**

تا شـــەو تاریکتر بێت، ئەســـتێرەکان جوانتر دەردەکەون. مەبەســـت ئەوەیە، تەنیا لە کاتە سەختەکاندا، چاک و خراپ دەردەکەون.

**بازاڕی درۆ:**

تا بازاڕی درۆکردن گەرم بێت و چاوپۆشـی لە خیانەت بکرێت، خۆری ئاسـوودەیی و خۆشبەختی، هەڵنایە.

**خۆشویستن:**

هەموو کەســـێکت خۆشـــبوێت، بەڵام... متمانە بە هەموو کەســـێک مەکە. چونکە مرۆڤەکان، ناخیان شاراوەیەو، هەر دیوی دەرەوەیان لەیەک دەچێت...!

**خۆشبەختی:**

خۆشبەختی، هاوشێوەی تۆپی پێیە. دوای دەکەوین تا بەدەست دێت، دواتر، شەپێکی لێدەدەین و دەڕوات...! (وتەی ناوداران)

**پەڕتووک:**

پەڕتووک، ئەو هـاوڕێ دڵســـۆزەیە، کە بەبێـدەنگی و بێ ئەوەی کەس بزانێـت، عەیبەکانمان پێدەڵێت...

**گلەیی:**

هەرگیز گلەیی لەکەســـێک مەکە، کە لەناو دەریای غەمدا نقووم بووە و گوێی لە هاواری دڵی بێگەردی تۆ نییە.

**جوانی دەروون:**

جوانی دەروون، شێوە و ڕوخسار جوان دەکات.

**ڕێگەی چەوت و ناڕاست:**

ئەو کەســـانەی کە ڕێگەی چەوت و ناڕاســـت دەگرنەبەر، زۆری پێناچێت، یان بزر دەبن، یان بۆ هەمیشە، ناویان بە ناشیرینی دەمێنێتەوە.

**وتەی بەنرخی سەعدی:**

مامۆســتای وتە، شــێخی ســەعدی، دەفەرموێت: ســوپاســی ئەو کەســە دەکەم، کە عەیبەکانم ئاشکرا دەکات. خوا ئەو دۆستەشم بگرێت، کە هەڵەکانم دەپۆشێت.

**مرۆڤ ناسین:**

لە ڕۆژگاریکدا دەژین، کە مرۆڤ ناسین، تیایدا زۆر ئەستەمە.

**بەرپرسیاری:**

هیچ کەسێک بەرپرسیار نییە لە خۆشبەختی تۆ، جگە لە خۆت.

**سوپاس:**

خۆزگە هەموومان، لە ماناو ناوەرۆکی سوپاس، تیدەگەیشتین.

**دڵشکاندن:**

ئەوانەی کە دڵشکاندن بووە بە پیشەیان، لە هەموو چرکە ساتێکدا، دەبێ چاوەڕوانی گەورەترین ســـزا بکەن، کە خوای گەورە بەســـەریان بێنێت. چونکە ئەو لە هەموو کەسێک زیاتر، تاوانەکان دەبینێت.

**فریودان:**

ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی فریودان:

درۆکردن، بزەی بێجێ، زمان لووســـی و خۆتێهەڵســـوون، پێدا هەڵدان و ڕێزگرتنی زیاد لە پێویست.

**یەکتر دۆزینەوە:**

کێشـــەی گەورەی مرۆڤەکـان، ئەوەیە کە، مـاوەیەکی زۆری پێدەچێت تـا یەکتر دەدۆزنەوە! هەر ئەوەشـە کە بەشـێکی زۆر لە تەمەن دەڕوات، بێ ئەوەی سـوودیی لێوەربگیرێت...!

**چاک و خراپ:**

کەسـانێک کە زۆر چاکن، خراپیەکیان هەیە. ئەویش ئەوەیە، کاتێک خراپ دەبن، ئیتر چاک نابنەوە...! (لە فارسییەوە)

**وزەبەخش:**

هەرشـــتێک پێویســـتی بە مانەوە هەبێ پێویســـتی بە جووڵە هەبێ، پێویســـتی بە ڕووناکی هەبێ، پێویسـتی بەجوانی هەبی، پێویسـتی بە وزە هەیە. خۆر، یەکێکە لەو وزەبەخشـە بەهێزانە، کە وزە دەبەخشـێت بە هەموو ئەو شـتانە، کە لەسـەر زەویە. کارەبا، وزە دەدات بە هەموو ئەو ئامێرانەی کە بە کارەبا ئیش دەکەن. بە هەمان شێوە، وزەی مرۆڤیش، چاکە و پیاوەتی و دڵسۆزی و وەفایە.

**ویژدان:**

هاوڕێی هەمیشـــەیی ویژدان بە، چونکە لەگەڵتدا دەژیت. نەک هەر خۆبەســـتنەوە بەژیان و هیچی تر...! ژیان، چەندە زیاتر هۆگری بی، تا ســـەر نییە و هەر جێت دێڵێت...!

**ئازاردان:**

هەر شـــتێک کە ببێتە هۆی ئازاردان، ئینجا ئەو ئازارە، فیزیکی بێت، بەهۆی زمان بێت، یان بەشێوەی هەڵسوکەوتی نەشیاو بێت، خۆتی لێبە دوور بگرە. چونکە دەبێتە هۆی ئازاردانی ویژدان.

**نووسەر و پەڕتووک:**

هەروەک چۆن پەڕتووکێک دەبێتە پێناسە بۆ نووسەرێک، زۆر جاریش، نووسەرێک دەبێتە پێنـاســـە بۆ نەتەوەیەک. کەوابوو بـا بیرکردنەوەکـان جوان بن، تـا نووســـینەکانیش، کاریگەر بن. هەروەها، با هاوڕێی پەڕتووکەکان بین، تا لە ماناو ناوەرۆکی ژیان، باشتر تێبگەین.

**خیانەت:**

لەهەر کوێیەک خیانەت بوو بە پیشـە، وڵات بەرەو وێرانی دەچێت و بارانی هەسـت و سۆز و خۆشەویستی، وشک دەبێت.

**مەولانا دەفەرمویت:**
ئەی فرمێسک! هێواش بڕژێ، خەم زۆرە.
ئەی مۆم! هێواش بسووتێ، شەو درێژە.
ئەمڕۆ هیچ کەسێک پارێزەری نهێنییەکانی هیچ کەسێک نییە!
ئێمە تاقیمان کردۆتەوە، کە هیچ کەسێک، پشتیووان و دڵسۆزی هیچ کەس نییە! (لە فارسییەوە)
**لە خۆشبەختی ڕامەکە:**
دڵ بە بوون و مرۆڤ بوونت خۆشکە. ژیان بەجوانی ببینە و خۆشبەختی خۆت لە خۆشبەختی خەڵکدا ببینە.
بە بوونی هەموو کەسێک دڵ خۆش بە.
لەخەم و ناڕەحەتییەکانی دەوروبەرتدا، هاوبەش بە.
بە گەشبینییەوە سەیری ژیان بکە و ئەو تەمەنەی کە هەتە، بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی، تێپەڕی بکە.
**متمانە:**
تاکە شتێک کە مرۆڤ بەرەو لاوازی و نابوودی دەبات، لەدەستدانی متمانەیە. کە بۆ مرۆڤ، بەنرخترین مەدالیای سەربەرزییە.
**خەمی نان:**
چ ئاغابێ یان کوێخا بێ
لەهەر کوێیەکی دنیا بێ
فەرقی چییە بۆ کەسێک
کە خەمی ئەو هەر بۆنان بێ!
**ماف پێشێلکردن:**
ئەوانەی کە پێیانوایە دەتوانن مافی کەسێک پێشێل بکەن و زیانی مادی پێبگەیەنن، بێخەبەرن لەوە کە پێشتر باجە گەورەکەیانداوە.
باجدان، ئەوە نییە کە کەسێک زیانی مادی پێبگات، بەڵکوو گەورەترین زیان، ئەوەیە کە لەڕووی مەعنەویەوە، داماڵرێت و جێگە و پێگەی ناو کۆمەڵگەی نەمێنێ.

**چاوەکان نابینان:**
چاوەکان بێسوودن، کە مێشک نابینا بێت! مێشکێک، کە بیر نەکاتەوە و نەپرسێت: لێنەکۆڵێتەوە، مێشکێکی بێسوود و بێبایەخە. هەر ئەوەشە کە چاوەکان، ئیتر نابینن...!
**زانین:**
ناکرێ هەموو کەسێک، هەموو شتێک بزانێ. بەڵام دەکرێ ئەوەی کە دەیزانێ، بەجوانی و بەپاکی سوودی لێوەربگرێت.
**نەوەستان لەسەر پێ:**
کەسێک کە هەردوو قاچی شکێنرابێ، چۆن دەچێتە ژێر باڵی کەسێک، کە نەخۆشە و خۆی لەسەرپێ، ڕاناگرێ؟!
**هێز:**
توانایی لەوەدا نییە کە کەسانی لاواز، بچەوسێنییەوە و مافیان پێشێل بکەی، بەڵکوو ئازایی و هێز لەوەدایە، کە بیرۆکەیەکی خراپت بە مێشکداهات، نەیکەی.
**بیرکردنەوەی ئەرێنی:**
بەشێوەیەک بیر لە ژیان بکەوە، کە پێتوابێ ئەو جیهانە، تەنیا تایبەتە بە تۆو بەس. ئەگەر وانەبێ، ناتوانی بژی.
**دڵخۆشبە:**
بە نزیک کەوتنەوەی هەموو کەسێک، دڵخۆشبە. خۆشەویستن هەموو کەسێک، لە ڕوویەکەوە خاڵی هاوبەشی هەیە. ئەوەش دەبێتە هۆی جوانکردنی ژیان. هەروەها، بە ڕۆیشتنی هیچ کەسێک خەمناک مەبە. چونکە ئەوەی کە دەڕوات، پێشتریش مەبەستی مانەوە نەبووە. دوور نییە شەپۆلی دەریا، یان ڕەشەبای ڕۆژگار، بۆلای تۆی هێنابێ!
**فێربوون:**
دەبێ فێر بین کاتێک هەڵەیەک لە ئێمەوە سەرهەڵدەدات، داوای لێبووردن بکەین. هەروەها فێرببین، ئەگەر کەسێک داوای لێبوردنمان لێبکات، ڕێزی لێبگرین. داوای لێبوردنکردن، نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکوو نیشانەی کەسایەتی و زیرەکییە. (لە فارسییەوە)

**هاوڕێی چاک:**

نرخی هاوڕێی چاک بزانە. چونکە هەموو کەسێک ناتوانێ هاوڕێ بێ. لەدەستدانی هاوڕێی چاک، لەدەستدانی بەشێک لە ژیانە.

**خۆ کۆنترۆڵکردن:**

ئازایەتی ئەوە نییە کە خەڵک لێت بترسێت و بوێری خۆت پێشان بدەی. بەڵکوو ئازایەتی لەوەدایە، کە بتوانی خۆت کۆنترۆڵ بکەی، پێش ئەوەی کۆنترۆڵ بکرێی.

**سامانی زۆر:**

پارە و سامانی زۆر، جێگەی هەموو شتێک ناگرێتەوە، بەڵام زۆر شت، جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

**هەڵەکانی ژیان:**

هەرشتێک کە زانیت دەبێتە بار لەسەر دڵت، بەمەرجێک کە زیانی نەبێت بۆ کۆمەڵگە، بینووسە. بۆ ئەوەی ئەگەر باشبوو، سوودیی لیوەربگیرێت. ئەگەر خراپیش بوو، نەکرێت. یان ئەگەر بە نەزانی کرا، جارێکی تر، دووبارە نەکرێتەوە.

**دووڕوویی:**

ئەگەر دووڕوویی و خیانەت نەبوایە، (دنیا) دەبوو بەو بەهەشتە، کە باسیدەکرێت و نەمانبینیوە.

**کەسایەتی:**

ماڵ و سامان، دەگەڕێتەوە. برینەکان ساڕێژ دەبنەوە و ئازارەکان، کەم دەبنەوە. بەڵام... خوا نەکات، ئەگەر کەسایەتی لەدەست چوو، هەرگیز ناگەڕێتەوە!

**پێگەیشتن:**

بیرت لای هەر شتێک بێت، پێی دەگەی.

**خۆشەویستی و متمانە:**

خۆشەویستی و متمانە، ماوەیەکی زۆری دەوێت تا بەدەست دێت. بەڵام، بە بچووکترین وشەی نەشتەر ئاسا، لەدەست دەچێت.

**خۆزگە:**

هەرگیز خۆزگە بۆ هیچ شتێک مەخوازە، هەرگیز مەڵێ خۆزگە وادەبوو، چونکە ئەو خۆزگەیە، ڕۆیشتووە و ناگەڕێتەوە. بڵێ: دەبێ من ئەو شتە بکەم. دەبێ ساڵی داهاتوو ئەو پڕۆژەیە، جێبەجێ بکەم. کاتێک تۆ بڕیار دەدەی کە شتێک بکەی، دڵنیابە کە دەیکەی.

**سوپاسگوزاری:**

نیگەران مەبە لەوە کە هەرچی هەی سـوپاسـگوزاربە بەوە چونکە تۆ هەی گرنگی مەدە بە خەڵک کە چی دەڵێن؟ ئەوە گرنگە کە تۆ کێی و چیدەکەی

**ڕەتکردنەوە:**

بۆ ڕەتکردنەوە و دەرکردن و خۆ دوور خسـتنەوە، وشـەگەلێکی زۆر جیاواز هەیە. بۆ تێگەیشتن لە هەموویان، یەک دانە بەسە، بۆ ئەوەی لە هەموویان تێبگەی.

**پێناسەی ناشیرین:**

ناشـــیرینترین پیناســـە بۆ منداڵ، باوکێکە کە بە ناپاکی و بە نانی حەرام، گەورەی کردوون و ناوبانگی ناشیرینی دەرکردووە...

**دڕک چاندن:**

ئەوانەی دڕک دەچێنن، گوڵ کۆناکەنەوە.

**بچووک بوونەوە:**

یەکێک لە نیشـــانەکانی بچووک بوونەوەی مرۆڤ، خۆ پێگەورە بوونە! کە پێموایە، هیچ هۆیەک نییە، بۆ ئەو مەبەستە.

**بەدرۆ ژیان:**

لەوانەیە بۆ هەندێک کەس ئاســـایی بێت کە لەگەڵ خەڵکدا درۆ بکات، بەڵام... کارەســـاتی گەورە لەوەدایە، کەســـێک ئەوەندە ڕوو قایم بێ، کە لە هەموو ژیانیدا، درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات...!

**بچووککردنەوە:**

زۆر کەس هەیە لە بچووککردنەوەی خەڵکدا، چێژ وەردەگرن. کە بێگومان ئەوانە، بۆشـاییەک لە ناخ و ژیانیاندا هەیە. هەر ئەوەشـە کە دەیانەوێت، ئەو بۆشـاییە، پر بکەنەوە، کە بێگومان، پڕیش نابیتەوە...

**ژیان:**

ژیان هاوشێوەی دەریایە، ئەگەر مەلەوانی چاک نەبی، دەخنکێی.

**جیاوازیی چاو و دڵ:**

چاو، سـەرجەم ڕەنگە جیاوازەکان، وەک خۆی دەبینێت. بەڵام... دڵ، هەست و سۆز و هەموو شتە شاراوەکان، دەبینێت.

**حەز لێبوون:**

هیچ کەسێک هەمیشە سەرقاڵ نییە. ئەگەر حەزیان لێبێت، کات دروست دەکەن. (لە ئینگلیزییەوە)

**هێز:**

خۆشەویستی، هەست و سۆز بە مرۆڤ دەبەخشێ، دوورکەوتنەوە و دابڕانیش، هێز...

**ڕاچڵەکین:**

هیچ شتێک وەک هەواڵی دابڕان و جیابوونەوە، نابێتە هۆی ڕاچڵەکین...

**پەیوەست بوون:**

پەیوەست بوون بە هەر شتێک، جگە لە ویژدان، بەشێک لە پیرۆزییەکانی مرۆڤ دەسڕێتەوە.

**ڕاست بوون:**

مرۆڤ تاکوو لەگەڵ خۆیدا ڕاست نەبێ، ناتوانی لەگەڵ هیچ کەسێکدا ڕاست بێ.

**زیان گەیاندن:**

ئەوانەی کە بەردەوام بیر لە زیان گەیاندن دەکەنەوە، هەر بەشێوە وەک مرۆڤ لەدایک بوون. ئەگەرنا، لەواقیعدا، بوونەوەرێکی زۆر جیاوازن.

**دەرگای دڵ:**

دەرگای دڵت بۆ کەسێک بکەوە، کە دڵی پاکتر بێت لە زمانی...

**دوو شتی زۆر جیاواز:**

ئێمەی مرۆڤ، ئەگەر نەتوانین ئەو دوو شتە جیاوازە لە یەکتر جیا بکەینەوە، ژیانمان بەرەو ویرانی دەچێت و دەبینە بار لەسەر شانی کۆمەڵگە و دوا جار، سرووشتی ژیان دەشێوێنین!

ئەو دوو شتانەش، ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: ئازادیی،

دووەم: بەرەڵایی.

**خۆپاراستن:**

لە دوو شت خۆت بپارێزە:

یەکەم: هەوڵ مەدە، لە گەورەیی هیچ کەسێک کەم بکەیەوە.

دووەم: هەوڵ مەدە، هیچ بچووکێک گەورە بکەی.

**خۆڕاهێنان:**

ئەگەر نەشزانی قسە بکەی، لانیکەم خۆت ڕابێنە بە بێدەنگی.

**نائومێدی:**

توڕەبوونی بەردەوام، بەهۆ چاوەڕوانیکردنی زۆرەوەیە. کە درەنگ بەدیدێت، یان هەر بەدینایەت! لە کۆتاییدا، دەبێتە هۆی نائومیدی! بەڵام، بە بڕوای من، مرۆڤ نابێت تەواویی دەرگاکانی ژیان، لەخۆی دابخات. چونکە ئارامی، کلیلی هەموو دەرگا داخراوەکانە.

**بەهەڵەداچوون:**

دڵنیا بووم لەوە کە تۆ، نزیکترین کەسی منی. بەڵام هەمیشە گومانم لە ڕاستبوونت هەبوو...! هەوڵ بدە کە ڕاســـت بی. ئەگەرنا، خوای گەورە پەردە لەســـەر هەموو ناڕاستییەکانت لادەبات.

**دڵت جوان بکە:**

کە ویستت شێوەت جوان بکەی، دڵت پربکە لە خۆشەویستی.

**باش و خراپ:**

لە خراپترینەکانماندا، ئەوەندەی باشی هەیە، لە چاکترینەکانیشماندا، ئەوەندە خراپی هەیە. بۆیە هیچ کەســـێک مافی ئەوەی نییە کە ئاماژە بە عەیبی ئەوانیتر بکات. (لە فارسییەوە)

**خۆشی و ئومێد:**

خۆشـــی و ئومێد، وەک مۆمێک وایە، کە دڵی هەموو کەســـێک ڕووناک دەکاتەوە. هەرگیز هەوڵ مەدە، کە بە فوویەک، کە بریتییە لە وشـــەیەکی نەشـــیاو، ئەو مۆمە بکوژێنییەوە.

**لە پێناو ئاسوودەیی ویژداندا:**

لەپێنـاو ئـاســـوودەیی ویژدانـدا، هەرچی لەتوانـاتـدایە، بیکە. بەڵام... چـاوەڕێی دەستخۆشی، لە هیچ کەسێک مەکە.

**ڕازیکردن:**

هەرکاتێک ویستت هەمووان ڕازی بکەی، دڵنیابە هیچ کەسێک ڕازی ناکەی.

**بەرژەوەندیی:**

هەرکاتێک بەرژەوەندی لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە، خۆشەویستی و متمانە، لەپەنجەرەوە دەچنە دەرەوە.

**خۆ گەورەکردن:**

بە زۆر، یان بە پاڕانەوە خۆ گەورەکردن، زیاتر خۆ بچووککردنەوەیە.

**شەڕانی!**

ئەوانەی کە شەڕخوازی دەکەن بە پیشە و پێیانوایە هەموو شتێک بە زۆر بەدەست دێت، زۆر شت لەدەست دەدەن...!

**دیاریی:**

تا دەتوانی، جگە لەوەی کە دەیزانی، هەرچی وشەی جوانە، کۆیان بکەوە و، بیانکە بە دیاریی.

**هەر ئەوەبە کە بووی:**

هەرکەسێک، لەکاتی ڕۆیشتندا، سەری زۆر بەرز کردەوە و سەیری پێش خۆی نەکرد، بەجۆرێک دەکەوێت، کە چاوەڕێی ڕاست بوونەوە ناکرێت.

**هاوژین:**

سەرکەوتنی هەر پیاوێک لە ژیانیدا، نیوەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوژینی چاک. هەروەک شکست و تێکڕوخانیش، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ هاوژینی خراپ...

**ئازایی:**

ئازا، بەکەسێک نالێین: کە بەهۆی هێزیی بازوو، چاوسوور دەکاتەوە. بەڵکوو ئازا کەسێکە، کە بزە دەخاتە سەر لێوی کەسانی بێ هێز.

**جوانی ژیان:**

جوانی ژیان لەوەدایە، کە هەموو ڕۆژێک وانەیەکی تازەت فێر دەکات. لەگەڵ خەڵکی باشتر لەخۆت، ئاشنات دەکات.

**خۆناسین:**

تا خۆمان نەناسین، ناتوانین هیچ کەسێک بناسین. کە هیچ کەسیش نەناسین، لە مانای ژیان، تێناگەین.

**خۆشەویستی و بەرژەوەندیی:**

هەرکاتێک خۆشەویستی، بەرژەوەندی درووست کرد، هەردووکیان بەردەوام دەبن. بەڵام هەرکاتێک بەرژەوەندی خۆشەویستی درووست کرد، هیچ کامێکیان بەردەوام نابن.

**گەشبین بە:**

مەگری، چونکە بەسەرچوو. پێبکەنە، چونکە ڕوویدا. (لە ئینگلیزییەوە)

**نرخ و بەها:**

مرۆڤ، لە دوو حاڵەتدا نرخ و بەهای خۆی لەدەست دەدات:

یەکەم: کاتێک کە دەمرێت، پێویستە زۆر زوو بخرێتە ژێر خاک. بۆ ئەوەی بۆگەن نەبی.

دووەم: هەرکاتیک هەوریی ڕەشی بێوەفایی، دڵ و مێشکی داپۆشی، پێویستە بۆ هەمیشە، لەبیر بکرێت.

**ڕازی بوون:**

هەرکاتێک بەوەی کە هەی، بەوەی کە هەتە، بەوەی کە دەیکەی، بەوەی کە دەیڵێی: بەوەی کە بیری لێدەکەیەوە، لە خۆت ڕازی بی، چاوەڕێ بکە کە خەڵکیش لێت ڕازی بێ. بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەبێ، ئەو چاوەروانییەت لەخەڵکیش نەبێ.

**متمانەت بەخۆت بێت:**

تۆ پێشتر زۆر جار ڕزگاریت بووە و ڕزگاریشت دەبێت، لەوەی کە دێت.

**بەراوردکردن:**

بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی بژیت لە ژیاندا، هەرگیز ژیانی خۆت بەراورد مەکە لەگەڵ ژیانی هیچ کەسێکدا.

**ڕەچەڵەک:**

ڕەچەڵەک، دەتوانێت ببێتە هۆی پیناسە و ناساندن، بەڵام، نابیتە هۆی گەورە بوو. چونکە گەورە بوون و بچووک بوونەوە، تایبەتە بە هەڵسوکەوتی خۆی، تاکەکان.

**ئەزموون و ژیان:**

ناوەرۆکی ئەزموون و ژیان، بەشێکە لە ژیانی هەمووومان چونکە ئێمەی مرۆڤ، خۆشی و ناخۆشییەکانمان یەکە.

**ڕێبووارێکی گەڕۆک:**

ڕێبووارێکی گەڕۆک و زۆر دوور و وێڵم

لەم جیهانەدا پاک و بێ فێڵم
ئەوەی کە دیومە، خۆشی و ناخۆشی
دەیکەم بە دیاری و بۆتان جێدێڵم

**ئاشنا بوون:**

بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ ژیان ئاشـنابی و خۆت و خەڵک باشـتر بناسـی، سـوود لە چاوی دڵ وەربگرە، نەک چاوی سـرووشـتی. چونکە چاوی دڵ، ڕاسـتەوخۆ، ناخ دەبینێ. بەڵام چاوی سرووشتی، هەر دەرەوە دەبینێ و هیچی تر...

**بچووککردنەوە:**

هەرکەسێک هەوڵی بچووککردنەوەی دای، بیسڕەوە...
هەرکەسێکیش هەوڵی سڕینەوەی دای، لەبیر خۆتی بەرەوە.

**وەستاندن:**

کە نەشـتوانی شـەپۆلەکانی دەریای ژیان بوەسـتێنی، لانیکەم، مۆمی ئومێد مەکوژێنەوە. بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە، لەناو تەمومژی ڕۆژگاردا، بزر نەبی.

**کێ دەوڵەمەند ترە؟**

کەسێک کە لەتوانایدا هەیە و چاکە دەکات،
یان لەدەسـتی دیت و پارە بەقەرز دەدات، دەوڵەمەندە. بەڵام... کەسـێک کە قەرز وەردەگریت و دەیداتەوە، ئەو لە هەموو کەسـێک دەوڵەمەند ترە. چونکە دەبیتە خاوەن متمانەیەکی دیارو، هاوبەشی ژیانی هەموو کەسێکە.

**مرۆڤ و باوەڕ:**

مرۆڤ، کە باوەڕی تەواویی بە خودا هەبوو، دەیکات بە پشـت و پەنا و نزیکترین کەسی خۆشەویستی خۆی. کە دڵنیاش بوو لەوە، کە هیچ کەسێک لەو نزیکتر نییە، پشتی پێدەبەستێ. ئەویش لە بەرانبەردا، چەند شتێکی زۆر بەنرخی پێدەبەخشێ. کە بەراورد ناکرێن بە هەموو سەروەت و سامانی دنیا. ئەوانیش، بریتین لە:
نییەتپاکی،
قەناعەت،
هەروەها، ویژدانێکی هەرگیز دانەبراو...
ژیان خۆرە و تیشکەکەشی خۆشەویستییە:

کاتێک کە هەستی مرۆڤایەتی بەرەو لاوازی دەچێت و دۆست و خزم و کەس، بۆ یەکتر نامۆ دەبن، ئەستێرەی گەشی ژیانیش بەرەو کزیی دەچێت و ئەو تام و چێژەی کە پێشتر هەبوو لە ژیاندا، کەم دەبێتەوە.

**مامۆستای خۆت بە:**

پێش ئەوەی چاوەڕێ بکەی کە خەڵک سوود لە وتەکانت وەربگرێت، خۆت سوودیان لێوەربگرە.

**دڕک هەر دڕکە:**

ئەگەرچی گوڵ بەبێ دڕک نابێت، بەڵام دڕک هەر دڕکە و، نەک هەر شوێن گرەوەی گوڵ نابی، بەڵکوو هەرگیز، لە جوانی ئەویش، بەهرەمەند نابی.

**نیشتمان:**

ئەی کە خەم دەخۆم بۆ نیشتمانم
چونکە هۆگریی خۆشەویستانم
ئازاریی گەلم ئازاریی منە
بۆیە هەمیشە من سەرگەردانم

**خاڵی هاوبەش:**

تەنیا خاڵێکی هاوبەش بەسە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

**ئامۆژگارییەکانی مامۆستا:**

ئەگەر نەتوانم لە هەڵەکانی خۆم ئەزموون وەربگرم، چۆن دەتوانم لە ئامۆژگارییەکانی مامۆستا، وانە وەربگرم؟

**جادووی جادوگەر:**

گەر چەکی دڵت ناوی خودا بێ
تۆ بیخەم بژی چونکە هیچ نابێت
جادوی جادوگەر کار لە تۆ ناکا
گەر ناو و یادی خوات لە دڵدابێ
هەرگیز ئەو چوار شتە مەخۆ:
خەمی ڕابردوو،
خەمی ژیانی خەڵک،
مافی خەڵک،
فریوی خەڵک (بیرمەندی ئێرانی- دوکتۆر ئەنوشە)

**عەشق چییە؟**

عەشق، جوانییە، هێزە، دڵخۆشییە، خۆشەویستی ڕاستەقینەیە، بەهرە و تێکۆشان و خۆپێگەیاندنە، بەهۆی عەشقەوە، مرۆڤ دەتوانێت، بە بەرزترین لوتکەی ئاواتەکانی بگات. جوانی عەشق، لە بێدەنگی و ئەدەب و مۆراڵ دایە. چونکە عەشق، خۆی بێدەنگە و لە چوارچێوەی دڵدایە. هەرکاتێک لەو چوارچێوەیە دەرچوو، هاواری لێبەرز بۆوە، لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی دەردەچێت و دەبێت بە ئاگر! کە بوو بە ئاگریش، ئەوکاتە، بێبەزەییانە، نەک هەر ناخ، بەڵکوو تەڕ و وشک، پێکەوە دەسووتێنێ! عەشق، وەک تیشکی خۆر وایە. هەرکاتێک گەیشت بە لوتکە، هەموو کەسێک دەیبینێت. ئەوکاتە، ئەو بەهرە و جوانییەی کە لە بێدەنگیەکەیدا هەیبوو، لەدەستی دەدات. عەشق، داوی پەیوەندیە لە نێوان دوو کەسدا. ئەو داوەش، هاوشێوەی داوی باریکی مێشکە بۆ جەستە؛ کە لە بڕبڕەی پشتەوە، دەڕوات بۆ تەواویی بەشەکانی جەستە. هەرکاتێک ئەو داوە پسا، پەیوەندی نیوان مێشک و، لەش، دەپچڕێت. کەوابوو، ئەوەی ئەو دوو پەیوەندیانە بەجوانی ڕادەگرێت، وریا بوون و ئەدەب و خۆپاراستنە.

**خەیاڵ:**

بە خەیاڵ ژیان، دەرگای پێشکەوتن دادەخات و مرۆڤ لە واقع، دوور دەخاتەوە!

**پەشیمانی:**

کە دڵنیای، کردارێکی ئەمڕۆت، بەیانی پەشیمانت دەکاتەوە، دان بە خۆتدا بگرە و، زیان بە کەسایەتی خۆت مەگەیەنە.

**بێنرخی مرۆڤ، لە دوو حاڵەتدا دەردەکەوێت:**

یەکەم: دوو هاوڕێ، کە لە یەکتر جیا دەبنەوە،

دووەم: دوو هاوسەر، کە کۆتایی بە ژیانی هاوسەریان دێنن، باسی کەموکوورتییەکانی یەکتر دەکەن...! لەو ناوەدا جگە لە بچووک بوونەوەی زیاتری هەرکامێکیان، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نییە.

**دڵ هەستیارە:**

هەرکەسێک لەکاتی بیرکردنەوەتدا، بوو بەهۆی نائارامی و دڵەڕاوکێ، باشتر وایە، کە وریابی. چونکە دڵ هەستیارە و، زۆر زوو هەست پێدەکات.

**نزیک بوونەوە:**

نزیک بوونەوە لە کەسێکی خراپ، دوور کەوتنەوەیە لە هەموو خەڵکی چاک.

**شێوەکانی ژیان:**

سـەرەتایەک هەیە بۆ لەدایکبوون و هاتنە ناو کێشـمەکێشـمەکانی ژیان، دەورانێک هەیە بۆ منداڵ بوون و بەبێ باکی ژیان، دەورانێک هەیە، بۆ هەرزەکاری و شـێتانە ژیان، دەورانێک هەیە بۆ خۆناسین و کەمێک تێگەیشتن لە ژیان، دەورانێک هەیە بۆ ئەزموون وەرگرتن و کەمێک دەوروبەر ناسـین، دەورانێکیش هەیە بۆ چیتر خۆ فریونەدان و کەمێک بەخۆدا هاتنەوە و ژیرانە و وەک مرۆڤ ژیان...

**با ژیان لە خۆمان ئاڵۆز نەکەین:**

بیری کەسێک دەکەی، پەیوەندی پێوە بکە.

دەتەوێت بیبینی، بانگهێشتی بکە.

دەتەوێت تێی بگەی، شیبکەوە.

پرسیارێکت هەیە، پرسیار بکە.

شتێکت پێخۆش نییە، بیڵێ.

شتێکت پێخۆشە، دەریببڕە.

شتێکت دەوێت، داوای بکە.

کەسێکت خۆشدەوێت، پێی بڵێ.

لە سێ شت زۆر وریابە:

یەکەم: ڕەوشت، لەناو خێزاندا.

دووەم: زمان، لەناو خەڵکدا.

سێیەم: بیرکردنەوە، لەکاتی تەنیاییدا. (وتەی ناوداران)

**خۆزگە:**

خۆزگە، دارێکی وشک و بێ گەڵا و بێ بەرە. هیچ ئاواتێک بەدیناهێنێت...

**ژیان:**

ژیان ئەو هاوڕێ کاتی و بێئەمەکەیە، کە بێ ئەوەی ڕابردوو لەبەرچاو بگرێت، زۆر بە ئاسانی جیت دێڵێت!

**تەمەن و ژیان:**

تەمەنی خانە نشینی، ٦٧ ساڵە.

ئەزموونی ژیان، ٧٨ ساڵە.

ئیشکردن، تا ٥٠ ساڵە.

که لەوانەیە، هەر ١١ ساڵ چێژبەخش بێت. کەوابوو هەر ئێستا، دەست بکە بە ژیان. بەیانی هیچ کەسێک زەمانەتی تۆ ناکات. (لە ئینگلیزییەوە)

**دڵشکاندن:**

خۆزگە! مرۆڤەکان دەیانزانی، کە تاوانی دڵشـــــکاندن! ئەگەر زیاتر نەبێت لە تاوانی مرۆڤ کوشتن، کەمتریش نییە.

(لە فارسییەوە)

**پەڕتووک:**

پەڕتووک، ئەو هاوڕێ دڵســــۆزەیە، ئەوەی کە نایزانی، فێرت دەکات. هەڵەکانت بۆ ڕاست دەکاتەوە. کەموکوورتییەکانیشت پێدەڵێ.

**درۆ:**

تەنیا جارێک درۆ شیرینە، کە بوو بە دوو جار، داڕزان و داوەشینە.

**دڵ و مێشک:**

ئەوانەی کە دڵ و مێشکیان جوانە، جوانی ڕوخساریان پێویست نییە.

**هەژار کێیە؟**

هەژار ئەو کەسە نییە کە بێ پووڵ و بێ پارەیە

بەڵکوو ئەو کەسەیە کە دەست کوورتی متمانەیە

**یاسای ژیان:**

یاسای ژیان، بناغەکەی لەسەر کۆنکرێتی ڕاستییە. بەڵام... بەهۆی بۆمبی دووڕوویی و ناڕاستی، تەقێنراوەتەوە.

**خراپتر:**

بەهۆی خراپتر لە خراپ، ژیان دەوەستێ و بێدەنگی ڕوودەدات.

**سرووشت نەگۆڕە:**

سرووشتی مرۆڤیش، نەگۆڕە. ئەگەر بۆ ماوەیەکیش خۆی بگۆڕێت، هەر ئەو سکەیە، دەردەکەوێتەوە، کە پێشتر بووە و کەمێک تۆزی لێنیشتووە.

**هەر خۆت بە:**

لەهەر جلوبەرگێک دابی، لەهەر پلەوپایەیەک دابی، لەهەر ئاستێکی خوێندنابی، هەر خۆت بە... ئەگەرنا، جوان نابی.

**موعجیزە:**

ژیـان، موعجیزەیەکە. لەهەر هەنـاسـەدانیکـدا، ئێمە دیـاریەک وەردەگرین. (لە ئینگلیزییەوە)

**ڕۆژگار:**

هەرگیز گلەیی لە ڕۆژگـار مەکە، چونکە بێتـاوانە. بـا گلەیی لە خۆمـان بکەین، کە ڕۆژگاریشمان شێواندووە!

**نهێنی:**

تا ئەوکاتە ڕێزت پاریزراوە کە نهێنیت لای کەس دانەناوە.

**٧ هەنگاو بۆ خۆشحاڵبوون:**

بیرکردنەوە – کەم، هەستکردن، زۆر.

ڕوو گرژی – کەم، زەردەخەنە، زۆر.

قسەکردن – کەم، گوێگرتن، زۆر.

دادوەری – کەم، قبووڵکردن، زۆر

چاودێری – کەم، ئەنجامدان، زۆر.

سکاڵاکردن – کەم، پێزانین، زۆر.

ترسان – کەم، خۆشەویستی، زۆر.

(لە ئینگلیزییەوە)

**خۆ تەڵقینکردن:**

هەرکەسێک خۆی تەڵقین کرد، کە بە زۆر، لەکەم تێنەگات، هیچ خۆتی لەگەڵ ماندوو مەکە، چونکە هەرگیز تێناگات.

**شانازی!**

لەناو هەر نەتەوەیەکدا، کە خیانەت بوو بە باو و شـانازیی پێوەکرا، دادوەریی و یەکسانی و خۆشەویستی، ماڵاوایی دەکات.

**تیشکی خۆر:**

کاتێک کە ڕووناکی خۆر دەردەکەوێت، هیچ هێزێک پێشی لێناگرێت.

**فریشتەی ژیان:**

هاوڕێ، تا ئەوکاتە فریشـتەی ژیانە، کە هاوڕێتە. ئەگەرنا ئەویش، کەسـێکی ئاسـاییە هەروەک مرۆڤ، چاوی لێبکە.

**سێ کەس:**

سێ شت لەهەرکەسێکدا بوونیان هەبێ، بێعەقڵترین کەسی سەر زەوییە:

یەکەم: چەنەبازی،

دووەم: بێ ئەوەی پرسیاری لێبکرێت، باسی ئەجداد و ئابادی خۆی بکات.

سێیەم: متمانە بوون، بە هەموو کەسێک. (ئیمام شافیعی)

**دابەشکردن:**

کاتێک گورگەکان، بیر لە دابەشکردن دەکەنەوە، مەڕەکان بێ هیوا دەبن.

**عەشق پایەی ژیانە:**

هەر وەک چۆن ئاسمان، وەک چەترێک وایە بەسەر زەویدا، عەشقیش، هەمان شتە بۆ ژیان. عەشـــق تایبەت نییە تەنیا بەشـــتێک، بەڵکوو تایبەتە بە هەرشـــتێک، کە لە چوارچێوەی ژیان دا هەیە. ژیان بەبێ عەشق، هیچ خۆشی و ئاسایشێکی تێدا نییە. ژیان بەبێ عەشـق و عەشـق بەبێ ژیان، هیچ مانایەکی نییە. عەشـق بۆ خوا، عەشـق بۆ مرۆڤایەتی، عەشـــق بۆ نیشـــتمان، عەشـــق بۆ دایک و باوک، عەشـــق بۆ منداڵ، عەشـق بۆ خێزان، عەشـق بۆ ژینگە، عەشـق بۆ هەرشـتێک کە بوونی هەیە. کەوابوو دەتوانین بڵێین: عەشق، پایە و کۆڵەکەی ژیانە.

**دوو شت بەبێ یەکتر، هیچ سوود و ناوەرۆکێکیان نییە:**

نان، بەبێ ناو، ناو، بەبێ نان.

**سەربەرزی، تۆ...!**

هەرشتێک لە تواناتدا نییە، مەیکە. هەر شتێک کە زانیت، دەبێتە هۆی شەرمەزاریت، خۆتی لێ بە دوور بگرە. چونکە سەربەرزی تۆ، سەرمایەی ژیانی تۆیە.

**ڕوون و ئاشکرا:**

هەرشـــتێک کە بیکەی لە ژیـانتـدا، بە ڕوونی بیکە و هیچ گرفتێک، بۆ دوا ڕۆژ جێمەهێڵە.

**متمانە پێبوون:**

ئەو کەســەی کە متمانەی پێتە، وەک هاوبیرێک ســەیری بکەو، وەک ڕاوێژکارێکیش، پرسی پێبکە.

**خۆ فریودان:**

خۆ فریودان، لە خەڵک فریودان، کارەساتبارترە،

**سرووشت ناگۆڕێت:**

هەروەک چۆن وەرزە جیاوازەکان، شـــەو و ڕۆژ و مانگ و ســـاڵ، شـــێوە و هەڵسـوکەوتەکانی مرۆڤ، گیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان، وەک یەک نین، سـرووشـتی ژیان و ســـەرجەم دار و درختەکانیش، هیچیان وەک یەک نین و تەنانەت گەڵا و میوەکانیشـــیان، هەر جیاوازە. لەژیاندا نەبووە و ناشـــبێت، کە دارێکی میوە، میوەی دارێکی تر بگرێت؟! ئەسڵ و نەسڵی درختەکان چۆن بێت، بەروبوومەکانیشیان هەر ئەوە دەبیت.

بە هەمان شـێوە، ئەو تایبەتمەندیە نەگۆڕە، لە سـرووشـتی مرۆڤیشـدا هەر بوونی هەیە. پەروەردەی چاک، یان خراپ، کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەســەر مێشـک و دەروونی منداڵ دا، درووســـت دەکات و کەســـایەتی دەگۆڕێت. هەروەک شـــێخی ســـەعدی لە پەڕتووکی گوڵســـتان دا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ: كل مولد يولد على الفطرة، فأبواه يهودانه او ينصـــرانه، او يمجســـانه. ئەوە، یەکێکە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر، د.خ

**گەندەڵی و خیانەت:**

گەندەڵی و خیانەت، هاوشـــێوەی بەکارهێنانی مادەی هۆشـــبەرە. بە ئاســـانی تەرک ناکرێت.

**خەمۆکی:**

هۆیەکـانی (خەمۆکی)، بریتین لە: کەوتنە ژێر تەوژمی زۆر. ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گۆڕانکاری زۆر. خەم و دڵەڕاوکێ بۆ شـتێک. لەدەسـتدانی کۆنترۆل، بەهۆی بارودۆخێکەوە، کە لێی بەرپرســـی. نەبوونی کار و گۆڕانکاری لە ژیاندا. ڕاڕایی و نەبوونی متمانە. (لە ئینگلیزییەوە)

**بۆ خۆت بژی، گوێ مەدە بەقسەی خەڵکی:**

دەریا، پێڵاوی منداڵێکی برد، منداڵەکە لە قەراغ دەریا نووســـی: دەریا دزە...! پیاوێک ماســـی چاکی ڕاوکردبوو، لە قەراغ دەریا نوســـی: دەریا بەخشـــندەیە...! گەنجێک خنکـا، دایکی گەنجەکە، لە قەراغ دەریـا نووســـی: دەریـا بکوژە...! پیرە پیـاوێک ملوانکەیەکی زێڕی دۆزیەوە، لە قەراغ دەریا نووســـی: دەریا میهرەبانە...! دەریا، گوێی نەدا بە قســەی هیچ کامیان و بە شــەپۆلێک، هەموو نووســراوەکانی ســڕیەوە. تۆش، هەمیشــە وەک دەریابە، هیچ کاتیک گوێ مەدە بە لێکدانەوە و قســەی خەڵکی!!

ژیان کوورتە و ئەوە ناهێنێ کە بیکەی بە بار لەسەر مێشکی خۆت... (وتەی ناوداران)

**خۆت بە:**

بەهێزترینەکان، ئەوانەن کە خۆیانن. چونکە خۆیان خاوەن بڕیاری خۆیانن. لاوازترینەکانیش، ئەوانەن کە گوێلەمشتی خەڵکانی ترن. چونکە، نە خاوەنی خۆیانن، نە بڕیاردەری، بڕیارەکانی خۆشییانن. هەر بۆیە باشتر وایە، کە هەر خۆمان بین. هەروەک ئینگلیزەکان دەڵێن: Be Yourself - خۆت بەوریای سێ شت بە:

یەکەم: بە خەیاڵ مەژی،

دووەم: بۆ نان مەژی،

سێیەم: بەهۆی ڕەچەڵەک، خۆت بزر مەکە. ڕەچەڵەک، یان هۆی شانازی بووە، یان هۆی شەرمەزار بوون! کەوابوو، تۆ هەر خۆت بە. چونکە ئەوانەی ڕابردوو، چاک یان خراپ، ڕۆیشتوون و ناگەڕێنەوە. ئەوە تۆی کە ئێستا، هەی و ڕووبەڕووی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان بوویتەوە.

**بێ هیوا مەبە:**

زۆر جار، ژیان لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە پێتوایە کۆتایی هاتووە.

**دڵخۆشی:**

ئەرێنی بەو هەمیشە بەخۆشحاڵی بمێنەوە. ڕێگەش مەدە نەرێنییەکانی ڕۆژگار، بتهێننە خوار.

**ڕەشکردنەوە:**

مرۆڤ، وەک نووسراو وایە. هەرکاتێک پاککرایەوە، لەسەر لاپەڕەی دڵ، جارێکی تر ناخوێندرێتەوە. هەرکە هەستت کرد، لەسەر لاپەڕەی دڵی کەسێک ڕەشکراویتەوە، تۆ! ئەو بۆ هەمیشە ڕەش مەکەوە، بەڵام... هەوڵ مەدە جارێکی تر، بیخوێنییەوە.

**خۆرکەی کەسایەتی:**

هەرکاتێک زۆر بوونی خۆشەویستی، بوو بە خۆرکەی کەسایەتی مرۆڤ، لەجیاتی جاریک مردن، هەموو ڕۆژیک چەندینجار، مەرگ لە دەرگای ماڵەکەی دەدات! چونکە لە چوارچێوەی ڕەوشت دەچێتە دەرەوە!

**وتە:**

وتە بۆ هەرکەس، سووک و ئاسانە

بەس بەڵێنی ڕاست، پیشەی مەردانە

کاتێک کە ناوی (مەرد) دێت، ژنانی مەردیش دەگرێتەوە. (مەرد) بوون، بریتییە لە وتە و کردار، نەک تەنیا (وتە)ی زۆر و بریقەدار!

**شاشەی ناخ:**

خۆزگە ناوچاوانی هەرکەسێک، شاشەیەکی لەسەر دەبوو. بۆ ئەوەی ناخی هەمووانی وەک خۆی پیشان بدایە. دڵنیام ئەو کاتە، نە دادوەر دەوری دەبوو، نە پۆلیس چاودێری کەسی دەکرد، نە هیچ کەسیش، پێویستی بە پاکانە دەبوو.

**لەدەستدانی قورسایی:**

قورسای مرۆڤ، بە خۆ قورسکردن لەدەست دەچێت.

**بڕیاردان:**

ئەگەر نەتوانی خاوەن بڕیاری خۆت بی

ناتوانی خاوەن داهاتووی خۆت بی

**هێزی خوا:**

خواپەرستی، جگە لە نییەتپاکی و ڕاستگۆیی و بی فێڵی، هیچی تر نییە. لەسەرووی ئەوانەشەوە، باوەڕبوون بە ویژدان، کە دڵنیام، دەنگی خوایە و بەردەوام لەناو دڵ و مێشکی هەمووواندا، هەستی پێدەکرێت و هاوشێوەی ئەلارمی کاتژمێر، بۆ هەر هەڵە و ڕاستییەک، ئاگادارمان دەکاتەوە. بەڵام... بەداخەوە، ئێمەی بێهەست و لەخۆبایی و بێتواناتر لە مێرووولەیەکی بچووک، لە بەرانبەر هێزێکدا، کە هیچ هێزێک بوونی نییە، خۆمانی لێدەبوێرین...!

**ڕاکردن:**

ڕاکردن لە هاوڕێیەتی، ناڕاستییە لەگەڵ ڕابردوو، درۆکردنیشە لەگەڵ داهاتوو. (لە ئینگلیزییەوە)

**دەسەڵات:**

ئەوەی کە مرۆڤ ناشیرین دەکات، دەسەڵاتە. هەر بۆیە هەموو کەسێک ناتوانێت خۆی لەناودا ڕابگرێت. مرۆڤ، وەک جلوبەرگێکی خاوین وایە. دەسەڵاتیش، وەک پەڵەیەکی پیس و ناشیرین وایە. هەرکەسێک توانی خۆی لەناودا ڕابگرێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، هەر ناشیرینتری دەکات! تا ئاستێک کە هەموو کەسێک، بێزی لێدەکات! هەر بۆیە دەسەڵاتی ڕەوا، جگە لە خوای گەورە، شایانی هیچ کەسێک نییە.

**گرنگی وته:**

وتەیەک کە زۆر لەلات گرنگە، لەلای هەموو کەسـێک باسـی مەکە. چونکە وتە، ئەگەرچی بە ئاسـانی لەدەم دەردەچێت، بەڵام زۆر جار، دەبیتە هۆی گۆڕینی چارەنووس...

**ناسین و تێکەڵ بوون:**

تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا، ئاسانە. بەڵام... ناسینی مرۆڤەکان، ئەستەمە.

**گورگ:**

(گورگ)، کاتێک دەچێتە ناو پێسـتی مەڕ و، بەرەو ڕووت دێت، تۆ هەروەک (مەڕ) دەیناسی. بەڵام... ئەو هەر گورگە و بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێت، تا زیانت پێبگەیەنیت.

**بزر بوون:**

ترسناکترین شت بۆ مرۆڤ، ئەوەیە کە لەناو تاریکایی نەفسی خۆیدا، بزر بێت! بەو مانایە، ئەوەندە لەخۆبایی بێت، کە خۆی نەناسێتەوە...!

**ڕاکردن بەدوای دڵدا:**

ڕاکردن بەدوای دڵدا، چالاکی مێشک کەم دەکاتەوە.

**هێزی مێشک:**

بەهێزترین کەس ئەو کەسەیە، کە سوود لە هێزی مێشک وەردەگرێت.

**ترسناک:**

ترسـناک، ئەوانە نین کە نەگونجاو دیارن و ڕووی ڕاسـتەقینەی خۆیان دەردەخەن، بەڵکوو ئەوانەن کە زۆر ترسـناکن، بەڵام وەک گورگ، لە پێسـتی مەڕدا، خۆیان ڕێکدەخەن...!

**کەڵ بە موویەکەوە بەندە:**

کەڵ بە موویەکەوە بەندەو ژیان و کەسـایەتی مرۆڤیش، بە وشـەیەک. کەوابوو، با زیاتر بیر لە وشەکان بکەینەوە، پێش ئەوەی لەدەم دەرچن.

**بێ متمانەیی:**

بێ متمانەیی، شـتێکی ناشـیرینە. دەبێتە هۆی ئەوە، کە ڕقت لە خەڵک بێتەوە. (لە ئینگلیزییەوە)

**کەسە جوانەکان:**

کەسە جوانەکان، ئەو کەسانەن، کە ناخیان جوانە.

**ملکەچی:**

گەورەترین ملکەچی ئەوەیە، کەسێک بێڕێزیت پێبکات، تۆش ڕێزی لێبگری...!

**جیهان:**

جیهان، بریتییە لە یەک ماڵ. کە بێگومان ئەو ماڵە، شوێنی ژیانی هەمووانە.

**تێگەیشتن لە هەموو شتێک:**

ئەگەر دڵنیا بووی کە لە هەموو شتێک تیدەگەی، بە نائومێدییەوە، سەرسام دەبی. (لە ئینگلیزییەوە)

**لەدەست هاتن:**

کەسێکی خراپ، کە چاکە و خراپەی لەدەست دێت، باشترە لە کەسێکی چاک، کە هیچی لەدەست نایە.

**وریابە:**

شتێک مەکە، کە ببی بەهۆی ئاماژەی هیچ کەسێک. چونکە زمانی خەڵک، وەک شمشێر وایە و بەزەیی نییە.

**لاشەی بێ گیان:**

مرۆڤ، ئەگەر لەهەر کەسێک، لەهەر شوێنێک، لەهەر ڕووداوێک، شتێک فێر نەبێ، وەک لاشەیەکی بێ گیان وایە.

**هێزی شاراوە:**

مرۆڤ، ئەگەر لەلایەکیشەوە هەست بە لاوازی بکات، بێ ئەوەی خۆی بزانێت، چەندین توانای شاراوەی هەیە. کەوابوو، نابێت بێهیوابێت و پێویستە هەوڵ بدات، کە توانا شاراوەکانی خۆی چالاک بکات.

**پێوەر:**

هەموو کەسێک، بەپێی پێوەری خۆی، پێناسەی خەڵکی تر دەکات.

**ناخی ڕوون:**

ناخی هەرکەسێک، وەک ئاوێنە وایە، تا ڕوونتر بێت، جوانتر خۆتی تێدا دەبینی.

**ڕاهاتن:**

خۆت لەگەڵ ناخۆشییەکاندا ڕابێنە. تا چێژی زیاتر لە خۆشییەکانی ژیان وەربگری. ئەوەشت لەبیر نەچێت، کە هیچیان تا سەر، بەردەوام نابن.

**ڕووناکی:**

ئەوەی کە ئازارمان دەدات، هەڵەکانی دوێنێیە. بەڵام، ئەوەی کە دڵخۆشـمان دەکات، ئەزموونی بەیانییە. کە بێگومان، وەک تیشکی خۆر، مێشکمان ڕووناک دەکاتەوە.

**گەورەیی:**

جوانی بە ناخە، نەک بە ڕوخسار.

ئازایی بە غیرەتە، نەک بە جەستە.

پیاو بوون بە کردارە، نەک بە وتە.

**زەردەخەنە:**

دوو کەس زەردەخەنە دەخەنە سەر لیو و لایدەبەن:

یەکەم: منداڵ،

دووەم؛ منداڵ.

**ئەرک و ماف:**

دوو وشـــە، کە لە دەربڕیندا زۆر کوورتن، دوو پایەی ســـەرەکی ژیانن. هەرکاتێک یەکێک لەو دووانە دابڕێت لەوەی تر، ژیان لاســـەنگ دەبێت. کە لاســـەنگیش بوو، زۆری پێناچێت دەڕووخێت. ئەو دوو وشـــانەش، بریتین لە ئەرک و ماف. لەهەر وڵاتیکدا، کە ئەرک بەبێ مـاف بوو، یـان مـاف بەبێ ئەرک بوو، ئەو وڵاتە، بەرەو وێرانی و داڕمان و هەڵوەشان دەچێت.

**گلەییکردن لە ژیان:**

گلەییکردن لە ژیـان، دەرگـاکـانی دڵخۆشـــی، دادەخـات. کەوابوو، هەمیشـــە بە گەشبینییەوە سەیری ژیان بکە.

**باوەڕ بەخۆنەبوون:**

مرۆڤ، لە ڕووی جەســـتەییەوە چەندە بەهێز بێت، بەڵام کە باوەڕی بەخۆی نەبێت، ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێ.

**چاو خشاندنەوە:**

بۆ ئەوەی بەیانی بە ئاسوودەیی بژی، چاوێک بە دوێنیدا بخشێنەوە.

**بێبەش بوون:**

لەوەتەی تیشـــکی خۆر هەیە، من لە ڕووناکی و گەرمییەکەی بێبەشـــم. لە وەتەی تریفەی مانگ هەیە، من هاونشـینی شـەوەزەنگی ڕەشـم. لەوەتەی درەوشـانەوەی ئەسـتێرەکان هەیە، من لەجوانی ئەوان بێبەشـم. لەوەتەی ئاسـمان و زەویی هەیە،

لەنێویاندا من بێ خزم و کەسم. لەوەتەی هەست بە ژیان دەکەم، من دەربەدەرم و لە ئازادیی بێ بەشم. لەو ڕۆژەوە خۆم ناسیوە، لە ئاست ئەوانەدا کە متمانەم پێکردوون، خاوەنی بەختێکی ڕەشم. لەوەتەی ئەزموون و ژیان هەیە، بەهۆی دڵپاکی و نییەتپاکیم من بێئەزموونم و لێی بێبەشم.

**هەست و سۆز:**

هەست و سۆز و خۆشەویستی، کە جوانترین بەهرەی خوداین، نە لە هەموو کەسێکدا بوونیان هەیە، تا ببیەخشن بە کەسانی تر، نە ئامێرێکی دەستکردیشن کە هەموو کەسێک، بتوانێت، بەهەر نرخێک بێت، بەدەستیان بێنێت.

**خۆراوا بوون:**

ئەگەرچی خۆر لە ئێوارانـدا ئـاوا دەبێ، بەڵام بەیـانـیـان دەردەکەوێتەوە. ناخۆشییەکانیش بە هەمان شێوە، ڕوو دەدەن، بەڵام دواتر دەبن بە ئەزموون و ژیانیکی تازە دووبارە دەبیتەوە.

**خۆری مێشک:**

هەرکە ئەستیرەی دڵ درەوشایەوە، خۆری مێشکیش ئاوا دەبێ.

**متمانە:**

متمانە وەک تیر وایە. هەرکە لە کەوان دەرچوو، ئیتر ناگەڕێتەوە.

**بناغەی ژیان:**

هەرکاتێک ویستت بناغەی دیواری ژیانت هەڵتەکێنی، پشت لە یاران و ڕوو لە نەیاران بکە.

**قومار و دەسەڵات:**

هەروەک چۆن قومار خۆرکەیە بۆ ژیان و کەسایەتی، ستەم و چەوسانەوەش، کۆتایی مانەوەیە لە دەسەڵاتدا.

**شەوەزەنگ:**

کەسێک چێژ لە ڕووناکی خۆر وەردەگرێت، کە لە شەوەزەنگ و تاریکیدا، ڕێگەی ون کردبیت.

**شێوان و ناشیرین بوون:**

دڵم بە نەخوێندەواری خۆش نییە. چونکە بێبەشییە لە بەهرەکانی خوای گەورە. خوێندەواری، جگە لەوەی کە دڵ و مێشک ڕووناک دەکاتەوە، ئاسوودەییشە بۆ

ژیـان. بەڵام ئەگەر عەقڵی لەگەڵـدا نەبێ، نەک هەر نرخی مرۆڤ کەم دەکـاتەوە، بەڵکوو هۆکاریشە بۆ تێکدان و شێواندنی شیرازەی ژیان.

**سکاڵای مێرووڵەیەک:**

دوای ئەوەی کە مێرووڵە، مەترسی ژیان تەنگەی پێهەڵدەچنێت و جگە لە سکاڵاکردن، هیچ ڕێگەیەکی نامێنێت، ڕۆژێک دەچێت بۆ لای سـلێمان پێغەمبەر و دەڵێ: من ژیانم نەماوە لەدەسـت ڕەشـەبا و مافم زۆر پێشـێل دەکات! ئەویش دەڵێ: بەپێی یاسـا، پێویسـتە هەردووکتان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە. مێرووڵەش وتی: ئەگەر ئەو بێت، من چۆن دەتوانم لێرە بم؟! لە وڵاتێکیشدا کە تەنیا چاو سوورکردنەوە تیایدا باوبێت، کێ دەتوانیت، بڵێ: منیش هەم؟!

**چەمینەوە:**

وشتر تا خۆی نەچەمێنێتەوە، کەس ناتوانیت بچێتە سەر پشتی.

**دیاریی:**

لە دوو حاڵەتدا، دیاری قبووڵ مەکە:

یەکەم: کە خۆت پێگەورەتر بێت، لە دیارییەکە،

دووەم: کە خۆت پێ بچووکتر بێت، لە دیارییەکە.

**فێربوون:**

لە زۆرزان، وانە فێربە و لە کەمزانیش، ئەزموون.

**ئەگەر:**

ئەگەر دەتەوێ ڕێگە بزر نەکەی، بەشـوێن جێ پێی خەڵکی شـارەزادا برۆ. ئەگەر دەتەوێ لە ژیان دوا نەکەوی، ڕێز لە کات بگرە و لە دەسـتی مەدە. ئەگەر دەتەوێ لە کۆمەڵگە دانەبڕێی، گیـانی هـاوخەمی و هـاوکـاریـت بەهێز بکە. ئەگەر دەتەوێ بچووک نەبیەوە، خۆت لە هیچ کەسـێک بە گەورەتر مەزانە. ئەگەر دەتەوێ خوا و خەڵک لە خۆت ڕازی بکەی، ئەوەی کە خۆت پێتخۆشە، بۆ خەڵکی دیکەش هەر وابە. ئەگەر نەتوانین جوان بیر بکەینەوە، نـاتوانین جوان هەڵسـوکەوت بکەین. ئەگەر نەتوانین جوان هەڵسوکەوت بکەین، ناتوانین جوان قسە بکەین. کە نەشتوانین جوان قسە بکەین، ناتوانین یەکتر قبووڵ بکەین...

**تێنەگەیشتن:**

نەزان هەر ئەو کەسـە نییە کە تێناگات، بەڵکوو نەزانی ڕاسـتەقینە، ئەو کەسـەیە کە نایەوێت هەرگیز تێبگات...!

**کێشەی گەورە!**

کێشەی گەورەی بەشێک لە مرۆڤەکان، ئەوەیە؛ کە شتێک نە لە توانای ئەواندایە، نە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە، خۆی پێوە ماندوو دەکەن و ڕوویەکی نالەبار، نیشـانی خەڵک دەدەن و تۆویی نائارامی دەچێنن...!

**دوو شت دەبنە هۆی بێزار بوون:**

یەکەم: بێدەنگیەک، کە هاوشێوەی بەرد بێ،

دووەم: دووان و دەنگ بەرزکردنەوەیەک، کە هۆی بێزاری دەوروبەربێ!

**چارەسەر:**

دوو کێشـــەی گەورە، زۆر زوو چارەســـەر دەکرێن، ئەگەر دوو لایەنی جیاواز لێگەڕێن:

یەکەم: ئەگەر لاکێشــەکان، واز لە جگەرە کێشــەکان بێنن، جگەرە کێشــەکان، واز لە جگەرە کێشان دێنن.

دووەم: ئەگەر بندیوارەکان، پشــتگوێ بخرێن و ڕێگەیەکی ڕاســتی ژیانیان بۆ بدۆزرێتەوە، ماف، بۆ هەموو مافخوراوێک دەگەڕێتەوە.

**جەستەی مرۆڤ:**

جەســتەی مرۆڤ، تا ئەوکاتە جوان و بەنرخە، کە گیانی تێدایە. هەروەها مێشــکی مرۆڤیش، تا ئەوکاتە ســـوڵتان و بڕیاردەری ئەندامەکانی جەســـتەیە، کە هۆش و بیرکردنەوەی تێدایە. لە دەرەوەی ئەو دوو شـتانەدا، چەندە گەورە بن، بێ سـوودن و بوونیان بێ واتایە.

**هاوسەفەر:**

پێش ئەوەی بەڕێبکەوین بۆ شوێنی مەبەست، پێویستە بیر لە هاوسەفەرێکی باش و گونجاو بکەینەوە. بۆ ئەوەی، دڵ و مێشکمان هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بکات.

**ڕەوایی دان:**

هەرکاتێک درۆکردن، بوو بە نەریت و ڕەوایی پێدرا،

هەرکـاتیـک بێبەڵێنی بوو بە ڕێســـای ژیـان و پەیڕەویی لێکرا، ژیـان و ژینگە و مرۆڤایەتی، لە یەکتر دادەبڕێن و یاسا، ماڵاوایی دەکات...!

هەرکاتێک دەسەڵات بە شەق و زللە و چاو سوورکردنەوە، وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی دایەوە، ماڵاوایی لە دانیشتووانی وڵاتەکەی دەکات.

**به ئاگا هێنانەوە:**

بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئاگا بێتەوە و زیاتر ســـتەمی لێنەکرێت، ســـەرەتا بەگوێیدا دەچرپێنرێت. ئەگەر هەر تێنەگەیشـــت، بە دەنگی بەرز، پێی دەوترێت. ئەگەر هەر تێنەگەیشت، بە بڵیندگۆ بانگی دەکرێت و لە مەترسی، ئاگادار دەکرێتەوە...!

ئەگەر هەر تێنەگەیشـت، ڕادەسـتی قەزا و قەدەر دەکریت، تا شـەقی ڕۆژگار، وانەی ژیانی پێبدەدات...!

**وتە:**

لەهەر وتەیەک دڵنیا نەبووی، مەیڵێ و دەریمەبڕە. چونکە دەبێتە هۆی پەشیمانیت.

هەر شـــتێکیش کە خۆت بـاوەڕت پێی نەبوو، مەینووســـە. چونکە دەبێتە مـاڵ بەسەرتەوە.

**ئاوێنەی داهاتوو:**

ڕابردوو، ئاوێنەی داهاتوویە.

کۆتایی بەرگی چوارەم

پێداچوونەوە،

٣١-١٠-٢٠٢٢

# ئەزموون و ژیان
# بەرگی پێنجەم

نووسین و ئامادەکردنی
محەمەد پشدەری
ئوستراليا

## پێشەکی

بەناوی کەسی بێکەسان

بەر لە هەموو شتێک، پێویستە بە سوپاسکردنی خوای گەورە دەست پێبکەم کە هەر لە سەرەتای دەستپێکی نووسینم؛ لە (ڕێنوێنەوە) کە لە فارسییەوە وەرمگێڕا بۆ کوردی و بەخۆشییەوە، سێ جار بەدوای یەکدا چاپ و بڵاو کرایەوە. دواتر نووسین و ئامادەکردنی بەرگەکانی (ئەزموون و ژیان) لە بەرگی یەکەمەوە تا بەرگی پێنجەم کە ئێستا لەبەردەستمدایە، پشت و پەنام بووە و بەردەوام هەر یارمەتی داوم. بە (داستان و ئەزموون)یشەوە، کە ئەویشم هەر لە فارسییەوە، وەرگێڕا بۆ کوردی و ئەویش جێی خۆی کردەوە لەناو پەڕتووکخانەی کوردیدا و کەوتە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست.

هەروەها سوپاسی (ناوەندی ڕێنوێن) دەکەم بۆ جوان چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانم، کە بوونە جێی ڕەزامەندی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی خۆشەویستی کوردستان. وێڕای هەموو ئەوانەش، کاک (هەرێمی دیزاینەر) کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، دیزاینی پەڕتووکەکانی کرد و نموونەیەکی جوانی خستە بەردەستی هاونیشتمانیانی خۆشەویست. هەروەها، دەستخۆشی لە گروپە خۆشەویستەکەی پڕۆژەی بەخشەرانی پەڕتووک دەکەم، کە بەوپەڕی دڵسۆزیی و لە خۆ بردوویییەوە، ئاواتەکانی منیان بەدیهێنا کە بەخشینی بەشێکی زۆر لە پەڕتووکەکانم بوو بەسەر خوێندکاران و خوێنەرانی بەڕێزی نیشتمانەکەم بوو. کە پێموایە چاکەکردن، ئەگەر تەنیا بە یەک چڵ گوڵیش بێت هەر کەم نییە. ئەوە گرنگە، کە لەچاکەکردن نەوەستین و تا ئەو جێگەیە کە دەتوانین و لە دەستمان دێت، بەردەوام بین. فەرموون ئەوە ئێوەی خۆشەویست و بەرگی پێنجەمی ئەزموون و ژیان.

**جوانی:**

مرۆڤەکان، هەموویان جوانن. مەگەر ئەوکاتانە کە دەکەونە ناو زەلکاویی درۆکردن.

**گومان:**

مرۆڤ، ئەوکاتە هەست بە لاوازیی خۆی دەکات، کە گومان لە ڕاستییەکانیشی دەکرێت.

**زمان:**

زمان، هەر بۆ ئەوە نییە کە قسەی پێبکەین و بەردەوام بیجوولێنین. بەڵکوو پێویستە، لە هەمانکاتدا کە قسە دەکەین، چاو و گوێ و دڵ و مێشکیشمان، وەگەڕخەین. بۆ ئەوەی بووار بە دەوروبەریشمان بدەین. تاکوو ئەوانیش بدوێن و ڕازیی دڵی خۆیان بگەیەنن.

**خواردن:**

ئەگەرچی زۆربەی خواردنەکان. سوودبەخشن و قازانجیان هەیە، بەڵام نە مرۆڤەکان هەموو خواردنێک دەخۆن، نە بەشێک لە ئاژەڵەکانیش، چێژ لە هەموو خواردنێک دەبینن.

**جۆرەکانی مرۆڤ:**

دوو جۆر مرۆڤ هەیە: گەورە و بچووک. گەورەکان ئەوانەن، کە بەڕاستی گەورەن، بەڵام خۆیان پێ بچووکە. بچووکەکانیش ئەوانەن، کە بەڕاستی بچووکن، بەڵام خۆیان پێ گەورەیە...!

**مەترسە:**

وەک پۆڵابە، لە کەوتنە خوار مەترسە.

وەک ئەڵماس بە، لە قوڵایی دەریا مەترسە.

وەک زێڕبە، لە وردوخاش بوون مەترسە.

وەک بەردبە، هەرگیز قورسایی خۆت لە دەست مەدە و مەجووڵێ.

**گوێدرێژ:**

ئەو ئاژەڵە، ئەگەرچی گیانلەبەرێکی بێ زیان و ماندوو و بە خزمەتە، بەڵام بەهەرشێوەیەک گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ناو و ناوبانگی هەر ناگۆڕێت.

**دەربەدەری و ئاوارەیی:**

لە دەربەدەری و ئاوارەیدا، مرۆڤەکان، یان خۆیان بزر دەکەن، یان خۆیان دەدۆزنەوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوەی تاکەکان.

**بێهیوا بوون:**

ئەو کاتانە لە ژیان بێهیوا دەبم، کە بێبەڵێنی لە کەسێکدا دەبینم! چونکە جوانی مرۆڤەکان، لە پاراستنی بەڵێن دایە.

**ڕووداوەکانی ڕابردوو:**

ڕووداوەکانی ڕابردوو، یان خۆشبوون، یان ناخۆش.

خۆشییەکان، ئاسوودەیی و ئارامی دەگێڕنەوە بۆ ناو دڵ و مێشک.

ناخۆشییەکانیش، زۆر جار دەبنە هۆی بێزاری و تەنانەت تێکدانی خەویی شەوانەش!

**توڕەیی:**

هەرکاتێک هەستت بە توڕەبوونی خۆت کرد، یەکسەر وێنەیەک لە خۆت بگرە. دوای ئەوەی کە گەڕایەوە سەر حاڵەتی ئاسایی، وێنەیەکی تر لە خۆت بگرە. دواتر بۆت دەردەکەوێت کە توڕەبوون، چۆن شێوەت دەگۆڕێت؟!

**خۆش ژیان:**

بۆ زۆر ژیان و خۆش ژیان، تەنیا یەک شت پێویستە. ئەویش، ڕاستییە.

**گەورەکردن:**

کەسانی بچووک لەسەرخۆت گەورە مەکە. چونکە خۆت و ئەوانیش، تووشی هەڵە دەکەی...! لە (فارسییەوە)

**پێشنیارێک:**

بۆ ئەوەی لە دەربڕین و نووسینی وشەکاندا زۆر هەڵە نەکەین، با لانیکەم ساڵێک، ڕێزمانی (عربی) بخوێنین.

**سوود لە دوو شت وەربگرە:**

یەکەم: لۆمەی نەیاران،

دووەم: ڕەخنەی دۆستا.

**باشترین هاوڕێ:**

باشترین هاوڕێ کەسێکە، کە لە ڕابردووت تێبگات و دان بە تواناکانتدا بنێت و بڕوای بە داهاتووت هەبێت.

**یاسای ژیان:**

یاســـــای ژیان ناگۆڕێت. ژمارەکان تا بەدوای یەکتردا زیاتر بکرێن، ڕێژەیان هەر زیاتر دەبێت. جگە لە (ســـفر)، کە هەرچەندە ســـفری زیاتری لە پێش و لە پاش، بۆ زیاد بکرێت، هەر نابێتە ژمارە... هەروەک هیچ، + هیچ، یەکسانە بە هیچ...

**دوو شت لە ژیاندا، زیان بەخشن:**

یەکەم: ژەهراویترین کرم، کە مێشک وێران دەکات، پرتە و بۆڵەیە.

دووەم: ترسناکترین چەک، کە برینەکەی هەرگیز چاک نابێەوە، زمانە.

**زمان:**

زمان مارێکی ژەهراویی و زۆر ترســـناکە. ئەگەر وریای نەبین، بە هۆی گازگرتن و پێوەدان، نەیاری زۆرمان بۆ درووست دەکات...!

**ڕێگەی ڕاست:**

تا دەتوانی، ڕێگەی ڕاست بگرە و بەردەوام هەوڵی خزمەتکردن بدە.

بەڵام دڵنیاشبە لەوە، کە هەرگیز ناتوانی، دڵی هەمووان خۆش بکەی...!

**هێز بۆ سەرکەوتنە، نەک دۆڕان:**

دروشمی شێر لەکاتی هێرش بردندا، یان ژیان یان نەمان نییە. چونکە بڕوای بە هێز و توانای خۆی هەیە. هەر بۆیە کەم واهەیە، هێرش ببات و ســـــەرنەکەوێت. هەر ئەوەشە کە نازناوی پاشای دارستانی بەسەردا براوە.

ئاسمانی ژیان بێ هەور نابێت!

لە ڕۆژی بەناو خۆشەویستیدا، بیرەوەری سەردانێکم بۆ نیشتمان، بیر هاتەوە و بە پێویستم زانی

**کە هەمان ڕووداوە ڕاستییەکە، بنووسمەوە:**

زۆر جار لێرە و لەوێ ئەو پەندە کوردیەم دەبیســـت: کە برا کاتێک برایە، کە برادەر بێت.

دوایی بە کردەوە بۆم دەرکەوت، نە هەموو برایەک دەبێتە برادەر، نە هەموو برادەرێکیش دەبێتە برا!

جارێکیان زۆر بیری هاوڕێیەکم دەکرد و هەســـــتم دەکرد کە دڵم لەلای ئەو زیاتر هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکات. بۆیە ئێوارەیەکی درەنگ بڕیارمدا بۆ شـەو بچم بۆ لای ئەو، تا کەمێک ورینە پێکەوە بکەین و بە کوردی، کەمێک کای کۆن بە بادا بکەین.

بەڵام کاتێک کە چووم، نە هاوڕێ، هاوڕێی جاران بوو، نە وڕینە و کای کۆن دەوری مابوو...! دوای سڵاوکردن و پێش هەواڵ پرسینی یەکتر، یەکەم پرسیار کە لێم کرا، ئەوەبوو: کە شەو میوانی کێی؟!
منیش بەهۆی گەڕۆکی و زۆر خەڵک بینین، هەر زوو لە مەبەستەکەی تێگەیشتم و وتم: تەنیا تینووی دیدارت بووم، ئەگەرنا بێ جێگە و بێ پەنا نیم...!
دوای کەمێک دانیشـــتن، ماڵاوایی یەکجاریم لێی کرد و چیتریش بڕوام بەو پەندە کوردیە نەما، کە وتراوە: برا، ئەگەر برادەر نەبێت، برا نییە...!
**نووسەر و بەرژەوەندی:**
نووسەرێک کە نووسینەکانی، تەنیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە و بەس، جیاوازیی چییە لەگەڵ ئاژەڵێکدا، کە لەناو مێرگێکدایە و هەر خەریکی خواردنە و بەس!؟
**فێڵباز:**
ئەگەر بیرت هەر لەلای کەسانی فێڵباز بێت، چێژ لە ژیان وەرناگری.
**ژەنگی ژینگە:**
ئەوانەی کە تەنیا ژەنگن لەسەر ژینگەی ژیان و مرۆڤایەتی، بوون و نەبوونیان وەک یەک وایە. هەر بۆیە پێویستە وەک نەبوو و سەیریان بکرێت و بۆ هەمیشە لە بیر بکرێن.
**هەڵە:**
ناکرێ ئێمەی مرۆڤ هەڵە نەکەین، دەبێ هەر بیکەین. چونکە هەڵەکان، لەگەڵماندا گەورە دەبن...!
بەڵام ئەوە گرنگە کە هەڵەی بە ئەنقەســـت نەکەین و بەردەوام هەڵە نەکەین. کە کردیشمان، ئەزموونی لێوەربگرین.
**لە ئاست کەموکورتییەکانی خەڵکدا:**
لە ئاست کەموکورتییەکانی خەڵکدا، نابینابە.
هەروەها بۆ گوێگرتن لە ڕەخنەکانی خەڵک، بۆ باشـــتر بوونت لە ژیاندا، هەمیشـــە گوێچکەکانت بکەوە و لەسەر هەست بە. چونکە ڕەخنەکان، وانەی ژیانن.
سیاسەت!
هەرکاتێک سیاسەت لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە، ویژدان لە پەنجەرەوە ڕادەکات...!

**ئاگر و نەزان:**

چۆن خۆت لە ئاگر دەپارێزی، ئاواش خۆت لە نەزان بپارێزە.

**گەورەترین هەڵەی ژیان:**

گەورەترین هەڵەی ژیان، لە سەرەتای خۆناسینەوە دەست پێدەکات. کە بەبێ ڕاوێژ، زۆر شت دەکرێ، کە نابێت بکرێ...!

**پێچەوانەی یاسای ژیان:**

بەشێک لە ئاژەڵە گۆشت خۆرەکان، گۆشت تا بۆگەن نەبێ، نایخۆن...!

بەشێک لە مرۆڤەکانیش، قسە تا بۆگەن نەبێت، دەرینابڕن...!

**کۆیلە بوون:**

مرۆڤ، تا خۆی بڕیار لەسەر کۆیلەبوونی خۆی نەدات، کەس ناتوانێت بە سەریدا بسەپێنێت.

**پەشیمانی:**

خەم لە ڕۆیشتنی تەمەن مەخۆ، خەم لە بەفیڕۆدانی کات بخۆ. چونکە زیانی زۆرت پێگەیشتووە و پەشیمانیش، سوودی نییە.

**ڕۆژانی ڕۆیشتوو:**

ڕۆژانی ڕۆیشتوو، هاوشێوەی دنکە شقارتە سووتاوەکانن. هەرچییەک بکەی جارێکی تر ئەوانە پێنابنەوە. تەنیا ڕەشایی ئەوانە، دەستەکانت پیس دەکات. ڕۆژەکانت بە بێهودە، مەسووتێنە. ڕەنگێکی جوانتر لە ژیانت بدە. لە (فارسییەوە)

**شکاندن:**

جگە لە دوو شت، هەرچی دەشکێنی، بشکینە.

یەکەم: بەڵێن،

دووەم: دڵی هیچ کەسێک.

**پەلاماردان:**

هەرکاتێک گورگ پەلاماریدای، خەمی لێمەخۆ. چونکە دڕندەیە و مافی خۆیەتی. بەڵام خەم لە مەڕ بخۆ، کە دەوری گورگ دەبینێت و گازت لێدەگرێت...! چونکە ئەو، لەگەڵتدا دەژیی.

**سوپاس و پێزانین:**

وێڕای زیاتر دڵخۆشبوون بە نووسین و چاپکردنی ئەزموون و ژیان و دواتر وەک دیاری پێشکەشکردنی بە خوێنەرانی خۆشەویست، لە ڕێگەی پرۆژەی بەخشەرانی پەڕتووکەوە، دیسان بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی ئەو خێزانە خۆشەویستە بکەم کە هەستان بە تۆمارکردنی دوو بەرهەم لە چاپکراوەکانم، وەک ئەزموون و ژیان، بەرگی یەکەم، داستان و ئەزموون و بڵاوکردنەوەیان بە شێوەی دەنگی. کە دڵنیام ئەو شاکارە، سوودیی زیاتر دەگەیەنێت بە کۆمەڵگە خۆشەویستەکەمان.

هەر سەرکەوتوو بن- محەمەد پشدەری

**وریا بوون:**

لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا، کە هەستت کرد کەسێکی ناحاڵی تێدایە، نە گوێی بۆ ڕادێرە، نە باسی لەگەڵدا بکە. چونکە لە هەردوو لاوە، زیان هەر بەخۆت دەگات.

**متمانە:**

چەندە شت زیاتر بزانی، کە نەتوانی متمانەی خەڵک بە دەست بێنی، وابزانە کە هیچ نی و هیچ نازانی.

**نووسین:**

هیچ نووسـینێکی خەیاڵی نانووسـم. هەرشـتێک لە واقیعی ژیانی خۆم و هەموو کەسێکدا بوونی نەبێ، یان ڕووی نەدابێ، هەرگیز بیری لێناکەمەوە.

**کڕنۆش بردن:**

هەرکەسـێک لە بەرانبەر پارە و پووڵدا، کڕنۆشـی برد، بوونەوەرێکی جیاواز لە مرۆڤ، دەردەچێت.

**کردار:**

هەرکەسێک وتە و کرداری دژ بەیەک بوو، کاتی لەگەڵدا بەفیڕۆ مەدە.

**گەشانەوە:**

دەموچاو و شـێوە و ڕوخسـارت، وا ڕابێنە، کە بە ڕووی هەموو کەسـێکدا، بگەشێیەوە. تا وەڵامەکەت، وەک خۆی وەربگریتەوە.

**نکۆڵیکردن:**

هەرکەسێک نکۆڵی لە نەتەوەبوونی خۆی بکات، نکۆڵی لە بوونی خۆشی دەکات.
مەبەسـت لە نکۆڵیکردن لە بوونی خۆی، ئەوەیە کە گومانی لە چۆنییەتی بەدنیا هاتنی خۆی هەبێت...!

**باوەڕی کوێرانە:**

باوەڕی کوێرانە بە دەسەڵات، گەورەترین دوژمنی حەقیقەتە. (ئەنیشتاین)

**هیچ:**

پەنا بۆ هەموو شـتێک مەبە، لە پێناو هیچ شـتێکدا. چونکە لە کۆتاییدا، دەبیەوە بە هیچ...!

**جێگرتنەوە:**

هەرکاتێک ڕق و کینە، جێگەی خۆشەویستی گرتەوە،
هەرکاتێک درۆکردن، جێگەی ڕاستی گرتەوە،

هەرکاتێک بوختانکردن، جێگەی موژدەی گرتەوە،
هەرکاتێک نەزانین، جێگەی زانستی گرتەوە،
هەرکاتێک وتەی ناشیرین، جێگەی وتەی جوانی گرتەوە،
هەرکاتێک بێوەفایی جێگەی وەفاداری گرتەوە،
هەرکاتێک ستەمکاری، جێگەی ویژدانی گرتەوە،
هەرکاتێک ڕیسوایی، جێگەی ڕێزی گرتەوە،
هەرکاتێک تەماحکاری، جێگەی قەناعەتی گرتەوە،
هەرکاتێک سامان، جێگەی عەقڵی گرتەوە،
هەرکاتێک ملکەچی و داماویی، جێگەی پیاوبوونی گرتەوە،
هەرکاتێک ناکەس، جێگەی کەسی گرتەوە،
هەرکاتێک بێشەرمی، جێگەی ئابڕووی گرتەوە،
لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، تۆ وریابە و لە هەموو کەسێک نزیک مەبەوە.

**جیاوازیی نێوان خۆر و مانگ:**

مانگ لە شەودا دەردەکەوێت و دیارنەمانیشی بێ کاریگەرە.
بەڵام خۆر، بە پێچەوانەوە، سرووشت و ژیان دەگۆڕێت.

**جوانی و جوان بینی:**

هەر گوڵێکی جوان کە دەبینم، جگە لە جوانی، هیچ شـــتێک لە ڕابردووی خۆمدا نابینم. ژیان بریتییە لە جوانی و جوان بینی.

**درووستکردن و وێرانکردن:**

هەرشتێک کە لە سەرەتادا درووست دەکرێت، ماندوو بوونی زۆریی دەوێت. چونکە بیرکردنەوەی زۆریی پێویستە. بەڵام بۆ تێکدان و وێرانکردن، کاتێکی کەمی دەوێت. مرۆڤ و کەسایەتیش، بە هەمان شێوەیە.

**ڕێگەی ئاشتی:**

جگە لە ڕێگەی ئاشتی، پەنا بۆ هەر ڕێگەیەکی دیکە ببرێت، پەشیمانی و ماڵوێرانییە.

**هەستکردن:**

هەرکاتێک نەزان، هەستی بە نەزانینی خۆی کرد، ژیانی واقیعی لەو کاتەوە دەست پێدەکات. چونکە هەڵە، بەتایبەتیی درۆکردن، کە بەشێکە لە نەزانین، کۆتایی دێت.

**سرووشتی ژیان:**

سرووشتی ژیان وایە، هەرکەسەو کەسێک هەڵدەبژێرێت، کە وەک خۆی بێت.

**ماڵاوایی:**

هەرکاتێک پەڕتووکخانەکان داخران، زانست ماڵاوایی دەکات.

**نەزان:**

هەرکاتێک نەزان بوو بە دەمڕاست، چاوەڕێی خۆشی و پێشکەوتن مەکە.

**فرمێسک ڕشتن:**

کاتێک گوڵەکان فرمێسک دەڕێژن، درختەکان تازیەبار دەبن.

**بانگەشە:**

عەتر کە بۆنی خۆشبێت، کڕیار خۆی داوای دەکات.

سیاسیش کە لەخزمەت خەڵک و نیشتماندا بێت، پێویستی بە بانگەشەی هیچ کەسێک نییە.

**نامۆ بوون:**

کە پشتت لە کەسێک کرد، ئەویش نامۆ دەبێت بۆ تۆ...

**دین و سیاسەت، عەقڵ و خوێندن:**

جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت، دین بەجوانی دێڵێتەوە. چونکە دین، هێڵی پەیوەندییە لە نێوان خوا و مرۆڤ دا. خوای گەورەش، جگە لە ڕاستی، هیچ شتێکی دیکەی قبووڵ نییە. بەڵام سیاسەت، هێڵی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤ و بەرژەوەندیدا. هەروەک دەشبینین، لە پێناو بەرژەوەندیدا، زۆر جار ڕاستییەکان پێشێل دەکرێن. کەوابوو دین و سیاسەت، دوو شتی لە یەکتر جیاواز و دژ بە یەکن. بە پێچەوانەی عەقڵ و خوێندن. هەرکاتێک عەقڵ لە خوێندندەوار جیا کرایەوە، واتا خوێندەوار چەندە پلەی بەرز بێت، ئەگەر بێبەش بێت لە عەقڵ، زۆر خراپترە لە نەخوێندەوارێکی بێعەقڵ.

**ئومێد نەبەخشین:**

داماوترین و بێچارەترین کەسانێک لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، ئەو کەسانەن کە هیچ ئومێدێک بەدڵی هیچ کەسێک نابەخشن! کە بەداخەوە، تەنانەت پەیوەندی کردنیشیان، دەبێتە هۆی نائارامی بۆ مێشک! چونکە لە ناخیاندا، ڕووناکی بەدیناکرێت.

**بەدوادا گەڕان:**

هەرگیز بەدوای شتێکدا مەگەڕێ کە نایدۆزیتەوە.

**دڵسۆزی بۆ نیشتمان:**

وڵاتێکی داگیرکەر، لەهەوڵی داگیرکردنی یەکێک لە وڵاتەکانی راوسـێی دا بوو. بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر وڵاتەکەی تر. سەرۆکی وڵات، چەندکەسێکی ڕەوانەی سنووری هەردوو وڵات کرد. کاتێک گەیشتن بە شوێنی مەبەست، تووشی باوک و کوڕێک بوون و پرسیاریان لە باوکەکە کرد تاکو بڕێک زانیاریان لەسەر خەڵک و وڵاتەکەیان پێبدات. کابراش وتی لەپێش چاوی من کوڕەکەم بکوژن، دواتر، هەرچی داوا بکەن پێتان دەڵێم. ئەوانیش داواکەیان ڕەتنەکردەوە و کوڕەکەیان کوشت! دوای ئەوە،

وتیان: بۆ ئەو داوایەت لە ئێمە کرد، تا جگەرگۆشەکەت بکوژین؟

باوکی کوڕەکەش وتی: ئەگەر پێشتر منتان کوشتبایە،

کوڕەکەم هەموو زانیاریەکی پێتان دەدا. چونکە منداڵ و

کەمئەزموون بوو. بۆیە هەر ئێستا منیش بکوژن، چونکە

هیچ زانیاریەکتان پێنادەم. ئەوانیش کە ئەوەیان بیست، گەڕانەوە بۆلای سەرۆکی

وڵاتەکەیان و هەموو شتێکیان بۆگێڕایە. ئەویش دوا

بیرکردنەوەیەکی زۆر، بە ەرسوڕمانەوە وتی: هەرگیز

بیر لە داگیرکردنی ئەو وڵاتە مەکەنەوە. چونکە وڵاتێک کە خەڵکەکەی دڵسۆز بێت، هیچ هێزێک ناتوانێت داگیربکات.

**سڕینەوە:**

ئەوەی کە دوێنێ مێژووی ژیانی بۆت دەنووسیەوە و لەلای پیرۆز بوویی و ئەمڕۆ خەتی بەسەردا هێناوە، پشتی پێمەبەستە. چونکە ئەو، جگە لەو پێنووسەی دەستی، کە ژیاننامەی زۆر کەسی دیکەی پێ نووسراوەتەوە، زیاتر بیری هەر لەلای ئەو ڕەشکەرەوەیە، کە هەرکاتێک بچووکترین شتی بەدڵ نەبوو، بۆ هەمیشە، بیسڕێتەوە.

**نکۆڵیکردن:**

نکۆڵی لە بینینی مانگ دەکەی، بەڵام ئەستێرەیەکی بچووک دەبینی!

**خۆری ژێر هەور:**

زۆر جار کەسە دڵسۆزەکان، هاوشێوەی خۆری ژێر هەورن. بەڵام کە دەردەکەون، هێزت پێدەبەخشن.

**بەردەوامی و درێژەدان بە ژیان:**

بۆ ئەوەی بەرنامەی ژیانت هەرەس نەهێنێت و زیان بە پەیوەندییەکان نەگات، لە بەهانەگرتن و بڕوبیان و هێنانەوە، خۆت بە دوور بگرە.

**بێوەفایی:**

یەکێک لەو شـــتانەی کە دەبێتە هۆی پســـانی هێڵی پەیوەندی نێوان خوا و مرۆڤ، بێوەفاییە. کە بەداخەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی گرتووەتەوە! هەر ئەوەشە کە زۆر جار ئاســـمان لە زەوی توڕە دەبێت و باران نابارێت. یان کە دەشـــبارێت، توڕەبوونێکی زۆری پێوە دیارە و دەبێتە هۆی درووستبوونی لافاو و وێرانی...!

**سوود وەرگرتن:**

سـوود لەو کەسـانە وەربگرە کە، لە دژت دەدوێن. نەک لەو کەسـانە، کە دەسـتت بۆ لە مل دەدەن...

**بکوژ:**

ترسناکترین نەخۆشی، کە بەبێ ئازار مرۆڤ دەکوژێت، شـێرپەنجەیە. بە ئازارترین خەمیش، کە ناخی مرۆڤ دەســـووتێنێ، ئەو خەمەیە، کە تێکەڵ بە دڵ و مێشـــک و جەستە دەبێ، بەڵام نابینرێت!

**متمانە:**

هیچ خەم لەوە نـاخۆم، کە درۆت لەگەڵدا کردووم، بەڵام زۆر بە پەرۆشـــم، کە متمانەی خۆت لەلا نەهێشتووم...!

**لەدەستدان:**

مرۆڤەکان، زۆر جار بۆ بەدەســـتهێنانی دەســـتکەوتێکی بچووک، دەســـتکەوتی زۆر گەورە لەدەست دەدەن...!

**لەگەڵ خەمدا مەژی:**

خەم دوژمنێکە، هەموو ئەو شتانەت لەکار دەخات، کە تۆ بەبێیان ناژی:
مێشک، دڵ، چاو، گوێ، زمان، هەست، بیرکردنەوە، بڕیاردان، دڵخۆشی، تێکەڵبوون، بەرەو پێش چوون، هەڵسوکەوت و زۆر شتی تریش...

**ئەوەی کە دوێنێ کردووتە:**

ئەوەی کە دوێنێ کردووتە و ئەمڕۆ لێی پەشیمانی، مێژوویەکی جوان تۆمار دەکەی بۆ بەیانی. بەڵام کە درێژەت بە کردارە ناشیرینەکانتدا و پێشت وا بێت کە کەسێکی

ناوازە و لەبەردڵانی، دڵنیابە کە پێچەوانەکەی ڕاستە و، تۆ نەشیاوترین کەسی جیهانی...

**خۆت بە:**

ئەگەر نەتوانی خۆت بی، وەک ئەوەیە کە هەر نەبی...

**پێداچوونەوە:**

کە پێتوابێ خەڵک هەمووی چاوی لە تۆیە و لە دژی تۆیە، پێچەوانەکەی ڕاستە و بە عەقڵ و هۆشتدا بچۆوە. چونکە خەڵک هەمووی خراپ نییە و دڵنیابە، کێشە لە تۆیە...

**دەستەمۆ:**

تاک، یان کۆ، کە خاوەنی خۆی نەبوو، خاوەنی وتە و بڕیاری خۆی نەبوو، هیوات پێی نەبێ و ڕۆژێک هەر دەبێ دەستەمۆ...!

**پاراستنی جوانی:**

بۆ ئەوەی جوانیت بپارێزی، وریای زمانت بە.

بۆ ئەوەی خۆشەویستیت ڕابگری، زۆر گلەیی و قسە و باس مەکە...

**وانەی ژیان:**

ئەگەر لە هەموو کەسێک، ئەزموونێک وەرنەگریت و وانەیەک فێر نەبی، لە ناوەرۆکی ژیان تێناگەی.

**گوێڕاگرتن:**

زیاتر گوێ لە ڕەخنەی ڕەخنەگران بگرە، نەک دڵخۆشبوون بە بێدەنگیەکەیان.

ڕەخنەکان، وریات دەکەنەوە، بەڵام بێدەنگی، بەردەوامیت پێدەدات بۆ زیاتر بوونی هەڵەکان.

**خۆ بزرکردن:**

کاتێک مرۆڤ، بە ناو و نیشانێکی ترەوە دەردەکەوێت، ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات و ناو و ناوبانگی بۆ هەمیشە کوێر دەبێتەوە.

**دان پێدانان:**

مرۆڤ، ئەوکاتە مرۆڤبوونی خۆی دەسەلمێنێت، کە هەڵەی کرد، هەستی پێبکات و دانی پێدا بنێت. تا بۆ هەمیشە کۆتایی بە کێشەکان بێت و جارێکی تر دووبارە نەکرێنەوە.

**دوو کەس هەرگیز لەبیر مەکە:**
یەکەم: کەسێک کە دڵت خۆشدەکات،
دووەم: کەسێک کە دڵت دەڕەنجێنێت.
یەکەمیان، جارێک سوپاسی بکە، چونکە خۆشی بەدڵت بەخشیوە.
دووەمیان، دوو جار سوپاسی بکە، چونکە هێزی بە مێشکت بەخشیوە.
**تاراوگە:**
تاراوگە، هاوشـــێوەی دەریایە. هەرکەســـێک مەلەوانی چاک نەبێ، یان دەخنکێ، یان بزر دەبێ و بێســـەروشـــوێن دەبێ. مەبەســـت لە مەلەوانی، بڕوابەخۆبوونە، بەهێز بوونە، خۆ بەکەم نەگرتنە، خۆ نەدۆڕانـدنە، ڕێگەی چەوت نەگرتنە، هـاوڕێیەتی هەموو کەسێک نەکردنە، خۆ پەروەردەکردنە. ڕێگەی سەرکەوتن و مانەوە، یەکجار زۆرە.
**جیاوازیی نێوان کۆیلە و مەڕ:**
کۆیلەکان بە تاک بژێوی ژیانیان بۆ فڕێ دەدرێت.
بەڵام مەڕەکان، بە کۆمەڵ خواردنیان بۆ ڕۆدەکرێت.
**وەفا:**
وشـــــەی پیرۆزی وەفا، مەکە بە ملوانکە و بەملی هیچ کەســـــیدا مەکە. لێبگەڕێ با ڕۆژگار، ئەو بڕیارە قورسە بدات...
**دەروونناسی دەڵێ:**
کاتێک زۆر سـەرنج لەسـەر کێشـەکان بدەی، کێشـەی زیاترت دەبێ. کاتێک سـەرنج بدەی لەسەر ئەگەرەکان، دەرفەتی زیاترت دەبێ.
**شێوەی دەربڕین:**
تۆ ئەو هەستانەم پێدەدەی، کە خەڵک، ڕۆمان دەربارەی دەنووسن. لە (ئینگلیزییەوە)
**توڕەیی:**
لەو شوێنە کە توڕەیی هەیە، هەمیشە لە ژێرەوە ئازار هەیە. لە (ئینگلیزییەوە)
**فریودان:**
هەرشـــــتێک کە وەک خۆر داهاتووەکەت لێوە دیار نەبێ کە دەیکەی، نە خۆت فریو بدە، نە خەڵکی دیکەش.

**باب- باوک:**

باب یان بابە، لە کوردیدا مانای باوک دەدات. بەڵام لە عربی دا، مانای دەرگایە. ئەگەر بەجوانی بیری لێبکەینەوە، باب هەمان مانا دەدات کە لە عەرەبیەکەدا هەیە. چونکە بەڕاستی دڵی باوک، هەمیشە کراوەیە، بۆ منداڵ. خۆ ئەگەر منداڵیش هەست بەو ڕاستییە نەکات، ئەو دەرگایە، هەر داناخرێت و هەمیشە هەر کراوەیە.

**کەسانی خاوەن بەهرە:**

کەسانی گەورە و خاوەن بەهرە، هەرگیز شتی بچووک ناکەن. هەروەک کەسانێک کە لە ناخدا بچووکن، ناتوانن شتی گەورە بکەن...

**وەستاندن:**

تا ئەو کاتە، خۆت بڕیاری وەستان نەدەی، جگە لە یاسای ژیان، هیچ کەس ناتوانێت تۆ بوەستێنێ...

**مرۆڤ بوون:**

بۆ ئەوەی نموونەیەکی جوان بی، هاوشێوەی پەلکە زێڕینەبە و جگە لە ڕەنگە جوانەکانی مرۆڤ بوون، هیچ ڕەنگێکی دیکە، پێشانی خەڵک مەدە. چونکە مرۆڤبوون، سەرجەم جوانییەکانی تێدایە.

**ڕوو وەرگێڕان:**

هەرکاتێک ڕووت لە نزیک و دڵسۆزەکانت وەرگێڕا، زۆری پێناچێت، بە لاوازی ڕووبەڕووی نەیارەکانت دەبیتەوە.

**ئاوابوونی خۆر:**

خەم لە ئاوابوونی خۆر مەخۆ، چونکە بەیانیش وەک پێشتر، دەگەڕێتەوە.

**هەمیشە ژیان:**

بۆ ئەوەی هەمیشە بژی، تەنیا هەر بۆ خۆت مەژی.

**بۆ خوشکان و پیاوان:**

بۆ خوشکانی بەڕێز، تەنیا جوانی بەس نییە.

بۆ پیاوانی خۆشەویستیش، تەنیا هێزی بازوو، بەس نییە.

**بینای بەرز:**

درووستکردنی بینایەکی بەرز، ئاسانترە لە بینایەک، کە بڕوخێندرێت و دواتر چاک بکرێتەوە.

**ستەمکار و ستەم لێکراو:**

ستەمکار، هەرکاتێک بیرۆکەی ستەمی بە مێشکداهات، هەر لەوکاتەدا دڵخۆشی لەدەست دەدات. چونکە دەنگی ویژدان لەناو دڵ و مێشکیدا بەرز دەبێتەوە و پێی دەڵێ: هەر لە ئێستاوە چاوەڕێ بکە، کە زۆر شت لەدەست بدەی. یەکێک لەوانە، کەسایەتییە، ئینجا بەهەر هۆیەکەوە بێت...!

ستەم لێکراو، هەرکاتێک هەستی بەوە کرد کە ستەمی لێدەکرێت، دڵخۆشییەک جێگەی خەم و نائومێدی بۆ دەگرێتەوە. ئەویش هەر بەهۆی هاواری ویژدانەوەیە، کە پێی دەڵێ: ئارام بگرە. چونکە کەسێک هەیە کە ئاگای لە تۆش و لە ئەویش هەیە و بە هیچ شێوەیەک، ستەم لە هیچ کەسێک قبووڵ ناکات. هەروەها، لە بەرانبەر ئەو زیانەشدا کە لێت دەکەوێت، پاداشتی زۆر باشتر وەردەگریتەوە.

**بێزاریی:**

مرۆڤ، تا ئەوکاتە دڵی بە ژیان خۆشە، کە لەشێکی ساغی هەیە. پیاوێکم دەناسی، پارەیەکی زۆری خەرج کرد تا چاوێکیان بۆ دەرهێنا...! چونکە لێی بێزار بوو... خەڵکی وڵاتی ئێمەش، دوای ئەو هەموو بەدبەختیانە کە بەسەری هاتووە، ئێستا مەمنوونە بێگانە حوکمی بکاتەوە...! چونکە ئەوەی کە چاوەڕێی بوو، نەهاتەدی...!

**ناسنامەی مرۆڤبوون:**

مرۆڤ، هەرکاتێک ناسنامەی مرۆڤبوونی خۆی بزر کرد، بە هیچ شێوەیەک لێی نزیک مەبەوە.

ناسنامەی مرۆڤ، تەنیا بە شێوە مرۆڤبوون نییە، بەڵکوو خۆناسین و هەبوونی ویژدانە...!

**زمانی دایک:**

هەر نەتەوەیەک، ڕێز لە زمانی دایک بگرێت، بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**تێنەگەیشتن:**

هەرکاتێک هەستت کرد، ناتوانی لە زمانی کەسێک تێبگەی و لە ناخت تێنەگەیشت، بەبێ هودە کاتی خۆت لەدەست مەدە. (تێنەگەیشتن لە زمان، ئەوەنییە، کە هاوزمان نەبی، بەڵکوو تێنەگەیشتن لە بۆچوونی یەکترە.)

**ڕووداوەکان:**

ڕووداوەکان، یان بە ئازار بوون، یان بێئازار. لە بە ئازارەکان، ئەزموون وەربگرە و لە بێئازارەکانیش، وانەی ژیان.

**پێنووس و خەت کوژێنەوە:**

تا هاوڕێیەتی پێنووس و خەت کوژێنەوە نەگات بە لوتکە، ئێمە ناتوانین هەڵەکانمان ڕاست کەینەوە.

**دڵگەورەیی:**

ئەوانەی کە دڵیان گەورەیە، مێشـکیان کراوەترە. تا مێشـکیش کراوەتر بێت، هیوا بە ژیان زیاتر دەبێت.

**گەیشتن بە ئامانج:**

ئەوەی کە مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئامانجی ڕاســتەقینە، مێشــکێکی ئارام و ویژدانێکی دادپەروەرە.

**دەرکەوتن:**

کە تیشکی خۆر دەرکەوت، جوانییەکانی سەر زەویش دەردەکەون.

**تایبەتمەندی:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی زانا، ئەوەیە کە نەیاریش بێت، هەر ســـوود بەخشە.

**ڕازاندنەوە:**

مرۆڤ، هەر وەک چۆن دەتوانیت دیوی دەرەوەی خۆی ڕێک بخات و بڕازێنێتەوە، ئاواش دیوە شاراوەکەی پاک کردبایەوە، زۆر جوانتر لەوە دەبوو کە هەیە.

**نزیک کەوتنەوە:**

هەرگیز لە کەســـێک نزیک مەبەوە، کە لەکاتی دەمکردنەوەیدا، هەســـت بە ترس و نائارامی بکەی. چونکە زۆر کەس بێئاگایە لەوە، کە برینی زمان چاکبوونەوەی زۆر ئەستەمە...!

**ئەو وشانەی کە پێویستە ڕاست بکرێنەوە:**

یەکەم: بەژدار، بەشدار.

دووەم: بشیت، بژیت.

سێیەم: تەندرووست باش، لەشساغ.

چوارەم: ماندوو نەناس، ماندوویی نەناس.

هەرکەسێک کەمێک هەڵەکانی خۆی ڕاست کاتەوە، کێشەکانیش، کەمتر دەبنەوە.

**قوربانیدان:**

هەر وەک چۆن مۆم تا نەســـووتێ، ڕووناکی نادات، مرۆڤیش تا قوربانی نەدات، هەرگیز نابێتە کەسێکی سوود بەخش بۆ کۆمەڵگە.

**قسەکردن:**

کاتێک کە قسە بۆ بەرد دەکەی، هەرگیز چاوەڕێی وەڵام مەکە.

**نرخ بۆ دانان:**

هەرکەسێک زیاتر لە لێهاتوویی خۆی نرخی بۆ دانرا، تووشی سەرلێشێوان دەبێ. چونکە ئەوە نەبووە کە دەیبینێت و دەیبستێ.

**باجی تاراوگە:**

کێشـەی گەورەی کوردانی داماوی تاراوگە، ئەوەیە کە بەهەر نرخێک کە لەتوانایاندا بێت، هاوکاری کەســـێک بکەن کە بیبەن بۆ لای خۆیان و خزمەتێک بە ویژدان و مرۆڤایەتی بکەن. بەڵام، لە کۆتاییدا، پاداشتەکە جگە لە باجدان، هیچی تر نییە...!

لەو ئەرکە پیرۆزەدا، سەرکەوتن یان بەدەست دێت، یان بەدەست نایە. کە بێگومان، لە هەردووکیاندا، جگە لە دوور کەوتنەوە و سارد بوونەوە، هیچ سوودێکی دیکەی نەبووە...! بۆ ئەو مەبەستەش، چەندین نموونەی زیندووم هەیە...

لێرەدا تەنیا یەک سوود کە بەدیم کردبێت، ئەوە بووە، کە ئەو پەندە کۆنەی پێشینان، ڕەتدەکرێتەوە کە فەرموویانە: چاکە بکە و بیخە ناو جۆگەی ئاوەوە...

بەداخەوەم کە ئەوە دەڵێم: لەو تەمەنەی خۆمدا کە بەسەرم بردووە، لە بەرانبەر هەر چاکەیەکدا کە بە شـــانازیەوە کردوومە، لەبریی چاکە، تەنیا بە خراپە وەڵامم دراوەتەوە...!

کاتێک کە ئاماژە بەخۆم دەکەم، مەبەســـتم هەر خۆم نییە... بەداخەوە ڕۆژگار شێوێنراوە و مرۆڤایەتی خەریکە بەلاڕێدا دەڕوات و زیانی زۆر گەورەی پێدەگات...!

**بێبەڵێنی:**

یەکێک لە هۆیە ســـەرەکیەکانی دوور کەوتنەوەی کۆمەڵگە لە یەکتر، بێبەڵێنی و کەمتەرخەمیە...

**مامۆستا شەریفی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:**

هاوڕێیەکم هەبوو و فکرەشـــمان جیاواز بوو. هەردووکمان هەوڵمان دەدا کە خاڵی لاوازی یەکتر بەدەســـت بێنین. دەڵێ: هاوڕێکەم، کە بیرۆکەی کۆمۆنیســـتی هەبوو، ڕۆژێک وتی:

لەگەڵ خێزانمدا کێشـەمان زۆرە. منیش وتم: کە کێشـەتان زۆرە، لێیدەدەی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: نەخێر لێینادەم. منیش وتم: ئەی کە کێشـەتان هەیە، چۆن لێینادەی؟ هاوڕێکەم لە وەڵامدا وتی: چونکە من بەهێز ترم و پێی دەوێرم...

مامۆستا شەریفی دەڵێ: تاکوو ئێستا، وەڵامی ئاوا جوانم وەرنەگرتووەتەوە...

بەڵام بەداخەوە، زۆر کەس سـوود لە تواناکانی وەردەگرێت، بۆ ئازاردانی کەسـانی بێهێز...! کە ئەوەش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان. چونکە کەسـانی بێهێز، پێویسـتیان بە هاوکاری و یارمەتیدان هەیە، نەکە چەوساندنەوە و ئازاردان...!

**هاوشێوەی خۆربە:**

خۆر دنیا ڕووناک دەکاتەوە، تۆش دڵەکان ڕووناک بکەوە.

**کات:**

کات سەنگی مەحەکە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان.

**لەدەستدان:**

زۆر جار، زۆر شـت لە پێناو سـامان و دەسـەڵاتدا، لەدەسـت دەچێت. کە نرخەکەی، هەرگیز بەراورد ناکرێت!

**یاسای خوا:**

خوای گەورە بۆ هەموو کەسێک سنوورێکی دیاریکراوی داناوە. هەرکاتێک ویستی لەو سـنوورە بپەڕێتەوە، نەک تەنیا ئەوەی کە هەیەتی لەدەسـتی دەدات، بەڵکوو دەبێتە پەندی ڕۆژگار و دەشکێت و هەرگیز جێی خۆی ناگرێتەوە...!

**چۆن ژیان:**

کات و سـاتەکانی ژیان، زۆر بە پەلە گوزەر دەکەن. کەوابوو، زۆر وریابە، کە چۆن هەڵسوکەوت بکەی؟!

**بەدەستهێنان:**

دەتوانی بەدرۆ، زۆر شت بەدەسـت بهێنی، بەڵام لە کۆتاییدا شـکسـت دەهێنی.وانەی

**ژیان:**

ژیـان، چ خۆشـبێ، یـان نـاخۆش، هەر جوان و بەنرخە. چونکە هەموو ڕۆژێـک، وانەیەکی بەسوودت فێر دەکات.

**ئازادی:**

ئەگەر نەتوانین بە ئازادی بژین، ناتوانین بە ئازادی بیر بکەینەوە. کە نەشـتوانین بە ئازادی بیر بکەینەوە، هەرگیز ناتوانین وەک پێویست بڕیار بدەین.

**هاوشێوەی ئاگر:**

بەشـــێک لە مرۆڤەکان، هاوشـــێوەی ئاگرن! تا زیاتر لێیان نزیک بیتەوە، زیاتر دەتسووتێنن.

**گلەییکردن لە ژیان:**

گلەییکردن لە ژیـان، دەرگـاکـانی دڵخۆشـــی، دادەخـات. کەوابوو، هەمیشـــە بە گەشبینییەوە سەیری ژیان بکە.

**دووریی وڵات:**

گەرچی زۆر دوورم لە وڵاتەکەم
بەڵام بەردەوام هەر بیری دەکەم
ئەگەر نەشتوانم هیچی بۆ بکەم
(ئەزموونی ژیان) و خەوی شەوانم
دەکەم بە دیاری و پێشکەشی دەکەم

**هەموو شتێک کاتییە:**

دنیا کاتییە،
ژیان کاتییە،
خۆرهەڵات و خۆراوابوون کاتییە،
شەو و ڕۆژ کاتییە،
کاتژمێر و خولەک و چرکە ساتەکان کاتییە،
ساڵ و مانگ و وەرزەکان کاتییە،
لە دایکبوون و بەدنیا هاتن کاتییە،
هاوڕێیەتی و خزمایەتی کاتییە،
پێکەنین و زەردەخەنە و گریان کاتییە،
بەرژەوەندیی بچووک و گەورە کاتییە،
نزیک بوونەوە و قسەی خۆش کاتییە،
پلان دانان بۆ دوا ڕۆژ کاتییە،
هەرچی لە دنیادا هەیە کاتییە،
مانەوە لە ژیاندا کاتییە،
پێدا هەڵدان و زمان لووسی کاتییە،

پشت بە هیچ شتێک مەبەستە. جگە لە بوونی خوای گەورە، هەرچی کە هەیە، هەر هەمووی کاتییە.

**فێڵ لە خۆت مەکە:**

لە دوو حاڵەتدا پێویستە وریابی:

یەکەم: ئەگەر دڵنیای، تۆ کەسێکی بێ زیانی، وا تێمەگە، هەموو کەسێک وەک تۆیە.

دووەم: کە پێتوایە، تۆ کەسێکی تاوانکاری، وامەزانە کە هەموو کەسێک تاوانکارە.

مرۆڤەکان، بە شێوە لە یەک دەچن، بەڵام لە بیرکردنەوەدا، زۆر جیاوازن...!

**بەردەوامبە:**

لەکەوتن هەرگیز مەترسە

بەردەوامبە و مەوەستە

نەک بۆ پلەوپایە و خۆ نواندن

تەنیا بۆ ئەو شتە کە مەبەستە

هەر ئامانجێک هەوڵی بۆ بدەی پێیدەگەی.

**ڕامالین:**

هەر بینایەک بناغەکەی لەسەر ئاوبێ، شەپۆلەکان ڕایدەماڵن.

**هیچ شتێک ناگەڕێتەوە:**

هەر وەک چۆن تیر کە لە کەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە، چاکە و پیاوەتیش، کە لەکاتی خۆیدا نەکرا، هەلێکی زێڕین لەدەست چووە و ئیتر ناگەڕێتەوە.

**جیهانی ئەمڕۆ:**

جیهانی ئەمڕۆ، وەک لەپی دەست وایە. هیچ شتێک لە هیچ کەسێک شاراوە نییە.

**ڕووبار:**

دڵت هاوشێوەی ڕووبار بێت. وەک بەردەکانی ناو ئاو، تەنیا شتە قورس و بەسوودەکان لەناویدا هەڵبگرە.

**مانەوە لە ژیاندا:**

ئەگەرچی زۆر ژیانیش، ناخۆشی خۆی هەیە، بەڵام سوودەکەشی لەوەدایە، کە مرۆڤ تا زیاتر بژیەت، زیاتر لە وانەکانی ژیان فێر دەبێت و ئەزموونی زیاتر بەدەست دێنێت. چونکە خەڵکی جۆراوجۆر زۆر دەبینێت و لەهەر کامێکیشیان، سوودێکی زۆر وەردەگرێت.

**ژنان:**
ژنان، بەرزترین بینای ژیانن. بۆیە ڕەوانییە، کە پیاوان بە هیچ بیانوویەک، هەوڵی ڕووخاندنیان بدەن.
**چاوەڕێی سەرکەوتن:**
تا ئەوکاتە چاوەڕێی سەرکەوتن بکە، کە دڵنیابی لەگەڵ خوا و ویژدانتدا ڕاستی.
**هەڵە بکە:**
هەڵە بکە، بۆ ئەوەی چیتر هەڵە نەکەی. چونکە تا هەڵە نەکەی، لە ژیان تێناگەی.
**تاریکی:**
هەر وەک چۆن تاریکی ڕووناکی دادەپۆشــێ، خەم و پەژارەش، ڕووخۆشــیی دادەپۆشێ.
**خۆری ژێر هەور:**
زۆر جار، کەسە دڵسۆزەکان، هاوشێوەی خۆری ژێر هەورن. بەڵام کە دەردەکەون، هێزت پێدەبەخشن.
**دووڕوویی:**
لە ژیاندا ئەگەر دووڕوویی نەبێ، جیهان، هاوشێوەی بەهەشت دەبێ.
**خاڵی لاواز:**
دیارترین خاڵی لاوازی هەرکەســێک، پەنا بردنە بۆ دوژمن، لە پێناو مانەوەیدا! هەروەها، لە ئەویش لاوازتر، ئەو کەسەیە کە لە پێناو بەدەستهێنانی تیکەیەک ناندا، کڕنۆش دەبات و ناو و ناوبانگی خۆی ناشیرین دەکات!
**نیشتمان:**
نیشتمان، پێویستی بە دوو شتە:
یەکەم: خەڵکێکی دڵسۆز،
دووەم: سەرکردەیەکی ئازا و دڵسۆز و نەترس.
**سیاسەت:**
سیاسەت، وەک هاوڕێیەتی بەدرۆ وایە. تا ئەو کاتە جێی دڵخۆشییە، کە بەرژەوەندی لە نێواندایە.
**ڕووناکی:**
ژمارەی ئەســتێرەکان لە ژماردن نایە، بەڵام ئەوەی شــەوگار ڕووناک دەکات، هەر مانگە.

**چاو و دڵ:**
کاتیک چاو و دڵ هەردووک دەبینن،
ناکرێ هەموو شت وەک یەک نەبینن؟
**جوان مانەوە:**
ئەو شتانەی کە مرۆڤ بەجوانی ڕادەگرن، ئەو خاڵانەی خوارەوەن:
وەفاداری،
ویژدانی ئاسوودە،
نییەتپاکی،
بڕوابەخۆبوون،
خاوەن بەڵێنی و ڕاستگۆیی.
لەهەرکەسێکدا کە ئەو خاڵانە بوونیان نەبێ، لە ناخەوە خۆشحاڵ نابی. خۆشحاڵ نەبوونیش، هۆی تێکچوونی شێوە و جەستەیە. کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ناشیرین بوون.
**وریای ئەو شتانەی خوارەوەبە:**
کە لەسەرچاوەیەک ئاوت خواردەوە، دوایی بە دار و بەرد و زبڵ و خاشاک، پڕی مەکەوە.
هەرگیز دژایەتی پزیشکێک مەکە، کە چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکانت.
بێڕێزی بەو مامۆستایە مەکە، کە تۆی لە نەزانی ڕزگار کردووە.
کەسێک کە چاکەی لەگەڵدا کردی، لە بیری مەکە. یان لانیکەم، بە خراپە وەڵامی چاکەکانی مەدەوە.
پەیژەیەک کە پێیدا سەرکەوتی، دواتر مەیشکێنە. چونکە ژیان، هەمیشە سەرکەوتن و دابەزینی تێدایە...!
**بیرکردنەوە:**
بەبێ بیرکردنەوە، هەرشتێک بکرێت، پەشیمانی بەدوادا دێت.
**ئاسوودەی:**
مرۆڤ کە میهرەبان بێ، تەنانەت ئاژەڵەکانیش هەست بە ئاسوودەیی دەکەن.
**گەشبین بە:**
ئەوەندە گەشبین بە، وابزانە ئەو جیهانە هی تۆیە.

**بیرکردنەوە:**

جوانترین بیرکردنەوە، جوانترین وتە بەرهەم دێنی. جوانترین وتەش، جوانترین نووسین دەڕەنگێنێ.

**ڕاستی:**

هەرکەسێک دڵنیا بوو لەوە، کە متمانەی پێدەکرێ، باش وایە، جگە لە ڕاستی پەنا بۆ هیچ شتێک نەبات.

**ئاسوودەیی:**

ئەگەر دەتەوێت هەمیشە ئاسوودەبی، پەنا بۆ ناڕاستی مەبە.

**ژن:**

ژن، واتا ژیان. ژیانیش، واتا خۆشەویستی و ڕێزلێنان.

**پێناسەی ژن:**

دوو پیت، کە بوون بە هۆی جوانکردنی ژیان و ڕازاندنەوەی جیهان، دوو پیت، کە بریتیین لە ناوێکی بەرز و پیرۆز:

ناوێک کە تەنیا پێکهاتەی دوو پیتە، بووە بە سەرچاوەی ژیان. بووە بە سەرچاوەی داستان و ڕۆمان. بووە بە سەرچاوەی شیعرو بەستەو گۆرانی و پێدا هەڵدان. بووە بە سـەرچاوەی دروستبوونی مرۆڤایەتی. بووە بە هۆی ڕازاندنەوەی ژینگە و ئاوەدانی. بووە بە هۆی تێڕوانین و بەهێزکردنی هزرو بیری، بیر مەندان و ئەدیبان. بووە بە هۆی درووست بوونی پەیوەندی؛ نەک هەر لە نێوان مرۆڤە ڕەسەن و ژیان دۆستەکاندا، بەڵکوو لە نێوان سەرجەم بوونەوەرەکانی سەر ڕووی زەویی. بووە بە فێرگەی زانسـت و بەرەو پێشـچوونی کۆمەڵگە. بووە بە هۆی خۆشـەویسـتی ڕاسـتەقینە و نزیککردنەوەی مرۆڤەکان لە دەوری یەکتر. بووە بە هۆی پاراسـتنی ڕاز و نیازەکانی کۆمەڵگە و دابینکردنی هەست و سۆز و خۆشـەویستی لە نێوان سـەرجەم پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی سـەر زەویی. ئەو ناوە پیرۆزەش، بریتییە لە وشـەی (ژن). کاتێک کە گوێ بیستی ئەو ناوە دەبین، جگە لە جوانی و نرخ و بەها و هێز و توانا، هیچ شـتێکی تر نابینین. هەر کە باس لە ژیان دەکرێت، ژن لە سـەر شـاشـەی دڵ، بە گەورەیی دەردەکەوێت. کە باس لە پەروەردە دەکرێت، دەبینی کە فریشـتەیەک لەسـەر شـێوەی ژن، وەک دایک، وەک خوشـک، وەک هاوژین، وەک مامۆستا و نۆژدارو و، وەک هەستێکی ئاسوودە بەخش و هاوشێوەی ڕۆح، خۆی دەردەخات و لە ئاسـمانی ژیاندا دەردەکەوێت... کاتێک کە باس لە ماڵ و بەیەکەوە

ژیان دەکرێت: ئەو وتە باوە دێتە سەر زار و دەوترێت: ژن و ماڵ... واتا هەر ماڵێک کە ژنی تێدا نەبێت، هاوشـێوەی کەلاوەیەکە، کە چەندە لەناودا جوان و ڕازاوە بێت، وەک چۆڵ و بیابان دەبینرێت. کاتێک کەباس لە سـەرکەوتنەکان دەکرێت، یەکسـەر ناوی ژن دێت و دەوترێت: لە پشـت هەر پیاوێکی ئازا و بەتوانا و لێهاتوو، ژنێکی ئازا و نموونە هەیە. هەموو ئەوانە و چەندان شـتی تریش، لە ژن دا بوونیان هەیە.
هەر ئەوەشە کە خوای گەورە ڕێزیی تایبەتیی بۆی داناوە...
ژن لە یەک کاتدا، دوو شتی زۆر گەورە لە باوەش دەگرێت: کە یەکیان مرۆڤایەتییە، ئەوەی تریشـیان، جیهانە. وێڕای ئەوانەش، بیری هەر لەلای ژیانە. هەر بۆیە بەوە ڕازاوەتەوە کە جوانترین پێناسەی هەڵگرتووە، کە (ژیانە)٠

**جوان بیرکردنەوە:**

ئەگەر جوان بیر لە ژیان بکەینەوە، جگە لە جوانییەکان، هیچی تر نابینین.

**خوێندنەوە:**

بەرزترین پلەی سەرکەوتن، خوێندنە. لە ئەویش بەرزتر، خوێندنەوەیە.

**چێژ وەرگرتن لە ژیان:**

ئەگەر دەتەوێت چێژ لە ژیان وەربگری، هەرگیز نە خۆت و نە ژیانیشـت، بەراورد مەکە لەگەڵ هیچ کەسـی تردا. چونکە خوای گەورە، زۆر شـتی بە تۆ بەخشـیوە، کە بە ئەوانی نەبەخشیوە.
کەوابوو، هەمیشـە خۆشـحاڵبە و هەوڵدە گوڵ لەناو دڵتدا بچێنی، نەک دڕک. واتا بەوەی کە هەتەو بەوەیش کە هەی، دڵخۆشـبە. چونکە ژیان، بە جیاوازییەکانەوە جوانە.

**جوانی مانگ:**

جوانی مانگ ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە ئەستێرەکان دەوری دەدەن.

**جوانی:**

دوو جوانی هەیە لە مرۆڤدا:

جوانی دەرەوە، (ڕوخسار)

جوانی ناوەوە، (ناخ)

جوانی دەرەوە، تەنیا چێژ بە چاوەکان دەبەخشێ.
بەڵام... جوانی ناوەوە، نەک هەر چاوەکان، بەڵکوو دڵ و مێشک و تەنانەت ژیانیش، جوانتردەکات و ئۆقرەیی و ئاسوودەییش بە ویژدان دەبەخشێ.

**وازهێنان:**

هەرشتێک بوو بەهۆی ناشیرین بوونت، وازی لێبێنە.

**مرۆڤە ڕەسەنەکان:**

مرۆڤە ڕەسەنەکان، هاوشێوەی ئەستێرەکانن. لە ڕووناکیدا بزر دەبن و لە شەوەزەنگیشدا، دەردەکەون.

**بێهیوا مەبە:**

هەرگیز بێهیوا مەبە لە ژیاندا. چونکە بەختەوەری، وەک خۆر وایە. چۆن بزر دەبێ، ئاواش دەردەکەوێتەوە.

**پشت بەخۆ بەستن:**

بۆ هەرشتێک کە دەیکەی، یەکەمجار پشت بەخوا ببەستە. چونکە خاوەن بەڵێنە.
دووەمجار، پشت بەخۆت ببەستە. چونکە هەر خۆت هەست بە ئازارەکانی خۆت دەکەی.

**خۆت جوان کە:**

ئەگەر دەتەوێت جیهان جوان و ئارام بێ، خۆت جوان بکە.
ئەگەر دەوروبەرت هەمووی بوو بە دڕک، تۆ لەناویاندا، ببە بە گوڵ.عەقڵ و تەمەن: یەکێک لە جوانییەکانی مرۆڤ، ئەوەیە کە عەقڵ و تەمەنی پێکەوە گەورە بن. هەرکەسێک لەو جوانییە بێبەش بیت، لە هەموو شتیک بێبەشە.

**خۆڕاهینان:**

خۆت ڕابێنە بەوە، کە هەموو کەسێکت لەلا جوان بێت. ئەگەرنا، لە داهاتوودا، لەلای هەموو کەسێک ناشیرین دەبی...

**پەڕتووک:**

پەڕتووک، مامۆستایەکە، کە فێری ژیانمان دەکات و جیهانیشمان پێدەناسێنێت.

**زمان:**

زمان، مارێکی ترسناکە. کە ئازاد بکریت، بەزەیی بە خۆشیدا نایەتەوە...! وەک ئاگرە، کە پێشی لێنەگیرێت، تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ...

**پێنووس:**

پێنووس، پەردەی سپی لەسەر ڕوخساری ڕەش لادەبات.

**ئەزموون و ژیان:**

ئەزموون و ژیان، ڕازی هەمووانە
لە هەر ماڵێکدا خۆراکی ژیانە
تێکەڵ بە ناخی پیر و گەنجانە
تا نەیخوێنییەوە هیچت پێنالێ
ئەوکات دەزانی باشترین میوانە

**بزر بوون:**

زۆر جار مرۆڤەکان، هاوشێوەی سێبەری خۆیانن. لە ڕووناکیدا دەردەکەون و لە تاریکیشدا، بزر دەبن.

**سیاسەت:**

سیاسەت لە دەرگای هەر ماڵێک بدات، ئارامی و ئاسوودەیی، هەست و سۆز، لە پەنجەرەوە ڕادەکەن بۆ دەرەوە.

**متمانە:**

لە ژیانتدا متمانە بە دوو شت مەکە:

یەکەم: هاوڕێی نەزان،

دووەم: ئاژەڵی دڕندە.

**فریو خواردن:**

هەرکاتێک ڕاستییەکانت بۆ دەرکەوت، فریوی وتارەکان مەخۆ.

**بەرزبوونەوە:**

مرۆڤ کاتێک پێویستە دڵی بە بەرزبوونەوە خۆشبێت، کە مێشکی، پێشتر لە خۆی، بەرز بووبێتەوە.

**پلەوپایە:**

بەدەستهێنانی پلەوپایە، لە پێناو گەیشتن بە ئارەزوەکان، جگە لە بچووک بوونەوە، هیچی دیکە نییە.

**دەرکەوتنەوە:**

پێت وا نەبیت تۆش وەکوو خور، دوای ئاوابوون دەر دەکەویتەوە و هەمان ڕوناکیت پێدەریتەوە!

**نەخێر:**
مرۆڤ، تا ئەوکاتەی هاوشێوەی خۆرە،
کە جوانبوونی خۆی دەپاریزت...
**لە هەوڵدان مەوەستە:**
یەکەم جار هەوڵدە خۆت ڕازی بکەی، ویژدانت ڕازی بکەی
هەوڵدە پەیامەکانی مروڤ دروووستی بگەیەنی. کە هەر سەرکەوتوو نەبووی، گوێ لە شارەزایانی بوواری پەروەردە بگرە و پەیامەکانی ئەوانیش بگەیەنە بەو کۆمەڵگەیە، کە خۆت لە ناویدا گەورە و پەروەردە بوویی.
**بەردەوام مبە:**
با هەمووان بزانن کە تۆ لە ڕوداوە سەخت و دژوارەکانی ژیان بەرز و بەتوانا تریت.
ژیان ئەوە نییەکە بوت دیاریی دەکەن.
بەڵکوو بەرنامەی ڕاستە قینەی ژیان، ئەوەیە، کە خۆت بڕیاری لەسەر دەدەیت و دڵ و مێشک و ویژدانت ڕازی دەکەی.
کەوابوو، ئەم ڕاستییە لەبیر مەکە کە خۆت بی. هەروەها مەبە بە کەسێک، کە ویستی کەسێکی ترە.
**ڕابردوو:**
کە هەر باس لە ڕابردوو بکەین،
ناتوانین بیر لە ئیستا بکەینەوە.
نەدەشتوانین پلان و بەرنامەی
ژیانمان هەبێت، بۆ داهاتوو.
**جیهان بینی:**
هەر کەسێک بە پێی تێڕوانین و لێکدانەوەی خۆی، جیهان دەبینت. هەمیشە لەپێناو شتێکدا کە
باوەڕت پێی هەیە، بوەستە. تەنانەت ئەگەر بەتەنیاش بمێنیتەوە.
**ڕوو پۆش:**
ئەو کەسانەی کە ناخیان بەبێ سانسۆر دەردەخەن. لاوازو سادەنین. بەڵکوو ئەوەندە بەهێزن کە پێویستیان بە ڕوو پۆش نییە.

**کۆتایی ژیان:**

نەهەبوونی هەموو کەسێک هۆی جوان بوونی ژیانە، نەدەرچونی هەموو کەسێکیش، کۆتایی ژیانە.

**سەنگین:**

کاتێک لەگەڵ کەسانی سەنگین دا هەڵسوکەوت دەکەی، هەست بەئاسوودەیی دەکەی. چونکە سەنگینی خویان دەزانن و هەرگیز لەسەنگ و قورسایی هیچ کەسێک کەم ناکەنەوە.

**خەم:**

لەناو بورکانی خەمدا مەژی. چونکە وەک ئاگر بەتینە و نەک هەر تۆ، بەڵکوو بەزەیی بە هیچ کەسێکدا نایەتەوە! ئەوەندەی کە خوشی هەیە لە دوونیادا، ئەوەندە ناخوشی هەبوایە، کەس بەرگەی نە دەگرت و تەمەن زۆر کوورت دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە. کەوابوو، بو ئەوەندە سکاڵا لەسەر ژیان توما دەکەیت و
بەردەوام بێزاریی خۆت دەر دەبڕی!؟

**جێگر تنەوە:**

جێگرتنەوە هەرگیز بوونی نییە. تەنانەت لە هاوڕێیەتیشدا.

**هاوڕێیەتی:**

نە هەموو کەسێک دەبیت بە هاوڕێ، نە هەموو هاوڕێیەکیش لە بیر دەکرێ.

**ڕازی شاراوە:**

مروڤ، ئەو بونەوەرەیە، کە جگە لە خودا و لەخۆی، هیچ
کەسێک لەڕازە شاراوەکانی تێناگات.

**سوودی گشتی:**

هەر شتێک کە هەبی، کەمبێ یان زۆربێ، گەر بۆ سوودیی گشتی نەبێ، یاخوا هەر نەبێ.

**بینای تێکڕووخاو:**

تابینا تیکڕوخاوەکەی هەستی نەتەوەیی بوونمان لەناو ناخ و مێشکی شێواوماندا، نۆژەن نەکەینەوە، نابێت هەرگیز، بە ئومێدی ئاسۆیەکی ڕوون بین بو نەتەوەکەمان...

**دژ بە خۆ بوون، نەزانینە:**

هەرتاکێک یان هەر لایەنێک لەهەر نەتەوەیەکدا، ڕاهێنراو
گەوجێنرا بەوەی کە دووژمن لەدژی نەتەوەکەی خۆی

بیوەسـتێنێتەوە و هەوڵی لەناو بردنی بدات، لەنەزانیندا ڕۆچوەتەخوارەوە و بۆ ئەوە نابیت وەک مرۆڤێکی عاقڵ سەیر بکریت.

**نژادپەرست:**

نژادپەرست مەبە، بەڵام... خۆشت لە دوژمن بە کەمتر مەزانە.

خوێندنەوە:

زۆر بخوێنەوە، تا زۆر فێر بی، زۆر بیر بکەوە، تاکەم هەڵە بکەی. زۆر پەلە مەکە، تا زوو پەشیمان نەبیەوە.

**سیاسەت:**

سـیاسـەت بەبێ بیرکردنەوە، جگە لە خو فریودان و خۆگێلکردن، هیچ سـوودێکی دیکەی نییە.

**خەم لەدوو شت مەخۆ:**

یەکەم: هەر شتیک لە دەستت چوو، هەرگیز بیری لێمەکەوە.

دووەم: هەرشتێک لە توانای کەسدا نەبوو، چاوەڕێی مەکە.

**هەڵبژاردن و لەدەستدان:**

بۆ هەستکردن بە گرنگی پێنەدانت، پێویستە ئەو خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگریت:

یەکەم: کە دیاریەکت بەخشی پێی نەزانرا.

دووەم: کە تەلەفۆنت بو کەسێک کرد وەڵامی نەدرایەوە،

**دواتریش هەر هیچ:**

سێیەم: کە پەیامێکت نوو سی و وەڵامی نەدرایەوە، لە هەموو ئەو کاتانەدا، پێویستە چاوێک بە هاوڕێیەتیدا بگێردرێتەوە.

**مرۆڤ و خۆشە ویستی:**

خۆشەویستی و خوو، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبن. هیچ ساختە کاریان تێدا ناکرێ.

خۆزگە لەناو ئەو قەفەسـەی سـینگمدا، دڵ بوونی نەبوایە. هەرچی لەناو ئەو کیسـە خوێنەدایە بێ بنەما و بێ مانایە.

**فێربوونی وەفا:**

تاکە شتێک کە پێویستە مرۆڤ لە سەگ فێر بێت،

وەفایە. ئەگەرنا، چۆکدادانی ئەو لە بەرانبەر لەتێک ناندا،

بەجۆرێـک نرخی ئەویی کەم کردوتە وە، کە بووەتە هۆی نـاوزڕان و بەداخەوە، ناشیرینی بوونی...

**بەگومانەوە ژیان:**

ئەوانەی کە پێیان وایە، هەموو کەسێک لەدژیانە، هەمیشە خەمبار و لاوازن! هەربۆیە ناتوانن بەئاسوودەیی بژین! چونکە لە هەموو کەس بە گومانن!

**دوو ڕاستی هەیە کە نابێت لە بیر بکرێن:**

کە بێگومان ئەو دوو ڕاستیانە، تایبەت نین بە کەسێکی دیاریکراو. بەڵکوو تایبەتن بە هەمووکەسێک. ئەوانە سرووشتی ژیانن و بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو کەسێک...

یەکەم: پرسیارکردن و وەڵامدانەوە، کە هەردووکیان دەبنە هۆی وشیارکردنەوەی دڵ و مێشک.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کاتێک کە پرسـیار لە کەسـێک دەکرێت، پێویسـتە زۆر بە ڕوونی و بە دڵێکی فراوانەوە، وەڵام بداتەوە. چونکە ئەوەی کە پرسـیار دەکات، یان بێئاگایە لەو شتەی کە پرسیاری لەبارەوە دەکات، یان کەسێکی وریایە و زانیاری زۆرە. بۆیە دەیهەوێت زیاتر بچێتە ناو قووڵایی وردەکارییەکانی ژیان. کەوابوو، هەم پرسـیارکردن، هەمیش وەڵامدانەوە، دەبێتە هۆی وشـیار بوونەوەی زیاتریی هەردوولا

دووەم: قەرزکردن و قەرزدانەوە. کە بێگومان ئەویش دەبێتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی دوو ماڵ. چونکە کاتێک کە پارە بە قەرز دەدرێت بە کەسێک، بەرانبەر، زۆر دڵخۆش دەبێت. کاتێکیش پارەکە لە کاتی خۆیدا دەگەڕێتەوە، بەرانبەرەکەی تریش، بە هەمانشێوە، دڵخۆشدەبێت...

کۆتایی بەرگی پێنجەم

١١-٠٨-٢٠٢٢

پێداچوونەوە ٠١-١١-٢٠٢٢